قەشە د. جان فیێ دۆمنیکی

منتدى إقرأ الثقافي
www.iqra.ahlamontada.com

# ئاشووری مەسیحییەت

## بەشدار لە لێکۆڵینەوەی مێژوویی و جوگرافیایی کەنەسی و رەبەنی لە باکوری عێراق کوردستان

وەرگێڕانی
د. جەمیل عیسی کریم

بەشی یەکەم

هەولێر/٢٠١٩

# ئاشووری مەسیحییەت

بەشدار لە لێکۆڵینەوەی مێژوویی و جوگرافیایی
کەنەسی و رەبەنی لە باکوری عێراق (کوردستان)


دانانی

**قەشە د. جان فیێ دۆمنیکی**

وەرگێڕانی

**دکتۆر جەمیل عیسی کریم**


بەشی یەکەم


هەولێر/٢٠١٩

❖ ئاشووری مەسیحییەت
❖ نووسەر: قەشە جان فێی دۆمنیکی
❖ لە فەڕەنسییەوە: یوسف تۆسا
❖ پێداچوونەوە: قەشە د. یوسف تۆما
❖ لە عەرەبییەوە: دکتۆر جمیل عیسی کریم
❖ بابەت: مێژوو
❖ هەڵەگری و پێداچوونەوەو داڕشتنی زمانەوانی : نعمت عبدالله باپیر
❖ قەبارەی کتێب: ١٧ × ٢٤
❖ تیراژ:(٥٠٠ ) دانە
❖ چاپی یەکەم/ ٢٠١٩
❖ چاپ: چاپخانەی رۆژهەڵات-هەولێر

لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان /هەرێمی کوردستان
ژمارەی سپاردنی(٢٥٤٠) ی ساڵی ٢٠١٩ی دراوەتێ.

## پێشکەش بە:

باوکم و دایکم (عیسی کریم و ساری یلدا) خوایان لێ خۆشبێت
هاوسەری ژیانم (جۆلیت توما)
کچە شیرینەکەم (ماریزابیل)
هەموو مێژوونووسانی کوردستان

# پێرست

پێشەكی ........................................ ٧
پێشەكی وەرگێڕ ........................................ ١٠
ژیاننامەی نووسەر ........................................ ١٢
ناوەخـــن: ........................................ ١٣
پێشەكی: ........................................ ١٥
شێوازو سەرچاوە و لێكۆڵینەوە لە دێرە كۆنەكان ........................................ ١٥
زاراوەكان ........................................ ١٥
دامەزراندنی دێرەكان و دامەزرێنەرانی ........................................ ١٩
كۆمەڵە سەرچاوە ئیسلامییەكان: ........................................ ٢٦
كۆمەڵە سەرچاوە مەسیحییە تایبەتییەكان: ........................................ ٢٧

## بەشی یەكەم

حدیـــاب ........................................ ٤٤
چوارچێوەی جوگرافیایی: ........................................ ٤٤
هەولێر ـ اربیل ........................................ ٤٦
ئەو ماوەیەی دەكەوێتە پێش مژدە بە ئنجیل: ........................................ ٤٦
قوتابخانەی ئەربیل: ........................................ ٦٣
هۆشیاری ئەربیل: ........................................ ٧٦
كەنیسەی قەڵا: ........................................ ٨٣
ساڵانی دوای دنحا: ........................................ ٨٤
دەشتی دیجلە رێگەی رۆژئاوا ........................................ ٩٨

زەوییەکانی حەزەی سەروو ........ ١٦٠
پاشماوەکان( پچرپچرەکان ) ........ ٢١٢
مشکلیك، کلك مشك، مشکە کلك ........ ٢١٤
دێری عەود یشۆع ........ ٢١٧

## بەشی دووەم

مەرگە( المرج ) ........ ٢١٩
زانیاری گشتی ........ ٢١٩
سەدەکانی یەکەمی مەسیحی ........ ٢٢٢
بەشی خۆرهەلاّت لە ناوچەی مەرگە ........ ٢٣٠
سێ کەنیسەکەی دێری بێت عاوی ........ ٢٣٦
سەرکانی - سەروکانی ........ ٢٤٥
دێری مارعەودیشۆ ........ ٢٤٨
دەرە نجامەکان بۆ دیاریکردنی شوێنەکە ........ ٢٧٠
مەرگەی خۆراناوا یان هەرێمی بیرتا ........ ٢٧٨
نیشانەکانی نیشاندەران ........ ٢٩٢
دێری گەورە ........ ٣٠٠
تیلانا ـ تلانە ........ ٣٠٣
پەراوێزەکان ........ ٣١٤

# پێشەکی

بەختـەوەرم کـە لـەپێش چاپ و بڵاو کردنـەوەی کتێبی (ئاشوری مەسیحیەت) شانسی ئەوەم هەبوو سەروبنی کتیبەکە بکەم ، وێڕای پیداچوونەوە لەرووی زمانەوانی و ڕێنوس چێژو زانیاری وورد و دەگمەنیشم دەستکەوت، کتێبەکە لەلایـەن قەشـە دکتۆر جان فیێ دومەنیکی بە زمانی فەرەنسی نووسراوە نووسەر و جوگرافیناس و وەرگێڕ بەڕێز دکتۆر جمیل عیسی لـەزمانی عـەرەبی وەریگێڕاوەتەسەر زمانی کوردی پێشەکی دەستخۆشی ئەو کارە بە نرخ و بایەخدارەی لێ دەکەین کە دەچێتە سەر خـەرمانی پـڕ بەرەکـەتی کتێبە نایابـەکانی دیکـە کـە بـە بەچـاپی گەیانـدوون بەشـێوەی لێکۆڵینـەوە و توێژینـەوەی ئەکادیمی..

کتێبی ئاشوری مەسیحیەت بەزمانی شیرینی کوردی هەڵدانەوەی مێژوو و چوونە نێو ڕەگ و ریشـەی سـەرەتایی ئـایینی مەسـیحیەتە بەتایبـەتی لەباشـوری کوردسـتان کـە نووسـەر بـە بـاکوری عێـراق نـاوی بـردووە، گرنگـی ئـەم کتێبـە لەوەدایـە زانیـاری و شارەزاییەکی فراوان بە خوێنەر دەبەخشێ پڕ لە تۆمار و دەستنوسی ئینجیل و روداو و بەسـەرهاتەکان لەسـەر دێـر و کەنیسـە و ژیـان و گـوزەرانی قەشـە و رەبـەن و مـەتران و ئەبرەشیە و قەدیسـەکان و شـەفیع و دوعـا گۆ و خـروەو مـاڵی شـەهیدان و بـەتریك و ژنـە قەدیسـەکان و قەشـە کوردەکـان و نەسـتوری و یەعقوبیـەکان....هتـد لەسـەدەی یەکـەمی زایینـی ئـاینی مەسـیحی بـۆ نـەیناوەو هـەولێر پەریوەتـەوە کـە سـەربە دەسـەڵاتداری ئاشوریەکان بوونە ...تێبینی ئەوەش دەکرێ لە ناوچە و گوندەکانی دەوروبـەری هـەولێر تا دەگاتە رواندز و کۆیە و رانیـە و شـەقلاوە و هـەریر و ئاکرێ ناوچـەی مەرگـە(لـەوەرگا) لەنێوان زێی خازر و زێی گەورە دەیان نـاوی ئـەو سـەردەمانە چ وەك خـۆی یـان بەهەنـدێ گۆڕانکـاری وەکـوو خۆیـان ماونەتـەوە نمونـەی زۆر هەیـە لەسـاڵی ١٨٥ زایینـی رەحتاوە(رەختاوە) سیراوە، خرجاوە، باساوێ، تێلانە لـە ٢٠کـم باکوری رواندز (دیانا و هاودیان) دۆڵی نەهلە، ئاکرێ، شوش و شارمەن (شـەرمن) جگـە لـەو ناوانـەی کـە ئێستا مەسیحی نشینن لە دەشتی مووسڵ...

ئەوەی جێگەی تێڕامانە لەسەرەتای سەدەکانی زایینی (اربل) هەولێر ناوەندی بڕیاردان بووە کۆنترین کەنیسە لە هەولێر کەنیسەی قدیس ئیسحاق لەسالآنی ١٣٥-١٤٨ ، ژنە قەدیسەکانیش لە اربیل هەبوونە ئەمە ئەوە دەگەیەنێ مەسیحیەکان بە ئاسانی هاتوونەتە هەولێر و دەرگایان بۆ والآ کراوە و خراوەتەسەر پشت بۆیە هەتا ڕۆژی ئەمڕۆ شاری هەولێر و سنورە جوگرافیەکەی ئەم ئەم خەسڵەتە جوانەی لەدەست نەداوە وەك شاری هەمووان و پێکەوە ژیان ماوەتەوە سەرەڕای ئەوەی ڕۆژگاران لەم پێناوەدا باجی بەسەردا سەپاندووە.

سەرۆکایەتی ئەسقەفیە (میترا پۆلینی) لەهەولێر بووە لەو سەردەمانەدا نینوی زۆر بچوك و کەم بایەخ بووە ناوی زۆر کەم هاتووە ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە پێشتر هەولێر کەوتبووە ژێر دەسەلآتی ئاشوریەکان عەشتار واتا شاری هەولێر مەڵبەندی چوار خوایە(اربائیلۆ). ناوەڕۆکی کتێبەکە چەندین ناوی مەتران و قەشە و شوێنی وای جێ کراوەتەوە کە مۆرکی کوردی پێوە دیارە ناوی (داود) دێ کە مەترانی کوردەکان بووە کتێبی بەهەشتی بچووکی نووسیوە. هەروەها لەسەرەتای ڕووداوەکان و پەیدابوونی مەسیحیەت ناوی ئایینی زەردەشتی و یەزیدی و جولەکەش هاتووە.. باس لەوە دەکا کە هەولێر مەڵبەندی قوردایێ-کوردایێ واتە ولآتی کوردان ئەمە لە کتێبەکەدا هاتوە...

لەساڵی ١٣١٠زایینی ناوی عەنکاوە بە عەمەك ئاباد هاتووە. نووسەر باس لەوەش دەکات هەولێر لەسەدەکانی (١١،١٠،٩) بەختی کز بووە ناوی کەم هاتووە بەڵام لەساڵی ١١٧٦زاینی هەولێر جارێکی تر هۆشیار بووەتەوە.

هاتنی ناوی کورد لەم ناوچانە بەتایبەتی لەسنووری ئاشووری کۆن هۆیەکەی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە میدیەکان(ڕەچەلەکی کوردەکان) لەساڵی ٦٥٠پ.ز دەوڵەتی ئاشوریان ڕوخاند ئیدی ڕۆژی میدیەکان هاتەوە کە پێشتریش لەسەدەکانی پێش زایین گوتی ی و کاردۆخی و لۆلۆیەکان لەم ناوچە و سنورەدا هەبوونە و ماونەتەوە و لە ئاوڕێژی زاگرۆس و ئارارات تێ پەڕبوون بەهۆی شەڕ و پێکدادانی نێوان ئیمپراتۆریە کۆنەکان بگرە لە بابلیەکان و سۆمەریەکان ئەم ئال و گۆڕە هەر هەبووە. بۆیە کە باسی ئایینی زەردەشتی ی و یەزیدی دەکرێ شتێکی ڕەواو ئاساییە ناوی کوردیش بێت .

ئەم کتێبە نایابە لە سنووری موسڵی ئەمڕۆ لەهەولێر ڕا دەمانباتەوە بۆ رواندز و ئاکرێ و ئامێدی و دەپەڕێتەوە باکووری کوردستان پڕە لە کێشە و گرفت و بەسەر دادان و

سوتان و تالان و ویرانکردنی دێر و کەنیسە و شوێنی رەبەنەکان کوردیش هەندێك جار بەشێك بوونە لەو ڕووداوانە هەندێك جاریش هاوکار و پشتیوان بوونە و هەندێك جاریش بەرگریکار بونە لەخۆیان، ئەم ململانێیانەش بۆ چەندین سەدە بەردەوام بووە بگرە لەسەدەی یەك و دووی زایینی دەست پیێ دەکات کەچی هەڵگرانی ئالای ئایینی مەسیحی کۆلیان نەداوە خۆیان بەناوچەکەو شوێنە پیرۆزەکانیان چڕ کردووەتەوە سەرەڕای کوشتن و بڕی کە ڕووبەڕوویان بووەتەوە و لە ژمارە نایەت... هەندێك جار ئەوانیش واتە مەسیحیەکان توندوتیژیان بەکارهێناوە لەپێناوی مانەو و ئایینەکەیان هەروەها هاوپەیمانی و دۆستایەتیش ئەنجام دراوە لەنێوان ئاینەکان و نەتەوەکان و هاوکاری یەکتریان کردووە . لەدووایی پەیدابوونی ئاینی ئیسلام گۆمەکە قوڵتر بۆتەوە بەداخەوە مێژووی مرۆڤایەتی ئەوەندەی مۆرکی شەروشۆری پێوەدیارە ئەوەندە ئاشتی و ئارامی درێژەی نەکێشاوە ((دوور نیە رقی شەیتانی بێت لە ئادەم هەتا تەپلی قیامەت دەیەوێ تۆڵە لە مرۆڤ بکاتەوە))

بەهەر حال لە وولاتی ئاشوور، لە وولاتی میدیا، لە باشووری کوردستان ئەوە دەسەلمێنێ کە ئایینەکان زوو پێشوازی لێکراون بەلام گەلەکانیان بە ئاسانی لەیەك نەترازاون ئەمڕۆ باشترینی شاهێدە!!

جارێکی تر پیرۆزبایی لە مامۆستای بەرێزو خۆشەویست و نیشتمانپەروەر م.جەمیل عیسی دەکەم کەوا خەریکی زانست و رۆشنبیری و خزمەت کردنە بە گەل و کوردستانەکەی هیوای تەمەن درێژی بۆ دەخوازم هەمیشە شادو سەرکەوتووبێت

نعمت عبدالله پیرداود

سەرۆکی یەکێتی پەرلەمانتارانی کوردستان-هەولێر

٢٠١٨/٧/٢٠

# پێشەکی وەرگێڕ

دڵنیامە لەوەی کەمێژوو ڕەنگدانـەوەی مێـژووی بەسـەرهات و رابـردووی هـەموو کۆمەڵگـەو نەتەوەیەك لە خۆ دەگرێ" من پێم وایە ئەم زانستە ئەوەنـدە قـەبارەی گەورەیـەو بەکەڵکە بۆ ئەمڕۆ و ئایـندەی هـەر هـەموومان و گەنجینـەو سـەرمایەیە وە مێـژوو تـەنها بوارێـك لـە بوارەکان ناگرێتە خۆ بەڵکو ئەوەیە بڵێین زانستێکە هەمووو بابەتەکان لـە ئـامێز دەگرێـت، چونکە هـیچ زانیاریـەك نیـە کـەوا مێـژووی تایبـەت بـە خـۆی نـەبێت جا ئەگـەر لایـەکان سروشتی بن وەیان ئـادەمیزادی بـن و ئـەوانیش ڕەنگدانـەوەی گشت چالاکیەکانن، کەواتـەی هــەر چــالاکیەکیش بــە ڕێچــکەو ڕێســایەك پــەل دەهاوێــت و ســەرەتایەکی دەبێــت و کۆتاییەکەشی هەر بەدواوەیە تا ئایندەش.

ئـەوەی کـە پەیوەنـدی بـە پـەرتووکی (ئاشـووری مەسـیحیەت) هەیـە بابەتـە مێژووییـەکان لـەخۆ گرتـووە هـەر لـە بڵاوبوونـەوەی مەسیحیەتەوە، وە ناوچـەیەکی جـوگرافی تایبـەتمەنـد دەگرێتەوە.

نووسـەری ئـەم بابەتـە خـۆی لەسـێ بـەرگ دەبینێتـەوەو لەلایـەن مێژوونووسـی بـەناوبانگ قەشە د. جان فیە نووسراوەتەوە بەزمانی فەرەنسی و د واتـریش کـراوە بـە زمـانی عـەرەبی و منیش ئەوەی لە توانام دا بوو هەوڵم بۆی داوە کەوا وەرگێڕی بکەمـە سـەر زمـانی کوردی بـۆ ئـەوەی خوێنـەری کـوردی هــەر نـەبێت شـتێك دەربـارەی مێـژووی خـۆی و ناوچـە جوگرافیایەکـەی خـۆی و ڕووداوە گرنگـەکانی مێـژووی کوردسـتان هـەر لەسـەدەی یەکـەمی زایـینی یـەوە تـا سـەرەمانی ئـەمڕۆ بەسـەرهات و گۆڕانکاریـەکانی نـاو مێـژوو دوارۆژی مێژووی ناوچەکە لێ بێ بەش نەبێت و بزانێت.

لە لایـەکی تـریش ئـەبێ ئـەوە بـزانین کـەوا قۆناغـەکانی مێـژوو گـۆڕانی بەسـەرداهاتووەو هەنــدێکی بــەپێ ی ویســتی بارودۆخەکــە نووســراوەتەوەو هەندێکیشــی بــێ لایــەن نووسـراوتەوەو هەندێکیشی چەواشە کراوەتـەوەو، ڕەنگە هەندێکیشی بـە ئەتکەسـت لـەناو برداوە بۆ ئەوەی شوێنەوارەکەی بزربێت.

ئـەوەی لـەم پەرتووکەدایـە بـە شـێوازێکی ئـەکادیمی و زانسـتیانە نووسـەر توانیویـەتی تـا ڕادەیەکی باش ئامانجەکە بپێکێ.

دەتوانم بڵێم ئەم مێژوو نووسە مێـژووی (ئاشـووری مەسـیحیەت) لـە چوارچێوەو بـەرگێکی ڕازاوەدا پێشکەشــی کۆمــەڵانی خــەڵکی کوردســتانی کـردوو سـەرنجی هـەموو نووسـەرو

مێژوونووسان ڕۆناکبیرو شارەزایانی بوارە جیاجیاکانی بەلای خۆی دا ڕاکێشاوە دیارە ئەم هەموو بەسەرهات و ڕۆژگارو رابردووانەی مێژوو سوودمەندە بۆ هەمووان.
لێرەدا ئەم بەرهەمەی نووسەر و مێژوونووس (جان فیە) کە بەناوی ئاشووری مەسیحیەت لە (٢) بەرگدا نووساروە. منیش بەرگی یەکەم وەکو دیاری پێشکەش بە خوێنەرانی کوردی دەکەم. بەو ئومێدەی بتوانم بەرگی دووەم و سێیەمیش وەرگێڕمە سەر زمانی کوردی دڵنیاشم کە لەوەرگێرانەکەمدا هەلەو کەم کورتی تیادەبێت و هیچ مومکین نیە سەد دەر سەد سەرکەوتووبووبم لە وەرگێرانەکەمدا ئومێدەوارم توانبێتم کەلێنێك لە پەرتووکخانەی کوردی پێ پڕبکەمەوەو خوا پشتیوانمان بێت بۆ بەرهەمی داهاتوومان لەگەڵ خۆشەویستیم دا.

د. جمیل عیسی کریم
٢٠١٥/٧/٢٧
هەولێر / عنکاوە

# ژیاننامەی نووسەر

ئەو پەرتووکەی لەبەردەستتدایە، کە لە سێ بەرگ پێکهاتووە و بە ناونیشانی (ئاشووری و مەسیحییەت) ە، لە ساڵی ١٩٦٥ بە زمانی فەڕەنسی و لەچاپخانەی کاسۆلیکی لە بەیرووت چاپ و بڵاوکراوەتەوە. هەروەها بەرگی دووەمیشی لە ساڵی ناوبراودا بڵاوکراوەتەوە، بەڵام بەرگی سێیەمی لە ساڵی ١٩٦٨ بڵاوکراوەتەوە.
نووسەری پەرتووکەکە قەشەی دۆمنیکی جان مۆریس، کە لە ساڵی ١٩١٤ لە فەڕەنسا لە دایک بووە و لە ساڵی ١٩٣٢، بۆتە رەبەنی دۆمنیکی و لە ساڵی ١٩٣٤، بۆتە قەشە و لە ساڵی ١٩٣٩، هاتۆتە عێراق ـ موسڵ و تا ساڵی ١٩٧٢ تیایدا ژیاوە.
سەرەتا تا ساڵی ١٩٤٥ مامۆستای پەیمانگەی(ماریۆحنا نجیب) ، پەیمانگەی قەشەیی سریانی ـ کلدانی، بوو.
لە ساڵی ١٩٤٥، کۆلێژی موسڵی دامەزراندووە و بۆتە بەڕێوەبەری تا ساڵی ١٩٥٩. دواتر جارێکی تر بۆتەوە مامۆستا لە پەیمانگەی ناوبراو تا لە ساڵی ١٩٦٦، موسڵ بەجێدێڵێت و روو دەکاتە بەغدا و دێرێک بۆ قەشەکانی دۆمنیکان دادەمەزرێنێ. لەو ماوەیەی لە عێراقماوەتەوە لە زانکۆی دیزۆنی فەڕەنسی بڕوانامەی بەکالۆریۆسی وەرگتووە. هەروەها لە زانکۆی لۆڤانی بەلجیکی و زانکۆی سۆربۆنی فەڕەنسی پەیمانگەی رۆژهەڵاتی رۆما بڕوانامەی دکتۆرای فەخری پێبەخشراوە و بە ئەندامی لێژنەی مێژووی نێودەوڵەتی دامەزراوە. لە ساڵی ١٩٩٥ لە بەیرووت لە تەمەنی زیاتر لە هەشتا ساڵیدا کۆچی دوایی کردووە و لە تەک ئەم پەرتووکە(ئاشووری و مەسیحییەکان) چەند پەرتووکێکی دیکەی هەیە و لە هەموویاندا بایەخ بە مێژووی عێراق بە گشتی و مێژووی کەنیسەی عێراق بە تایبەتی دەدات.
ئەمڕۆ نووسینەکانی قەشە حەننا فییە بە سەرچاوەیەکی گرنگ دادەنرێت بۆ ئەوانەی لێکۆڵینەوە لە کاروباری مەسیحییەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، کەنیسە و سەرۆکەکانیان دەکەن بەو پێیەی بە شێوەیەکی دروست و ئەکادیمی نووسیویەتی.

# ناوەخـــن:

لە واقیعدا هەر وەك ئێمە لە سەرەتای لێكۆڵینەوەكەمانین، پرسیارێك دێتە بەر گوێمان ئەوەیە: ئایا ئەمە راستە ئەو ناوچەیەی، كە لێكۆڵینەوەی لەسەر دەكەین پێی بڵێین ئاشوور؟ سنووری ئاشووری ئاشوورییەكان لە كوێ بوو([1]). لەوەدا بۆمان دەردەكەوێت، كەوا ئاشووری مەسیحی و ئەو ناوچەیەی، كە دانەرە سریانییەكانی ئاشووری لە ماوەیەكدا ئەو زەویانەی دەگرتەوە، كە دەكەوتنە ژێر دەسەڵاتی سێ ئەبرەشییە(ئیبارشیات) میترا پولیتی، ئەو كات ناسراو بوو بە(بێت گەرماوی)، واتە(گەرمیانی ئێستا)([2]). و(حدیاب) و(بیت عەرەبای)([3]). لەوەی لە سەرەوە بۆمان دەردەكەوێت، وەك چاك بوو ئەم لێكۆڵینەوە لە ژێر ناونیشانی(حدیابی گەورە) دابنێین.

لە توانامانـدا بوو ئەم ناونیشانەی سەرەوە بەكاربێنین بە پشت بەستن بەو دەقەی لە نووسینەكانی(تیۆ دۆرسی قوبرسی) دا هاتووە: لەو ماوەیەدا نووسراوە، كە رێكخستنی كارگێڕی بۆ ئەو كەنیسەی رۆژهەڵات كراوە و چووە بواری جێبەجێكردن. بۆ زانینی ئەو جۆرە رێكخستنە یەكسانی بەكارهێناوە لە نێوان(ئاشوور) و(حدیابی گەورە)، بەڵام دەربارەی ئاشوور دەڵێت([4])، دەكەوێتە كۆتایی دوورترین شوێن لە رۆژئاوای دەوڵەتی فارسی، كە پێی دەڵێن حدیاب. لە رووی زانستییەوە من لە توانامدا نییە بۆ داپۆشینی هەموو خاكی ئاشووری مەسیحی ناسراوە لە سەدەی پێنجەم، لەم لێكۆڵینەوەیەمدا، هەروەها لە توانامدا نییە ئەو سەركێشییە بكەم و لە سەر ئەو زەویانە بدوێم لە سەر ناوچە دەشتاییەكانیش ئەوەی بچینە قوڵایی گەورەی چیاكانی حدیاب و(بێت نوهەدار) لەلای باشوورییەوە. من ناچمە سەر ئەو زەویانەی دەكەونە پشت زێی بچووك، كە وەك سنوورێكی جیاكەرەوەیە لە نێوان حدیاب و بێت گەرمایی([5]). لە لای رۆژئاواشەوە سنووری رووباری دیجلە نابەزێنم، چونكە لە پشت رووبارەكەوە بیابانی عەرەبییە، یان ناوچەی (بێت عەرەبایی)، بەڵام بە پێی ئەوەی، كە سنووری جوگرافیای تایبەت رێگەمان پێ دەدا بۆ ئەو لێكۆڵینەوەیە دەتوانین بڵێین، كە دەشێ ئەو سنوورە پرۆگرامییە بێت، باسی لێوە دەكەین بە پێی ئەوەی، كە هەڵوێستەكان رێگەمان پێ دەدا، و بە روونی تەواو بۆ ئەوەی دووركەوینەوە لە هەر خراپەكارییەك، یان خەیاڵێك. ئامانجی یەكەمم هەوڵدانە بۆ دووبارە دامەزراندنی(وێنە) نەخشەی موزاییكی جوگرافیای مێژوویی بۆ باكووری عێراقی

مەسیحی([٦]). لێرەدا دەمەوێت داکۆکی لە وشەی(مۆزاییك) بکەم بە چڕی لە سەری بدوێم بەبێ ئەوەی، کە خۆم بە نیگارکێشێك دابنێم، کە دەتوانێت فرچەکەی بە باشی بەکاربهێنێت بۆ ئەوەی تابلۆ دیوارییەکەی بە جوانی دەربکەوێت. ناوچەی(ئاسوور) تەنها بەشێك بووە لە کەنیسەی سریانی، ڕۆژهەڵاتی بێت، یان ڕۆژئاوا کاکی بە کاکی، بەڵام پێکهاتەکانی تر لە دوای ئەوەوە دێن، زۆر جار دەرکی پێدەکەین و بە هۆی هەڵەیەکی سەرەتایی لە ڕێکخستنی لێکدانەوەی بۆ هەموو بنجوبنەوانەکان، یان بە هۆی کرچوکاڵی و پەخش و لێدوانەکان، کە دواتر بۆی هەیە پێی تێپەڕبین، ناتوانین بە چڕی لە سەری بدوێین تەنیا بە خێرایی نەبێت پێش ئەوەی لە دەستمان دەربچێت. زۆرن ئەو کاتانە، کە ئێمە هەوڵی خوێندنیان بۆ دەدەین، هەندێك بیرۆکەمان بۆ دێت(لەوانەیە لە ڕێگەی خەملاندنەوە) بێت، کە ئەو مەتەڵە ئینگلیزییەی لە سەر وتراوە(گای ناو تەوێڵەی چینی).
من پابەند دەبم بە هەموو شێوەیەك، بڕوای لێکدانەوەی ورد لەو لێکۆڵینەوەیەمدا، لەبەر ئەوە بە پێی بڕوای خۆم تا ئێستاش کات هەر زووە بۆ پێشکەشکردنی شتێکی تر، لەوانەیە تەنها باوەشێك لە پشتینەکا(فیشە)، کە دەتواندرێت وردەکاری تێدا بکرێت لە شوێن خۆیدا بە پێی ڕێکخستنێکی خوێندراو بە هێمنی و دووربینییەوە. ئامانجەکەم لەمەدا ڕێك لەگەڵ ئەو وتەیەی یەك لە نیگار کێشەکان چەسپ دەبێت:(زۆر خۆشحاڵ دەبم، ئەگەر بتوانم پێناسەی ئەو کەسانە بکەم، کەوا کەنیسەی ڕۆژهەڵاتیان خۆشدەوێت، یان ئەوانەی بایەخ بە مێژووی ئەو ناوچە بچووکە دەدەن، کە ئەو کەنیسانەی تێدا بڵاوکراوەتەوە بە ڕەچاوکردنی ئەوەی من بایەخی تایبەتیم هەیە و پێمداوە، لەبەر ئەوەی من لەو ناوەندەدا ژیاوم بۆ چەند ساڵێك و لێرەدا فێرکراوم بۆ خۆشەویستی زۆر و بۆ ڕاستییە لەبیرکراوەکان). ئەو مامۆستا بەڕێزانەی، کە ئەو ڕاستییانەیان فێر کردم: قەشە(ڕیمۆند ماری تۆنۆ)، لەو قەشە پڕ وتارانە بوو، ماریۆڵس دووەم شێخۆ - بەترپکی بابل لە سەر کلدان([٧])، بەڵام زۆر کارەکان و بەرپرسیارەتی گرنگتر، کە کەوتۆتە سەر شانیان، بواریان بۆ نەڕەخسا ئەم کارە بکەن. لە کۆتاییدا داوای لێبوردن دەکەم لەو هەڵانە، کە لە ماندووبوونەکەمدا ڕوویداوە و دان بەوە دادەنێم، کە هەڵەکان هی منن، بەڵام گیان و گەرموگوڕی هی ئەوانە.

## پێشەکی:

# شێوازو سەرچاوە و لێکۆڵینەوە لە دێرە کۆنەکان

بەشێکی گەورەی ئەم لێکۆڵینەوەیە تایبەتە بە دێرەکان، چونکە دێرەکان شوێنی گرنگ و فراوانیان لەسەرچاوەکان داگیر کردووە بە هۆی ئەوەی، کە رۆڵی گەورەیان بینیوە لە ژیانی مەسیحییەت و بڵاوبوونەوەی لە ئاشووردا. زۆر جار پاڵمان پێوە دەنێت دووبارەی بکەینەوە بۆ یارمەتیدان و روونکردنەوەی دوور و درێژ لە شوێنی راستەقینەیدا، بۆیە بە زیانبەخشی نابینم، کە ئەو پێشەکییەم تایبەت کردووە بۆ شێواز لە دۆزینەوەی شوێنی ئەو دێرانە، یان ئەوەی بە تایبەتی قسەی لە سەر دەکەین. وشەی دەگمەن و رێزلێنان لەو دەقانە دەردەکەوێت بە تایبەتی بەهای مێژوویی بۆ ئەوانە. هەروەها خوێنەری بەرێز یارمەتی دەدات لە سەر حوکمدان لە سەر راستی مەسەلەکان. ئەوەی دەمەوێت لێرەدا بە وردی ئاماژەی بۆ بکەم ئەویە(٨)، لێکۆڵینەوەکەم هەرگیز ئەوە ناگەیەنێت، کە پێشەکییە بۆ لێکۆڵینەوەیەکی تایبەت بە چالاکییەکانی وڵاتی میزۆپۆتامیا، هەروەها باس لە کێشەکانی رەبەنەکان ناکا، نەبە دامەزراندنی دێرەکان و نە پەیوەندی بە ژیان و دابڕانی تەواو، نە بە مێژووی گەڕانەوەی بۆمارئۆچین(ئۆکن)، هەروەها بایەخ نادات بە مێژووی ئەو دێرانە و شوێنەکانیان، یان ناوچەکانیان، نە بە زنجیرەی رووداوەکانی مێژوویی بۆ شەپۆلەکانی دامەزراندنیان یەك بەدوای یەکدا، نە بە یاساکانی رەبەنەکان، یان چاکسازییەکان، کە بە سەریاندا هاتووە لە دواتر، هەموو ئەوانە پێویستە لە دەرەوەی چوارچێوەی ئەو بابەتەمان بێت پێشەکییەکەمان چوارچێوە و سنوورەکەمان دیاری دەکات بە لێکدانەوەیەکی پڕۆگرامی هەندێ تێبینی ئامادەکراو بۆ چوونە ناو لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی بۆ چالاکییەکانی رەبەنەکان لە باکووری عێراق(کوردستان).

## زاراوەکان

لە بەکارهێنانمان بۆ زاراوەی تایبەت بە خانووی رەبەنەکان هیچ جیاوازییەکی تێدا نییە لە واتادا، ئەگەر ناوەکەی( Couvent، یان Monastere)، بەڵام بە کلدانی(ئارامی - وەرگێڕ). لێرەدا دوو ناو بەکار دەهێنرێت، ئەوانەن( دیرا)، یان(ئومرا)(٩)، کە باسی خانووی رەبەنەکان دەکەم وشەی(Couvent بەکاردەهێنم لەبەر ئەوەی ئەوە لە وڵاتی

ئێمەدا(نییە)، (Monastere) داخراوە(بۆ ئەو راهیبانەی بە تەنهان) دەتوانم بڵێم ـ لە پشت دەرگا داخراوەکانن.بۆ پیاوان لە کاتی پشت بەستن بە زانستی وەرگرتن(علم الاشتقاق)(لێکۆڵینەوە لە ئەسڵی وشەکە) وشەی(Couvent ) بەکارهاتووە بۆ ئەو خانووەی، کە رەبەنەکان بەکاریان هێناوە، یان ئەو شوێنەی، کە رەبەنەکان وەك برا ژیانێکی هاوبەشیان بەرێوەدەبرد، بەلام واتای ئەو وشەیە بریتییە لە(Convict فەرەنسییە، یان Coenobion لاتینییە) و لە وەرگێران دا بۆ زمانی عەرەبی بە واتای (الحبیس) و بە کوردی(بەندکراو) دێت، بەلام خەڵکی ناو خانووەکان، کە پێیان دەڵێن(Coenobites) لەبەرامبەر ئەوەدا دەبینین لە زمانی کلدانی وشەی یۆنانی بەکارهێناوە:(Qnobaya قنۆبایا)، واتە(رەبەن)، کە بە ژیانێکی هاوبەش دەژین، ئەو کەسەی، کە پێمان وت:(Coenobion)لە رۆژهەڵاتە کۆنەکان ژیانێکی تاك و تەنیایی بەسەردەبرد، وەك قۆناغی یەکەم بۆ سەرکەوتن بەرەو ژیانی رەبەنایەتی. لای سریانەکان ئەو کەسانەی، کە بەم شێوەیە ژیاون ناسراون بە(ئەوانەی کاردەکەن)،(جیهاد دەکەن)، واتە مەشق پێکراوەکان(١٠)، بەلام تەنهایی(Nonactene) واتایەکی جیاوازی بە تەواوی هەیە، چونکە ئاماژە بۆ ئەو شوێنە دەکات، کە مرۆڤ بە تاق و تەنیا دەژێت نیشتەجێ لەو شوێنە پێی دەڵێن(رەبەن ـ الراهب)، (Monachos) بە لاتینی، و بە کلدانی(ئیحیدایا*، واتە(بە تەنیایی).

واتە ئەو کەسەی بە تەنیا بژێت، دابراو بێت لە خەڵك لە سەر ئەو واتایە دەتوانین بڵێین ئەو کەسە خوا دەناسێ و دەیپەرستێ(دابراو) لە پەیوەندی لەگەڵ خەڵکانی تر، یان بە عەرەبی پێی دەڵێن(الناسك)، ئەمەش زاراوەیەکی بەناوبانگە(Ermite) پەیوەندییەکەی ون کردووە لە ئەنجامی لێوەرگرتنەوە، کە بەو مانایە دێت(بیابان)(Eremos) لەمەدا بۆمان دەردەکەوێت، کەوا(Monastere) بە واتای(الناسك) دێت، یان خەڵوەتگەی تایبەتی بە ژیانی تەنهایی، یان دابراو. لە واقیعدا دێرەکان دەورە دراون بە خەڵوەتگە(Monasterie Detherie) بریتییە لە ئەشکەوتی هەڵکەندراو لە ناو بەردە رەقەکان، یان کۆریتی دروستکراوە لە چۆڵەوانی. کاتێك وشەی(Monastere) بەکاردێنن بەو واتا وەرگیراوەیە دەکەوینە ناوسەرسوڕمانەوە، یان تووشی شۆك دەبین. بۆیە هەردوو زاراوەکە بەکاردەهێنین(Couvent) و(Monastere) بۆ یەك مەبەست. بۆ هەندێك

کاتی بەدەر لەمانە، یان بۆ ئەو کاتەی، کە ژیانی هاوبەش لەو خانووە دا هەیە، هەروەها هەندێك کۆریتە دروستکراوی لابەلایی تاقانە، کە لەگەڵ مەڵبەندەکە جیاوازی هەیە و دووره دەستە بە پێی شوێن و بارودۆخی دەورە دراو(١١). ئێمە تکا دەکەین، کە تێبینی ئەو زاراوانە بکەن((Higou(Hieromoine) ،(Archimandrite) Laure . Mene ،Ect یەك لە دوا یەك ئەو واتایانە دەبەخشن: دیدی رۆژهەلات ـ ئاسکی قەدیس ـ ئەرشەمەندرێت(نازناوێکە دەدرێتە ژمارەیەك لە سەرۆکی دێرەکان) و ژمارەیەکی دیکەی زاراوە نەزانراوە لەو ناوچەیە بەکارهێنرابێت، کە بابەتی لێکۆڵینەوەکەی ئێمەیە. کوڕ و کچی ئەو ناوچەیە لە رەبەن و راهیبات پێیان دەگوترا رۆڵە، کچی(پەیمان)(العهد)، یان ناسراو بە وەرگێڕاوەکەی بە(Federes)(ئەندام لە کۆمکارێکی فیدڕالی، هەروەك لە بەرایی روونمان کردەوە(١٢) بۆ ئەم زاراوەیە واتای جیاواز هەیە لەگەڵ سەردەم یەکتر دەگرێتەوە هەروەك بەکارهێنراوە و دانەریش بەکاری هێناوە، هەندێك جار بە واتای رەبەن دێت بە پێی چەمکی بنەڕەتییەوە(واتە ئەوەی لەگەڵ خەڵکانی تر بە ژیانی هاوبەش دەژێت)، هەندێك جار بە واتای(رەبەنە ئازادەکان)،(الرهبان الاحرار)، جیاکراوەتەوە لەگەڵ ئەو رەبەنانەی خۆیان بەخش کردووە((Voues بەخشندەکان(Benoites) هەروەها چەند واتایەکی تری هەیە بۆ ئەو زاراوەیە، بەلام کەمتر بەکارهێنراوە و زۆر روون نییە. سەرۆکەکانی دێرەکان پێیان دەوترا(رێشە)، واتە(سەر). هەروەها(مدەبرانا)، واتای کارگێری ئەومیە(Administrateur)، یان(المدیر ـ بەڕێوەبەر)،(Manager) ـ یان(المدبر) ـ وەرگێڕ. هەندێك جار سەرۆك دوو نازناوی هەبووە بە یەکەوە. ئێمە تەنها نازناوە سادەکە(سەرۆکی دێر) بەکاردێنین. رەبەنە ژنەکانی رۆژهەلات ناسراون بە(کۆمەڵە رەبەنایەتییەکان ـ Congregations)، واتە گردبوونەوە، یان(مستعمرات)، (Groupes Oucolonies)، لە خەڵکانی ناسك(خەلۆەتگەر) هیچ دێرێکی تایبەت بە خۆیانەوە نییە، هەتا کەنیسەش بە تاك و تەنهایی(کنوشتە)، (کۆمەڵێك رەبەن ـ وەرگێڕ. بەکارهاتووە لەلایەن سەنهاودس) بەتریك گۆیگۆریسی یەکەم لە ساڵی ٦٠٥ ز(١٣)، بەلام لە دەقەکانی تر(١٤)، بۆ ئەو زاراوەیە بە واتای دێر دێت و بەس.

## ژمارەی دێرەکان:

لێکۆڵینەوە لە سەر دێرەکانی کوردستان وا پێویست دەکات هەر لە سەرەتادا زۆر وریا بیت، چونکە باسی ئەو بابەتە پێویستی بە پەنجا لاپەڕە هەیە. ئەوەندەی پێویستە تەنها لە سەر ١٢ دێر بنووسیت، بەمە کارێکی تەواو دەکەیت. لە راستیدا ئەو دێرانەی ئێستا هەن لە ژمارەی پەنجەکان تێپەڕ ناکەن. مەبەستمان ئەو دێرانەی، کە تا ئێستا رەبەنیان تێدا هەیە، شوێنی هەموویان لە دەوروپشتی شاری موسڵە. بۆیە باسکردنیان ئاسانە. سێ دێر لەمانە هی کلدانییەکانە، کە ئەوانیش: بریتین لە دێری رەبە هورمز، دێری(السیدە حافظة الزروع)، دێری مارگۆرگیس. یەعقوبییەکان دێرێکیان هەیە، کە ئەویش دێری شێخ مەتییە. جگە لەمانە دێرەکان بەتاڵن، واتە هیچ رەبەنێکی تێدا نییە و بەردەوام باڵەخانەکان چاکدەکرێنەوە وەك دێری مارپەهنام(١٣)و دێری مار ئەوڕەها، دێری مار ئیلیا، دێری مارمیخائیل. پاش ماوەکانی دێری مەقەرتایە، دێری ماریاقۆ، دێرێك، یان دوو دێری تر. دێری مەربین قەدیشە ـ لە گوندی هەرمۆتەی کۆیە(١٤) (وەرگێڕ).

بەمە کۆتایی بە باسەکەمان دێنین دەربارەی هەموو دێرەکان. گرنگە لەلام روونیبکەمەوە من توانیم بابەتێك بدۆزمەوە وەك ئەمە لە ساڵی ١٩٤٣ پێوەی خەریکم و هەر لەو کاتەوە وتارەکانم تایبەت بە دێرەکان بڵاودەکەمەوە بە ناونیشانی ناوەکانیانەوە لە گۆڤاری(ئیکلیریکیە ـ المعهد الکهنوتی) ماریۆحەننا الحبیب السریانیە ـ الکلدانیە). لە موسڵ، چەند ساڵێك دواتر دۆسیەکان پڕ بوون و کەڵەکەیان کرد بەسەر یەکەوە لە وتارەکان. بەڵام سەرباری ئەمەش بڕی ئەوە ناکەم بڵێم کارەکەم تەواو کردووە، چونکە کەلاوەی دێرەکان بەبەردەوامی بۆمان دەردەکەوێت لێرە و لەوێ لەوانە: لە ئەسکی موسڵ ـ بەلەد ـ پاشماوە و شوێنەوارەکانی بەرچاوی خەڵك و گەڕیدەکان دەکەوێت، کە رەنگە بە رۆخیدا بڕۆن، یان بەسەریدا.

ژمارەی ئەو هەموو دێرە زۆر و گەورانە بۆ سێ هۆکار دەگەڕێتەوە، کە ئەمانەن: هەبوونی ژمارەیەکی زۆری رەبەنان، هەبوونی ئارەزووی دروستکردن و دامەزراندنی دێرەکان، ئەنجامدانی گۆڕانکاری لە شوێنی دێرەکان لەو ماوە دوور و درێژەدا. لێرەدا سەرگوزشتەیەکی بچوك هەیە، کە لە مێژوودا باس دەکرێت و تیایدا بیرۆکەیەکمان پێدەبەخشێت دەربارەی ژمارەی رەبەنەکان لەو ماوەیەدا. سەرگوزشتەکە بۆمان

دەگێڕێتەوە([٥])، لە ساڵی(٥١٥) یەك قەدیسی یەعقووبی هەبوو بە ناوی(شەمعون جەبەلی)، گوایە شەمعون توانیویەتی باوەڕ بە خەڵکی گوندێکی دوورە دەست و دابڕاو بهێنێت بۆ پەیڕەوکردنی چالاکی رەبەنایەتی. بە مەبەستی گەیشتن بە ئامانجەکانی ناچار هەندێك رەبەن و کچی پەیمانی پێگەیاند، بەلام خەڵکی گوندەکە بەمە رازی نەبوون، لەبەر ئەوە رازی نەبوون، چونکە پێویستیان بە دەستی ئیشکەرێکی زۆر هەبوو. شەمعون لەو کەللە رەقییەی ئەوان واقی وڕمابوو - رۆژێك لە کەنیسە بە دزی نەوەت کوڕ و کچی لاوی گوندەکە و گوندەکانی دەوروبەری کۆکردەوە و سەری ١٨ لاو و ١٢ کچی لاوی بە پێی یاساکانی رەبەنایەتی تاشین. رەنگە چیرۆکەکە زۆرتر هەڵبگرێت، بەلام لە هەمان کاتیشدا بە چیرۆکێکی گرنگ دەژمێردرێت لەبەرئەوەی شەمعون لە نەوت کەس سی لاوی هەڵبژاردووە بۆ کەنیسەکە. ژمارەکە سروشتی و ماقووڵە، چونکە بە سێیەکی ژمارەکە دەژمێردرێت.([٦]). دەڵێن ئەو کاتە ژمارەی دانیشتوانی عێراق بیست ملیۆن کەس بووە، ئەگەر ئەو ژمارەیە بە زیادەش نوسرابێت بۆیە ئێمە دابەشی دووی دەکەین، کەواتە دە ملیۆن کەس بووە و با دووبارە دەیەکە کابەشی دووی بکەین بە هۆی ئەوەی ژمارەیەك لە مەجووس و جولەکە لە پاڵ مەسیحییەکان دەژیان، کە لە ئەنجامدا پێنج ملیۆن، ئەگەر یەك لە سەر سێی ئەو پێنج ملیۆنە وەربگرین ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت، کە ئەو ژمارە رەبەنەی سەریان تاشرابوو ژمارەیەکی زۆرە، بۆیە باوەڕ ناکرێت و قبوڵ ناکرێت(بە پێی لۆژیکی ئێمە(فەلسەفەی ئێمە)(وەرگێڕ)، ئەگەر ئەو ژمارەیەش بۆ جارێکی تر کەمبکرێتەوە ئێمە پێویستمان بە ژمارەیەکی زۆر گەورە لە دێرەکان هەیە بۆ ئەوەی ئەو هەموو ژمارە زۆریەی رەبەنەکان جێبکاتەوە. بۆیە جێی سەرسوڕمان نییە کاتێك گوێمان لە کۆنە دێرەکان هەیە و دەڵێن چیای مەقلوب چیای هەزارەهایە و چیای هەزارانە؟

## دامەزراندنی دێرەکان و دامەزرێنەرانی

دووەمین هۆکاری زۆری ژمارەی دێڕەکان بە پێی ئەوەی، کە لە بەراییدا ئاماژەمان بۆ کرد هەوسی کاتی، کە دڵ و دەروونی رەبەنەکانی پڕ کردبوو پاڵی پێوە دەنان بۆ دروستکردنی دێری نوێ. هەندێکیان دوو دێریان دروست کرد، هەندێکی دیکەیان سێ دێر و ئەو هەوەسە تەنها لای رەبەنەکان نەبوو، بەڵکو دڵی ئەو رەبەنانەشی داگیر کرد، کە بە پیرۆزی باسیان لێوە دەکرێت. ئەو خەونە زێڕینەیان لەبەر نەدەچوو، کە بە خەیاڵیان دادەهات بۆ

ئەوەی ناوەکانیان بە نەمری بمێنێتەوە بەو دێرەی، کە دروستیان دەکرد. ئەم کۆششەش بەشی زۆری لە ئەزموونی شەیتانی لەعین دا نەبوو، کە مامۆستای ئەم شکۆیە بۆش و بەتاڵەیە. لە سەر ئەم بابەتە دەخوێنین([17]).

چیرۆکێکی دیکە هەیە، کەوا رەبەنێك بەربۆتەوە و گیانی لە دەست داوە، چونکە قوربانی ئەو خواردنە زۆرەوە بووە بۆ گورچیلە(گورچیلەی ئاژەڵ)، چونکە شەیتان بۆی دەرکەوت خۆی حەشار دابوو بە جلکی رەبەنی، کاتێك رەبەنەکە ویستی زەرەرمەندییەکەی بگەرێنێتەوە شەیتان ئەوەی خستە بەردەم رەبەنەکە و بەو جلەی، کە خۆی پێ حەشار دابوو بە بیرۆکەی دروستکردنی دێرێك رەبەنەکانی تێدا کۆبکاتەوە و پێشوازی لە نامۆ و گەشتیاران دا بکات، بەمە پاداشتی خۆیان بەدەست دەهێنن. کاتێك رەبەنی هەزار بۆ دووەمین جار بەردەبێتەوە بە وریسی شەیتان بە رەزامەندی بوونی لە سەر ئەوەی، کە پێی دەدات. شەیتانەکە ئەوەی لە دەروونی خۆی دۆزییەوە و وتی: من تۆم تاقیکردەوە بە خۆشەویستی شکۆمەندی بەتاڵ بێت تێکچوو بەهۆی ئارەزووت بۆ جێبەجێکردنی بە دروستکردنی دێرێك، کە بەڵێنم پێت دابوو بۆ یارمەتیدانت لە دروستکردنیدا.

سرووتەکانی کەنیسە ئەم یادگاریانە دەپارێزێت(ئاهەنگەکانی ئایینی ـ سرووتی ـ وەرگێڕ. بە تایبەتی بە دامەزرێنەری دێرە باوەڕ پێکراوەکان(واتە بەڵگە نامە هەیە بۆ سەلماندنی ئەوانەی ئەو دێرانەیان بە کردەوە دامەزراندووە). هەڵسەنگاندنێك و پاداشتێك بۆ ئەو مافە رەوایە، ئەم یادەوەرییە پەیوەندی نییە بە یادەوەری مارنۆکن(نۆچین) و هاوڕێکانی. ئەمانە یادەوەرییەکی تایبەتی خۆیان هەیە. رۆژی ئاهەنگگێڕان بۆ ئەو یادە دەکەوێتە رۆژی هەینی یەکەم لە هەفتانەی پیرۆزکردنی کەنیسە(ساڵی سرووتی دابەشکراوەتە سەر چەند کۆمەڵە هەفتەیەك بە پێی سرووتی کەنیسەی ناسراو بە(شاووعی)، (سابووع)،(هەفتانە)، زۆربەی ئەوانە ژمارەیان حەوت هەفتەیە بۆ هەر کۆمەڵەیەك ـ وەرگێڕ. جگە لەو یادکردنەوەیە تایبەت بە مارنۆجین و هاوڕێکانی رۆژمێری ساڵی سرووتی تایبەت بە کەنیسەی سریانی رۆژهەڵاتی ـ کەنیسەی رۆژهەلات ـ بە پێن رۆژی هەینی دابەشکراوەتە سەر نێوان شاووعی ساڵی سرووتی و ئاهەنگی تێدا دەگێڕن بە یادەوری دامەزرێنەرانی کۆمەڵەکانی رەبەنی خودایی.([18])، ئەمانەن: برقوسری، ئێلیا میخائیل، گبرائیل لە ناوچەی(ئاسوور)([19])، ئەبراهام، دادیشۆ، باوای، عەودیشۆ، ئیرامیا لە

ناوچەی چیای ئیزل(ئیزلە)([20])، سووریشوو، ئیشۆ عیاب، یەعقووب، ئادۆنا، سلێوە، ئیبنی مارن، لە ناوچەی بان و هەدار([21])، یەعقوب لە بەیت عاوی، برحەز بشەبا، قامیشۆع، ئەبرەم، بەرعیتە، لە ناوچەی(مەرگە) المرج، و داسن([22])عەودیشۆ، ئیشۆع زخا: سەرکیس لەحانیتا، و ئەبراهام لە ناتەبۆر لە ناوچەی حدیاب([23])، لە کاتی باسکردنی هەڵکەوتی دروستکردنی دێرەکان تەماشا دەکەین، کە رەبەنەکان تەنها نەبوون لە بایەخدان بە دروستکردنی دێرەکان، بەڵکو کۆمەڵەیێك خەڵکی دیکەی عەلمانیش هەبوون لەوانەی، کە غیرەت پاڵی پێوە دەنان بۆ چوونە ناو ئەو گۆڕەپانە. دێرە دروستکراوەکان لەلایەن عەلمانییەکان داگیر دەکرا و مافەکانیان دەخورا لەلایەن دامەزرێنەرانی، کەوا پیشەیان بوو، کە چاوەڕوانی ئەوەیان دەکرد عەلمانییەکان وەك چوونە ناو مەیدانەکە بۆ خۆدەرخستن و خۆ بە زل زانین، سەرباری لێکدانەوەی پێشوەختە بۆ ئەو پێشەوەرانە بە تێکدانی خانووەکانی نزیکیان([24])، داگیرکردنی ئیسلامی ئەو بوارەی نەرەخساند بۆ جێبەجێکردنی ئامانجی گەشەکردن لە سەردەمی ئیمپراتۆرییەتی فارسی، بەڵکو هەوڵی فراوانکردنی هەروگیفی بۆ ئیمپراتۆریەتی بێزەنتی دراوسێشدا، کە پێشتر ئیمپراتۆرەکەیان یاسایەکی بەناوبانگی دوژمنکارانەی بۆ گەشەکردنی موڵك و سامانی کەنیسە فراوانەکە دەرکردبوو لە ساڵی ٩٦٤ لەلایەن ئیمپراتۆرەوە(Nicephore Phocas). بۆیە موسڵمانەکانیش قەدەغەی دروستکردنی دێری نوێیان کرد، کە زۆربەی ئەو نەبوو هۆکار بێت بۆ دروستکردنی وەك لە خۆبایی بوون و خۆدەرخستن.([25]) لەگەڵ ئەوەشدا لەوەبەردەر هەبوو، واتە دامەزرێنەری دێرەکان عەلمانی بوون(پەسند بوون) دانیان پێنراوە بە جۆرێك ناوەکانیان لە دێرەکان هەڵواسرابوو بە یەکەوەی بەستبوونەوە لەو دێرانە وەك دێر(شەمعوونە) لە هەمان کاتدا ناسراوە بە دێری(رەبەن کابرۆنە)([26]). هەروەها خانوویێك - دێرێك هەیە بەناوبانگە و پێی دەوترێت دێر(قووقە) لەلایەن مارسۆرئیشوا دامەزراوە([27]). هەروەها دێر(صەلیبە)(سلێوە)، کە دەکەوێتە(تەل - واتە گرد) لە سەر لێواری سەرسار([28]). هەروەها دێری بەناوبانگی ناسراو بە(دێری مارماری) بەشی زۆری بە ناوی ژنان بەستراوە. ئەو ژنەی، کە چاکبوونەوەی لە سەر دەستی مارماری و ناوەکەی(دێری قنێ) یە([29])وە ئەبی لەو بوارەدا ناوی دێری(هیند) و(شیرین) لە یاد نەکەین. جگە لەمانە سێ کەسی عەلمانی هەیە بە دامەزرێنەری دێرەکان دادەنرێن

ئەمانە:(رامۆی)، ککری، قاین، وە یان قائین،( Gain)([20]). ئەم سێ کەسە بواریان بۆ رەخسا لە پاشکۆدا بەشداری بکەن(واتە لەو زیادە درووستکردنە، کە لە دوای ئەو مێژووە دا کراوە) بۆ دەقەکان: Lebercastihatis پەرتووکی(اللعفة) بخوێنەوە.

لە بواری تریشدا دەبینین، کەوا عەلمانییەکان چالاکانە پاڵپشت بۆ بزووتنەوەی رەبەنی بوون سەرەرای درووستکردنی دێری تایبەت بۆیان وە ناوەکانیان نەداوەتە دێرەکان، کە درووستیان دەکرد لە مێژووی رووداوەکان، کە تۆمارکراوی تایبەتە بە دێرەکان بۆ نموونە لەوانە ناوی(سۆریشۆ) دەهێنن پەیوەندی هەیە بە دێری کەفەر عوزێل)([3]) لە بابەتی پەیوەندی نێوان خەڵك و دێرەکان، پێویستە ئاماژە بە ناوی ئەو گوندانە بکەین، کە بەشدارییان کردووە لە درووستکردنی دێرەکە بە کەرستە و کەلوپەل، یان کەرستەی درووستکردن و گواستنەوەی بۆ ئەو شوێنە، یان بە هاوکاری کۆمەڵەی هەرەوەزی بە خۆراییی ئەم جۆرە پشتگیرییە بۆ ئەم جۆرە پرۆژانە تا ئێستاش باوی هەیە، بە تایبەتی لە درووستکردنی کەنیسە لە گووندەکان. مێژوو ئەوەمان بۆ باس دەکات، کە هەندێ گووند و بە پیرۆزی ناوی دەبات بە هۆی ئەو کۆششە بەردەوامەیان لەلایەن رۆڵەکانی ئەو گووندانە لە جێبەجێکردن و درووستکردنی کەنیسە لە گووندەکەیان. هەروەها هەندێك دێر بە ناوی ئەو گووندانەوە ناو نراوە دوای زیادکردنی وشەی پیرۆز بۆ سەر ناوی گووندەکە بۆ نیشانەکردنی هاوبەشی خەڵکی ئەو گووندە لە درووستکردنی دێرەکە، وە کراوەتە(شەفیع) ی واتە(پارێزەری) گووندەکە وە(شەفیعی) خوودی دێرەکە نموونەی ئەو دێرانە دێری(باری قنایە) کە دەکەوێتە نزیك حەدیسە(حەدیسەی موسڵ ـ وەرگێر) لە سەر ئارەزووی کەنیسە لە داخوازی پارانەوە و خێروبەرەکەت بۆ هەموو ئەوانەی بەشدارییان کردووە لە درووستکردنی کەنیسە، یان دێرێك، رۆژێك داندرا بۆ نوێژ کردن، رۆژێکی وەبیرهێنانەوە و یادکردنەوەیان، بە پێی سرووتی خۆیان. لە لای یەعقووبییەکان رۆژی ١٧ ی کانوونی دووەم دیاریکراوە بۆ گشت باوەرداران ئەوانەی بەشدارییان کردووە بە ماڵ و سامان، یان کردەوەیەکی خێرخوازی بۆ درووستکردنی پرۆژەیەك، یان دێرێك([3]) بریاری کۆمکارەکانی سینۆدس پاڵنەرە بۆ خەڵك بۆ درووستکردنی دێرەکان بۆ ئەوەی بەردەوام ئەو چالاکییانە لە کار دابن و لە خزمەتکردن دابن لە کۆتایی سەدەی شەشەم زۆرێك لە دێرەکان بەرەو رووخان دەچوون و هەندێکیان وەك کەلاوەیان لێهاتبوو.

سەنهادۆس بەتریك(ئیشوعیاب) پاساو بۆ ئەوە دێنێتەوە لە ساڵی ٥٨٥،([٣٣]) بە پێی ئەو دەقە:(فەرامۆشکردن و خۆدزینەوەی ڕۆڵەکانی ئێستامان لە شڵەژاندا، هەروەها بابەتی نەبینین کە زۆر گرنگە و پێویستە لێی وریابین، چونکە عیلمانییەکان لە توانایاندا نییە بە دروستکردنی دێرەکان بەبێ ڕەزامەندی وەرگرتن لە(مەتران) دا([٣٤]) لە کاتی هەبوونی ئارەزوو لای کەسێك بە دروستکردنی دێرێك پێویست دەکات پێش هەموو شتێك ڕەزامەندی لە مەتران بەرپرسی یەکەم وەربگرێت و پێش دەستبەکاربوونی بە کارەکەی و بە مەرجی پەیداکردنی سامانی پێویست بۆ بەردەوامبوونی ژیانی ڕەبەنەکانی نیشتەجێ لەو خانووە(دێر) دا([٣٥]). جگە لەمە چەند مەرجێکی تر هەیە پێویستە پابەندی بن لە دروستکردنی دێرەکان، ئەو پابەند بوونە پەیوەستە بە شوێنی دێرەکە. کۆمکاری بەتریك(ئاقاق) بەستراوە لە ساڵی ٤٨٦ قەدەغەکردنی دروستکردنی دێرەکانی لە ناوشارەکان، یان لە نزیك شاریدا بوو، وە بۆ ئەوەی ئەو گومانە بڕەوێتەوە، کە ڕوودەدات بە هۆی کردەوەی خراپی هەندێك لە ڕەبەنەکان([٣٦]) ئەم یاسایە لە ناو یاساکانی کۆمکاری بەتریك یوسف دا هەیە و بەستراوە لە ساڵی ٥٥٤ و تەئکید لەسەر نموونەی باش کە پێویستە ڕەبەن بیکات لەبەر ئەوە قەدەخەکردنی لە ناو هەڵکێشان(العماذ) لە دێرەکانی ناو شاردا کرا، هەروەها مەراسیمی نوێژکردنی بۆنەکان، بۆ ئەوەی ئەوانە پێشبڕکێ نەکەن لەگەڵ خەوەرنەکان(واتە قەشە و کەنیسەی ئەو ناوچەیە) - وەرگێر. بە پێی ئەمە دەبێ ڕەبەن بچێتە کەنیسەی سەرەکی(پێی دەڵێن کەنیسەی کاتدرائیە)(وەرگێڕ).

بۆ وەرگرتنی قوربانی پیرۆز، یان ئامادەبوونی نوێژی جەژنی یەکشەممە، یان وەرگرتنی هەر نهێنییەکی تر([٣٧]).

## دێرەکانی ژنان:

یاسا توندەکان زیاتر پەیوەندی بە ژنانەوە هەیە لە دێرەکاندا و پێویستە پابەندی بێت. کۆمکاری بەتریك ئیشۆعیاب بەستراوە لە ساڵی ٥٨٥، هیوا خوازە، کە هەر نەبێت(٣٨)، لە دەقەکانی ئەو یاسایە دەخوێنینەوە: (ڕێگە نادرێ ژن بە تەنیا بژێت، ئینجا ئایا ئەوە لە دێرەکان بێت، یان لە خەڵوەتگەکانی دابڕودا. وە ئەگەر بکرێت نابێت دێری تایبەت بە ژنان هەبێت، ئەگەر هەشبوو، یان یەکێك دامەزرێنرا وا پێویست دەکات بە یەکەوە بژین لە

هەمان دێردا، بە مەرجێك ژمارەیان لە چوار بۆ پێنج راهیبە كەمتر نەبێتن بۆ ئەوەی كردەوە و رەفتارەكانیان گونجاو بێت لەگەڵ رێنماییەكانی رەبەنەكان ئەگینا سارد و سڕی تێدا روودەدات).

لە سەرەتای ئەو یاسایەی كە ئاماژەمان پێی دا - یاسای ژمارە(٩) - ئەم بەڵگەیەی بۆ ساردوسڕییەكەی هێناوە: (لە ولاتی ئاسوور و ولاتانی دەوروبەرەكەیدا هەندێك دێر هەیە لە دەرەوەی گووندەكان درووستكراون، هەندێك بۆ پیاوان و هەندێكیشیان بۆ ژنان، بەبێ گوێدان و ملهوڕی و بێ بیركردنەوە سەردانی یەكتر دەكەن. هەندێك پەرستگە لەو بابەتانەن، كە تەنها یەك ژنی تێدا دەژی و زۆر جار تووشی ئەوە دەبین كە پیاوان هاتوچۆی نزیكی ئەو شوێنە دەبنەوە، دەبنە هۆی گفتوگۆكردنی شەرمەزاری و عەیبدا و كە لەگەڵ خاسیەتی بنەڕەتی رەبەنەكاندا یەكتر ناگرێتەوە و گونجاو نییە.

## دێرە گواستراوەكان:

هۆی سێیەم بۆ زۆری دێرەكان دەگەڕێتەوە بۆ هۆكاری گواستنەوەی شوێنی دێرەكان لە ناوچەیەكەوە بۆ شوێنێكی تر. ئەمە روبەڕوی ئەوەمان دەكاتەوە، كە لە دوو شوێندا هەمان ناوی هەیە و وەرگرتووە. بەلاَم هۆی سەرەكی بۆ ئەمە ئارەزووی زیاد لە پێویست بۆ ئامادەكردنی ناوچەیەكی تر، كە ئارامی باشتر بێت. نموونەمان بۆ ئەمە، دێری رەبەن یوسف لە(ئەنیشكی)([٣٩])، چیرۆكی ئەم دێرە وا دەخوێنرێتەوە: لەبەر ئەوە شوێنی ئەو دێرە گونجاو نییە بە هۆی قورسی باری ژیانەوە لەو كاتەدا ناچار بوو رەبەن(عەودیشۆ) لە داسن شوێنی دێرە كۆنەكان بگوازێتەوە شوێنێكی نوێ. ئەمە لە ساڵی ٩٤٧. شوێنە نوێیەكە باشی لەوەدایە لە بەرزاییەكی زۆردایە و لە هەموو لایەك دەبینرێت لە گووندەكانی دەوروبەری دێرەكە چاودێری و بەدواداچوونی بۆ بكەن، بە تایبەتی لەو كاتانەی، كە رەبەنەكان كرابوونە ئامانج هەڕ و گیفی دووژمنە دڕندەكانیان لێ دەكرا، چونكە گوێیان لە دەنگ و هاوار و پەنابردنیان دەبرد و داوای فریاكەوتن و یارمەتیان دەكرد.

بۆ ئەوەی خانووە نوێیەكە زیاتر ئارام بێت لەدەوروپشتەكەیدا(دێروخەڵوەتگەی رەبەنەكانی نزیك لێی) شوورەیەكی بەرز بۆ ئەوەی دووژمن نەتوانێت هێرش بكاتە سەر حوورمەتی بینایەكە، یان هەر نەبێت ببێتە كۆسپ و تەگەرە بۆ ماوەیەك. ئەو راستیە رەنگە دژ بێت لەگەڵ بیردۆزی بابەتی بەلێكدانەوە بۆ جیاوازییەكانی نێوان شوێنی

دێرەکان لە ناوچە شاخاوییەکان بۆ رەخنەگرتنی توونـد هەنـدێك لـە دێرەکـان دەبیـنن دروووستکراون لە بنپاڵی چیایەك، یان لە قەدییەوە، کە شوێنێکی رك و تیژە بۆ سەر چیاکە. لەو دێرانەی کە ئەو جۆرە شوێنانەیان هەیە وەك: دێری رەبەن هورمز، دێری ماریاقۆ، دێری شێخ مەتی، بەلاَم دەبینین هەندێك لە دێرەکان لە سەر لووتکەی چیا بڵندەکان درووستکراون وەك دێری ماردانیال، وە دێری هەڵواسراوە(المعلق) وە دێری(وزینە) ئایا ئەمە ئەوە دەگەیەنێت، کەوا دێرەکانی کۆمەڵەی یەکەم کۆنترن لەوانەی دوایی لەبەر ئەوەی نوێتر درووستکراون، یان هۆکارەکە بۆ پاراستنی باری ئاسایش و ئارامی بووە لە دەستنیشانکردنی شوێنی دێرەکان؟ بە تەئکید، ئەگەر لیستێکی شوێنی دێرەکان و مێژووی درووستکردنیانمان هەبێت، ئەو کات بواری باشترمان دەبێت بۆ بەراورد کردن و گەیشتن بە ئەنجامی باشتر و لەبارتر.

هەنـدێك جـار گواسـتنەوەی شـوێنەکە تـەنها بەشـێکی تایبـەتی دەگرێتـەوە(بـە دەسـتەی دامەزراوی کارگێڕی) بۆیە رەبەنەکان ئەو بەشەیان لادەبرد، نەك بە چۆڵی بمێنێتەوە. بەلاَم گواستنەوەی ئێسك و پرووسکی قەدیسەکان هیچ کاریگەرییەکی نەبووە لە سەر هەندێك لە دێرەکان و هەروەها هیچ بواری دواکەوتنی نەدراوە.

هەنـدێك لـە دێرەکـان شـوێنەکەیان گواسـتەوە ئـەو کاتـەی، کـە ژمـارەی مەسـیحییەکان لـە دەوروپشتیدا کەم بووە. کۆچکردنی مەسیحییەکان لە شوێنی خۆیان هەندێك لە دێرەکان دابڕاو بن، یان مەسیحی تیا نەبێت. بۆیە رایەکان لە سەر ئەوە کۆکن بە دروستکردنی دێرێکی نوێ لە شوێنێکدا، کە جەقی کۆکردنەوە، یان گردبوونەوەی چڕی مەسیحییەکان بێت و چالاکی تیا بێت. لەم جۆرە دێرانە: (هەیکەلی ماریۆحەننا بەرمنگاری) لە بێت ئاکرێ، کە لە ساڵی ١٢٨٤ تاڵان کرا، بۆیە لەلایەن مەفرمیان(ابن العبری) لە نزیك(بەرتلە) (بەرتلێ) دووبارە دروستکرایەوە. هەروەها دێری(سارا) خوشکی(زەینا) شوێنەکەیان گۆڕی و گواستیانەوە بۆ شوێنێکی نوێ، ئەگەر لێکۆڵینەوە لە سەرچاوەکانی بەردەستمان بکەین یارمەتیمان دەدا بۆ ئەوەی هەندێك رۆناکی بخەینە سەر شوێنی دێرەکان و مێژووەکانیان.

دەبینین سێ کۆمەڵە سەرچاوەمان لەبەردەست دا هەیە، ئەمانەن: کۆمەڵە سەرچاوەکانی ئیسلامی، کۆمەڵە سەرچاوەیەکی مەسعیحی تایبەت و گشتی، وە کۆمەڵە سەرچاوەی جۆراوجۆر.

## کۆمەڵە سەرچاوە ئیسلامییەکان:

هەندێ پەرتووکی گشتی جوگرافیناسی عەرەب هەیە وەك: (المسالك) یان(احسن التقاسیم)، کە هەمووومان دەزانین بەڵام ئەو پەرتووکانەی، کە بایەخ بە ناوچەکە دەدەن و ئێمە دەمانەوێ لێکۆڵینەوەی لە سەر بکەین وەك ئەو پەرتووکەی، کە لەلایەن(الموسلی)، (یاسین بن خیرالله العمری) لە دایك بووی ساڵی ١٧٤٤،([٤٠]) و(فچل الله العمری)، ([٤١])...(یاقوت) (الحموی) ـ (وەرگێڕ) دەخەینە سەر ئەمانە لەبەر ئەوەی زانیاری نوێی زیاترمان پێدەدەن، دانراون، بەڵام ئەوەی کە وەرگێراوە لەلایەن ئەو دانەرانە و نووسراوە دەربارەی تایبەتمەندی دێرەکان، هەمووی پشت ئەستوور بووە بە پەرتووك و نووسینە کۆنەکان +الدیارات). (حبیب الزیات) لە یەکێك لە وتارە بەناوبانگەکانی بە ناوی (دێرە مەسیحیەکان لە خاکی ئیسلام دا)([٤٢]) نووسیویەتی لیستێکی بە ناوی دانەرەکان، ئەوانەی لە سەر دێرەکان نووسیوە، بەڵام زۆر بەداخەوە دەڵێن زۆربەی ئەو پەرتووکانە ئەمڕۆ بزرە و هیچ شتێك دەربارەی ئەمانە نازانین تەنها هەندێك ئاماژە نەبێت لە هەندێك کۆمەڵە هەڵبژاردە دەیانخوێنینەوە وەك(معجم البلدان) یان (وفیات الاعیان) بزربوونی یەکێك لەو سەرچاوانە بە ناونیشانی(کتاب الدیارات) ی(ابی الفرج الاصفهانی) نووسەری بەناوبانگ بە پەرتووکەکەی(الاغانی)، (حبیب الزیات) بە خەسارەتێکی گەورەی لە قەڵەم دەدات و قەرەبوو ناکرێتەوە ناوەڕۆکی دەقی ئەو پەرتووکانەی باس لە دێرەکان دەکەن بریتییە لە هەڵبژاردەی ئەدەبی لە شیعرەکانی باخۆسی(الخمریە ـ واتە پەیوەستە بە(باخۆس) (خواوەندی شەراب لای رۆمانەکان) رێکخراوە بە پێی شوێنی دێرەکان، کە لەوێدا ئەو شیعرانە نووسراوەتەوە. بۆ نموونە پەرتووکی(شاپشی) باس دەکەین دەقەکان بە وردی بڵاوکراوەتەوە لە بەغدا ساڵی ١٩٥٤ لەلایەن مامۆستا گۆرگیس عەواد. هەندێك لەو دەقە شیعرییانە بۆ جاری دووەم بڵاوکرایەوە لەلایەن (ئەحمەد محەمەد زێن السقاف)، لە بەیرووت بە ناونیشانی(الاوراق). بەڵام ئەو پرسیارەی لەمبارەیەوە دەکرێت ئەوەیە: چ پەیوەندییەك هەیە لە نێوان ئەو سەرچاوانە و بە لێکۆڵینەوەیەکی ئێمە و ئەو دێرانە؟

وەڵامەکە ئەمەیە: هەندێك رستەی بچووك هەیە لەم دەقانە تیایەتی ئاماژەیە بۆ هاوجووت بوون، خۆشی دەبەخشێت بە دڵی لێکۆڵەرەوەکان. بۆ نموونە یەك لەو دەقانە دەڵێ ئەم دێرە پێی دەوترا بە فلان. یان شوێنەکەی دەکەوێتە ناوچەی ئەوێ یان نزیك ئەوێ لە شوێنە ناسراوەکان. ئەو بەرهەڵستی کردنە زۆر جار ئاراستەی راست دەداتە لێکۆڵەرەوەکان. هەندێك جار هێما بۆ ناوەکە ئەدات وەك ناوی پاشایەکی بەناوبانگ، یان شاعیرێکی ناسراو، ئەمە ئاراستەیە بۆ زانین و دیاریکردنی ماوە مێژووییەکەی کە ئەو کات

دێرەکە چالاك بووە بە ڕەبەنەکان و بە کردەوە ژیانی تێدا هەبووە. بەو بۆنەیە پێویستە ئاگادار بینن یان پێویستە لە سەرمان ئەوە لەبیر نەکەین پشت بەو سەرچاوانە ببەستین لە ژێر چاودێری و ڕێنمایی تەواو بێت، لەبەر ئەوەی هەندێ لەو نووسراوانە، کە دەقەکە پشتی پێ دەبەستێت بۆی هەیە ئەو دەقە باوەڕپێکراو نەبێت، یان لەوانەیە ئەو دێرەی کە ئاماژەی پێ دەکرێت لەناو چووبێت لە دێر زەمانەوە. بەڵام نووسەری دەقە تایبەتەکە بە دێری دیاریکراو، وەك ئەوەی دێرەکە تا ئێستاش مابێت و کار و چالاکی خۆی بکات.

## کۆمەڵە سەرچاوە مەسیحییە تایبەتییەکان:

سەرچاوە مەسیحییە ڕاستەوخۆ تایبەتییەکان تایبەت بە کاروباری ڕەبەنایەتی دەکرێنە دوو بەش ئەمانەن: دانانە گشتییەکان، واتە نووسینی یەکلایەنە(لێکۆڵینەوەی تایبەت بە یەك بابەت) بۆ یەك دێر، یان ڕەبەنێکی دیاریکراو و تاك و تەنها، یان جیاواز لە تووخمەکەی و هاوشێوەی نەبێت و نموونە بۆ ئەو سەرچاوەیە پەرتووکی(العفە) یە. نووسەری پەرتووکی ناوبراو، یان پەرتووکی(ژیانی دامەزرێنەری دێرەکان لە مەملەکەتی فارس و عەرەبی مەترِان)(ئیشوۆع دناح).(یسوع دناح). ئەم مەترانە لە کۆتایی سەدەی نۆزدەهەم ژیاوە(شابۆ) بەبلاوکردنەوەی ئەم پەرتووکە هەڵساوە لەگەڵ وەرگێڕانەکەی بۆ زمانی فەرەنسی بۆ ساڵی ١٨٩٦. لە ساڵی ١٩٠١ قەشە بێجان بڵاوی کردەوە، بەڵام بە زمانیکلدانی لە لای بزك) لە ساڵی ١٩٣٩ خوا لێخۆش بوو بەتریك پۆڵس شێخۆی دووەم وەرگێڕانەکەی بە زمانی عەرەبی بڵاوکردەوە([٤٣]) قەشەی بەڕێز(ڕیمۆند ئیم، تۆنو)، هاتە موسڵ و دەستنووسێکی وەرگێڕی تری بە زمانی فەرەنسی، کە لەلایەن خۆیەوە کرابوو بۆ جێهێشتم. وەرگێڕاوەکەی دوایی بەداخەوە پشتی بە سەرچاوە بەستووە زۆر بەداخەوە نەماون. وەرگێڕانەکەی قەشە ڕیمۆند لە ڕاستیدا(ناوەڕۆك ـ فەهرس) بە نرخ بوو، ژیاننامەی ١٥٠ کەس(وەرگێڕانی ژیانیان) کورتەی ژیاننامەی دامەزرێنەری دێرەکان بوو. ئەوەی لە ژیانی ئەمانە بەدیدەکرا هەندێك تێبینی بوو ئاماژە بە شوێنی دێرەکان دەکات لەوانەیە ئێمە سوودی لێوەربگرین بۆ ناسینی شوێنی دێرەکان بە تەواوەتی([٤٤]). هەروەها کۆمەڵێك پەڕاو هەیە Codex لە ژێرەوەی ژمارە(٦٣) لە بەرایی(٤٤)،(نوێژی خودایی)(تسبیح الالاهیە) سروودێکی تایبەت بۆ دوو قەدیسی نەناسراو. لە دەقەکەدا ئاماژە بە ناوی قەدیسێکی دیاریکراون شوێنی دانانی نیەوە.([٤٥]) ئەم سرووودە هەر وەك وتەی کورت وایە بەبێ دیاریکردنی مەبەست لە ڕێکخستنیدا بە کردەوە، جگە لە هەندێك هەندێك گۆڕانکاری کە لە دواییدا لێکۆڵینەوەی لە سەر دەکەین ئەم سرووودە دانراوە بە پێی

پەرتووکی(Libercastitatis )، (العفە)، ئەو سەرچاوەیە پشتی پێ دەبەستین لێرە بە دواوە بە ناوی(کورتکراوە ـ المختصر)، لە کۆتایی ئاماژە بە(شابۆ) دەکەین لێکۆڵینەوەی لەو دقە کردووە. (Libercastitatis ) کتاب العفە) پەرتووکی ـ العفە ئەو کات هەبوو لە ژێر دەقەکانی پەرتووکەکانی سریانی لە(مەلا بار) سووتێنراوە لە ساڵی ١٥٩٩، دوای ئەوەی کە سنهادس دیامپەر (Diamper) حوکمی بەسەر دا دەکرد لە ژێر کاریگەری Menezes([٤٦]). لە بەراوردێکدا ئەو زانیارییانەمان بۆ دەردەکەوێت لە ناواخنی ئەو دەقانەی لەو بەرگەدا هەبوو، کە لەگەڵ دەقەکەدا فەوتێنراوە لە Libercastitatis(کتاب العفة) سەرنجمان بۆ هەندێك تێبینی رادەکێشێت لە دوایدا باسی دەکەین. ئەنجامی ئەو بڵاوکردنەوە بە تێبینی لەو دەقەی کە هاتووە لە Libercastitatis بە شێوەیەکی خراپ کەوتە بەردەستمان، ئێمە بە هیوای ئەوە بووین، کە لێکۆڵینەوەیەکی رەخنەگرانە بۆ ئەو نووسرە گرنگە بکرێت، رەنگە زۆر گرنگ بێت ئەگەر ئەو تێبینیانە کۆبکرابایەوە بە پێی قۆناغەکان یان بە پێی ماوەی کاتەکەی، رەنگە لە تواناد بێت دوورخستنەوەی هەموو دەقە شێوێندراوە لەو ماوانەی دوایی لە دەقە رەسەنەکەی خۆیدا. لە خوارەوە ئەو دەقە شێوێنراوانە تۆمار دەکەم. روون و دیارە لە یەکەم چاوپێکەوتن:

- دەقێکی زۆر نامۆ شێوێنراوە دوای ناونیشانەکەی لە ژێر تێبینی ژمارە(٣٠) بەلام دەقە رەسەنەکە بە تەواوی بزر بووە و نەماوە ئەو دەقە تایبەت بە(ماریۆگاما)([٤٧]).
- لە تێبین ژمارە(٨٥)(باس لە مارعسقیا دەکات)، دەبینین تەنها ناونیشانەکەی ماوە، ناوی کەسە دیارەکە ناسراوە لە دەقەکانی تردا، هەروەها جێگیر کراوە لە شوێنێکی لەبار لە تەوەرەکاندا تێبینییەکانی(٧٥ ـ ٨٦) تایبەت کراوە بە ناوچەکانی دەوروبەری (حیرە) واتە: بێت حالی، المحـرة... تاد وە دیاریکراوە بۆ قوتابییە لابراوەکان(باوای) وە(خوداوی). لێرەدا لابراو دەقە رەسەنەکەی وەلا ناوە، وە چیرۆکێکی زۆر نامۆی خستۆتە جێگەی پەیوەندی بە خراپترین دەق هەیە لە تەوەردا کە پەیوەندی بە مارئۆجین هەیە.
- لە تێبینی(١٢٢) پەیوەندی بە گابرێیل کەشکەری) هەیە، پێویستە ئەو دەستەواژەیە وەلا بنرێت(وە هەروەها ئەو پیاو چاکە مارگبریلی) لە موسڵ دروست کرد ناوی ئەو دێرە لە ناونیشانەکەدا نییە هەروەها ژمارەی دێرە درووستکراوەکان سێیە لە جیاتی چوار هەروەك لە دەقەکەدا هاتووە. لە هەندێك شوێن بۆشایی ماوەتەوە(بۆشایی بۆ دەقە بزرکراوەکان) بەشێك لە پەرتووکی(ئیشۆعە دناح) پێویستە ئەوەی بۆ زیاد بکرێت:
- دەقی بزرکراو تەواو کەری کۆتایی تێبینی ژمارە ١١٩.
- تەواو کردنی وشە ناتەواوەکان: سا ...(تێبینی ژمارە ٢٦) وە حەز... تێبینی ژمارە ٥٤).

- لەوانەیە هەندێك وشەی ناتەواو لە دەقەکەی تێبینی ژمارە ٣١ هەبێت دەکەوێتە نێوان دەستەواژەی(پیاو چاك ماردانیال کە چووە لای مار ئەورەهام) وە دەستەواژەی(لە چیای ئۆرۆخ).

- بۆشاییەك هەیە لە کۆتایی تێبینی ژمارە ٦٦ وە سەرەتای تێبینی ژمارە ٦٧ بە پێی رای(شابۆ) کە زۆر لەبارو شیاوە، ئەوەی ئەو نازناوەی وەردەگرت بە دوو ناو بانگ دەکرا(ئەسنائیل ـ نەسنائیل) هەردووکیان یەکخراون و کورتکراونەتەوە و لە دەقی مەلا بار)(تێبینی ژمارە ٣٨). سەرەرای لایەنی هەیکەلی دامەزرێنەر لە سەر دەق ئەگەر لێکۆڵینەوەیەکی ورد بکەین لە سەر نووسەر(دانەرەکە) ئەوەمان بۆ دەست دەکەوێت کە دەمارگیرییەکی تێکدەرانەی هەبووە بۆ شێواندنی رووداوەکان وەك ئارەزوویێك بۆ ئەوەی کە بڵێن ئەمە فێربوونێکی تایبەتە بە خۆیەوە.(٤٨). یا بۆ تێپەرکردنی هەندێك رووداو کە بۆ بەرژەوەندی پاڵەوانەکان نیە کە ئەو دەیەوێت باسیان بکات بە هێمنی بێ دەنگی تەواوە. هەر وەك نووسەرەکەمان چۆن دەبینین بە سەر هەندێ رووداودا تێپەر دەبێت بێ ئەوەی گوێ بداتە هۆکاری رووداوەکە لە سەرەمانە گومان لەو بابەتە بکەین. وە لێرەدا چیرۆکەك هەیە زۆر ئارەزوومەند نیە و نایەوێت هەواڵەکەمان پێ بڵێت ئەگەرچی زانین دەربارەی پێویستە بۆ ئەوەی بیرۆکەیەکی راستمان لە سەر کەسایەتی ئەوەی کە باسەکەمانی لێوە دەکەین. لە لێکۆڵینەوەکەمان ئاماژە بە هەندێك(دەستەواژە یان رستە) دەکەین ئەمانە کلیلی گرنگن بۆ زانینی درێژەی ئەوەی پەیوەندی بە باسەکەمانەوە هەیە وەك(النعمة دفعته الی...) (واتە خێرەکە لەوەدابوو پاڵی پێوە بنێی بۆ...) بەهۆیەوە نووسەر، یان دانەری پەرتووك هەندێك درۆودەلەسەی پێوە بنێ لە ژێر پەردەی ئاینی و باوەرداریدا.

لە توانامانـدا هەیە کە هەندێك شتی تر وەربگرین لە سەر(ئیشۆعا دناح) وەك نەبوونی وردەکاری لە دیاریکردنی شوێنی جوگرافیایی. ئەو لە دوورەوە قسە لەسەر ئەمانە دەکات لەبەر ئەوەی خەڵکی(بەسرە) ایەوە بەنسبەت ئەو شوێنانەی لە کوردستانی عێراقدایە وا ئەزانی لە یەکتری نزیکن ئەو دوورییەی لە ناوچەکە هۆیەکی ترە بۆ ئەو گۆرانکارییە کارگێرانەی دوایی، کە داینـاوە ناگونجێت لەگەڵ راستییەکەی بۆ نموونە(تۆما مەرگەیی) دەهێنین کە پێش ئەو بووە(پێش ئیشۆعا دناح) لە نووسینـدا بە پشتێنێك لە ساڵاندا. دەخوێنینەوە، کەوا نازناوی(رێشە)(سەرۆکی گشتی دێرەکە) تەنها بۆ سەرۆکی دێرەکە دەدرا لە ناوچەی مەرج(مەرگە) نەك لە شوێنەکانی تر، بەلاَم دەبینین ئیشۆعا دناح ئەو نازناوەی دەداتێ(وەك ئەو سەرۆکە) هەتاوەکو ئەگەر لە ناوچەی(بانۆهەدار) یش بێت. بۆیە پێویستە باری ئەو(بەسری) بەسریە قورس نەکەین، چونکە ئەو تەنها فێڵبازێکی

تەڵەکەبازە. لە سەرەمان پێویستە بە تایبەتی ئەمڕۆ سزای نەدەین، لەبەر ئەوەی لەوانەیە لە دوا ڕۆژ هەندێك شتی سەیر و ڕاستەوخۆ بێتە پێشمان لە کاتی بەراورد کردندا لەگەڵ وەرگێڕاوەکە لە پیتی Lc بۆ پەرتووکی(العفە) کە لە ناوی بردووە Menezes بۆمان دەردەکەوێت، کەوا ئامـاژە بـەو تێبینیانـە بکات کارمـان تـێ بکـات لـە دوا ڕۆژدا وە لێرە پرسیار دەکەین: ئەم وەرگێڕانە بۆمان دەرناکەوێت بە کردەوە، کەوا(مارنۆجین) (ئـوکن) ی گەورە لـە گۆڕەپانەکـە دوور بـووە بـە ئاشـکرایی. سـەرەڕای ئـەوەی ئـەو لیسـتەیە دەسـت پێدەکات بە ئەبرەهام(ئەورەهام) ئەورەهامی گەورە، بەڵام ئـەو لـە دەقەکەدا پەڕیوەتـە(١٥)؟ بە مسۆگەری دوورکەوتنـەوەی مارنۆجین(ئـۆکن) لـە لیستی(دیامبـەر) لەوانەیـە بـە تـەگبیر بوو بێت بەم شێوەیە: لەبەر ئەوەی ئەو ماوەیەی مـارنۆجین تیـای ژیـاوە دەکەوێتـە دەرەوەی مــاوەی ســەرکۆنە کــردن، ئەمـــە هۆکــارێکی ئاڕاســتەکراوە بــەوەی، کــە ئــەو حوکمــە نەیگرێتـەوە(الحـرم - لـێ بێبەشکـردن - مـەهروم کـردن(وەرگێـڕ)، لـە بـارێکی لـەو شـێوە پێویستە ئەوها سام بێت لەسەر هەموو قوتابییەکانی وە ئەوانیش بگرێتـەوە. بـۆ زانیاریتـان دەبینین ئەوانە دابەشکراون بەسەر دامەزراوەکانی دێرەکـانی تـر. ئـەو جیاوازییـە لـە نێـوان دەقەکەی L.C کـە ئـەمڕۆ لای ناسـراوە ئێستا وە دەقەکـەی لـە بـەرگی(مجلـد)(مـەلابار) دا هەیە، کە ئەمە بـە شـێوەیەك ئێمـە گومـان لـەوە ناکـەین کـەوا هـەر دوو دەقـی سەرچاوەکە هـەمان پەرتووکـە وە بـۆ هـەمان دانـەرە. بـەڵام لـە سەرەوەشـەوە دەبیـنین پەرتووکەکـە شێوازێکی جیاوازە.(٤٩) ئایا ئەمە ئەوە دەگەیەنێ کـەوا گۆڕانکـاری کـراوە لـە دەقەکـە ئەگـەر وەڵامەکە بە ئەرێنی بوو، ئایا ئەوە کێیـە بـەم کـارە هەڵساوە بـۆ ئـەوەی تاوانبـاری بکـەین؟ ئاشکرایە پێشـەکییەکەی مـارنۆجین(ئـۆکن) لـە سـەر ئـەبرەهامی گـەورە ئاڕاسـتەمان دەکـات ئەو کارە(گریمان)(الفرضیة) لـە کـردەوەی یـەکێك لـە هـەوادارانی بیردۆزی نـوێی تـازە لـە دایـك بووبێـت تایبـەت بێـت بـە پێشـەکییەکەی ئـۆجینی، بۆیـە ئێمـە پێویسـتمان بـە دەقەکەی(مەلابار) هەیە بۆ ئەوەی بـزانین ئـەو ڕۆڵەی کە بـە کـردەوە دەیبـینی بـۆ تێبـینی قوتابییـەکانی مـارنۆجین لـە سـەری. بزرکردنـی تـەواو بـۆ ئـەم پەرتووکـە خەسـارەتێکی گەورەیە و زەرەرێکە بۆی نییـە قـەت چاکبکرێتەوە، هـەروەها گومـان لـە ئاماژەکانی(شـابۆ) دەکەین. دەربـارەی دەڵێین هەڵەیـەکی گـەورەی کـردووە ئـەو کاتـەی گوتوویـەتی دەمـارگیری مەزهـەبی لای Menszes نەبۆتـە هـۆی زەرەرگەیانـدنی هەسـتیار بـە ئـەدەبی سـریانی) ئەوەی لە سەر پەرتووکی(الرؤساء) دەڵێین زۆر لـەوە کەمترە. هاسانترە چاو بـە دەقـە ئینگلیزییەکە بخشێنین بەهۆی ئـەو وەرگێڕانـەی کـە لەلایـەن Sir e. AWallisBudge کراوە (سێڕوالیس بیدك)(٥٠) خاڵی گرنگ ئـەوە دەمانـەوێت تەئکیـد لـەوە بکـەین کـەوا ئـەو

پەرتووکـەی(تۆمـا) دانـاوە وەك Histora monastic پەرتووكێکـە لـە سـەر چـالاکی رەبەنـەکان دەدوێـت . وە یـا وەك پـەرتووكێکی گشـتی. لەبـەر ئـەوەی لابردنـی بەشـێك لـە دەقـەکان، کـە بـاس لـە ئـۆجین دەکـات وە یـا تایبەتـە بـە بەشـێك لـە رەبەنـە ژنـەکان کـە ناوبانگیان هەیە([51]) وا دەکات بابەتەکە زۆر ئاچوخ نـەبێت. لـە رووی کـردەوەدا پەرتووکەکە لێکدانەوەیەکی یەکلایەنانە و فراوانە ئەم پەرتووکـە لـە پێـنج بـەش پێکهاتووە وە بـاس لـە سـەرکەوتنەکانی باوکـانی قەدیسـییەکان دەکـات(لـە بێـت عـاوی) دواتـر بەشـێکی تـری لـە باسەکە بۆ زیاد کراوە بە کورتی، بـەلام ئـەو باسـەی دوایـی سـەربەخۆی زۆری هەیـە لەگـەڵ هی یەکەم، باس لە پیاو چاکی گبریل و قوبرسی دەکات، پەرتووکەکە ژمـارەی بەشـی(شـەش) لـە پەرتووکـە سـەرەکییەکە کـە وەردەگرێـت بـەلام ئـەو ئاماژەیـە ورد نییـە. ئـەو پـەراوێزە ئینگلیزییە زۆرەی وەرگێڕ بەشـی زۆری کـار دەکاتـە سـەر تێکچوونی رەوتەکـە و بـێ ئـەوەی روونکردنـەوەی بەکـەڵك لـە دەقـەکان هـەبێت، بـەلام نەخشـەکانی بـرتین لـە نەخشـەی ئەندێشەیی و بەس. لە راستیدا پەرتووکەکە دوور نییـە لـە راسـتییەکان و زانیـاری نـوێ کـە سوودێکی گـەورەی هەیـە. ئـەو بەڵگانـەی کـە نووسـەر پشـتی پـێ بەسـتوون هەمـە چەشـن و جۆرا و جۆرن و وردەکاری تیایە. زۆربەی جار نووسـەر خـۆی سـەردانی شـوێنەکانی کـردووە کـە خـەڵکی تیـا ژیـاوە و باسیان دەکـاتن بـەلام لـە سـەر ئەوەشـەوە لـە تواناماندا نییـە ئـەم پەرتووکـە بـە دیکـۆمێنتێکی بـەهێز دابنـێین لـە سـەرووی پەرتووکـەکانی تـردا. لـە باسـە یەکلایەنەکان بۆ ژیانی دیـاری پـڕ لـە بەرهەڵـستی زۆر لەوانـە(مێـژووی دێـری مارسـۆریشو) لـە(بێـت قووقـا)([52]) وە پـەرتووكێك لـە سـەر ژیـانی(رەبـەن یوسـف بۆسـنایە) لەلایـەن دانەرەکـەی (یۆحـەننان بوکلـدوون)([53]) وە هـەروەها پـەرتووكێك لـە سـەر ژیـانی (رەبـەن هـورمز) ی (فارسـی) وە (رەبـەن برعێتـا) ژیاننامـەی ئـەو دوو رەبەنـە لەلایـەن(بـووزی بەناوبانگ) وەرگێڕاوە، کە خاوەن بەرهەم و پەرتووكێکی زۆرە([54]).

ئـەو دەقـە کلدانیانـە دەدۆزینـەوە کـە لەلایـەن(بێجـان) نووسـراوە کـە لـە سـەر بـواری جوگرافیایی و مێژوویی نووسراوە لەم لاولەولا بلاوکراوەتەوە دەربـارەی ژیـانی قەدیسـەکان. پەرتووکەکانی بێجان بلاوکراونەتەوە لە ژێـر نـاوی(منتخبـات مـن اعمـال الشـهداء و القدیسـین)([55])Acta Martyrum Etsanctorum مـەتران (ئەدیشـێر) ئـەم پەرتووکـەی بـە زمـانی ئینگلیـزی دەرکـردووە بـە ناونیشـانی(سـیرة شـهداء المشـرق)(ژیاننامـەی شـەهیدەکانی رۆژهـەلات([56]) لـە کۆتـایی دەمانـەوێت ئـەوە روونبکەینـەوە کـەوا چـەند دەقێك هەیـە بـە چـاپ نەگەیـەنراوە لەوانەیـە لـە دەستنووسـە

پارێزراوەکانــدا بتــوانین بیخــوێنین لــە هەنــدێك لــە پەرتووکخانــەکان، بــە تایبــەتی پەرتووکخانەی(دیر السیدة حافضة الزروع)([57])

وە یــان لــەو دانــە دەستنووســە پــەرش و بلاوانــە دەیدۆزینــەوە و دەتــوانین بیخــوێنین لــە بۆنــەکانی(شــێرا) وە یــان فێســتیڤاڵی ئــاینی و ئاهەنگــەکانی شــەوانە کــە بــە بۆنــەی جەژنی(قەدیسەکان) پارێزەری ئەو کەنیسە وە یا کەنیسەکانی تر.

## سەرچاوە مەسیحییە گشتییەکان:

لەبەر ئەوەی ئەو مەیدانە زۆر ناسراوە بۆیە بە شێوەیەکی ساکار باسی دەکەین ئاشکراشە شـێوازی ســریانی رۆژئــاوایی زۆر بــە روونــی جیادەکرێتــەوە لــە شــێوازی رۆژهــەڵاتی. لــە فەرهــەنگی ســریانی - یــەعقووبی دەبیــنین: سێ لایــەنی تێکهەڵکێشــراو زنجیرەیــەك لــە سێ کردەوەی هونەری لە سەر یەك بابەتی بەدوایەکدا بۆ(دێنسی درۆزن)(دینس الكذاب)(لە تل محری) میخائیل سریانی وە(ابن العبري) کە هیچ هاوشێوەیەکی نییە و هاوتەریبی نەبووە لە(کلدو - نەستۆری) هەر یەك لە(میخائیل سریانی و ابن الحبری) پەرتووکیان زۆر داناوە و بە لێکۆڵینەوەی هەڵساون لەوانە مێژووی بەتریکەکانی رۆژهەڵات لەلایەن(ماری کوڕی سلێمان) لە سەدەی دوازدەهەم وە لەلایەن(عەمرو کوڕی مەتی و سلێوەی کوڕی یۆحەننان) دووبارە کراوەتەوە لە سەدەی چواردەهەم([58]). لە رووی زمانەوانی دەقەکان بە جوانی دانەنراون(بە زمانی عەرەبی) وە زۆر هەڵەی تیایە وە یا بە شێوەیەکی ساکار هاتووە کە زۆر ماناکەی نابەخشێ بۆیە لە بەکارهێنانی ئەو دەقانە وریایی دەوێت لە رێکخستنی ناوەکانی ئەسقەفییەکان. ئەو پەرتووکە کە زیاتر ئاخێنراوە مێژووی سعردیە بە زمانی عەرەبی بلاوکراوەتەوە و وەرگێڕاوە بۆ سەر زمانی فەرەنسی بە پێنووسی خوالێخۆشبوو مەتران(ئەدیشێر) لەم پەرتووکە ناوی زۆر کەسمان بەرچاو دەکەوێت لەوانە: Liber Castitatis (كتاب العفة) وە لە هەمان ماوەدا، وە لەوانەیە گواستراببێتەوە لە هەمان سەرچاوە. لە کۆتایی پێویستە ئەو دەقە مێژووییانە روونبکەینەوە چ بە زمانی سریانی وە یان عەرەبی چاپکراو بێت وە لەلایەن کۆمەڵێك نووسەرەکانی رۆژهەڵاتی(C.S.Co) لە لۆڤان - واشنتۆن - وە یا لەلایەن کۆمەڵە قەشەیەکی رۆژهەڵاتی(P.O) بۆ قەشە Graffin کە زۆرێك دوور و درێژە و هەندێك وردەکاری شاردراوەی لە گۆشە دەقییەکان لەبیرکراو تیایە بەڵام ئەو دوور و درێژییە دەمانباتە سەر ناسینەوەی هەندێك شوێن و کەس و مێژووی رووداوەکان بە وردییەوە.

## سەرچاوەی تر:

سەرەڕای سەرچاوە نووسراوەکان چ سەرچاوەی ئیسلامی وە یا مەسیحی بە عەرەبی وە یا سریانی، لێرەدا ژمارەیەکی یەکجار زۆر لە دیکۆمێنت و بەڵگە هەیە.

ـ ئەو نەریتە خۆجێیەی دەماو دەم گوازراوەتەوە ناو شوێنەکان باس دەکرێت لەلایەن خەڵکێکی زۆر باس دەکرێت، بەلاّم ئەوانە لە سەر نەخشە نەچەسپاون. لەوانەیە ناوەکە لەگەڵ دەربڕین (تلفظ) شێواندرابێت لەبەر بەسەرچوونی ماوەیەکی دوور و درێژ لە بەکارهێنانیدا وە یا لە ئەنجامی جیاوازی زمانی ئەو کەسانەی کە ناوەکە دەردەبڕن. هەیە لەوانە عەرەبە وە یا کوردە وە یا یەزیدییە وە یا شەبەکە وە یا لە ئارییە کۆنەکانە.

ـ ئەو دەقانەی باسکراون لە کۆتاییەکانی دەستنووسەکانی سریانی و عەرەبییە بەربلاّوانەی لە پەرتووکخانەکانی جیهان بلاّوبوونەتەوە، وە یا تا ئێستاش پارێزراون، هەندێ جار گریانت بۆی دێ چونکە لە سەر سەکۆیەك کەوتووە لە قوژبنێکدا(السکرسیتا) زۆر شێدارە.

ـ باسکردن و لێکۆڵینەوەکانی رۆژهەڵاتناسەکان و بەتایبەتی فەرهەنگەکانی تایبەت بەناوی شوێنەکان لەوانە(فەرهەنگی کەنیسەیی بۆ مێژوو و جوگرافیا) (القاموس الکنسی للتاریخ و الجغرافیة) (D.H.G.E) کە شوێنێکی یەکەمی لە گرنگیدا هەیە.

ـ ئەو چیرۆکانەی گەریدە بێگانەکان باسی لێوەدەکەن، پشت بە بینینی دەبەستێت بێ ئەوەی لێکۆڵینەوەی لەسەر کرابێت وە یا ئەو بێگانانەی کە ماوەیەك لە وڵاتدا ماونەتەوە.

ـ ئەو وێنانەی کە بە فڕۆکە وەرگیراون و ڕوون و ئاشکران، هەندێ جار خاڵی سپی وە یا لاکێشەیی دیارن و سەرنجمان رادەکێشی و ئاماژە بەوە دەکات بە کەڵەکەبوونی بەردەکان وە یا پاشماوەی دێرێکی لەبیرکراو.

هەموو ئەو بەڵگانە و دیکۆمێنت و نووسراوانە پاڵپشتمانن وە لە بن نایەن بۆ زیادبوونی سەرچاوەی زانیاری بەلاّم ئەبێ ئەمە لەبیر نەکەین سودد وەرگرتن لەو سەرچاوانە و پشت بەستن پێیانەوە بۆ دەربڕینی رایەك رەنگە گیروگرفت و زەحمەتی زۆرمان تووش بکات.

## بەکارهێنانی سەرچاوەکان:

ئەو دەقانەی لەبەردەستمان دایە جا ئەگەر سەرچاوەکان دەستنووس بن وە یا پەرتووکی چاپکراو بێت پێویستە زۆر بە وردی رەخنەگرانە و وریاییەوە مامەڵەی لەگەڵدا بکەین. زۆر جار دیاریکردنی مێژووەکەی بە خەملاّندن دانراوە بۆ دەقێك لە ئەنجامی رەخنەگرانەی دوور و درێژی ناوەوەی ئەمەش گرنگی و بایەخدانە بە مێژووەکەی زۆربەی ئەو دەقانە دەگەڕێنەوە بۆ پێش سەدەی نۆیەم و دەیەم. ئەمە ئەوە دەگەیەنێت کە

نووسینەکان لە دوای چوار سەد وە یان پێنج سەد ساڵ دوای روودانە مێژووییەکە بۆیە باوەڕکردن بە راستی و دروستی دەقەکان تا رادەیەك نییە وەیا زۆر کەمە. زۆر لەو دەقانە نووسراون بۆ ئەوەی لە بۆنەکاندا بخوێنرێتەوە بە تایبەتی فێستیڤاڵە ئاینییەکان(شیرا) (الشيرا) تەنها بۆ دڵنیاکردنەوەی خەڵك و رازیکردنی باوەڕداران و سەرنجڕاکێشانی میللەتەکە، کە دابەشی دەکەین بە پێی پێویستی نوێژکردنەکە، ناسراوە بە(كلام القندلفت) (خادم الكنيسه) ـ(خزمەتکاری کەنیسە) بێ پەروا، واتە ئەو قسانەی کە متمانەیان پێ ناکرێت بە هۆی ئەوەی لە رووی مێژووییەوە گومانیان لە سەرە ئەو کاتەی وەرگێڕدراوەکان بە زمانی ئەوروپی بۆ ئەو دەقانەمان لا دەست بکەوێت پێویستە لە سەرمان وردەکاری تیا بکەین. لەبەر ئەوەی جیاوازی بچووك لە یەك مانادا بە چاوی وەرگێڕەوە رەنگە زۆر بایەخی نەبێت هەروەك مێژوونووس بۆ دەروانێت بۆیە وەك ئەو نموونەیە باسی دەکەین(Lestrange ) بەبێ سێ و دوو هێڵی بە ژێر ئەو نووسینانەی(ابن الحوقل) ساڵی ٩٣٩ دا بکێشی و دەڵێ، لە موسڵ(تل نینوی) ـ گردی نەینەوای بینیوە کە لەو شوێنە(یۆنان پێغەمبەری) تیا نێژراوە، بەڵام لە واقیعدا ئەم گۆڕەی ئەو پێغەمبەرە نەدۆزرابۆوە تا ساڵی ١٣٤٩. کە دەگەڕێینەوە سەر دەقە عەرەبییە رەسەنەکە، دەبینین مەبەستی(بە عەرەبی ابن الحوقل) لە قسەکانی دا تەنها مەبەستی خەڵکی نەینەوایە) کەوا خوا یۆنان پێغەمبەری بۆ نارد([٥٩]) نموونەیەکی ترمان لەبەردەستدایە کە لەلایەن مێژوونووسی گەورە مەتران(ئەدیشێرە) ئەو مێژوونووسە سەرەڕای ناوبانگیەکەی دەبینین لە بیری چووە، وە یا بە سەهوویکی وا کە مەبەستی نەبووە، لە ناوەڕاستی بینایەی کەنیسەکانی رۆژهەڵاتی لەو ماوە مێژووییەدا، سەکۆیەك هەبووە پێیان دەوت(دیما) لە ناوەڕاستی ئەو سەکۆیە قاپەکە بەرز دەکرایەوە(مەبەست بەرزکردنەوەی قاپی قوربانی پیرۆزە ـ وەرگێڕ). ئەوە بینایەکی ئاسایی نیە و پێی دەوترێت(الجلجلە) ـ جومجومە لەبەر ئەوەی خاچەکەی لە سەرە، قسە لە سەر گۆڕی یەکێك لەو بەتریکانە دەکات، کە لە ژێر(بیمە) کە دایە هەر وەك لە دەقە عەرەبییەکە زۆر ئاشکرایە. لە سەر گۆڕی(بەتریك) سەکۆیەك دروستکراوە لە سەر شێوەی خاچ([٦٠]) تا ئێستا زۆر هەوڵ دراوە بۆ لێکجیاکردنەوە و باوەڕ کردن و دیکۆمێنتی شوێنەکانی مێژووی مەسیحی. لە هەموویان بەناوبانگتر و گرنگترینیان ئەوەی(جۆرج هۆفمان)، کە پێی هەڵساوە بە ناونیشانی( Auszhge Aus Sgrschen Aklen Persischer

Marturer ) زۆر بـە داخـەوە کـە دانـە کۆنەکـە بـە چـاپگەیەندراوە وە لـە سـەر هـەمان شێوەی کۆنی خۆی کە زۆر خاڵی تیـا بـوو پێویسـت بـە چـاککردنەوەی دەکـرد وە یـا هەنـدێك زیادە.

هەمان تێبینی لە سەر پەرتووکی Thnoldeke هەیە بە ناونیشـانی Geschichre der Perser Und Araber Zun Zeite Der Sassaniden ئـەو پێشـکەوتنە کـە بـە دەست هاتووە لە مەیدانی دۆزینەوەکان و وێنەکێشانی نەخشەکان بە ڕێگەی نـوێ. هـەروەها هونەری بە چاپگەیاندنی دەقەکان هەموویانی وریا کردەوە بە تایبەتی ئەوانـەی بایـەخ بـەو نووسـراوانە دەدەن کـە ئێمـە ئاماژەمـان پێـی دا بـە هـۆی گرنگیانـەوە چـونکە ئەوەنـدە بـە نرخە و هەرگیز بۆی نییە شتێکی تری نوێ شوێنی ئەوانە بگرێتەوە.

لیسـتەکانی(الســمعاني Assemani ) سـەر بـە پەرتووکخانـەی ڕۆژهـەڵات - Bibliotheca - Orientalis ڕێکخـراوە لـە لایـەن Lequien ، وە بڵاوکراوەتـەوە لـە ( Christianus Oriens) وە هـەروەها لیسـتی(Pognon) لـە ژێـر ناونیشـانی(Semitipues Lnscription) (نـەخش و نیگـاری سـامییەکان) وە لیسـتەکانی Budge لـە وەرگێڕانـی بـۆ پـەرتووکی(الرؤسـاء) (سـەرۆکەکان) وە لیستەکانی(شـابۆ) بڵاوکراوەتـەوە لـە(سینۆدسییەکانی ڕۆژهـەڵاتی - کۆمکارەکانی کەنیسـەی ڕۆژهەڵات) وە لیستەکانی مەتران(بەرسوم) بڵاوکراوەتەوە لە پـەرتووکی(اللؤلؤ المنثـور) وە لیسـتەکانی بـەتریك مـارپۆڵس شـێخۆ بڵاوکراوەتـەوە لـە پـەرتووکی(الـديارات) هـەمووان جیادەکرێنەوە وەك کەرستەیەك بۆ کارکردن لـە سـەری. بـەڵام لـە سـەر ئەوەشـەوە دەبیـنین ڕێگەی نووسەر پـڕە لـە کۆسـپ و تەگـەرە، دانـەرە جیاوازەکـان هـەر یەکـە ڕێگەیـەکی جیـای هەیە لە نووسینی ناوەکاندا.

کۆنـەکان بـەبێ سـێ و دوو ناوەکـانی لاتینیـان دەخسـتە سـریانییەوە. بـۆ نموونـە: هەیانـە ناوی(عەودیشۆ) دەبێتە(Ebedjesus) لێرەدا نـاوی قەشـە(بـیترس) وەبـیر دەهێـنین، کـە وتوویەتی:(ئاگادار بە لە نووسینی ناوەکانی سریانی!، لە ڕاسـتیدا کێشـەیەکی گەورەیـە، نـەك هەر زۆر زەرەرە بەڵکو بە دڵنیاییەوە جێگـەی گاڵتەجاڕییـە بـۆ ئەوانـەی کـە چـەند زمانێـك دەزانن)([6]) لە سەر ئەوەشەوە هەندێك کێشـەی ڕاسـتەقینە لێـرە و لـەوێ دووچـاری دەبێـت، چۆن ئەو ناوانە دەخوێنینەوە؟ وە ئایا ئەو ناوانە بـە ئاخـافتنی سـریانی ڕۆژهەڵاتییـە وە یـا ڕۆژئـاوایی وە یـا وەك ئـاخفتنی عـەرەبی، وە یـا بـە پێـی ئـەوەی لەگـەڵ زمـانی فەرەنسـی

تـەرازوو دەکرێـت؟ هـەموو ئـەو گۆڕانکارییـە بـە پێـی بارودۆخەکانـە وە یـا تایبـەت بـە سەرچاوەکان وە یا کردەوەی بەکارهێنـراو وە یا قسـەکردن لـە سـەری، لـەو بارانـەدا دەتـوانین هەردوو زارەکییەکە(لفظ) بەکاربێنین، وەك بزانین کە کامیان باشترە.([62]).

لـە هاوکێشـەکانی تـەرازووی فەرەنسـی کـە پەسـند و زانـراو بـێ و زیـاتر بـەکاردێت ئەمـە دەخەینە بەرچاو:

George Guorguis _ Gorgeis Guiwarguis
Gabriel Gibrail Gawri
Abraham Lbrahim Awraham
Jean Hanna Yhanannan
Joseph Yousif Yawsip
Aba Awa
Etc...Habib Habbiwa

بە کردەوە ئەو وشانە زۆر دەخزینە نـاو دەقـەکان، زۆر جـاریش کـورت کراوەتـەوە، هـەروەك وشەی رەبەن(مەبەستی سەرۆکی دێرە کورت دەکرێتـەوە ئـەو کاتـەی کـە ئامـاژە بـە رەبەنـە سـادەکان دەکـەی. دەنووسـرێت و کـورت دەکرێتـەوە بـە پـیتی( R ر) وە هـەروەها وشـەی (بیث)(مەبەستی شوێنی گوندە وە یا ناوچەیە) بەم دەنگانە تەلەفوز دەکرێـت: بـا، بـی، بـۆ، بی بیۆ Ba.Be.Bo.Bi.Bu. بە کورتکراوەیی دەنووسرێت بە پیتی(ب).

کۆسپێکی تریش تووشمان دەبێت، پێویستە ئامازەی پێبکەین. دەقەکانی خـۆجێیی پشـت بـە کاروباری کەسێك دەبەستن کە مەبەستە. بەڵام رەنگە لـە واقیعیشـدا مەبەسـتی کەسـێکی تـر بێـت. لـە یـەکێك لـە دەستنووسـەکانی موسـڵ([63])، ئـەوە دەخوێنینـەوە راسـتیەك هەیـە کـە پێویستی بە گفتوگۆ ناکات هـەر وەك دەردەکـەوێ رەبـەن یووسـف بۆسـنایە شـەفیعی(دێـری ئینیشکێ) یە بەڵام راستی واقیعی دەڵێ شەفیعی(دێری ئینیشکێ) ناو یووسـفێکی تـرە و زۆر دیـار نییـە، لـە نزیـك دێـری(بێـت عـاوی) خەڵوەتگەیـەك هەیـە، یـا وا دابنـێین(هـی رەبـەن هورمز) ە، بەڵام لە راستیدا هی قەشەیەکی سادەیە بە نـاوی(ئیشـۆ عداد).ئـەوەی پەیوەنـدی بە دانـەرەکان هەیـە کـە هەنـدێك جـار کۆمەڵەیـەکی تایبـەتیان دروسـت کـردووە بـۆ ئـەوەی بایـەخ بـە نـاوە لێکچـووەکان بـدەن، لەوانـە:(بـدج)([64]) کـە دەڵێـت ناوەکـانی(زەخائیشـو) وە(ئیشوزەخا) وە(مشیحازەخا) هەموویان ناوی یەك کەسن.

وە دەبـێ دان بـەوە دابنـێین، کـە زۆر زەحمەتـە جیاکردنـەوەی لێکچـووەکان هـەروەك لـە دەقـەکان بـاس کـراوە. بـۆ نموونـە ئامـاژە بـە نـاوی(ابـن مـارن) دەکـەین کـە بەسـتراوەتەوە

بە(بیدعاوی) لەگەڵ پەیوەندی بە ناوی خوێندکارە بەناوبانگەکەی(ابن مارن الکبیر) لە(بێت گەرمای) دامەزرێنەری دێری زەعفەران. ناوی دێری ناوبراو لە کۆتایی دەقەکەدا هاتووە، ئەمەش سەرنجمان رادەکێشێ کاتێك دەمانەوێ شوێنەکە دیاری بکەین، لەبەر ئەوەی دوو دێر هەیە و هەمان ناویان لێنراوە یەکەمیان دەکەوێتە نزیك زاخۆ و دووەمیان نزیك ماردین.

وە هەروەها دێرێك هەیە بەناوی(سەرکیس) یەکەم هی سەرکیسی شەهیدە ناسراو بە(قەسر سەرکیس ـ کۆشکی سەرکیس) وە دووەمیان هی سەرکیسی ناسکی بەند کراوە، وە هەروەها پێی دەڵێن(دێری هەڵواسراو) وە هەروەها دوو دێر هەیە بە ناوی(میخائیل)([٦٥]) یەکێکیان نزیك موسڵە و ئەوی تریان نزیك هەولێرە. وە دوو دێر بە ناوی(ماریۆنان) یەکەمیان نزیك موسڵ و ئەوی تر لە(حدیاب) ە([٦٦]) جگە لەوەی ئاماژەمان پێدا دێری تر هەیە هەمان ناوی(یۆنان و میخائیل) یان هەیە دێری یۆنان لە دیمەشق و ماردین هەیە بە هەمان ناو. ئەمە وای کردووە کارەکەمان ئاڵۆز بێتز ئەگەر بە شێوەیەك ناوەکان لەبەر کرابن لە سەر پشتی دڵ بۆ هەموو ناوەکانی ئەو دێرانە لە سوریا و تورکیا و عێراق. وە لە هەمان کاتیش ئەمانە لە میسریش هەیە. پێم وایە زۆر زەحمەتە بۆ دوور کەوتنەوە لە هەڵە کردن وە هەتاوەکو دانەرەکانیش بە بایەخەوە باسیان کردبێت. بۆ نموونە دەبینین([٦٧]) Honigmann پشت بەوە دەبەستێت، کەوا دێری یەعقووبییەکان لە(الکنوشیا ـ کەنوشیا) ناوەکەی بە زمانی عەرەبی(دێر المجمع ـ دێری کۆمکار) ە، لێکۆڵەرەوەیەك دەچێتە(عین المجمع) کە دەکەوێتە ناو بیابانی فراوانی نزیك سنووری سوریا، بەڵام ناوەکە تەنها(دێر المجمع) ە(ئەو شوێنەی کە کۆبوونەوەی کۆمکارانی تیا کراوە ـ وەرگێر). بەڵام ناوە نوێیەکەی ئەو دێرە کۆنیشیایە شوێنەوارەکەی بە چاو دیارە زۆر بە روونی هەموو ئەوانە زۆر کاریگەرن لە سەر کارەکەمان.

## دۆزینەوەی شوێنەکان( وە یا ناسینەوەیان )

رەنگە بڵێین ئەم کارە هاسانە، بە کردار ئەمە راستە بە تایبەتی ئەگەر هۆکارەکانی پێویست هەبوو. وەك هۆکاری گواستنەوە، بەڵام لێکۆڵەری بایەخدار زۆر کۆسپی دەکەوێتە پێش کە چاوەڕێی ناکات، وەك: ئەو کۆسپانەی بۆ بێگانەکان دادەنرێت لە گواستنەوەدا، دووری ماوەکان، نەبوونی رێگای باش بۆ گەیشتن بەو شوێنانە، نەبوونی ئاو وە یا کەمی

ئاو لە سەر ناوچە شاخاوییەکان وە یا بیابانـەکان، لەبـەر ئـەوەی زۆربـەی رەبەنـەکان شـوێنە ئاسێکان دیاری دەکەن کە زەحمەت بیگەنێ بۆ شوێنی جێنشینی ئەمانە لە قوژبنەکاندا.
باشترین رێگە بۆ دۆزینـەوە و دیـاریکردنی شـوێنەکان فڕۆکـەی هەلیکۆپتـەرە، چونکە تـەنها چـارەیە بـۆ دۆزینـەوەی گەشـەی هونـەری کـە لەلایـەن قەشـە Poidebard بـەکاری هێنـاوە، کاتێـك دەگـەڕا بـە دوای رێگـاو بانـەکانی نێـوان کێڵگـەکان کـە دەیگەیانـدە شـارە سەرەکییەکە لە ناوچەی(Euboea) یەکێك لە دوورگەکانی یۆنـان. تـەنها بـە هەلیکۆپتـەر دەتـوانین لـەو کێشـەیە دەربازمـان بێـت بـە تایبـەتی شـوێنە بـەرز و ئاسـێکان وە زەحمـەتی گەیشتن بۆ ئەو شـوێنانە، وە هـەوەرها کێشـەی گۆشـەکانی وێنـەگرتن، وە هـەروەها فرسـەتی چۆنیەتی و لـەباری شـوێنی وێنەگرتنـەکانمان پێـدەدات. جگـە لەمـەش بابـەتی هاسـان هاتـە خـوارەوە بـۆ شـوێنە لـەبارەکان کـە بـە هاسـانی دەتـوانین بچـینە شـوێنەکە و هەڵسـان بـە کـرداری سـپیکاری چـینەکانی بـەردە دیارەکـان وە هـەروەها بەرزبوونـەوەی بـە فڕۆکـە بـۆ جاری دووەم بۆ وێنە گرتنی شوێنەکە بە تەواوەتی، هەتاوەکو ئەگـەر شـوێنەکە کەلاوەیـەکی زۆر گەورەش بێت هەر وەکو مانەوەی شوێنەکانی بینایی میگالیتی(واتـە ئـەو شـوێنەوارانەی پەیوەندی بە پێش مێژوو هەیە، دروستکراوە بـە بـەردی زۆر مـەزن) لـەو شـوێنەی ناسـراوە بـە دێـرە وێزنیـا) کـە دەکەوێتـە سـەر لووتکە کراوەکـەی چیای(شـەنگال) ئەگـەر بمانـەوێت لێکۆڵینەوە و باسی ئـەم شـوێنە بکـەین کاتێـك ئێمـە لـەو شـوێنە راوەسـتابین ئەمـە کارێکی زەحمەت و ئاڵۆزە، بەلام لە رووی زانستییەوە وێنەیەکی کامیرایی بـە هەلیکۆپتـەر(وە یـا بـە فڕۆکەیەکی ئاسایی بەلام ئەمەیان رەنگە چانسەکەی کۆسپی سـەرکەوتنی هـەبێت) قـەبارەی کارەکـەمان پـێ دەبەخشـین کـە ئێمـە دەمانـەوێت، ئـەو مەبەسـتانەی هـەر بەشـێك لـە بینایەکەمان دەداتێ.
سەرەڕای ئەوەش پێویستمان بە خەڵکی شارەزا هەیە بۆ یارمەتیدانمان. رەنگـە ئـەو دەلیـل و شارەزایانە هەندێك جار بەکەڵك بێن و لەوانەشە هەندێك جار سەرلێشێواو بـن ئـەو دەلیلـە مەسیحیانە باسـەکەمان پـڕ دەکـەن لـە چیرۆك کـە هـەرگیز کۆتـایی نابێـت رەنگـە لـە دێـر زەمانـــەوە دەگوازرێتـــەوە بـــۆ یـــەکتری وەیـــا چـــیرۆکی شـــوێنەکان کـــە زۆر جـــار بـــاوەڕ پێکراوە(نەریتە) وەك ناوچەیەکی پیرۆزز
وە ئـــەوەش دەدۆزینـــەوە کـــەوا هەنـــدێك جـــار شـــوێنەکە تووشـــی هێـــرش و پـــەلاماردانی غـەمبارمان دەکـات. پـێش نزیکـەی بیسـت سـاڵێك کەسـێکی مێـژوو نـووس دانەیـەك لـە

پەرتووکی(تۆما المرجی) هەبوو ئەو برادەرە هەوڵێکی زۆری داوە بە دابەشکردنی ئەو ناوانە بە راست و چەپ و بە سنگێکی فراوانەوە وە بێوچان وە بەبێ هیچ بەڵگەیەکی باوەڕپێکراو جگە لە هەندێك لێکچوون نەبێت لەگەڵ هەندێك ناوی باوەڕ پێکراو داوای دەکرد کەوا تەنها رایەکەی ئەو راست و دروستە کە باسی لێوە دەکات، بەڵام لەوبارەیەوە کەوا دەلیلێکی تری جگە لە مەسیحی، ئەمە دەگۆڕێ، چونکە مەبەستەکە زۆر دیار نیە، بۆیە دەلیلەکە وێنەکێشە وە بە تایبەتی ئەگەر مێژوونووسەکە بەبەرگی پیاوی ئاینی بێت. مەبەست لە باسکردنەکان لە کەلاوەی دێر و شوێنەکەی بۆ ئەوەیە داخوازی بکەین بە موڵکداری ئەو سەردەمانە، کە باب و باپیرانمان جێیان هێشتووە. ئەوەم بە بیر دێتەوە بۆ شوێنێك کە پەیوەندی بەو چەند دێرەی باسم کرد لە پێشەوە. گەنجێکم ناسی کوڕی موختاری گوندی(خنس) بوو لەگەڵی دوام دەربارەی ئەو دێرە نزیکەی گووندەکە، دەستی کرد بە سوێند خواردنی گەورە کەوا ئەمڕۆ هیچ دێرێکی نزیك لەو گووندە و ناوچەکە نییە، بەڵام ئێوارەی هەمان رۆژ برادەرێکی خۆم لەگەڵ موسڵمانێکی گووندەکە شوێنی دێرەکەی پێدابن. ئێمە کە باس لەو بابەتە دەکەین لە هەمان شوێن راوەستاین. شێوازی پرسیار کردنی لایەکی ترە و گرنگی خۆی هەیە لە لێکۆڵینەوە دەربارەی شوێنی دێرەکان. بۆ گەڕان بە دوای شوێنی هەر دێرێك لە سەرتە هەوڵ بدەی پاڵ بە دەلیلەکەوە بدەیت بۆ قسەکردن بێ ئەوەی بواری وەڵامدانەوەی ئەو شێوەیەی ئەو دەیوێت پێی بدەیت وە بۆ دەرئەنجامی شێوازی پرسیارەکەت بە پێچەوانەوە وەڵامێکت پێدەدات کە بەلای ئەو تۆ رازی دەبیت پێیەوە. بەشی زۆری ئەو پرسیارانە قازانجی لێوە دەکەیت کە زۆر ساکارە وەك: ئەم گردە ناوی چییە؟ وە یا ئەو رێگەیە بەرەو کێ دەچێت؟ جارێکیان دەلیلێکم لەگەڵ بوو بۆ ناوچەیەك دەکەوێتە نزیك شاری تکریت. کە زنجیرەیەك ناوم پێوت هی شوێنە کۆنەکان کە پێویستە لەناوچەکەدا هەبێت راوەستا بە واق وڕماوی، وە کاتێك باسی ناوی یاریدەدەری مەترانم کرد(مەترانی ئەسقەفیەی کۆن کە لەو ناوچەیە بە(کەرما) یان(گەرما)([68]) ناسرابوو، هیچ شتێکی گژی لە دەموچاو نەما، وە هیچ وەبیرهێنانەوەیەك بۆ گەرما(الکرما) پێنەبوو. دوای ئەوە بە کەمێك گەیشتینە دەروازەی ئەو رێگەیەی بەرەو شوێنەکە دەڕوات خەڵکی ناوچەکە پێی دەڵێن(کەریم) وە دەڵێن پەیوەندی هەیە لەگەڵ ناوی(کەریم ئەبو خلخال) یەکێك لە رۆڵەکانی(ئیمام موسا) هیچ شوێنەوارێکی دیار لەو جێگەیە نیە تەنها گومەتێك چیرۆك باس لە پێشینان دەکات. ئەم گومەتە لە سەر کەلاوەی کەنیسەیەك دروستکراوە کە جێگای باسکردنە. دوای گەیشتن بۆ شوێنی دێرە کۆنەکە

پێویستە تەماشای دیوی دەرەوەی بکەین: واتە چۆن دەبینرێ؟ باری ئەو پلەیەی تێکچووە، چونکە ئەمە ئەوەمان پێدەدات تا چەند کۆنە.
وە دووری لە شوێنە فەرمباڵغییەکان بە دانیشتووان ئەگەر ئەمە لە سەر لووتکەی چیایەکی دابڕاو بێت، ڕەنگە لە رووی تالآن و بڕۆوە دێرەکە دووچاری هاتووە وە یان ئەوانەی کە هێرشیان کردۆتە سەری کرداری تاکە کەسی بووە و کەمتر کاریگەر بووە. ڕەنگە دیوارەکانی نەرووخابن و مابن بە بەرزی مەترێك وە یا دوو مەتر لە سەر ئاستی زەوییەکەن بەلآم ئەگەر بینایەی دێرەکە بکەویتە نزیك لە گوندێك بەردەکە بۆ دروستکردنی خانووی گوندەکە بەکارهاتوون. بۆیە هیچ پاشماوەیەکی دیاری نامێنێت هەروەك دێری شەمعوون جەبەلی(شمعون الجبلی).
لە سەر زێی دیجلە نزیك(عەرایر - عرایر) تەنها ئەو ڕیزە بەردانە دەبینین، کە لە سەر رووی زەوییەکە ماون بە شێوەیەکی ڕێز و کەڵەکە کراو. هەروەها پاشماوەکانی دێری(الکبیر) ناسراو بە دێری(مارشلیتا) تەنها ئەو کەلەکە بەردانە لە سەر یەك لە کێلگەیەکی کشتوکاڵی دەبینرێن وەك قاعیدەیەکی گشتی هەموو کاتێك تووشی کۆمەڵە بەردێکی لاکێشی وە یا چوار گۆشەیی دەبینین. نەخشەی ناوەخۆییەکەی لەبەر چاو لاچووە. بنمیچەی ژوورەکان بە تەواوی وێران بوون و بەردەکان رووخاون، زەوییەکانیان وەك چاڵێك وە جیا جیا لە قوڵایی دیارن، لە ناوەڕاستی گۆڕەپانەکانی ناوخۆ کوپە کۆنەکان دەبینرێن بە شکاوی و چاڵاییەکی دیاری هەیە. ناتوانین ببینین وەك پاشماوەی ڕاست و دروستی بینایەی کەنیسەیەك و بەس بینایەی کەنیسە هەردەم بە بەرد(هەڵنەکەنراو) وە کلس و گەچ دەکرێن، لە ناو ئەو بینایە دەبینین بەشێکی شەشە پاڵوویە پێی دەڵێن خۆرس)(بەشی گرنگی بینایەی کەنیسە بە دڵی کەنیسە دادەنرێت)(وەرگێڕ).
هەندێك جار ئەو بەشە تا ئێستاش دەبینرێ زۆر بە روونی سەرەڕای تێپەڕبوونی ماوەیەکی زۆر بەسەردا، بەلآم هەندێك جار تەنها شوێنەواری بینایەکی چوار گۆشەیی دەبینین ئاڕاستە بە هەر چوار لاوە، چونکە کەنیسە هەردەم بەم شێوەیە دەبێت باکووری - رۆژهەلآت(الشمالیة الشرقیة) وە یا باشووری - خۆرهەلآت لە بیناکە. میحرابەکە نووساوە بە دیواری رۆژهەلآت. گۆڕەپانێك بەلای رۆژئاوای کەنیسەی دێرەکە هەیە لە دێرەکانی یەعقووبییەکان. بەلآم دێرەکانی نەستۆری ئەم گۆڕەپانە روو لە لای رۆژهەلآتە لە بینای کەنیسە دەرگای سەرەکی بۆ چوونە ناو دێرەکە دەکەوێتە ناوەڕاستی بینای دێرەکە، بەدەر لە هەندێك باردا کە سروشتی ناوچەکە و زەوییەکە وا دەخوازێت بینای دێرەکان بریتی

بوون.([19]): پەرستگەی(خەڵوەتگەی) سەرۆکی دێر، وە یەکێکی تر نزیک دەرگای دەرگاکەر، سالۆنێکی(هۆڵێکی) گەورە شوێنی نووستنی رەبەنە نوێیەکان، ژوورێك بۆ میوانداری، چێشتخانەیەکی فراوان لەگەڵ فڕنی نان کردن، ژووری کەلوپەل(کۆگا) وە ژوورێکی نازووقە(هۆڵی خواردن) بۆ گشت ئەوانەیە کە تیایدا دەژین بە یەکەوە لەگەڵ رەبەنە نوێیەکان، لە رۆژانی جەژنە و ئاهەنگەکان پیاو چاك و دابڕاوەکان(خەڵوەتگەکان) بەشدارییان دەکرد کە لە رووی روحی و گیانی پشتگیری دێرەکەیان دەکرد لەوانەی لە دەوروپشت و نزیك دێرەکە بە تەنها دەژیان واتە ئەوانەی لە ئەشکەوت و کۆنە بەڕ و کۆڕیتە دابڕاوەکانی دەوری دێرەکە دەژین وەك پێومرێك بۆ هەر رەبەنێك مەترێك زەوی لەلایەکی بینایەکەی بۆ تەرخان کراوە.

## دیاریکردنی ناسنامەی دێر و دەستنیشانکردنی شوێنەکانیان

دوای دڵنیا بوون کە شوێنی کە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو دێرە، ئەو کێشەیەمان بۆ سەرهەڵدەدات چ ناوێکی بۆ پاشماوەی کەلاوەکانی(شوێنەوار) دیار بکەین؟ هەندێك جار ناوەخۆجێییەکەی هاوچەرخ(نوێ) بۆ جێگەکە هیچ ئامازەیەك بە ناسنامەی راستەقینەی دێرەکە ناکات.

ناوچەی شەنگاڵ بۆ ئەو بوارە نائومێدمان دەکات. کاتێك بە دوای دێر(مارشەمعوونی زەیتوونی) وە یان ناسراو بە(بارتووریٚ) وە یا دێرەکانی بە ناو مارٚ بسیون) وە یا رەبەن (سابۆخت) وە دێری تریش... لە جیاتی ئەوانە ناوی ترمان بۆ دەردەکەوی(بانا دێرا) وە (دێر زیتجێگی) وە یا(دێرە وزینە) وە یا(دێر ئاسیٚ - عاصی)... تاد

لەو ناوانە. بۆ زانیاریتان کۆمەڵە ناوی دووەم یارمەتیمان نادات بۆ ناسینی یەکێك لەمانە کە لە کۆمەڵی یەکەمدا هەیە. هەندێك جار کە گوێمان لە ناوێك دەبێت ئامازەیە بۆ ناوێکی دیاری بەناوبانگ لە سەر گوێچکەماندا بەلام بە شێوەیەکی شێوێنراو بە هۆی ئەو گۆڕانکاریانەی بە سەریدا هاتووە.

لێرەدا تووشی ناوی دێری(رەبەن سلێوە) دەبینین ئێستا ناسراوە بە دێری سلێوە - دیر الصلیب) ئەم راستیە ئەوەمان بۆ دەردەخات کە چەند هۆکارێك هەیە تووشی هەڵەمان دەکات رەنگە زۆر باسی درێژی بچووك بە لێکۆڵەر ببەخشێ بەلام رەنگە لێکۆڵەرێکی تر بەسەریدا تێپەڕ بێت و هیچ بایەخێکی پێنەدات سەرکەوتن بە رێگایەك و بە پێچاوپێچی زۆر کەم دەبێتە ئەو هۆیەی بەشێکی کەم بزر بێت و چارەسەری نەکرێت. هەموو ئەوانە

ئەوە دەگەیەنێت کەوا بوارێکی فراوان لە پێشمانە بۆ وردبوونەوە لە باسەکەمان وە گفتوگۆکردن لە سەر کارێکی لەو شێوەیە. دوا وشەمان ئەوەیە پێش بچینە ناو دوور و درێژی لێکۆڵینەوەکەمان کە بە ناونیشانی(ئاشووری مەسیحییەت) ە بۆ دوورکەوتنەوە لە دووبارە بوونەوە و زیادی ئەو قورسایەی دەکەوێتە سەر خوێنەر وە یا ئەوەی بایەخ بە بابەتێك لەو شێوەیە دەدات کۆکردنەوەی سەرچاوە جوگرافیاییەکان تایبەت بە شوێن و جێگە لەو ناوچانە کە بابەتی باسەکەمانە(واتە(حدیاب) وە(مەرگە)، المرج، وە (بانۆهەدار)) وە دەخرێتە شوێنێك کە باسەکە بەرێوەیە بۆ ئەو کات. ئەگەر ناوی جێگەیەکی دیاریکراو بۆ نموونە، بکەوێتە ناوچەی(بانۆهەدار) وە باسی بکرێت کە لە سەر حدیاب دەدوێن ئەو کات پێویستە بگەرێینەوە بۆ ناوەرۆکەکە بۆ ئەوەی سەرچاوە سەرەکییە تایبەتییەکە بدۆزینەوە بۆ شوێنی مەبەست بەلام ناوی ئەو جێگایانەی کە دەکەونە دەرەوەی باسەکەمان، ئەوە باسێکی روونکردنەوەی لەگەڵ دا دەکەین ئەگەر بۆ جاری یەکەم بوو. ناوەرۆکەکە یارمەتیمان دەدات بۆ لێکۆڵینەوە لە سەرچاوەکان ئەگەر دووبارە بۆوە وە لە دەقەکانی دواتر.

# بەشی یەکەم

# حدیـــاب

# بەشی یەکەم
# حدیــــاب

## چوارچێوەی جوگرافیایی:

سنووری کارگێری هەرێمی حدیاب بە درێژایی مێژوو چەسپاو نەبووە، بەڵکو لە گۆڕانێکی بەردەوام دا بووە بە پێی بارودۆخی سەپێنراو لە لایەن سنوورە سروشتییەکانەوە. هەرێمی حدیاب زەویەکی نارێکە لە شێوەی(معین) سێ لایەنی لەو چوار نیمچە چەسپاون و زۆر بە هاسانی دەناسرێن.

ـ رێڕەوی رووباری دیجلەی گەمارۆدراو بە هەر دوو زێیەکە لایەنی سنووری رۆژئاوای ناوچەکە، وە بە ئاراستەی باکوور باشوور.

ـ زێی گەورە (سەروو) لای باکووری ناوچەکە پێکدێنێ وە بە پێی ئاڕاستەی رووبارەکە کە لەلای باکووری خۆرهەڵات بەرەو باشووری خۆرئاوایە.

ـ زێی بچووك (خواروو) سنووری باشوور دروست دەکات، وە بە ئاراستەی تەریبی بۆ زێی گەورە.

ـ سنووری رۆژهەڵات بە گشتی تەریب نیە لەگەڵ سنووری رۆژئاوا، واتە رێڕەوی رووباری دیجلە لەگەڵ لادان بەرەو تەوەری باکوور: باکووری رۆژئاوا وە لە باشوورەوە: باشووری رۆژهەڵات. ئەم تەوەرە دەچێتە ناو(چیاکانی حدیاب) وە بۆ هەندێك ناوچەی دراوسێ بۆ ئەبرەشیەی سالاخ(سلێخ) ی کۆن ئەو گۆڕانکاریەی بە درێژایی سەدەکان بەسەر ناوچەی حدیاب دا هاتووە، لەو بەشە روویدەدا، لەبەرئەوەی هیچ لەمپەرێکی سرووشتی نیە بۆ ئەوەی قەدەغەی هاتنە ناوەوە وە یا بەزاندن، لەو بەشەی باسەکەمان تیشکێك دەخەینە سەر ئەو ناوچەیە. کەواتە لە باسەکەماندا ناوچەی حدیاب دیاری دەکرێت بەو زەویانەی گەمارۆ دراوە لە نێوان هەر دوو زێیەکە باکوور و باشوور.(٢٠) ناوچەکە پێکهاتووە، وە لە دەستپێکردنی لە رۆژئاوا بۆ رۆژهەڵات بەبەرزی و نزمی زەویەکە بەم شێوەیە:

- ئەو دەشتەی درێژ دەبێتەوە لە نێوان رووباری دیجلە و زنجیرە چیای(قەرەچوغ) ئەم دەشتە گرنگە رێگەی کۆنی بەرەو بەغدا پێدا تێپەڕ دەبێت کە دەکەوێتە نێوان حەدیسەی موسڵ و بەوازیج.
- ئەو دۆڵەی ئەمڕۆ ناسراوە(بە کەندێناوە) دەکەوێتە نێوان زنجیرە چیاکانی هاوتەریبی یەکتری کە دەکەونە نێوان چیای قەرەچوغ و ئیۆیەناداغ ـ ئەوینا داغ).
- ئەو زەویە بەرزانە ناسراوە بە(حەززا) کە دەکەوێتە لای رۆژهەلأت لە زنجیرە چیای (ئەویناداغ).
- چیای حدیاب دەکەوێتە لای باکووری خۆرهەلأت. ئەم چیایە بریتییە لە چەند پێچاوپێچێك دەست پێدەکات لە چیای سەفین) کە ناسراوە بە چیای(سەلأحەدین) وە پێویستە تێبینی بکەین بۆ ئەو کۆتاییانەی باکوور و باشوور لە کەرتکە چیا بۆ ئەو پێچانە وە هەوەرها ئەو ناوچانەی کە کۆتایی بە چیاکان دێت هەندێك نزمایی پێکدێنی لەگەڵ رێڕەوی هەر دوو رووبارەکەیە: ئەو زەویانەی دەکەونە لای باکووری خۆرهەلأت نزیك بە زێی گەورە ناسراوە بە(ئەبرەشییەکانی رووبار) (واتە ئەوانەی کەوتوونەتە لێواری رووبار ـ وەرگێڕ) وە ناسراوە بە(حیۆتۆن) وە(مەعەلتا) ی زێ. بەو ئاراستەی بۆ ناوەوە دێنە ناو ئەبرەشیەی(حەنیئێتا).
- دابەشبوونی جوگرافی سەرەوە ناچارمان دەکات کارەکەمان دابەش بکەین(باسەکەمان) بە پێی ئەمە و لەبەر ئەوەی مەڵبەندی سروشتی و سیاسیی و(ئاینی) بۆ ئەو ناوچەیە کە شاری هەولێر بەهۆی هەبوونی هێڵەکانی پانی بۆ چوارچێوەی مێژوو. بۆیە قۆناغی یەکەمی باسەکەمانە لەو بەشە.

(١)

## هەولێر - اربیل

## ئەو ماوەیەی دەکەوێتە پێش مژدە بە ئنجیل:

(اربیـل) هــەولێر مەڵبەنــدی هــەرێمی حدیابــە، وە لــەو شــارانەیە کــەوا کێبڕکێــی نازنـاوی(کـۆنترین شـارە بەبـەردەوامی مرۆڤـی تیـا نیشـتەجێیە بـەبێ وەسـتان) ئەوانـەی تەفسیری پـەرتووکی پیرۆزیـان کـردووە لـە سـریانەکان، کـە دوای مـارِ ئـەفرام هـاتن.(٧١) بـۆ ئـەوەی بیسـەلێنن شاری(رەحبـوت - عیـد) کـە لـە سفری(التکوین)(١٠ - ١١) نـاوی هـاتووە یەکێکـە لـەو شـارانەی(نـەمرود) کورشـی(کـوش) کـوڕی(سـام)(یـەکێك لـە رۆڵـەکانی نـوح ـوەرگێڕ).

لە ئاشووری دروستی کردووە. بـە داخـەوە شـوێنی شـاری هـەولێر لەلایـەن شوێنەوارناسـەکان وەك پێویست لێکۆڵینەوەیان لە سەر نەکردووە. لە شـاری هـەولێر گردێکـی سـەرکەش هەیـە بەرگری گشت وێرانکاری و شـەڕەکانی کـردووە بـە سـەربڵندی ماوەتـەوە، ئـەم دیوارانـە هـی قـەڵای هـەولێری بـەناوبانگن. جێگـەی ئـەو بەرزایـەی لـە زەوی، لـەم گـردە هـیچ پشـکنینی شوێنەوارناسـی بـۆ نـەکراوە. زانیارییـەکانی Reallexicon Der Assyriologie کۆکراوەتەوە و بڵاوکراوەتـەوە لـە وتارێـك بـە ناونیشـانی ئـەربائیلۆ(٧٢) سـاڵی ١٩٢٩، لـە سـەر دەقی خۆی ماوە، ئەمە جێی داخە زانیارییەکان ماون هەر وەکـو خۆیـان بـەبێ زیـادە رەنگـە هاوکارمان بێت بۆ مێژووی دوور و درێژی نوێ.

بە کورتی دەڵێین:(ناوی شارەکە)(ئۆربیلیۆم) - Urbilum لە دەقەکان دا هـاتووە پـێش سـێ هەزار ساڵ(پ. ز) هەر وەك لە پەیمانەکانی ئاشووریدا هاتووە بە شێوەی(ئارپـائلۆ) بـە واتـای شاری چوار خواوەند. ئەمـە ئـەوە دەگەیـەنێ، کـەوا پایتـەختی ئـاینی، روحـی مەملەکەتەکـە بــووە، وە هــەروەها پەیکــەرێکی بــەناوبانگی تایبــەت بــۆ خواوەنــد عەشــتاری لێیــە. نـاوی(ئـەربیل) وە یـا(ئـەربل) بەسـتراوە بـەو شـەڕە بەناوبانگـەی کـە لـە سـاڵی ٣٣١ پ. ز روویداوە لە نێوان ئەسکەندەر مەقدۆنی - وەرگێڕ) یۆنانی و داریۆشی سێیەمی فارسـی. لـەم شەڕەدا ئەسکەندەر بە سەر داریۆس دا سەرکەوت ئەم شەڕە پێـی دەڵـێن شـەڕی(کۆکامیـل) Gaugamels دوای ئەو وردەکاریەی تایبەت بە ناوی(ئەربیل) لـە باسـەکەماندا دەچـینە سەر شوێنەکەی(٧٣)

دوای سەدەیەك بەسەر ئەو شەڕە فرشییەکەیان داگیریانکرد، دامەزرێنەری بنەماڵەی ئەرشاقی هەڵسا بە دروستکردنی گۆرشستانێکی پاشایەتی تێدا.
(کارکالا) ئیمپراتۆری رۆمانی حورمەتی ئەو گۆڕستانەی شکاند لە ساڵی ٢١٦ ی ز. دواتر ئەربیل مایەوە وەك مەیدانی ململانێ لە نێوان فرشییەکان و رۆمانییەکان، وە هەتا ئەو کاتەی کە ئەرمەنەکانیش دەسەڵاتیان بەسەر دا کێشا وە لەبەر ئەوەی بارەگای کورسی پاشایۆکە(الملك)(بچووکراوەی پاشا لەبەر ئەوەی لەوێ نیشتەجێ بوو لە بارەگای پاشایۆکە نوێنەری پاشا بوو لە(قەتەیەسەفوون)(سەلمان پاك ـ وەرگێڕ).
شێوە سەربەخۆییەکی نیمەچەیی هەبوو لە چاو هەرێمەکانی تر ناسراو بە حەدیاب) بە کلدانی(حزیاو)([٧٤])
دوای ئەرمەنەکان ئەرشاقییەکان هاتن نازناوی(بەهلەوی) یان لێنا وە یا(ئونورشیرەکان) یەکێکە لە شاژنەکانی حدیاب لە سەدەی یەکەمی ز، ئەم ژنە جولەکە بووە(یەهودیە)([٧٥]).
لەمە دەردەکەوێت کەوا هەندێك لە میرەکان گەیشتبنە ناوچەکە. بە هۆی کەمی زانیاری وردێ دانیشتووانی شارەکە(حدیاب) روو لە کەمی بووە لەو ماوەیەی کە ئینجیلی تیا بلاوکراوەتەوە، واتە لە سەدەی دووەم وە یا سێیەم ز دەوترێ: زۆربەی بتپەرست بووە وە بەشێکیان بۆ جولەکە بووە. بەلام وا پێدەچێت جولەکە هیچ رۆلێکی ئەوتۆی نەبووە لەبەر ئەوەی کەمینە بووە.
هیچ بەڵگەیەکمان نەدۆزیوەتەوە کە باس بکرێن لە چیرۆك و قسەو باس بۆ مژدە بەخشی بۆ زانیاریتان جولەکە رۆلێکی خراپیان گێڕاوە بۆ سەر ژیانی ئەوانەی شەهید کراون.

## مژدە بە مەسیحییەت: موژدەبەخشی مەسیحییەت

مێژووی بلاوبوونەوەی مەسیحیەت لە ئەربیل و هەرێمی حدیاب دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمانێکی کۆن تەئکیدمان بۆ ئەمە دامەزرێنەر و پشت بەستن نەك تەنها بۆ بلاوبوونەوەی مەسیحیەت لە ولاتی فرسیەکان کە ناوی هاتووە لە سفری کردارەکانی نێردراوەکان ـ سفر اعمال الرسل(٩ :١١) بەلکو ئەوەی کە مارماری قەدیس(القدیس ماری)([٧٦]).پێهەڵسا خۆی خوێنکارێکی(ئەدای) بوو. لە سەدەی یەکەمی زاینی ژیاوە، هەولێر(ئەربیل) ی رزگار کرد بە مژدەبەخشی کردنی ئینجیل بە سەرسوڕمانی بێ وێنەوە ماوەی ژیانی ئەو ماوەی خۆشی بلاوبوونەوەی باوەڕداری بوو هەموو پاشا و فەرماندەکان و سەرکردەکانی سوپا باوەڕیان هێنا ئەمانەباوکی ئەو کچانە بوون کە کچەکانیان تووشی نەخۆشی گرەتی و پیسبوون ببوون، واتە شەیتان کاری تێکردبوون).

بە پێی دەقەکان کە لە مێژووی(ئەربیل) داهاتووە(مارئەدای) نێردراو توانیویەتی بە تەئکید بەهۆی عەجائیبەکانیەوە زۆرترین خەڵك بۆ باوەڕداری رابکێشن لەوانەی کە باوەڕیان پێ هێناوە(باکیدە) کە دواتر بوو بە یەکەم مەترانی حدیاب([77])(الفونس منکنا) هەڵساوە بە نووسینی(مێژووی ئەربیل) وە ئەو ناوچانەی لە بن دەسەلاتی(مشیحا زەخا بووە) ئەو یەکەم کەس بووە کە درکی بە دوو لایەنی هەبووە لە نێوان ئەوانەدا، بەلام خۆی بەبێ سێ و دوو هەڵبژاردووە و بانگەشەی هەڵوێستی خۆی کردووە وە تەئکید لە سەر مێژووی رۆڵی ئەدای کردووە([78]) کە دەڵێ:(ئەو رایەی تایبەتە بە رۆڵی کاریگەری(مارماری) نێردراو، کە کاری پێدەکرێت هەتاوەکو پەیدا بوونی سیستەمی نوێش رایەکی گوماناویە رەنگە هەڵبەستراو بێت). ئەمە بێزارییەکمان پێدەدات بە تایبەتی لە سەر ئەو بابەتە کەوا دەقی مێژوویی ئەربیل خۆی، ئەوەی کە(مەنکنا) نووسیویەتی جێگای باوەڕ و گومانی تیا نیە وە هەروەها لەلایەن Harnack بەجۆشەوە پشتگیری کراوە بۆیە داوای لە Sachau کردووە بۆ ئەوەی وەرگێڕی بکات لە ساڵی ١٩١٥([79]).

دواتر بۆ ئەم پەرتووکە بابەتی لێکۆڵینەوە پەیدا بوو وەرگێڕا سەر زمانی لاتینی لە ساڵی ١٩٢٧ لەلایەن Zorelli تەواو بوو.([80]).

دواتر بۆ زمانی عەرەبی وەرگێڕا لەلایەن مەتران(پەترۆس عەزیز) ئەمە لە ساڵی ١٩٢٩ - ١٩٣٠ - ١٩٣١ تەواو بوو.([81]).

ئەم پەرتووکە رەخنەیەکی توندی لێگیرا لەلایەن قەشە(پیتەرس) ساڵی ١٩٢٥([82]).

ئەنجامی ئەو رەخنەگرتنەی قەشەی ناوبراو ئەم پەرتووکە وەك سەرچاوەیەکی باوەڕپێکراو شوێنی خۆی لە دەست دا وە پێش ئەویش رەخنەیەکی توند لەلایەن قەشە (ئۆرتیس) (لە ئۆڕبینە) گیراوە([83]).

کاتێك قەشە بیتەرس بەراوردی کردووە لە نێوان مێژووی ئەربیل و مێژووی کەرکووك وتوویەتی: مێژووی کەرکوك جێگەی هەڵسەنگاندنە و مێژووی ئەربیل پێش ئەو بووە، واتە یەکەم پێش دووەم کەوتووە لە پێشەنگیدا، بەلام مێژووی کامەیان کۆنترە، وەلامەکە بە پێی رای هەردووکیان برا بووین هەندێ جار هەردووکیان بەیەك دەگەنەوە لە یەك سەرچاوە، بەلام سەرەڕای ئەمەش دەبینین ئەو لێکنزیك بوونەوە و لێکچوونە ناتوانن دڵنیایی بە لێکۆڵەر ببەخشن بەلام ئەنجامی قەشە ئۆرتیس بەم شێوەیە:

Un Documento Dimediocre Autorita Storice,
Che Quindi Deve Essera Adaoperato Con Cautela

بەڵگەیەکە لە چەشنی ناوەڕاست، راستگۆیی مێژوویی تێدا نییە، بۆیە پێویستە بە وریاییەوە مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت.
دوای ئەو هەموو هەراو هۆریایە کە لێکۆڵەر و بایەخدارەکان نایانەوە پرسیار لەخۆم دەکەم ئەگەر کەڵکی نەبێت پشت بە Liber Pontificalisd, Erbil وەك سەرچاوە و پەراوێزێك بۆ پێداچوونەوە. هەموو جارێك ئەو پەرتووکە بەراورد دەکەین لەگەڵ سەرچاوەیەکی تر، بایەخی پێدەدەین. تووشی زانیاری زۆر دژ بە یەکتری دەبین.([84]).
ئەم واقیعە پاڵ بە لێکۆڵەر دەنێت واز لە پەرتووکی مێژووی ئەربیل بێنێت وەك سەرچاوەیك کە پشتی پێدەبەسترێت، ئەگەر واز بێنین لەبارودۆخ و مێژووی دەستپێکردنی موژدەبەخشی بە ئینجیل لەو ولاتە ئەو کاتە دەبێ واز بێنین لەو هێندەی فراوان بووە لە ناوچەی موژدەبەخشی وە هەروەها تا چەند ئەو باوەڕداریە چۆتە دڵ و دەروونی مەسیحییەکان تاوەکو سەرەتای سەدەی چوارەم، واتە سەرەتای دەستپێکردنی چەوساندنەوە خوێناوییەکان، لە توانادا نیە بزانین تا چەند و دیاری بکەین رێژەی ئەوانەی کە هاتوونەتە سەر ئاینی مەسیحی و باوەڕیان هێناوە لە کۆی گشتی دانیشتوان، ئەوانەی کە نیشتەجێی(ئاربیرە) (ئاربیرە ئەو ناوە بوو کە فارسەکان بۆ ئەو ناوچەیە بەکاریان دەهێنا کە پێداچوونەوە کە بەوەی Sozomene نووسیویەتی([85]).
لەوبارەیەوە دەبینین گەشبینە لەبەر ئەوەی باسی حەدیاب دەکا وەك ولاتێکی فارسی زۆربەی دانیشتوانی مەسیحیە بەلام لە واقیعدا تاوەکو سەرەتای سەدەی حەوتەمی زاینی ژمارەیەکی زۆر لە مەجوسی تێدا بوو چاوەڕێی باوەڕداریان دەکرد.
سەلماندنمان بۆ ئەوە ئەوەیە، باوەڕهێنانی مەهانۆش) - (ئیشۆع سورەن) لەیلایەك ئاینی فەرمی مەجوسی لە ولاتدا تاوەکو رووخانی دەوڵەتی ساسانی لەلایەکی تردا باری مەجوسیەت زۆر قورس بوو لە سەر ملی باوەڕداران دا وە هەوڵەکانیان بێ هودە بوو هەردەم بۆ گەڕانەوەیان بۆ سەر ئاینە کۆنەکەیان.

## چەوساندنەوەکان:

مێژووەکان بەو هۆکارەکانی چەوساندنەوەکانی خوێناوی کە لەلایەن شاپووری دووەم جێبەجێکرا ئەمانە رووداوی جێگیرن([86]).
وە یەکەم بڕیاری ئیمپراتۆری دەرچووە و دەسەلاتی داوەتە خوارەوە بۆ جێبەجێکردنی چەوساندنەوەکان لە ساڵی ٣٤٠ سەرەتا لە سەر شێوەی باجی ملانە بووە(لە پەرتووکی شەهیدەکانی رۆژهەلاتی ئەلبێر ئەبونا ئامازە بەوە دەکات باجە بنەڕەتییەکان دوو

هەندەی لێکرا بۆیە بەتریك شەمعوون برسەباحی رەتیکردۆتەوە وە هەروەها لە لایەن رۆڵەی مەسیحییەکانیش رەتکراوەتەوە، بڕوانە(شهداء المشرق ـ الصادر في بغداد ١٩٨٥ ، البيرابونا) سەرانە(جزیه الراس) تەنها لە باوەڕداران وەردەگیرێ دواتر گەشەی کرد بۆ هێرش بردن و تۆقاندن و ستەمکاری جۆرا و جۆر کە هەموو کەنیسەکانیشی گرتەوە دوای ئەوەی هەندێ بەرگری کرا لەلایەن مەسیحییەکانەوە لە سێدارەدان جێبەجێکرا بەسەر هەندێکیان. ئەمە لە ساڵی ٣٤١ روویدا. بەرگری کردن و رەتکردنەوە و بەرپەرچدانەوە فێڵی ئاگر هەڵسانەوەی چەوسانەوە بوو، وە بۆ ناو ناخی ئیمپراتۆڕ کاریگەری هەبوو، بۆیە فەرمانێکی شاهانەی دەرکرد بە جێبەجێکردنی کوشتاری گشتی و فراوان بەسەر هەموو مەسیحییەکان. رۆژی سێزدەی نیسان بە کردار ئەمە جێبەجێکرا(لە ساڵی ٣٤١ کە رێکەوتە لەگەڵ رۆژی هەینی ئازارەکان ـ جمعه الالام ـ وەرگێڕ).

وە تا رۆژی یەکشەمە دوای جەژنی گەورە(هەڵسانەوە) بەردەوام بوو راوەستانەکە نەهاتە دی تەنها بە بڕیارێکی شاهانەی نوێ لە لایەن ئیمپراتۆری فارسی. بەڵام لەبەر ئەوەی فەرمانی نوێی فەرمانە کۆنەکەی(یەکەم) بە شێوەیەکی فەرمی نەسڕییەوە. بۆیە فەرمانی یەکەم بە بەردەوامی جێبەجێدەکرا. لە هەرێمی حەدیابیش چەوسانەوە دەستی پێکرد وە لە هەمان کاتدا کە لە ناوچەی ئیمپراتۆریەتەکە.(٨٧).

وە لە تووندی دڕندەییدا وەك هەموو ناوچەی و هەرێمەکانی تر وابوو. ئەم چەوساندنەوە دڕندەیە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوپشتیوانیکردنەی لەلایەن(ئەردەشێر) دەکرا چونکە جێگری پاشا بوو لە هەرێمی حەدیاب کە لە دوای براکەی لە سەر کورسی پاشایەتی دانیشت واتە لە دوای(شاپوور) ی برای. ئەم چەوساندنەوەیە باڵی بەسەر ناوچەکە و هەموو خاکی مەملەکەتەکە داگرت تاوەکو ساڵی ٣٧٦.

لەو کەسایەتییە بەناوبانگانەی کەوا دەستی درێژی لەناوبردنیان بە شێری قەسابخانەکان وەك یەکەم تیم ئەوانەن:

خەسێ لە کۆشکی پاشایەتی نازناوی(کۆهیشتازاد)(کوشتازاد ـ شهداء المشرق ـ البيرانونا)(وەرگێڕ).لە ساڵی ٣٤١ دواتر یۆحەننا مەتڕانی ئەربیل لە تشرینی یەکەمی ساڵی ٣٤٣(٨٨).

لە دوای مەتڕان یۆحەننا پاش ئەو(ئەبراهام) لە سەرەتای ساڵ ٣٤٥(٨٩).

دواتر کەسایەتی عەلمانی(حەننیا) لە تشرینی دووەم لە هەمان ساڵ، ئینجا قەشە بەعقووب و کچێك بە ناوی(ماری) خوشکی قەشەکە لە ساڵی ٣٤٧. ئەم کچە لە خوشکانی پەیمان بوو

دواتر پێنج کچی تر لە کچانی پەیمان ناسراو بە(تەقلا) و هاوڕێکانی لە هەمانساڵ[90].
واتە ساڵی ٣٤٧[91].

## دواتر شەهیدکردنی شەماسی هەڵکەوتوو( بارحەسبشەبا ) لە ساڵی ٣٥٥.( ٩٢ ).

قەشە بیتەرس خۆی دووره پەرێز دەگرێت لە(ئیت ئالاها) و (هەپسای، Hapsai وە هەوڵ دەدات لە بێژینگیان بدات و پیس و پاکژ لێك جیا بکاتەوە کە لە سەرچاوەکاندا هاتووە چونکە بە رای ئەو هەندێك مێژوو و زانیارییەکانیان لە راستیدا شێواندووە بە تایبەتی لە سەر قەشە(یەعقووب)(شەماس ئازاد)[93].

هەندێك زەحمەتیمان تووش دەبێت لە باسەکەماندا کامەیان مێژووییە لە دەقەکانی ئەو کۆمەڵەی کە ناسراوە بۆ ماوەیەکی درێژ بە(ئەکوشما)کە ئەو هەوڵانەمان پێدەدات دەربارى ئەو شەهیدانە پێیان دراوە. لەوەدا وەڵام: لەو پرسیارە ئایا ناوی یوسف کە لە دەقەکەدا هاتووە(ئایت ئالاها) یەکی ترە[94].

وە لە کویٚ کۆتایی دێت ئەو کۆمەڵەی کەوا نازناوی(ماروتا دەمیفرقا)[95].

دواتر چیرۆکی(قەرداغ) دەردەکەوێت کە تاوەکو ئێستا و ئەمڕۆ بەناوبانگە و میللەتی خۆی هەیە[96]. کە هیچ نرخێکی وەهای نیە، قەشە بیتەرس دەقەکان باس دەکات بەو شێوەیە ئەو دەقانەی بەم جۆرە هاتوون هیچ جۆرە مەنتیقێکیان نیە لە سەرەتاوە تا کۆتایی[97].

دانایی ئەو زانایە لەوەدایە خۆی لە رەبەنەکانی پۆلەندییەکانە Bollandiste بە پشت بەستن بە رەخنەگرتنی مێژوویی بگاتە ئەنجام بە پێکهاتەی دەستنووسی سریانی لە ڤاتیکان لە ژێر ژمارەی ١٦٠[98].

کە لەلایەن کاردینال تیسران دواتر جێبەجێ کراوە. ئەم بەرێزە دۆزیویتیەوە لە ناو هەندێ کاغەزۆکە کە ژمارەیان لە نێوان هەشتا بۆ سەت و نۆیە و دەگەڕێتەوە بۆ کۆمەڵە هەڵبژاردە رەسەنەکان، وە بە دەستنووسێك بە تەواوی بە پێنووسی خۆشنووسی بەناوبانگ(ئەددت) ە وە دەستنووسەکەی ئێستاکە هەیە لە ژێر ژمارەی ١٢١٥٠ لە مۆزەخانەی بەریتانی مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ٤١١. شەهیدەکانی حدیاب کە ناویان لەو خشتە ئامارەدا هاتووە لەو بەڵگەنامە کۆنەیەدا تەنها(کۆیشتازاد) و (یەعقووب و خوشکەکەی بە ناوی(ماری) و(تەقلا) و کچە هاوڕێکانی.

پەرتووکە سریانییەکە چەوساندنەوەی تریش بەدەردەخەن بە تایبەتی لە سەردەمی رۆژانی کۆتایی دەسەڵاتی یەزدا جوردی یەکەم(٣٩٩ ـ ٤٢٠) وە ئەو قەتڵ و عامەی لە ساڵانی حوکمڕانی(بەهرامی پێنجەم رووياندا(٤٢٠ ـ ٤٣٨) وە دواتر چەوساندنەوەکانی

یـەزدەجوردی دووەم سـالّی(٤٥٥). بـەلاّم ناوەکـانی شـەهیدانی حـدیاب لـەو سـەردەمانەدا نازانین. بە بیرهێنانەوەیەکی زۆر تایبـەت کە پێویستە تۆماری بکـەین بـە مـاق یـەکێك لـە شـەهیدەکانی ئـەربیل کـە لـە کۆمەڵـەی دوایـی دا بـوو: شـەهید(مـەها نـۆش) ی فارسـی رچەڵەکە کە بە ناوی(ئیشوعسورەن) لە ئاوهەڵکێشراوە(عماد) کراوە.([99]).

نووسەری چیرۆکی ئەو شەهیدە(بەتریك ئیشۆع زخـا) ی سێیەمی حەدیابییـە(لـە سـالّی ٦٥٨ کۆچی دوایـی کـردووە). چیرۆکی ئـەم شـەهیدە لـە سـەر زانیـاری ورد و درشـت کـە لەلایـەن هاورێیەکی شەهید باس کراوە بە ناوی(ئیشەعزەخا).(یسوع المنتصر ـ عیسای سەرکەوتوو) ئـەم چـیرۆکە بـەوە ناسـراوە و گرنگـی گـەورەی هەیـە چـونکە زۆر بـە درێـژی باسـی چەوسـاندنەوەکان و رێگـەی ئـازاردان و ئەشـکەنجەدانیان لەلایـەن ئاگرپەرسـتەکانەوە کـە زیاتر ئەو کاتە باوەڕداریان توونـدتر دەبـوو بـە مەسـیحیەت، وە چیرۆکی ئـەو ئاگرپەسـتانە باس دەکات کە داوایان لە مەسیحییەکان دەکرد بۆ ئەوەی لە باوەڕداریان پاشگەز ببنـەوە بـە تایبـەتی ئەوانـەی کـە دۆسـتایەتیان لەگـەڵ پاشـا و ئەمیرەکانـدا هـەبوو کاریگـەری باشـیان لەسـەر کردبـوون. لـەو کەسـانەی کـە بـەرگریان دەکـرد بـەناوبانگترینیان بـە تەئکیـد نـاوی(یـەزدین) دێـنن. یـەزدین بـە بـەرگرێکی گشـتی دادەنرێـت لـە چەوسـێنەرەکان و نازنـاوی(ئـەمیر مـوئمنین) وەردەگـرێ و وە لـە کـەرکوك دەژیـا. خۆشەویسـتی نێوان(خەسرەوی) پاشای فارسی و (یەزدین) وەك خۆشەویستی نێوان(فیرعەون بـۆ یووسـف) ە([100]).

لـە دەقەکانـدا بـە روونـی دەردەکـەوێت ئـەو هێرشـە بەربڵاوانـەی جێبەجێـدەکران بـۆ مۆنـۆفیزی(ئـەو مەزهەبـەی بـاوەڕی بـە یـەك سروشـتی هەیـە) هـەتا ئەگـەر شـوورەی بەندیخانەی بەزاند هەموویان ئەو کەسانە لـە ژێـر ئەشکەنجەدا چاوەڕێی شـەهید بوونیـان دەکرد. دواتر دەقەکـە ئـەوە دەردەخـات کـەوا پاڵەوانەکە دێرێکـی دامەزرانـد لەگـەڵ هـەتیو خانەیەك لە چیای حدیاب کە زیـاتر لـە بیسـت هـەتیوی تیـا بـوو، ئەگەرچـی رەبەنـەکان لـە دژی ئەو کارە بوون.

مێژووی بەندکردنی(ئیشوع سەبرن) لە سالّی ٦٠٥ بـوو بـەلاّم مێـژووی شـەهید بـوونی سـالّی ٦٢١ زانیارییەکانمان لە پەرتووکی(ئیشوع دناح) ئەلبەسری وەرگرتووە.([101]).

ڕووداوەکـان لـە سـالآنی سـییەکانی حـوکمڕانی خوسـرەوی پـەروێز بـووە(٥٩٠ ـ ٦٢٨) وە لەگەڵ(ئیشوعسـەبرن) دوازدە شـەهیدی تـریش هەیـە(جومعـەی سـێیەم) لـە مـاوەی(سـوبار) ئـەو ماوەیـە کـە دەکەوێتـە پـێش لـە دایـك بـوون و ماوەکـە چـوار حەفتەیـە ـ وەرگێـڕ. دوای شەهید بوونی ئەوانە و ناشتنیان لە ئەربیل دێرێك لـە سـەر گۆڕەکـەیان دروسـت کـرا بـەلاّم

بەداخەوە شوێنەوارەکەی ئەم دێرە نەماوە. دێرەکە تەنها کەنیسەیە، ئەوەش کاولکراوە لە ساڵی ١٣١٠.

## میترا پۆلێتەکانی سەردەمی ساسانییەکان:

(میترا پۆلێت) پۆستێکی کاریگەری کەنیسەییە هاوشێوەی سەرۆکی ئەساقیفەیە - (وەرگێڕ).

بە هۆی ئەوەی لە توانامانـدا نیە پشت بە(مێژووی ئەربیل)([١٠٢]) ببەستین وەك سەرچاوەیەکی باوەڕپێکراو لەبەر ئەوەی زۆر دەقی شێوێندراوی تێدایە لەبەر ئەوە ناتواندرێت بە دڵنیاییەوە یەکەم مەترانی(ئەربیل - حدیاب) دیاری بکەین.

لەوانەیە لە ساڵی ٣١٠ وە یا ساڵی ٣١٧ بێت و کورسی مەترانیەی حدیاب کورسی میترا پۆلێت بێت ئەمە لەو کاتەدا کە لە سەر کورسی بەتریکی(جاتلیق بابا) واتە لە کاتی گرێدانی(کۆمکاری نیقییە) دا([١٠٣]).

بۆ کورسی ئەربیل وە یا حدیاب، وە یا بە واتایەکی فراوانتر ئاشوور شوێن چوارەم لە نێوان کورسییەکانی میترا پۆلیت، وە شوێنی پێنجەم کاتی ئەژمارکردنی شوێنی بۆ کورسی بەتریکی لەبەر ئەوە دەتوانین بڵێین ئەو دوو مەترانەی شەهید کران: حەننا(یۆحەننا) لە ساڵی ٣٤٣ وە ئەبراهام لە سەرەتای ساڵی ٣٤٥([١٠٤]).

هەردووکیان بە پلەو پایەی میترا پۆلیت بوون. ئەربیل پارێزگاری لە شوێنی خۆی کردووە لە کاتی بەستنی کۆمکاری ئیسحاق ساڵی ٤١٠([١٠٥]).

ئامادەبوون لەم کۆمکارە بە لیستێك ناوی یاریدەدەرەکانی مەترانەکانی تیایە. شەش ئەبرەشییەتەکان کە هەیکەلی سەرۆکایەتی ئەسقەفیەی حەدیاب ئەو زەویانە دادەپۆشی کە زیاترە لە رووبەری زەوی حدیاب بە واتای دیاریکراو.

بە کردار مەترانی ئەربیل خۆی سەرۆکی ئەساقفەی حدیاب، وە دەسەڵاتەکەی نزیکەی هەموو باکووری عێراقی ئەمڕۆ دەگرێتەوە(کوردستانی عێراق - کوردستانی باشوور - وەرگێڕ).

سێ ئەبرەشیەی یەکەم بەشدارییان کردووە لە کۆمکاری سینهادۆسی بە پێی ئەوەی لە مێژوودا هاتووە(ئەربیل) زۆر باش ناسراوە کە(بێتنوهەدار)، (بێت بەگاش)، (بێت داسن) ئەو سێ ئەبرەشیەی تر لە دواییدا لەناو چوون. رەنگە ناوەکانیان بۆ مەبەستێك شێوێندرابێت کە رەنگە سوودی نەبێت هەر شتێکی تر بکەین لەو بابەتەوە هەتا ئێستا بۆ ناسینی ناسنامەکەی، کارێکە و لێکۆڵینەوەی لە سەر نەکراوە، بۆ دوورکەوتنەوە لەو سەرسوڕمانە تکایە گوێ بگرە لەو تیۆرەی خۆم. ئەو سێ ئەبرەشیەی دوایی کە باسکردنی

ئێمەیە ئەمانەن:(رامۆنین) و(داباریـنۆس) وە یـا(راباریـن قـەلا - راباریـن حصـن) وە(بێـت مەهکارت) یەکەم واتا(رامۆنین) ناسنامەکەی بەوە ناسراوە(راسۆینن)(١٠٦).

دواتر ئێمە گونـدێك دەبینینـەوە بـە نـاوی روویمـینی) دەکەوێتـە ناوچـەی حـدیاب. ئایا لـە توانات دا هەیە ئەو ناوە لە جێی نـاوی(رامـۆنین) ی نـاوی کـۆن بـۆ ئـەو پارچـە چیایە زللـە دابنێین؟.

لـە پشـت چـیای حـددیاب ناوچـەیەك هەیـە پێـی دەڵـێن(بێـت داروون) Darun قەشـە Levencq جێگـری شـوێنەکەی بەراسـتی چەسـپاندووە و کردوویـەتی بـە(بیـداروون) Bidarun دەکەوێتە ناوچەی(شێروان)(١٠٧).

ئەم ناوچەیە بەشێك لـە سالاخ بـووە، وە لـە تەنیشـت حنیسا) بـووە ئەگـەر لـە جیاتی ئـەو ناوانەی ئێمە لێکۆڵینەوەی لە سەر دەکەین بـە نـاوی هاوشـێوە بـۆ ئـەوەی نهێنیەکـە بـزانین لە(داباریونۆس) و(راباریـن قـەلا) - (راباریـن حصن) - وەرگێڕ(١٠٨).

ئایا چارەنووسی ناوە کۆنەکە بۆ(سالاخ) چی بەسەر دێت؟(١٠٩).

با وا دابنێین هەموو ئەوانە راستن؟ ئەو کات بابـەتی(بیـت هـەکارت) وە یـا(بیهکـارت)(١١٠) هەروەك لە مێژووی ئەربیل دا هاتووە پێویستی بە چارەسەرکردن هەیـە. دواتـر رووی خـۆم دەکەمـە هـەرێمی ناسـراو بـە مەرگـە هۆکارەکـەش بـۆ ئەمـە نـەبوونی ناویئـەو هەرێمـە لـە لیستەکەدا کە پێویستە تێبینی بکرێت کە دەبووایە ناوی بە درێژی لەگەڵ ئـەو ناوچـەیە وە یـا سـەربەخۆ لـەو هەرێمانـە بهاتایـە.(واتایـەکی نەگرتۆتـەوە، وە یـا بـە بەشـێك لـە یـەکێك لەوانـە دانەمـەزراوە) ناوەکـە تـاکێکی فارسییە، بـەلام راسـتیەکەی کوردیـە - وەرگێـڕ. بۆیـە دەبێ فارسـەکان رەچـەڵەکی ئـەوەمان پـێ بڵێن. بـەکارهێنانی سـریانی بـە تـەنهایی(مرگـە - مەرگە) لە ماوەکانی دوایی روویـداوە. واتـە دوای بلاوبوونـەوەی مەسـیحیەت بـە تـەواوی لـە هەموو ناوچەکە.

دەربارەی لیستی مەترانـەکانی ئـەربیل کـە لـە دوای شـەهیدبوونی دوو مەترانەکـە حـەننا و ئەبراهام، دەتوانم بڵێم لـە تواناماندایـە لیسـتی ناوەکـان بـە وردی رێکبخـەین، کاتێـك بینـیم لیسـتی یەکـەمی ناوەکـانی مـیترِ و پولیتـەکان لـە سـەر یـەك بابـەت نیـە، هـاتووە لە(دیبێیك)(پەراوێزەکانی دەستنووسەکان کە بە زیادە خراوەتە سەر هـی دانەرەکە نیـە کـە دەستنووسەکەی نووسـیوە، لـە دواتـر ئامـاژەی پێدەکـەین بـە(الاضـافات - زیـادەکردنی بـە تەنها - وەرگێڕ) = بەم کارە هەڵسام بـۆ ئـەوەی زنجیرەیـەك ناومـان بـۆ دەربکـەوێت ئەوانـەی ئەو پایەیان هەبوو(میترِاپۆلیت) لە ئاشووردا.

لەبەر ئەوەی بارەگای کورسی ئاشوور لە سەرەتادا لە شاری(ئەربیل) بوو ئەو لیستەی لەبەردەستماندایە لیستی میترۆپۆلیتییەکانە ژمارەیان ٥١ بیترابۆلیتە.
لیستی ئاماژە پێکراو لە کۆتایی دەقەکاندا نووسراوە(دەستنووسی ـ جنە عدن) ـ بەهەشتی عەدەن) ی ناسراو هی عەودیشۆ وە یان عەبدیەشوع) ی نهێنی مێژووی ئەو دەستنووسە دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٦٧٠، ئێستا پارێزراوە لە پەرتووکخانەی گووندی کەرملێس) نزیك موسڵ. ئەم دەستنووسە بە رەچەڵەك بۆ خودی گووندەکە نووسراوە بۆ بەکارهێنان تیایدا. دوایی باسی ئەو دەسنویە دەکەین کاتێك باسی کەرملێس دەکەم پڕ لە مێژووی دوور و درێژ و خاوەن نرخ و بەهایە([١١١]).
دوای بەسەرەوە نانی دەسنوسی کەرملێس، تایبەتە بە(٥٢) میترۆپۆلیت لە سەر کورسی ئاشوور دانیشتوون، دەبینین لیستی دووەم هەیە بەناوی(٣٥) متران نەك میترۆپۆلیت بەبێ دیاریکردنی شوێنی کورسیەکانیان جگە لەوانەی لە سەرەتا بوون، بەڵام پاشماوەی ناوەکە نووسەر تەنها باسی ئەوە دەکات. کە ئەمانەن:(لە وڵاتی ئێمەن) بەڵام دواتر راستەوخۆ دەبینین وە لە سەرەتاوە ئەو بابەتە پەیوەندی بە ناوی مەترانەکانی نەینەوا هەیە، ئەمەش لێکۆڵینەوەی لە سەر دەکەین لە بابەتی تایبەت بە خۆی.([١١٢])
راستی و وردی ئەو لیستانە بە پێی زنجیرەی مێژووییدا دەتوانین لێکۆڵینەوەی لەسەر بکەین لە سەرچاوەی تر کە کۆمەڵێك ناوی تیایە ئەمە وا دەکات کەوا زیادەکانی سەر دەسنووسی کەرملێس بەڵگەیەك لە چەشنی یەکەم بێت هیچ جێگەیەکی پێ نەدراوە کە جێگەی خۆیەتی بایەخی پێ بدرێت لە مێژووی کەنیسەدا([١١٣]).
وە وەك بەرپەرچدانەوەیەك ئەمە وا دەکات متمانەکە بمێنێتەوە وە بە پەرتووکی(مشیخەزەخا) ی تێکدەر، کە پێشتر دووچاری مەبەستە دیاریکراوەکەی هەیە لە تەسککردنەوە. سەرەڕای ئەوەی بەرهەڵستی ئەو زیادەیەی کردووە لە دەسنووسەکەدا.
ئێمە پرسیاری ئەوە دەکەین دەربارەی ئەو لیستەیە ئەوەیە: مێژوویەکەی چیە؟ ئەو زنجیرە بەتریکەی کۆچیان کردووە پێش لیستی میترۆپۆلیتییەکان بەردەوام دەبێت تاوەکو پەتریك دەنحای دووەم ١٣٣٢ ـ ١٣٦٤، جگە لەمە ئەوە دەخوێنین بە دوا ئەمیر(میر) ی ئەو کاتە، وە بە دڵنیاییەوە ناوی هاتووە لە شوێنێکی تر ئەمە لە مێژووی ساڵی ١٣٦١، پێی دەگوترا(حەسەن) بەڵام ئەو زیادەیەی ئاماژەمان پێ کرد دەبینین ئەو ساڵە درەنگ هاتووە لەگەڵ ساڵی کۆچکردنی ئەم واقیعە ئەوە دەسەلمێنێ هەڵەی دەقەکەی کرملێس بە زەقی لە دوای ساڵی ١٣٦٤، واتە ماوەی دانیشتنی شەمعوونی دووەم لە سەر کورسی پەتریکی بۆیە بوار هەیە بۆ باوەڕ کردن کەوا لیستی میترۆپۆلیت و ئەساقیفەکان پێویستە لەو مێژووە

رابوەستێت. زۆر بە داخەوە دەڵێین زۆر زەحمەتە ناوی دانەری ئەو لیستانە بزانێت. وە هەروەها ناتوانین ناوی(عەودیشوعی نسیبینی) وا دانەرێك بۆ بەشی دوایی ئەو بەرگە دابنێین تەنها لەو بارەدا نەبێت کە لیستەکە زنجیرەی مێژوویانی تەواو رێکخراوە بۆ ماوەی پەنجا ساڵ دوای کۆچی دوایی کردنی لە ساڵ ١٣١٨.

لە میترۆپۆلیتەکانی سەرەتایی کە لە لیستەکە ناویان هاتووە، هیچ شتێك دەربارەیان نازانین تەنها ناوەکانیان نەبێت هەندێکیان ناویان هاتووە لە میتراپۆلیتی ئەربیل کە سالآنە لە رۆژی هەینی سێیەم بەر لە جەژنی هەڵسانەوە لەلایەن سریانەکانی رۆژهەڵاتی ئاهەنگی نوێژکردنی بۆ دەگێرن.([١١٤]).(سابوع القیامە - هەفتانەی هەڵسانەوە - وەرگێڕ).

لە خوارەوە ناوەکان تۆمار دەکەم بە پێی زنجیرەی هاتوو لە زیادەکەدا، وەك زیادەی دووەم. ژمارەکە لە ناو دوو کەوانەدا نووسراوە بۆ رونکردنەوە و جیاکردنەوەیان لە یەکتری:

-(١) سەلیمۆس(وە یا سالیمۆس) ناوی لە سرووتەکان دێت.
- (٢) ئادۆنا(لە نوێژی فەرزیدا ناوی دێت.
- (٣) یووسف.
- (٤) عەویشۆ(عەبدیەشوع).
- (٥) دانیالی یەکەم.
- (٦) برحە زبشەبا.
- (٧) دانیالی دووەم.
- (٨) شیمبیتی.
- (٩) بەتا.
- (١٠) حەبێوە.
- (١١) دانیالی سێیەم.

لەو سێیانەی کە ناوی دانیالیان وەرگرتووە یەکێکیان ناوی لەگەڵ ناوی سلیمۆت و ئادۆنا لە نوێژی یادکردنەوە دێت. وە کامیان لەو سیانە ئامادەی کۆمکاری ئیسحاق بووە لە ساڵی ٤١٠.([١١٥]).

وە کۆمکاری داد یەشوع لە ساڵی ٤٢٤، بەلآم هیچ یەك لەم دووانە ئامادەی کۆمکارەکە نەبوون واتە کۆمکاری یاوا لاهای بەستراوە لە ساڵی ٤٢٠؟ مێژووی ئەربیل هیچ شتێك بەجێناهێڵێت بەبێ باسکردن. ئەم دوا کەوتنە دەگەڕێتەوە بۆ نەخۆشی. هەروەك ئەم مێژووە بۆمان دەگێڕێتەوە کەوا دانیال مەبەستی ئەو دانیالە کە بە رەچەڵەك خەڵکی (تاحالە) و باوکی بتپەرست بووە و دایکیشی مەسیحی بووە.([١١٦]).

وە بۆ یەکێك لەم سێیانە دەگەڕێتەوە بە دوای(خەلافەتی(رەحیمە)(؟)، کە بە هیچ شێوەیەك ناوی نەهاتووە تەنها لە مێژووی(ئەربیل) نەبێت.([117]).
وە دەڵێن لەو ماوەیەی کە ئەو لە سەر کورسی دانیشت مەزهەبی نەستۆری لە هەموو هەرێمی حدیاب بلاوبۆوە. بلاوبوونەوەی ئەو مەزهەبە نوێیە بە هاسانی بلاونەبۆوە هەروەکو دەڕوانین بە هۆی ئەو کێشانەوە ناچار بوو بەتریك ئاق دەستوورێکی تایبەت بۆ هەرێمی حدیاب بخاتە بەردەست([118]).
ئەو یاسایانەی لەو دەستوورە دا هاتوون ئاماژە بە ئالۆزی کێشەکان دەکات لەو هەرێمە پەیوەندی بە جێگیر بوونی باوەڕداری و چاککردنەوەی رەوشتە. ئەو باوەڕەی کە پەتریك دانی پیا دەنێ پەیوەندی بە ئاوازەکانی هاوجووت و باوەڕداری مەزهەبی نەستوورییە. بەلام دەربارەی رەوشت لە دوو بواردا تایبەت بە(زواج الاکلیروس -) بابەتێکە ماق مەترانەکان نیە قەدەغەی بکەن دوورکەوتنەوە لە بەلایەکی گەورەتر، بەلام لایەنی دووەم پەیوەندی بە بابەتی رەبەنە بەرەلاکان، دەرۆزەکەرەکان هەیە.
مەترانەکانی حدیاب ئامادەی کۆمکاری(ئاق) بوون کە لە ساڵی ٤٨٦ گرێدراوە. بەلام ناوی میترۆپۆلیت لە ناو ناوی ئەوانەی لە سەر بڕیارەکان واژوویان کردووە نیە. هۆی نەبوونی ناوی ئەو جۆرە کەسانە و ئەو پاساوەی تایبەتەی بە دەستووری حدیاب هەیە کە(ئاق) دایناوە، دەتوانین لەلایەن دانەری(مێژووی کەنەسی) بزانین.(ابن العبری) دەڵێ: چیرۆکی ئەو قەسابخانانە دەگێڕێتەوە، کە لە لایەن(میترا پۆلیتی نەسیبین) ی نەستۆری بە ناوی(برسۆما) وە ئەنجام دراوە( میترا پۆلیتی ئەربیل لە بەرامبەردا شکستی هێنا ئەم دەستەواژەیە لە چیرۆکەکە دا نیشانەی ئەوەیە ئارامی لە ویژداندا نەبووە. بەلام پرسیارەکە ئەوەیە لەبەرچی؟ ئایا مەزهەبە نوێیەکە، کە بەلای خۆی راکێشا و جەماوەرەکەی بەدوای کەوتن هەروەکو دانەرەکانی یەعقووبی دانی پیادادەنێن، کە لە دواییدا دەبینین وە بە پێی ئەوەی نەیارەکانی تۆمەتباری دەکەن؟ وە یا باوەڕی بە مەزهەبی نەستۆری نەبوو بەس. وە لای باشتر بووە لە سەر ئەرسۆزوکسی بمێنێتەوە واتە بە کەتالۆکی بمێنێتەوە؟ ئێمە ناتوانین ئەوە بڵێین. هەرچۆنێك بێت؟ بەلام برسۆما بەردەوام بوو لە کوشت و بڕ لە ئەربیل، بە قەشەو جەماوەرە زۆر و باوەڕدارەکە. میتراپۆلیت بە خێرایی رای کرد بەرەو دێری(کوختا) کە لە سەر چیای مەقلوب دروستکراوە. ئەو ناتوانێت لە مردنی مسۆگەر رزگاری ببێت تەنها بە روو کردنی بۆ یەکێك لە ئەشکەوتەکانی چیا و پێش گەیشتنی خوێنرێژی بەدفەڕ بۆ بینای دێرەکە.

مێژووی نەستۆری بۆ(برعێتە) هەموو ئەوانەی پێشەوە دەسەلمێنێ کاتێك لە سەر کوختە دەدوێ دەڵێ:(ئەو دێرە لە پێشدا بارەگای کورسی میتراپۆلیتی حدیاب بووە.([119]).
ئەم رستە بچووکە هەموو کاتێ سەرسامم دەکات. وا پێدەچێت ئەو دانەرە دەقەکەی لە دەقێکی کۆن وەرگرتبێ بەبێ ئەوەی بزانێ ئەوە راستە یان نا.
لە وقیعدا هەرچەندە هۆکارەکانی برسۆما بۆ هێرش بردنە سەر حدیاب، بەلام حدیاب سوور بوو لە سەر مانەوەی لە سەر مەزهەب و باوەرداری خۆی وە یا رێگا بدات بە باوەرداری مۆنۆفیزییەکان بە سەری زاڵ بن لە کۆتایی سەدەی پێنجەمی زاینی، ئەو کاتە یەعقووبییەکان بلاوبوونەوەی مەزهەبەکەیان بۆ سەدەیەکی تر دوا دەکەوێ.
ئێستا پرسیار دەکەین: ئایا ناوی میترپۆلیتی هەڵاتوو لە نووسینە زیادەکاندا هەیە و ئایا ناوێکی تر هەیە شاردرابێتەوە؟ وە یا ناوەکەی لادراوە لە تۆمارگەی زیندوو و مردووانا بە ئەنقەست بە هۆی ئەوەی(هرتۆقیا) لە دین وەرگەڕاوە)؟(وەرگێڕ).
ئەمە لەوانەیە بەلام لە هەمان کاتدا ناتوانین ئەمە بزانین بە وردی بە دڵنیاییەوە.
- (١٢) ئەیۆ(ئەیوب)
- (١٣) یووسف.
وا پێدەچێ هەمان ئەو کەسە بێ کە ناوی لە لیستەکانی کۆمکاری باوای) سێیەم دا هاتووە لە ساڵی ٤٩٧ بەستراوە.([120]).
بەلام بە پلەی(مەترانی ئەربیل) وە میترا پۆلیتی حدیاب. لیستی سێیەم تەنها لیستە کە ئەم تێبینیانەی نووسیوە:
(من، سیدوورە، نووسەری داد، لە(عابوشتا) م(مەتران و میتراپۆلیتی حدیاب) م وەرگرت فەرمان بە واژوو کردن.
شابۆ وای بۆ دەچێ ئەم رستەیە زیادە بە سەر نانەوەیەکی دواترا. مێژوو رێکخستنی کارەکان بە شێوەیەك پەسند دەکات، لە سەرەتادا ناوەکە بە(عابووشتا) دێ.([121]).
کە لە سەر کورسی دانیشت لە نێوان ساڵانی ٤٥٠ - ٤٩٩) هۆکاری دواکەوتنی لە ئامادەبوونی کۆمکارەکە ئەوە گوایە پیرییە وە یا قەشەکەی بە ناوی یووسف(لێرەدا پێویستە ئەو سێ لیستە چاکبکرێنەوە) واژووی لە سەر دەکات. دواتر واژووی نووسەری داد رەتدەکاتەوە بە تایبەت بە سیدۆرە.
لە ساڵی دواتر دەبینین یووسف لە دوای(عابووشتا) دێت و لە سەر کورسی دادەنیشێ تا ساڵی ٥١١([122]).
ناوی(عابووشتا) نەنووسراوە لە زیادەنووسەی لە دەستنووسەکەی کەرەملێسدا هاتووە.

- (١٤) باوای.
- (١٥) شەموتا.
- (١٦) شەمعوون. وە یا شومعوون.
- (١٧) قەشیشە وە یا قاشا. ئەم چوارە لە سەر کورسی میتراپۆلیت دادەنیشن لە ماوەی نیوەی یەکەمی سەدەی شەشەم ناوەکانیان هاتووە لە بەشە زیادەکەی دەستنووسی کەرملیس. هیچێك دەربارەیان نازانین تەنها ناوەکانیان نەبێت.
- (١٨) حەننای یەکەم ناسراوە لە بابەتێکی تردا. ئامادەی کۆمکاری بەتریك ئەبای یەکەم بوو([١٣٣]). بەستراوە لە ساڵی ٥٤٤.(مێژوو)(ئەربیل)([١٣٤]).

دەڵێی: ئەو خۆی خستە ناو چاکسازی کێشە ناوخۆییەکانی قوتابخانەی نەسیبین، هەروەها چەند وتاربێژییەك بە ناوی ئەو ناسراوە. پێدەچێت ئەو درێژیەی دوایی ئەنجامی ئەو لێکحاڵێنەبوونەیە لە نێوان ئەو دوو کەسە کە هەمان ناویان هەیە واتە(حەننا) دکتۆری بەناوبانگ لە قوتابخانەی فولس وە حەننای حدیابی ئەو تێبینیە مەنکننا خۆی هەیەتی([١٣٥]).

- (١٩)(برسەهدێ) وا پێدەچێت هەمان ئەو کەسەیە کە پێی دەڵێن مشوحا) ناوی لە کۆمەڵەکاندا هاتووە. هیچ دەربارەی نازانرێت تەنها ئەوە نەبێت ئامادەی کۆمکاری یووسف بووە گرێدراوە لە ساڵی ٥٥٤.([١٣٦]).
- (٢٠) حەننای دووەم کاریگەری هەبووە لە سەر ژیانی رەبەن(برعێتە) ساڵی ٥٦٢.

بەشداری کۆمکاری بەتریك حزقیل، حسقیل - دا کردووە، کە لە ساڵی ٥٧٦ بەستراوە.([١٢٧]).

وە هەروەها بەشداری لە کۆمکاری(ئیشوعیاوی) یەکەم دا کردووە کە لە ساڵی ٥٨٥ بەستراوە.

سەرۆکی شەماشەکانی بە واژوو کردن هەڵدەستا لە جیاتی ئەو.

- (٢١) ئەبراهام: ئەم ناوە ئامادەیی نیە تەنها لە پاشکۆی زیادەی دەستنووسی کەرەملێس نەبێت.
- (٢٢) یۆناداب.

لە سەرەتای سەدەی حەوتەم کەسایەتیەکی زۆر بەهێز دەدۆزینەوە کە بەناوبانگترینیانە لە مێژووی ئەربیل. ئەم کەسایەتییە لە(میترا پۆلیت یۆناداب) لە حدیاب دا هەیە([١٣٨]).

ئەم سەربازە نازایە لە هەموو بەرەکاندا دەجەنگی. شەرشی لە دژی ئەو هێزانەدا کرد کە دەیانویست کەنیسەی نەستۆری پارچە پارچە بکەن لە سەرەتای دەرکەوتنی ئیسلامدا لە

لایەك: وە هەروەها شەڕی یەعقووبییەکانی کرد کە دەیانویست بێنە ناوەوە لە دووەمدا. وە بەهەڵە شەڕی Messalienne کرد لە لایەنی سێیەم.
وە چەوساندنەوەکانی خەسرەوی دووەم لەلای چوارەم(بەو بۆنەیەوە دەریدەخەین کەوا ئیشۆعسورەن خراوەتە بەندیخانەوە سالی ٦٠٥ ) وە دەبینین کەوا(یۆناداب) بەشدارە لە کۆمکاری بەتریك گریگۆریۆس یەکەم سالی ٦٠٣، هەروەها دەبینین کەوا ئەندامی ئەو لێژنەیەیە کە پێی دەوگوترێ ئەلتەرناتیف بۆ جاسلیق دوای مانەوەی ئەو کورسیە بە بۆشی لە ماوەی نێوان ٦٠٩ ، ٦٢٨ ، سەرەڕای ئەمەش ئەم سەربازە پاڵەوانە بەشداری کرد لە گفتوگۆکرد لەگەڵ یەك لە یەعقووبییەکان لە پێش ئەنجوومەنی شاخەسرەوەی سالی ٦١٢.
بەڵگە زۆرەکان ئەو دوورودرێژیەمان پێ دەدەن کە لە ژماردن نایەن دەربارەی هاتنە ناوەوەی یەعقووبییەکان بۆ هەرێمی(مەرگە) و ولاتی نەینەوا، بەلام راوەستانێکی بێدەنگ بەرامبەر بە هەرێمی حەدیاب. ئەو راستیە پالمان پێوە دەنێ کەوا هەست بکەین(یۆناداب) سەرکەوتوو بووە لە تەگەرە نانەوە لە پێشڕەوکردنی هەرتەقەی(هەلگەڕانەوەکانی) مۆنۆفیزی تا ئەو سنوورەی دەسەلاتەی ئەو بووە، لە دوای نزیکەی دە سال وە لە دوای رەتکردنەوەی بەتریك ئیشوعیاو) ئەو خستنە رووەی کەوا بۆ یەکەم جار کورسی حدیاب پێشکەش کرد، بەرهەلستی کرد لە سەر ئەمە و ئارەزووی ئەوەی کرد کەوا بەردەوام بێت لە خزمەتکردنی ئەبرەشیەی نەینەوا کە شەڕێکی دڕندانە لەگەل بتپەرستەکان و هەلگەڕاوەکان(الهراطقة) دا دەکرد.
ئەمە لە کاتێکدا کە باری هەولێر بایەخی بە کاروباری تر دەدا([129]).
گەواهییەکان دیار و راستەقینە و جیاواز و مەدحکردنی زۆر و زەوەند لە ابن العبری خۆی دا دەبینن([130]).
دەنووسی لە سالی ١٢٦٢ کەنیسەیەك بۆ یەعقووبییەکان لە هەولێر دروست کرا. وە هەروەها باس لە داکوتانی رەگ و ریشەی ئەرسۆدوکز بۆ یەکەم جار دەکات لە ئەڕبیل، وە ناوچەکانی سەر بە ئەربیل. ئەمە لە سەدەی سێزدەهەم بەلام لە واقیعدا بوونیان نیە لەو ناوچانە پێش ئەو سەدەیەی ئاماژەمان پێ کرد لەو هەلسەنگاندن و مەدحە جوانەی لە زمانی ئەو دووژمنە سەرسەختە دەتوانین بلێین وە ئەوەمان بۆ روندەبێتەوە کاریگەری و خەباتی بێ وچانی(یۆنادا) و تێکۆشانە جوامێرانەییەکانی. لە تواناماندایە ئەو هەلێنجین و پێوەری ئازایەتی ئەو پیاوە ئاینیە نازدارە ئەو کاتەی کە دەمەتەقێ دەکات بە حیکمەت و چاونەترسییەوە دەربارەی مەسەلەی دێری(مارمەتی) وە بە ئامادەبوونی بکوژەکانی

دکتۆری گەورە گەبریلی شەنگالی. دەبینین لە سەر ئەو دەمەتەقێیە شای فارسی خەسرەوی ئەو پالەوانە لاملە هەلدەسەنگێنین لە سەر لاهوت دا لە سالی ٦١٢([٣١]).
ئەمە لە لایەك بەجێدێلین بۆ دیاریکردنی دۆستەکانی حەدیاب دەبینین کە قسە بۆ بەرژەوەندی ئەو دەکەن کاتێك کە کێشە روودەدات لەگەل ئەوانەی بانگەشەی مونوفیزی تورەهات دەکەن.
- (٢٣) پولس.
لە واقیعدا دەردەکەوێ یونادا پێش شاخەسرەوی کۆچی دوایی کردووە، لەبەر ئەوەی لاپەرەکانی مێژوو دەخوێنێتەوە(مێژووی ئەربیل - وەرگێر). ئەوە لە سالی ٦٣٠ میتراپۆلیتی ئەربیل ناوی پولس بووە. هاورێیاتی بەتریك ئیشۆعیاوی دووەم جدالی کردووە وەك سەفیری نێردراو بۆ لای ئیمپراتۆری رۆمانی(هیرقیلیۆس) لە لایەن شاژن(پوران) ژنی(شێرۆیی)([٣٢]).
- (٢٤) مەکیخا.
ماوەی مێژووی دەسەلاتی ئەو میترۆپۆلیتە وە بە شێوەیەکی کۆتایی لە نێوان سالی ٦٣٠-٦٣٧ بووە لەبەر ئەوەی پێش خۆی پولس بووە ناوی هاتووە لە سالی ٦٣٠ وە لە دوای ئەو(ئیشوعیاوی حدیابی) هاتووە، ئەینەوای بەجێهێشت کە(مارعەمیا) لە جیاتی ئەو، ئەمە لە پێش سەرکەوتنی عەرەب و زالبوونی بە سەر موسلدا بووە لە سالی ٦٣٧([٣٣]).
باس دەکرێت کەوا مەکیخا هەردەم لە خەمۆکی دا بووە لەبەر ئەوەی دوو ئەسقەفیەی بە ناهەق و ناشەرعی دامەزراند ئەوانیش:(ئەشیم ئیشۆع) و(نرسای) ئەمانیش هەلسان بە رەسامەتی ئەسقەف بۆ(ئازربێجان)([٣٤]).
لەوانەیە مەکیخا بەم کارە هەلسابێ لەبەر ئەوە ناوی لە پاشکۆزیادەکە نەهاتووە.

## کەنیسەکانی ئەربیل:

نازانم کام کەنیسە لە کەنیسەکانی ئەربیل کۆنترە، کەنیسەی ناسك و خوا پەرست شەهید(ئیشوعسورەن) و دوازدە هاوراکانی مێژووەکەی دەگەرێتەوە بۆ سەدەی حەوتەمی زاینی([١٣٥]).
دەکەوێتە دەشتێکی کراوە، وە بە رەچەلەك بەشێك بووە لە دێرێك. دوای بزربوونی بینایەی دێرەکە، کەنیسەکە بە تەنیا مایەوە. وە ئەمە زۆربەی جاران بەم شێوەیە ئەوەی لە ئارادایە کە ئاماژە بۆ سالی (١٦٠٠).([١٣٦]).

بە(کەنیسەی شەهیدەکان) ئەمە ئەو کەنیسەیەیە، واتە پاش دارمان و کاولکردنی لە ساڵی ١٣١٠ بۆ جارێکی تر دروستکرایەوە وە بەو هۆیەوە بەتریك(دنحا) دووەم روفاتی شەهیدەکانی گواستەوە بۆ کرملێس.
لەوانەشە کەنیسەی قەدیس ئیسحاق کۆنترین کەنیسە بێت لە ئەربیل بە پێی ئەوەی لە مێژووی ئەربیل دا هاتووە لەبەر ئەوەی لەلایەن مەتران ئیسحاق دروسکراوە. ئەمە لە ساڵی ١٣٥ و ١٤٨. ئەم کەنیسەیە تا نووسینی مێژووی ئەربیل لەلایەن نووسەرەکەیەوە مابوو.([١٣٧]).

سەرەرای ئەمەش هیچ زانیارییەك لە سەر رووداوەکانی وێرانکردنی ساڵی ١٣١٠ نازانین، بەلأم تا ساڵی ١٦٠٠ هەر مابوو جگە لەو دوو کەنیسەیەی ئاماژەمان پێی دا لە پێشەوە (کەنیسەی نوح) نوحیش دەخەینە لیستی کەنیسەکانی ئەربیل کە دوا کۆچی دوایی مەتران، کە ئەو ناوەی هەبوو(واتە بە ناوی نوح)(وەرگێر). ئەمە لە ساڵی ١٧٩؟. ئەو بەڵگەیەی لەبەردەستماندایە باس لەو کەنیسە دەکات کە(مێژووی ئەربیل) ە. بە پێی دانەری مێژووی ئەربیل. جێگەی کەنیسەکە و پاشماوەکانی دیار بوون و خەڵك زیارەتیان دەکرد لەو سەردەمانە(مێژووی ئەربیل) تۆمار دەکرا.([١٣٨]).
دەقێکی وەرگێر هەیە لە The Book Of The Cave Of Treasures ([١٣٩]).
پەرتووکێکە ناونیشانەکەی(کهف او مغاره الکنوز- واتە ئەشکەوتی خەزنەکان) ئاگادارمان دەکات: کەوا حننیا) قوتابی یۆحەننا لە دیمەشق و ئەربیل دەیخوێند، وە P?1 فەرماندەی ئیمپراتۆر Aretas(Aristus) بە مردن حوکمی بەسەردا سەپاند وە لە کەنیسەی ئەربیل نێژراوە بە پێی ئەوەی بە دەستمان دەکەوێت لە خشتەی ناوەرۆکی پەرتووکی Budge دوو دڵ نیە لە تێکچوون و وەك یەکی ناسنامە Arbil لەگەڵ Arbeli بە هەمان ناسنامە. ئەم واقیعە ئەوە دەگەیەنێ کەوا لە سەدەی شەشەمی زایینی ماوەی تۆمارکردنی دەقەکان بووە(ئەشکەوتی کەنزەکان - ئەشکەوتی خەزنەکان)،(وەرگێر)، کەنیسەیەك بە ناوی قەدیس حننیا ئەگەر ئەمە راست بێ رایەکی تر هەیە کەوا شەهیدێکی عەلمانیێ هەیە لە ساڵی ٣٤٥ ناوی ئەو کەنیسەی پێدراوە. ئەم رایە باشترە لەو بیردۆزەی کە بە گریمانە دادەنێت قوتابیەکی قەدیسی نەزانراو هەیە بە ناوی یۆحەننا. لەمبارەیەوە پێویستە تێکەڵ بە یەکی نەکەین لە نێوان ئەو کەنیسەیە و کەنیسەی مەعانیۆ کە دەربارەی دەڵێ مێژووی یەبالاها لە ساڵی ١٣١٠ خاپوور کرا([١٤٠]). خاوەنی راستەقینەی ئەو ناوە ئەو کچە قەدیسەیە مەعانیۆ لەگەڵ (تۆباوی شەهید خوشکی ساما)

بە پێی سرودێکی تایبەت بە ژنە قەدیسەکە کە زۆربەی جار گوێمان لێ دەبێ خەڵکەکە باوەڕدارەکان دیلێنەوە لە سرووتی سریانی رۆژهەلاتی.([41]). لە زۆربەی دەقەکانی ئەم سرووده ناوی ئەو دوو قەدیسە دەخرێتە ناویەوە(جەستەکانیان نێژراوە لە تەك یەکتر لە شوێنێکی پیرۆز لە حزیاو) دیاریکردنی جێگەی ئەو شوێنەیە زۆر زەحمەتە هەروەها ئێمە ناتوانین پشتگیری پێشنیارەکەی شابۆ بکەین کەوا ئەو کچە شەهیدە(مەعانیۆ) (راحابی) بەناوبانگ بێت، لەبەر ئەوەی ناوی راحاب لە پێشەکی(عۆنیتا)(بەشێکە لەو سرووده‌ی وەرگیراوە لە نوێژی فەرزی تایبەت بە جەژنی وە یا یادگاری دووبارە دەکرێتەوە لە کاتی قەداسی ئاهەنگی بەو جەژنەوە یا ئەو یادە ـ وەرگێڕ.

وە ناتوانین هیچ شتێکمان دەست بکەوێت لە سەر شوێنی ئەو دوو کچە قەدیسەیە لە دەقی سرووده‌کاندا، هەندێ جار وا هەست دەکەیت کەوا لە قەدیسەکانی سەردەمی کۆنن وە هەندێ جار لە قەدیساتی سەردەمی نوێدا. رەنگە یەکێك لەو کەنیسانە ناویان هاتووە یەکێك لەو کەنیسانە بێت([42]).

کە مێژووی ئەربیل ئاماژەی پێ دەکات بە بێ ئەوەی ناوی لێ بنێت. ئەوەی باسی دەکەن مەتران(عابووشتە) یە؟ بە نوێکردنەوەی هەستاوە رازاندوویەتییەوە بە هەموو جوانیەك لە رازاندوویەتیەوە بە شێوەیەك هەرچی دەیدیت سەری لێ دەسوڕما و سوپاسگوزاری خوای دەکرد. ناتوانین هیچ بزانین دەربارەی ئەو کەنیسەیە ئایا ئەو کەنیسەیە لەو سەردەمە مابوو لە رۆژانی مێژوونووسی(نووسەری مێژووی ئەربیل)(وەرگێڕ).

## قوتابخانەی ئەربیل:

سەمعانی لەو لێکۆڵینەوە نووسیویەتی دەربارەی قوتابخانەکانی سریان و کلدان و فورسی کۆن و نوێ برگەیەکی تایبەت بە قوتابخانەکانی حدیاب لەگەڵ پاشکۆیەك بە قوتابخانەکانی(مەرگە ـ مەرگا)([43]).

پارێزگاری لە مێژووی حدیاب و واتاکەی. تەنها سێ قوتابخانە ناوی هاتووە: قوتابخانەی ئەربیل و قوتابخانەی(قوبلانە وە قوتابخانەی کەفەر عوزێل ـ کفر عوزێل). دوو قوتابخانەکەی دوایی ئەو کاتە باسیان دەکەین کە دێینە سەر باسی شوێنەکانیان. دەربارەی قوتابخانەی ئەربیل وە یا قوتابخانەی حدیاب دەڵێین سەرەتایەکەی هیچی لێ نازانین تەنها ئەوە نەبێت لە دەقەکانی مێژووی ئەربیل دا هاتووە.([44]).

لەوانەیە لە سەر دەستی دکتۆر پۆڵس مامۆستای کۆن لە قوتابخانەی نسێبین کە ئەو کاتە بەڕێوەبەرێتی قوتابخانەی نسێبین دراوە بە(ئەبراهام) ٦٠٩ ـ ٦٦٩ لە(بێت رەبان) ی

مەتران(حەننا) مەترانی حدیاب نازناوەکەی(دکتۆر نوێیە بە نسبەت ئەو چەرخە مێژوویەی کە پشتی پێ دەبەستین لەبەر ئەوەی دانەری بەرێز مەبەستی مەلپانە ـ الاستاذ، مامۆستا)(بە پێی بەکارهێنانی نوێی ـ وەرگێر) پۆڵس ٣٠ ساڵ لە ئەربیل بووە واتە تا ئەو کاتەی(مارئەبا)(٥٤٠ ـ ٥٢٢) ناچاری کردووە ببێتە مەترانی نسێبین. بە پێی ئەوەی لە مێژووی ئەربیل دا هاتووە، قوتابخانەیەك بۆ کوران دامەزرا بۆ ئەوەی باوەڕداری لە دڵیاندا بچەسپێ بە گیانەوە وە هەروەها بۆ ئەوەی پارێزگاری لە خۆیان بکەن لە هێرشەکانی هەڵگەڕاوەکان هەرتەقەکان و جادوگەرەکان.(٤٥)[45].

دکتۆرێکی تریش هەیە کاری لە قوتابخانەی ئەربیل دا کردووە بە پێی پۆڵس دامەزرێنەری قوتابخانەکە لە دوای ئەویشدا هاتووە زانیارییەکانمان لە ناوڕۆکەکەوە وەرگرتووە ـ لیستێك: عەبدیشوعی نسێبین (ژمارە ٧٧). لە هەمان کاتیشدا قوتابیەکی بەتریك بووە(مارئەبا) وە ناوەکە(سیرج)، Serge بووە(سەرکیس ـ وەرگێر).

سەمعانی ئەم مێژووە دەگەڕێنێتەوە بۆ ساڵی ٥٠٠ بەڵام لە تواناداییە ئەو مێژووە بۆ نیوەی سەدەی شەشەم دوابخەین. چەند قوتابیەکی زیرەك و هەڵکەوتوو سەرکەوتوو هەبوو لە قوتابخانەی حدیاب و ناوەکانیان لە پەرتووکی(العفە) ئەمانەن: مارسۆریشو، دامەزرێنەری دێری(عاوا شەپیرا) لە دوا ڕۆژەوە(مار داد ئیشۆ) قوتابی ئەبراهامی گەورە.(٤٦)[46].

گریگۆر، نووسەر و میتراپۆلیتی نسیبین لە دواییدا(کراوە بە مەتران لە نێوان ساڵانی ٥٩٦ ـ ٦٠٤) لە ماوەیەکدا کورسی مامۆستایەتی وەرگێران بووە لە ئەربیل(٤٧)[47].

هەروەها دانیال نازناوی دکتۆری هەبووە مامۆستا لە ئەربیل لە کۆتایی سەردەمی ساسانییەکاندا، دواتر هیچ هەواڵێکی قوتابخانەی ئەربیل نازانین.

## میترا پۆلیتەکانی کۆتایی سەدەی حەوتەم:

ئەو ماوەیە بە ماوەیەکی گرنگ دادەنرێت لە ماوەی قۆناغی گواستنەوەدا، ئەگەرچی ماوەیەکی دیار نیە کە تێپەڕیوە لە ڕێچکەی مێژووی شاری ئەربیل، لە ماوەی ساڵانی کۆتایی سەدەی حەوتەمی زاینیدا(ئەربیل) سێ مەترانی هەبووە کە لە مەترانەکانی پۆلی یەکەمدا دێن چونکە هەر سێکیان لە سەر کورسی بەتریکی دانیشتن(واتە بوون بە بەتریك ـ وەرگێر) ئەمانیش:

ـ (٢٤) (ئیشۆعیاو) لە(قوبلانە).

لە دایك بووی قوبلانەیە، گوندێکی حدیابە کە لەوێوە نازناوی حدیابی وەرگرتووە وە هەروەها لە (حزە) بەناوبانگی لەوەوە وەرگرتووە چونکە ناودارترین کەس بووە لە

مەیدانی ئـەدەبی سـریانی. خێزانەکـەی لـە چـینێکی دەوڵەمەنـد بـووە پـەروەردەیی و فێربـوونی نسێبینی بـووە وە دەگەڕێتـەوە بـۆ(بیـت عـاوی) هـەموو ئەوانـە وایـان کـردووە شوێنێکی دیار و پایەبـەرز وەربگرێـت لـە سـەرەتای بـاوەڕداری ڕێچکەی ئاینیـدا لەو کاتـەی قەشـەیەکی سادەی نەینـەوا بـووە دەبیـنین شـوێنی وەرگرتـووە وە ئەنـدام بـووە لـە تیمـی بـاڵوێزە نێردراوەکـان بـۆ شـای ڕۆمـانی کـە لـە پێشـتر ئامادەمـان پێـی داوە لـە ناونـانی ئەسقەفیەکان خۆی تێدەکرد.([148]).

پەیوەنـدی باشـی هـەبووە لەگـەڵ خـاوەن بڕیارەکانـدا جـا چ لـە ئەکلیرۆسـەکان وە یـا عەلمانیەکانـدا بووبێـت لـە نـاو تایەفەکەیـدا. بـە تەئکیـد هاوولاتیـانی ئـەربیلی لـە بـیر نـەکردووە بۆیـە دەبیـنین دەنووسـێت بـۆ دانیـال دکتـۆر لـە قوتابخانـەی ئـەربیل پێـی دا هەڵدەگوت چونکە بایەخی دەدا بە بەندکرووەکان([149]).

لە لێکۆڵینەوەی ورد لە ژیانی ئـەو پیاوە ئاینیـە گـەورە و لاوە، وەك دەردەکـەوێت سـەرەڕای گـەرمی گـوڕی بـۆ ئەرسۆدۆکسـی نەسـتۆری، لـە قـووڵایی دڵیـەوە غیرەتێکـی دژایـەتیکردنی هەبوو لە دژی یەعقووبییەکان وە بایەخی زۆری بە چاکسازی ڕەبەنـەکان دەدا. وە هـەروەها هەوڵی چـاککردنی پەیوەندییـەکانی دەدا بـە گشـتی ئایـا ئەمـە تـەنها تەماعیـە و بـەس؟ لـە خوێندنـەوەمان بـۆ نامـەکانی هەسـت بـە بـەرگری دەکـەین لەمـەدا و هەسـت بـە لاوازی دەکەین، وە هەلاتن لە شکۆی بێ مانا([150]).

بـە هـەر حـاڵ، ئـەو هەسـت دەکـات وە بـە دڵنیاییـەکی جێگیر، ئـەو لـە دایـك بـووە بـۆ دوا ڕۆژێکی جیاواز و دیار ڕۆژێك لە ڕۆژان جێبـەجێ دەبێـت. دوای بەرپەرچدانەوەی داواکاری سـەرۆکی شەماسـەکان(یۆحـەننا مـیری بـاوەڕدارانی ئـەربیل(تـانی) لـە سـەرەتادا. دواتر(ئیشۆعیاو) مەترانی نەینـەوا ڕەزامەنـدی دەربڕیـە بـە وەرگـرتنی پایـە و دانیشـتن لـە سەر کورسی، دواتر بـوو بـە میتراپـۆلیتی ئـەربیل. دواتـر دێینـە سـەر ژیـانی(ئیشـۆعیاو) بـە زنجـیرە بـاس لـەو زەحمەتیانـە دەکـات دووچـاری بـووە، بـە تایبـەتی ئـەو ئازنـاوەی وەك مـەترانی نەینـەوا کـە پێـی بەشـدار بـوو وەك ئەنـدامی ئـەو شاندەی بـەتریك سـەرۆکایەتی دەکرد بۆ لای شای ڕۆمانی کە لـە لایـەن شـای فارسـی نێردرابـوو لـە سـاڵی ٦٣٠ . ئەمـە ئـەوە دەگەیەنێت سەرەتای سـەرکەوتن و دەرکـەوتنی بـەتریك(ئیشـۆعیاو) ی جدالییەکـە لـە دوای بەتریك(مارا) هات بە بۆنەی کۆچی دوایی(مارا) وە([151]).

لەبـەر ئـەوەی ئێمـە(مارعـەمما) ـ Maremmeh خـەڵکی ئەرزۆنـەو مـەترانی نەینەوایـە کاتی داگیرکردنەکانی عەرەب واتە لە ساڵی ٦٣٧.([152]).

ئـەوەمان بـۆ دەردەکـەوێت کـەوا(ئیشـۆعیاو) پـێش سـاڵێك نەینـەوای جێهێشـتووە و روی کردۆتە ئەربیل ئەو فەرمانەی بۆ ئەساقیفەی نەینـەوا دەرچووە لەوبارەیـەوە نووسـراوە لـە پاشکۆی دەستنووسی کەرملێس کە ئەم رایە دەسەلمێنێت.
بەلام لێرەدا رووبەرووی ئەو کارانە دەبینـەوە کـە ئـالۆزن و تێگەیشـتنی دەوێـت، ئـەوە ئـەو نامەیەیـە کـە خـۆی ئاراسـتەی کردبـوو واتـە(ئیشـۆعیا) کـە دەڵـێ:(بـە بەرەکـەتی خـودا کەنیسەی نەینەواییەکان بەکاردێنین)([153]).
نامەکە ئەوەشی تیایە کـە ئامـاژە بـە عـەرەب و موسـڵمانەکان دەدات بـە ئاشـکرا. زاراوەکـانی نامەکـە ئـەوەی تیایـە کـەوا موسـڵمانەکان دەسـەلاتیان بـە دەسـتەوەیە و فـەرمانی چـاك و خراپیان بەدەستەوە لەبـەر ئـەوەی خۆیـان فـەرمان دەردەکـەن. لەبـەر ئـەوەی لـە توانامانـدا نیە کە بڵێن تەنها سوپا تێپەڕبووە بەڵکو داگیری کردووە.
ئـەوەی پەیوەنـدی بـە ئازناوەکـان هەیـە لـە نامـەکانی تـردا هەیـە.([154]). ئەمـە هـیچ جـۆرە پەیوەندیەك لە نێوان ناوەڕۆکی ئەو نامانـە و دیفـاکتۆی رووداوە مێژووییـەکان نـابینین کـە خۆی سەپاندووە، کەمترین خەمڵاندن گومـان دەخاتـە راسـتی ئـەو ئازناوانـە، وە ئەمـە هـیچ ئەستەم نیە وە یا دەقێکی تێکدەرانە خزاوەتە ناو کۆتایی نامەکە. ئاماژەیـەکی تـریش هەیـە ئـەوە بـەهێز دەکـات کـەوا(ئیشۆعیاب) گەیشـتبێتە ئـەربیل پـێش رووخـانی ئیمپڕاتۆریـەتی ساسـانی، ئەمـە ئـەم نامەیـە نووسـیویەتی کـە ئـەو کـات میترۆپۆلیـت بـووە و پرسـە نامـەی چەوساوەکانی کردووە.([155]).
بـارودۆخی سـەردەمی ساسـانی باشـتر بـووە لـە سـەرەتاکانی ئیمپراتۆریـەتی عـەرەبی. بزانـە چۆن بووە هەڵسوکەوتی مەسـیحیەکانی ئـەربیل و سـەرۆکەکەیان ئیشـۆعیاو کـاتی گەیشـتنی موسڵمانە داگیرکەرەکان؟([156]).
وە ئایـا دەرگاکانیـان بـۆ والاکرایـەوە بـەبێ شـەڕ کـردن، هـەروەك چۆن موسـڵی و تکریتییـە مەسـیحیەکان کردیـان؟ بەهـەرحاڵ بێـت مـافی خۆیـان بـووە وا بکـەن. ئـەو کاتـە ئەرکی(ئیشۆعیاو) بوو کە زیرەکی خۆی دەربخات، کە پێی ناسرابوو ئەو زۆر بـە سـڵکردنەوە جۆشـەوە بێتوانـا و کـەمتر لـەوەی کـاری کـردووە بۆتـە هـۆی ئـەوەی دڵـی(مارعـەمما) ی نەینەوای پیرەمێرد پڕ بکات لە خەفەت. رەنگە عەرەبەکان لـە هەڵبـژاردنی بـەتریك ئـەویان لا پەسند نەبووبێت ئەوە هۆکار بێت بۆ ئەم رایە. بەهەرحاڵ دەڵێین:
(ئیشـۆعیاو) پیـاوێکی دووربـین بـووە وای کـردووە ببێتـە کەسایەتییەکی ئارەزوومەندانـە و ئـەو رۆڵـەی پـێ بـدرێ. لێـرە بـە دواوە دۆسـتی دەبێـت لـە نێـوان پیـاوە گـەورەکان و، دەسـەلاتدارە نوێیـەکان، وە دەتـوانێ بـەکاریان بهـێنێ بـۆ بەرژەوەنـدی گشـتی وە لەمـەش

رووانندنی کاروباری تایبەت بە کەنیسەی موسڵ. بەشداری کرد لە وەفدی نێردراوی شاژن پووران. لەو کاتەوە پەردەی لەسەر هەڵماڵدرا و بێباك بوو بەم شێوەیە ئەو میترا پۆلیتە بەتوانایە و زیرەکە توانی ئیشوکارەکان لێپرسراوەتی گەورە بەڕێوە ببات. دوای ئەوەی(ئیشۆعیا) و نازناوی میترا پۆلیتی ئەربیل و حەززای وەرگرت، ئایا لە هەمان کاتدا نازناوی موسڵی وەرگرت؟

ئەو نووسەر و دانەرانەی دواتر هاتن ئەو رووداوانەی پێشتریان لەبیرچووە بۆیە ئەو نازناوەیان داوەتێ.

ئەوەی لێرە بەرچاو دەکەوێت لەو بابەتە جیاوازی لە مێژوودایە لە بەکارهێنانی نازناوێك، کە پێویست بوو راستیەکان بەدیارنەکەوتبایە تەنها لە دواتر نەبێت. لە واقیعدا شاری موسڵ نوێ دامەزراو، ناوەکەیان لە داگیر کەرە عەرەبەکان وەرگرتووە. وە لە نزیکیش ناوی حدیابی کۆنیش دەگەڕێنێتەوە بۆ شوێنی ئەو دەسەڵاتەی جاران لە سەردەمی ئیمپراتۆری باکوور هەیبووە ئەو کاتەی پایتەختی سێیەمی ئاشوورییەکان بووە.([١٥٧]).

ئەگەر پرسیار بکەین ئەو ماوەیە کە(ئیشۆعیاو) لە سەر کورسی میترا پۆلیتی ئەربیل مایەوە؟

وەڵامەکە بە دڵنیاییەوە لە دوو ساڵ زیاتر بووە Leqvien باسی کردووە کە بەلای کەم دە ساڵ بووە لەبەر ئەوەی بۆتە بەتریك لە ساڵی ٦٤٧ وە یا ٦٥٠. چالاکی و کردەوەکانی لە ئەربیل بووە بە تایبەتی لە دەمەتەقێی نووسینەکانی لەگەڵ(سەهدۆنا)([١٥٨]).

خەباتکردن لە دژی یەعقووبییەکان، کردەوەکانی ئەدەبی و قانوونی و سرووتییەکان زۆر ناسراون وە پێویستی بە درێژەی زیاتر نیە. کاتێك باسی(قوبلانە) ی گوندەکە دەکەین کە لێی لە دایك بووە، دەبینین رۆڵی گەورەی گێڕاوە لە دامەزراندنی قوتابخانە لەو ناوچەیە.

- (٢٥) جۆرج لە کفرا، کەفرا.

قوتابی و دۆستی ئیشۆعیاو بوو، وە لە دوای ئەویش هاتۆتە شوێنی بەبەراورد کردن لەگەڵ پێش خۆی و مامۆستاکەی دەبینین(تارمایی جۆرج) دیارە. ئەو لە خێزانێکی دەوڵەمەند و دیارە هەروەکو(ئیشۆعیاو) لە رەبەنەکانی(بێتعاوێ) یە، دێرەکەی بەجێهێشت بۆ ئەوەی بگاتە برادەرە نوێیەکەی لە نەینەوا، وە دواتر لە ئەربیل لەوێ مایەوە وەك میترا پۆلیت. جێگەی سەرسوڕمانە لەبەر ئەوەی هیچ نامەیەکمان نەدۆزیوەتەوە ئاراستەی کرابێت لە بەتریك بۆ برادەرەکەی. هۆکارەکەشی ئەوەیە جاسلیقی پیرەمێرد سەرقاڵی رۆڵەکانی بووە لە جالیەی مەسیحی وڵاتی فارس و قەتەر لەبەر ئەوەی هەروگیفی جیابوونەوەیان دەکرد لەلایەك، وە لەبەر ئەوەی جۆرج ەوانەی کە لەوێی دانابوون هەڵسوکەوتیان لەبار نەبوو لە

لایەکی تردا. لە جیاتی ئەمە هەوڵەکانی حدیابی بۆ ناچارکردنی رەبەنەکان بە کردنەوەی قوتابخانە سەرقاڵی کردن بە کاری لاوەکی وە یا بە نووسینەوەی ژیانی قەشەکان. لە راستیدا جێی خۆیەتی بە(پیاو چاك و ساوا) باس بکرێت. ئەو پێناسەیە مارتۆمای مەرگە باسی کردووە. لە گفتوگۆی دامەزراندنی لەلایەن بەتریکەوە لە دوای خۆی هیچ نازناوێکی وەرنەگرت بەڵکو ئەوەندەی بەس بوو کە لە ژێر دەستی بەتریکی پێش خۆی پەروەردە کراوە.

سادەیی بەتریك جۆرج هۆکاری یەکەمە بۆ چارەسەرکردنی گرفت و کێشەکان کە روبەڕوی دەبوونەوە.([159]).

سەرۆکایەتی کەنیسەی ئەربیلی کرد لە ساڵی ٦٤٧ - ٦٥٠ - ٦٦١. دواتر لە پاشکۆکەی دەستنووسی کەرملێس ژمارەیەك لە میترإپۆلیت ناویان هاتووە کە هیچ زانیارییەکیان لە سەر نیە لەوانە:

- (٢٦) سەرکیس لە تەمەنی بیست ساڵی چۆتە دێری(رەبەن برعێتا).

وە ئەمە هەمان ساڵە کە برعێتە کۆچی دوایی کردووە(٦١١ - ٦١٢). سەرکیس بۆتە میترإپۆلیتی حدیاب لە ساڵی ٦٦١، وە دەستکەوتی بۆ دێرەکە پەیدا کردووە لە زەوی و باخچە و ئاش.(بڕوانە مێژووی برعێتە جزمی دووەم بەشی یەکەم(٢٥٦ ، ٢٥٧).

- (٢٧) یۆنان.
- (٢٨) ئەستەبانۆس(ئستیفان).
- (٢٩) شەمویل(سامۆئیل).

لە شوێنێکی تریش ناوی سلێوە زەخا دەبینین، هەندێ جار باس دەکرێت کەوا میترۆپۆلیت بووە لە ئەربیل پێش ئەوەی ببێتە بەتریك لە ساڵی ٧١٤. ئەم بەتریکە لە تیرهان لە دایك بووە.([160]). سەر بە(بێت گەرمای - بێت گەرمیان - وەرگێڕ) بووە. بەتریك حەننان ئیشۆعی یەکەم کردوویەتی بە مەترانی ئەنبار ئەمە لە ساڵی ٦٨٥/ ٦٨٦ وە یا ساڵی ٦٩١، دواتر لابردراوە لەگەڵ جاسلیق لە سەر دەستی یۆحەننا لە داسن. دووچاری رووداوی سەیروسەمەرەی زۆر هاتووە پێش ئەوەی ناوبنرێ بە پێی(ماری)([161]).

میترإپۆلیت بۆ(حەززا) و (موسڵ) وە یا بە پێی نووسینەکانی(عەمرو) مامۆستایەکی سادە بووە. دوای گەڕانەوەی(حەنان یوشوع) بۆ پلەی خۆی و دانیشتنی لە سەر کورسی پەتریکی گشتی ساڵی ٦٩٣، گریمان کەوا(سلێوە زەخا) گەڕایەوە ئەربیل، لێرە گومانمان لەوە دەبێت کەوا خەڵکی لەگەڵ بێت، لەبەر ئەوەی ئەو ماوەیە دوورخرایەوە هیچ ئارەزوومەندانەیەکی میللی نەبووە بۆ ئەوەی یاریدەدەر دەرچێت ببێتە میترإپۆلیت کە لە

سەر کورسی نسێبین دادەنیشێت. سەرەڕای ئەوەی بابەتی رەبەنە سەرەتاییەکان لە دێری(بێت عاوی) ئەو کاتەی خۆیان پڕ چەك کرد بە دار و بەرچیخ و بەرد و هێرشیان کردە سەری ئەو کاتە بەتریك بووە لە هەوڵی بەتاڵانبردنی دەستنووسێکی ئینجیلی بەنرخ بوو لە کەلوپەل و شتەکانی دێرەکە دابوون. تۆماای مەرگەیی بەرپەرچی ئەو لێپرسراوەتیە دەدات بۆ کوشتنی(قسەکردن لەسەر خەڵکانی تر بە خراپەکاری) ئەنجامی باسکردنی ئەو پەتریکە(بە رەزیل و.. ) ئەوەی کە مێژوو لە سەری نووسیوە(مێژووی کەنیسە) و دەڵێ.([٦٢]).

ئەم واقیعە پاڵمان پێوە دەنێت بەسەر سوڕمان پرسیار کردن لە سەر چۆنیەتی توانای ئەو کەسایەتییەی ئەو پەتریکە کەوا هەڵدەبژێردرێ بۆ پایەی پەتریکی.([٦٣]).

میتراپۆلیتییەکانی سەدەی هەشتەمی زاینی:

- (٣٠) شەمعوون.

با وا دابنێین کەوا موسڵ و هەولێر یەکیان نەگرتووەلەگەڵ یەکتریدا هەر وەك هەندێك لە دەقەکان دەڵێن کە لە نووسینەکانی عومەر دەیانخوێنێتەوە ئەو کاتە لە تواناداییە دابنێین و بە دڵنیاییەوە، کەوا کەسێك هەبووبێ پێی دەڵێن شەمعوون مەترانی موسڵ بووە، وە رۆڵێکی بەرچاوی گەورەی گێڕاوە لە مێژووی(سلێومزەخا) چونکە لە هەمان سەردەم بوون لەو کاتەدا، وە بە پێی دەقەکانی هەیە پێویستە ناو شەمعوونێکی تریش هەبێت کە لە سەر کورسی حەدیاب بووە وە لە هەمان کاتدا ئەگەر ئەو ئەگەرەی سەرەوە راست نەبێت واتە دوو کەس بە هەمان ناوی شەمعوون نەبن ئەو کاتە دەتوانین ئەو ئەگەرەی کەوا(سلێومزەخا) بۆتە بەتریك لە ساڵی ٧١٤ بەڵێنی بە خەڵکی مەسیحی ئەربیل داوە کەوا شەمعوون مەترانی موسڵ بۆیان بگوازێتەوە(واتە لە موسڵ بۆ ئەربیل لەبەر ئەوەی سوپاسی کۆششەکانی(شەمعوون مەترانی موسڵ دەکات وە یارمەتی داوە لە گەڕانەوەی حەننا نشێوع) هیچ زانیارییەکمان لە سەر کار و کردەوەکانی ئەو مەترانەی ئەربیل نیە.([٦٤]).

- (٣١) یۆحەننان

دوای مردنی شەمعوون و هەموو مەترانەکان و حکوومەت و باوەڕدارانی حدیاب(حەننان) یان هەڵبژارد، کە دەکاتە کوڕە خوشك و کوڕە برای نووسەر(حەننان ئیشوع) ئەو نووسەر قوتابی مامەکانی وە یا خاڵەکانی(حەننان ئیشوع) و(ئیشوعیاو) لە دێری(بێتعاوی). لە سەرەتادا یۆحەننان مەترانی بێت بەغاش بووە، دواتر بەرز کرایەوە بۆ پلەی میترا پۆلیتی ئەربیل لە سەر دەستی بەتریك سلێومزەخا)(٧١٤ ـ ٧٢١) یۆحەننان پیاوێکی قەدیس بووئەو

بناغەی دانا کە لە ئەربیل دانەنیشی و لە دوای ئەویش ژمارەیەك لەوانەی لە سەر کورسی میترا پۆلیتی ئەربیل دانیشتن هەمان هەڵسوکەوتیان کرد. ئەو لە دێرکەی خۆی دادەنیشت.([165]).

رۆژەکانی لە سەر کورسییەکە بەسەردەبرد لە ناو شوێن پەرستگەکەی خۆی بە پاڕانەوە و تێرامان و هێمنی و لە سەرەخۆیی و بێ دەنگییەوە. لەوێ(لە دێرەکە) لە سەر بەرپرسیاریەتی مایەوە وەك سەرۆکی دێری بیت عاوی لە پاڵ کارەکەی هەروەها وە بۆ ماوەی چەند ساڵێك تا کۆچی دوایی کردنی و ناشتنی بە ئاشتییانە.

ـ (٣٢) ئەحا

ئەحا ئەو رەبەنەیە کەوا تۆما مەرگەیی زۆر بە شان و شەوکەتی دا هاڵگوتووە لە رەبەنەکانی دێری(بێت عاوی) یە([166]).

بۆتە سەرۆکی دێرەکەی خۆی لە دواتردا شێوازی کارکردنی لە کارگێڕی دا وا نیشان دەدات کەوا کارگێڕی و هەڵسوڕانی خراپ بۆ ئەبرەشیە کە پەیدا بێت لە دوا رۆژدا. لەبەر ئەوەی(بەڵێنی بە خەڵکانی تر دەدا بۆ کاروباری ناوخۆیی تایبەت بە دێرەکە هەروەکو میرێك لە ناو دەرگا رابوەستێ، وە یا لە ناو بەتریك خانە دابنیشێ و پاڵی لێ بداتەوە). لەگەڵ ئەوەشدا، لە دوای کۆچی دوایی یۆحەننان، باوەڕدارانی حەدیاب چوون ئەمانەن چینە موڵك دارەکان و دەرەبەگەکان بۆ رووبەڕووبوونی جاسلیق(مارئابا) ی دووەم(٧٤١ ـ ٧٥١) وە داوایان لە ئەحا کرد، ناچارکردنی بەتریك بە قەبولکردنی بەرپرسیارەتی یابەی میتراپۆلیت. نازانین ئەوە بەردەوام بوون بووە بۆ رێچکەی پێش خۆی وە مانەوە لە دێری بێت عاوی بە دیارکەوتنی ئەم کارەی نەکردووە، مادەم سەرۆکی نوێی دێر ناوی دیاریکراوە کارگێڕییەکەی بۆ ئەسقەفیە باشتر و راسترەوتربوە لە کارگێڕکردنی سەرۆکایەتی دێرەکە. ئەحا هەڵدەستا بە سەردانی گوندەکانی سەر بە ئەبرەشیەکەی. ئەحە بەوە بەناوبانگ بووە بە پێشبینییەکانی و شتە سەرسوڕمێنەکانی، بە رۆڵێکی گەورە و خەتەرناك هەڵسا لە لەناوبردنی یەعقووب و سورین، Surin.([167]) کەوا لە لایەن بەتریکییەوە لێی داواکرابوو تیایدا بمێنێتەوە ساڵی ٧٥٤. ژیری و توانای ئەحا و ناوبانگی قەداسەتی پاڵی پێوەنا بە پۆلێنکردنی مەترانەکان بۆ جێگیرکردنی یەعقووب و نەهێشتنی و وازهێنان لە خەڵکی نامۆ.

لە سەردانێکی دا بۆ گوندەکان کە دەکەوێتە شەلەت لە ناوچەی(سابسبا) لە هەرێمی مەرگە کۆچی دوایی کردن ئەو کەنیسەی ئەو بەناو ئەوەوە ناونراوە.

ـ (٣٣) مارەن عەمیە لەعاواخ.

لە سەرەتادا ئەم بەڕێزە دکتۆر، مامۆستا، استاد بووە لە قوتابخانەی(کەفر عوزێل) دوای دامەزرێنەرەکەی(باوای) لە(کوێلتا) دواتر لەلایەن میتراپۆلیت مار(ئەحا) کراوە بە مەترانی سالاخ لە دوای مردنی مارئەحا شوێنی گرتەوە و لە سەر کورسی دانیشت. ئەمە لە سەردەمی جاسلیق یەعقووبی دووەم بوو. واتە لە نێوان سالآنی ٧٥٤ و ٧٧٣([١٦٨])

ئەگەرچی میتراپۆلیتی نوێ بۆ هەر یەك لە(حدیاب) و(مەرگە) و(حیوتوون) کۆتایی بەبابەتی خاوەنداریەتی ئەو ئاشەی کێشەی لەسەر بووە بە سەرسوڕمانییەوە([١٦٩])

ئەو کارە سەرسوڕمانە یارمەتی(ماران عەمیە) ی دا لە دواتر بۆ چەسپاندنی دەسەلآتەکانی بە کردەوە و خەلکیش گوێڕایەلی بوون.

ئەو گۆڕانکاریانەی لە سنووری ئەبرەشییەکانی سەر بە کەرتەکەی خۆی، نیشانەی چالاکی و زیرەکی و توانای لە ڕێکخستنی کارگێڕی، خالی کۆتایی بەتەنها پەیوەندی بەو ئەبرەشیە نوێیە هەیە، کە تایبەت بە حدیابە. ئەمە لە دواییدا لە سەری دەدوێین. لە ماوەی دانیشتنی لە سەر کورسی، لێژنەیەکی پێکهێنا بۆ ڕێنمایی کردن بۆ ئەو ناوچەیەی دەکەوێتە پشت زێی گەورە، ئەم لێژنەیە جۆرێك لە زانیاریمان پێ دەبەخشێ، کە زۆر گرنگن ئەو کاتەی دێینە سەر باسی جوگرافیای(مەرگە) ماران عەمیا ڕووبەڕوی برسیەتیەکی بەناوبانگ هات لەو کاتانەی کە تووشی پیری هاتبوو هەموو هەرێمی حدیابی گرتەوە، بەو هۆیەوە ڕوی کردە موسڵ سەرەڕای خەتەرناکی ڕێگا و بان وە گەیشتە شاری ئاسورایێ(الاثوريين) وە لە ناوچەی نەینەوا دەسوڕایەوە لە پێناو کۆکردنەوەی کۆمەکی. مێژووی ئەو وشکە سالێەی هەرێمەکەی گرتەوە بووە هۆی برسیەتی و قات و قڕی نووسراوە لە دەقەکانی پەرتووکی(الرؤساء) لە سالی ٢٠٤ ی کۆچی دەکاتە ٨١٩ ـ ٨٢٠ ز([١٧٠])

لە سەر ئەو هەوڵە زۆرانەی کە لە وتارەکانی(برج) وە(هۆفمان) هاتووە([١٧١])بەلآم دەقەکانی ئەو دەستنووسانە یەکتر ناگرنەوە کە دەمەوێت لێی بکۆڵمەوە و ناوەڕۆکەکانی بزانم. کاتێك مێژووم دەخوێند لەوەدا لە توانامانـدابوو شتێك هەڵێنجم: وە یا هەڵەیەکە و تۆما کردوویەتی بەلآم ڕەنگە ئەمەیان دوور بێت وە یا کەمە وە یا تەزویرێك کراوە لە دەقەکە بە نووسینی تەعلیقێکی(توانج) یێکی هەڵە هەڵبەستراو. لە واقیعدا تۆما خۆی دەڵێ و بە ڕوونی کەوا قەدیس ماران عەمیا کە مرد کورسی حدیاب بە بۆشی مایەوە ئەو کاتەی تیماسیۆس یەکەم هەڵبژێردراو ببو بە بەتریك لە ١ ی ئایاری سالی ٧٨٠.([١٧٢])

ئەم کۆچکردنە مەترانی مەرگە باسی دەکات و نەیتوانیوە بیشارێتەوە بە هەڵچوونەوە نووسیویەتی:(دوای هەوڵدانێکی بێ هودە بۆ چارەسەرکردنی ئەو ئاوە زۆرەی لە نزیك دێری بارەقتا) میترا پۆلیتی پیرەمێرد بە سواری ئەسپ ڕووی کردووە هەولێر. بۆ نموەی

رۆژەکانی دوای ژیانی تیا بە سەر ببات، بەلاّم بە زینـدوویی نەگەیشـتە ئـەوێ چونکە مـردن ڕێگەی نەدا و کۆچی دوایی کرد لە نیوەی ڕێگادا.

- (٣٤) ئیشوعیاوی مەرگەیی.

ئیشۆعیاو لە دوای ماران عەمیە) باوکی پەرجووەکاران موعجیزەکاران هات. تۆما مەرگـەیی هیچێکی دەربارەی ئەوە تۆمار نـەکردووە بـە هـیچ خاسـیەتێك تـەنها ئـەوە نـەبێت نازنـاوی میترابۆلیت هەبووە.([١٧٣])

لە دوای ئەوەی کەوا سەرۆکی دێری بێت عاوی بووە([١٧٤])

سەرەتا ئیشۆعیاو بوو بە مەترانی نەینەوا لـە سـەردەمی میترابۆلیـت(مارئـەحا) دا لـە دوای مردنـی(حـەننان ئیشـۆع) ی دووەم سـاڵی ٧٨٠ وا پێویسـت دەکـرا بکرێـت بـە بـەتریك، بـەلاّم مـەترانی(بیـت بـەگاش) کـە مـەترانێکی لاوو بـوو گفتوگـۆی لەگـەڵ کـرد کـەوا چـۆن بـەو تەمەنە گەورەیەوە ناتوانێت بەرهەڵستی دووژمنکارانـە بنێتـەوە کـەوا چاویان تێبڕیبـووە وە بوونــە هۆکـاری کێشـەی زۆرەوە(حـەننا ئیشـۆع) رازی بـوو بـەوەی خـۆی لـە گۆڕەپانەکـە بکێشێتەوە دواتر پایەکە بۆ چەند ڕۆژێك درایـە(تیماسـیۆس) وەك وەفا داری بـەو بەڵێنـەی کە دابووی ناوی نرا بە(ئیشۆعیاو) مـەتران بـۆ کەنیسـەی حدیاب و میترابۆلیـت بـۆ هـەموو ئـەو ناوچـانەی کـە سـەر بـەوەوە بـوون. وەك نـاڕەزایی دەربڕینێـك لەلایـەن پیـاو مـاقوڵانی حدیاب و(شەهریکان) وە(کەفرعوزێل) وە دانیشتوانی(بائاراوی) بە هۆی ئەوەی کـە پرسـیان پێ نەکراوە بەو ناو نانە، یـەکتریان گرتـەوە لەگـەڵ نـەیارەکانی تیماسـیۆس و بـەلای خۆیـان دا ڕاکێشان ئەو جەماعەتەی هەڵگەڕابوونـەوە بـە سـەرۆکایەتی مـەترانی پیرەمێـرد شـلیمۆن لـە(حەدیسـە) بـۆ ئـەوەی بەشـدارییان لەگـەڵ دا بکـات لـە کـۆنگرە جیابوونـەوە کـە لـە دێری(بێزێ) بەسترا. لە دوای کۆنگرە(ڕۆستەم) یـان هێنـا کـە مـەترانی حـەنیتا) بـوو وە لـە سـەر کورسـی میترابۆلیـت حـدیاب دایانـا، وە ناویـان لـەو دەسـەڵاتە نـا(کورسـی بێـت مارقەرداخ)([١٧٥]).

ئەم دەنگۆیەی دزینی پایەی کەنیسە گەیشتە گوێچکەی ئیشۆعیاو) کەوا نزیك بـە هاتنـە ناوەوەی سنووری ئەبرەشیەکەی بوو بە تایبەتی سەرۆکایەتی ئەسقەفیە - وەرگێڕ).

دوای ماوەیــەك لــە دوودڵــی وە لــە ســەر ئــەو ئامۆژگاریانــەی کــەوا تیماســیۆس پێــی دا، میترابۆلیتی یاسایی بـەردەوام بـوو بـە ڕێگاوە و لـە ناوچـەی خـۆی جێگیر بـوو. بـۆ ئـەوەی دوورکەویتەوە لە لێکدان لەگـەڵ ئـەو یاخیبووانـەی کـەوا لـە ناوچـەی ئـەربیل خۆیـان قـایم کردبوو، دەستی کرد بە سەردان بۆ ئەو ناوچە سـنووریانەی کەرتەکـەی خـۆی لـە بـاکوورەوە دەستی پێ کرد و بەرەو باشوور چوو. سەرەتا سەردانی(بانی کایـە) ی کـرد، دواتـر ڕۆڵـەکانی

ناوچە شاخاویەکان لە حدیاب، دواتر سەردانی دەوروبەری(حیۆتۆن) ی کرد، لەو دیوە پەڕیەوە بۆ(مەرگە) کە پێشوازییەکی گەرمی لێ کرا.
دوای مردنە تاڵەکەی رۆستەمی زەندیق و پەرش و بڵاوبوونەوەی دەست و پێوەندەکانی(شلیمۆنی لە خوا ترس) گەڕایەوە پلەکەی خۆی. وە هەروەها رۆڵەکانی شەرکان) داوای لێبوردنیان کرد و بەم شێوەیە بابەتەکە کۆتایی هات و(ئیشۆعیاو) گەڕایەوە پایتەختەکەی خۆی تێیدا جێگیر بوو. زانیاریمان لەبەردەستدا نییە دەربارەی هەڵوێستی کەرتەکەی خۆی. دواتر دەبینین سەرقاڵە بە سەرۆکایەتی کردن و ئاڕستەی کارەکانی بیناسازی تایبەت بە هەیکەلێکی نوێی زۆر جوان لە بێت عاوی سەرەڕای هەموو ئەو کێشە و گیروگرفتانە کە روبەڕوی بووە لە دروستکردن و تەواوکردنی ئەو هەیکەلە. ئارەزووی دەکرد دێرەکە سەر لە نوێ دروست بکاتەوە. دوای کۆچکردنی لە هەولێر نێژرا. ئەو هەموو کۆدێتا راستەوخۆیانە وە لە ماوەی(میترابۆلیت) و(ئیشۆعیاو) بوو تەنها دە ساڵێکی خایاند، دواتر دەبینین لە دوای ئەو لە سەر کورسی دادەنیشی لە ساڵی ٧٩٠ـ (٣٥) نەستۆرۆس
پەرتووکی(الرؤساء) باسی نەستۆرس دەکات بە پیاوی ئایندار.(١٧٦)
ئەو زانیاریانەی لەبەردەستماندایە زۆر کەمە لە ماوەی دانیشتنی لە سەر کورسی ئەرپیل، وە هیچ پاشماوەیەکمان لێ رەچاو نەکردووە. بەشداری کردووە لە کۆمکاری تیماسیۆسی یەکەم بەستراوە لە ساڵی ٧٩٠(١٧٧)
لە ژێرەوەی پلەی(میترابۆلیت) واژووی کردووە(ئاشوور) وە ئەمە بۆ یەکەم جار تووشی ئەم جۆرە نازناوە دەبین. لە سەر داوای بەتریك تیماسیۆس چۆتە دێری بێت عاوی بۆ ئەوەی مەراسیمی رەبەن(ئیلیا) بکات بە مەترانی(موقام) لە دیلمان. تۆما مرگەیی ناوی دەهێنێ بە(میترابۆلیتی حدیاب)(١٧٨). نازانین ماوەی دانیشتنی لەسەر کورسی چەند بووە، دوورترین ماوە بۆ ئەو مێژووە کۆچکردنی بەتریك تیماتیۆستی یەکەمە لە ساڵی ٨٢٣(١٨٧). ناوی ئەو میترابۆلیتە لەگەڵ ناوی دامەزرێنەری ئەو مەزهەبە وەکو یەکە. ناوی لادراوە لە پاشکۆی دەستنووسی کەرملێس. بێگومان ئەمە ئەنجامی شێلگیری یەکێك لەباوەڕداران بووە.

## سەدەکانی سڕبوون

ئەفل ئەستێرەی ئەرپیلی کۆنە، لە سەدەی نۆیەم تاوەکو سەدەی یازدەهەم بەشاری بالکاد ناودەبردرا. تۆمارگەی مێژوی ئەم شارە نیمچە ون کراوە. لاپەڕەکانی مێژووی درەوشاوە و

رابردووی دەرگەوتووی بە چینێکی ئەستووری لەبیرکراو داپۆشراوە، لە ناوەڕاستی سەدەی دەیەم، نووسەر(ابن بهلول) باس دەکات بە شپرزەیی بە گوندێك لە ولاتی حەززا وە ناوەکەی خۆی وەك ئەبرەشیەی میترۆپۆلیت داوەتە موسڵ([79]).

زۆر بە کەمی نووسەرە عەرەبەکان ئامازەیان بە ئەربیل داوە وە زۆر بە دەگمەن ناوی دەهێنن کاتێك کە باسی دەکەن دەڵێن: لە ئاقاری پارێزگای حەلوانە([80]).

دواتر ناوچەیەکە بەستراوە بە جەزیرە وە یا بە پارێزگای موسڵ، لەبەر ئەوەی موسڵ لە سەدەی نۆیەمدا شوێنێکی زۆر گرنگی داگیر کردبوو.

رێکخستنەکانی کەنەسی لەگەڵ ئەم واقیعە جیاوازیان نەبوو بەڵکو لەگەڵ یەك بە تەریبی رۆیشتوون. لە سەدەی نۆیەم موسڵ نازناوی پایەی بەرزی میتراپۆڵ و مەترانەکەی نازناوی مەترانی: (ئاشوور) و(موسڵ، وە یا موسڵ و ئەربیل وەرگرتووە)([81]).

ئەوەی تێبینی دەکرێت بزربوونی نازناوی نەینەوایە لێرە بەدواوە، وە هەروەها(حدیاب) وە بارەگای میتراپۆلیت گواستراوەتەوە بۆ موسڵ بۆیە کارگێڕیکردنی ئەربیل لە دوورەوە سەرپەرشتی کراوە.

بەم بۆنەیەوە پرسیارێکی هەڵپەرستانە دەکەین لە مێژووی رووخان(بزربوونی گرنگیەکەی)(ئەربیل) ی کۆن کە پلەی دووەمی هەبوو لە دوای پایتەختی باکوور ئەو رووخانە مەترسیدارە؟ عەبد ئیشۆعی نەسیبین([82]).

ئەو بڕیارەی دەرچووە لەسەر ئەو بابەتە بۆ بەتریك(ئیشوعبرنوون)(٨٢٣ ـ ٨٢٩) هەر دوو ئەبرەشیەکەی کردە یەك و خستیە ژێر دەسەڵاتی موسڵ و کاری پێ کرا تاوەکو ساڵی ١١٧٦.

لە دوای ئەو مێژووە لیستێك لە ناوی مەترانەکانمان بۆ دەردەکەوێت کەوا هیچ بایەخێك بە هەولێر نادەن تەنها بە شێوەیەکی لاوەکی نەبێت. پێم خۆشە لیستێکی ئەوانە بخەمە بەرچاو بۆ ئەوەی سەرچاوەیەك بێت بۆ بایەخدەر و ئەوانەی لێکۆڵینەوەیان هەیە.

ـ (٣٦) عەودیەشوع

ـ (٣٧) ئیسحاق ـ یەکێك لەو دوو مەترانەی ناویان لە پاشکۆی دەستنووسی کەرملێس. کەوا نازناوی نوێی بۆ ئەو کورسیە وەرگرت([83]).

دواتر ناوی میترۆپۆلیتەکان دەردەکەوێ کەوا چەسپ کراون، لە واقیعدا بەڵام ناوەکانیان لادراوە لە دەستنووسەکەی کەرملێس. ئەم راستیە شاردراوە نیە کەوا ئەگەری ئەوە هەیە ئەنجامی لەبیرکردن بێت، وە یا ناوەکانیان سڕابێتەوە. بەڵام لە هەمان کاتدا دەتوانین ئەوە روون بکەینەوە کەوا هەر دووکیان ئەگەر بووبنە بەتریك ـ کەواتە ئەو دوو ناوە تۆمارکراوە و هاتووە لە پاشکۆکان ئەو دوو ناوەی کەوا میتراپۆلیتی ئاسوور بوون. بەڵام لە

رووی زانستیدا وە بەبێ کەمکردنەوە لە راستییەکان تەئکید دەکەینەوە کەوا بەتریکەکان بەشی زۆریان ناوە کۆنەکانیان دەگۆڕی بە ناوی نوێ.

ـ (٣٧) A نینۆس یەکەم میترابۆلیتی ناسراوە لە سەر کورسی موسڵ کەوا لە لایەن بەتریك(جۆرج) دامەزرێنرا(گۆرکیس ـ وەرگێڕ)ز٨٦٠ ـ ٨٧٤ وە بوو بە بەتریك لە ساڵی ١٨٨٧([٨٤]).

ـ (٣٧) B یۆحەننان برنرسای لە خانیجار(تووزخورماتوو) گواسترایەوە بۆ موسڵ بە بڕیاری ئینۆسی یەکەم(٨٧٧ ـ ٨٨٤) لە سەر کورسی بەتریکی دانیشت لە ساڵی ٨٩٣([٨٥]).

ـ (٣٨) یۆحەننان بربەختیشوع، ٨٩٣ ـ ٩٠٥([٨٦]).

بە پێی ناوەرکی سریانی ژمارە(٣٥٤) پارێزراوە لە پەرتووکخانەی نیشتمانی ناوی هاتووە بە نازناوی میترابۆلیتی ئەربیل([٨٧]).

ـ (٣٩) لۆقا نازناوەکەی ئەبراهامی سێیەمە(٩٠٥ ـ ٩٣٦ تاوەکو ساڵی (٩٣٨) لە ژیاندا مابوو([٨٨]).

ـ (٤٠) ئیسرائیل لە دوای پێش خۆی هات(رابردوو)([٨٩]).

ـ (٤١) جۆرج برتۆبی، ناسراوە بە جۆرج ئەربیلی، نازناوی بە میترابۆلیت هاتووە لە موسڵ، وە هەروەها میترابۆلیتی(ئاسوور) یاخود(میترابۆلیتی ئەربیل و موسڵ)... تاد ئەدەبی سریانی گفتوگۆی دەربارەی نووسینەکانی دەکات. لەلایەن بەتریك عەمانوئێل یەکەم(٩٣٧ ـ ٩٦٠) دەستنیشان کراوە و هەڵبژێردراوە بە بەتریك بۆ ئەو سێ ساڵە ٩٦٠ ـ ٩٦٣ ـ ٩٧٨ بەڵام لە هیچ یەکێکیان سەرکەوتنی بەدەست نەهێنا([٩٠]).

ـ (٤٢) ئیشۆعیاو: لە دوای ئەوەی پێش خۆی هات(جۆرجبرتۆبی).

بەرتیك ماری دووەم(٩٨٧ ـ ٩٩٩) گواستیەوە لە ئەبرشیەی حەدیسە بۆ شاری گەورە(میترابۆل) ی موسڵ تاوەکو ساڵی ١٠٠٠([٩١]).

تیایدا مایوە و بە ئیشۆع ئەربیلی بەناوبانگە.

ـ (٤٣) جوبرائیل(گبرئیل). لەلایەن بەتریك یۆحەننا کوری نازۆك گواستراوەتەوە لە ئەبرشیەی(ئەرزۆن) بۆ کورسی موسڵ) رۆژی دامەزراندنی ئەو کورسیە دەکەوێتە ١٠ ی کانوونی یەکەم ساڵی ١٠١٢([٩٢]).

ـ (٤٤) ئیلیا لە سەر کورسی موسڵ دانیشتووە لە ساڵی(١٠٢٠ ـ ١٠٢٩)([٩٣]).

ـ (٤٥) عەودیەشوع کوری بەهریز، لە دوای ئیلیا هاتووە، سەرۆکی دێری سەعید(دێری مارئیلیا) ی نزیك موسڵ بووە، نازناوی بە(ئەبی سەعید هاتووە، لەلایەن بەتریکەوە پاڵێوراوە ساڵی ١٠٢٨، بەڵام سەرکەوتوو نەبوو تیایدا، دواتر پلەی بەرز کرایەوە بۆ میترا

پۆلیتی(ئاشوور) قانوونەکانی شوێنیان هەیە لە(ماف قانوونی فەرمی) تایبەت بە کەنیسەی سریانی رۆژهەلات([194]).
- (٤٦) جبارئیل، کوبرائیل کوڕی راکۆ لە ساڵی ١٠٦٤ گواستراوەتەوە لە ئەبرەشیەی تیرهان بۆ کورسی موسڵ بەلام مردن بە خێرایی کۆتایی پێهێنا([195]).
- (٤٧) یاوالاها(باوکی دارا) سەرەتا مەترانی(مەعلتا) بوو، چونکە دوای کبرئیل هاتووە، لە سەر کورسی دانیشتووە لە ساڵی ١٠٦٤ تاوەکو ١٠٨٥([196]).
- (٤٨) هۆرمزد ئەگەری ئەوە هەیە پەتریکی دوا رۆژ بێت بە ناوی(مەکیخا) کوڕی سلێمان کە لە پایەی مەترانی تیرهانە و بۆتە میترا پۆلیتی موسڵ ساڵی ١٠٨٥ لەو جێگایە مایەوە تاوەکو هەلبژێردرا بە بەتریك لە ساڵی ١٠٩٢([197]).
- (٤٩) ئیلیای کوڕی موقلی: دەسەلاتی لە موسڵ بەکارهێناوە لە ساڵی ١٠٩٢ وە بارەگاکەی جێهێشتووە بۆ وەرگرتنی کاری بەتریکی لە ساڵی ١١١١([198]).
- (٥٠) یۆحەنان کوڕی حەداد، لە سەر کورسی دانیشتووە لە موسڵ لە ساڵانی ١١٣٤، ١١٣٨، ١١٣٩([199]).
بەلام رەنگە ئەگەر هەڵەیەك هەبێت لە نووسینی لیستی پاشکۆکان لەلایەن نووسەرەکەوە کراوە و هەر دوو ناوەکەی پێچەوانە کردووە.
- (٥١) تیتۆس سەرۆکی دێری بێت قووقا بەتریکی ئیلیای سێیەم(١١٧٦ - ١١٩٠) کردوویەتی بە میتراپۆلیتی یوسف([200]).

## هۆشیاری ئەربیل:

لە ساڵی ٥٦٣ ی کۆچی بەرامبەر بە ساڵی ١١٦٧ ز ئەربیل هۆشیار بۆوە لەو سڕ بوونە لە سەر دەستی میرێکی کوردی ئازا و بە جەرگ بە ناوی(زێنەدین عەلی کوو تچوك بكتاكین) لە سەرەتادا ئەم میرە دەوڵەتێکی بچووکی دامەزراند، ئەوانەی لە دوای ئەو هاتن هەوڵی فراوانکردنیان دا بە کۆشش و چالاکیەوە شکۆیان بۆ ئەربیل گەڕاندەوە([201]).
دوای کۆچی دوایی میری دامەزرێنەر دەسەلات کەوتە دەستی کوڕەکەی زینەدین موسڵ) دوای مردنی کوڕەکەی ساڵی ١١٩٠ برایەکەی هاتە سەر حوکم بە ناوی(مزەفەرەدین کۆکبری) پێش ئەوەی ناوبراو دەەلات وەربگرێت دەرەبەگێکی بەناوبانگی سێ ناوچە بوو ئەمانەن: رەهاو و حەڕان و سامۆسات([202]).
کاتێك زاواکەی دەسەلاتی وەرگرت کە ناوی(سەلاحەدین) بوو کاری کرد بە هێز و خێراییەوە دەسەلاتی بەسەر دەوڵەتەکانی دراوسێی داگرت وە لە هەولێر خۆشی و

خۆشگوزەرانی بڵاوبۆوە کە هیچ کاتێك بەم شێوەیە نەبووە، بە ئاهەنگ گێڕان بە بۆنەی جەژنەکانی ئاینی تایبەت بە موسڵمانان لە نووسینەکانی مێژوونووسی ئەربیلی(ئیب خەلەکان) ئەمانە دەخوێننەوە([٢٠٣]).

ساڵ بە دوای ساڵ خێر و بەرەکەت هەمووانی گرتەوە و شاری عەشتار فەرهەنگی کۆنی بۆ گەڕایەوە کە لە باب و باپیرانەوە وەریگرتبوو بە هەموو شانازییەوە دوای مسۆگەرکردنی هۆشیاری ئابووری و کۆمەڵایەتی بۆ شاری هەولێر هۆشیاری هەڵسانەوەی سیاسی بە دواوە بوو لەگەڵ ئازادکردنی ئاینی. کورسی ئەربیلی ئەسقەفی بەستراوە بە موسڵ بۆ دوو سەدە گەڕایەوە بۆ دەسەڵاتی خۆی بە پێی یاساکانی بەتریك ئیلیای سێیەم(١١٧٦ ـ ١١٩٠)([٢٠٤]).

تایبەت بە مەراسیمی مەترانەکان وە یا دامەزراندنی میترابۆلیتەکان وە یا بەتریکەکان، ئەربیل و ئاشوور دەردەکەون وەك دوو کەسایەتی شاری میترۆپۆل(جیا و سەربەخۆ لە یەکتری. بە پێی ئەو زانیاریانەی هەیە لێکجیابوونەوە دوای ئەوەی تەیتس ـ طیطس کورسی ئەسقەفیەی وەرگرتووە([٢٠٥]).

Le Qyin ئەم مێژووە دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی میترابۆلیت یووسف واتە لە ساڵی ١٢٢٢. بە کردەوە ئەمە دەخوێنینەوە لە یەکێك لە دەستنووسەکانی مەترانی موسڵی کلدانی([٢٠٦]).

یووسف نازناوی(میترابۆلیتی ئاشوور و موسڵی وەرگرتووە لە ساڵی ١١٨٨ بەبێ ئەوەی ئاماژە بە(حەززە) وە(ئەربیل) بدات کۆتایی بە لیستی میترابۆلیتی گەورەکان بە(تەیتس) دێت، ئەو هەشت ناوەی دوایی لە پاشکۆی دەستنووسی کەرمێس داهاتووە هەموویان ناوی میترابۆلیتی(موسڵ) ن بە تەنها. لە لایەکی ترەوە، ئاماژە بە زنجیرەیەکی نوێ بۆ میترابۆلیتەکانی حەززە و ئەربیل دەکەین ئەم ناوانەن:(سوریشوبرقیوما) یەکەم میترابۆلیتی ناسراو([٢٠٧]).

کوڕی برا وە یا خوشکی بەتریك(یاوالاها) ی دووەم(١١٩٠ ـ ١٢٢٢) مامی/ خاڵی دەستنیشانی کرد ببێتە مەترانی(بانۆهەدار) دواتریش میترابۆلیت بۆ کورسی حدیاب کە بووە هۆی چاککردنەوە، جێگری مێژووی مسۆگەر بۆ سەرەتای وەرگرتنی لە هەولێر نەزانراوە. ئەو لە دوای مامی/ خاڵی لە سەر کورسی پەتریکی دانیشتووە لە ساڵی ١٢٢٢.

لە کۆبوونەوەی هەڵبژاردنی بە بەتریك برادەرەکەی میترابۆلیتی موسڵ ئامادەبوو، یووسف([٢٠٨]).

بە یووسف(کۆتایی بە ناوەکانی میترابۆلیتی موسڵ دێت وە لە دواتر پێویستمان بە هیچ لیستێکی تر نابێت تەنها بە لیستی ئەربیل نەبێت. لە ساڵی ١٢٢٢ منداڵێك لە تەمەنی

حەوت ساڵیدا کوژرا بە دەستی کوڕی(عەرەبێکی کۆچەر) لە بەرپەچدانەوە بۆ وازهێنان لە ئاینی مەسیحی([٢٠٩]).
مزەفەرەدین لەو ماوەیەدا حاکمی دەسەلاتداری سەر شارەکە بوو. سنووری دەسەلاتەکەی درێژ کردەوە بۆ ناوچەکانی باشوور(خوارو) بۆ ئەو گەڕەکانەی کە لە سەر کەلاوەکانی ئاشووری تووندوتۆڵ کرابوون کە تا وەکو ئێستاش بە قەلا ناسراوە.
هێرشەکانی مزەفەرەدین بۆ لای خۆرهەلات و باشوور بۆ ئەوە بوو بیخاتە سەر مەملەکەتی خۆی، هەر وەك دەیویست وا بوو توانی دەست بە سەر کەرکووکیش دا بگرێت بەلام لەلای رۆژئاوا و باکوور تووشی پێکدادان هات لەگەڵ میرێکی تەماع کە لە هی ئەو کەمتر نەبوو. سەرەڕای ئەوەش ئەو میرە کوردە زۆر لە سەرەخۆ و زیرەك بوو کە مزەفەرەدین وەك ئەو نەبوو. ئەو میرە کوردە بە توانایە ناسراوە بە(بەدرئەدین لوئلوئە) حاکمی موسڵی بەناوبانگ پاشکۆکانی دەستنووسی(المکین ابن العمید) زۆر بە درێژی پەیوەندیە خراپەکانی نێوان ئەو دوو دوژمنە سەر سەختانەمان بۆ دەگێرێتەوە([٢١٠]).
گیانی چەکەرەبووی دوژمنایەتی لە دڵی ئەو دوو دوژمنە سەر سەختانە زۆر بە روونی دەردەکەوێ لە هێرشەکانیان بۆ سەر یەکتری. ئەو گوندانەی، کە گۆڕەپانی شەڕ و پێکدادان بوون لە نێوان ئەو دوو ئاگرەدا زۆر جار دەبوونە قوربانی تاڵان و بڕ و کاولکاری لە نێوانیاندا بە بەردەوامی. وە هەر یەکێك کار بکات لە پێناو پشت بەستن بە بەلایەکی تردا چانسی دۆڕاندنی تەواوی هەیە. ئەمە لەلایەن شەمعوون بەرتلەیی روویدا کاتێك کەوا ناکۆکی لەگەڵ سەرۆکەکەی - مەفریان - پەیدا بوو، وە ئەوەی دووەم حرمانی کرد کە بووە بەتریك لە ساڵی ١٢٢٢. شەمعوون نامەیەکی بۆ مزەفەرەدین نووسیوە رەخنەی لە بەدرەدین لوئلوئ گرتووە زۆر بە توندی و دژواری. بەدرەدین لە ناوەڕۆکی نامەکە ئاگادار بووە بۆیە فەرمانی داوە شەمعوون لە خاچ بدرێت و فەرمانەکەی بەسەردا جێبەجێکرا([٢١١]).
کاتێك مزەفەرەدین مرد، فەرماندەکانی خەلیفە موستەنسر لە هەولێر جێگیر بوون. ئەمە روویدا لە سەرەتای دەرکەوتنی کردەوەکانی تالان و بڕۆکان کە لە لایەن سوپای داگیرکەری مەغۆلی هێرشبەر بۆ سەر ئەربیل هات. رۆڵەکانی شارەکە بەرگریان کرد لەو هێرشانە بە شۆڕشی بەردەوام([٢١٢]).
بەدرەدین لۆلۆ ئەو هێرشانەی قۆستەوە کە لەلایەن مەغۆلەکانەوە دەکرا بۆ بەرژەوەندی خۆی و بە دەرفەتێکی زێڕینی دانا تا تۆڵە لە پایتەختی دوژمنە سەرسەختەکەی بکات سەرەڕای کۆچکردنی. دوای داگیرکردنی بەغدا لەلایەن مەغۆلەکانەوە ساڵی ١٢٥٨،

سەربازەکانی حاکمی موسڵ بەدرەدین لولو یارمەتی مەغۆلەکانیان کرد بۆ گەمارۆدانی ئەربیل کە شەش مانگی خایاند([213]).
دوای کۆتایی هاتنی گەمارۆکە مەغۆلەکان داوایان لە بەردرەدین لولو کرد شوورەکان تێك بدات بەلام وا پێدەچێت ڕێوی فێلباز پەلەی نەکردووە لە جێبەجێکردنی فەرمانەکە. ئەو ناشتیەی کەوا بالی بەسەر ئەو گوندانەی نێوان موسڵ و ئەربیل کێشا ماوەیەکی زۆری نەخایاند لەبەر ئەوەی شۆڕشی کوڕی لولو و ئەوەی دوای ئەو ـ مالك سالح ئیسماعیل ـ دژ بە مەغۆلەکان لە سالی ١٢٦١، دەرکەوتنی ماوەیەکی نوێیە لە برسێتی دەربەدەری بووە هۆی هەلاتنی ژمارەیەکی زۆری مەسیحی لە دەشتی موسڵ بەرەو ئەربیل بە تایبەتی خەلکی گوندی(بێت سەخرە) کاتێك هەولی پەڕینەومیان دا لە زێی گەورە قەسابخانەیەکی ترسناك و دڕندانەیان بۆ دانان لە سەر دەستی میر(کووتلۆبیك) چونکە وای زانی کەوا لە لایەن دوژمنەوە بۆی دێن([214]).
بەلام سۆز و بەزەیی خەلکی گوندەکانی نەینەوا نەیانهێشت ئەو قەسابخانەیە بەردەوام بێت دانیشتوانەکانیان دەستی یارمەتیان بۆ درێژ کردن بۆ ئەوەی بیانپارێزن بە هەموو هەول و تواناکانیانەوە. ئەم هەلوێستە جوامێرانەی مەسیحییەکان لە کەسایەتی گەورەی میتراپۆلیت دنحا دەردەکەوێت.

## دنحای ئەربیلی:

سەرەڕای ئەوەی ئەو کەسایەتییە ناسراوە لە مێژوو بە(بەتریك دەنحای یەکەم) لەبەر ئەوەی لە سەر کورسی ڕۆژهەلات بوو لە نێوان سالانی ١٢٦٥ و ١٢٨١، بەلام خۆمان بە بێ توانا دەزانین لە نەبوونی بەستنەوەی ناوی دنحا بە شاری هەولێر کە ڕزگاری کردووە و پاراستوویەتی بەلام، زۆر بە داخەوە بۆ ماوەیەکی کورت. ئەمە هاتەدی لە ئەنجامی سیاسەتی بوێرانە و واقیعیدا.
یۆناداب کۆششی زۆری کرد بۆ ئەوەی هەرێمی حدیاب قەدەغە بکات لە هاتنی یەعقووبییەکان دەبینین پاش شەش سەدە لەبەردەم هەولەکانی(دنحا) نەماون کە لە هەولی هاتنیان دا بوون بۆ هەرێمەکە و تیایدا جێگیر ببن بە ئاشتی و ئارامی. جەماوەری یەعقووبییەکان بە چڕی ڕوویان کردە ئەربیل و دەوروبەری گوایە ئەمانە لە لایەنگرانی هەلگەڕاوەکان و(دعات هرطمة) ی خەتەرناك نین کە پێویستە دژایەتیان بکرێت. بەلکو ئەمانە پەناهەندەن و پێویستیان بە سۆز و یارمەتیان بدرێت. وە بە کەمێك ئاوڕدانەوە دەبنە هاوڕێ و برادەری بە وەفا. جگە لەمە دەبنە ئامێر بۆ تێکدانی ڕێزەکان لەگەل

نەستۆرییەکاندا کاتێك کە زەنگی خەتەرناك لێدەدا بە هەڕ و گیف بۆ شاری ئەربیل و دانیشتووانەکەی بەتایبەتی ئەمە لە چارەنووسێکی مەترسیدار دووریان دەخاتەوە کە ئەمانە دووچاری هاتوون.(یەعقووبییەکان) بۆ لابردنی خووڕەوشتە دزێوەکان، وەك رق و قینە و کوشت و کوشتار و خوێنڕشتن کە لە مێشکیان دا پەنگی خواردوە لەبۆ چەند سەدەیك بۆ ئەوەی بە تەواوەتی بنبڕ بکرێت، رایەکانی پێویست ئەوەی بۆ خەڵکەکە ئەو وتارانە باس بکرێت کەوا ئەوانە دەبنە هۆی لەناوچووونی هەمووان بەبێ ئەوەی هیچ یەکێکیان تیایدا رزگار ببن، ئەم هەوڵانە هەموو کەسێك قبوڵی نەکرد لەبەر ئەوەی کە بینیان پێویستە دوور بین و حیکمەت و کارامەیی سیاسیی تیا بێت، دنحا بەم جیاوازییانە دەردەکەوێت کاتێك هاتە سەر کورسی و کاری بە هەستیارییەوە پێ کرد. لە خوێندنەوەی نووسینەکانی(ابن الفوطي) دەتوانین واقیعی سیاسیی ئەو کاتە بزانین لەو ماوەیەی دنحا بە وردی، وە بە تایبەتی ئەو دەسەڵاتدارانەی مەسیحییەکان کەوا هاوکاری پیاوانی مەغۆلیان کردووە، لەو ماوانەی یەکەم گەیشتنیان([215]).

(دنحا) دۆستایەتی گەرمی لەگەڵ(ابن العبری) هەبوو. دووەمیان ژمارەیەك وتاری لە سەر دنحا نووسیوە لە لاپەڕەکانی مێژووی کەنەسیدا تۆمار کراون([216]).

وە یا لە نووسینی(مێژووی سریانی)([217]).

لە کۆتایی مێژوو ژیانی دنحامان لەبەر دەست دایە لەلایەن رەبەن یۆحەننا نووسراوە بە چەند ساڵێکی کەم لە دوای مردنیدا([218]).

دەتوانین بڵێین هەموو ئەو بەڵگانەی ئاماژەمان پێیدا تەنها بەشێکی کەمە لە سەر دنحا لەبەرئەوەی پێویستی بە هەڵسەنگاندنی زیاتر هەیە بەڵام وا پێویست دەکات ئەو دەقانە بخوێنینەوە بە تایبەتی ئەوەی(ابن العبری) نووسیویەتی چونکە نەیتوانیوە زۆرێك لەوانە بشارێتەوە کە لە سەر یەکێك لە نستۆرییەکان نووسیویەتی و دەهۆڵی بۆ لێدەدات کە دواتر بۆتە خۆشەویسترین لە برادەرەکانی.

(دنحا) یەکێك بوو لە رەبەنەکانی دێری بێت قۆقا هی کۆنەکان، وە لە دوا رۆژ بۆتە میترابۆلیتی ئەربیل واتە لە ساڵی ١٢٥٦، ئەمە بە پێی نووسینەکانی(ابن العبری)([219]).

دنحا لە سەر کورسی میترابۆلیتی دانیشتووە لەو پەڕی تەمەنی لاوێتیدا ـ تەمەنی نەدەگەیشتە سی ساڵ([220]).

تەمەن بچوکی دنحای میترابۆلیت نەبۆتە هۆی ئەوەی کە خۆی بۆ پەتریك نەپاڵێوی لە ساڵی دووەم دوای بوونی بە میترابۆلیت. بەربەرەکانێی(مەکیخا) (١٢٥٧ ـ ١٢٦٩) بۆ (دنحا) لە سەر ئەو پایە وانەیەکی توند بووە بۆ دنحا و زۆر شتی لێ فێر بووە لەوانە یەکەم سادەیی

و خۆ بە زل نەزانین دوایی وریا بوون لە هۆکارەکان و کاریگەری سەردانەکان لە هەڵبژاردندا([221]).

بۆ ئەوەی بەکاری بهێنێ لە سەردانەکەی داهاتوودا. زۆر بە هێمنی لە سەر خۆیی رووبەرووی بەرهەڵستکارە سەرکەوتووەکەی بۆوە. ئەو گیانە نوێیەی کە لە دڵیدا چەکەرەی کردبوو لە دژایەتیکردنی بۆ پەتریك(مەکیخا) ساڵی ١٢٦٢ وە پارمەتیدەری بوو بۆ ئەوەی بڕیار بدات و کاری تێدا بکات بە درێژایی ساڵانی خزمەتیدا و بارهەڵگرتنی ئەو گرنگیە، لەوانە چارەنووسی مەسیحییەکانی ئەربیل کاتێك هاتە سەر کورسی پەتریکی لە ساڵی ١٢٦٥ بە پشتگیری و هاتنە ناوەوەی(دوو قوز خاتوون)([222]).

توانی کەوا هێڵێ سیاسەتەکەی رابگەیەنێ کە سوودی دیاری هەبوو بە شێوەیەکی فەرمی و بە هەموو ئازادییەوە.

## دەرگاکان والآن لەبەردەم یەعقوبییەکان:

لێکۆڵینەوەی سیاسیی دنحا بەرامبەر یەعقوبییەکان ناچارمان دەکات کەوا زنجیرە رووداوێکی پازدە ساڵی کۆبکەینەوە وە هەروەها لە سەرمان پێویستە باسی گوندی(بێت سەیادی) بکەین بەلأم ئەوەی پەیوەندی بە شوێنی جوگرافی هەیە داوای لێبوردن دەکەین لەبەر گۆڕانکارییە مێژووییە تۆبۆگرافییەکان بە پێی ئەوەی کە لەبەر چاومان دایە، مەترسی یەعقووبییەکانی موسڵ و گوندەکانی نەینەوای گەورە دەرکەوت لە ساڵی ١٢٦١. ئەربیل بە شوورە بڵندەکانی و حاکمە مەسیحییەکەی ئەمیر تاجەدین موختاس) بە چاوی چەوساوەکان وەك بەندەرێکی ئاسایش و ئاشتی وایە بۆی هەیە رووی تێ بکەن ئەگەرچی لە کۆتایی نسکۆ بەرۆکی گرتن لە هەوڵەکانی ساڵی ١٢٦١، دواتر ئاوارە دەرکردن، بە کۆمەڵ و کۆچکردنی بە کۆمەڵ لەبۆ ساڵی دوایی. بەلأم ئەو کۆچکردنەی ئەمجارەیان لەبار و سەرکەوتوو بوو([223]).

ئەوانەی کە خاوەنی بیردۆزی باوەڕداری بێ هودە بوون کە باوەڕیان پێی هەبوو ئەو ئاوارانە وە لەگەڵ خۆیان بردیان و لە دەرگاکانی ئەربیلیان دا بۆ داخوازی شوێنێکی ئارام ئەو کاتە بەتریکی نەستۆری(مەکیخە) لە شاری ئەربیل بوو. ئەم رووداوە کاری کردە سەر دڵی بەتریك شەرانگێزی و دووبەرەکی پڕ ئازار لەلایەك دڵی پڕ بوو لە سۆز و بەخشندە و میهرەبانییەوە بۆ ئەو لێقەوماوە هەزارانە کە روویان تێکردووە و داوای پارمەتی پەناهەندەیی دەکەن، بەلأم لایەنی دووەم ترسیان هەبوو لە نەستۆرییەکان چونکە ئەم ناکۆکیە مێژوویە و چۆن ئەم یەعقوبیانە ببینن لە تەنیشت ئەوانە نیشتەجێ بوون

مەکیخە هەولّیدا بە دوای چارەسەرێکی گونجاو بە مەرجێك ئەمە کاتی بێت و خستیە بەردەمی یەعقوبییەکان بەدابەشکردنی لایەکی کەنیسەی خۆی بۆیان ئەم داخوازیەی بەتریك بووە هۆی هەلّچوونی دنحای لاو، کەوا ئەمە تەنها چارەسەرەو بەس. دوای دەرچوونی بەتریك لە شارەکە و بەرەو بەغدا رۆیشت. میترا پۆلیت لەگەلّ(تاجەئەدین) رێکەوت و رێگەیان بە یەعقووبییەکان دا بە دروستکردنی بینایەك، ئەمەیان دژی فەرمانی مەکیخەیە. لە سەرەتادا یەعقوبیەکان بینایەکی بچوکیان کڕی و لە ناوەڕاستیدا مەلەوانگەیەکیان دروست کرد دواتر سەرەڕای هەژاریان کەنیسەیەکیان دروست کرد و ناویان نا کەنیسەی(ماربهنامی) شەهید. ئەمە وای کرد میوانخانەیەکی لەبار بێت بۆ ئەوانەی حەج دەکەن بۆ ئەو مەزارە کە بە ناوی ئەو قەدیسەیە وە هەروەها بۆ رەبەنەکان ئەوانەی کە سەفەر دەکەن، وە هەروەها بارەگایەکە بۆ مەترانی دێتە سەردان دەبێتە بارەگا و بنکەی حەسانەوە بۆی. ئەو دەستە خێرخوازیەی کەوا دنحا درێژی کردبۆ یەعقوبییەکان ئەوە ناگەیەنێ کەوا سەربەخۆیی وەرگرتووە و دابڕاوە لە بەتریك مەکیخای سەرۆکی، بەلّکو دلّنیایە بۆ سیاسەتێکی چەسپا و ئاراستەی دەکات بە ناوی ئەسقەفیەك بۆ یەعقوبیەکان لە سالّی ١٢٧٧ بابەتی نازناوی دوو بە دوو واتە(مەتران)(بێت تەکشور) و(بێت صایدە ـ سیادێ) قەدەغە کراو بۆ ئەو ئەسقەفە کە ناوی(باسیل) ە لە دێری مارمەتی سەرسامی مێژوو نووسەکانی کردووە([٢٢٤]).

لە توانامانداية لێکدانەوەی ئەمە بەم شێوەیە بکەین: جگە لە ئەربیل کە پێشوازی گەرمی لە ئاوارەکان کرد، دنحا هەلّسا بە ئامادەکردنی مەلّبەندێك بۆ پێشوازیکردن لەو ئاوارانە لە گوندی(بێت سایدا) لە سالّی ١٢٦٥ ژمارەی ئاوارەکانی یەعقوبییەکان یەکجار زۆر بوو کە بووە هۆی بتوانن کەنیسە دروست بکەن([٢٢٥]).

لەگەلّ رەچاوکردنی ئەوەی کەوا گوندی بێت تەکشور گوندێکە لە گوندەکانی نەینەوا واتە(دەشتی یەعقوبیەکان) کە دەکەوێتە نێوان بەحزانی و خازری خواروو(چیای عێن سەفرا) ئەو گوندە بەرگری و موقاوەمەتی هێرشەکانی کرد تا وەکو سالّی ١٢٧٥([٢٢٦]).

لەو سالّەدا گوندی بێت سایدە تووشی هێرشێکی تێکشکێن و کوشتاری کرا، لەبەر ئەوە خەلّکی گوندەکە ناچار بوون بە یەکجاری کۆچبکەن و بڕۆن. خەلّکی ئەو گوندە زۆر بە چڕی ئاوارەبوون و ئەسقەفەکە توانی ناوی گوندەکەیان هەلّبگرێ وەك نازناوێکی دوولایەنە بە پشت بەستن بەو راستیەی کەوا نازناوی(بێت سایدە) ئاماژەیە کە بۆ نازناوی کورسی نوێ و بێت تەکشوور ئاماژەیەك بۆ گوندە کۆنەکە. بەم شێوەیە ئەو نازناوە نوێیە

بۆ ئەسقەفیەکە بە واتای دوو لایەنە ئاماژەیە کە بۆ دانیشتوانە کۆنەکە و ئاوارە نوێیەکان کە بۆی هاتوون([٢٣٧]).

## کەنیسەی قەلا:

مێژووی دروستبوونی کەنیسەی قەلا بەستراوەتەوە بە رووداوێکی گرنگ و خەمناك، سەرچاوەی زۆر هەیە بە بێدەنگی بەسەریدا تێپەڕیوە بەبێ ئەوەی ئاماژەی پێ بکەن، بەلام هەندێك هەیە رووداوی ئەو بەرپرسایرێتییە دەخەنە ئەستۆی دنحا جارێکیان([٢٣٨]). وە ئەوی تر لەسەر مەکیخا([٢٣٩]).

بەلام مێژووی رووداوەکە دەکەوێتە نێوان دوو سالی ١٢٦٤ - ١٢٦٨. بە کورتی، دەردەکەوێ کەوا ئەو کارە تاوانبارییە کەوا پەتریکی پێ تاوانبار کراوە ئەمەیە: پەتریك هەلساوە بە بەندکردنی وە یا لەوانەشە ژەهراوی کردن بێت([٢٣٠]).

بۆ مەسیحیەك دوای ئەوەی بۆتە موسلمان بە پێی رای بەتریك کەسی ناوبراو لە ژێر حوکمی هەلگەڕانەوەیە و کوفری کردووەن بەلام بە پێی رای موسلمانان ئەمە هیدایەتە بۆ ئیسلامەتی، کەواتە هیچ بۆ پەتریك نەماوەتەوە وە هیچ دەسەلاتێکی لە سەر ئەو کەسە نیە و هیچ مافێکی نیە تاوانباری بکات. پرسیارەکە ئەوەیە، کام لەم دووانە گوناهبارن لەم تاوانەدا، مەکیخە وە یا دنحا؟ لە سەرەتاوە ئەگەرچی رەبەن حەننا تەئکید دەکات و دەلێت کەوا کەنیسەکە لەلایەن دنحا دروست کراوە ئەو کاتەی میترا پۆلیت بووە ئەمە باس کراوە لەگەل رووداوی سالی ١٢٦٢ - ١٢٦٥، پێویستە لەسەرم کەوا پارێزگاری لەو پەیوەندییە بکەم لە نێوان دەقەکانی تری تایبەت بە بابەتی دروستکردنی کەنیسە و نێوان ئامادەبوونی بەتریك لە ئەربیل. لە رووی دەروونییەوە دەبینین بایەخدانی پێویستە دەبینین کەوا پێویستە دنحا زەرەرمەندی گەورە بێت کاتێك کە دێتە سەر کورسی پەتریکی لە دوا رۆژدا ئەگەر کارێکی وا قێزەونی کردبێت لە رۆژانی رابردوودا با وا دابنێین بەرپرسیارەتی تاوانەکە دەکەوێتە ئەستۆی مەکیخا کارێکی لەو شێوەیە کێشەو هەست و سۆزی خەلك دەبزوێنێ وە ئەو تاوانەش بەبێ سزادان تێپەڕ نابێت کەوا لە بەغداوە حوکم دەدرێت لە سالی ١٢٦٤. دوای ئەوەی موسلمانان ددانەکانی خۆیان چیڕ دەکرد بەبێ ئەوەی بتوانن هیچ بکەن وەك بەرپەرچدانەوەیەك بۆ ئەو رووداوە قێزەونە بەلام دەلێن مەکیخە بەرەو بەغدا هەلاتووە هەموو ئاماژەکان ئاراستەن بۆ ئاراستەی پێچەوانە، وە بەرپرسیارەتییەکە دەخاتە ئەستۆی دنحا. ئێستا و هەرچەندەکو دۆخەکان لەبارن لە توانامانداییە بپارێینەوە بۆ گەردن ئازادی بەتریك(مەبەستمان ئەو سالانەیە کەوا کاری توونە و تیژی و درندەیی

مەسیحییەکان دووچاری ببوون کە بە تەئکید کاری کردۆتە سەر تووڕەبوونەکەی بەتریرک) بەرپەرچدانەوەکە ئامارژەیە بۆ ئەوەی کەوا سێبوری لێبڕاوە و هەڵەکە بارگرانیەکە وەك بارێکی تۆپەڵە ئاسنە هەڵیدەگرێت کە حوکم دانە بە مردن وە یا بە کردەوەی قورس بە درێژایی ڕۆژانی ژیانی داهاتوویدا. بۆیە دەبینین لە سەر خۆیی دیوانی پاشایەتی مەغۆلی سەرەڕای هەموو ئەو هۆکارانەی پێویستن کە دنحا ناچار بکرێت بۆ کارکردن لە پێناو پتەوکردنی ڕەگ و ڕیشەی مەسیحییەکان لە ئەربیل لێرە بەدواوە وتەیەکمان دەبێت بەتریك ترساوە! لەوەی کەوا ئامارژە هەیە ئامانجی دواکەوتنی وە یا کۆسپ دروستکردنە بۆ دروستکردنی کەنیسەکەی قەلا لە ماوەی دوورخستنەوەی بەتریك دنحا بۆ شارە کۆنەکەی خۆی کە کورسی میتراپۆلیت بوو لەو ماوەیەی دەکەوێتە نێوان ساڵانی ١٢٦٨ ـ ١٢٧١.

## ساڵانی دوای دنحا:

دنحا زۆر لە ئەربیل نەمایەوە لەبەر ئەوەی سزای میلەتی بەسەردا درابوو، لەبەر ئەوەش لە شار و قەسرەکەی خۆی لە بەغدا دەرکرا، دواتر دوورخرایەوە، لە ساڵی ١٢٧٢ هەوڵی کوشتنی عەلائەدین لە بەغدا ڕاگەیەندرا([٢٣١]).

لەو ڕووداوە حاکمی مەدەنی دنحای تاوانبار کردو سکاڵای لە سەر دنحا بەوە تاوانبار کرا لەلایەن بەتریك کەوا کاریگەری و دەستی هەبووە لە ڕووداوەکەدا لەبەر ئەوە(قوتبۆکە) حاکمی ئەربیل فەرمانێکی دەرکرد بە گرتنی جاسلیق و ژمارەیەك لە مەترانەکانی سەر بەو دوای چەند هەفتەیەکی کەم فەرمانی پاشایەتی لە بەغدا گەیشت ناسراو بە(ئورتا) بەبەڕاڵاکردنی گیراوەکان([٢٣٢]).

دنحا ئەوەی نەدەخوازی کە تووشی هات بۆیە هەڵات بەرەو(شنۆ) لە ئازربێجان. نەگەڕایەوە بۆ ئەربیل تاوەکو بەو شارە دوای ماوەیەك تێپەڕ بووە، کە دەکاتە ڕۆژی جەژنی خاچ(عید الصلیب) ساڵی ١٢٨٠. وە حکوومەتەکە لەو کاتەدا تووشی نەخۆشی هاتبوو، وە گەڕایەوە بۆ بەغدا تاوەکو کۆچی دوایی تێدا کردووە([٢٣٣]).

لە کۆتاییدا دەبینین کەوا نەعلەت و نەفرەت لە دنحا دەکرێت هەتاوەکو لە گۆڕەکەشی بێت لە ڕۆژی ٢٤ مانگی شوباتی ساڵی ١٢٨١ نێژراوە لە قەسرێکی نەفرەت لێکراو کە هی یەکێك لە ئەفسەرەکانی خەلیفە(الدوائیدار) بووە، ئەمانە پێشکەشی مەکیخایان کردبوو، کە لەوێوە مەکیخا هەڵات، ڕۆژانی سووتانی گەورە و هەڵچوونی میللەت لە ساڵ ١٢٦٨. لە ساڵی ١٢٩٥ پەتریکی دوای دنحا دەرکرا کە ناوی(یەهوالاهای سێیەم) بوو، دوای ئەوەی(قازان)

کەنیسە نوێیەکەی گەڕاندەوە و فەرمانی دەرکرد بۆ مەسیحییەکان بە دەرکردنی ئێسك و پروسکی مردوەکانیان و بردنیان بۆ دەرەوە. دوای ئەوەی رووفاتی هەردووکیان هەلگرت مەکیخا و دنحا کە بەرپرسیارن بەارمبەر هەموو ئەو کێشانەی دووچاری مەسیحییەکان هات دوای مردنیان، وە گواسترایەوە بە شێوەی کاتی نێژران لە کەنیسەی بازاڕی سێشەممە لە بەغدا([٢٣٤]).

زانیارییەکانمان لە سەر باری مەسیحییەکانی ئەربیل لە دوای دوورخستنەوەی دنحا زۆر کەمە. ئەو ئاگرەی کە لە ساڵی ١٢٧٤ روویدا یارمەتیدەرە بۆ هەست کردن بەو ناخۆشیانەی کە تێیدا دەژیان. لە هەمان ساڵدا و لە ترسی ئەوەی نەتوانن بسوڕێنەوە بە چڵە زەیتوونەکانیان لە(جەژنی سەعانین، وەیا شەعانین) بە شێوەیەکی ئاشتیانە، ناچار بوون پەنا بەرەن بۆ هەندێك لە مەسیحیە تەتەرەکان بۆ ئاهەنگ گێڕان. ئاهەنگگێڕەکان دەرچوون بە سەرپەرشتی میتراپۆلیتی ئەربیل و بە هەلگرتنی خاچەکانیان کە لای سەریان بە رم چەسپێنرابوون. سوڕانەوەکە بە پێی سرووتی ئاسایی کرا. بەلام عەرەبەکان بەردەبارانیان کردن و ئاهەنگگێڕەکانیان پەرت و بلاوە پێکرد و تۆقاندنیانی. دەتوانین بڵێین:(ئەو تەتەرانە مەسیحی راستەقینە بوون) فەرمانێکە باوەڕی پێ ناکەم.ئەگەر ئەم وتەیە وتەیەکی راست بێت دانیشتوانی ئەربیل ئەو جورئەتەیان نەدەکرد هێرش بکەنە سەر مەغۆلە راستەقینەکان ئەم واقیعە پاڵمان پێوە دەنێت بۆ ئەوەی گومان بکەین کەوا لە دانیشتوانی ئەشکەوتە شاخاویەکانی کرێگرتە بن لە باوباپیرە سەرەتاییەکانی ناشوورییەکان ـ لیڤییەکان، Levis واتە ئەو سەربازانەی کەوا بەکاردەهێنران وەك هێزی یارمەتیدەر بۆ فەوجەکانی مەغۆل([٢٣٥]).

ئەوانەئەگەرچی ناکۆکیان لە نێوان خۆیاندا دروست دەبوو لە بازنە تەسکەکاندا بەلام یەکگرتوو بوون لەگەڵ یەکتری بۆ بەرپەرچدانەوەی هێرشە جۆراوجۆرەکانی موسڵمانان.

## پەرش و بلاویان بووە هۆی پەیدا بوونی ئەو رووداوانە لە ساڵی ١٢٩٠ دا.

ئێمە ئەوە دەزانین کەوا بەردبارانی ئاهەنگگێڕانەکان لە ساڵی ١٢٧٤ کران بەلام ئەو ناخۆشیانە وەك دەیبینین دووبارە دەبۆوە و بۆ چەند جارێك و کۆتایی دەهات بە خەسارەتکردنی زۆر لە ئەنجامی هاوپەیمانی لەگەڵ داگیرکەرەکاندا پاساوەکەشیان ئەوە بوو(بۆ داخوازی پاراستنیان) هەروەها باری حاکمە مەسیحییەکان(هاوکاریکەرەکان) لەم قاوغە دەرناچێت. ئەمە لە هەمان کاتدا نموونەی بەرچاون. باری ئەو جۆرە فەرمانڕەوایانە بووە هۆی زۆرێك لە سەرئێشە بۆ مەسیحییەکان. لە ساڵی ١٢٦٤ مەغۆلەکان

مەسیحیەکی هەولێری(ئەربیل) ی تەنسیب کرد بە ناوی(زەکی الاربیلی ـ زەکی هەولێری) بە حاکم لە شاری موسڵ. دوای ئەویش(رازی ئەلیمبابا) کە حوکمی مردنی بە سەر سەپێنرا([236]).

ئەو فەرمانڕەوایە مەسیحیەی کە زۆر بەناوبانگ بووە(مەسعود کوڕی ئەعلام الدین یعقوب) لە(بێت قەوتا) گوندێکە دەکەوێتە ناوچەی ئەربیل([237]).

مەسعود فەرمانڕەوای موسڵ و ئەربیل بووە لە ساڵی ١٢٧٥ بە فەرمانی(ئەبەکا)([238]).

فرت و فێڵ و ئاژاوە زۆرەکانی مەسعود و هەڵگەڕاوەکانی([239]). زۆر زیانی گەورەی بە مەسیحی موسڵ و ئەربیل گەیاند.

## کۆتایی سەدەی سێزدەهەم:

لەو سەردەمەی کە دنحا بەتریك بوو، لە ئەربیل دوو کەسایەتی بەناوبانگ دەرکەوتن ناویان لە مێژووی کەنیسەی رۆژهەڵات تۆمار کراوە. ئەو دوو کەسایەتیە رەبەن بوون لە(ویخۆر) وە یا لە تورکەکانی رۆژهەڵات. یەکێکیان پەتریکی داهاتووە کە ناسراوە بە(یەهولاهای سێیەم) وە دووەمیان رەبەن(سۆما)یە.

مێژووی ئەو دوو رەبەنە بابەتی لێکۆڵینەوەی زۆرە وە وەرگێڕاوەتەوە بۆ ژمارەیەك زمان([240]).

لەو لێکۆڵینەوەیەماندا تەنها ئەو بەشە تایبەتەی ئەربیل باس دەکەین. لەگەڵ ڕێچکەی ڕووداوەکان و زنجیرە مێژووییەکان دەڵێن لە ساڵی ١٢٨٣ ئەربیل میتراپۆلیتی هەبوو لەلایەن(یەهولاها)([241]).

مەراسیمی بۆ کراوە و ناوی(موشێ، موسا) بووە. لە ساڵی ١٢٨٥ گروپێك لە سەربازەکانی سریان دوکانەکانی بازاڕی موسڵیان تالان کردووە بەرامبەر بەوە ژمارەیەك لە مەسیحی ئەربیل کوژراوە([242]).

لە ساڵی ١٢٨٩ میر(بۆکا) ڕووخاوە، پارێزەری فەرمانڕەواکانی مەسیحییەکان بەرامبەر بە فەرمانڕەوایی ئەربیل(تاج الدين المختص) بۆ موسڵ نێردراوە وەك بەرپەرچدانەوەیەك بە لابردنی مەسعود وە دەرکردنی لە فەرمانڕەوایەتی دواتر گیراوە و ئەشکەنجە دراوە و ماڵەکەشی بردراوە و تالان کراوە، ئینجا فڕێیان داوەتە ناو ڕووباری دیجلە. وە کاتێك ئەم توانایەی نەبووە بۆ بەرگریکردن لە ئازارەکانی لەوانەیە تاج الدین بە خنکاندن مردبێت بەڵام مەسعود گەڕێنرایەوە بۆ ئەربیل بە بەندکراوی و دوایش فەرمانی لە سێدارەدانی بەسەر جێبەجێکراوە لە ڕۆژی چوارەمی مانگی نیسان([243]).

لە هاوینی ساڵی دواتر، مەغۆڵەکان لە موسڵ و هەولێر کشانەوە، کوردەکان لە شاخەکان هاتنە خوارەوە و مەسیحییەکانی قەڵایان گەمارۆدا، ئەو کاتە زۆر شت روویدا کە پێشبینی نەدەکرا، وە ئەمە هۆکارێك بوو لە سەر ئەم رووداوە دەنگی گەورەی دایەوە لە مێژووی ئەورووپادا. هۆکاری ئەم هەرا و هۆریایە گەورەیە ئەوە بوو بەستنی ئەرگان لەگەڵ فەرهەنگەکان ـ راستیەکەی رۆڵەکانی جەنوە ـ بۆ دروستکردنی سەفینەکان لە بەسرا بۆ هێرشکردنە سەر میسر، هەندێك هێز هەبوون بەرەو باشوور دەچوون لەوانە(٢٠٠) سەرباز لەگەڵ رێڕەوی دیجلە بەرەو موسڵ دەچوو وە(٧٠٠) تر بە پیادە دەهاتن، تاوەکو نزیك ئەربیل بوونەوە. کوردەکان کە گوێیان لە گەیشتنی ئەو هێزە بوو، ناچار بوون گەمارۆکەیان شکاند و کۆتایی هێنا. ئارەزوو کردن بۆ پتەوکردنی متمانە کردن، دانیشتوانی قەلا هەڵسان بە ناردنی کۆمەڵێك لە سوارە(٢٠٠) سواری چیایی بۆ گوندی دراوسێ ناسراو بە (بێت سەیادێ) بۆ ئەوەی دانیشتوانەکە رازی بکەن، کەوا بەرژەوەندییە هاوبەشەکە ئەوە دەخوازێت بێنەوە ناو قەلای ئەربیل. لە گەڕانەوەی کۆمەڵە سوارەکە، بێ باکانە بلاوەیان کرد، رووبەڕوی هێرشێکی کوردی چاوەڕوان نەکراو بوون، ژمارەیەکیان لێ کوژرا، وە ژمارەیەکی زۆریشیان لێ بەدیل گیرا، وە کەلوپەلەکان و خۆراکەکانیشیان بەتالان برد. دوای ماوەیەکی کورت پاڵەوانیەتییەکی گاڵتەجاڕی روویدا ورەی گەمارۆدراوەکانی پێ بەرز ببۆوە و ژمارەیەك لە سریانەکان نزیکەی(٢٠٠) کەس دەبوون بۆ یارمەتیدانی کوردەکانی ئەربیل بەو هیوایەی بەشێکیان بەرکەوێت لەو کێکە تالان کراوە، بەلام ئەنجام پێچەوانە دەرچوو گەمارۆدراوەکان هێرشیان کردە سەر ئەو بەکرێ گیراوانە بەشێك لە سەنگەرەکانیان تالان کرا. دواتر بارەکە گۆڕا، ململانێیەکە خەتەرناکتر و گەرموگوڕتر بوو کەنیسەکان کەوتنە بەر هەڕوگیف لەو ماوەیەی کەوا(بیدۆ) بوو بە ئیسلام. بەلام یارمەتی هەیسەم شای ئەرمەنەکان گەیشت([٢٤٤]).

ئێستاکە ئێمە لە ساڵی ١٢٩٥ داین دەبینین کەوا چەوسانەوەکان بە شێوەیەکی ئاشکرا دەکرێت وە لە شوێنی هێرش بەری بە هۆی ئەو یارمەتیەی کەوا نەورۆز دەیکرد وە(بیدۆ) ی کوشت لەوانەیە ئەمە بە پشتگیری قازان بووبێت، کەنیسەکانی موسڵ بە پارەیەکی خەیاڵی پێشکەش کران کە نرخەکانیان بەرامبەر زێڕ بوو مەسیحییەکانی ئەربیل دەستیان کرد بە پێشکەشکردنی ئەوەی کە لە لایەن داگیرکەرەکان لە سەرمیان دابوون بە رادەیەکی زۆر قورس ناچار بوو میتراپۆلیت واز لە بینایەکان بهێنێ و کاولیان کرد. لە رۆژی ١٢٩٥/٩/٢٨ سێ کەنیسەی زۆر جوان وە زۆر بەداخەوە ناوەکانیان نازانین بە تەواوەتی رووخێندران و لەگەڵ زەوی تەختیان کردن([٢٤٥]).

گەمارۆیەکی تر بە سەر قەلاّی ئەربیل سەپێنرا، لە کۆتایی سەدەکە، هۆکاری ئـەو گەمارۆیـە کەشتنی عەرەبێکە لەلایەن بەکرێگیراوێکی چیایی([٢٤٦]).
ئــەو پــردە پچــڕا کــە دەگەیشــتە قەلاّکــە، گەمارۆکــە لــە ڕۆژی دووەمــی بــەڕۆژووی نەینەوایە(ماوەکە لە نێوان مانگی کانوونی دووەم و شوبات لە سالّدا ـ وەرگێڕ).
تــاوەکو جــەژنی خــاچ(دەکاتــە ناوەڕاســتی مــانگی ئــەیلوول لــە ســالّدا ـ وەرگێــڕ). بــاری مەسیحیەکانی دانیشتوانی شار لە ژێر قـەلاّدا زۆر خـراپ بـوو لەبەرئـەوەی قوربـانی هـەموو جۆرە کردەوەیەکی توندو تیژی و تۆقاندن و تالاّن و بڕۆ و هەڕەشەکردن دەبوونەوە([٢٤٧]).
قازان پەشیمان ببۆوە لەو فەرمانە توندو تیژەی دەرهەق بە مەسـیحییەکان دەری کردبـوو، وە بەزەیی پێهاتن و دلّی نەرم بووە لەبەر ئەو پاڕانەوەی کەوا لەلایـەن(پـەتریریك هوالاهـا) لێکرا جارێکی تر ئاشتیەکی کاتی بالّی بەسر ناوچەکە کێشا بـە تایبـەتی دوای بـەڕەلاّکردنی دیلەکان بەم شێوەیە قەلاّ بە مولّکی خۆیان مایەوە، بەلاّم ئەوە زۆری درێژە نەکێشا.

## کاتژمێری تووڕەیی لێدەدات

ئارامیەکی پڕ لە دلّەڕاوکێ بالّی بەسەر سالاّنی یەکەمی سـەدەی چـواردەهەم کێشـا. لـە سـالّی ١٣٠٣، بەتریك یەهوالاها ڕۆژەکانی وەرزی زستانی وەك پیشەی هەمیشەیی خـۆی لـە بارەگـای بـەتریکی خـۆی بەسـەر دەبـرد کـە لـە لایـەن دنحاوە دروسـت کرابـوو لـە قـەلاّی هـەولێری تووندوتۆلّ. درێژەی کێشا ئەم ڕۆژانەی مانەوەی بـەتریك لـە زسـتانان تـاوەکو سـالّی ١٣٠٦ وە بـە شـێوەیەکی نائاسـایی تـاوەکو گەیشـتە مـانگی ئـازاری سـالّی ١٣٠٨، هۆکارەکـان لـە بەلّگـە نامەکەدا پێمان نالّێن بە مانەوەی ناسروشـتی بـۆ ئـەو مـاوە درێژەیـە، لەوانەیـە هۆکارەکـانی ئەوە بێت توانای نەبووە مەسروفاتی خەرجی سەفەرەکان و گواستنەوە بکا([٢٤٨]).
لەلایەکی دیکە ڕەنگە بلّێن هۆکارەکـان: هـەژاری و نـەداری بـووە کـەوا پـەتریك تیایـدا دەژیـا لـە ئـەنجامی ئـەو پـارە زۆرەی کـە لـە دەرهێنـانی(الخمـر ـ شـەڕاب) ی زۆر سـەرف دەکـرد کـە پێشکەشی میرەکانی مەغۆلی دەکرد بۆ ئەوەی دۆستایەتییەکە بپـارێزن و بـەرگری پاراسـتنی بکەن.
بـە شـێوەیەکی فـەرمی قـەرزەکانی پـەتریکی لـە بودجـەی سـالّی ١٣٠٦ ـ ١٣٠٧ زۆر ڕوون و ئاشـکرایە بـەلاّم هۆکارەکانیـان دیـاری نـەکردووە. لـە سـالّی ١٣١٠ زەنگـی کاتـژمێری ترسـناك لێیدا، وەك چـەخماخە کاتێـك تەقینـەوەی گـەورە ڕوویـدا و هـات و هـاواری مەسـیحییەکانی بلاّودەبۆوە و وەك پەرش بوونەوەی ئاگر لە پووش و پەلاّشدا، هۆکاری ڕووداوەکـەش،(وە یـا

وەك راستی بیانگەیە) وە كۆتایی هاتن بە كاولكردنێكی تەواو كە بۆی نیە جارێكی تر بكرێتەوە. هات و هاواری هەندێ لە مەسیحیە خۆفرشەكان([249])، لە هەڵسوكەوتدا.
تۆپەكە كەوتە گۆڕەپانی عەرەبان دوای ئەوەی چەند كەسانێك لە خۆفرۆشە مەسیحییەكان ئەو كارەیان كرد لەلایەك، وە حاجی(دلگۆندی) كە لە لایەن شێخ محەمەد حاكمی ئەربیل بە ئامادەباشی ساز كرابوونەوە براكەشی ئەحمەد لەلایەكی تردا.
ئەو دوانەی دوایی هاوپەیمانییەكیان هەبوو لە ناو قەڵاكەدا دەژیان. ئەو هاوپەیمانە برای حاجی بوو، وە ناوی(ناسر) بوو، ئەو ئاگرەی هەڵگیرساند بە هەڵچوونی میللی لە ساڵی ١٢٩٧ وە لە ئەنجامدا یەكێك لە تاوەرەكانی قەڵا نزیك لە دەرگا كەوتە بەر شاڵاوی هێرش كردن بووە هۆی كۆبوونەوەی خەڵكانێكی زۆر بۆ شەڕكردن بە چەك و تەقەمەنییەوە، سەرەڕای بانگەوازكردنی سەرباز و سوپای نیزامی پاڵەوانەكانی ئەم چیرۆكە لە ئاینی مەسیحی ئەمانە بوون: بەتریك یەهوالای كە جێگا و بارەگای لە ئەربیل بوو وە هەروەها سێ لە مەترانەكان ئەمانەن میترابۆلیتی موسڵ و میترابۆلیتی ئەربیل([250]).
وە مەتران حانیتا عەودویەشوع وە هەروەها رەبەن داود و رەبەن دنحا سەرۆكی دێری(ترعێل) فەرمان بەخۆفرۆشەكان درا، كە شوێنەكە جێبهێڵن، بە تەئكید ئەمانیش رەتیدەكەنەوە و فەرمانەكە جێبەجێ ناكەن، لە رۆژی ١٢ ی ئازار مەغۆلەكان پەتریكیان بەهێز دوورخستەوە بۆ(ترعێل) دوای ئەوەی كە ئاگاداریان كردەوە بارەكە بەرەو خراپتر دەڕوات لە سەر داخوازی و پێداگیری فەرماندە(سەوتی)بەتریك یەهوالاها داوای لە چیاییەكان كرد بۆ ئەوەی فەرمانەكە جێبەجێ بكەن بۆ چەند جارێك لە رێگای ناوبژیوانەكان كە بەكاری دەهێنان بۆ ئەوەی ئامۆژگاری چیاییەكان بكەن و پێیان بسەلێنن بۆ ئەوەی بەدەنگ داخوازیەكە بێن و قەلا بەجێبهێڵن. كاتێك فەرمانەكە جێبەجێكرا بە پێی داخوازیەكە ناسر خۆی ئامادە كرد بۆ قۆناغی هێرش بردن بەو بیانووەی كە دەورە دراوە و دەیانەوێت لە تاوەرەكەی خۆی دەربكرێت لە رۆژی دووشەممە رێكەوتی ١٦ ی مانگ بۆ جارێكی ترمیر بەتریكی ناچار كرد بەناردنی شاندێكی تر و بەكارهێنانی بەلام ئەمجارەیان داخوازیەكە دیاری كرابوو: بە رێگەدان بۆ ناسر بە چۆڵكردنی تاوەرەكەی بە ئاشتیانە و ئارامی. نێردراوەكان بە هەندیان هەڵنەگرت و پەرتەوازە بوون و لێكترازان. رەبەن داود كوژرا و میترا پۆلیت ئیشوع سورەن توانی هەڵبێ بەرامبەر لێدانێكی زۆر بە دار و بەرچیغ ئازارەكانی بە هاسانی لەبیر ناكرێن چەند نووكە خەنجەرێك كە ئێش و ئازاری زۆرە و شوێنەواری لە جەستەی دیار بوو. لە كاتێكدا عەرەب و مەغۆلەكان خۆیان سازدا بۆ هێرشكردنە سەر قەلا قەسابخانەكان لە بەشی خوارووی شار

دەكرا لە سەر قاچ و قول و بە خێرایی چوار كەنیسەكەی گەڕەكە نوێیەكان بەتەواوەتی تالآن و بڕۆ كران ئەمانەن: دوو كەنیسەی نەستۆرییەكان یەكێكیان بە ناوی ئیشۆعسورەن) ی شەهید ناونرابوو، وە ئەوەی تریان كەنیسەی مەعانیو(كەنیسەی سێیەمی پێ دەوترا.(كەنیسەی مارت مریەم) ـ وەرگێڕ) هی یەعقوبیەكان بوو.وە كەنیسەی چوارەم و دوایی هی ئەرمەنەكان بوو، كە تاكە كەنیسە ئەرمەن بوو لە ئەربیل([٢٥١]).

لەو كاتەوە قەلآ گەمارۆی لە سەر توونـد كرا دوای ئەوەی ژمارەیەكی زۆر لە عەرەب و كوردی چیایی هاتنە پاڵ هێزەكانی مەغۆل. گوندە مەسیحییەكانی دەوروبەر پێویست بوو لە سەریان باجێكی زۆر و گران بدەن بەرامبەر مانەوەیان لە سەر ئاینەكەیان وەك باجێكی دیاریكراو: خواردن و خۆراك و پارە و پوول و ئەمانە دەدرا بەو باند و تاقمە دز و جەردانەی داگیركەران كە بەرەڵاكرابوون كاتێك دەچوونە سەردان و بە گوندەكاندا دەسوڕانەوە ناوە ناوە. لەو ماوەیەی مێژوودا جاسلیق گواسترایەوە، لە(ترعێل) بۆ(بێت سەیادێ) بەبێ میتراپۆلیتی ئەربیل وە قەناعەتی پێ هێنا بۆ ئەوەی بچێتە بەغدا بە هاوڕێتی گەنجێك بۆ ئەوەی لەبەردەم پاشای بەغدا بپاڕێتەوە كە لە هەولێر چی روودەدات.

(سەوتی) فەرماندە لە بەرامبەردا راپۆرتێكی لەسەر بارودۆخەكە بۆ بەغدا نارد بەڵام بەبێ ئەوەی ئامـاژە بەو قەسابخانەیەی كە دەرهەق بە مەسیحییەكان دەكرێت. وەڵامی ئۆلجیتۆ داخوازیەك بوو بۆ میر بۆ روونكردنەوەی ئەم رووداوانە. دوای گەیشتنی داخوازیەكە میر تورەبوو دڵی پڕ بوو لە رق و قینە و چوو بۆ هێرش و هەڕەشەكردنی پەتریك و بێزاركردنی بە قسەی ناشیرین و بریندار تا وای لێهات بەتریك دەستی لە خۆی بەردا و هەموو داخوازیەكانی میری جێبەجێ كرد، كە ئەمانە بوون: بەڵگەنامەیەك بە دەست خەتی خۆی بنووسێت بۆ شا و تێیدا كەوا دانیشتوانی قەلآ بریتییە لە كۆمەڵە كەسانێكی چەتەو كاتێك حاجی دلكەندی ئەم بەڵگەنامەیەی كەوتە دەست خۆی بردیە لای شا. بەڵام لە سەر ئەوەشەوە حاجی سەرنەكەوت و شكستی هێنا، بە دەرچوونی مەرسومێكی شاهانە گەیشتە ئەربیل لە رۆژی ٢٤ ی نیسان .... فەرماندەدادت بەلباوبوونەوەی ئاشتی و گەڕانەوەی بارودۆخەكە بۆ جاری جاران كە چۆن بووە.

بەهۆی داواكردنی لە(سەوتی) بۆ پارێزگای خۆی، دیار بەكر بە هۆی ئەو هەڕوگیفەی كە دوژمنەكان دەیانكرد ئەربیلی بەجێهێشت بەڵام نەیدەویست ئەربیل بەجێبهێڵێت بەبێ ئەوەی سەركۆنەی بەتریك بكات كە لە ناو قەڵادابوو. كە بۆ جاری دووەم گەمارۆ خرایە سەر و دیسان قەتل و عامەكە دەستی پێكردەوە. ئەو كاتە دەنگوباسە نوێیەكان گەیشتنە دیوانی پاشایەتی باس لە خراپی وەزعی گەمارۆدراوەكان دەكات. ئەنجامی ئەو هەواڵە شا

فەرمانی دا بە دابینکردنی پارەو پولی لەبار بۆ چاککردنەوەی قەڵا و ئاگادارکردنەوە و سەرنجڕاکێشانی بەتریك بەهۆی ئەوەی کەمتەرخەمی و دەست یەکلاوکردنە لەگەڵ نەیاراندا لەو ماوەیەدا و لەگەڵ گۆڕانکاری رووداوەکان میترا پۆلیتی ئەربیل باوەڕی وابوو کەوا کارەکانی تەواو بووە، وە ئاشتی باڵی بەسەر ئەربیل کێشاوەتەوە و رووی کردە بێت سەیادێ دوای گەیشتنی، وە دۆزینەوەی راستییەکان بارودۆخی ناوچەکە زوو هەڵچوو تووڕە بوو بڕیاری گەڕانەوەی دا راستەوخۆ سەرەڕای زەحمەتی ڕێگا و بان و خەترناکییەوە، رووی کردە دیوانی پاشایەتی کە گواسترابۆوە بۆ بەری رۆژهەڵات لە ولاتدا لە رۆژی ١٦ ی ئایار گەیشتە هەمەدان کە شا لە شار دەرچوو بوو.میترا پۆلیت لەوە گەیشتبوو کەوا خەترناکی هەیە لە ئەنجامی هەوڵەکانیدا کە چارەنووس و ژیانی جاسلیقی پێوە گرێدراوە، ئەم راستیە رووناکە پاڵی پێوە نا بۆ ئەوەی هەوڵەکان بە جدی بکات و جورئەت بە خۆی بدات چوو بۆ ئەوەی داوای یارمەتی بکات لە فەرمانڕەواکان و بۆیان روونبکاتەوە کەوا وەزعی بەتریك لە چیدایە. ئەمە کاری کردە سەر فەرمانڕەواکان و قسەکانیان گەیاندە شا یەکسەر شا بڕیاری دا بە تەکلیفکردنی گەورەی فەرماندەکان(تشۆبان) بایەخ بە بابەتەکە بدات. بەلأم لەبەر ئەوەی ئەو هەوڵانەی بە(تشۆبان) گەیشتبوون پێچەوانە بوو لە ڕێگەی برا بچووکی میترا پۆلیت کە لە دەستی تاوانباران رزگاری بوو، توانرا رفێندراوەکە رزگار بکرێت لەلایەك دواتر چەند نامەیەکی پێبدرێت و مۆری گەورەی لێبدرێت بە مۆرەکانی فەرماندەکان کەوا فەرمان دەدەن بە پارێزگاری مەسیحییەکان. لەو کاتەدا وە لە رۆژی هەینی رێکەوتی ٢٦ ی حوزەیران عەرەبەکان بەتریکیان بۆ جاری دووەم قەناعەت پێ هێنا کەوا پێویستە بڕیاری چۆڵکردنی قەلا جێبەجێ بکات. کاتێك دانیشتوان فەرمانەکەیان جێبەجێ دەکرد بۆ خۆئامادەکردن بە چۆڵکردنی قەلا کۆمەڵی یەکەم کەوا ژمارەیان ١٥٠ پیاو و ژن و منداڵ بوون بۆ چوونە خوارەوە بێزکاریان پێکردن و ژمارەیەکیان لێ کوشتن وە ژمارەیەکیان رفێنران کاتێك بەتریکی بەهەوالاها ئەم کۆتاییە مەترسیدارە بە رۆڵەکانی دەکرێت بڕیاری هاتنە خوارەوەی داو مەترانەکان و هەندێك لە رەبەنەکان و قەشەکان بەشداریان کرد بە کۆمەڵ لەگەڵ چارەنووسی گەلەکەیان و چوونە رێزی شەهیدە بێتاوانەکان. رەنگە ئەو چارەنووسە کۆتایی بێت بۆ ژیانی هەموو ئەوانە ئەگەر پەلە کردن نەبووایە لەلایەن میترا پۆلیت لە داواکردن لەبەرپرسی پاسەوانەکان کە یاوەریان بوون فەرمانەکانی مۆرکراویان بەرز کردبۆوە لە هەموو لایەك بە دابینکردنی پاسەوان بۆیان ئەم خێراییە لە داواکردن لە ئەنجامی دڵەڕاوکێ بوو، کە رەنگە کارێکی خوێناوی رووبدات، وە لەوانەیە لە رێگا تووشی ببێت بەلأم داواکارییەکە دیاریکراو بوو بە

ناردنی نێردراوێك كە پێیان بڵێت دەربارەی فەرمانەكانی شا كە فەرمانی داوە بە پاسەوانیكردنی مەسیحییەكان. گەیشتنی نێردراوی بەرپرسی پاسەوانەكان لە رۆژی شەممە پێش رۆژئاوابوون بوو، هەواڵەكەیان پێراگەیاند. ئەو كاتە چەوساوەكان ناچار بوون رێگەی بەتریك و گروپەكەی بگرن بە چۆڵ كردن و رۆیشتن بەرەو عەنكاوە بۆ ئێوارەی هەمان رۆژ لە رۆژی یەكشەممە واتە ٢٨ ی حوزەیران میترابۆلیت گەیشت بە یاوەری پاسەوانەكانی مەغۆل بە فەرمانە مۆركراوەكان لەگەڵیاندا، بووە هۆی خۆشحاڵی و رەوینەوەی دڵەراوكێ. سەرەڕای فەرمانەكانی شا گەمارۆدراوەكان لە سەر كەللەڕەقی خۆیان مانەوە و هیچ سەریان دانەنواند بەرامبەر ئەو تووند و تیژی و تۆقاندنانەوە. برسیتی گەمارۆدراوەكان لەلایەك و ئەو بەڵێنانەی كە ناسر دابووی لەلایەكی ترەوە ناچاركران كەوا باوەڕیان بەچۆلكردن پێ بهێنن ئەو كۆمەڵە چەتە و رێگرە بەخۆیان و خێزانەكانیان یەكەم بوون لە هاتنە خوارەوە. وە رێگەیان دان بڕۆن بەرەو عەنكاوە بە ئاشتی. بۆ رۆژی دواتر بە زۆرداری دەریان كردن و پاكتاوی تەواویان كردن بە دانانی قەسابخانەیەكی مەترسیدار و هەموویان كوشتن. ئەمە رۆژی چوار شەممە بوو لە یەكی تەمووزی ساڵی ١٣١٠ رۆژی فەرمی بە كۆتایی هێنان بە هێرشكردنە سەر قەلاّ دوای ئەوەی كە دوژمنە سەر سەختەكان كردیان و هەرچی مابوونەوە كوشتیان و گیانلەبەریان نەهێشت. ماڵەكان تالاّن كران و موڵك و سامانەكانیان هەموو برد و دەستیان بەسەردا گرت و ئەوەی كە شاردرابۆوە ئەویشیان تالاّن و برۆ كرد و چیاییەكان هەموو ئەو كەسانەی زیندوو بوون لە سەر قەلاّو شوورەكان دا فڕێیان دانە خوارەوە وە لە خوارەوە بە شیرەكانیانەوە پێشوازیان لێدەكردن و كۆتاییان بە ژیانیان دەهێنا بە دڕندەترین شێوە و ئەتك كردنیان. ئەو زوڵم و زۆرداریە ناچاری كردن كە هەندێكیان ژن و كچە لاوە جوانەكانیان بفرۆشن وە یا بیبەخشن بۆ هەرچی كەسێك كە رووی تێكردبان وەك دیاری. لەم واقیعە تفت و تاڵە و كۆتاییە مەترسیدارە دەتوانین لە وتەی بەتریك یەهوالای تێبگەین لە دوای بێهیوایی كە تووشی هاتبوو هاواری كرد بە دڵ سووتاوی داخەوە(من زۆر داخ دەخۆم لەبەر ئەوەی خزمەتی مەغۆلم كرد!).

## لە دوای گەردەلوول:

بەتریك لە(بێت سەیادی) مایەوە هەموو كاتەكانی لە پێناو كۆكردنەوەی زێڕ بوو بۆ ئەوەی پێشكەشی بكات وەك دیاری بۆ هەر كەسێك كە یاریدەی بدات هەروەك باسی دەكات. دواتر بە تەواوەتی ئەربیلی بەجێهێشت و لە رۆژی ٨ ی مانگی تەمووز لە ساڵی ١٣١٧

کۆچی دوایی کرد لەو دێرەی کە دروستی کردبوو لە(مەراغا) کە ئەم دێرەش کەوتە بەر شالاّو و رووخاندن. ئێسك و پروسكی یەهوالاها گواسترایەوە بۆ گۆڕێك لە نزیك دێری(ترعێل) نزیك ئەربیل لەناو جەرگەی ئەو مەسیحیەتەی کە خۆی لە پێناودا بەخت کرد بە هەموو ئازارەکانیەوە.

لە دوای ئەو ئەبرەهام یووسف هاتە شوێنی لە دوای گواستنەوەی لە کورسی میتراپۆلیتی موسڵ بۆ کورسی میتراپۆلیتی ئەربیل بە نازناوێك نازانین ئەومیە وە یا ئەویترە لەوانەیە یەك لە یاریکەرەکان بێت لە رووداوە ناخۆشەکانی ساڵی ۱۳۱۰.

بوو بە بەتریك لە ساڵی ۱۳۱۸([٢٥٢]). پێدەچێت رۆڵی ئەو لانەچووبێت، وە ئەو ناوەی کە هەڵیبژاردووە بە تایبەتی لەو کاتەدا، بە درێژی بۆمان باس دەکات وە دەنگوباسی زۆرمان پێدەبەخشێت کە ئەوەی کرد بە یووسف ـ تیماتیۆس دووەم پێشەنگی بوو(مەبەستی لەمە تیماتیۆسی یەکەم) ە.

لە تواناماندایە باوەڕ بکەین هەمان میترۆپۆلیتی بەتوانایە کە چووە ناو ئەو خەتەرناکە زۆرە و غیرەتی بەخۆی دا کاتێك لەبەردەم پیاوانی دەوڵەت وەستایەوە لە هەوڵی رزگارکردنی پەتریك و گەلەکەی. کەواتە بە پێویست دەزانرێ کەوا یووسف میتراپۆلیت بووە لە ساڵی ۱۳۱۰ وە بەمە دەردەکەوێ ئیشووعسورەن لە دوای ئەو هاتۆتە سەر کورسی موسڵ([٢٥٣]).

باس لە هەڵبژاردنەکانی یووسف دەکرێت لە دانیشتنی لە سەر کورسی بەتریکی زۆر مەدحی دەکرێت لە فراوانی ژمارەیەکی زۆر لە زمانەکان وە بۆ کاتەکان و زانیاری و زانستی زۆرەوە دوای هەڵبژاردنی بە بەتریك تیماتیۆسی دووەم لە هەولێر مایەوە و کورسیەکەی تیا جێگیر کرد تا کۆچی دوایی لە ساڵی ۱۳۳۲([٢٥٤]).

ئەوەی بەدواداچوون و باس لێوە دەکات لە نووسینەوەی مێژوو(ابن العبری) بە ناوی ئەربیل بۆ سێ جاری تر هاتووە کاتێك باس لەو ماوەیە دا دەکات، نیوەی دووەم لە سەدەی چواردەهەم. لە ساڵی ۱۳٦۹، شاری ئەربیل لەلایەن مەفرمیان ئەبرەهام ئەسناس سەردان کراوە کە لە بەغدا گەڕاوەتەوە کۆمەڵێك یاوەری هەبووە. سەرکەوتووە بۆ قەلاّ بۆ سەردانی فەرماندە میر یەحیا بە پێی نەریتەکان کەنیسەی یەعقوبییەکان لە قەلاّ کە بە ناوی مارپەهنام ناونرا، ئاوەدانکراوە و چاککراوەتەوە، مەفرمیان ماوەتەوە تیایدا تا وەکو جەژنی گەورە(عید الفصح ـ جەژنی هەڵسانەوە)([٢٥٥]).

دواتر میر یەحیا کۆچی دوایی کردووە و کوڕەکەی بەدرەدین محەمەد) شوێنی گۆتۆتەوە. مەفرمیان داوای لە بەدرەدین محەمەد کردووە کە لە ئەربیل بێت لە دوای ناچارکردنی بەجێهێشتنی کەرەملێس([٢٥٦]).

بۆ بەدواچوونی ئەو بابەتە تکایە تێبینی بکە کەوا جاسلیق دنحای دووەم ١٣٣٢ تا دوای ساڵی ١٣٦٤ ئەویش ئەربیلی بەجێهێشتووە وە بارەگای لە کەرملێس جێگیر کردووە لە ساڵی ١٣٧٥ کەنیسەی گەورەی یەعقوبییەکانیان تێك و پێك دا و کاول کرا([٢٥٧]).

وەك لە پێشەوە باسمان کرد یەعقوبیەکان تەنها کەنیسەیەکیان هەبوو بە ناوی مارپەهنام لەناو قەلاّ. وە کەنیسەیەکی تر بە ناوی پاکیزە ـ العذراء) لە گەڕەکی خوارەوە. ئەو کەنیسەیە لە ساڵی ١٣١٠ وێران کراوە ئێمە نازانین کامیان گەورەتر بووە لەو دوو کەنیسەیە کە وێران کراون([٢٥٨]).

لە سەدەی چواردەهەم وە لە مێژوویەکی دیارینەکراو لە سەر کورسی میتراپۆلیتی تایبەت بە شارەکە دانیشت بە ناوی(یۆحەنان کوڕی یاك) باس دەکرێت کەوا خەڵکی ئەربیل(هەولێر) بووە، واتە ئەربیلی هیچ شتێك دەربارەی نازانرێت تەنها وەك دانەرێك بۆ سەردولکەی ئاینی نەبێت([٢٥٩]).

## کۆتایی:

لێرە بە دواوە، رۆژی هەولێر دەبینین لە رووی مێژووییەوە روو لە رۆژئاوابوون دەکات وە هیچ نابێت تەنها هەندێك ناو نەبێت کە دیارن و دەردەکەون بە گەشاوەیی لە ناو هەورەکان کە ئاسمانەکەی داپۆشیوە و قسەی خۆمانی لە سەر دەکەین لە سەر ئەو رووداوە گرنگانە و چیرۆکەکان کە گوێمان لێ دەبێت یەك بۆ یەکی گێڕاوەتەوە وەك تۆمارگە. بەختەوەر دەبین ئەگەر پەیوەندیەك هەبێت لە نێوان ناوەکان و رووداوەکاندا. زۆر بە داخەوە دەڵێین: پێویستە لە سەرمان رازی بین بەو زانستە کەمە و وشکی سەرچاوەکان مادام ئەو جۆرە واقیعە هەیە. لە ساڵی ١٤٢٤(میر ئەسبەهان) هێرشێکی بۆ سەر موسڵ و ئەربیل کرد بەشێك لەم رووداوە بە درێژی نووسراوە لەلایەن یەکێك لە نووسەرەکانی ئەکلیرۆس([٢٦٠]).

دەقەکانی ئەم دەستنووسە کەڵکی زۆری هەیە بۆ مەسیحییەکان لەبەر ئەوە زانیاری تیایە. لە سەدەی پازدەهەم، رێزمان نووس و نووسەری ئەربیل بەناوبانگ ئیشۆعیاب کوڕی موقەدەم(دەرکەوت)([٢٦١]).

ئەو بەرێزە مەترانی(داسن) بوو لە ساڵی ١٤٢٦ ـ ١٤٢٧ دواتر میتراپۆلیتی ئەربیل لە ساڵی ١٤٤٣، وە هەروەها لە ساڵی ١٤٥٢. وەك دەردەكەوێ بە تۆما بانگ دەكرا. جا لە كاتی لە ناوهەڵكێشانا وە یا ئەو كاتەی میتراپۆلیت بووە. ئیشۆعیاوێكی تریش هەیە و نازناوی(برماما) یەو بەڵێنی پێدراوە سەركەوێت بۆ كورسی بەتریكی دوای ئەوەی كە لە سەر كورسی میتراپۆلیتی ئەربیل كاری كردووە، لە ژێر ناوی(شەمعوونی هەشتەم)([٢٦٢]).
لە دوای ئەو كوڕی خوشكی وە یا برای ئەم كورسیەی گرتۆتەوە. بۆیە دنحا برماما دەبێتە دوژمنێكی سەرسەختی(سولاقا) یەكەم بەتریكی كاسۆلیكییە، هەندێك برماما تاوانبار دەكەن كەوا هاندەر بووە بۆ كوشتنی سولاقە. میتراپۆلیتی ئەربیل ئەو كات یەكێك لەو سێیانە كەوا لە سەر كورسی میتراپۆلیتی ئەربیل دانیشتن وە لە سەر مەزهەبی نەستۆری مانەوە، وە لەوانە بەشداریان كردووە لە هەڵبژاردنی بەتریك. لە ساڵی ١٥٥٢ سۆلاقە هەڵبژێردرا بۆ بەتریكی. لەو پرسیارە: ئەم میتراپۆلیتە چ ناوێكی هەبوو؟ دەبینین كەوا([٢٦٣]).
Lequien بە(ئادەم) ناوی دەبات بە پێی ئەو نامەیەی بۆ Ander Masius ناردووە، بە پێی ئەو بەڵگەنامانەی لە سەر ئەو هەڵبژاردنە هەیە([٢٦٤]).
گومان دەكرێت كەوا ئەو ناوەی ئادەم كە نووسراوە لە دەقەكاندا دەگەڕێتەوەبۆ پیاوێكی عەلمانی لە دەوڵەمەندەكان، دیاری كراوە بۆ هاوڕێیەتی كردنی هەڵبژێردراوەكە بەرەو رۆما. میتراپۆلیتی ئەربیل دوو یاریدەدەری هەبوو یەكەمیان ئەسقەفیەی سیراوە، ئەوی تریان هی(عەنكاوە) ناوی لە زنجیرەكانی دا هاتووە ـ كە رەنگە لاوەكی بێت لە گرنگیدا ـ تایبەت بە ئەبرەشییەكانی بۆ ساڵی ١٥٦٢ بە پێی ئەو لیستەی كە لەلایەن عەودیشی چوارەم ماڕون داندراوە، بەتریكی موسڵ و ئەیارەكەی بەتریكی دێری رەبەن هورمز(دێری رەبەن هورمز بارەگای سەرەكی بەتریكی بووە بۆ ماوەیەك ئەو ماوەیە بە ناكۆكیەكی تاڵ و تفت لە نێوان ئەو دوو بەتریكە دەردەكەوێت - وەرگێڕ. دواتر دەبینین ئەوەی كە گومانمان لێیەتی لەو لیستە([٢٦٥]).
ئەو كات باری مەسیحیەكانی ئەربیل گەشاوە نەبوون لەبەرئەوەی كۆچكردنی بەردەوام هەبوو، هەندێك خێزانی ئەربیلی لە مەسیحییەكان گەیشتنە(جزیرەی بن عومەر) ساڵی ١٥٦٦([٢٦٦]).
وە یا بۆ ناوچەی(سوما)([٢٦٧]).
لێرەدا پێویستە ئاماژە بكەین بۆ ئەو ئامارەی كەوا بڵاونەكراوەتەوە([٢٦٨]).

دەقەکەی ئەمەیە: ئەربیل مەترانێکی هەبووە بە ناوی ئیسرائیل بە رەچەڵەك خەڵکی جەزیرە بووە لە ژێر دەسەڵاتی دا چەند قەشە و شەماشەیەك هەبووە ژمارەیان پێویستییەکانی پڕ کردووە وە دوو کەنیسەی هەبووە یەکەمیان ناسراوە بە(کنیسة الشهداء) کەنیسەی شەهیدان.

بەلام دووەمیان لە سەر ناوی(مارئیسحاق) ناونراوە. ژمارەی باوەڕدارانی دەگەیشتە ١٢٠٠ خێزانی نەستوری، ئەمە لە سەردەمی بەتریك(مەتی) لە ساڵی ١٦١٠.

ئەگەر بەو ئامارە کەمە باوەڕ بهێنین، ئەوە بە چاکە بۆمان دەگەڕێتەوە. داخمان زۆرە لەبەرئەوەی ئێمە نازانین ئەو مێژوو نووسە بەڕێزە لە کوێ ناوی بەتریك(مەتی) دۆزیوەتەوە بۆ ئەوەی تۆماری بکات لە ساڵ ١٦٠٠؟ بەلام ژمارەکانی ئەو ژمارانە باوەڕیان پێ ناکرێت راست بن ئەو حوکمەکان لە سەر بەشی دووەمی دەقەکەش چەسپ دەبێت کە دەڵێت بۆ نموونە:

(لە حیلە ٢٢٠٠ خێزانی مەسیحی هەبوو)([٢٦٩]).

لە ساڵی ١٦١٥؟ لە سەردەمی بەتریك(داوود سوور)(؟) هەموو ئەو قسەوباسانەی ئێمە تووشی بێتاقەتی دەکات وە یا خەرفایی مێشکی هەندێك لە ئەکلیرنووسەکان کە خۆیان بەزل زانیوە زۆر نەزان بوون).

چ روون دەبێتەوە کەوا خەلافەت لە سەر کورسی میتراپۆلیتی ئەربیل بە شەمعوون کۆتایی دێت لە ساڵی ١٦٠٧ دا هاتووە([٢٧٠]).

بەترکی رەبەن هورمز(ئیلیای هەشتەم) لە لیستەکەیدا ئامازەی پێنەداوە کە بۆ پاپای ناردووە لە ساڵی ١٦١٠ بە ئەبرەشیەی ئەربیل. ئەوەی ئامازەی پێ کردووە ئەبرەشیە خۆی بووە(ئەبرەشیەی بەتریکی) درێژ دەبێتەوە تا ئەو شارە([٢٧١]).

هەروەها باسی ئەو کورسیە ناکات لە لیستەکەیدا، لیستی هەمان پەتریکی تایبەت بە ئەبرەشیەکانی برادەرەکانیدا بەبەتریك شەمعوونی دەیەم لە قۆجانۆس. دوا ناو بۆ مەسیحی ئەربیل کە ناسراوە(عەسکەر کوڕی کوچکوچ) بووە کە قەشەی ئەربیل بووە. ناوی ئەو قەشە دەدۆزینەوە لە دەستنووسی پارێزراو لە(کەمبرج) مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٦٧٧([٢٧٢]).

ناوی هیچ مەسیحیەك وە یا کەنیسەیەك دوای ئەوە لە ئەربیل نەهاتووە لە سەدەی ١٨ و ١٩ ەدا جگە لە گوندێکی بچووك و دراوسێ پێی دەڵێن(عەنکاوە). ئەم گوندە ئێستا شارۆچکەیەکی گەورەیە و ژمارەی مەسیحییەکان لە گەشەکردندایە ـ وەرگێڕ).

جگە لە عەنکاوە هیچ مەسیحیەکی تـر لـە حـدیابی ناوەراست نادۆزینـەوە کۆمەڵەی بچوك بچوك لە مەسیحی نەستووری و کلدانی کە لە ناوچـە شـاخاویەکان نیشـتەجێن لـە بـاکووری خۆرهەلأت واتە لە: باتاس و حەریر(زۆر بەداخەوە ئێستا هیچ مەسـیحیەك لـەو دوو شـوێنە نەماوە و نیشتەجێ نیە بەڵکو لەبەر بارودۆخی ناوچەکە کۆچیان کردووە ـ وەرگێڕ).
وە لە شەقلاوە و کۆیە(تاکە گونـدی مەسـیحی کـە لـە رۆژهـەلأتی ئـەربیل(هـەولێر) هـەبێت گونـدی هەرمۆتەیـە(ئەرموتـە) ئێسـتا زیـاتر لـە ١٥٠ خێزانـی مەسـیحی تێـدا نیشـتەجێیە ـ وەرگێڕ).
هەموو ئەوانەی تر لە سالاخ وەیا لە ئەبرەشیەکانی سنوورەکاندا.
لە سـەدەی بیسـتەم گەشـەکردنێك لـە نـاو مەسـیحییەکانی نـوێ دەردەکـەوێت کـە خـۆی لـە فەرمانبەر کۆچەر و ئاوارەکانی عەنکاوە دەبینێتـەوە. رەنگـە هەنـدێك نووسـین و شـوێنەوار مابێت دەستی کاولکاری و فەوتاندن نەیگەیشتبێت کە گوێمان لێی دەبێـت کـە تـاوەکو ئێسـتا دەبینرێت(بۆ ماوەی بیست و پێـنج سـاڵ) پێیـان وتم کـەوا شـوێنەواری دێرێـك هەیـە لـەلای راستی منـارەی موزەفەریـە. وە هـەروەها پێیـان وتم کـە لـە شـارەکەدا جگـە لـەو کەنیسـانەی بینیمـانن، قسـەمان کـرد لـە سـەر دوو کەنیسـە دەگەڕێنـەوە بـۆ(مارشـەلیتا ـ مارشـڵیتا) وە(مارگۆرکیس)؟. Victorcuinet([٢٧٣]).
فیکتورکوینت دەڵێ: لە کۆتایی سـەدەی ١٩ هەم نووسـی سـریانی لـە سـەر بینایـە کۆنـەکان دەبینرا، وەك بنکەی سەربازی بەکاردەهێنرا ئەمڕۆ هەمووی بـزر بـوو. پێشـتر رای خـۆم لـە سەر دا روون کردبۆوە کە وتبووم شوێنەواری لەو جۆرە چاوەڕێی سـەردان دەکات ئەوانـەی بایـەخ دەدەن و پسپۆڕن بـۆ ئـەوەی بـێن پـێش ئـەوەی لـەناو بچن. بەشـێکی تـر دەڵـێ کـەوا کەنیسـەیەکی نەسـتووری(مریـەمی پـاکیزە) داگیرکـراوەو مزگـەوتی قـەڵا. ئەمـە کـارێکی زەحمەت نیە هـەرگیز بـەلأم دەتـوانرێ شـوێنەواری ئـەو کەنیسـەیە ببینـرێ وە یـا مێـژووی چاککردنی دوایی کە لە ساڵی ١٩٥٨ کراوە لام وایە ئەم قسەیە وە یا بوختانـە وە یـا قسـەڵۆکی سادەیە.
باس لـە(مارقـەرداخ)([٢٧٤]). دەکرێـت. لەبەرامبـەر دەرگـای قـەلا دروسـت کـراوە بـەبێ ئـەوەی ئامـاژە بـەوە بکـات بـەلای تاوەرکـە بـووە کـەوا لەلایـەن(ناسـر) بـەکار دەهێنـرا. شـارەوانی هـەولێر هەڵسـا بـە کردنـەوەی رێگەیـەکی شـەقامێکی فـراوان دوای ئـەوەی دەرگـای سـەرەکی قەلای تێکدا و بەناویدا تێپەڕ بوو. ئێمـە وەك مێـژوونووس داخـی بـۆ دەخـۆین کـە کـارێکی لەم جۆرە رێگامان پێ نادا بۆ بەردەوام بـوون لـە لێکۆڵینـەوەی باسـەکەمان دا . لـە کۆتاییـدا

ئامـاژە بـۆ ئـەو شـوێنەی ئێسـتای(محطـة - شـەمەندەفەر) دەکـەین ئـەویش نـەماوە لـە سەردەمی رژێمی گۆڕبەگۆڕ کراوە بە بەندیخانە وە تاوەکو ئێستا - (وەرگێڕ).
لـە نزیـك ئەوێـدا پەرسـتگەیەکی بچـوك هەیـە و گومـەتێکی بچـوکی هەیـە بـەناوی (یەزداندوخت) ناونراوە، ئەگەر بپرسین ئایا ئەم بەشە لە پەرتووکەکەدا کۆتایی هەیە؟ وەلام ئەمەیە:(رووداوەکان پێمان دەڵێن لە سەر خۆیاند ا شاری ئەربیل بەردەوامە لە رێچکەی مێژوویی کەوا کۆنترین شارە لە جیهان دا) قەلایەکی دەورە دراوە بە خانووی نوێ و پێدەکەنی بە باخچەی زۆرو زەوەند بەلام خۆی وەك خۆیەتی دەبینرێت وەك ژنێکی گەورە و بە هەیبەت دانیشتووە سەرپەرشتی دەورووپشتی خۆی دەکات لە دەشتی فراوان و کاکی بە کاکی لە هەموو لایەکدا بەلام دەمینێینەوە بە بزرکردنی خاچ(الصلیب) لە بەرزی ئاسمانەکەیدا. وە بـۆ ئـەوەی ئامـادەیی مێـژوویی لـەبیر نەکـەین بـۆ سـەدەکانی داهـاتوو هەڵساین بە نووسینی ئەو چەند لاپەڕیە پڕشنگدارە لە هەندێکی وتارێکیش لە هەندێکی تردا. هەموو ئەوانە بۆ بەرز راگرتنی پاڵەوانەکانی و قوڵی و ئایین و باوەڕدارانی و شەهیدەکانی لەلایەك وە فێربوونی کولتوور و فەرهەنگ کە بۆمان بەجێماوە لەوانەوە بۆ ئێمە لەلایەکی تردا.

## دەشتی دیجلە رێگەی رۆژئاوا

لە حدیاب و دوو رێگەی لە باکوورەوە بۆ باشوور تێپەڕ دەبن. ئەو سەفەرچیەی کە لە نەینەوا بەرەو بابل دەچوو وە یا لە موسڵەوە بۆ بەغدا رێگای رۆژئاوای دەگرت بە لێواری رۆژهەڵاتی رووباری دیجلە. بەلام کاتێك سەفەرچی دەیویست بەناو خاکی حدیاب دا تێپەڕ بێت، سەرەتا دەبوو لە زێی گەورە بپەڕێتەوە. بەشی زۆری ئەو پەڕینەوەیە لە گوێڕ دەبوو، کە مەڵبەندی شارەکەیە بە دووری (١٥) کیلۆمەترە لە خاڵی بەیەکگەیشتنی دیجلە بەزێوە کە پێی دەڵێن(المخلط - تێکەڵبوون) لەو شوێنە قایەغێك هەبوو هی کارگێڕی گشتی حکوومەتی عێراقی بوو، بۆ گواستنەوەی ئۆتۆمبێل بۆ لایەکی تر بەکاردەهێنرا ئێستا پێویستە لە سەرمان جێگەی پردی شا دیاری بکەین کە لەو شوێنە بوو لە سەدەی چوارەمی پێش زاینی وە تاوەکو سەدەی هەشتەمی زاینی. بە تەئکید ئەو پردە - پردی شا، شایانە - دەکەوتە ناو رێگەی پاشایەتی. ئەو زانیاریانەی دەربارەی ئەو رێگەیەمان هەیە پێدەچێت ئەو نازناوەی(پاشایەتی) لە سەردەمی ساسانیەوە بووبێ، تایبەت بووە بەو رێگەیەی دەکەوێتە رۆژهەلات، کەواتە پرسیاری لەبار ئەوەیە: ئایا هەمان خاسیەت دەدرێتە رێگەی رۆژئاوا؟ لێرەدا تەنها یەك ئاماژە هەیە بەباشی بەکەڵکمان دێت، سەرەڕای

ئەوە هەندێك جێگە هەبووە ناسراوە بە(تجوباد شوڵتانا - واتە رێگەی سوڵتانی) ئەم رێگەیە دەچووە ناو دەشتی نەینەواو بە زەویەکانی قەرەقوش و کەرەملێس تێپەڕ دەبوو([٢٧٥]).

دواتر شوێنەواری رێگەکە بزر دەبێت و هیچی لێ نابینرێت کە باسی بکەین. ئەوەی کە پەیوەندی بە پردەکە هەیە ئەوە روونەکەمەوە: من بۆ چەند ساڵێك بە دوور و درێژی لێکۆڵینەوەم لە سەر شوێنی ئەو پردە کرد لەو ناوچەیە لە زێ، بەڵام هەموو ماندووبوونەکەم لەگەڵ با رۆیین شوێنەوارناسەکان پێش من لێکۆڵینەوەیان لەسەر کردووە بێ سوود بووە. شوێنەوارناس(فیکتۆرلاس)([٢٧٦]).

پشتی بەستووە بە سەر ئەو تیۆرەی کە گریمان(بەرتلە) جێگەی(کۆکامیل) ی مێژوویەوە، لەو باوەڕە دا بووە کە جێگەی پردەکەی دۆزیوەتەوە لە Lycos کە باس کراوە لە رووداوەکانی شەڕی Arbeles ئەو جێگەیەی دۆزرایەوە دەکەوێتە خوار خاز و دەڕژێتە زێی گەورە لە مێژوودا ناسراوە بە Bumados بە کردەوە، ئەوەی(بلاس) دیتبێتیەوە بریتیە لە: بینایەك لە بەردی پەیکەرسازی وە تەنها لەلایەکی روبارەکە دا. لەگەڵ تێبینی کە ئەو بینایەیە ئاماژە بەوە دەکات کەوا بینایەی ئاشێکی ئاو بووە زیاتر نەوەکو بنکەی پردێك.

کونسوڵ ـ شوێنەوارناسی ناسراو، دەلیلێکی بەڵگە داری بۆ جێنەهێشتووین کەوا باوەڕ بکەی پرد بووە بەڵام ئەوەی بۆ بەجێهێشتووین کە تاوەکو ئێستاش زیندووە و دانیشتوانی گوندی ئەبو شیتایە دەیگوازنەوە(دەکەوێتە دە کیلۆمەتر باشوور - رۆژهەڵاتی گوێڕ) کە تاوەکو ئێستا باوەڕیان وایە بە هەموو متمانەیەکەوە بە وتەکانی(باڵیۆز) نازناوێکی خۆجێییە دانیشتوانی گوندەکە بۆ(قونسڵ) تا ئێستاش بەکاری دێنن - وەرگێڕ) کە پێی وتون باب و باپیرانتان لە کۆنەوە لەو جێگەیەوە پردێکیان هەبووە.

لە راستیدا لە سەرمانە کەوا یەکلایی بکەینەوە و شوێنی ئەو پردە دیاری بکەین لەو جێگەیەی کە ئامازەی بۆ کراوە([٢٧٧]).

J.C.Rich زۆربەی گەشتیاران لە سەدەی نۆزدەهەم پێیان باش بوو سەفەر بە رێگەی هەولێرەوە بکەن و بچن بۆ کەلك([٢٧٨]).

لەوێوە تێپەڕین. جگە لەمە، جەندرمەکانی تورکیا گەروی(صفیا - سفەیا) بەکار دەهێنا کە دەکەوێتە باشووری ئەو شوێنەی روباری خازر دەڕژێتە ناو روباری دیجلەوە راستەوخۆ بە پێی رای Felix Jones ئەمە شوێنی پردەکەیە بەبێ هیچ گومانێك([٢٧٩]).

وە لەوێوە دە هەزار چەكدار تێپەڕیوە هەر وەك(زمینەفون) ی مێژوونووس ئاماژەی پێ دەدا كاتێك كە لە زێ پەڕیوە. ئەم رایە زیاتر رێی تێدەچێ، لە سەر تەئكیدكردنەكەی كۆلۆنێل A.Boucher ساكارە[280].

وە هیچ گومانێكی نەكەوتۆتە ناو لەو گریمانەی پەڕینەوەی یۆنانیەكان لە شوێنێكی نزیك لە رێژگەی زێی گەورە لە دیجلەوە، وە بەبێ ناچار بوون لە پەڕینەوەدا واز بێنن لە پێكهاتەی چوار قۆڵیەكەیان! دەڵێن، ئەگەر لێرەدا پردێك هەبووایە بۆ پەڕینەوە پێویستی دەكرد بە بوونی هێمایەك لە بابەتەكە لەلایەن زمینەفوونەوە لە واقیعدا لە رابردوو ئەو كاتەی زێ لە كەمترین ئاست بووە، تێپەڕینی راستەوخۆ هەبووە[281].

لە خوار(كوشاف)[282].

ئەوەی یەكەم جار دەیبینین لە نزیكەوە ئاوپرژەكە لە هەرێمی حەدیاب ئەومیە: دێری(برقانا) دواتر دەگەینە(حەدیسە) - مەبەستی حەدیسەی موسڵە(وەرگێڕ). ئەو ژمارانەی كە بە سەفەر لە نێوان دوو زێیەكەی بە پێی بەكارهێنانی لای عەرەبەكان[283].

بریتی بووە لە(١٢) فرسەخ(قۆناغ) مەبەستی(٩) كاتژمێر بە پیادەیە، لە سەر رێگەكە گوندێك هەیە بەناوی(ئیسترینیا) بەڵام دوا شار لە هەرێمی حدیاب(بەوازیج) ە كە مەڵبەندێكی سنووری هاتوچۆی تێدا بووە و دەكەوێتە ئەو ناوچەیەی پێش جێگەی تێپەڕبوونی زێی بچوك وە پێش قۆناغی(ئەسن - سن) كە مەڵبەندەكەی دەكەوێتە لای باكووری خۆرئاوای(بێت گەرمای - بێت گەرمیان)[284].

ئێستا هەوڵ دەدەین باسی ئەو شوێنانە بكەین كە دەكەونە سەر ئەو رێگەیە و بەتایبەتی ئەوەی پەیوەندی بە مێژووی كەنەسییەوە هەیە.

٢ - دێری برقانە و دێری ئاجەر:

هەروەها پێی دەڵێن(بارقانا) وە یان(بارقا) بڕوانە سەرچاوە كلدانیەكان(بارقانا) وە یا(برقانا) لە سەرچاوە عەرەبیەكان[285].

ئەم دێرە بەناوبانگە لە سەدەی هەشتەم زاینی لە سەر دەستی(حەننان ئیشۆع) ی حدیابی وە یا(عەننان ئیشۆع) دروست كراوە[286].

ئەم بینایە دروست كراوە بۆ ئەوەی ببێت بە كەنیسە وە یا مەزارێك لە سەر ناوی(ماریۆحەنای ئینجیلی)[287]. (ماریۆحەننای ئەلحەبیب)، وەرگێڕ.

بەڵام ئەو ناسنامەی كە پێی ناسراوە بە بارقا بۆ یادكردنەوەیەتی لەلایەن خەڵكی ئەو گوندەی كە بەو ناوچەیەوە یارمەتی زۆریان داوە بۆ تەواوبوون و دروست كردنی ئەو دێرە ماڵداری ئەو دێرە تاوەكو نیوەی دووەمی سەدەی هەشتەمی زاینی دەگەڕایەوە بۆ

ئەبرەشـیەی(حەدیسـە) دواتـر میترِاپۆلیـت(مارنعـەمما) گواسـتیەوە بـۆ سـەر میلاکـی حەدیاب([288]) بە راستەوخۆیی.

پـێش سـاڵی ۷۹۰، هـەمان میترِاپۆلیـت مـاران عـەمما هـات بـۆ چـاکبوونەوە لـە رووبـاری دیجلە([289]).

بەڵام هەستی بە چاك بوونـەوە نـەکرد، گەرِایـەوە بـۆ هـەولێر و لـە رێگـەدا کۆچـی کـرد. لـە هەمان ماوەدا(ماران عەممانێکی تریش هەبوو لە(زینای) دواتر بوو بە سـەرۆکی دێـری بێـت قووقا. ئەم رەبەنە بەرپرسیارەتی رەبەنەکانی دێـری بارقـای وەرگـرت لـە دەسـتی پێرەمێـرد ئیشۆعەمما([290]).

لە رۆژی دوایی پیریەتیدا خۆی لەو مەیدانە کشاندەوە، وە لـە سوچێکی دێـرە سـەرەکیەکەی خۆی خەریکی خوا پەرستی بـوو، بـەڵام لـە کۆتاییـدا دەگەرێتـەوە بـۆ دێـری(بێـت قووقـا) و لەوێ دەمرێت([291]).

دێری برقانا دەدۆزینەوە ئەو کاتەی کە پەرتوکی(المسالك) دەخوێنینەوە([292]).

هەرچەند وەکو نـازانین کـە ئـەو دێرەیـە لێکۆڵینـەوەی لـە سـەر دەکـەین تـاوەکو ناوەرِاسـتی سەدەی چواردەهەم هەر مابوو بە پێی ئەو باسەی کەوا(العمری) دەیکات. وە یـا دانـەر پشـتی بەسـتووە و باسـەکەی گواسـتۆتەوە کـە لـە سەرچـاوەی کـۆنتر باسـکراوە. بـەڵام لـە سـەر ئەوەشـەوە هەنـدێك رەوانبێـژی رێکخسـتنی شـیعری بـۆ ئێمـە گواسـتۆتەوە بـە ناونیشانی(الخباز - نان کەر) وە دەگەرِێتـەوە بـۆ دەوروپشـتی سـەدەی چوارەمی کۆچی واتـە سەدەی ۱۱ەمـی ز. بـە پێـی رای(العمـری) بینایـەی دێرەکـە زۆر نایـاب بـووە لـە سـەر لێواری رووبـاری دیجلـەدا بـووە بـە گـەورەیی و سـەربەرزییەوە وە بـە ژمارەیـەك لـە پەرسـتگە و باخچەی دەوڵەمەند دەورە دراوە، زیـاتریش دەڵێ: ماسیەکانی روبـاری دیجلـە لـەو ناوچـەیە بە قەبارە گەورەترن لە ناوچەکانی تر. ئەگەر پرسیار بکەین کـە بـێ دەنگـی تـەواو لـە سـەر ئـەو دێـرەدا بـاڵی کێشاوە بـوو بـە قـەبر و ئارامگەیـەکی قەشـەنگ بـۆ سـوڵتان عەبـدوڵڵا؟ وەڵامەکە ئەوەیە کرداری سرِینەوە و شێواندن لە سـەدەی هەژدەهەمـەوە دەسـتی پێکـرد([293]) مێژوونووسـە موسـوڵمانەکانی دوایـی دان بـەوە دادەنـێن کـەوا ئـەو کەسـەی نێـژراوە لـەو مەزارە(ابن عومەر) بێت، چونکە ئەو گۆرِەکەی لە مەکە دایە. بۆیە ئێمە ناسنامەی سوڵتان عەبدوڵڵا نازانین(۳۰۸)..

دێری(التین - هەنجیر) وە یا(دێری ئاجەر وە بە کلدانی بێت حالی) ئەو دێرە دروست کـراوە لـە سـەر روبـاری دیجلـە، نزیـك(حەدیسـە) لەوانەیـە بناسـرێ بـە ناسـنامەی دێـری بارقـا ئەگەرچی هیچ بەڵگەیـەك نیـە کـە ئەمـە بسـەلێنێ مەگـەر خـودا ئـارەزوو بـۆ زۆر کردنـی

ژمارەی دێرەکان بێت. پێناسەی دێری ناوبراو بە ناسنامەی دێری ـ بێت حالی سەلمێندراوە بە تەواوی، وە ئەمە لەلایەن ابن العبری سەلمێندراوە([294]).

وە هەروەها پشتگیری کراوە لەلایەن(السمعانی)([295]).

بەلأم لێرەدا شتێك هەیە بۆ ئێوە ئامازەی پێ دەکەین کە پێویستە ئاگادار بین ئەگینا تووشی دودڵی دەبین و تێکەڵی دەکەین لە نێوان ئەو دێرە و دێری هەنجیرەدا. کە لە میسریشدا هەیە وە هەروەها دێرێکی تریش هەیە بە ناوی بێت حالی و ناوبانگی گەورەتری هەیە و دەکەوێتە ناو بیابانی(حیرە)([296]).

خاڵێکی گرنگ هەیە پەیوەندی بە دێری ئاجەر هەیە، کە دەکەوێتە(حەدیسە) پێویستە ئامازەی پێ بکەین. ئەو خاڵە جێگەی بەرزکردنی مەتران شلیمۆنە، کورتەکەی ئەوەیە: مەتران شلیمۆن سێ ساڵ بەند کراوە لەو دێرەدا ئەمە لە نزیکەی ساڵی ٧٥٤ بووە بە فەرمانی خەلیفە(مەنسور)([297]).

جگە لەمە پێویستە بڵێین کەوا میر(خەلیفە) خۆی فەرمانی داوە بە عەفوکردنی ئەو دێرە لە سەرەانەی باج) بە هۆی ئەوەی کە دێرەکەی بە چاوی خۆی بینیوە.

لە کۆتایی دەڵێین کە دوا باسکردنی ئەو دێرە لە دەقەکانی تایبەت بە رووداوەکانی سنهادسی غەمگین کە لە لایەن یاخیبوو(رۆستەم) بەستراوە و بڕیاری بێبەشکردنی بە ماڤی بەتریك تیماتیوسی یەکەم دەرکردوە لە ساڵی ٧٨٠([298]).

لەوانەیە ئەو ناوە لەوەوە هاتبێت بۆ ئەو دێرە وەرگیرابێت لەو کەرستەیەی کە بۆ دروستکردنی دێرەکە بەکار هاتووە، بە تایبەتی لە ساڵانی یەکەم دوای دروستکردنی دێرەکە. جێی سەرسوڕمانە لەمبارەیەوە لەبەر ئەوەی ئەو بارە لە دێری(الجص ـ گەچ) دا هەیە کە بینایەکە بە گەچ دروست کراوە وە یا دێر(الصخور ـ بەرد)(الصخور المنحوتە ـ دێری پەیکەرسازی) ئارەزوومەندانەبۆ سود وەرگرتن لەو دەرفەتە، کاتێك کە ئێمە لێکۆڵینەوە لە سەر بەشی دێرەکان دەکەین کە دەکەونە دەوروپشتی(حەدیسە) پێویستە ئامازە بە هەڵەیەك بدەین کەوا(عمرو) کردوویەتی لە نوسینی دەقەکانیا بە زمانی عەرەبی([299]).

(جیسمۆندی) ناوی(ملك یشوع) دێنی وەك دامەزرێنەری دێری حەدیسە لە سەردەمی بەتریك ماران عەمما لە نێوان ساڵانی ٦٤٤ ـ ٦٤٧ وە یا(٥٤٧ ـ ٦٥٠).

لە راستیدا، ئەو دێرەی کەوا(مەلك یشوع) دروستی کردووە ئەوە دێرێکی نوێیە کە دەکەوێتە عیلام(باشووری ئێران ـ وەرگێڕ). کەواتە ناکەوێتە حەدیسە([300]).

٣ ـ حەدیسەی شار:

شاری حەدیسە دەکەوێتە سەر رووباری دیجلە(حەدیسەی دیجلە) وە هەروەها ناسراوە بە حەدیسەی موسڵ. بە زمانی کلدانی پێی دەڵێن(حزاتا) دەکەوێتە خوار رێژگەی زێی گەورە لە سەر رووباری دیجلە. ئێستا جێگەی ئاماژەیە بە گوندی(تل الشعیر) خوارووی مەرقەدی سوڵتان عەبدوڵلا)([201]).

نەخشەکان([202]). جێگەی ئەو شارە دەسەلێنن بە تەواوی بەلام Le Strange لە پەرتووکەکەیدا([203]).

Land Of The Eastern Caliphate جێگەکەی چەسپ دەکات بە هەڵە لە باکووری زێی گەورە ساسانیەکان ئەم شارەیان دروست کردووە و ناویان ناوە(ناوجێرد) ناوە عەرەبی و کلدانیەکە تەنها وەرگێڕانەکەیەتی لە فارسیەوە. هیچ زانیاریەکمان نیە بە درێژی بە بلاوکردنەوەی مـوژدەی ئینجیل، بەلام بۆتە مەڵبەندی کورسی مەتران لە ساڵی ٥٧٠. لە داگیرکردنی ئیسلامەکان لەم شارەدا دوو کەنیسە هەبووە بەلام ناوەکانیان نازانین یەکێکیان لەوانەیە بەو پارەیە دروست کرابێت کە لە لایەن(یەزدین) پێشکەش کراوە و بڕەکەی سێسەد(٣٠٠) درهەم Dener بووە ئەو کاتەیکە بەوێدا تێپەڕ بووە لە ساڵی ٦٠٤([204]).

ئەم کەنیسەیە ناسراوە بە کەنیسەی گەورە لە ساڵی ٦٩١ وە لەو کاتەی خەلیفەی ئەمەوی، عەبدولمەلیك کوڕی مەڕوان لە سەر فەرمانڕەوایەتی وڵات بوو، والی جەزیرە محەمەدی کوڕی مەڕوان کوڕی حەکەم بوو، ئەم والیە هەڵسا بە نیشتەجێکردنی هەندێك عەرەب لە هۆزی(اسد) کە لە دەوروبەری بەسرا هاتبوون بۆ ئەو شارە. لە دوای پەنجا ساڵ لەو مێژووە خەلیفە مەڕوان ناسراوە بە(گوێدرێژ، گەمژە، الاحمق)(٧٤٤ - ٧٥٠) کە دوا خەلیفەی ئەمەویەکان بوو بە نوێکردنەوەی ئەو شارە لەو کاتەوە لەو شارە(حەدیسە) مزگەوت هەیە دەکەوێتە سەر رووباری دیجلە ناسراوە بە مزگەوتی جومعە(هەینی). بینای ئەو مزگەوتە بریتییە لە بەرد و گەچ بەلام بینای خانووەکانی شارەکە لە کەرپووچ(تابوق) ی وشککراوە(قوڕ - وەرگێڕ) دروست کراون. وە شاری حەدیسەش بارەگای والی لێ بووە. لە حەدیسە هەندێك ئێسك و پروسکی شەهیدەکان هەبوو مەسیحیەکان کردبوویانن بە مەزار و سەردانیان دەکرد وە ئەمانە لە ناو سندوقێك داندرابوون و پارێزرابوون لە یەکێك لەو دوو کەنیسەیە. وە ئێمە نازانین ئەو ئێسك و پروسکانە بۆ کێ دەگەڕێتەوە. لە ساڵی ٧٨٦ خەلیفە موسا الهادی لە سەر تەختی خەلافەت دانیشت لە دوای مردنی خەلیفە(المهدی). لەو کاتەی خەلیفە موسا هادی بە شارەکە تێپەڕ دەبوو وە هۆکارەکەی نازانین. بڕیاریدا سندوقەکە فڕێ بدرێتە ناو رووباری دیجلە یەکسەر خەلیفە تووشی سەر ئێشەیەکی توونـد و قورس بوو، بۆیە لە بڕیارەکەی خۆی پەشیمان بۆوە وە بە تەواوی چاك بۆوە. لە دوای

چاك بوونەوە، فەرمانەکەی نوێ کردەوە، ئێش و ئازارەکەی بۆ گەڕایەوە وە بە شێوازێکی قورستر بەڵام ئەم جارەیان ئازارەکانی بووە هۆی مردنی خەلیفە، وە لە دوای(١٣) مانگ لە خەلافەت دا هیچ سەرچاوەیەکی باوەڕ پێکراومان نیە ئایا فەرمانی دووەمیان جێبەجێ کرا یان نا(٢٠٥).

لە ساڵی ٩٤٦ شەڕێك لە نزیك حەدیسە روویدا، لەو شەڕە دا خەلیفە(ناصر الدولە) سەرکەوت بەسەر(تاکینسیرادی ـ Tak in lesiradite)(٢٠٦).

دوا ئاماژە کە دەیخوێنین لە سەر حەدیسە لە سەدەی چواردەهەمە. دواتر دەبینین شارەکە بە تەواوی بزر دەبێت و هیچ شتێکی لێ نەماوە کەوا باسی لێوە بکرێت. پێمان باشە خوێنەری خۆشەویست ئاگادار بێت و تێکەڵی نەکات لە نێوان شاری حەدیسەی کە لە سەرەوە باسمان کرد وە لەگەڵ شاری حەدیسەی تر کە دەکەوێتە سەر رووباری فوڕات کە ئەمڕۆ شوێنەکە بۆ تێپەڕبوونی بۆڕیەکانی نەوت، کە نەوتی عێراق دەگوازێتەوە بۆ لێواری دەریای سپی ناوەڕاسات، وە ئەمە بووە هۆی گەڕانەوەی ژیان تیایدا. وە هەروەها پێویستە تێکەڵی نەکەین لە نێوان حەدیسەی دیجلە و شاری(الحدث) لە لوبنان دا(٢٠٧).

شارێك بە هەمان ناو هەیە واتە(الحدث) کە دەکەوێتە(سیلیسیا)وە یا(کیلیکیا) کە باس کراوە لەلایەن میخائیل سریانی(٢٠٨). کە مەڵبەندی کورسی ئەسقەفی بووە بۆ ئەبرەشیەکی تایبەت بە یەعقوبیەکان(٢٠٩).

لە پیاوە بەناوبانگەکانی حەدیسە گەورەترینیان و بێ ململانێ(یۆحەننا دەیلەمی) یە(٢١٠). کە لە کۆتایی سەدەی حەوتەمی زاینی ژیاوە. وە هەروەها مەلفان، مامۆستایەکی زۆر ناسراو لە رۆڵەکانی ئەم شارە بە ناوی(حەبیب) بەتریك تیماتیۆسی یەکەم دیاری کرد وەك میتراپۆلیت بۆ شاری(الری ـ رەی) لە نێوان ساڵانی ٧٩٩ ـ ٨٠٠(٢١١).

وە هەروەها کۆمەڵێك ناودار هەیە لە رۆڵەکانی حەدیسە بەناوبانگ بوون بە زانستەکانیان لە سەردەمی ئەوان دا قوتابخانەی شارەکە پێشکەوتوو و درەوشاوە بوو ئەمە لە نێوان ماوەی ١٠٦٤ ـ ١٠٧٢(٢١٢).

لە نێوان ئەمانە(ماری الحدیسی) کە مامۆستایەکی بەناوبانگ بوو لە قوتابخانەی(دار الروم) وە لە هەمان کاتدا(قنکایا) بوو(واتە خزمەتکاری کەنیسە ـ وەرگێڕ) بۆ کەنیسەکەی خۆی. دواتر بوو بە سکرتێری تایبەت بە نامەکانی سریانی کەوا بەتریك(سوریەشوعزەمبور) دەینارد لە دوای(ماری الحدیسی)(نەستۆرس شاحسا Shahseh) هات کە بوو بە متڕانی(نەعمانیە)(٢١٣).

دواتر رەبەن یۆحەنان حەدیسی ـ یۆحنان الحدیسی) کە بوو بە میتراپۆلیتی میسر.

لێرەوە پرسیارێك دەكەین، ئەگەر بەتریك ئیلیای سێیەم(ابو حلیم ١١٧٦ ـ ١١٩٠) بە رەچەڵك هی ئەو شارە بوو بێت؟(حەدیسەی دیجلە ـ وەرگێڕ).

وەلأم: ناودارییەكەی ـ ابن الحدیسی ـ بەو مانایە دێت([٣٤]).

مەگەر خوا حەدیسەیەكی تر هەبێت. وە یا هیچ یەكیان لێ نەمابێت لە پشتاوپشتی خێزانەكەیان بە هۆی بەجێهێشتنیان بۆ شارەكە لە ماوەیەكی دوور و درێژدا. ناوبانگی شاری حەدیسە نەوەستا بە تەنها لەوەی پیاوی زۆری لێ لە دایك بووە لە مێژوودا و ناودارن بەڵكو خاك و خۆڵی زەویەكەی بەرداویە كە دەهاڕدرێ و دەكرێت بە گەچ و بۆ بینای جوان قەشەنگ بەكاردێت بۆیە خەڵك دەهاتنە ئەوێ بۆ بردنی گەچە بەناوبانگەكە لە ناوچە دوورەكانەوە، وە هەندێك جار رەبەنەكانی دێری(بێت عاوی) رویان دەكرد بۆ بردنی گەچە بەناوبانگەكەی وە دیواری یەكەم كەنیسەیان پێ سواق دەدا([٣٥]).

كورسی ئەسقەفیەی حەدیسە:

Le Quien ([٣٦]) لیستێكی رێكخستووە بە ناوی دە مەتران لە حەدیسە، بەلأم وای دا نەناوە كە ژمارەیان تەواوە، بۆیە لە توانامانداییە چەند ناوێكی تر بخەینە سەر لیستەكە. لە خوارەوە ناوەكان تۆمار دەكەین وە بە بێی زنجیرەی مێژووییان، ئەمانە لە خوارەوە ناوەكانیانە:

(١) ـ تیتۆس(طیطوس)

كورسی ئەسقەفیەی حەدیسە لە پێناو چاككردنی كاریگەری كەنیسە بووە لە رووبەڕووبوونەوەی مۆنۆفیزیەكان([٣٧]).

ئەگەر پرسیارێك بكەین كەی ئەمە بووە؟ وەلأم ئەوەیە وە بە پێی ئەوەی كە لە پەرتووكی(العفە) دا هاتووە، ئەمە لە سەردەمی بەتریك حسقیال بووە واتە لە نێوان سالأنی(٥٦٧ ـ ٥٨١). وە یا بە پێی ئەوەی لە مێژووی سعودی دا هاتووە دامەزراندنەكە لە سەردەمی بەتریك ئیشۆعیابی یەكەم بووە(٥٨٢ ـ ٥٩٥). بۆ زانیاری ئەو سەرچاوەی دوایی كە ئاماژەمان پێ دا پێمان دەڵێ كەوا دەستێوەردانی ناوەخۆیی هەبووە لەلایەن هەوادارانی سویریۆس(ئەنتاكی + ٥٣٨ ـ وەرگێڕ). لە ساڵی ٩٦٦ ی یۆنانی بەرامبەر بە ساڵی ٦٥٥ ی ز. وە یا بە پێی ئەو چاك كردنەوەی كەوا مەتران ئەدیشێر كردوویەتی([٣٨]).

مێژووەكەی كردۆتە ساڵی ٨٦٦ ی یۆنانی بەرامبەر بە ساڵی ٥٥٥ ی ز، واتە ئەو ساڵەی كەوا یەعقوبی بەرادعی مەزهەبەكەی خۆی بلأوكردەوە لە لێكۆڵینەوەمان دا بۆ هەموو ئەو زانیاریانە و بە وردی هەڵسەنگاندنیان، پرسیارێك لە مێشكماندا دەكرێت ئەمەیە: هۆكاری ئەو هەموو چاوەڕوانیە دوور و درێژە چیە كە لە سەر دەستی بەتریك وە یا میتراپۆلیت

جێبەجێکراوە واتە لە ماوەی دوای سالی ٥٥٥ لە رووبەڕووبوونەوە پێ و پەنای یەعقوبییەکان؟ وەلام بۆ ئەوە خۆم دەبینم بە ناچاری بۆ چاك کردنەوەی لە مێژووی سعردی دا هاتووە کە لە جیاتی سالی ٩٦٦ بیکەم بە سالی ٩٠٦ پشت بەستن بە لابردنی بڕگەی(٦٠) لە دەستەواژەکەدا نۆسەد و شێست و شەش ٩٦٦(٣١٩).
ئەم چاك کردنەویە کۆتاییمان پێ دەهێنێ تاوەکو سالی ٥٩٥، کە دوا سالی دانیشتنی بەتریك ئیشۆعیا بە لەبەتریکایەتی وە هەروەها ئەو ساڵەیە کە دەستپێکردنی نسکۆی چالاکیەکانی یەعقوبیەکانە کە بە چاو دەردەکەوێت لە دوای ئەو ساڵە واتە ئەو مێژووە رووداوەکان یەك بە دوای یەك دێن: دامەزراندنی تیتۆس بە مەتران لە سالی ٥٩٥ وە دامەزراندنی ئەبرەشیەکە حەدیسەشی گرتەوە لەگەڵ دەوربەری لەلایەن میتراپۆلیتی حەززە(٣٢٠).
کە لەوانەیە یۆناداب بێت، لەبەر ئەوەی بەرپەرچدانەوەی جێبەجێکراو هەندێك لە جێپەنجەکانیەوە پێوە دیارە بە گەیشتنی شوانی نوێ(مەتران تیتۆس)(٣٢١).(وەرگێڕ).
بۆ ئەو شارەی کە تەنها کەنیسەیەکی بچوك و کۆنی تیا بوو، وە باوەڕدارەکانی لە ژێر هەڕەشە دا بوون بە تاقیکردنەوەیەکی زۆر خەتەرناك کە گواستنەوەیە بۆ بتپەرستی و هەلگەڕانەوەیە لە ئاینەکە. بە هۆی هێزی باوەڕداری چەسپاو و ڕێنماییکردنی بەردەوام هەندێك سەرسوڕمان عەجایب لە سەر دەستی ئەو روویدا، وە ئەمە وای کرد بارودۆخ و کەشی شارەکە پاك بێتەوە لە(سیخوڕییەکان) وە بتپەرستەکان) بەلام جولەکەکان لە ئاو هەلکێشانیان قبوڵ کرد و پەسندنیان کرد. دوای جێگیر بوونی بارودۆخەکە و هێوربوونەوەی بارودۆخەکە لە ناوچەکەدا ئەم شوانە بەجەرگە هەلسا بە بیرکردنەوە لە رازاندنەوەی پایەتەختی کورسیەکەی بە پەیکەرێکی گەورە و قەشەنگ.تێپەڕ بوونی یەزدین فەرمانبەرێکی مەسیحی گەورە لای دیوانی پاشایەتی بە شارەکەدا، کە یاوەری شای فارسی خەسرەوی دووەم بوو کە دەچووە شاری(دارا) دەرفەتێکی زێڕین بوو بۆ هاتنەوەی خەونەکانی مەتران تیتۆس. لە کاتی تێپەڕبوونیدا ئەو میرە مەسیحیە باوەڕدارە و خانەدانە کە بڕی ٣٠٠ دینار بە دیاری پێشکەش کرد بۆ دروستکردنی کاتدرائیە لە شارەکەدا. بینایەکە لە سالی ٦٠٤ تەواو بوو. تیتۆس لە دوای مردنی تێیدا نێژرا(٣٢٢).

(٢) ـ یەعقووب:

رەنگە ئەو مەترانە راستەوخۆ لە دوای تیتۆس هاتبێ. ئەو مەترانە تووشی نەخۆشیەکی کوشندەی درێژخایەن بووە بۆ ماوەی سێ سال دواتر لە سەر دەستی باوانی نسێبینی چاك بۆتەوە(٣٢٣).

مێـژوونووس(نـو) مێـژووی ئـەو چـاك بوونـەوەمان بـۆ تۆمـار دەكـات لـە سـاڵی ٥٩٠. بـەڵام گریمان حیسابەكەی من راستە كەواتە مێژووی چاك بوونەوە كە دەبێ شەش سەت و پێنج بێت، وە رووداوەكانی ژیانی باوای لەگەڵ ئەو مێژووە دژ بە یەك نینن لەبەر ئەوەی باوای ژیاوە تاوەكو سەردەمی(شیروە) وە ئیشۆعیابی دووەم واتە تاوەكو ساڵی ٦٢٨([٣٣٤]).

(٣) ـ یۆحەننان:

هیچ زانیارییەكمان دەربارەی ئەو مەترانە نیە تەنها ئەوە نەبێت كە لە سەردەمی بەتریك بسیۆن ژیاوە لە ساڵی ٧٣١ ـ ٧٤٠([٣٣٥]).

(٤) ـ مارزاخی:

دواتر مەتران(زاخی دێت كە ناسراوە بە(زەخا) كە لەلایەن ئیشۆعدناح ئەو ناوەی پێ دراوە([٣٣٦]).

لێرەدا پرسیار دەكەین ئایا ئەو مەترانە هەمان(مارانزەخا) یە كە لای تۆمای مەرگەیی(تۆمای مەرجی)؟([٣٣٧]) بووە.

هەردووكیان باس دەكرێن كەوا قوتابی(ئەبنی مارمن) ی گەورمن([٣٣٨]).

مارزاخی لە سەر كورسی مەترانی حەدیسە دانیشتووە لە سەردەمی میتراپۆلیت مار(ئەحا) واتە دوای ساڵی ٧٤١ ی ز([٣٣٩]). ژیانی ئەو مەترانە نوێژكەرەی دوور و درێژ و ئەو ساڵانەی كە وەك مەتران بە سەری بردووە لە حەدیسە ساڵانێكی پڕ بەرهەم بووە پەرجووی زۆری تیا روویداوە لە ماوەی مەترانەتیدا پارێزگاری لە داب و نەریت و كاری رەبەنایەتی كرد لە ماوەی رۆژانی بەرۆژووبوونی ٤٠ رۆژەكە خۆی خەریكی وەرزشی روحی دەكرد و دوورە پەرێز لە ناو ئەشكەوتی ناو چیا. پەرتوكی سەرۆكایەتی(الرؤساء) ئەوەمان بۆ دەگێڕێتەوە بە یەك گەیشتنی بە دوعاو پاڕانەوە بە یەكێك لە مەترانەكانی كۆن لە ناوچەی میسر كەوا خواپەرست و جوانی بوو(بە تەنهایی) ماوەی ٤٠ ساڵ لای عەرەبە كۆچەرەكان ئاهەنگ بەبیرهاتنەوەی دەكرێ بە پێی سروتی نەستۆریەكان لە رۆژی شەممە كە دەكەوێتە پێش یەكشەممەی ئۆشاعنا(السعانین)([٣٣٠]).

وە لە ماڵی شەهیدەكان نێژراوە لە كەنیسەی گەورە.

(A4 ) ـ مارحوداوی:

لە ناوڕاستی سەدەی هەشتەم لەلایەن یووسف حەززە(رائی) دەكرێت بە سەرۆك لە سەر مەرغانا(بڕوانە پەرتوكی ـ العفە ـ ژمارە ١٢٦).

(٥) ـ شلیمۆن:

ئەو مەترانە لە مەترانە زۆر ناسراوەكان دا دەنرێت بەڵكو لە مەترانە هەرە ناودارەكانی حەدیسە دەژمێردرێت. ژیانی قەدیس شلێمۆن ژیانێكی گۆڕانكاری بووە. مێژووی ژیانی كە لەلایەن قوتابیەكانی نووسراوە بزر بووە. بەلاَم پێش ئەوەی بزر ببێت تۆما مەرگەیی و ماری بەكاریان هێناوە لەبەر زۆری ئەو زانیاریانەی كە تێیدا تۆمار كراوە(٣١).

دانەری ناوەڕۆكی(عەودیەشوع) ی نهێنی بۆ مەتران نصێبینی(نصیبین) شلیمۆن دەگەڕێتەوە، نووسینی دانەر گرنگە لە سەر ژیانی رەبەن و پیاو چاكە دابڕاوەكان وە هەروەها نووسینەكە لە سەر باوڕداری و ژیانیان(٣٢).

بەلاَم تۆما دەڵێ: پەرجووەكانی بەسە بۆ ئەوەی بەناوبانگ بێ: ئەو شەیتانی دەردەكرد، وە بۆ چەند جارێك بە پیادە لە رووباری دیجلە پەڕیوەتەوە، وە نەفرەتی لە قەرداغی دڕندە كردووە قۆچی لە ناوچەوانی رووا‌وە بەلاَم ململانێی لەگەڵ دەسەلاَتی مەدەنی هەبووە، وە بەشدار بووە لە بەرەی نۆپۆزسیۆن دژ بە تیماتۆسی یەكەم، ئەو كارانە پێویستە مێژوو بایەخی پێ بدات وە ئەم كارانە بە كاری نەرێنی دادەنرێن زیاتر لە كرداری نەرێنی كە جێبەجێی كردووە(٣٣). ئەو كێشانەی كەوا تووشی مەتران شلیمۆن ببوون بە هۆی ئەو زوڵم و ستەمكاریەی لەلایەن دەسەلاَتدارانی مەدەنی دەكران وە لە سەرووی هەمووشیانەوە خەلیفە مەنسوڕ كە زۆر و بەردەوام بوو لەبەر ئەوەی فەرمانڕەوایەتی ئەو خەلیفە لە نێوان سالاَنی(٧٥٤ ـ ٧٧٣) بەردەوام بوو. وە ماوەی دانیشتنی بەتریك یەعقوبی دووەم(٧٥٤ ـ ٧٧٣) بووە. ئەو مەترانە زۆر بە غیرەتی باوەڕدارییەوە كاری كردووە وە بە سەرسوڕمانەوە بە جەسوورییەوە پارێزگاری و بەرگری لە باوەڕدارییەكەی دەكرد كە باس ناكرێت لەگەڵ بەكارهێنانی كەمێك لە سیاسەتدا لە هەمان كات دا ئەم پیاوە قەدیسە بەم شێوەیە كاری كرد، بووە هۆی پەیدا بوونی دوژمنی زۆر بۆی لە سەرەتادا لەگەڵ والی حەدیسە بوو وە ناوی ئیبراهیم كوڕی یەحیا بوو وە زۆر جار والی ئاگادار دەكردەوەو سەرنجی رادەكێشا بۆ ئەو دژایەتی كردنەی كە دەیكا. ئەم سەرنجراكێشانە بووە هۆی ئەوەی مەتران بكەوێتە ژێر ئەشكەنجەدان و(٤٢) قامچی لێ بدرێ و سەروڕیشی بتاشرێ. ئەمە دەخوێنینەوە لەو دەقەی كە لەلایەن(ماری) نووسراوە كە بە زمانی عەرەبی دەینووسی. كاتێك مێژوو نووس بە زمانی كلدانی دەینووسی بواری قسەكردن لە سەر راستیەكان زیاترە وە بە بێ ترس لە خوێنەرە نەناسراوەكان. تۆمای مەرگەیی(وەرگێڕ). یەكێكە لەو مێژوونووسانەی بۆیە لە نووسینی دەقەكانیدا هۆكارەكان بە روون و ئاشكرایی و وردەكارییەوە دەكات، بۆ نموونە: كاتێك هەمان رووداو باس دەكات دەبینین دەنووسی:(یەكێك لە بت پەرستەكان سەروڕیش تاشرا بە هۆی ئەو باوەڕداریەی كە لە سەر دەستی هاتۆتەدی لە نێوان بت پەرستەكان.

ئێستا ئەگەر وشەی بت پەرستەکان بگۆڕین بە وشەی موسڵمانەکان ئەو کاتە ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت هۆکارەکانی کێشە و گرفتەکان تووشی مەتران شلیمۆن دەبوون. بەڵام ماری خێرایی دەکات و دەڵێ: والی لە کارەکەی پەشیمان بۆوە و تۆبەی کرد، وە لە گەڵ مەتران چاك بۆوە و باجەکانی لە سەر هەڵگرت جگە لە ئیبراهیمی والی دوژمنێکی خەتەرناکتر و زیاتر ئازاردەر، ئەویش دکتۆرێکی مەسیحی بوو بە ناوی عیسای کوڕی شەحلوپا. مەتران شلیمۆن زۆر بە دەستی ئەو دکتۆر عیسایە بێزار بوو بە ئاڕاستەکردنی سەرنجڕاکێشانێکی ڕەق و ناخۆش بۆی. بۆ زانیاری عیسا لای بەڕێوەبەری کەنیسە تەنها شەماس بووە. بەڵام لە سەر ئەوەشەوە هەڵسوکەوتی لەگەڵ ئێکلیرۆس زۆر دژایەتیکردن و لە خۆبایی بوون بوو زمانی بەسەریاندا درێژ دەکرد و ڕەخنەی خراپ و پڕوپوچی لێ دەگرتن و زمان درێژیەکەی هێڵە سورەکانی بەزاند بە پلە یەك زمان درێژیەکەی لە شاندیی مەترانەکان کرد کە هاتبوون تکای لێ بکەن بۆ ئەوەی ناوبژیوان بێت لای خەلیفە مەنسوڕ بۆ کەمکردنەوەی باجەکان کە زۆر قوڕس بوون و بە سەر مەسیحیەکان سەپێندرابوون کە باری زۆر قوڕس کردبوون بۆیە زۆر لەوانە وازیان لە باوەڕداریان هێنا بەڵام عیسا ئامادەیی نیشان نەدا بۆ ناوبژیوانیکردنەکە کە تکایان لێ دەکرد وە هەر چۆن مەترانەکان ئومێدیان پێی هەبوو لەبەر ئەوەی عیسا یەکێك بوو لە کەسە سوودمەندەکانی وەرگری باجەکان کاتێك ئەو دکتۆرە بووە سەرۆکی مەسیحیەکان چاوی بڕیبووە یەکەم هەلی بۆ بڕەخسێ بۆ ئەوەی مەتران دووچاری ئەو سەرنجڕاکێشە بژێنێتەوە کە مەتران ئاراستەی کردبوو لەو ماوەیەدا کۆمەڵە کەسانێك هەبوون لە مەسیحیەکان کە پێشتر مەتران ئەوانیشی بێبەش کردبوو لەبەر هەندێك هۆی ناڵەبار. چوونە لای دکتۆر بۆ ئەوەی سکاڵا لە مەتران بکەن و هەندێ بوختانیان بەدرۆ بۆ هەڵبەست لە سەر دزی کردن، عیسا خۆی بە خزمەتکارێکی ئەمین دادەنا بۆ دەسەڵات و ئەم سکاڵایانەی گەیاندە خەلیفە مەنسوڕ ئەم قەدیسە سەرەڕای ئەوەی بێ تاوان بوو دەبینین حوکم دراوە بە جەڵدەکردنی بۆ جاری دووەم ئەم جارە لێدانی جەڵدە(قامچی) یەکان لە دێری مار شەمعوون لە(السن) جێبەجێکرا([٣٣٤]).

مەتران لەم سزادانە تێگەیی وە لە مەبەستەکانیدا، ئارام بۆوە و خۆی ڕاگرت، بە پێچەوانەوە بەشداری کرد لە وەفدێك کە دەچوونە لای خەلیفە بۆ ئەوەی تکای لێ بکەن یەعقوب بەڕەڵا بکات کە یەکێك لە سەرسەختترین دوژمنەکانی دکتۆر عیسا بوو. هەر کە مەنسوڕ مەتران شلیمۆنی بینی لە نێوان ئەندامانی وەفدەکە شێت و هار بوو پڕ بوو لە ڕق و قینە و ئەوەی بە بەرهەڵستیکردنێکی دیار دانا لە دژیدا. بۆیە فەرمانی دا یەکسەر بخرێتە بەندیخانە، وە لە پاش بەڕەڵاکردنی دوور خرایەوە بۆ دێری(بێت حالێ ـ حالیە)

سێ ساڵی رەبەق لەوێ مایەوە وە بە هۆی ناوبژیوانی، مەتڕان شلیمۆنیان گەڕاندەوە بۆ سەر کورسیەکەی خۆی. لەوانەیە لە ماوی ئەو ساڵە کەمانەدا کە بارودۆخەکە ئارام بوو ئاشتی باڵی بە سەر ناوچەکەدا کێشا، گۆڕانکاریەك لە سنووری ئەبرەشییەکان لە سەر دەستی میتراپۆلیت(ماران عەمما) کرا([٣٥]).

هەر وەك لە سەرەوە ئاماژەمان پێی دا بە ناچاری شلیمۆن ناکۆکیەکانی لەگەڵ دەسەڵاتی مەدەنی کۆتایی هێنا دوای ئەوەی زۆر لە ئازار و ئەشکەنجە و سەرزەنشتی پێ بڕا، دەبینین ئێستا رووبەڕووی بەتریکەکەی دەبێتەوە لە کێشەیەکی زەحمەت کە خۆی دانی پیا داناوە. ئەگەر بپرسین چۆن شلیمۆن رێگەی بەخۆی دا تووشی ئەو هەڵەیە ببێ بەرامبەر بە سەرۆکەکەی؟ لە وەڵامدا هیچ پاساوێك نیە رێگا بەو پیاوە قەدیسە بدات کە لە نێوان ئەندامانی شاندەکە بێت وە یا ئەو کۆمەڵە کەسانە بێت کە بەشداریان کردووە لە کۆمکاری دزان(کە لە بێت حالیە) گرێدراوە لە ساڵی ٧٨٠ ـ ٧٨١ بۆ بەرهەڵستیکردنی پەتریك تیماتۆسی یەکەم. دوای مردنی رۆستەم سەرۆکی چەتەکان، مەتڕان شلیمۆن لە قوولی رەگەکانی ئەو هەڵەیە گەیشت، وە بووە هۆی ئەوەی گوڕ و گریان دای بگرێ بە درێژایی کۆتایی ژیانیدا، واتە بۆحەوت ساڵی تەواو وە تاوەکو کۆچی دوایی کرد کە لە دێری(مارئەهرۆن لە بەلەد) بوو([٣٦]).

لە مێژوودا و بە هۆکارێك نایزانین، ئێسك و پروسکەکانی(روفات) گواسترایەوە بۆدێری(ئەبنی مارن) ناسراوە بە دێری(زەعفەران) ئێستاکە روفاتی مەتڕان شلیمۆنی(گریان، زۆر گرینۆك) لە دێری زەعفەران نێژراوە. وە ئاهەنگی یادکردنەوەی بە پێی سرووتی نەستۆرییەکان لە ٣١ ی تەمووزدا([٣٧]).

(٦) ـ یۆحەننان حەدیسی:

وەك دەردەکەوێ، ئەو مەتڕانەیە کەوا لە دوای مترا‌ن شلیمۆن راستەوخۆ هاتە سەر کار، زۆر زانیاریمان دەربارەیەوە نیە تەنها ئەوە نەبێت نامەگۆڕینەوەی لەگەڵ بەتریك تیماتۆسی یەکەم هەبووە. چەند نامەیەك هەیە کەوا پەتریك ئاڕاستەی مەتڕانی کردووە وەڵامدانەوەی تیایە دەربارەی پرسیارەکان لە سەر لە ئاو هەڵکێشان بە تایبەتی نامە سەرەکیەکە بزر بووە. دەربارەی باسەکان دوو نامەمان لە بەر دەست دایە دەربارەی دیاری کردن و دانانی وەك مەتڕان لە سەر کورسی نسێبین، هەروەها باس لە پێشوازیکردنی گەرم کە لەلایەن گەلەوە لێی کراوە وەك میتراپۆلیت، رەنگە حەدیسەی بەجێهێشتبێت لە نێوان ساڵانی(٧٩٩ ـ ٨٠٤).

(٧) ـ ئەبرەهام مەرجی(مەرگەیی) ـ مەرگە:

ئەوە پەتریکی داهاتووە بۆ ساڵی ٨٣٧ ـ ئەبراهام لە سەرەتادا رەبەن بووە لە دێری(بێت عاوی) ئەو کاتەی سەرۆك تۆما مەرگەیی بووە، پێش ئەوەی ئەبراهام ببێتە مەترانی حەدیسە، سکرتێری تایبەت، زۆر نهێنی پارێزی بەتریك ئەبرەهام بووە.

لەبەر ئەوە زۆر دەبینرێ کەوا تۆما مەرگەیی بە شان و شەوکەتی بەتریك هەڵدەدات وە بەبەردەوامی، ئاماژە بە وتەکانی دەدات، هەر وەك سەرچاوە بێت بۆ فێربوون، وە یان چاکەکانی دەژمێرێ، باس دەکات و دەڵێ: (ئەبونا قەدیس مار ئەبراهام پێی راگەیاندم کەوا...) وە یا: (لەبەر ئەوەی کەوا خۆم پارێزەری نهێنیەکانی قەدیسی مەزن مار ئەبراهام بووم وە یا لە راستیدا پیاوێکی قەدیس بوو([٢٣٨]).

ئەگەرلایەنێك لە چاکەکانی بەجێبهێڵین تەماشا دەکرێ سەرچاوەی تر هەیە باسی دەکات بە رەقەکاری. لەوانە نووسینەکانی عەمرو بە زمانی عەرەبی([٢٣٩]).

دەربارەیەوە دەڵێ:(پیاوێکی وریا بووە، بەتوانا، سادە، دڵی پڕ لە میهرەبانی بووە، بەڵام کەم زانست و زانیاری هەبووە. ابن العبری([٢٤٠]).

پۆڵینی دەکات بە(پیاوێکی مەزن بووە کەسایەتی بەهێز بووە، بەڵام شکستی هێناوە لە بەڕێوەبردنی کەنیسە لەبەر کەمی زانیاری و بێ کارامەیی). لەو یاسایانەی کە بە مۆری ئەو مۆرکراون، کە بەرچاو روونیەکمان پێ دەدەن، ئەو یاسایە باس دەکەین کەوا هانی پیرەکان دەدات بە تایبەتی ئەوانەی کە تەمەنیان دەکەوێتە پشتی پێنجەم. لە خوێندنەوەی پەرتووکی(فردوس الاباء) وە پەرتووکەکانی قەشە ئەشەعیاواوە مارئیفاکریۆس وە نووسینەکانی قەشە رەبەنەکان. ئەگەر پرسیار بکەین ئەم پیاوە ئاین زادە و چاکە چی کردووە کاتێك بووە مەترانی حەدیسە. دەبینین ژیری و وریایی لە کارەکانیدا هەیە سەرەرای خۆشەویستی بۆ بێگانەکان([٢٤١]).

لەبەر ئەوەی هەڵبژێردراوە بۆ کورسی پەتریکی. ئەو رووداوانەی کەوا روویانداوە لەو سەردەمەی کە هاتۆتە سەر کورسی پەتریکی پەیوەندی بە لێکۆڵینەوەکەی ئێمەوە نیە راستەوخۆ.

(زەخیرە لە خۆیەتی) وە(دەستنووسی ئینجیل بۆ ساڵی ٧٣٦) بۆ ئەو دەگەڕێتەوە کاتێك مەترانی حەدیسە بووە ئەمانە هەردووکیان ئێستا لە پەرتووکخانەی فاتیکانن([٢٤٢]).

(٨) ـ ئیشۆعدادی مەروی(خەڵکی مەرو):

ئەمە نووسەر و دانەرێکی بەناوبانگە([٢٤٣]). وەك دەردەکەوێ لە دوای ئەبراهام هاتۆتە سەر کورسی حەدیسە لە ساڵی ٨٣٧ وە هەروەها پاڵێوراو بووە بۆ ئەوەی لە دوای ئەو راستەوخۆ بچێتە سەر کورسی پەتریکی ساڵی ٨٥٠، ئەگەر دەست تێوەردان نەبووایە لە هەڵبژاردنی

پەتریك دا. كە لە سەر دەستی پزیشكە مەسیحیەكان روویدا ئەوانەی كە شوێنیان نایاب بوو لەلای خەلیفەكانی عەباسی لەو رۆژانەدا - ئەم واقیعە زۆر لەبار و ساكار بووە و روویداوە هەر ئەویش بووە دەرگاكانی داخستووە بە رووی مەتران بۆ ئەوەی نەگاتە كورسی پەتریكی لە سەرەتاوە. بەلام لە دوای دوو گێمی شكست و سەرنەكەوتوو لە هەڵبژاردنەكان، مەتران ئیبراهیم كوڕی نوح لە ئەنبار هەڵساو پێشنیازی كرد كەوا(بەتریك ئیشۆعداد) ببێت، بە هۆی زۆری زانستەكانی و زیرەكی زۆری و شان و شەوكەتێكی لەبارەوە([٣٤٤]).

ئەو كاتەی بەختیشۆع بەرپەرچی دایەوە بۆ ئەو پێشنیازە([٣٤٥]).

دواتر بەختیەشوع توانی پاڵێوراوی خۆی(تیۆدوس) جێگیر بكات بۆ پەتریك لە دوای وەرگرتنی رەزامەندی خەلیفە(المتوكل) تیۆدۆس كرا بە پەتریك لە ساڵی ٨٥٣ بەمە ئیشوعداد تورە بوو هەر دەم لە دژایەتیكردنی پەتریكی نوێ دابوو. مێژووی كۆچی دوایی لای ئێمە زانراو نیە.

(٩) - عەودیشۆع:

لە سەردەمی پەتریك یۆحەننانی چوارەم كوڕی نەبجەر(٩٠٠ - ٩٠٥) كورسی مەترانی حەدیسە دانیشت([٣٤٦]).

بە هۆی ئەو سكالایەی، كەوا لەلایەن میترۆپۆلیتی مووسڵ پێشكەشكرا(یۆحەننان بەختیشۆع)، كەوا سەرۆكایەتی كورسی حەدیسەی دەكرد ناوەرۆكەكەی ئەوە بوو فەرمانەكانی ئاراستەی دەكرا جێبەجێی نەدەكرد. پەتریكیش فەرمانی دا كەوا پابەند بێت بە تاعەت كردن و جێبەجێكردن، وە هەروەها گەڤ ئەوەی لێ خوارد كەوا لە دەسەلاتدا لای دەبات ئەگەر سوور بێت لە سەر رەفتارەكانی.

(١٠) - ئیشۆعیاب:

پێشتر ناوی ئەو مەترانەمان بینی لە لیستی میتراپۆلیتەكانی موسڵ و ئەربیل(بڕوانە ژمارە ٤٢ لە لیستەكە) پێش ببێت بە میتراپۆلیتی موسڵ و ئەربیل مەترانی حەدیسە بوو لە سەردەمی پەتریك ماری دووەم(٩٨٧ - ٩٩٩). دانەری ئاوازەكانی تایبەت بە سروتی مردن و ناشتن([٣٤٧]).

(١١) - داود(؟) لە ساڵی ١٠٧٥:

لەو ساڵەدا، ئامادەی دانانی بەتریك(عەودیەشۆع) كوڕی ئەرید بووە، دوو مەتران لە پێشتر دەست نیشان كرابوون بۆ پلەی ئەسقەفیە بەلام مەراسیمیان تەواو نەكرا بۆ دواتر. یەكێكیان بۆ حەدیسە وە ناوەكەی نەهاتووە و دیار نیە. پرسیارەكەمان ئەوەیە: ئایا ئەو

مەترانە داود بووە کە دانراوە پاش وە یەك لە سەر دەستی پەتریك عەودیەشوعی دووەم واتە لە نێوان سالآنی ١٠٧٥ - ١٠٩٠؟ Lequien ژمارەی(٧ ) ی دەداتێ لە لیستەکەدا کە دروستی کردووە بەبێ ئاماژە کردنی بۆ سەرچاوەکان کە پشتی پێ بەستووە من هیچ شوێنەوارێکم نەدۆزیەوە ئەوەی کە لە سەرچاوەکان بینیم. پێدەچێت ئەو(٥) پسوولەیەی کەوا لە لایەن دانەر رێکخراوە لە Oriens Christanus هەندێك لە پشێوی تێکەوتووە چونکە جۆرە دڵەراوکێیەکی تێدایە لە ئاماژە کردن بۆ ئەو مەترانانەی خوارەوە.

(١٢) - عەودیەشوٚع)

ئامادە بوو لە دامەزراندنی پەتریك مەکیخای یەکەم سالی ١٠٩٢([٣٤٨]).

تایبەت بەو پەتریکە دەبینین Le Quien هەڵەیەکی مێژوویی دەکات چونکە دەڵێ ئامادەی دانانی پەتریك مەکیخای دووەم بووە لە سالی ١٢٥٧([٣٤٩]).

(١٣) - داود(؟):

ناوی ئەو مەترانە تەنها لە نووسینەکانی Le Quien([٣٥٠]).

دا هاتووە، وە بە بێ ئاماژە کردن بۆ هیچ سەرچاوەیەك. پەتریك عەودیەشوعی سێیەم کوری مولکی بەڵێنی پێ دابوو بە گواستنەوەی لە کورسی مەترانی حەدیسە بۆ کورسی میترابۆلیتی بێت گەرمای(گەرمیان) - وەرگێر.

کەواتە ئەبێ ئەمە لە نێوان سالآنی ١١٣٩ - ١١٤٨ دا بوو بێت. من نەمتوانی هیچ سەرچاوەیەك بدۆزمەوە بۆ سەلماندنی ئەمە ئایا ئەمە لەلایەن Le Quien هەڵبەستراوە؟ ئەم کەسایەتییە لە داودی کوری ساحە - David Barsaha کە مەترانی Harbatglal دواتر دیاری کرا لەلایەن پەتریك عەودیەشوعی دووەم([٣٥١]).

بۆ ئەوەی ببێت بە میترابۆلیتی بێت گەرمای؟ لەوانەیە لە دەستکردی شەیتانی نەفرەت لێکراو بووبێت، کە شێواندنی ئاماژەکان دەکات کە برادەرەکەم ئاماژەی پێ کردووە بۆ سەرچاوەکانی. بێگومان لیستی مەترانەکانی حەدیسە تەواو نیە، مادام ناوی ئەبرەشیەی حەدیسەی تیایە تاوەکو سەرەتای سەدەی چواردەهەم([٣٥٢]).

٤ - ئیسترینیا:

ناوی ئەم دێرە لە سەرچاوەکانی مێژوودا نەهاتووە تەنها لای تۆما مەرگەیی نەبێت. وە تا ئێستاش زانیاری لە سەر نیە لەوانەیە لە ناوچەی حدیاب و لای باکووری رۆژئاوای بووبێت بە درێژایی ئەو رێگەیە روودەکاتە(سن) ئەمە ئەو کورتەیە کە لە دەقەکەدا هاتووە([٣٥٣]).

ئەو هەواڵەمان پێ رادەگەیەنن کەوا حاکمی حەدیسە هەڵساوە بە راوەدونانی رێگر و دز و جەردە کە ناوی(یەحیا بن حمران) بووەو کوشتوویەتی لە هۆزی بنی تیملا بووە و

دەستدرێژی کردووە بۆ سەر ژمارەیەك لە دێرەکان و دواتر هەڵاتووە بەرەو(سن) ئەم رووداوە لە ساڵی ٨٠٠ بووە لەم شوێنەدا میتراپۆلیتی نوێی حدیاب ئیشۆعیاب دانیشتووە لە ساڵی ٧٨٠ و دژایەتی و بەرهەڵستی ئۆپۆزسیۆنی کردووە و چاوەڕێی ئامۆژگاریەکانی بەتریك تیماتوسی یەکەم بووە، پێش ئەوەی بچێتە ناو خاکی ئەبرەشیەکەیەوە([٢٥٤]).

جێگەی پێویستە کە لە سەرووی زێی بچوك بێت دووریەکی کەم لە نزیك بەوازیج کە وا دەزانین سەر بە ناوچەی بێت گەرمای بووە تاوەکو نیوەی سەدەی دەیەمەوە.

لەمەدا دەتوانین ئەوەمان دەست کەوێت کەوا ئیسترینیا دەکەوێتە حەدیاب لە رووی جوگرافیاییەوە وە سەر بە ناوچەی(بێت گەرمای) بووە لە رووی کارگێڕی کەنەسیەوە([٢٥٥]).

٥ ـ بەوازیج ـ بەوازیك ـ بەوازیخ ـ بێت وازیك ـ وەرگێر:

لە رووی جوگرافیا و مێژووەکەیەوە:

دوا شارە لە حەدیاب کە دەکەوێتە سەر ڕێگای رۆژئاوا پێش پەڕینەوە لە ڕێڕەوی رووباری زێی بچوك. بەوازیخ شوێنێکی زۆر ناسراوە سەرەڕای ئەوەی پاشماوەکەی نەدۆزراوەتەوە دواتر([٢٥٦]).

شوێنی بەوازیج پێویستە بە تەواوی دەست نیشان بکرێت بە هەموو وردەکاری پڕ بایەخەوە لەگەڵ رەچاوکردنی پەیوەندی ئەم شوێنە لەگەڵ شارەکانی تر وەك(السن ـ سین) و(ماحۆزی) کە لە رووی مێژووییەوە هەردەم بەستراونەتەوە بە بەوازیج. شاری(سن) یا(سین) دەکەوێتە لای دووەمی رووباری زێی بچووك، واتە لەو بەری باشووردا، کەواتە بەو پێیەی دەکەوێتە ناوچەی جوگرافی ناسراوە بە بێت گەرمای([٢٥٧]).

کە دەگەڕێتەوە بۆ کەرتی(باریما)، ئەوەی پەیوەندی هەیە بە ماحوزی وە یا چاك بڵێین(ماحۆزی ئەروان)([٢٥٨]).

ئەمەیە: ئەویش دەکەوێتە لای بەری باشوور لە زێی بچووك، رۆژهەڵاتی شاری سین وە لە ناوەڕاستی ماوەی نێوان ئاڵتون کۆپری و ڕێژگەی زێی بچوك لە دجلەدا شوێنەکەی چەسپیوە بە تەواوی لە سەر نەخشەی بەڕێوەبەرایەتی شوێنەواری گشتی عیراقی بە ناوی(ماحۆز)([٢٥٩]).

لە رووی مێژووییەوە بەوازیج هەبووە هەر لە سەردەمی ساسانیەکانەوە([٢٦٠]).

وە پێیان دەوت(خونیاشاپوور) واتە(سروودی شاپوور) مەسیحیەکان پێیان دەوت(بێت وازیك) واتە شوێن، جێگەی گومرگ. لەوانەیە ئەو ناوە ناونانێك بووبێت بۆ یادکردنەوەی شوێنی گومرگکردنی کۆن. عەرەبەکان پێیان دەوت(بوازیخ الملك ـ بەوازیخی شا)([٢٦١]).

گۆڕانکاری لە مەڵبەندی کورسیەکانی ئەسقەفیەکان بووە هۆ و لە سەر هەمان ڕێچکەی گۆڕانکارییەکان لە گرنگی شاری مووسڵ کە بوو بە شاری یەکەم بە تایبەتی عەرەبەکان لە دوای داگیرکردنیدا بایەخی زۆریان پێی دا، شوێنی بەماحۆزی شارە کۆنەکە لە گرنگی لەفکرد لە ماوەی سەدەکانی ناوڕاست دا، یەکێك لە گەشتیارە داخ لە دڵەکان هەڵسا بە تۆمارکردنی دەقێك بە ناوی(ابن الحوقل) بۆ ئاگادارکرنەوە لە دژی دانیشتوانی(ماحۆزی) بە(چەتە و ڕێگر) وە(ڕووتکردنەوەی کاروانەکان) وە یا(بەتالآنبردنی ماڵە دزراو و ڕووتکراوەکان)(لەوانەیە ئەو کەسە گەشتیارە هەمان کەس بێت کە زانیاری هاوشێوەی دابێت تایبەت بە(برقەعید).

## ئەبرەشیە

فەرهەنگی مێژووە، جوگرافیای کەنەسی ئەسقەفیەکانی تەواو کرد کە ڕێکی خستبوو(٣٦٢).
Le Quien کە نەیتوانیوە بە هۆی کەمی زانیاری وردی تۆبۆگرافیاوە بە قوڵی بچێتە ناو مێژووەوە وە بۆ دۆزینەوەی هۆکارەکانی گۆڕانکاری لە شوێنەکانی مەڵبەندەکانی کورسیەکانی مەترانەکان ئەمە و لە هەمان کاتدا دەبینین لە ناو لیستەکاندا ڕوون و ئاشکرایە وە دەیوێت قسە بکات. ئەبرەشیەی(ماحۆزی ئەروان) لە ساڵی ٤١٠ دامەزراوە دواتر کورسی ئەبرەشیە گواستراوەتەوە بۆ(بێت وازیك) لە نێوان ساڵانی ٦٦١ ـ ٦٨٠ واتە لەو ماوەیەی کە داگیرکردنی عەرەبی بۆی کراوە. ئەم ڕووداوە گرنگە وای کردووە شارەکە گرنگی زیاتری پێ بدرێت بە هۆی ئەو گرنگیەی کە دراوە بە ڕێگەی ڕۆژئاوا و هەڵبژاردنی لە سەر ڕێگەی پاشایەتی(٣٦٣).
لە سەدەی(٧) ەمی ز تاوەکو(١٠ )یەم، بەوازیك تاکە شار بووە کەوا ناوی داوە بۆ ئەبرەشیە و بەو ناوە ناسراوە. لەگەڵ سین یەکتری گرتۆتەوە لە سەدەی یازدەهەم، دواتر لە سەدەی(١٢) ههەم جیاکراونەتەوە وە بە درێژایی دوو سەدەی سێزدە و چواردەهەمەوە بەجیا بوون. با هەندێك باس لە مێژووی تایبەت بە خەلافەتی ئەسقەفیەکە بکەین.
(سەهدۆنا) پیاوێکی زانا و لێهاتوو، دانەرێکی بەناوبانگ بووە لە باس کردن نایەت. چالاکیەکانی بڕواداری و چاو پێکەوتنەکانی ڕوبەڕو کە بەشدار دەبوو(گرنگی هەبوو بۆ ئەو کاتە و دواتریش) دەکەوێتە دەرەوەی باسەکەمان.
ڕەنگە پرسیار بکەین، ئایا سەهدۆنا یەکەم کەس بووە ئەم کارەی کردووە کەوا ناوی(مەحۆزی) بە(بێت وازیك ببەستێتەوە؟(٣٦٤).

ئەوەی سەرنج راکێشەرە لای خوێنەری سەرچاوەکان کە بایەخی پێ دەدەن ئینجا ئەو سەرچاوانە کە نووسراون لەلایەن تۆما مەرگەیی وە یا لە پەرتووکی(العفە) تۆمار کراون([٣٦٥]).
وە یا ئەو نامانەی لەلایەن(ئیشۆعیابی حدیابی)([٣٦٦]).
نووسراون کە تایبەتن بەویەوە. هەموو ئەو بەڵگانە، جا ئەگەر نوێ بن وە یا زۆر نزیك بن لێی لەو ماوەیەی کە تیای ژیاوە باس دەکات بە(مەترانی ماحوزی) بە تەنها و بەس.
دەقە نوێیەکان تەنها باس لە(مەترانی بەوازیك) دەکەن، کە دەقەکانی مێژوویی(سعرد) یە([٣٦٧]).
لەمەدا دەردەکەوێ کەوا جیاوازیەکی مێژوویی هەیە، وە وا دەخوازێت کەوا سەهدۆنا نەخرێتە ناو مەترانەکانی بەوازیك، وە هەروەها(مارساوا) ش بە خەلیفەی سەهدۆنا دانانرێ. دوای ئەوەی دووەمیان لە سەر کورسی دایانگرتووە لە ساڵی(٦٥٠)([٣٦٨]).
لیستی ئەسقەفیەکانی بەوازیك زۆری لێ دابڕێنراوە، ناوی شاری بەوازیك نایەت بۆ یەك جاریش لە Synodicon Oriental وە نە لە پەرتووکی(العفە). تەنها یەك جار دەیدۆزینەوە لای تۆما مەرگەیی. سەرچاوەکانی زانیاری کە لە لامان هەیە ئەمانە بە تەنها ماری و عمرو تۆماریان کردووە وە ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە ژیانی مەترانەکانمان بە درێژی لەلا نیە. مەگەر خوا هەندێك ئاماژەی ساکار نەبێت کە ئاماژە بە پەتریکەکان دەدات لە سەردەمی ئەوان دا ئەو مەترانانە دەژیان، وە یا لە سروتەکانی دامەزراندنی پەتریکەکان ئامادە دەبوون:
(١) ـ یۆحەننانی پزیشك:
یەکەم مەترانی بەوازیك بووە کە ناسراوە لامان لە سەردەمی جاسلیق کیورگیسی یەکەم(٦٦١ ـ ٦٨٠) دا ژیاوە بە گەواهی(ابن العبری) ئەم مەترانە پیشەی پزیشکی کردووە تۆمەتبار کراوە بە بەدڕەوشتی و داوێن پیسی. بە پێی ئەمە حوکم دراوە و لە سەر کورسی و کارەکەی لادراوە([٣٦٩]).
(٢) ـ یۆحەننانی کیمیاوی:
لە کەسایەتیە بەناوبانگەکانی سەردەمی پەتریك بسیۆن بووە(٧٣١ ـ ٧٤٠)، ئەم یۆحەنانە یەکێك لەو دوو مەترانە ناودارانەیە لەو کاتەدا بەهۆی فراوانی یان لە فێربوون بە زانستی کیمیا([٣٧٠]).
بەلام باشتر وایە بڵێین(الخیمیاء) ئەگەر ئەو دوو مەترانە بایەخیان بە(السحر الخیمیائي)، بەلام نەیانتوانی بە هیچ شێوەیەك بگەنە ئەو نهێنیە بۆ گۆڕینی کانزا

هەرزانەکان بۆ پڕ بەها وە نەزانینی پێکهاتەی(بەردی فەیلەسوفەکان) بەلای کەم(فێری بوون) وە بۆ ئەوان بەخێر گەڕایەوە بۆ ناوبانگ وەرگرتن لەو سەردەمەدا کەوا خەڵك خۆی بەو جۆرە یاریانە خەریك دەکرد بۆ رابواردن. لە توانامانداییە کەواتە بیخەملێنین کە ئەبرەشیەی بەوازیك لەو سەردەمەدا زۆر بە هێمنی و ئارامی بووە.

(٣) ـ ئیلیزی(ئیلیشیاع) لە بێت عاوی:

یەکێك لەو ژمارە مەترانانەیە کە لەو دێرە بەناوبانگە دەرچوون، تەنها تۆما مەرگەیی ناوی هێناوە([٣٧١]).

بە پێی قسەکانی M.Chanoine Van Lantschoot مێژووەکەی ئەبێ لە ساڵی ٧٥٠ بووبێ.

(٤) ـ جۆرج، کۆرکیس لە بێت عاوی:

لە دەوروبەری ساڵی ٨٠٠([٣٧٢]).

هەر وەك لە سەرەوە باسمان کرد لە کۆتایی سەدەی دەیەم وە لەو کاتەی لە سەر کورسی پەتریکی دادەنیشی(عەویەشوعی یەکەم)(٩٦٣ ـ ٩٨٦) گۆڕانکاریە لە رێکخستنی ئەبرەشیەکان کرا، بەم شێوەیە بەوازیك بە هەرێمی(بێت گەرمای بەسترایەوە([٣٧٣]).

ئەو کاتە شارەکە لە بن دەسەڵاتی میترۆپۆلیتی حدیاب نەبوو، بەڵکو راستەوخۆ بەسترابۆوە بە ئەبرەشیەی جاسلیقی.

(٥) ـ سووریەشۆع:

لە سەردەمی پەتریك ماری دووەم ئەم مەترانە لە سەر کورسی بەوازیك دانیشتووە لە نێوان ساڵی ٩٨٧ ـ ٩٩٩([٣٧٤]).

(٦) ـ س:

ئەو مەترانە ناوی نەزانراوە بەڵام لە دامەزراندنی پەتریك ئیلیای یەکەم لە ساڵی ١٠٢٨ دا ئامادە بووە([٣٧٥]).

(٧) ـ رەبەن ئیستیفان:

یەکەم مەترانە کە ناسراوە بە وەرگرتنی نازناوی دوو قۆڵی بۆ سین و بەوازیك. دوای ئەوەی کە بەیك بەسترانەوە لە بن دەسەڵاتی یەك مەتران دا. ئەم بەستنەوەیە لە نێوان ئەو دوو جێگەیە لە سەر دەمی پەتریك سوور یەشۆع زەمبور روویدا(واتە لە ماوەی نێوان ساڵانی(١٠٦٤ ـ ١٠٧٢) وە مەتران ئیستیفان یەکەم مەترانە ئەو نازناوە وەردەگرێ([٣٧٦]).

لە ساڵی ١٠٧٥ ئەم مەترانە ئامادەی دامەزراندنی بەتریك عەود یەشوعی دووەم بووە([٣٧٧]).

(٨) ـ عبدالمسیح ـ عەبدولەسیح:

لە دوای کۆچی دوایی رەبەن ئیستیفان بوو بە مەترانی بەوازیك وە ئەمە لە سەردەمی پەتریك عەودیەشوعی دووەم کوڕی ئەرید بووە لە(١٠٧٤ ـ ١٠٩٠) دا وە مەتران عبدالمسیح([٣٧٨]).

برای مەتران جۆرج میتراپۆلیتی بەسرا بووە. دەستی لە پایەکەی کێشایەوە لەبەر چەند هۆیەك ئێمە نایزانین. ئەم دەست لە کارکێشانەوەیە لە سەردەمی هەمان پەتریك بووە کە پێشتر دایانناوە.

(٩) ـ ئەبو عەلی کوڕی تاهیر:

ئەمە لە(دار الروم) بووە، وە لەلایەن هەمان عەودیەشوعی دووەم کە پێشتر باسمان کرد کە لە سەرەوە داندراوە بە مەترانی بەوازیك لە پێش سالّی ١٠٩٠ بۆ ئەوەی شوێنی عەبدولەسیح بگرێت([٣٧٩]).

وە نازناوی(مەترانی سین و بەوازیك) ی وەرگرتووە. لە یاساکانی بەتریك ئیلیاسی سێیەم ئەبی حەلیم(١١٧٦ ـ ١١٩٠)، دەردەکەوێت بەوازیك وەك(قەوارەیەکی سەربەخۆ) وە جیاواز لە(سین) لە سەر هەمان لیست و لە شوێنێکی دوورتر دەبینین کەوا(مەترانی سین) هەیە وە یەکێکی تر بۆ(باریمۆن)([٣٨٠]).

(١٠) ـ نرساي:

ئەم مەترانەیە کەوا دیاریەکی پێشکەش کراوە لەلایەن(شلیمۆن) مەتران دا لە(برات میسشان) پەرتووکەکەی بەناونیشانی(النحلة).

لە دەوروبەری سالّی ١٢٢٥، ئەم دیاریە بریتیە لە هەندێك رستەی ناسك و جوان باس لە پێشکەشکردنی دیارییەکە دەکات، لەوانە:(تۆ گۆچانی پیری منی) وە(کوڕی روحی منی)... تاد، بە پێی زانیارییەکان ئەو مەترانە بووە، کە لە سەر کورسی بە وازیکی لادراوە([٣٨١]).

(١١) ـ شەمعوون:

هەمان نازناوی پێش خۆی وەرگرتووە، وە لە دامەزراندنی مەراسیمی بەتریك مەکیخای دووەم لە سالّی ١٢٧٥ ئامادە بوو([٣٨٢]).

(١٢) ـ بریخیشۆع:

ئەمەشیان نەناسراوە تەنها ئەوە نەبێت ئامادەی مەراسیمی دانانی بەتریك دنحای یەکەم بووە بۆ پایەی بەتریکی لە سالّی ١٢٦٥([٣٨٣]).

کرداری هێرشکردن و تالان و برۆی روویداوە لە بەوزیك لەلایەن کوردەکانەوە: لەوانەیە لە سەردەمی ئەو دا بوو بێت لە سالّی ١٢٨٥([٣٨٤]).

لەم ڕووداوانەدا ژمارەیەکی زۆر مەسیحی بەوازیك ژیانیان لە دەست دا بەهۆی ئەو دەستدرێژیە زۆرداریە و هێرشە دڕندانەیەوە.

(١٣) ـ یۆحەننان:

دوا مەترانە کەوا مێژوو تۆماری کردووە وە یادی دەکرێت، لە کۆمکاری تیماتۆسی دووەم بەشدار بووە لە دەوروبەری ساڵی ١٣١٨([٢٨٥]).

دواتر بەوازیکی مەسیحی بە ماوەیەکی کەم بزر بووە، وە هەروەها شارەکەش بزر بوو، وە هیچ پاشماوەیەکی نەماوە، شوێنی شارەکە بەتەواوەتی نەناسراوە تاوەکو ئەمڕۆ.

ئەبرەشیەی بەوازیکی یەعقوبیەکان

لە نێوان ئەو ئەسقەفیانەی ڕۆژهەلآت تایبەت بە یەعقوبیەکان ژمارەیان ١٠ ئەبرەشیە بووە، و سەر بە(ماروسا) بووە لە ساڵی ٦٢٩ ئەسقەفیەکان ناوی(بەوازیك) بووە([٢٨٦]).

سێ مێژوونووسمان هەیە لیستی ناوی مەترانی یەعقوبیەکانیان تێدایە، بەلآم ئەم لیستانە جیاوازیان لە نێوان دا هەیە لە نوسینەکانی(ابن العبری) دا([٢٨٧]).

دەبینین ئەبرەشیەی شەشەم دەکەوێتە دوای ئەبرەشیەی(مەفریان) بە ناوی(بێت زەمان) وە یا(بێت وازیك) ئەمە لە مێژووی سعردیش دا هاتووە([٢٨٨]).

بەلآم دەبینین(ماری)([٢٨٩]).

باسی(بێت زەمان) دەکات، کە(بێت ریما) وە ئیکۆنیا، ئیقۆنیایە. ڕەنگە ناوی دوایی شێواندن بێت بۆ ناوی شارە کۆنەکە، کە ناوی(خونیا)(شاپوور) بوو([٢٩٠]).

بەلآم ماری دان بەو شارە دانانێت و بەوازیك بە پلەی هەشتەم دێت و بە جمکە ناوی داناوە ـ بە شێوەیەکی سەیر ـ بۆ(جەزیرە و بەحرێن) بەلآم(ابن العبری) باس لە(کزرتا لە کۆردۆ) دەکات بە تاك و تەنها و هاوشێوەی ئەوی کردووە، بەلآم مێژووی سعردی دەڵێ: جەزیرە و بەحرێن هەر دووکیان لە کۆتایی دا بوارێکی فراوانیان بۆ تێڕامانی پڕ دەنگ و هەرا دا. با هەڵوەستەیەك بکەین لە سەر ئەم دووانە، کە ئاماژەمان پێیان دا لە ژمارە شەش و بیپارێزین لە بەر ئەوەی بەوازیك لە نسێبین دەردەکەوێ لە سێ دەقدا، واتە دەقی(ماری) ژمارە(٨) کە ڕەنگە باوەڕپێکراو نەبێت بۆ ئەوەی ببێت بە هێمایەك پشتی پێ ببەستین([٢٩١]).

خوا لێخۆش بوو بەتریك(برسۆم) وە یا(برسۆما) باس لە شەش مەتران دەکات لە(بێت ریما ـ بێت ریمان) و بەوازیك([٢٩٢]).

یەکەم لەوانە ناوی(مازینا) بووە(لە جیاتی مارزینا) لە دەوروبەری ساڵی ٦٢٠ دا ژیاوە وە ئەوی تریان ناوی(میخائیل موخلیس) بووە لە ساڵی ١٢٧٢ ڕەسامەتی بۆ کراوە بەلآم ئەو

چوارەی تریان ئەو بەتریکە زانایە باسی نەکردوون. لەوانە ئێمە بە درێژی لە سەر سێیانیان دەزانین: ئەمانەن گریگۆریۆس لەو سەردەمەدا ژیاوە کەوا ڕێکخستنی مۆنۆفیزی تیا روویداوە لە ساڵی ٦٢٩([٣٩٣]).
دواتر موسا(برکێفا) لە ساڵی ٩٠٣ کۆچی دوایی کردووە([٣٩٤]).
وە ئیوانیس کە لە مەراسیمی دامەزراندنی میخائیل سریانی لە ساڵی ١١٦٦ ئامادە بووە([٣٩٥]).
٦ ـ دێری مەرگانا ـ دێری مەرگە
دەقێك هاتووە لە نووسینەکانی عومەر، تایبەت بەو دێرە، ڕەنگە یارمەتیمان بدات بۆ ئەوەی بڵێم کەوا درێری(مەرگە) دەکەوێتە سنووری ئەبرەشیەی حەدیسە، وە هەر وەك دازانین ئەو دێرە دەکەوێتە دامێنی(چیای زێنای)(لە بەشی داهاتوودا دەربارەی ئەو دێرە و شوێنەکەی دەزانین) لە نزیك گوندێك بزر بووە کە پێی دەگوترا(زێنای) ئەو جێگەیە دەبێتە هۆی ئەوەی شوێنی گوندەکەی دوایی بدۆزینەوە کە ئاماژەمان پێ دا لە نزیك شاری(مەخمور) ی ئێستا.
دێری(مرعی) ـ مەڕعا دامەزراوە ـ وە ئەمە واتای دێری سەرووە ـ لە سەر دەستی مارِ(بەختیشۆع) لە سەر دەمی پیریەتیدا([٣٩٦]).
لە جیاتی(مەرگە)([٣٩٧]).
وە یا(مەرگانا)([٣٩٨]).
ئەم دێرە، پێشتر لەلایەن قەدیس مارِنیحا) نیشتەجێ بووە([٣٩٩]).
بە پێی ئەوەی کە لە دەقەکانی عمرودا تۆمار کراوە، دامەزرێنەری ئەو دێرە ژیاوە لە سەردەمی بەتریك سلێومزەخا(٧١٤ ـ ٧٢٨) لە واقیعدا لە ناو ئەو دێرەدا نووسەری بەناوبانگ(یووسف حەزە) ی تیای ژیاوە([٤٠٠]).
لەگەڵ براکەی خۆی بەناوی(عەودیەشۆع) کە لە ژێرەوە ناوی براکەی نووسیوە.
پێشتر(ماران عەمما) مەترانی زینای و سەرۆکی دێری(بێت قوقا یەکێك لە مردووەکانی لە دێری مەرگە زیندوو کردۆتەوە([٤٠١]).
لە نیوەی دووەمی سەدەی هەشتەم ئەم دێرە وێران و خاپوور کرا لە ساڵ ٨٠٠ ئەم کارە بە دەستی(یە عەلی کوڕی حەمڕأن) کراوە لە(بنی تیملا) ـ بەنی تیملا) لە داگیر کردن و شەڕێکی خوێناوی. دواتر هەوڵ دەدەین بە درێژی لە ناوەڕۆکەکەی بدوێین([٤٠٢]).
٧ ـ گوندی زینای

هیچ شتێك دەربارەی ئەو گوندە نازانین تەنها ئەوە نەبێت کەنیسەیەکی تیا بووە وەك مەڵبەندێك بووە بۆ خواپەرستی و خەڵوەتکەرەکان، کە لە چیاکانی دەوروپشتیدا ژیاون، ئەو پیاوە خەڵوەتکەرانە دەچوونە ئەو کەنیسەیە بۆ وەرگرتنی نهێنیەکان(الاسرار)([٤٠٣]).

لە سەر دەستی(ماران عەمما) ئەم کەنیسە کاری چاکردنەوە و ئاوەدانکردنەوەی تیا کراوە ماران عەمما خەڵکی ئەو گوندە بووە. ئەمە لە نیوەی دووەمی سەدەی هەشتەم([٤٠٤]).

بۆ زانینی شوێنی گوندەکە و پەیوەندی بە مەخمور و چیای زینای لە بەشەکانی دوایی لێکۆڵینەوەی لەسەر دەکەین.

(٢) ـ دەشتی نێوان دوو چیا

دەشتی دیجلە لە رۆژهەڵاتەوە بە زنجیرە چیای قەرەچوغ دەبەسترێتەوە ئەم ناو نانە تورکیە بە رەسەن([٤٠٥]).

وە لە بەکارهێنان دا نوێیە، بۆیە دەبێت هەوڵی ئەوە بدەین ناوە کۆنەکە بدۆزینەوە. لە دووری ئەو زنجیرەیە، دۆڵێکی فراوانی کاکی بە کاکی هەیە ئەم دەشتە لەلای تر بە زنجیرە چیایەکی تر و نزمتر دەبەسترێتەوە، وە تەریبی زنجیرە چیای یەکەمە ئێستا پێی دەڵێین چیای(ئۆینا) بە ناوی ئەو گوندەی لە تەنیشتیەوەیەتی ئەوەی تایبەت بێ بە دۆڵەکە، ناوە بەکارهێنراوەکەی تاکە و ئاڵۆز نیە بە: (دەشتی کەندێناوە) واتاکەی(دۆڵ لە نێوان دوواندا)(دوو چیا ـ وەرگێر) وە چیایەکی تریش هەیە، سێیەم چیایە بریتیە لە کەپکە شاخێکی بەرزی لووتکەکانی مام ناوەندیە و هاوتەریبە لەگەڵ کۆتاییەکانی چیای ئۆیناداخ وە بە ئاراستەی باکووری ـ خۆرئاوا.

ناوی ئەم چیایەی ئەمرۆ(دەمیرداخ) ە. کۆتایی ئەم چیایە لێژ دەبێتەوە بۆ نزیك زێی گەورە. لێرەدا دێرە بەناوبانگەکەی ناسراو بە(بێت قوقا) دەدۆزینەوە، وە لە ناوچەیەکی بچوك بەرامبەر بە زێی ئەم ناوچەیە بازنەی بەیەکگەیاندن بووە لە نێوان بانی هەولێر و ئەو دۆڵەی دەکەوێتە نێوان ئەو دوانە، لەبەر ئەوەی پەیوەندی مێژوویی لە نێوان دێری(بێت قوقا) و دۆڵەکە هەبووە. زۆر گرنگترە لەوەی کە لە نێوانی نێوان بانەکە هەیە بۆیە باسەکەمان چڕ دەکەینەوە لە سەری.

١ ـ چیای(زینای) و(زامێر)

زۆر جاران ناوی زینای و زامێر دووبارە دەبێتەوە لە دەقەکانی تایبەت بە شاری حەدیسە کە پێویستە بەدوای بگەرێین لە ناوچە دراوسێیەکان لەبەر ئەوە زۆر لەبار و مەنتیقە. هەر لەبەر ئەوەشە دەبینین مێژوونووسەکان جێگەکەی رێك بەرامبەر بە ناوچەکە دیاری دەکەن. مەتران شیر شوێنی چیای(زینای) لە (مەرگە) دادەنێ([٤٠٦]).

بەلام(مەنکنا) شوێنی چیای زینای لە ناوچەی(زومار) نزیک(عەین زالە) دادەنێ، کە دەکەوێتە دووری هەشت سەعات بە پیادە وە بەلای باکووری خۆرئاوای موسڵ([٤٠٧]).

لە واقیعدا دەبێ شوێنی ئەو چیایە لەو ناوچەیە بێت نزیک بە دێری(بێت قوقا)([٤٠٨]).

کە پەیوەندی بەردەوامی هەبووە لەگەڵ شاری حەدیسە کە زۆر دوور نیە لێی لەبەر ئەوەی مەتران(مارانزەخا) بەردەوام وەرزشی روحی لە ماوەی بەرۆژووبوونی ٤٠ رۆژەکە لەو دێرەدا دەکرد. وە هەروەها بانگەوازی خەڵکەکەشی دەکرد بۆ ئەوێ، وە بە ئاسانی بۆ هەڵگرتنی روفاتی مەتران چەلەنگ(الجمال)([٤٠٩]). سەرەرای ئەوەش نزیک بووە لە(برقانا) کە مەتران(ماران عەمما) توانی لەو دێرەوە رابکات بە شەو([٤١٠]).

کەواتە Budge لە سەر هەق بووە کە دەبێ بە دوای(زینای) و (زامیر) بگەرێین لە نزیک حەدیسە باشوور زێی گەورە لە حدیاب([٤١١]).

ئەگەر چاوێك بە نەخشە دابکێشین، تێبینی دەکەین و بەرچاومان دەکەوێت بە روونی کە وا دوو چیای زینای و زامیر تەنها زنجیرەیەکن لە چیای قەرەچوغ کە تەنیشت دەشتی دیجلەیە لە رۆژهەلات ئەم زنجیرە چیایە پێك دێت لە دوو چیای یەك لە دوای یەك و لێك جیاواز لە دەربەندێکی چیایی کە لە رێگایەوە دەپەرینەوە لە دۆڵەکە لە(نێو ئەو دووانەدا) بۆ دەشتی دیجلە. ئەو دوو چیایە پێی دەڵێن قەرەچوغی باکوور و قەرەچوغی باشوور.

بەلام ئایا لە توانامانـدا هەیە ناوەکان بە وردی تەواوی دیاری بکەین، واتە کام لەم دوو چیایە(زینای) و ئەوەی تریان(زامیر) ە؟

لە سەر نەخشە نوێیەکە بەڵگە و دەلیل لە سەر ئەمە هەیە. لە خاڵی کۆتایی دووری باکوور ـ رۆژئاوای زنجیرەکە، کە دەکەوێتە نزیك زێی گەورە([٤١٢]).

گوندێك هەیە بە ناوی(زومارا) کەواتە لە توانامانـدایە کەوا زنجیرە چیای باکوور بە چیای(زامیر) دابنێین. جگە لەمە دەقێکی(ابن الحوقل) هەیە([٤١٣]).

تیشك دەخاتە سەر ئەو بابەتەز ئەگەر لە(چیای حەمرین هەڵکشێین(لە باریما) بەرەو هەوارز، واتە تێپەربوون بەرەو باکووری رووباری زێی بچوك، دەبینین کەوا جوگرافیای عەرەبی لە رۆژهەلاتی شاری حەدیسە دەبینرێتەوە وە ئەمە سەلماندێکی ترە لە راستی جێگەی شاری حەدیسە لەو شوێنەدا. لە بەرزاییەکانی چیای زیناو زامێر با بەردەوام بین لە رۆیشتن و لەگەڵمان دەبێت هەر وەك دەردەکەوێت واتە بەم پێیە نەخشەکان خوێندراونەتەوە، لە رۆژهەلاتەوە بۆ رۆژئاوا چیای زینایە، ئەمەیان یەکەمە و بەرامبەر قەرەچوغی خوارووە. بەلام چیای زامێر دووەمە بەرامبەر قەرەچوغی باکوور داندراوە.

سەرچاوەکانی مێژوونووسانی عەرەب باس لەو دوو چیایە دەکەن، بەڵام(موفلح) لە ساڵی ٩٠٤[٤٤].

دەبینین دوای چەند ساڵێکی کەم باسی دەکات[٤٥].

تەنها چیای زینایە. بەڵام هەندێك لە دەقە مەسیحیەکان کە باسی ئەو بابەتە دەکەن دەبینین هەندێك تێکەڵاوی شێواندن و دڵەڕاوکێی تیایە تێیدا دەخوێنن[٤٦].

چونکە لێرەدا رەبەن و خواپەرست هاتوونەتە چیای زینای وە لەوێ پەرستگایان دروست کردووە لە چیای زامێر. ئەمە ئەو دەقانەیە بەبێ ئەوەی هیچ ئاماژەیەك بکات، کە ئەو کەس و رەبەنانە پێشتریش لە چیایەك بۆ چیایەکی تر گواستراونەتەوە. رەنگە سەرکەوتوو بووین لەو باسکردنە درێژەدا ئەگەر ئەوە ئەنجام بوو بێت بە هاوشێوەی ئەو بارەوە هاتووە لە بەکارهێنانی نسێبین، بۆ نموونە ناوی شەنگاڵ جارێك بەکار دێت وەك ناوێك بۆ هەر دوو پارچەی پێکهاتەی چیایەکە، وە ئەوی تریان وەك ناوێك بۆ یەکێك لە زنجیرەکان و بەس[٤٧].

لێرەدا دووبارە ناوی زینای ئاماژە بە پارچە چیایەکە دەکات بە تەواوی، وە هەندێك جار تەنها بۆ زنجیرەی باشوور. بەڵام بوونی گوندێك لە ناوچەی زینای وە بە هەمان ناوی زینایە لە دامێنی چیایەکە لەوانەیە بیدۆزینەوە بەرامبەر بە گەرووی چیایەکە بۆ جیاکردنەوەی هەر دوو زنجیرە چیاکە بە تەواوی. لە سەرەوە وتمان دەکەوێتە لای حەدیسە، کەواتە ئاسانە بۆ ئێمە شوێنی ئەو گوندە بدۆزینەوە بە بەڵگەی گوندی مەخموری بچوك کە ناوەکەی زۆر کۆن نیە.

## ئەو رەبەنانەی لە زینای نیشتەجێ بوون

زۆر بەردەوام نەبوو دێری(مار حەبیب) کە لە سەر چیای زامێر دروستکرابوو[٤٨].

حەبیب و سێ پیاوی تری لەگەڵ دابوو لەو شوێنە ئەمانە لە نەینەوا هاتبوونە ئەوێ بە هۆکاری سادەیی، پاش گیرسانەوەیان لە چیایەکە(ناوچەکە) هەڵسان بە دروستکردنی ئەو دێرە بە شێوازێکی دیار و بەناوبانگ ئەو کۆمەڵە کەسە لەو دێرە دا نیشتەجێ بوون بۆ ماوەیەك دواتر دامەزرێنەری ئەو دێرە رووی کردە(کفرتوسا) دێرەکەی خۆی بەجێهێشت کە دەکەوێتە نزیك ماردین بۆ ئەوەی دێرێکی تر دروست بکات. لەم دێرەدا رەبەن(بسیما) بەسیما دەژیا کە بە دامەزرینەرەکە گەیشت[٤٩].

دواتر هیچ دێرێکی تر لە سەر چیای زینای نەبووە. ئەوەی لەوێ ژیاوە دوای ئەوە هەندێك لە رەبەنەکان: ئەوانەی کە خەریکی زگهەلکوشین و دابڕاو تاك و تەنها دەژین و خۆیان لە

لەزەتی ژیان و خۆشی سادەیی حەرام کردووە وە یا خەڵوەتکەرە نوێژکەرە پڕ لە سیمایەکان لەو چەشنانە ناوی ئەوانە دێن کە دوور کەوتبوونەوە و ئەو جۆرە ژیانە دابڕاوانەیان هەڵبژاردبوو، ئارەزوویان بوو دوور بکەونەوە لە پلەو پایەی سەرۆکایەتی بەڵام هەندێکیان خۆیان پێگەیاند بۆ ئەوەی بگەنە ئەو پلەیە هەندێك لەو ناوانە لە بیر ناکرێن، لەوانە: هورمزد وە(ختهاوی) وە(ماربەختیەشوع) کە دامەزرێنەری دێری(ماکانا) دەبێت لە دواییدا([420]).

وە قەشە(یووسف حەزایا) کە دواتر دەبێتە سەرۆکی ئەو دێرە([421]).

وە(ئەمۆیونۆس) کە بزنەکێوی لە نەخۆشیدا چاك دەکردەوە([422]).

وە قەشە(لیۆنتیۆس) لە زینای(واتە گوندی زینای ـ وەرگێڕ) کە لە کۆن دا لە دێری(بێت عاوی) بووە([423]). وە رەبەن یووسف لە(کابیشا) وە براکەی ئەبراهام([424]).

وە یۆحەننان کە دواتر دەبێـە سەرۆکی دێری بێت قۆقا لە کۆتایی سەدەی حەوتەم([425]).

وە ماران عەمما کە لە گوندی زینای رایکرد([426]).

وە لە کۆتایی مەتران(الجمال) کە بە(ماران زەخا) گەیشت([427]).

پێشتر ئاماژەمان بە سەرەوە دا، بەهۆی نەبوونی هیچ دێرێك لەم چیایەدا ناچار بوون ئەو رەبەنە لە خوا ترس و دابڕاوانە لە ئەشکەوتەکان دا بۆ هاتنە خوارەوەیان بۆ کەنیسەی گوندی زینای بۆ وەرگرتنی قوربانی پیرۆز.

٢ ـ چیای خان

دەکەوێتە سەر سنووری رۆژهەڵات بۆ(دۆڵی نێوان هەر دووکیان) ـ واتە دەشتی کەندێناوە ـ وەرگێڕ) زنجیرە چیایەکی درێژ و کەم بەرازایی، هێڵی درێژن و پێیان دەڵێن(ئۆیناداخ) ئەم ناونانە وەرگیراوە لە گوندێکی بچوك بەم ناوەوە کە دەکەوێتە کلکەی باکووری خۆرئاوای زنجیرە چیایەکە. لە بەری دووەم لە زنجیرەکە بەرزاییەکان بەرەو لێژبوونەوە رێڕەو دەگرن و دەبنە قۆلاییەك و دەبێتە رێچکەی تێپەڕبوونی ناوی زێی بچوك، لە دوای رێڕەوی زێ زەویەکە تەخت دەبێت و درێژ دەبێتەوە بەرەو کەرکوك.

جیۆلۆجیەکان ئەم هێڵە درێژە باش دەزانن لەبەر ئەوەی دەبێتە هۆی پێکهاتنی هەیکەلی ناوچەی کەرکوکی دەوڵەمەند بە چاڵە نەوتی زۆرەوە. بیرە نەوتەکانیان دۆزیەوە بەهۆی ئەو گڕەی لە هەوا دەسووتا لە ئەنجامی ئەو غازانەی لە نەوتەکە بەرز دەبۆوە بە هۆی وێستگەی تایبەتی کە بۆ ئەو مەبەستە دروست کراوە. لە کاتی فڕیندا بە سەر ناوچەکە و گەیشتن بۆ نیوەی ماوەکە لە نێوان هەر دوو زێدا ئەم گڕە دەست پێدەکات بە دەرکەوتن و هێڵی فڕۆکەکانی ئاسمانی عێراقی رۆناك دەکاتەوە کە نێوان موسڵ و کەرکوك بە یەك

دەبەستێتەوە لە ئاسماندا بە تێپەڕبوون بە سەر دۆڵی کەندێناوە. ناوی(ئۆینـاداخ) نـاوێکی نوێیە بە تەئکید وە هەروەها پەیوەندی هەیە لە نێوان ئەو ناوە نوێیە و دارشتنی(ئۆینا ـ ئەوینا ـ وەرگێڕ) ی کۆنی ناسراوە بۆیە ئەگەر سەرنجێکی نەخشەیەکی کۆن بکەین و زانیارییە چەسپاوەکانی بخوێنین تایبەت بە ڕێگاو بانی کۆن کە لە سەدەکانی رابردوودا ناسرابوون وە پێش وەبەرهێنان و دەرهێنانی نەوت و دروستکردنی ڕێگەی نوێی پێویست بۆ درێژکردن و گەیاندنی بۆڕیەکانی نەوت و گواستنەوەی نەوت و بەرهەمەکانی لە سەرچاوەکەیان بۆ بەندەرەکانی ناردنە دەرەوە لە سەر ئەو نەخشانە هێڵی ڕێگە کۆنەکان دەبینین وە بۆمان ڕووندەبێتەوە کەوا ئەو ڕێگە راستەوخۆیەی نێوان مووسڵ و کەرکوك بە گوێڕدا تێپەڕیوە(وە بەو دۆڵەی نێوان ئەو دووانەدا نەبوو) ـ (واتە کەندێناوە ـ وەرگێـــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــڕ).

ئەگەرچی ئەو ڕێگایە کورتتریش بووە. ئەو کات پردی دووبز (دبس) ی نوێ نەبوو، بۆیە پێویست بووە ڕێگە کۆنەکە بەرەو پردی کۆنی دروست کراوە لە سەر ڕووباری زێی بچوك لە ئاڵتوون کۆپری(پردێ) ـ وەرگێڕ.

بۆ گەیشتن بە ڕێگەی هەولێر لە جیاتی ئەوەی ئەو ڕێگەیەی بەرەو باشووری خۆرئاوا زنجیرەی(ئوینا ـ ئەوینا) درێژبوونەوەی ڕێگەکە تەریب بووە لەگەڵ بەرزایی باکووری خۆرهەلات. کاتی گەیشتن بە ناوەڕاستی ماوەکە لە نێوان هەردوو زێدا دەبینین لێرەدا قۆناغێك هەیە ئاماژەی پێکراوە بە ناوی(خان) وە ئەم خانە ناوەکەی دراوە بە چیاکە کە ناسراوە بە چیای خان وە لە کلدانیدا ناوەکە: (خان توری ـ وشەی تور ـ واتە ـ چیا ـ وەرگێڕ).

شوێنی ئەو خانە نیشانە کراوە ئەمڕۆ بە گوندی(دوو جیرت خان)(واتە دوو گردکان ـ خان) ـ (وەرگێڕ). واتە خانی دوو گردەکە. ناوە کلدانیەکە:(خان تورێ) بۆ چەند جارێك لە دەقە مێژووە تایبەتەکاندا دووبارە کراوەتەوە بە تایبەتی بۆ(دێری بێت قوقا) وە چیایە لە تەنیشتیەوە، ئەمانە بۆتە هۆی ئەوەی مێژوو نووسەکان بە دوای ئەو دێرە نەگەڕێن بۆیە دەیانبینین دەیگوازنەوە و دەیکەن بە شوێنی خان تور لە نزیك زاخۆ، واتە لە خاڵێکی دوورتر لە سنووری باکوور بۆ(بانۆهەدار)([٤٢٨]).

بە کردەوەی ڕۆڵەکانی مارسۆر یەشوع پێویستیان بە کاتێکی درێژ نەبوو بۆ ئەوەی بە پیادە بچن بۆ گەیشتن بە ڕەبەن(برانسیا) ئەمە سەلماندنێکی ترە بۆ چەسپاندن و ڕوونکردنەوەکە دا ئەو چیایە کەوا زۆر نزیك بووە لە دێری(بێت قوقا) کەوا باسی دەکەین.

لەلایەکی ترەوە دەبێ تێبینی ئەوە بکەین کەوا(منکنا)([٤٢٩]).
کەوتۆتە هەڵەوە لە وەرگێڕانەکەیدا، لەبەر ئەوەی کاتێ وتوویەتی ماران عەمما سەرۆکی شەشەمی دێری بێت قوقا رۆیشتووە بۆ دێری مارسۆر یەشوع کەوا لە(خان تور) مەوجود بوو. نازانین چۆن دانەر توانیویەتی وا دابنێت([٤٣٠]).
وە یا بیسەلمێنێت ئەو بابەتە واتە دێری سۆر یەشوع لە نۆهەدرایە کەوا نووسەری(العفە) باسی دەکات([٤٣١]).
لە واقیعدا و بە روونی دەقەکانی کلدانی ئاماژە بەوە دەکەن و دەڵێن کەوا: ماران عەمما(لە دێرەکەی خۆی، واتە دێری مارسۆر یەشوع) لە بێت قوقا چووبووە چیای خان کە زۆر نزیکە لە شوێنی دێرەکە. لە کاتی بەڕێکاوە بۆ ئەوێ لای دایە گوندی(ئوبێت) کە ئێستاش پێی دەڵێن سوڵتان ئوبێد([٤٣٢]).
کە دەکەوێتە ناو چیاوە. کات هێشتا زووە بۆ ئەوەی زۆرترین نموونە لە شێوەی ئەم گوندە بدۆزینەوە لە چوارچێوەی مێژووی تایبەت بە دێری بێت قوقا.

## بێت قوقا

دێری مارسۆ یەشوع ناسراو هەروەها بە دێری(بێت قوقا) دێرێکە تایبەتمەندی خۆی هەیە ئەگەر بەراوردی بکەین لەگەڵ دێرەکانی تری کوردستان و باکووری عێراق کە هەیە. درێژەی مێژووی سەرەتاکانی دێرەکان و شوێنەواری پاشماوەکانیان بە کۆتایی هاتنی سەدەی سێزدەهەم بە درێژی لەبەردەستمان دا هەیە. ئەوەی تێبینی ئەم نووسینانە بە درێژی بکات لە سەر دێرەکان، بەڵام ئەم دێرە زیاتری لە سەر وتراوە و وردەکاری تیایە.
گەشەکردنی ژیانی رەبەنایەتی و گۆشەگیریان لە ماوەی ١٠٠٠ ساڵ بە پێی زنجیرەی رووداوەکانی مێژوویی وە بە تایبەتی ئەوەی پەیوەندی بەو دێرەوە هەیە(لەگەڵ ئەوەشدا زۆر بەداخەوە زۆربەیان دەبینین مێژووە دووردرێژەکانیان پارچە پارچە کراوە و زەحمەتی دیتنەوەیان بۆ بەستنەوەی پارچەکانیان هەیە) ئاسۆیەکی فراوان بۆمان دەکرێتەوە. ناوبانگی دێر و درێژەدان بە ژیان لە سەر زەوی واقیعدا، هەورەها بە ئاسانی تێپەڕ نەبووە لەبەرچاوی مێژوونووسەکان و نووسەرە کۆنەکان، ئەوانەی کۆششیان کرد، بۆ مەستبوونی ئارەزووەکانیان، بۆ دۆزینەوەی پەیوەندیەکان هەر لە سەرەتاوە لە نێوان رووداوەکاندا.(سەمعانی) هیچ جیاوازیەکی نەکردووە - کە ناتوانین پێوانەی بۆ بکەین بەهەڵگوتنەکانی، ئەگەرچی ئەو دەرگای ژیانی بۆ ئەم باسە نەکردۆتەوە - لە نێوان

سوریەشۆع دامەزرێنەری(بێت قوقا) لە حدیاب و سۆریەشۆع دامەزرێنەری دێری(بێت عاوا) شبیرە لە(بانۆهەدار)([٤٣٣]).

وە هەروەها جیاوازی نەکردووە لە نێوان دێری بێت قوقا و(دێری حسقیال، عذقیال) لە داقووقا - (مەبەستی داقوق داقوقە لە باشووری شاری کەرکوك - وەرگێڕ).

ئەوەی پەیوەندی بەو دوو دێرە هەیە، مەتران(ئەدیشێر)([٤٣٤]).

لە ماوەیەکی دوور و درێژ خەریکی ئەوە بووە بۆ جیاکردنەوەی ئەو دوو دێرە، بەلام هەندێك لە نووسەرەکانی ئەم دواییە ئەوەیان لە نووسینەکانیاندا رەچاو نەکردووە([٤٣٥]).

وا دەردەکەوێت، کە زۆر پێویست نەبووە بۆ ناسین و جیاکردنەوەیان بە پێی ئەو پێشنیازەی قەشە(نو Nau)([٤٣٦]).

کردوویەتی بۆ نموونە جیاوازی لە نێوان بێت قوقا و گوندی بێت قوقی) کەوا مارۆسای تکریتی قوتابخانەیەکی بۆ یەعقوبیەکان تیا دامەزراند. ئەم گوندە لە دواییدا دەبینین دەبێت بە(باق) ی ئێستا کە دەکەوێتە سەر رێگای نێوان مووسڵ و زاخۆ، کە لە ژێر دەسەلاتی ئەبرەشیەی یەعقوبیەکان بووە و ناسراوە بە(مەعلسا). لە واقیع و راستیدا، ئەو دێرەی کە ئێمە قسەی لە سەر دەکەین ئەو دێرەیە کە لە لایەن رەبەن سوریەشۆع دامەزرێنراوە کە خەڵکی(نەوانا)یە، دواتر ناوەکەی کراوە بە(بێت قوقا) بە ناوی ئەو کەسەی کە لە نێوان ساڵانی ٦٥٠ - ٦٦٣ سەرۆکایەتی ئەم دێرەی کردووە بەهۆی کۆچی دوایی کردنی دامەزرێنەرەکەی لە ساڵی ٦٥٠ و بووە بە خەلیفەی ئەو([٤٣٧]).

پێشتر خەلیفەی دامەزرێنەر لە نەخۆشی گرویتی چاکبۆتەوە کە تووشی هاتبوو لەو ئاوەی کە لەناو دێرەکەدایە. دواتر چۆتە دێرەکە و بووە بە رەبەن، وە هەموو کێڵگە و سامانەی کە هەیبووە پێشکەشی دێرەکەی کردووە. لەلایەکی تر، پێمان باشە ئەوەش بخەینە سەر: ئەم دێرە لە نیوەی یەکەمی سەدەی(٧) ەم دامەزراوە. وە ئەمە کارێکی بەدواوە بووە بۆ دامەزراندنی دێرێك پێش ئەمە کە لەلایەن سوریەشۆع دروست کراوە، وە شوێنەوارەکەی ناسراوە بەدێری(الشهداء - شەهیدان) لە دواتر دا باسی دەکەین.

## سەرچاوەکان:

زانیارییەکانمان لە سەر مێژووی ئەو دێرە پشت بە دوو سەرچاوە دەبەستێ گرنگیەکانیان جیاوازن. یەکەمیان بێناوە بەلام دەلیلی رەسەنایەتی کۆنی هەیە مێژووی ئەم سەرچاوەیە دەگەرێتەوە بۆ سالی ٨٢٠. بلاوکراوەتەوە لەگەل وەرگێرانە فەرەنسیەکەی لە سەر دەستی(منکنا) لە سالی ١٩٠٧([٤٣٨]).

دەقێکی کورت لە سەر ئەمە لەلایەن مەتران ئەدیشێر نووسراوە بە ماوەیەکی کورت پێش بلاوکردنەوەکەی منکنا([٤٣٩]).

تێبینیەکانی هاتووە لەلایەن تۆما مەرگەیی زۆر نزیکە لە دەقەکانی پەرتووکی یەکەم وە هەروەها ئەوەی کە(ئیشۆع دناح) بەسری نووسیویەتی. لەمەدا ئەمەمان بۆ دەست دەکەوێت کەوا مەتران شێر لە سەر هەق بوو کە وای بیرکردۆتەوە هەر سێ دارنەرە یەکەمەکان، وە بە پێی ئەوەی یەکێکیان لە سەر ئەوەی تریان نووسیبێ وە یا گواستبێتەوە، هەمان سەرچاوەیان بەکارهێناوە. بەلام دانەری مێژووی سعردی([٤٤٠]).

هەروەك دەزانین لە مێژوونووسە کۆنەکانە(ناوەراستی سەدەی یازدەهەم؟) وا دەردەکەوێت هیچ دیکۆمێنتێکی تایبەت بە رۆلی مێژوویی دێرێ بێت قوقای لا نەبێت. ئەو زانیاریانەی کەوا تۆماری کردووە دیاریکراوە بە تێبینی دامەزرێنەر بەجێیهێشتووە. سەرەرای ئەو دەقانەی کە نووسیویەتی، زۆر جار ئالۆزە، دەبینین دەنووسی، وە بۆ نموونە: لە نزیك ئەشکەوتەکە کە دێرێك تیایدا دەژیان(دێرێکی کۆن). بەبێ ئەوەی ئاشکرای بکات بە وردی کام دێرە ئەو دێرە؟ وە یا دەنووسی: (١٢ سال لەگەل رەبەنەکان ژیاوە)... تاد. بەلام ئەمە پێچەوانەیە، کاتێك دەیوێت وردەکاری بدات بە شلەژاوی تۆماری دەکات لە نووسینی ناوەکان بۆ نموونە(ئیشۆع برنۆن) لە جیاتی ناوی(ئیشۆع سورەن). سەرچاوەی دووەم کە تایبەتەب بە بێت قوقا بریتیە لە هەندێك دەقی زێدەرۆیی لە مەدحکردن و بە شان شەوکەت هەلگوتنی دامەزرێنەرەکەی کە دەگەرێتەوە بۆ(گبیرئیل قەمسا) میتراپۆلیتی مووسل کە لە کۆتاییەکانی سەدەی سێزدەهەم ژیاوە. ئەو شیعرانەی کە وتراوە لە ناو ئەو دەقانەدا هەیە، وە زۆربەی مێژوونووسەکان ئامازەیان پێی داوە کە لای ئێمە دیار نیە. وە من سوپاسی تایبەتی(قەشە شەمۆئیل جەمیل شوریز) دەکەم کە ئەو کاتە سەرۆکی دێری رەبەنەکانی کلدان بوو کە رێگەی پێدام بۆ ئەوەی بتوانم بەو دەقەکانی یەکێك لە دەستنووسەکان تایبەت بە دێری(السیدة حافظة الزروع)([٤٤١]).

پێدابچمەوە. دەقەکە زۆر ئالۆز و بێسەروبەرە: بۆ لێکۆلەر پێویستە بۆ خوێندنەوەی(٦٤) لاپەرە بە تەاوەتی بۆ ئەوە بۆ یەکەم جار ناوی قەدیس بدۆزێتەوە، وە پاش

خوێندنەوەیەکی دوور و درێژ و بێتام دەست دەکات بە هەڵبەستن، جگە لەمە هەموو ئەو دەستەواژانەی کە پیا هەڵگوتنە بەکەڵکمان نایەت بۆ زانینی ناوی دامەزرێنەرەکە. دەقەکە بە تەواوی بەکەڵکی بڵاوکردنەوە نایەت، مەگەر خوا بۆ هەڵسەنگاندنی مێژوویی و بەس سەرچاوەکانی تر کە بەدرێژی باسیان دەکەین لە کاتی خۆیدا باسی دەکەین([442]).

## دیاریکردنی شوێن و باری ئێستا

هیچ مێژوونووسێك نیە ناوی نزیکمان پێ بدات بۆ ئەوەی بەڵگەیەك بێت بۆ زانینی شوێنی دێرەکە، بەڵام(منکنا)([443]).

وە(ئەدیشێر) یش([444]).

تەئکید لە سەر ئەوە دەکەنەوە کەوا وشێنەواری دێرێك هەیە دەکەوێتە نزیك زێی گەورە وە بە دووری ماوەی ٧ کاتژمێر بە پیادە لە رۆژئاوای هەولێر، وە دەتوانین ببینین تاوەکو ئێستاش. مانای ئەو وتەیە بۆ کەسێکی لێکۆڵەر قسەیەکی ئاڵۆزە. ئەوەی باوە و زانراوە لەلای موسڵمانەکان وە هەروەها لای مەسیحیەکانیش([445]).

شوێنەواری دێرەکە بەتەواوی بزربووە بەڵام رۆژهەڵاتناسەکان خۆیان ماندوو دەکەن و بەدوای ئەو دێرە دەگەرێن بە پێی وردترین نەخشەکە([446]).

بە کورتی دەڵێین لە سەرمانە لەدوای بگەرێین بە پێی ئەوەی لە دەقەکان دا هاتووە. ئەوەی گومانی تێدا نیە: هۆکاری گرنگ بۆ زانینی شوێنی دێرەکە ئەو پەیوەندیەیە کە لە نێوان دێرەکە و زێی گەورە هەیە. دێرەکە پێویستە لە نزیك زێ بێت بۆ ئەوەی رەبەن برانسیا بتوانێت ئاو بە ئاسانی رابکێشی لە رووبارەکەدا([447]).

لەوانەشە ئەگەر نۆکەرێکی بچوك هەبووبێت هەندێك دوور بووبێت، ئەو کۆمپانیایە ئارەزوومەند بووە بۆ هەڵکەندنی بە ماندووبوونێکی زۆر بۆ ئەوەی ناوی بۆ مێژوو تۆمار بکرێت! ناوی کانیاوە ناسراوەکە بە(صخرة الغربان) مەبەستەکەمان پێ نادات لەبەر ئەوە وشك بووە لە سەدەی هەشتەمەوە([448]).

ناوی گوندەکان کە رەبەنەکان مامەڵەیان لەگەڵ دەکردن ئەوەمان پێ دەبەخشێ کەوا دێرەکە دەکەوێتە لای باکووری رۆژئاوای حدیاب، وە لەوانەشە لەنێوان(ئەسکی کەڵەك) درێژیەکەی زێی گەورە بە رووباری دیجلە بێت. نزیکترین گوند لە ناوچەی گوندی(بێت حەنیق) ە([449]).

وە لەوانەشە ئەو گوندە زیاتر نزیکمان بکاتەوە لە گەیشتن بە ئامانج. واتە(بێت حەنیق) دەکاتە(مكان المخنوق ـ شوێنی خنکاو) نیشانەی روودانی خنکانێك بووە لەو شوێنە لە

مێژوودا بەڵام ناکرێت ئەمە بەو مانایە بێت بۆ شوێنی جوگرافیایی؟ هاوجووت بۆ مانا عەرەبییەکەی بۆ تاك(خنوقا)(خنکاو)(خنکێنراو) ئاماژە بۆ ڕێڕەوی ڕووباریدیجلە بەناوچەکە لە شوێنی ناسراو بە(الفتحە) دیجلە وەك خنکاو دەبینرێ. فەتحە دەکەوێتە نێوان دوو زنجیرە چیای(حەمرین و مەکحول) وە ئەگەر بمانەوێت زانیاریمان لە سەر بەشێکی ئەو ڕووبارە بزانین کە لە شێوەی خنکاو دەردەکەوێتن پێویستە لە کەپکە چیایەکە نزیك ببینەوە(دەمیرداغ) کە زۆر نزیکە لە زێی گەورە و تەریبە بۆ ڕێڕەوی زێ بەتەواوی. ئەوە تاکە ناوچەیە ڕاستەوخۆ دەکەوێتە سەر ڕووبارەکە و مەبەستی ناوەکە دەپێکێت. ئەگەر چاوێك بە نەخشە دا بخشێنین دوو گوند هەیە ئەو مەرجانەیان تیایە: شمادوبز(شمادبس) دەکەوێتە دووری چوار کیلۆمەتر بەلای سەرەوەی ئەم شوێنەی ئاماژەمان پێی دا وە ڕێگەی نوێی نێوان موسڵ و هەولێر پێیدا تێپەڕ دەبێت بە ڕووباری زێی گەورە بە سەر پردی(ئەسکی کەڵەك) نزیك گوندی مەلا عومەر، کە ١٥٠٠ مەتر لە ئەسکی کەڵەك دوورە بەلای خوارووداو ناوی ئەو گوندە سەرنجمان ڕادەکێشێ، ناوی(عومەر) ئێستا، بەڵام بۆی هەیە ناوەکی شێوێندرابێت بۆ ناوی ئەومر ـ ئومرا) بەواتای دێر؟([٤٥٠]).

(ئەومەر ـ ئومرا ـ بە زمانی سریانی) ـ وەرگێڕ.

ئەگەر بەڵگەیەکی باوەڕپێکراومان دەست بکەوێت بەوەی ئەگەر بتوانین کانیاوەکە بدۆزینەوە لەو ناوچەیە کە ئاوەکەی بۆگەنیە وە ناوەکەی بە گوندێکەوە نووساوە لە واقیعدا ئەم گوندە پێی دەڵێن(عیناسریتا)([٤٥١]).

واتە(کانی بۆگەن)(وەرگێڕ). بەداخەوە ئەو جۆرە نەخشانەمان نیە بۆ ئەوەی شوێنەکانمان پێ بدات کە شوێنی دەرکردنی گازەکانی هایدرۆکاربۆنیە وە بە تایبەتی لە چیای(دەمرداغ). کەواتە دەبێ خۆمان بەدوای ئەو شوێنە بگەڕێین بە دووری چەند لە گوندی مەلائۆمەر ئەم کانیاوە دەدۆزینەوە؟ ئەوەی دەیزانین خەڵکی گوندی عێناسریتا بەردەوام لە ناکۆکی دابوون لەگەڵ ڕەبەنەکان بەهۆی ناکۆکی لە سەر سنووری جیاکردنەوەی زەویەکانی سەر بە گوندەکە و دانیشتوانەکەی و زەویەکانی سەر بە دێرەکە، چونکە ڕەبەنەکان بە هی خۆیان دەزانن، واتە سەر بە دێرەکە بوون. با دوور بکەوینەوە لە ڕووباری زێی گەورە بە دووری دوو وە یا سێ کیلۆمەترەوە بە ئاراستەی ڕۆژهەڵات وە یا بەرەو گوندەکە یا دێرەکە ئەو کاتە کانیە بۆگەنەکە دەدۆزینەوە. ئەو کانیاوە بە دووری پێنج بۆ شەش کیلۆمەتر لە زێ دوورە بە پێی ئەو نەخشەیەی لەبەردەستماندایە شوێنێکی جێگیری لە سەرە بەناوی(دێرە بیشبرماغ) ئایا ئەو ناوە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو گوندەی کە کانیاوەکەی بۆگەن و تاڵ بووە؟ لە هەوڵەکانمدا بۆ زانینی شوێنەکە خۆم

هەڵسام بەم کارە بۆ ئەوەی بیدۆزمەوە هەموو زانیارییەکانم خستە بەردەمی خۆم، وە بۆم دەرکەوت کەوا ئەو کانیاوە ناسازە و هەیە و دەکەوێـە نزیـك گونـدی(دارا) شـوێنەوارە چوارلایەکەی دێرەکەی(بێت قوقا) دەکەوێتە دووری چەند مەترێك بەلای باشووری رۆژهەلاتی گوندی(مەلانۆمەر) کە رێگایەکی تەریب بە رووباری زێ جیای دەکاتەوە و ئێستا جۆگەیەکی ئاودێری نوێ بە نزیکی دا تێپەڕ دەبێت. جۆگە ئاودێرە کۆنەکە پێی دەڵێین(نهر بهلول) نزیك بە شوێنەکە. ئایا بەهۆی ئەوەوە ئاو راکێشراوە بۆ دێرەکە؟ وە یا جۆگەیەکی تر هەبووە بۆ ماوەی ٤٠٠ مەتر راکێشراوە، بۆ گەیشتن بەزێ ؟ هەموو ئەوەی کە لە دەوری دێرەکەدا بووە بزر کراوە و هیچ شوێنەوارێکی لێ نەماوە بەهۆی بلاوبوونەوەی کشتوکاڵ لە هەموو ناوچەکە. بینایەی دێرەکە بەتایبەتی، بە وێنەیەکی چوارگۆشە بۆمان دەردەکەوێ درێژی هەر لایەکی ٦٠ مەترە دیوارەکانی بەبەردی گەورە و گەچ دروست کراوە. سەرەڕای ئەوەی دێرەکە چۆڵ نەکراوە تەنها پێش ٢٠٠ ساڵ بەرزی دیوارەکانی لە ئاستی زەویەکە بەرزتر نیە بەدەووری بیناکە، وە ئەمە زۆر سروشتیە بەهۆی نزیکی بیناکە لە سنووری گوندەکە. پیاوە پیرەکانی گوندەکە دەیانوت کەوا دیوارەکانیان بینیوە بەرزتر بووە جێگەی حەوانەوەی مەڕومالات بووە بە شەو وە یا بۆ ئاخینی کا(کادین) بەکاریانهێناوە.

زۆر ئاساییە کەوا خەڵکی گوندەکە لە کوردەکان هیچ لەوبارەیەوە نەزانن، ئەو بینایە چیە؟ وە ناشکرێ کەوا پێیان بڵێین ئەوان بە شوێنەوارەکە دەڵێن(القصر - کۆشك).

بەڕێوەبەرایەتی گشتی شوێنەواری عێراقی، شوێنەکەی پۆلین کردووە بە شوێنەوار) بەبێ دیاریکردنی ناسنامەکەی. وە هەروەها قەدەغەی دەرهێنانی کەرپوچەکەی کردووە کەوا دیوارە ناوەخۆییەکانی پێ دروست کراوە. لە دەرەوەی چوار گۆشەی کۆتایی بیناکە چوارگۆشەیەکی بچوك هەیە کە بینایەی دێرەکەیە دوای بچوککردنەوەی قەبارەکەی کە تاوەکو سەدەی حەڤدەهەم هەبوو. لێرەوە لەسەر ئاستی زەویەکە لەلای رۆژهەلاتی دێرەکە شوێنەوارێکی کۆنتر هەیە وەك بینایەکی کۆن کە پێش ماوەیەکی زیاتر چۆل کراوە. وە هەروەها کانیاوەکەش دەدۆزینەوە لەوانەیە ئەو کانیاوە بێت کە(بێت قۆقا) پێی چاکبۆتەوە(رەبەن و سەرۆکی) دێرەکە لە دوا رۆژدا - وەرگێر).

ئەم کانیاوە تاوەکو ئێستاش ئاوی لەبەر دەڕوات لەلای باشووری دێرەکە.

ئێستا، ئایا لە توانامانـدا هەیە شوێنی حەوانەوەی سەرۆکی دێرەکە(ماریۆحەننان) دیار بکەین(٦٧٥ - ٦٩٢) کە بە دووری ١٠٠٠ شەقاو(هەنگاو) دوورە لە بینایەی کۆمەلی رەبەنەکان، کە پێشتر وێنەی باوك و باپیری لە سەر دیوارەکە کێشابوو؟([٤٥٣]).

بە تەریبی زێ و بە ئاڕاستەی باشووری خۆرئاوا بەردەوام بین وە پاش دە خولەك بە پیادە گردێکی بچوك دەبینین دەڕوانێتە زەویەکانی دەوروپشتی خۆی بە سەرکەشی و شۆخیەوە. لە تەپری سەریدا کۆمەڵێك گاشەبەرد هەیە و خڕ کراوەتەوە لە کێڵگەکانی دەوروپشتیدا وە هەروەها هەندێك کەرپوچەکان جیادەکەینەوە و دەناسرێن. شوێنەکە پێی دەگوترێ(جیرد المؤمن) واتە(گردی باوڕداران) وە یا(تل الشموع - گردی مۆم) مکان - (وەرگێڕ).

جا ئایا ئەمە نیشانەی سروتی ئەو کاتەی مەسیحیەکان بووە وە بەکاریان هێناوە، وە ڕەبەنەکانی دەرمنگ و کۆتاییەکان ئەوانەی کە لە دوای پێش خۆیان هاتن؟ ئەوەکان ئەمانە نازانن. هیچمان نەماوە تەنها زانینی شوێنی گوندی(بێت حەنیق) واتە(بێت خنکاو) وە دیاریکردنی بە وردی. لەوانەیە شوێنەکە گوندی(شامەدیبیس) بێ کە لە سەرەوە ئاماژەمان پێی دا، لەبەرئەوەی هیچ بەڵگەیەکمان نیە بەبوونی گوندێك لە تەنیشت دێرەکە، واتە هەڵکەوتنی گوندی مەلائۆمەری ئێستا.

دوای تەواوبوونم لەسەر ئەرزی واقیعدا ئینجا بە دوای قوڵایی ناو جەرگی سەرچاوەکان دەگەڕێم. یەکسەر ڕۆژمێرێکی نەستوریم دۆزیەوە، لەگەڵ پەرتوکێکی تایبەت بە مندالان(ئاشوریەکان) ئەم ڕۆژمێرەی ئاماژەمان پێی کرد لیستێکی جەژنەکان و یادگاریەکانی تیایە وە بە پێی زنجیرەی ڕۆژانی ساڵدا.(زانا قەشە یووسف قلێتا)([453]).

هەڵساوە بە بلاوکردنەوەی ئەم ڕۆژژمێرە، وە دەڵێ ئەو گواستیتیەوە لە ڕۆژژمێرێکی کۆنتر و پێش ئەوە بلاوکراوەتەوە(لە ئورمێ ساڵی ١٨٩٤، پشت بەستن بە دەستنووسێکی کۆن تەمەنی نزیکەی ٥٥٠ ساڵ بووە. کەواتە ئەو نووسراوە لە سەدەی چواردەهەم وە یا پازدەهەم. واتە لەو کاتەی کە دێرەکەمان بابەتی لێکۆڵینەوە بووە. وە چالاکیەکانی بە گەرم و گوڕی بەرچاو بووە. کەواتە ئەو سەرچاوانەی کە پشتی پێ دەبەستین سەرچاوەی ڕاستگۆ و ڕوونن وەك ئەوەی تیشکی خۆر لێی بدات ئاشکرایە وە یا نووسینی ڕەش لە سەر لاپەڕەی سپیدا: لە ڕۆژی یەکشەممە یەکەم ڕۆژی مانگی تشرینی یەکەم لە هەموو ساڵێکدا ئاهەنگگێران بووە بۆ یادکردنەوەی ڕەبەن(مارسۆریەشۆع) لە دێری(بێتقۆقا) کە دەکەوێتە ناوچەی هەولێر و پێی دەڵێن(پێشبرماغ)(پێشبەرماغ) - (وەرگێڕ)([454]).

پێشتر گۆڕانکاری لە ناوی(عیناسریتا) لە سەدەی(دەی) ز کرابوو، وە کرابوو بە دارا. شمشاتی([455]).کەوا لە سەر سنووری زەوی بێت قوقا بووە تورکومانەکانی هاتوو نیشتەجێ ناوەکەیان دواتر کردووە بە(بێشبیرماع) واتە(پێنج پەنجە) ئاماژەی بۆ ئەو پێنج گردەی لەناوچەکەدا هەیە ئەمڕۆ ناوی گوندەکە ناوێکی دوو بڕگەیە لە هەر دوو ناوەکە

هاتووە(دارا ـ بێشبیرماغ) وەرگێرانەکەی(دۆڵی پێنج پەنجەیە) لە کاتی ئاخاوتندا ناوەکە کورت دەکرێتەوە بۆ(دارا) و بەس.

## سۆریەشوع لە بێت قوقا

دامەزرێنەری ئەو دێرە(ئەوانە) ـ(ئەوینا)([456]).

لەدایك بووی ناوچەی(تیرهانا) وە لە قوتابخانەکەی ئاینی گوندەکەیدا پەروەردە کراوە. سەرەتای دەستپێکردنی باوەڕی ئاینی بووە کاتێك زیارەتی شەهیدی دوا ڕۆژی کردووە(ئیشۆع سورەن) کە لە هەولێر بەند کرابوو لە ساڵی ٦٠٥ بۆ ساڵی ٦٢٠. پەرتوکی(العفە) بۆ دوورتر لەمە دەچێت و دەڵێ: سوریەشوع جلکی رەبەنی لە دەستی ئیشۆع سورەن خۆی وەرگرتووە([457]).

لە مێژووی سعردیدا هاتووە ناوی رەبەن ئیشۆع سورەن گۆڕاوە و کراوە بە(ئیشۆع برنوون)([458]).

کەوا حاکمی موسڵ بووە وە شا(خوسرەوی فارسی) فەرمانی کوشتنی بۆ دەرکردووە. بەهۆی هاتنە سەر ئاینی مەسیحیەوە مەتران شێر لە سەر ئەم بابەتە تێبینی هەیە و تایبەت بەم بابەتە دەڵێت هیچ زانیارییەکی لە سەر ئەم کەسایەتیە نەدۆزیەوەتەوە لە رووداوە مێژووییەکانی تردا. ئەم واقیعە نامۆ نیە تەنها نموونەیەکی زیندوو نەبێت بۆ زێدە گوتنی مێژوونووسەکانی قەدیسەکانی دوایی کەوا نەیانتوانیوە ئەوە رەچاو بکەن کەوا شەهیدێك رەبەن بێت و لە هەمان کات دا میر یان حاکم بووبێت ئەو پارچە شیعرەی کەوا(گبرئیل قەمصا) رێکی خستبوو ئەوەمان پێ دەدات کەوا سور یەشوع هاتۆتە هەولێر بەبێ دیاریکردنی هۆی هاتنەکەی لە هەولێرەوە ئەم لاوە بەردەوام بووە بە رێگە بەرەو رۆژئاوا تاوەکو گەیشتۆتە رۆخ رووباری زێی گەورە. لەوێ بارەگای لێ داکوتاوە و ماوەتەوە بەبەردەوامی لەوێدا پەرستگای وە یا شوێنی ئاینی رەبەنێك دۆزیوەتەوە بەناوی(هورمزد ئارامی)([459]).

کە دەکەوێتە نزیك دێرێکی کۆن دروست کراوە بەناوی شەهیدان. ئەمە یارمەتیمان دەدات بۆ دۆزینەوەی ئەو پەیوەندیە کە ئەوەمان بۆ دەگێرێتەوە کەوا ژیانێکی خێڵەکی سەرسام هەبووە لە ئەشکەوتی(پەرستگای سور یەشۆع) دەردەکەوێت بە هەبوونی قاپێکی دروست کراو لە باسکی دارخورما و بە قیر و زفت چەور کراوە، بەکاری هێناوە بۆ تێکدانی تێکەڵاوکردنی سرکە. ئەم جۆرە قاپە وە یا کۆتکە تاوەکو ئێستاش لەلایەن عەرەبەکانی ناوچەی هیت بەکاردێت و پێی دەڵێن(المنشل). بوونی ئەم جۆرە قاپە و لەو شوێنەدا و لەو

کاتەشدا زۆر دەبەخشی، لەبەر ئەوەی، وە بۆ ماوەیەك و قۆناغێك لە ژیانی رەبەنایەتی کە لە باشووری عێراق چالاك بووە([٦٠]).
سور یەشوع جلی رەبەنایەتی لە دەستی رەبەنی خوا پەرست و تاکو تەنها وەرگرت، هەروەها بوکلەی سەر(واتە تاجی سەر) ـ وەرگێرِ. وە لەوێ جێگیر بوو مایەوە، هەر لەو کاتەوە، ئەو کات، خەڵکێکی زۆر لە دەوری ئەو پیاوە قەدیسە کۆبوونەوە و پێوەی پابەند بوون لە کاتی بەجێهێشتنیان و دەرچووندا. بینایەکانی دێری شەهیدان کاول کرا وە ئەو کاتەی کە(قەمصا) ئەگەر بە جددی وەریبگرین، دەڵێین لە کاتی هاتنی سور یەشوع تەنها سێ رەبەن مانەوە و بەس. دواتر ژمارەی رەبەنەکان بەرەو زۆربوون چوو دوای ئەوەی یەکەم کۆمەڵی بچووکی رەبەنەکان پێکهێنرا، داواکاریەکمان بۆ دەرکەوت ئەومیە بڕیاریان دابوو کەوا سور یەشوع سەرۆکیان بێت لە سەرەتا دا ئەم داخوازیەی رەتکردەوە، سەرەڕای سور بوون و جەختکردنی رەبەنی پیر و بەساڵاچوو رەبەن هورمزد و ئیلحاحکردنی بەبەجێهێشتنی خەڵوەتگەکەی دەرچوون لێی بۆ ئەوەی ببێتە باوکێك بۆ ژمارەیەکی زۆر لە رەبەنەکان. ورەی سۆر یەشوع نەرم نەبۆوە و بۆ ئەوەی لە کەللە رەقی بێتە خوارەوە تەنها ئەو کاتەی کە میتراپۆلیتی هەولێر ئیشوعیاب کە ئەو دایمەزراند بە پەتریك لە دوا رۆژدا ساڵی ٦٥٠ ئەو کاتە بەمە رانەوەستا(سۆر یەشوع) کە هەر وەك سەرۆك بەڵکو زیاتر بۆی چوو بۆ ناونانی باشتر کە ئەویش چاکسازیکار ـ مصلح)، دواتر کۆتایی هات بە(دامەزرێنەر) دێرەکەی کرد ماڵێکی نموونەیی بۆ رەبەنەکان بە پێی ئەوەی کە(ئیشوع دنحا) نووسیویەتی ژمارەی رەبەنەکان بوو بە پەنجا لەگەڵ ئەوانەشدا شێخە ناودار و چاکەکەمان هورمزد ئارامیدایە.

## ساڵەکانی یەکەم لە ژیانی دێرەکە

دەتوانین ژمێریاری مێژووی دامەزراندنی دێرەکە بکەین بە تەئکید دامەزراندنەکەی، پێش داگیرکردنی ئیسلامی بێت(داگیرکردنی موسڵ لە ساڵی ٦٧٣) بووە، ئەمە بە پێی ئەو زانیاریە زۆرانەی هەیە، بووە هۆی پەیدا بوونی دوبەرەکی لە نێوان رەبەنەکان و داگیرکەرەکان. ئەمە لەلایەك و بەلاَم لەلایەکی تردا، سور یەشوع هەڵسا بە سەردانی ئیشوع سورەن لە هەولێر لە نێوان ساڵانی ٦٠٥ ـ ٦٢٠ دواتر بۆ(١٢) ساڵ لەلای مامۆستا و باوروحی هورمزد وەك قوتابی مایەوە، کەواتە مێژووی دامەزراندنی دێرەکە لە ساڵی ٦١٧ بوو بێت وەك(کۆنترین مێژوو) بۆمان هەیە تۆماری بکەین وە یا ساڵی ٦٣٢ وەك نوێترین مێژوو ئەو مێژووەی کەوا ئیشوعیاب لە قوبلانە بوو بە میتراپۆلیتی هەولێر، رەنگە یارمەتی دەرمان

بێت بۆ دەستنیشانکردنی وردتر بۆ مێژووی کە لێکۆڵینەوەی لە سەر دەکەین. بەڵام ئەم مێژووە ناسراو نیە لەلامان. بە پێچەوانەی ئەمە ئەو دەقەی لەبەردەستمان دایە زیاتر یارمەتیمان دەدات مادام ئاماژە بەوە دەکات تەئکید دەکات کەوا ئیشۆعیاب لە هەولێر بووە پێش ساڵی ٦٣٢.

بە رەچاوکردنی کارا بەوەی کە لە نووسینەکانی عمر و دا هاتووە وەك وتەی راست و ورد([٤٦١]).

ئەگەر سور یەشوع ژیا بێ لە سەردەمی ئیشوعیابی جدالی ٦٢٨ ـ ٦٤٤، کەواتە دامەزراندنی دێرەکە لە ماوەیەکی کورتترە و دەکەوێتە نێوان ساڵانی(٦٢٨ و ٦٣٢). لە ساڵی ٦٣٧ هەندێك لە چەکدارەکانی سوپای داگیر کەر گەیشتنە دەوروبەری دێرەکە و بڵاوبوونەوە بەهۆی ئەو داگیر کردنەوە بە پێی ئەوەی کە تۆمار کراوە لە پەرتووکێك بەناونیشانی بێت قوقا وە لە مێژووی سعردی([٤٦٢]).

رەبەنەکان روویان کردە گوندێکی نزیك، واتە گوندی(بێت حەنیق)، کە نازانین کێ ئەو ناوەی لێناوە هەر لە ساڵی ٨٢٠ زانیاریمان لە سەر شوێنەکە نیە کە تیایا خۆیان قایم کردووە وە هەروەها نازانین ئەگەر لە قەڵاکە خۆیان بزر کردووە وە یا لە کەنیسە؟ تەنها ئەوەی دەیزانین وە لە چیرۆکێکی شیعریدا ئەمانە لە پشت شورەکانی بینایە روخاوەکاندا بوون، وە دوو(پەرچوو) روویداوە و رزگاریان بووە یەکەمیان هاتۆتەدی لە جەرگەیەکی(شەربە) ئاو کە هەموویان خواردوویانەتەوە وە پێی تێر بوون لە ماوەی ئەو چەند رۆژەی گەمارۆکە بەڵام دووەمیان لە کاتی شەڕ دا روویداوە هەر جارێك کە تیرێك لەلایەن هێرشبەرەکان بۆیان دەهات لەبەرامبەردا تیرێك لە ئاگری سووتێنەر وە یا بەردێکی گڕگرتوو دەکەوتە سەر سەری دوژمنەکان و ریزەکانیان پێ پەرتەوازە بوو هەڵدەهاتن و ترس و دڵەڕاوکێ تۆقاندبوونی، ئەو کاتە دوژمنەکان یەکسەر تێگەیشتن مانای موعجیزە چیە و کشانەوە بۆ دواوە بە سەر شۆڕی گەمارۆکەیان شکاند کە بە زوڵم زۆرداری بەسەریاندا سەپێندرابوو بە شێوەیەکی دوژمنانە. داگیرکەرەکان تەنها بۆ دواوە نەکشانەوە و بەس، بەڵکو حەوت رەبەنیان بەدیل گرتبوو رادەستی سەرۆکی دێرەکەیان کردن کە لە دێرەکانی تر بەدیل گیرابوون. زۆر چیرۆك هەیە و دەگێڕدرێتەوە بۆ گەواهی ئەو موعجیزانە کە لە سەر دەستی دامەزرێنەری دێرە قەدیسەکە هاتۆتەدی لەوانە: ئەو موعجیزەیەی کە جوتیارەکانی رزگار کرد لە هێرشێکی گەورە بۆیان هات وەك لافاوێکی بەربڵاو ناچار بوون روویان کردە دوورگەیەك لە ناوەڕاستی رووباری زێدا لە ترسی زوڵم و ستەمی عەرەبەکان([٤٦٣]).

لێرەدا باس لە ئاخاوتنێك دەكرێت بە شێوەیەكی سادە و هێمنانە لە نێوان سەرۆكی دێر و دامەزرێنەرەكەی لەگەڵ نەیارەكەی بۆ دروستكردنی موعجیزە و جیناس واتە لە نێوان ئەو و نێوان میترا پۆلیتی سۆر یشۆع لە كەرخ دەبیت سلۆخئەم بەربەرەكانیە روویداوە لەو ماوەی دەكەوێتە دوای داگیركردنەكانی عەرەبی، مادام روداوە مێژوویەكان سودیان هەیە كەوا رێورەسمی بوونی ئەو میترا پۆلیتە لە ساڵی ٦٤٤ بووە([٦٤]).

لە دوای رواندنی تەمامی رەبەنایەتی كەوا ئەو رەبەنە چاندویەتی و سەرپەرشتی كردووە بە شەو بە رۆژ ئەنجام گەورە بووە و گەشەی كردووە و سێبەری پەیدا كردووە و لە ژێریدا ژیاون لە قەشە و رۆڵەكان و نەوەكانیان بە ژمارەیەكی زۆر. رەبەن سۆر یشۆع هەستی بەوە كردووە كەوا ئەو كاتژمێرە هات بۆ ئەوەی ئەو جیهانە بە ئاشتی و دڵنیاییەوە بەجێ بهێڵێ، ئەگەرچی تەمەنی گەورە نەبوو. بۆیە ئەوە دەڵێین لەبەر ئارەزووی بەتریكی نوێ: ئیشۆعیابی حدیابی كە لە هاورێ دێرینیەكانیەتی، بۆ ئەوەی بیكات بە میترا پۆلیتی حدیابی لە دوای خۆی. ئەم پەتریكە هاتە سەر كورسی جاسلیقی لە ماوەی نێوان ساڵانی ٦٤٧ ومیا ـ ٦٥٠ ٤٩٠ لە دوای ٢٥ رۆژ گەیشتنی بە پەتریكی نوێ كۆچی دوایی كردووە لە ئابی ساڵی ٦٥٠ كە دوورترین مێژووە دیاری دەكەین. لە دوای كۆچی دوایی سور یشۆع هیچ كەسێك جورئەتی ئەوەی نەبووە دابنیشێت لە سەر كورسی سەرۆكایەتی دێرەكە بۆ ئەوەی لە دوای ئەو كارگێڕیەكەی بكات([٦٥]).

كورسی سەرۆكی دێرەكە بۆ ماوەی(١٣) ساڵ بە بەتاڵی مایەوە، بۆیە كۆمەڵی رەبەنەكان جۆش و خرۆشی كونیان نەما، رەبەنەكان پەرت و بڵاومیان لێكرد لەو ماوە سەختەی بەسەر مێژووی دێرەكەدا(قوقا) دەركەوت، بەهۆی چاككردنی شیفای وەكو سەرسوڕهێنەر، چووە ناو دێرەكە و تۆقاندنی لە كاتی ئەوەی سەرۆكی دێرەكە نازناوەكەی(قوقا) ی دێرەكە و موڵك و ماڵ و زەویەكانی وەرگرت. گبریەئیل قمصا ـ قەمسا ـ باسی قوقا دەكات بە(پاشا) وە باسی دێرەكە دەكات و دەڵێ بینایەكی زۆر گەورە و جوان بووە و چەند باخچەیەكی دەوڵەمەند و ژمارەیەك گوندی هەبووە. لە راستیدا لەوانەیە كەمتر لەو باسە بووبێت. ئەگەر ماوەكەی نێوان دێرەكە و(عێناسریتا) وەربگرین دەبینین ئەو زەویانەی ئامازەی پێ كراوە زۆر دوور هەڵناكشێ لەو رۆژانەدا ئەو نازناوە(پاشا) لای نەستۆریەكان بووە، زۆربەی زیاتر لەوە نەبووە بێتە سەرۆكی گوند تەنها ئەوە بووە.

## مارمیخائیل تڕعێلی قوتابی سۆر یشۆعە:

ئەگەر بەدوای کەسایەتیەك بگەڕێین کە جێگەی ڕێز و شانازیە لە ناو ڕەبەنەکاندا لە دێری بێت قوقا ڕۆڵەکانی دامەزرێنەر سور یشۆع، ئێمە هیچ ڕەبەنێك نادۆزینەوە چاکتر لە(مارمیخائیل) دامەزرێنەری دێری(ترعیل) دەکەوێتە نزیك(عوزائیل) - (عوزیل - وەرگێڕ). جێگەی سەرسوڕمانە کەوا ناوی میخائیل لە ناو لیستی ڕۆڵەکانی ڕوحانی سۆریشوع دا نیە([٤٦٦]). وە نە لە لیستی هەڵەسەنگێراوە بەناوبانگەکاندا([٤٦٧]).
وە نە لە کۆتایی لە ناو تۆمارگەی دوا ناوەکانی پیاوە مەزنەکانی ئەم دێرە([٤٦٨]) دا.
ئەوەی تێیدا دەبینینوێنەیەك هێمایە بۆ کۆمەڵی ڕەبەنەکان وەك خێزانێکی تایبەت بەو دێرە، وە لە وێنەکەدا وێنەی جەستەی دامەزرێنەر ئاماژەی پێ کراوە وەك ڕۆناکیەك بە چواردەورمیا، لە وێنەکەدا دامەزرێنە سۆر یشوع نیشانەی سەرە، وە ئەو روناکیانەی لێی دەردەچێت: لە کەپوو، گوێچکەکان، دەستەکان، سینگ. سەرجەم قوتابیەکان لە بەردەم قاچیەوە دەبینرێن، وە بە هەر دووکیان ڕێبازەکە جێبەجێ دەبێت بەرەو خودای ئاسمان دا. دوای تێڕامان ڕەنگە بپرسین:(لەبەرچی لەو وێنەیەدا میخائیل دوور خراوەتەوە لە نێوان ڕەبەنەکان دا کە ئاسنامەیان دیار نیە، بە بێ ئەوەی هیچ ڕێزێك بۆی دانرابێت ئەگەرچی دامەزرێنەر بووە؟). مێژووی ئەم دێرە تەنها بۆ جارێك ناوی(دێری ترعیل) ی هێناوە([٤٦٩]).
کاتێك باسی(دناح مارن) مەترانی(حبتۆن) دەکات، دەربارەی دەڵێ:(ئەویش هەروەها ڕۆڵەی ئەو دێرەیە کەوا لەلایەن(ئەبونا - قەشە - وەرگێڕ) دروست کراوە لە تەرعیل) ئەمە ئەوە دەگەیەنێت کەوا سەرۆکایەتی هەر دوو دێرەکە و خاوەندارێەتی بۆ(سۆر یشوع) بە شێوەیەکی لاوەکی وە یا ناڕەستەوخۆ گەڕاوەتەوە. لەبەرچی ئەم هەڵسوکەوتە نالەبارە لەگەڵ میخائیلەوە وەلاوە نانی بەم شێوەیە؟ ئایا حەسودیەکی شاردراوە هەبووە لە نێوان دێری بێت قوقا و ترعیل؟ وە ئایا هەستیاری تاوەکو ساڵی ٨٢٠ هەبووە بەردەوام بووە،کاتێك ئەو نووسەرە نەناسراوە مێژووی تایبەتی(بێت قوقا) نانووسیوە؟ ئەگەر دەقەکانی پەرتووکی(العفە) بە هێواشی و وردی بخوێنین، تێبینی ئەوە دەکەین کەوا لێکتێنەگەیشتنێك هەیە، سەرەتایەکەی بریتیە لە ناکۆکیەك ڕوویداوە لە نێوان میخائیل و مامۆستایەکەی(سۆر یشوع).
(ئیشوع دناح) هەر دەم ناوبژیوانی چاکە بووە لە نێوانیان و ڕابەری بەجێ بووە بۆ هەردوو لا. وا دەردەکەوێ کەوا زۆر جەختی لە سەر کردووە بۆ ئەوەی بەخێر بچێت قوتابیەکە دێرەکە بەجێ بهێلێ پاش ماوەیەك لە ئاشتبوونەوە([٤٧٠]).

ئێمە پێویستیمان بەومیە و ناچارمان دەکات بۆ ئەوەی بەدیاری بخەین ئەو ئاشتیەی کە ئاماژەمان پێکرد کۆتایی هات بەکتوپڕی و بەبێ پێشەکی. وە هۆکارەکەشی بۆ ئەو رووداوە هاتنی دۆستێکی نوێ بۆ ئەو دێرە و ئامادەکردنی ژمارمیەکی زۆر لە پەرتووك و کەلوپەلی رازاندنەوە و خێراتی تر. لە هەمان کات دا ئەو کەسە نەناسراوە رووداوەکانی دێرە سەرەکیەکەی(دێری دایك) تۆمار دەکرد، کەوا دڵی پێ ئارام نابێت بەم تیمار کردنە. لەمەدا تێدەگەین کەوا چاکە بە بێ دەنگی و دان بەخۆنانەوە ئەوە لە بیر بکەین ناوی سەربازە هەڵاتوەکەمان لە دەستی دوژمن.

سەردەمی سۆر یشۆع: یووسف لە کابیساو ئەبراهامی برای

برایان(یووسف و ئەبراهام) خەڵکی(کابیسا) ن لە دەقەکانی پەرتووکی مێژووی دێری بێت قوقا ناسراون، باسیان دەکات کەوا تیمی یەکەمن و رۆڵەی راستەقینەی سۆر یشۆعی روحی بوون. هەروەها لە وێنەکەدا(وێنە روناکەکە) دیارن و جیا دەکرێنەوە کە لە پێشتر باسمان کردووە([471]).

ژیانیان پڕ بووە لە خوا پەرستی و نوێژو سك هەڵگوشین بە پلەیەکی سەرسوڕهێنەر کە بڕوا ناکەیت، ئەمە سەرەڕای ئەو پەرچووانەی کردویانن کە پاڵپشتی بەهێزی ئەم دوانە بوون لەلایەن مێژوو نووسانەوە بۆ ئەوەی مێژووی ژیانیان تۆمار بکەن. ئەو دوانەش ئەمانە:

رەبەن(ئەبنی مارەن) کە لە سەردەمی ئەوانە بە یەکەوە بوون، وە رەبەن(سۆر یشوع رۆستەم) کە لە دواتر باسی دەکەین([472]).

پەرتووکی(العفة) و پەرتووکی(الرؤساء) ئاماژەیان پێ دەدەن([473]).

شوێنی لە دایك بوونیان(کابیسا) یە، لە ناوچەی(مەرگە) بە پێی نووسینی تۆما مەرگەیی) شوێنەکەی دەکەوێتە باکوری(بێت عاوی) وە بە دووری چوار کیلۆمەتر، ئەمڕۆ لەوێ، کرباد نهلە ـ گۆباد نەهلە)(جب نەهلە ـ نەهلە)([474]).

جلکی رەبەنایەتیان لە دێری بێت عاوی لەبەر کردووە([475]).

لەو دێرەدا ژیاون تاوەکو کۆچی دوایی کردنی(مار یەعقوب) دامەزرێنەری دێرەکە. لەوانەیە ئەوە لە نێوان ساڵانی ٦١٥ و ٦٢٥ روویدا بێت([476]).

دواتر لە دێرەکە کشاونەتەوە بۆ چیای زینای بۆماوەی(١٥ ساڵ) لە ناو ئەشکەوتان دا خەریکی نوێژ و رۆژوگرتن و تاعەتی خودا بوون لە کاتی دابڕانیان لە جیهان، گوێبیستی ناوبانگی سۆر یشوع بە گوێیانا چرپاندوویەتی و چوون بۆ لای و بوونەتە قوتابی ئەو. یووسف مردووە پێش مامۆستا روحیە نوێیەکەی، وە لە(بیت الشهداء ـ ماڵی شەهیدان)

نێژراوەکە تایبەتە بە دێرەکە. دەڵێن هەر لەو ڕۆژەی جلکی ڕەبەنایەتی لەبەر کردووە تاوەکو کۆچی دوایی کردنی هیچ چێشتێکی کوڵاوی نەخواردووە. سۆر یشوّع ژمارەیەک ڕۆڵەی ڕوحی هەبوو. لەبەر درێژی ماوە مێژووەکە بۆ بەدواچوونیاندا، بۆیە وام پێ باشە بیانکەم بە چەند کۆمەڵێك لە دوای لیستەکەدا وە بەپێی زنجیرەیی مێژووی نزیك لە واقیع دا. سەرۆکەکانی دێرەکە لێرەوپاش دەناسرێن بە ناوی دێری(بێت قوقا) نەك بە ناوی دامەزرێنەری دێرەکە هەروەك لە پێشوودا ئاماژەی پێ کردووە.

## سەرۆکەکانی دێری بێت قوقا

هیچ سوودێکی نیە بۆ چاوخشاندن بە درێژی لە سەر ژیانی سەرۆکەکان، بەڵکو ئێمە تەنها باس لە ڕووداوەکان دەکەین کە گرنگە بۆ مێژوو و جوگرافیای خۆجێیی و لەوانە و بەس:

(١) ـ مار حەننان ئیشوّع:

کاتێك بەتریك جۆرج گۆرگیسی یەکەم(٦٦١ ـ ٦٨٠) سەردانی دێرەکەی کردووە. چاوی بە دێرەکە کەوتووە کە سەرۆکی نیە، بۆیە ڕەبەن حەننان ئیشوّعی کردووە بە سەرۆك(٤٧٧).

بە ڕەچەڵەك خەڵکی(نەحشیروان) لە حدیاب(٤٧٨).

تاجە گوڵینەی لە دەستی دامەزرێنەرەکە وەرگرتووە. لەو پەرجوانەی کە کردوویەتی زۆرن یەکێ: لەمانە پیاوێك لە نەخۆشیدا چاکردۆتەوە کە لەگەڵ ڕەبەنێك دا هاتووە کە لە نزیك پردی زێی گەورە دەژیان، هەروەها موعجیزەی نەخۆشێك لە(قنائی ـ قەنائی)(٤٧٩).

(منکنا) ماوەی سەرۆکایەتی حەننان ئیشوّع دەخاتە ساڵانی نێوان(٦٦٣ ـ ٦٧٥) لە دوای کۆچکردنی لە(ماڵی شەهیدان) نێژراوە.

(٢ ) ـ مار یۆحەننان

لە(حەززە) لە دایك بووە، لە لاوێتیدا ژیانێکی ناجێگیری هەبوو. لە سەرەتادا لە دەستی چاودێرانی سەربازی سەر بە خەسرەوی دووەم پەرویز هەڵاتووە. دواتر بۆ جاری دووەم لە کاتی هێرشی دیلمانیەکان، دوای لەبەرکردنی جلکی ڕەبەنایەتی لە دێری بێت قوقا زۆریش لەوێ نەمایەوە، بۆیە بەگەڕانێکدا سەری هەڵگرت بۆ بەدواچوونی ڕێگایەکی سەخت زەحمەتە بە وردی دیاری بکرێت، لەمانە قۆناغێکی تایبەت بە ڕووباری دیجلە و پەڕینەوەی بە پیادە لە سەر ئاوەکە و بە شێوەیەکی سروشتی لە گەڕانەوەیدا برایەکەی یاوەری بوو بە ناوی(کاوسیشوّع) خۆی خەریکی نوێژ و ڕۆژ و خەریك کرد لە ئەشکەوتێکی چیای زامیر کە زۆر دوور نیە لە دێری بێت قوقا. لەوێدا، ڕۆڵەکانی سۆر یشوّع سەردانیان

کرد و داوایان لێ کرد بۆ ئەوەی ببێتە سەرۆکیان، رەنگە ئەو رووداوە لە نێوان ساڵانی ٦٧٥ ـ ٦٩٢، وە یان ٦٩٣ بووبێت([٤٨٠]).

دەقەکانی تۆمارکراو لە سەر ژیانیدا باسی دەکات بە(تێرامانی گەورە)([٤٨١]).

(بەهۆی خۆشەویستی زۆر بۆ تێرامان) بۆ باری روحی ئەو ناوەیان دا پێی و گواستراوەتەوە بۆ نووسینەکانی یەعقوب حەزایا([٤٨٢]).

(الرائي) پێشبینی مردنی کراوە لەلایەن قەشە شەمعون لە دێری(سین)([٤٨٣]).

(٣) ـ شوحالمارەن

ئەم سەرۆکە بە پێی رای منکنا، سەرۆکی دێری بێت قوقا بووە لە ساڵی ٦٩٣ بۆ ساڵی ٧٢٩، وە جێگای رێز لێنانە بە هۆی ئەو ئامازەیەی کە لە پەرتووکی(العفه) دا هاتووە([٤٨٤]).

لەبەر ئەوەی مێژووی ژیانی نووسراوە لەلایەن(یوزاداق) بۆیە ناوی هاتووە لە لیستی رۆڵەکانی روحی سۆر یشۆع([٤٨٥]).

رەچەڵەکی(شوێنی لە دایك بوونی) شەوحالمارن لە(شیشۆح) ە([٤٨٦]).

شوێنەکەی نزیك(مەعلتایە). دوای بەسەربردنی سی ساڵ بە وەرزشی روحی بەردەوام دیاریکرا بۆ ئەوەی ببێ بە سەرۆکی دێرەکەوە لەو شوێنە مایەوە بۆ ماوەی ٣٥ ساڵ. بەناوبانگە بۆ دروستکردنی (پەرچووەکان) Moreapostolorum بەناوبانگترین موعجیزەکانی ئەو موعجیزە تایبەتەیە: دزەکان کە دەهاتن کوێر دەبوون، وە ئەوەی تایبەتە بە کافری بەد رەوشت کە گۆرانیە بەدرەوشتەکەی لە بیر کردووە، وە دوای موعجیزەی ئەو حاکمەی کە هێوری کردەوە. لەو شوێنانەی کەوا موعجیزەکانی تێدا روویان داوە ئەمانەن:(هیکالا، وە(خەربات شبلیا)([٤٨٧]).

لە دوای ژیانێکی پڕ لە خێر و بەرەکەتی روحی، شوحالمارن گەیشتە کاروانی پێش خۆی و لەگەڵ وان نێژرا لە ماڵی شەهیدان کە لە بێت قوقایە.

(٤ ) ـ رەبەن برانسیە

برانسیە دوا سەرۆکی بێت قوقایە لە کۆمەڵی یەکەم. ژیاننامەی لەلایەن میتراپۆلیت (شوحالمارن) نووسراوە (لە سەدەی هەشتەمی ز). گواستنەوەکانی زۆر ناوەرۆك و سەرچاوە مەسیحیەکانی لە زانستە جوگرافی گرنگ و بەکەڵك لەو ماوەدا دەوڵەمەند کردووە ([٤٨٨]). لە دایك بووە لە(حریم)([٤٨٩]). لە کەرتی حدیاب دا. جلکی رەبەنی لە دێری(مار ئەیوب) لەبەر کردووە. دواتر گواستراوەتەوە بۆ دێری بێت قوقا. وە بۆتە قوتابی سەرۆك(شوحالمارن) دواتر بۆتە خەلیفەی ئەو لە سەرۆکایەتی کردنی دێرەکە. لێرەدا پێویستە لە سەرم ئامازە بۆ ئەوە بکەم، کەوا سەرۆك شوحالمارن پێشتر دیاریکردنی رەبەن برانسیا بۆ سەرۆکایەتی

دێــری مارنەســتۆرس رەتکــردووە ســەرەڕای جــەختکردنی یۆحــەننان میترابــرۆلیتی ئەربیل([490]).

دوای کۆچـکردنی(شـوحالمارن) لـە دەوری سـاڵی ٧٢٩ بـە پێـی نووسـینی منکنا.هـەر کـە رەبەنەکانی دێری بێت قوقا ویستیان رەبەن برانسیا ببێتە سەرۆکی دێرەکە، بەمە رازی نەبوو هەڵات بۆ دێری مارحسقیال لە سەرەتادا([491]).

بەڵام بە هۆی سۆزی بۆ نیشتمانی دایک، وە بەو خەیاڵەی کەوا خەتەرناکیەکەی لە سەر لاچووە بە هۆی کردنی رەبەنێکی تر بۆ سەرۆکی دێرەکە برانسیا گەڕایەوە دەوروبەری نزیک بە دێرە رەسەنەکەی، لە چیای خان نیشتەجێ بوو و مایەوە. خوا نوێژەکانی رۆڵەکانی سۆر یشۆعی قبوڵ کردو گەڕایەوە لایان و بوو بە سەرۆکیان هەر وەك دەیانویست. برانسیا سەرۆکایەتیەکەی وەرگرت و خەریکی کاروباری کارگێڕی بوو بە هۆی توانـاو زیرەکییـەوە. مـاوەی سـەرۆکایەتی کردنـی بەبەرهـەمترین مـاوە دادەنرێـت. بـۆ جێبەجێکردنی خۆشگوزەرانی رەبەنەکان ئەم سەرۆکە هەڵسا بە گۆڕینی رێڕەوی رووباری زێ، وە وای کرد کە بە نزیك دێیەکەدا تێپەڕ بێت لە کارە گرنگەکانی برانسیا کە لە ماوەی سـەرۆکایەتی کردنــی جێبــەجێ کــرا ئەمانــەن: کۆتــایی هــاتنی دوژمنایــەتی لەگــەڵ خێڵی(عەنزە)([492]).

بە هۆی ئاشێکەوە. لەبەر ئەوەی هی دێرەکە بوو هەڵسا بە وشککردنەوەی جۆگەی ئاوەکە(جدول صخرة الغربان) واتە(جۆگەی بەردی نامۆیان) کە ئەو ئاشە دەکەوتە سەریەوە، دوای بڕینی ئاوی جۆگەکە تاعەتیان کرد. بەم شێوەیە(رۆڵەکانی خێڵی عەنزە) سەرچاوەی ئاوەکەیان لە دەست دا کە ئاویان لێ دەخواردەوە، وە پێویستیان بە خوراردنەوە و ئاودانی ئاژەڵەکانیان و پێداویستیەکانی ناو ماڵ بوون. لەوانەی کە لەناوچەکە نیشتەجێ بوون، دەست بە سەرگرەکان بوون بە سەر زەویەکان بەردەوام هێرشیان دەکردە سەر رەبەنەکانی دێرەکە و زەویەکانیان، ناوی ئەو گوندانەی سوودمەند بوون لە موعجیزەکانی برانسیان زانراوە، ئەم گوندانە لە هەموو حدیاب بڵاوبوونەتەوە، تاوەکو ناوچە دورەکانیش. بەڵام شوێنەکانیان زۆربەیان تاوەکو ئێستاش نەزانراوە. نوێژەکانی یارمەتی پیاوێکی نەزۆکی دا(لەوانەی ناسراون بە ریبینەکان) Rebeen([493]).

کورێکی بوو کە چاوەڕوانی درێژی بۆ دەکرد. وە هەروەها بینینی ناو ماڵ لە(بێت قەسری)([494]). گەڕان بە دوای شوێنەواری بینایەکە کە پێی دەڵێن(کەلاوەکان).. تاد. هەروەها هەندێك گوند هەیە ناوەکانیان: (بێت کزای)(بێت مازای) وە(بێت زەکای) وە

(بێت بوعەی) تاوەکو ئێستا شوێنەکانیان نادیارە بۆ لێکۆڵەر لەبەر ئەوەی زانیاریان لە سەر نیە([495]).

بەردەوام بوونمان لەگەڵ رەبەن برانسیە و پەرچووەکانی کە دروستی دەکرد دەمانگەیەنێتە ناوچەیەکی ناسراو و بەناوبانگ لەوێ رەبەن برانسیا راوەستاندنی هێرشی نەخۆشی گرانەتای راگرتووە کە لە گوندی(قازان) بڵاوببۆوە. کە تاوەکو ئێستا شوێنەکەی لەلامان بزرە. بەڵام دەزانین کە دەکەوێتە ناوچەی(حبتۆن) لەوانەیە کۆچی دوایی رەبەن براسیا لە ساڵی ٧٤٨ ـ ٧٥١ بووبێت([496]).

(٥) ـ ماوەی چۆڵبوونی کورسی سەرۆکایەتی

ئەم ماوەیەی دێت ماوەیەکی تایبەتیە بە سەرۆکە کاتیەکان لە سەریان بووە بەرهەڵستی داگیرکەرەکان بکەن کە لە زەویەکانی تەنیشت دێرەکە نیشتەجێ بوون. زۆر جار ئەو داگیر کەرە زۆردارانە هەڵدەستان بە داگیر کردنی زەویەکانی دێرەکە و ناوە ناوە هێرشیان بۆ دەهێنان. وە یا ماڵەکان و کەلوپەلەکانیان تاڵان دەکرد. سەرۆکەکانی دێرەکان بەرامبەر بەو دوژمنکاریە و ستەمکاریانە رادەوستان و هەندێ جار دەستەوەستان رادەوەستان، هەندێ لەو سەرۆکانە هەوڵی بەرهەڵستی ئەو ستەمکاریانەیان نەدەکرد. وە کاتێك هەستیان بە پێویستی هێنانی هێز دەکرد مەیدانەکەیان چۆڵ دەکرد و بۆ ناوچەیەکی دوور هەڵدەهاتن. کێ بوون ئەو(درندانە) کە ببوونە ماندووبوون و سەرئێشەی زۆر بۆ ئەو رەبەنە هەژارانە؟ کە هیچ شتێکیان لەو دونیایە نەدەویست تەنها خواپەرستی نەبێت و خزمەتکردنی رۆڵەکانیان نەبێت لە ناوچەکەیان، لەوانەیە ئەو دوژمنانە لە خێڵی(بنی ئەسەد) بووبن. وە داگیرکەرەکانی زەویەکان کە لە پێشەوە ئاماژەمان پێ دا وە لەوانەیە لەگەڵ ئەمانەش هەندێك لە عەرەبەکان(مەعاد) و (تەعالب) وە یا(تەئالب ـ Taleb کە برسیێتی تەنگی پێ هەڵچنی بوون، لە ناوچەکانی خۆیان دەرچوون وەك داگیرکەر. نموونەی ئەمانە رووداوەکانی ساڵی ٧٢٢ باس دەکەین.

لە ئەنجامی داگیرکردنیان بووە هۆی بڵاوبوونەوەیان و نیشتەجێبوونیان لەو زەویانەی دەکەونە کوردستانی عێراق لەگەڵ حوشتر و مەڕ و ماڵاتەکانیان. بە پێی سروشتی ئەم کردەوانە دێری بێت قوقا ناوچەکەی لە دەرەوەی ئەم داگیر کردنە نەبوو، بەڵکو زەویەکانیان داگیر کرد و تیایدا نیشتەجێ بوون بە شیر و زوڵم و دوژمنکاری و ستەم و زۆرداریەوە([497]).

هەندێك لەو سەرکردەی داگیرکەرەکان کە لە گوندی(عێنا سریتا) نیشتەجێ بوون. دواتر وە زۆر بە داخەوە بەناوبانگ بوون و مێژوو باسیان دەکات. کەچی سەرۆکی دێرەکان لەبەر

بەدبەختی خۆیان نە مێژوو باسیان دەکات هیچی تر دەربارەیانەوە تەنها یەکێکیان نەبێت ئەویش(مارقنوبایا)([498]).
ئەم سەرۆکە هەوڵیداوە سنوورێك بۆ ئەم دوژمنکارانە دابنێت، وە جێگیری سنووری زەوی و زاری دێرەکە بکات بە دادپەروەری وە هەروەها هەوڵی داوە رێز لە دێرەکە بگرێت لەلایەن دراوسێکانەوە لە گوندی(عێناسریتا) وە قەدەغەی کردن کەوا دەست درێژی بکەنە سەر بینایەکە و تالآنی بکەن، کەچی تیایە، بەلآم ئەومیان بۆ نەچووە سەر کوشتیان بە بەردباران کردن لە ساڵی ٧٥٠. ئەوەی لەیادمانە کەوا(عێناسریتا) گوندی(دێر بێشبەرماغ) بوو، ئەو دەقەکەی کەوا(شمشانی) نووسیویەتی لە دوای ٢٠٠ ساڵ نیشانەی رووداني کارەساتی بێهودە بووە لەبەر ئەوەی دەیخوێنین: (بە تێپەڕ بوونمان گوندی(دارا) مان بینی کە دەکەوێتە سنووری زەویەکانی دێری قوقا).
لەو سەرۆکانەی کە سەرۆکایەتی کورسی دێرەکەیان کردووە لەوانە(قەدیسی مازنتنائیل) مێژووی دێری بێت قوقا هیچ دەقێکی تایبەت بەمەی بۆ بەجێنەهێشتووین([499]).
زۆر بەداخەوە ئەو دەقەی کەوا(ئیشۆع دناح) نووسیومەتی تایبەتە بە(نتنائیل) بڕ بڕ کراوە: ئەوەی کە دەیزانین خەڵکی(مەرگە) بە رەچەڵەك بەناوی گوندە بزرەکەیە. ئەو تێبینیانەی کە پەیوەندی بە نتنائیل هەیە بە پارچە پارچەیەوە لە دوا دەقی پەرتووکی(العفە) باسی رووداوەکانی دێری بێت قوقا دەکا. وە لەوانەیە پرسیار بکەین ئەگەر دەقی تەواو زانیاری تەواوی تیا نەبێ، وەلآم نیە بە تەئکید دەتوانین شتێکمان دەست بکەوێت لە سەر ئەو کێشەیە مادام دەقە رەسەنەکە نەدۆزراوەتەوە. لەگەڵ ئەوەشدا بە پێی تێبینینم، هیچ کەموکورتیەك لە دەقەکەدا نیە تەنها ئەوەی لە کۆتاییەکەدا هەیە لە تێبینی ژمارە(٦٦) وە بە پێی رای(شابۆ) کۆتاییەکەی یەکسەر تێبینیەکەی تری تایبەت بە نتنائیل هەیە.
ئەوەوی باوە، دەقەکان لەولاو لەولا کۆدەکرێتەوە لە نووسیندا لە نێوان ناوەکانی هاوشێوەدا، بە پێی باری ئەو کاتە، دەبینین لە تواناماندا نیە مێژووی سەرۆکایەتی نتنائیل دیاری بکەین کە لە سەری دەنووسین، تاوەکو بە شێوەیەکی نزیکیش بێت.
(٦ ) ـ ماران عەممە لەزینای
ژیانی ئەم سەرۆکە تۆمار کراوە، کەوا مەتران(پۆڵس)([500]).
ماران عەمما لە دایك بووی گوندی(زینای) یە هەلی بۆ رەخساوە لە منداڵیەوە تێکەڵ بە ژیانی رەبەنایەتی ببێت کە لە ناو ئەشکەوت و شوێنەکانی خۆیان دادەبەزین لە چیاکان بۆ وەرگرتنی نهێنی قوربان لە کەنیسەی گوندەکە.

ماوەی تەمەنی(١١٥ ساڵ) ژیاوە، (٨٥ ساڵ) بە ژیانی رەبەنایەتی بە سەر بردووە. کەواتە لە توانایدا بووە کە دەستمان بگرێت بۆ ئەوەی لە چوار لای حدیاب بگەڕێ، بە خۆراکی هەنجیری کیوی بۆ پڕ کردنی سکمان، دێری(برقانا) لانکەی ژیانی بووە لە رەبەنایەتی وە ئەو کاتەی سەرۆکی ئەو دێرە بووە(شێخی گەورە)(ئیشوع عەمما) دوای ئەوەی کە لە دێری قەشە یووسف بووە کە دەکەوێتە بەرامبەر(بەلەد). وە لەوێدا سەری تاشیوە بە شێوەی تاجە گوڵینە، گەڕایەوە دێری یەکەم(برقانا) بۆ ئەوەی بچێتە خەڵوەتگەیەکی تەنهایی تایبەت بە خۆی.

لێرەدا دەست پێدەکات ماوەی کرداره سەرسوڕهێنەرەکانی(عجائب) ـ پەرچووەکان ـ لەوانە باس لە چاکردنی گروێك دەکات لە ناوچەی(بێت نوهدار) کە(شاریکان) تێیدا نیشتەجێ بوو([٥٠١]).

وە شیفاکردنی کچێك داخوازی کرابوو لە کیژەکانی(حەدیسە) بە موعجیزەکانی دەست ئەو رەبەنە کە هاتە جێبەجێکردن لە هەموو پڕوپاگەندەیەك بە دوور گیرا، لەبەر ئەوەی ناوبانگی موعجیزەکانی بە خێرایی بڵاوبۆوە، خەڵکێکی زۆر سەردانیان دەکرد بۆ وەرگرتنی بەرەکەت(تبرك) کاتێك ئەو رەبەنە نوێژکەرە هەستی بەوە کرد ئەو هێمن و ئارامیەی کە دەیەوێت پێی بڕێت شڵەژاوە شەو هەڵات و رووی کردە چیای زینایی. کە نزیکترین چیایە لە دێرەکە، دێری(برقانا) ئەوانەی لە سەردانەکاندا بەدواوەی بڕۆن شوێنە نوێیەکەیان زانی لە کوێیە و چوونەوە لای. ئەو کاتە لە چیایەکە هاتە خوارەوە شوێنێکی لە پشت دیواری دێرەکە(دێری مەرکانە) بۆ ئەوەی تێیدا دابنیشی. لێرەدا نەیتوانی کەوا قەدەغەی بکات لە زیندووکردنەوەی مردوویێك. ئەو موعجیزەیە کە لە سەر دەستی ئەو تەواو ببوو بوە هۆی نوێبوونەوەی شڵەژانی و تێکچوونی بارە کۆنەکە بە هۆی زۆربوونی ژمارەی موریدەکان و سەردانەکانیان. بۆ ئەوەی ماوەیەکی لەبار لە نێوان خۆی و ئەوانەدا بدۆزێتەوە و دوور بکەوێتەوە. لەو کارە لابەلایانە، بڕیاری دا بۆ جاری دووەم رابکات، بەڵام ئەم جارەیان ئامانجی دێری بێت شمونا، ابو([٥٠٢]).

کە دەکەوێتە کۆتایی دوور لە سنووری باکور لە(بێت عەرەبایی) واتە نزیکەی لە(بێت زبدای) دا. بەهۆی ناچار بوونیەوە بۆ جارێکی تر رایکرد و چووە(مەرگە) وە لە دێری(ریشە) نیشتەجێ بوو کە دەکەوێتە سەر چایایەکی زۆر بڵند. دواتر چووە شوێنێکی تر دەکەوێتە نزیك گوندی(کەوکەب)([٥٠٣]).

وە دوا جار ناوچەی لەدایك بوونی ـ حدیاب، لەوێ مایەوە، وە کۆتایی بە گواستنەوەکانی شوێنەکەی هێنا و لەوێ نیشتەجێ بوو.(ماران عەممە) سوودی لە شوێنێکی نوێ بینی

ئەویش دێری(مەرکانە) بوو، هەڵسا بە چاککردنەوەی دروستکردنی کەنیسەی گوندی زینایی کە لێی لە دایك بووە نزیکە لە دێرەکە، وە هەروەها، لە کاتی تێپەڕبوونی بەوێدا هەڵسا بە چارەسەرکردنی(شیفا) بۆ پیاوێك لە کۆمەڵەی(دەهقان)([٥٠٤]). Dahqan هێنابوویان لە(بێت بەغاش). وە ئارەزووی بوو بژیت بە ژیانێکی بێدەنگی تەواو، رووی کردە دێری(ئەبینا سۆر یشۆ) برایانی ئەو دێرە پێشوازی گەرمیان لێ کرد بە هۆی ئەوەی قەدیس بووە. وە وەکو باوك و بەڕێوەبەریان سەیریان کردووە. ئەو مێژوونووسانەی کە لە سەریان نووسیوە پێشکەشیان کردووە(نوێکردنەوەی دێرەکە وەکو کۆنەکانی تر).

بە هەموو تەئکید کردنێك کاری سەرۆکایەتی رێگر نەبووە لەبەردەوام بوون و لە دروستکردنی عەجایب و موعجیزە کە زمان ناتوانێت باسی بکات. دوو موعجیزە و عەجایب لە بەختی خەڵکی حەدیسە دا بوو. یەکێکیان بۆ بت پەرستێك تەمەنی گەورەی ئەو پیاوە(١٠٠ ساڵ) بوو هیچ ماندوو نەدەبوو کە سەر دەکەوتە سەر چیای خان. لەناو کۆمەڵی خەڵك دەبینرا پیاوێك دەستی دەگرێ لە(بێت راوی) شیفای بۆ دێنێ دوای دەرکردنی ئەو شەیتانەی بە سەریدا زاڵ ببوو. وە هەروەها زیندووکردنەوەی قەشەیەکی خنکاو لەلایەن شێتانەوە. وە هەروەها ژنێك شیفا دەکات کە نەخۆش بووە لە(بێت سەیادی) هاتبوو کە دەکەوێتە ناوچەیەکی دوورتر لە هەولێر. دەڵێن لە ناو خەڵوەتگەکەی خۆی(کونە ئەشکەوت) وێنەیەکی عیسای هەبووە قسەی لەگەڵ کردووە. گەشتی دوایی لە دێرەکە کۆتایی دێت کە ماوەی رەبەنایەتی تێدا بەسەر برد لەو پەڕی لاوییەتیدا. دێری برقانا دەکەوێتە لێواری رووباری دیجلە. لێرە لە ناو ئەو دێرەدا کۆچی دوایی کرد شێخ(ماران عەممە) کوڕی گوندی(زینای) وە سەرۆکی دێری(بێت قوقا) دوای ئەوەی رووی تێکرد بۆ ئەوەی کاتی خۆی لێ بە سەر ببات.

(٧) ـ مار یۆحەننان زۆدیقایا

لە دوای ماران عەممە زۆر گرفت و کێشەی گەورەی بەدواوە بوو. رەنگە هۆکارەکەی دەرکەوتنی کێشەنانەوەی دەرەکی لە ئاسۆدا، هیچ کەسێك ئامادە نەبوو سەرۆکایەتی بکات و بەرپرسیاریەتیەکە لە ئەستۆی خۆی دا بکات و خەتەرناکەکانی دواوەی. چارەسەرەکەی تەواو نەبوو تەنها بە هاتنە ناوەوەی میتراپۆلیتی ئەربیل(ماران عەممە)([٥٠٥]).

کە یەکێك لە رەبەنەکانی ناچار کرد ببێت بە سەرۆك. ئەو رەبەنەی کەوا دیاریکرا بۆ سەرۆکایەتیکردن ناوی(یۆحەننان زودیقی) بوو([٥٠٦]).

قوتابی مامۆستای کۆچکردوو بوو، سەرەڕای ئەوەی زۆر نوێژکەرو لە خواترس بوو، وە پشتگیری دەکرا لەلایەن هاوڕێکانی. پێشتر دە ساڵ بە سك هەڵگوشین ماوەی بەسەربردبوو. خواردنەکەی نەدەخوارد تەنها بە ئاوابوونی ڕۆژ نەبووایە بە ڕۆژ هیچی نەدەخوارد.
لە سەرەتادا یۆحەننان زۆر غەمبارو پڕکێشە بوو وەك سەرۆك کێشەی زۆر بوو بۆیە وەك نەریتێك لای سەرۆکەکانی ئەوکاتە، وازی لە بەرپرسیاریەتی هێنا، وە لە دێرەکە رایکرد، چووە دێری ڕەبەن(ئەهرۆن) کە لە(بەلەد) بوو.
بەڵام(نەستۆرۆس) میتراپۆلیتی ئەربیل فەرمانی پێدا بگەڕێتەوە. سەرچاوە ڕەسەنەکان بە درێژی پێماننالێن لە سەر ئەو سەرۆکە، دەقەکان کۆتاییان دێت بە باسێکی جوان و وشەی ناسك بەڵام بە شێوازێکی پڕ لە قسەی نادیار و شاراوە. کۆششێکی بێوچانی دەکرد و... وە بە ڕێز و گەورەییەوە ماڵئاوایی کرد.
(٨) ـ مارسوریشۆع کوڕی ئیسرائیل
لە دوای یۆحەننان بوو بە سەرۆکی دێرەکە کە هیچ شتێك دەربارەی نازانین تەنها ناوەکەی نەبێت. کۆچی دوایی کرد دوای ئەوەی کە خۆی ئامادە کرد لەبەر قاپی خودای ئاسمانی بە تەواوترین شێوە ژیانی بەجێهێشت بە هێمنی و ئارامیەوە.

## کرداری کاولکاری و دووبارە دروستکردنەوە

دوای کۆچی دوایی سۆریشۆع کوڕی ئیسرائیل، دەستی کاولکاری گەیشتە دێرەکە و وێرانیان کرد و بە هۆی پەرتەوازەبوونی ڕەبەنەکان([٥٠٧]).
ئەم وێرانکردن و کاولکاری و تێکدانە لەلایەن(یەعلی کوڕی حەمران) بوو کە هێرشی هێنایە سەر دەشتی نێوان چیای زینایی و خان لە ساڵی ٨٠٠.
وەك دەردەکەوێت سەرنەکەوتووە بۆ دێری بێت قوقا، بەڵام هەوڵی داوە دەرباز بێت لە کێشەکەی لە تێپەڕبوونیدا بە گەرووی نێوان قەرەلاوغی باکور و باشور. لە گەروی دێری(مارکانا) بە وێرانکاری کۆتایی هات دواتر هاتە خوارەوە بەرەو زێی بچوك و تووشی دوژمنەکەی بوو. بە پێی ئەو بەرەوپێشچوونە. مێژووی وێرانکردن و کاولکردنی دێری بێت قوقا لە ساڵی ٨٠٠ تێپەڕ ناکات. دوای ئەوە بە ماوەیەك دێرەکە چاکرایەوە لە سەر دەستی هەندێك لە خێرخوازان و خوا پەرستان لەوانە مەتران(کبرئیل لە سالاخ)([٥٠٨]).
کە لە ڕەبەنە کۆنەکانی ئەم دێرە بوو، وە گەڕایەوە ئەوێ بۆ ئەوەی ڕۆژەکانی دوایی تێدا بە سەر ببات. کۆچی دوایی کرد لە تەمەنی(١٢٠) ساڵیدا. هەشت ساڵ بە ژیانی ڕەبەنایەتی

بە سەر بردووە. لە ماڵی شەهیدان نێژراوە لەو دێرە کە هاورێکانی تری پێش خۆی لەوێ نێژراون هەر وەك لە پێشەوە ئاماژەمان پێدا.

## ئاوارەکانی تر

لە دەستنووسێکی بۆ سەردەمی نوێ دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ٧٦٨، وە لەوانەیە بگەڕێتەوە بۆ ماوەیەك پێش وێرانکردنی دێرەکە کە ئێستا لە مۆزەخانەی بەریتانیانە([٥٠٩]).

ئاماژەیەك بۆ سەرۆکی دێرەکە کراوە کەوا پێویست بوو ناوەکەی بهاتایە لە لیستەکانی دێری بێت قوقا. ناوی ئەم سەرۆکە(مەلیك سدیق) ە.

لە ژێر سەرۆکایەتیەکەدا، ڕەبەن سور داوای کرد لە ڕەبەن(ئیشوعزخا) ئەو دەستنووسە لە ناو ببات. بینی کەوا کەموکورتی تیایا لە تەواو کردنی ناوەکە، بەڵام لە سەر ئەوەشەوە لە تواناماندایە ناوەکە تەواو بکەین بۆ ئەوەی ببێتە(سۆریشوع) بۆیە دەبینین ڕێکخەری ناوەڕۆکەکە پرسیار دەکات([٥١٠]).

ڕەنگە ئەو کەسایەتیە قەشە(سۆریشوع) نەبێت ناسراو بە(کافیا) واتە(کوڕە) کە لە سەردەمی مارکیرائیل ژیاوە؟ بە پێی ئەوەی تۆما مەرگەیی نووسیویەتی بە مەرجی ئەمە لە نیوەی دووەمی سەدەی هەشتەمی ز بووبێت([٥١١]).

مێژووەکان مەنتقین و ماقوڵن و لەبارە. بەڵام پرسیارێك دێتە خەیاڵ ئەومیە: لەبەرچی مێژوونووسی دێری بێت قوقا بزرە و دیار نیە دەبینین تێپەڕ دەبێت نەك تەنها بە سەر ناوی(مەلیك سدیق) کە لەوانەیە بە ناوێکی زۆر گرنگ دانەنێت بەڵکو هەروەها بە سەر ناوی کافیفاش بەبێ دەنگی؟ بەڵام دەخوێنین ئەوەی لە سەر کافیفا نووسراوە لە نووسینەکانی(تۆمای مەرگەیی):(ئەو ناوبانگی دەرکردبوو قەدیسە وە لە ڕاستیدا ڕەبەنێکی تەواو و خوا پەرستێکی راستەقینە بووە). هەروەها ئەوەی مێژووی بێت قوقای نووسیوە و لە هەمان کات دا قەشە عەودیشوعە) لە(کرتاو) ئەویش ناوی نەهێناوە، بەڵام تۆما مەرگەیی لەو لە بیرکراوەییە رزگاری کردووە و لە نووسینەکانی باسی دەکات. بەڵام، بە خێرایی هەست بەوە دەکەین مێژوو نووسە بزرەکەمان هەڵە دەکات لە دانانەکەی([٥١٢]).

(نووسینەکانی مێژووی دێری بێت قوقا ـ وەرگێڕ) دەست پێ دەکات بە کۆمەڵێك ناوی دیار لە ڕەبەنەکان ئەوانەی کە ڕۆڵەی روحی سۆریشوع بوون وە بۆ چەند جارێك لێرە و لەوێ لە نووسینەکانی لێرەدا ناتوانێت تەنها لیستی ناوەکان بە خێرایی تۆمار بکات وە بەبێ ئاماژە کردن بۆ ئەوانەی کە لە پێشتر پێیان گەیشتین.

لەوانە شێخەکان:(حبیب المستسقي) شیفا کەرەوەی زۆر کەس تەنها خۆی نەبێت وە(حنین المتقشف) وە(سۆریشۆع) ی پشت چەماوە، وە(زاونارسی) کە هیچ کردەوە و بەرهەمێکی دیاری نیە، وە هەروەها(ئەهرۆن) کە دواتر بوو بە میترابۆلیتی(رازیق)([513]).

دواتر نووسەرەکان باس دەکەین / سێ دانەرەکان: سۆریشۆع رۆستەم خەڵکی حرێم کە ژیاننامە(سۆریشۆعی) گەورەی نووسیوە([514]).

وە(داود) مەترانی(قەرتوایی - قرطواي) دانەری پەرتوکی(الفردوس الصغیر / بەهەشتی بچوك) ئەو مەترانە ژیاوە لە سەردەمی بەتریك تیماتیۆسی یەکەم(٧٨٠ - ٨٢٣)([515]).

وە رەبەنی بەناوبانگ(یۆزاداق) ناوی هات لەو کاتەی کە باسی ژیانی سەرۆك(شوحالمارن) مان کرد. دەمانەوێت ئەوانەی کە لە پێشەوە ناومان هێناون: حەبیب لە سین وە براکەی یووسف، وە شلیطا: شەلیتا خاوەن پەرچووەکان، وە رەبەن پەترۆس خاوەن کردەوەی سەرسوڕهێنەر.

## کاغەزە پەرتەوازەکان

کاتژمێری کاری دانەرە بزرەکەمان ئاماژە بە کۆتایی دەدات، وە هەروەها ئەو زانیاریانەی کەوا تۆماری دەکات پەرش و بلاوەیە. دەبینین لە دێرەکە، لە سەدەی دەیەم، لە سەردەمی رەبەن موشێ لە(بێت سیادی)([516]) دا.

لە دۆخێکی ناجێگیردا. بۆیە ئەو رەبەنە هاتووە بۆ ئەوەی دوبەرەکیەکە ئارام کاتەوە هەڵسەنگاندنی بۆ نووسینە تایبەتیەکانی لە سەر نوێژکردنی تایبەت بە رەبەنەکانی دێری بێت قوقا دەهاتنە لای ناوە ناوە بۆ وەرگرتنی ئامۆژگاری لە بەر ئەوەی مامۆستای رێزداری ئەوان بووە وە هەتاوەکو هەندێك جاریش بەو کارانە سەرقاڵ بووە لەگەڵ هەندێکیان لە دروستکردنی ئاشێك بۆ دێرەکە، کە دەکەوێتە سەر جۆگەی(سبنا)([517]).

دوای ماوەیەك لە کۆچی دوایی کردنی دامەزرێنەری دێرەکە، رەبەنەکان دێرەکەیان چۆڵ کرد -(بێت سیاری) دواتر بوو بە بیابانێکی چۆڵ([518]).

دواتر بەهۆی پەیدا بوونی کۆمەڵە رەبەنێکی دێری بێت قوقای خۆبەختکەر ژیان گەڕایەوە بۆ دێری(بێت صیاری) بۆ جاری دووەم وە فەرمباڵغ بۆوە بە رەبەنەکان.

لە سەدەی دەیەم نووسەری ناسراو(ئەبو حوسێن محەمەدی کوڕی موئمین) سەردانی ئەو دێرەی کردووە و تامی شەڕابەکەی کردووە - شەڕابی مەسیحیەکان - لە زەتی لە تامەکەی

وەرگرتووە و بەم بۆنەیەوە پارچە شیعرێکی داناوە و ئاراستەی(شمشاتی) /(الشمشاطي) کردووە([٥١٩]).

دانەری پەرتووکەکە باس لە دێرەکان دەکات). ئەم شیعرە لە پەرتووکی(مسالك الابصار) دا هاتووە([٥٢٠]).

لەگەڵ ئاماژەیەك کەوا دەقە شیعرەکەی لە پەرتووکی(مێژووی ئەربیل) ابن المستوفي دا هاتووە کە بەشێکی زۆری بزرە(دەستنووسی ساڵی ١٣٤٩)

(ابن فضل الله العمري) شوێنی دێرەکەی ناسیوە و دەیخاتە پشت زێی گەورە و بە دووری حەوت فرسەخ Parasanges لە موسڵ([٥٢١]).

تەیتۆس یەکێ لە سەرۆکە ناسراوەکانی ئەو دێرەیە، دواتر بۆتە مەترانی موسڵ([٥٢٢]).

لە سەردەمی بەتریك(ئێلیا) ی سێیەم ئەبو حەلیم(١١٧٦ - ١١٩٠) لە کۆتایی سەدەی دوازدەهەم ئەم دێرە ناوبانگی دەرکرد بە دەرکەوتنی رێزمانووس(یۆحنابرزوعبی) کە سریانەکان زۆری هەڵدەسەنگێنن وە هەروەها مەترانی دوا رۆژی یەعقوبیەکان(ساوریۆس یەعقوب برشابۆ) کە ئەویش لە قوتابیانی ئەو دێرەیە وە دواتر بوو بە میتراپۆلیتی دێری(شێخ مەتی).(١٢٤١؟) وە هەروەها شەمعون شەقلاوی پەرتوکێکی مێژوویی تایبەت بەو دێرەی پێشکەش کردن([٥٢٣]).

مانگی تشرینی دووەم لە ساڵی ١٢٣٥ کاتژمێری سفر دەستی پێکرد بە وێران و تێکدانی دێری بێت قوقا لە سەر دەستی کۆمەڵێك لە مەغۆلەکان کە بەناوبانگ بوون بە تالآنچی لە ناوچەکانی تر هاتبوون کە لە شوێنی تر نەیانتوانی هیچ کارێك بکەن تەنها تالآن و دزین و راوروتی ئەو مالآنەی کە دەکەونە ژێر قەلآکە وە یا کوشتنی هەندێك لە میرەکان وە فرێدانی سوارەکان بۆ ناو بیرەکان.

دوای گەیشتنی ئەو کۆمەڵە لە داگیرکەرەکان بۆ دێرەکە دەستیان کرد بە کوشتنی رەبەنە بەتەمەنەکان بە شێوەیەکی دڕندانە کە باس ناکرێت، دواتر ئەوانە کە سەرەتایی بوون جلەکانیان پێ لەبەر کردنەوە، وە بەکاریان هێنان بۆ رابواردن ماوەیەك پێش ئەوەی بیانکوژن. کەنیسەکەیان پیس و گلآو کرد و لاشەی مردووەکانیان فرێ دایە چۆڵایی مەزبەحیان چەپەڵ کرد بە پیسایی و قاپ و کەرستە پیرۆزەکانیان دزی([٥٢٤]).

دوای گەڕانەوەی ئاشتی و ئارامی بۆ ناوچەکە، ژیان گەڕایەوە بۆ دێرەکە بۆ جارێکی تر. لە ساڵی ١٢٥٢ دەستنووسی تایبەت بەو دێرە کۆپی کرایەوە کە باس لە مەزموورەکاندا دەکات([٥٢٥]).

ئەم دەستنووسە لە ساڵی ١٩١٥ بزر بوو لەگەڵ ناوەڕۆکەکانی پەرتووکخانەی سعرت، کە لەوێ پارێزراو بوو.

ئەو دوو کەسایەتیەی تر لە دێری بێت قوقا کە ماڤ خۆیانە ڕێزیان لێبگیرێت و ناوەکانیان ئەمانە: بەتریك دنحای یەکەم(١٢٦٥ ـ ١٢٨١) کە لە سەرەتادا رەبەن بوو([٥٢٦]).

وە گبریئیل قەمصا ـ واتە کلۆ ـ کوللە / الجرادە) میتراپۆلیتی موسڵ لە دەوروبەری ساڵی ١٢٨١. ئەو بوو وتارێکی ڕێکخستبوو بۆ شان و شەوکەت کردن کە لە پەراوێزی کۆتایی ئاماژەمان پێ دا([٥٢٧]).

لەو ماوەیەدا، ئەو دێرە سەردان کرا لەلایەن میوانێکی پایەبەرز ئەویش پەترێکی دوا ڕۆژە کە بە ڕەچەڵەك مەغۆلە و ناوی(یەهوالاها) ی سێیەمە کە بەترێکی پێش خۆی دنحای یەکەم کردی بە مەترانی(تانکۆت).

ئەو سەردانە کرا کاتێك مەترانی نوێ(یەهوالاها) لە ڕێگادا بوو بەرەو بارەگای ئەبرەشیەکەی، وە لە دێری(بێت قوقا) بۆ چەند کاتێك مایەوە([٥٢٨]).

لێرە، وە لەو دێرە رەبەنی خواپەرست و ناسك تاك و تەنها(سولاقە) پێشبینی کرد کەوا مەترانی نوێ ومزعەکە دەگۆڕێ و وە ڕێگەکەی دەگۆڕێ و دەگەڕێتەوە بەغدا و دەبینی کەوا پەترێکی سەر کورسی کۆچی دوایی کردووە و لە سەر کورسیەکەی دادەنیشێ. بە ڕاستی ئەم کۆچکردنەی بەتریك دنحا ڕوویدا لە شوباتی ساڵی ١٢٨١. دواتر یەهوالاها بوو بە بەتریك لە سەر کورسیەکەی بەتریکی دانیشت لە ساڵی ١٢٨٣. لە مێژوویێکدا نایزانین وە لەوانەیە لە سەدەی چوارەم بێت، دێری بێت قوقا سەرۆکێکی هەبوو پێیان دەوت ڕەبەن(بریخ ئشوع) وە نازناوەکەی(برشکابیە)(کوڕی پنەدۆز، برخ ئیشوع نووسەرێکی کارامە و ڕێکخەری سروتی ئاینی بووە([٥٢٩]).

وە هەروەها بە دانانی شیعر ناودار بووە لە سەر(البحر الاثني عشري) شیعری لە سەر ژیانی ڕوحی داناوە بۆ مامۆستاکەی(شملی)([٥٣٠]).

لەو قەسیدەیەدا باس دەکات کە چۆن کاری سك هەڵکوشین و گریان چۆن لە نێو موجاهیدەکان بڵاو دەبۆوە لە دژی تاقیکردنەوەکانی شەیتان و فرت و فێڵەکانی بۆ ماوەیەکی درێژ. دەقە شیعرەکە هیچ زانیارییەکی مێژووی تیا نیە کە ڕەنگە سوودی هەبێت سەرەڕای ئەوەی نووسەرەکە ئاماژە بەوە دەکات کەوا لە سەر دێری(بێت قوقا) دەنووسێت بە هیچ شێوەیەك پێدا تێپەڕ نەبووە نە(شملی) و نە مامۆستاکەی یووسف([٥٣١]).

وە هەروەها لە دەستنووسی(فردەوس عودیشۆع) نهێنی ئاماژەیەك هەیە لە دەقەکانیدا دەربارەی ئەم دێرە ئاماژەیە بۆ نووسینەکانی ئەم دەقانە و تەواو کراوە لە دێری

مارسۆیشوع لە بێت قوقا کە دەکەوێتە سەر زێی گەورە لە ساڵی ١٤٦١. ئەم دەستنووسە ئێستا لە(کەمبردج) ە([٥٣٢]).
بە دوا زەخیرە دادەنرێت کە ماوەتەوە دێری قوقا و مێژووەکەمان بۆ دەگێڕێتەوە. پێشتر باسی دەستنووسێکی نوێترمان کرد لە سعرد. بزر بووە لە ڕۆژانی نیگبەتی گەورەدا کە بەسەر شارەکە و دانیشتوانەکەیدا هاتووە. ئەو دەستنووسە سروتی بۆ مێژووی نووسینەکەی دەگەڕایەوە بۆ ساڵی ١٤٩١([٥٣٣]).
پرسیارێکی گرنگمان هەیە پەیوەندی بەو دێرەوە هەیە لەگەڵ ڕۆڵەکانی لە ڕەبەنەکان ئەومیە ئایا سولاقە(یۆحەننان ـ وەرگێڕ) بەتریکی کلدانی لە دوا ڕۆژ لە ساڵی ١٥٥١ ئەویش لە ڕۆڵەکانی دێری بێت قوقا بوو؟ ئەمە لە شیعرێکی عەودیشوع دا هاتووە لە وتەکانی شیعری کە لەلایەن فۆستییەوە وەرگێڕاوە([٥٣٤]).
وەرگێڕەکە لەلایەن خۆیەوە ئاماژە بە هەموو سەرچاوەکانی تر دەکات زۆر بە ڕوونی و دەڵێ سولاقە ڕەبەن بووە لە ڕەبەنەکانی دێری ڕەبەن هورمز.
ئەم دێرە تاوەکو کۆتایی سەدەی شازدەهەم ـ سەرەتای سەدەی حەڤدەهەم مابوو. بەتریك ئیلیای هەشتەم باسی ئەو تاوانە دڕندانە و بێزکاریانە دەکات کە لەلایەن تیرۆریست و داخ لە دڵەکان دا کراوە، پەیوەندی بەو ماوەیە هەیە کە خۆی تیایدا ژیاوە([٥٣٥]).
دەڵێ: (ئەوانە سەرۆکی دێری مارسۆریشۆعیان گرت و دایانە بەر چەقۆی تیژکراو تاوەکو دادڕیبەدادڕیان کرد، بەلام هەر سوور بوو لە سەر ئاین و باوەڕداریەکەی خۆی و هەڵنەگەڕایەوە لێی. دواتر دەستیان کرد بە بڕینەوەی ئەندامانی جەستەکەی بە تەور و مشار وە خوێنەکەیان خواردەوە. بەلام ئەو هەموو ئازارانە دڕندەییە سوودیان لێ وەرنەگرت و وەك پاڵەوان سوور بوو بانگەوازی خودای دەکرد و بۆ ئەوەی یارمەتی بدات و شەهید بوو بە سەرفرازی و تاجە گوڵینەی نایە سەر خۆی لە ئاسمانی بەریندا([٥٣٦]).
ئەو ئازارانەی کە شەهیدە بزرەکەمان بینیویەتی کۆتایی بە ژیانی ئەو دێرە نایەنێ، لە بەر ئەوەی بەتریك ئیلیای هەشتەم خۆی ئەو دێرە بە دێرێکی زیندوو دادەنێ بە دێرێکی گرنگی دادەنێ کاتێك کە ڕاپۆرتەکەی بۆ پاپا پۆڵسی پێنجەم دەنووسێ لە ساڵی ١٦١٠.
ئەگەرچی ئێمە پاش کۆششی زۆر بۆ باسکردنی لە لیستی دێرەکانی ساڵی ١٦٠٧ ئەماندۆزیەوە و ماندووبوونەکەمان بە خۆڕایی بوو. ئیلیای هەشتەم لە ڕاپۆرتەکەیدا هاتووە([٥٣٧]).
(لە ناوچەی هەولێر دێرمان هەیە بەناوی(مارسۆریشۆع) وە لەو دێرە مەزاری(بیست و هەشت) قەدیسی هەیە لە ماڵی شەهیدان وە هەر یەکێك لەو قەدیسانە ڕابەری هەزاران

رەبەن و خواپەرست بووە. وە ئەو عەجایب و موعجیزانەی کە دروستیان کردووە دەڵێ زۆر زۆر بووە. شای شاکانی تورکەکان لە نامەکانیدا باسی ئەو بەرهەمە زۆرانە دەکات کە لێیان کردۆتەوە([538]).

لە کۆندا شوێنە تایبەتیەکانی(ئەشکەوتەکان) ی ئەو رەبەنە بە تاك و تەنهایانە درێژ دەبۆوە بۆ رۆژمرێگایەك بە پیادە. بەلاّم ئەمرۆ وە بەهۆی زەحمەتی و دەست بە سەرداگرتنی دەبینی رەبەنەکان تەنها لە رۆخ دێرەکان دا دەژین و نان دەدەن بە برسیەکانی گەشتەکان.

٤ ـ دێری مارئەبراهام نەسفری وە یا دێری مارئەیوبی فارسی

شوێن:

شوێنی ئەو دێرە زۆر دوور نیە لە دێری بێت قوقا. لە خوێندنەوەی مێژوویی مارسۆریشۆع، پیاوێکی نەخوێندەوار هاتووە و لە نزیك قەدیسەکەی ئێمە نیشتەجێ بووە لە دێری ئەبراهامی گەورە خەلکی(نەسفار) وە خۆی دەگۆڕێ بەوەی توانای پێشبینی هەیە و بووە هۆی راکێشانی زۆرێك لە موریدەکان لەو برایانەی کە بینینی چاویان لە دەست دابوو. پیاوە مەزنەکەمان زۆر بارگرانی هەلگرت بە هەلگەڕانەوەی براکان بە سەبر و پشوو درێژی و بێ ئەوەی لۆمەی هیچ کەس بکات بە وشەیەك([539]).

دواتر بە شێوەیەکی سانایی بیروڕاکانی سەرکەوتن کەوا هەردەم چاکە بەسەر دەکەوێت، میترابۆلیتی ئەربیل(ئیشۆعیاب) لە(قوبلانە) تاوانباری دوورخستەوە، زۆر بە شان و شەوکەتی پێداهەلگوتن سۆریشۆعی کرد.

گریمان رەبەن برانسیا دەستی بە گەشت نەکردووە لە تەمەنی لاوێتیدا کە بووە هۆی هۆی ژیانی قەدیسی کە دواتر تیایدا ژیاوە، ئەو کاتە دەتوانین بلێین کە جلی رەبەنایەتی لەبەر کردووە([540]).

لە دێری نزیك بە گوندەکەی و شوێنی لە دایك بوونیەوە. ئەمە پالمان پێوە دەنێت بۆ ئەوەی بە دوای دێرێك بگەڕێین کە دەکەوێتە نزیك(حەریم)، وە ئەگەر ئەو گوندە وە هەر وەکو لە پێشەوە دەرکەوت(تل الخیام) بێت ئەو کاتە دێری مارئەبرەهام دەکەوتە لای باکوری رۆژئاوا لە(دۆلی نێوان دووانە ـ دوو چیایەکە) واتە لە جێگایەك زۆر دوور نیە لە لوتکەی چیای(خان) جگە لەمە، دەلێن لە سەر شوێنی خەلوەتگەی ئەبراهام دێرەکە دروست کراوە کە بە دوو فرسەخ واتە دوو قۆناغ لە نسفارەوە، ئەو گوندەی کە لێی لە دایك بووە، کە دەکەوێتە سەر ئەو روبارە کە پێشتر رەنگە ئاوەکەی سور هەلگەڕاوە بە

خوێنی شەهیدەکان، کە لە لایەن شاپوورەوە کوژران، خوێنەکەیان جۆگەلەی بەستووە و چووە ناو ئاوەکە([541]).

بە تەئکید هەموو ئەو شتانە زۆر وردەکاری تێدا نیە. بۆ نموونە کاتێك مێژوونووسێك ژیانی قەدیسەکان باس دەکات وشەی(روبار) باس دەکات ئەوە مەبەستی ئەومیە جۆگەلەیەکی بچووك وە یا جۆگەلەیەکی ئاوی سازگار، بەڵام ئەگەر مەبەستی روبارێکی راستەقینە بێت دەبێ ئەو روبارە زێ بێت و بەس. سەرەڕای ئەمەش، پێویستە لە بیرمان نەچێت ماوەی دوو فرسەخ کە ئاماژەمان پێی دا هاتووە لە نوسینەکانی(ئیشۆع دناح) وەك تێبینیمان کرد و ورد نیە لە نووسینەکانی دەربارەی باری تۆبۆگرافیایی. لە سەر ئەم خواستانە پێویستە لە سەرمان بەدوای دێرەکەدا بگەڕێین لە شوێنێکی تر و بە دووریەکی گونجاو دەکەوێتە رۆژهەڵاتی(نەسفار) لە سەر رۆخی زێ، واتە لە شوێنێك بە ئاراستەی حەریم ـ تل الخیام)کەواتە لە کوێ(نەسفرا) دەدۆزینەوە بە پێی ئامۆژگاری زمان زانە دیارەکان نموونەی ئەوانە(خودی بەترۆس سابا) وەرگێرانی وشەی نەسفار کە بەر چاومان دەکەوێت وا باشترە بڵێین شێوێندراوە لە وشەی نەفتار لەم وشەیەدا رەگی وشەی(نەفت ـ نەوت) دەدۆزینەوە. ئەم واقیعە ئەوەمان پێ دەبەخشێت بە پەیوەندیەك لەگەڵ ئەو ناوچەیە کە نەوتی لێیە.

ئێستا با ناوی گوندەکانی سەر لێواری زێ بێنین، لە دەوروبەری دۆڵەکە لە نێو دوانەکە یەك بە دوای یەك: لێرەدا یەکەم مەڵبەندی شارۆچکەی گوێڕ، کە سەرنجمان رادەکێشێت، ناوەکە ئەوەی لە ئامێزدایە شێوێندراوە بۆ لەفزی پاف و کاف عەرەبی، ئەگەر کاف بگۆڕین(گوێڕ) بۆ قاف ئەوە ناوەکە دەبێتە قیر کە واتاکەی ناسراوە.

لە واقیعدا لە ناوچەکەدا سەرچاوەی دەرچوونی نەوت هەیە لە جۆری قوڕس دەردەچێ و تێکەڵ بە زێ دەبێت. کەواتە شوێنی نەسفار بەو شێوەیە بێت شارۆچکەی(گوێڕ) نوێیە و لەبارە. باسەکەم لە سەر دێری مارئەبراهام ـ مار ئەیوب لەو ناوچانەیە دەکەونە دوای گوێڕ بۆ ماوەیەکی کەم بەڵکو ماوەیەکی کورت بە هۆی باری ئەو کاتە. بۆیە نەمتوانی بگەمە ئەنجام جا بە ئەرێنی بێ، یان بە نەرێنی.

ئەبراهام نەسفری

رەبەنێکی نوێژکەر و خواپەرست و دانەرێکی زۆر ناسراوە([542]).

لای یەعقوبیەکان بە قەدیس دادەنرێت([543]).

کردەوەکانی زوو بە زوویی ناوبانگیان دەرکرد، بەڵام زۆر بە دوودڵی و سەرسوڕمانەوە لەگەڵ کار و کردەوەکانی هاوچەرخی خۆی(ئەبراهام کەشکەری) کە بە تەمەن لەو گچکە

تـر بـووە. لەبـەر ئـەوە دەبیـنین تۆمارکـەرەکان(وە یـا مێـژوو نووسـی پـەرتووکی) Liber Turris کـە(مـاری) یـە کـورتی کردۆتـەوە([٥٤٤]). دەقـەکانی ژیـانی ئـەبراهام نەسـفری لـە پەرتووکێکدا بە ناوی ئەبراهام کەشکری(٥٧١).

ئەو دڵەڕاوکێیەو ژاوە ژاوەیە پێشتر لەلایەن دانەری مێژووی سعردی پشتگیری کراوە([٥٤٥]).

کـە هـەر دوو کەسـەکە بـەناوی ئـەبراهام کـراوە و بەشـدارن لـە چالاکیەکانی(پێناسـە بـە یاسـاکان و دامودەزگاکـانی ژیـانی رەبەنایـەتی لـە ولاتـی فـارس) وە هـەروەها هەڵسـا بـە گۆڕانکـاری لـە جۆرەکـانی جلـی رەبەنـەکان و نەخشـەی بینایـەی دێرەکـان. لـەو کێشـەیەدا، ئەوە دەبینـرێ کەوا هەموو سەرچاوەکان([٥٤٦]).

ئاماژە بە ئیبراهیم نسفری دەکەن کەوا چۆتە حـەج بـۆ ئۆڕشـلیم و میسـر بـە تایبـەتی، کە بـەبێ ئـەو حەجـە رەبـەن نابێـت بـە رەبـەنێکی راستەقینە. درەخـتی خێزانـی تایبـەت بـە سەرجەلەکەی یەکتری دەگێڕێتـەوە لەگـەڵ زنجیرەی پەیوەندیـدار بـە ئـەبراهامی گـەورە لـە دێری ئیزلا([٥٤٧]).

لێرە بەدواوە ئـەبراهام نەسفاری لـە نـاو خەڵوەتگـەی خۆیـدا دەژی بـۆ مـاوەی سـی سـاڵ بـە خـەریك بـوونی دانـانی ژمارەیـەك پـەرتوك کـە بـە مـۆری خـۆی مـۆر کـراون نیشـانەی رەسەنایەتی نیشان دەدەن. لێرەدا پرسیارێك دەکەین ئایا بەراسـتی لـەو ماوەیـەدا سـەردان و گەشتێکی بلاوکردنـەوەی ئـاینی کـردووە بـە ئاراسـتەی ناوچـەکانی بـاکور تـاوەکو گەیشـتۆتە ئازربێجان؟ پـەرتووکی(العفـە) لـە دەوروبـەری سـاڵی ٨٠٠ ئەمـە بـاس ناکـات. بـەلام مێـژووی سـعردی سـەدەی یازدەهـەم و مـاری سـەدەی دوازدەهـەم ئـەوە بـاس دەکـەن. ژیاننامـەی لـە سـەدەی چواردەهەم نووسـراوە بـە تـەنها بـاس لـەو گەشـتە دەکـات لەگـەلج باسـێکی دوور و درێـژ بـە کۆتـایی هـاتنی ژیـانی ئـەو رەبەنـە بـە شـەهید بـوون وەك دەردەکـەوێت ئـەو لـە خەڵوەتگەکەی خۆی کۆچی دوایـی کـردووە وە دواتـر لـە کەنیسـەی گوندەکـەی نێـژراوە کـە تێیدا لە دایك بووە([٥٤٨]).

ئەیوبی فارسی

بـە چـاکەی ئـەیوب دەتـوانین مامۆسـتاکەی ئـەبراهامی نەسـفری بناسـین لەبـەر ئـەوەی ژیاننامەی یەکەمیان نوسراوە لەلایەن(سۆریشۆع رۆستەم) لە دێری بێت قۆقا([٥٤٩]).

تۆما مەرگەیی بە دەقەکەدا چۆتەوە.بەلام ئەمڕۆکە بزرە، مێژوونووسەکانی تر([٥٥٠]).

زۆریان لە دەقەکە وەرگرتووە بەلام هـەر یـەکێکیان بـە کـەیفی خـۆی ئـەوەی لا خـۆش بـووە ئـەوەی وەرگرتـووە. کەواتـە هـەموو نووسـینەکان یـەك بنچـینەیان هەیـە(ئـەیۆ) لـە میتراپۆلیتەوە(سەرۆکایەتی ئەسقەفیە) ولاتی فارس ناسراوە بە(رێواردەشێر)([٥٥١]).

بوکی پیاوێکی دەوڵەمەند بووە و لە بازرگانی لۆلۆ ـ مـرواری ـ کاری کـردووە. ژمارەیـەکی زۆری کۆیلە هەبووە، بەڵام لە سەر ئەوەشـەوە پیـاوێکی دڵ بـاش بـووە و حـەزی بـە خێـر و خێـرات هـەبووە بۆیـە نەخۆشـخانەیەکی دروسـت کـردووە. لـە سـەر دەمـی شـا خوسـرەوەی یەکەم(ئەنۆ شێروان) ژیاوە(٥١٣ ـ ٥٧٩).

بە هۆی نەخۆشیەك کە تووشی(ئـەیۆ) هات، بـە هـۆی ئـەوەی کـە لـە گەشـت گەڕابۆوە ئـەم نەخۆشیەی گرتبوو روی کـردو ژیـانی رەبەنـایەتی. ئـەبراهام نتفـاری سـەری بـۆ تاشـیوە بـە شێوە تاجەگوڵینە(هەر وەك باوە لای رەبەنـەکان). دوای مردنـی ئـەبراهام ئـەیوب بـەردەوام بوو لە ژیانی خۆی لە ناو خەڵوەتگەکەی نزیك بە مامۆستاکەیەوە. لـە سـەردەمی ئـەبرەهام دا ئـەیوب هەڵساوە بـە سـەردانی دێـری(ئیـزل) کـە پێویسـت بـووە بـۆ ئـەوەی بچێتە سـەر رێچکەی ـ زنجیرە ـ مامۆستاکەی ئەبراهامی گەورە([٥٥٢]).

زۆر رەبەنی تر بەدواوەی بوون و چوونە لای. ئەیوب بینایەکی لـە سـەر خەڵوەتگـەی رەبـەن ئەبراهام دروست کـردووە هـەروەها مەلەوانگەیـەك و پەرسـتگەیەك و دێرەکە بـە هـەر دوو ناوەکەوە ناسراوە(دێری ئەبرەهام نەسفری و ئـەیوبی فارسـی) دوای تێپـەڕ بـوونی ماوەیـەك وە بە چاکە و کاریگەری دنحای کوڕی سامریا، میری گەورە و حاکمی هـەموو حـدیاب، تـوانرا جەستەی ئەبراهام لە کەنیسەی گونـدی نسفار بگوازێتەوە بۆ دێری ئـەیوب بـە مەراسـیمێکی پڕ شکۆوە دوای مردنی ئەیوب لەبەردەم مەلەوانگەکە نێـژرا کـە لـە پەرسـتگەکەدا دروسـتی کردبـوو لـە سـەر خەڵوەتگەکـە. ئێسـتا رادەوەسـتین لـە بـەردەم دەقـە جیاوازەکـان کـە پەیوەنـدیان بـە رۆڵـی دوو کەسـایەتی هەیـە پێیـان دەڵـێن ئەشـعیا وە ئیلیشـیع دەقـە عەرەبییەکەی ماری([٥٥٣]).

چارەسـەری باشـتری بۆ ئێمـە دۆزیوەتـەوە لـە دەقـە لاتینیەکەی هاتووەئەشعیا و ئیلیەشـیع قوتـابی ئـەبرەهام بـوون وە کـۆنتر هاتوونەتـە رێـزی رەبەنـایـەتی لـە ئەیوبـەوە. ئـەو دووانـە ئەیوبیان فێری رەبەنایەتی کـردووە. بۆیـە بـە مامۆسـتای ئـەیوب دادەنـرێن. لەگـەڵیا ژیـاون دوای کۆچـکردنی مامۆسـتا هاوبەشـەکەیان(ئـەبرەهام) بـەڵام دروسـتکردنی دێرەکـە دەستپێشخەری ئەیوب بووە. دواتر بۆتە سەرۆکی دێرەکە([٥٥٤]).

بەم شێوەیە ئەیوب بۆتە سەرۆکی سەرۆکەکانی. وە ئەوانەی سەرۆکی بوون پێشتر بـوون بـە قوتابی ئەو ئەیوب نووسەرێکی بەناوبانگ بووە بە هـۆی وەرگێڕانـی زۆرەوە بـۆ سـەر زمـانی فارسـی لەوانـە: وتـار و گوتارەکـانی ئـەبراهام لـە نسـفار و هـەروەها یاسـاکانی ئـەبرەهام کەشکەری. یادگاری ئەیوب ئاهەنگی پێدەگێڕدرێ و بە پێی رۆژمێری نەستۆری لە رۆژی ١٨ ی ئاب.

## مێژووی دێرەکان

زانیاریمان زۆرە لەلایەن براکانەوە کە لە سەر ئەیوبی فارسی کۆیان کردۆتەوە و هەروەها مامۆستاکانی دامەزرێنەری دێرەکە ئەشعیا و ئیلیشیع دەڵێن پاش ماوەیەك لە دامەزراندنی دێرەکە قوتابیەك لە دێرەکە دەرکەوت و دوایی ناوبانگی گەورەی دەرکرد ناوی ئەو قوتابیە ئیشۆعیاب برقوسری بووە، ماوەی ١٥ ساڵ رەبەن بووە دواتر دابڕاوە لە وەرزشی روحیدا بە تاك و تەنهایی لە سەر چیای مەقلوب بەسەری بردووە.

لە دوای دەرکردنی لەلایەن یەعقوبیەکانەوە لە ساڵی ٥٧٠ چۆتە مووسڵ و لەوێ دێرێکی دروست کردووە([٥٥٥]).

هیچ زانیاریمان نیە لە سەر ژیانی دێری مارئەیوب لە سەدەی ١٧ مهەم. لە سەرەتای سەدەی ١٨ دەبینین رەبەن برانیسە دێتە ئەو دێرە بۆ وەرگرتنی جلی رەبەنایەتی و دەبێتە رەبەن لەوێ دواتریش سەرۆکی دێری بێت قوقا لە دوا رۆژدا دەستی تێکدان و کاولکردن گەیشتە مارئەیوب لە هەمان ماوەدا کەوا ژمارەیەکی تر لە دێرەکان وێران کران.

ئەم کردەوانە لەلایەن(یەعلی) کوڕی حەمران دەکران لە سەردەمی مەتران مارنرسای مەترانی سین واتە ساڵی ٨٠٠([٥٥٦]).

ئایا دواتر دروست کراوەتەوە؟ بڕگەیەك هەیە لە دەقەکانی مێژووی سعردی پارمەتیمان دەدات، گریمان ئەوە بووە([٥٥٧]).

دەڵێ: (ئەم دێرە تا ئێستا ناسراوە لای ئێمە) ئەم بڕگەیە هەیە بەبێ ئەوەی بڵێ دێر(دێری رەبەن ئەیوب)([٥٥٨]).

ئەگەر نووسینەکانی کارتنیال تیسران([٥٥٩]).

رەچاو بکەین کەواتە تۆمارکردنەکانی مێژووی سعردی لە ساڵی ١٠٦٣ بووە بە ماوەیەکی کەم. واتای ئەومیە دێری ئەبراهام زیندوو بووە تاوەکو سەدەی یازدەهەم([٥٦٠]).

٥ ـ دێری بێت نەستۆریۆس

دامەزرێنەری ئەم دێرە پیاوێك بووە لە دەوروبەری داسن([٥٦١]).

سەرەتا قوتابی رەبەنێك بووە لە دەوروبەری حانیتا نیشتەجێ بووە. دواتر، ئارەزووی هەلاتنی هەبووە لە بەناوبانگی میللیدا کە بە قەداسەت دادەنرێ، چۆتە ناوچەی حدیاب لەوێ ژمارەیەکی زۆر لە برایان پێی گەیشتوون. دێرێکی دروست کردووە لە نزیك گوندی(دارساب) کە نەتوانراوە بدۆزرێتەوە و شوێنەکەی بزانین. بەڵام ئەوەی یارمەتیمان دەدات بۆ دۆزینەوەی شوێنەکەی بە تەواوی دژ بە یەکە. پەرتووکی(العفە) پێمان دەڵێ نەستۆریۆس لەگەڵ(باوای) نسێبینی بەیەکگەیشتن کاتێك ئەوەی دوایی لە چیاکانی حدیاب

دجڵیا، وە هەردووکیان بەردەوام باسی خوایان دەکرد، ئەم زانیاریانە پێمان دەڵێن بۆ ئەوەی بگەڕێین بۆ دۆزینەوەی بێت نەستۆریۆس بە دوورترین شوێن لە دەشتی هەولێر، لە سەر چیاکە، ئەم ئاماژەیە و هێمایە بە تەواوی رێک دەکەوێ لەگەڵ هێڵی رێژکە گرتنەبەری(یەعلی) وێرانکەری دێرەکان و کاولکردنیان کە بەدوای دەکەوت پاش بڕیاروەرگرتنی دێری نەستۆریۆسیش لە لیستی ئەو دێرانەیە کە دەیویست کاولیان بکات. ئەگەر ئەو خشتەیەی کەوا تۆما مەرگەیی دایناوە([٥٦٢]).

کە زۆر ناسراوە بە وردەکاری لەگەڵ زنجیرەی رووداوەکان یەکتر بگرێتەوە سەرەتای کرداره وێرانکاریەکانی ئەم تاوانبارە خوێنرێژە دەبی لە دێری مار ئەیوب بێ کە دەکەوێتە باکوری نێوان(دۆڵی نێوان ئەو دووانە) بۆ ئەوەی کۆتایی بێت بە دێری(مارکانا) کە وای بە پێویست زانیوە بە دۆڵەکەدا بەرەو باشوور بڕوات. دواتر دەربچێت لە گەرووی بەستراو لە نێوان(زینای) و(زامیر). دواتر کاتی بەدەستەوە نامێنێت بۆ ئەوەی کارێکی دیکە بکات تەنها راکردن نەبێت بەرەو سین. دوای دابەزین بەرەو دەشتی دیجلە و پێداڕۆیشتن. لەبەرئەوەی رووداوەکانی کاولکردنی دێری بێت نەستۆریۆس روویداوە لە نێوان رووداوەکانی دوو دێری تردا. بۆیە وا پێویست دەکات بە دوای دێرەکەدا بگەڕێین لە نێوان دۆڵەکە(واتە دێری نەستۆریۆس) لەو ناوچەیە دەکەوێتە نێوان گردی خیام(تل الخیام)، و گەرووی مەخموور، لەوانەیە ئەو ناوچەیە، ئەوەی بە دەوری(جیرتکومیا - گردی گۆما، یان کیزابارکا - کۆزمپانکە - وەرگێڕ).

ئەوەی پەیوەندی بە گفتوگۆی نێوان ئەو دووانەوە هەبووە(نەستۆرس و باوای) دەڵێن: پێویستە مێژووەکەی ئەو ماوەیە بێت کەوا نەستۆرۆس لە(حانیسا) نیشتەجێ بووە، وە یا ئەو کاتەی نەستۆرۆس لە رێگا بوو بەرەو بڕینی چیای حدیاب بۆ ئەوەی بچێت و دێره بەناوبانگەکەی دروست بکات. ئەگەر وا دابنێین دەقەکانی پەرتووکی(العفە) بێ کەڵکی بۆ دۆزینەوەی شوێنی دێرەکە دێری(بێت نەستۆرۆس) سەرەڕای ئەوەش رێگەمان دەدات بەلای کەمەوە مێژووی دامەزراندنی دێرەکە جێگیر بکەین کە دەکەوێتە نێو ئەو ماوەیەی کە تیای ژیاوە(باوای) واتە دەوروبەری ساڵی ٦٠٠. پاش ئەو ماوەیە هیچ شتێک دەربارەیەوە نازانین، دەبینین دێرەکە دەردەکەوێت لە ماوەی نیوەی یەکەم لە سەدەی ١٨ هەم، کاتێک ماریۆحەننان میتراپۆلیتی ئەربیل([٥٦٣]). ویستوویەتی رەبەن برانسیا دەستنیشان بکات بۆ سەرۆکایەتی([٥٦٤]).

بەلام سەرۆکی دێری بین قوقا(شوحالماران) فەرمانی داوە بە رەتکردنەوەی دەستنیشان کردنەکە. کاولکردنی دێرەکە لە دەوروبەری ساڵی ٨٠٠ بووە.

٦ - دێرکی ئاریان
وەك دەردەکەوێ، هیچ پاشماوەیەکی مەسیحی لە دەوروبەری باشووری(دۆڵی نێوان ئەو دوانە نەماوە). سێ گوند هەیە سەرنجمان رادەکێشن ئەمانەن(دێریکا گرد) واتە گردی کەنیسە وە یا دێر(دێریکا گچکا) گردی سەرسوڕهێنەر دواتر(دێریکە ئاریان)([٥٦٥]).
ئەو ناوەی دوایی بە روونی پارێزراوە بە ناوی هەموو ناوچەکەدا(ماحۆزی ئەریوان) مەڵبەند و بارەگای کورسی ئەسقەفیە بووە تاوەکو ماوەی نێوان ساڵانی ٦٦٠ - ٦٨٠. کەواتە ئەو گوندە دەکەوێتە بەری راستی زێی بچوك(٥٩٣)، بەلام دەبینین ماحۆزی دەکەوێتە لای چەپیەوە. لەبەر ئەوەی هیچ هێمایەك نیە ئەوە بسەلمێنێ کەوا روبارەکە ڕێچکەی خۆی گۆڕیوە. کەواتە پێویستە لە سەرمان ئەوە بە دەست بێنین کەوا ناوچەی حدیاب باڵا دەست بووە بۆ هەر دوو بەری زێی بچووك. بەشێکی دێرژ بۆتەوە بۆ دوای روبارەکە ناسراوە بە ئەریوان دەعەبرا([٥٦٦]).
سەلماندنی ئەم واقیعە هەر وەك پێتر روونمان کردۆتەوە کەوا روبارەکان هەموو کاتێك کۆسپ نەبوون بۆ هێڵی سنووری کارگێڕی.
٧ - قوبلانە
پێش ئەوەی دۆڵی(کەندێناوە) بەجێ بهێڵین پێویستە وتەیەك بڵێین خواحافیزی بۆ نیشتمانی بەتریك ئیشۆعیابی حدیابی([٥٦٧]). گوندەکە تا ئێستا ماوە و ناوەکەی(قوبلان) ە بە دووری ٢٥ کیلۆمەتر لە(ئالتوون کۆپری - پردێ)([٥٦٨]). ئیشۆعیاب قوتابخانەیەکی تێدا دامەزراند کە بە سەر برا رەبەنەکانی دێری بێت عاوی سەپاند([٥٦٩]).
بەلام لەوانەیە لەگەڵ نەمانی دامەزرێنەرەکەی قوتابخانەکەش بزر کراوە، ئەمە ئەنجامی سروشتیە بۆ هەموو کارێکی دروست کراو جێگەی سەرسوڕمان نیە کە ئێمە بە سەر ناوچەکەدا دەفڕین هەست بە سۆزێکی باب و باپرانمان دەکەین بۆ ئەو نیشتمانە کە تێیدا لە دایك بوون و لە ژێر ئاسمانەکەیدا گەورە بوون و لە بەرهەمەکەیدا خواردنیان بوو لە ئاوەکەیدا مەست بوون(ئاوی روبارەکان) بە جوانترین شێوە و ئەمانەتەوە بە دڵسۆزیەوە خزمەتیان کرد و تێیدا مانەوە بە وەفاداریەوە بۆ خاك و باوەڕ و باوەڕداریانەوە، وە ئەمە بە گران لە سەریان وەستا بە خوێنڕشتن لە پێناو باوەڕیانەوە کە لە ناوچەکەدا بلاوبۆوە.
وە هەروەها ئێمە ئەو کۆریتانەی(قوبلان) دەبینین کە لە خشت و قوڕ دروست کراوە، باوکی بەتریکی گەورە و پیاو چاك(باستۆماغ) کە لە پیاوە عەلمانیە دەگمەنەکان دەژمێردرێ. تۆما مەرگەیی بە درێژی باسی کردووە لە بەشێکی تەواو لە پەرتوکەکەیدا بە ناوی(سەرۆکەکان)([٥٧٠])(الرؤساء)(٥٩٨)..

باسی دەکات: بە پیاوی خاوەن خێزانی ناندەر، وە پیاوی خێر کەر و خێرخـواز و بـەڕێز کـە پێویستە بە چاکە یادی بکرێتەوە. زۆر جاران ئەو پیاوە چاکە دەهاتە دێری(بێت عـاوی) بـۆ ئـەوەی بەرەکـەت لـە دەسـتی رەبـەن(یـەعقوب وەربگـرێ). زۆر زەحمـەت بـوو بـۆ ئـەو پیـاوە ناودارە کەوا ئاوازەکانی شـەیتانی لـە بـیر بچـێتەوە کـەوا لـە لایـەن سحربازەکانی پـردی زێ دەگوترا.

(٤)

# زەوییەکانی حەزەی سەروو

وەك دەردەکەوێ چارەنووسی خراپی پڕ کارەسات کە مەسیحیەکانی حدیاب کۆتاییان پێ هات زاتر کاریگەری هەیە کاتێك دەمانەوێت باس لەو لێکۆڵینەوەیە بکەین لە مەڵبەندەکانی مەسیحی زەویەکانی چیایی لە دەوروبەری رۆژهەڵاتیدا. ئەوەی ماوەتەوە لەو هەموو گوندانە(تەنها گوندی عەنکاوەیە ـ ئێستا شارۆچکەیەکی گەورەیە ـ وەرگێڕ).

هەروەها گوندێکی تر هەیە مەسیحی بووە بەڵام ئێستاکە گشت دانیشتوانەکەی موسڵمانن، پێی دەڵێن حەزا ـ حەزە، گوندەکانی تر کە دانیشتوانیان مەسیحی بوون ئەمانەن:

(بێت سەیادی) و (کەفر عوزێل) ئەم دوو گوندە بە تەواوی بزر بوون. هەروەها(دێری مارمیخائیل) لە ترعێل بزر بوو جگە لەوە، نەخشە هەیە تا ئێستا ناوەکان دەخوێننەوە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو گوندانە بەڵام شوێنەکانیان نەناسراوە تاوەکو ئێستا بەڵام دەنگدانەوەی لە گێچکەدا بە مەسیحی دەمێنێتەوە. لەمانە:(باقرتە) کە پێنج کیلۆمەتر دوورە لە(دیوگرخان) ـ (دوو گردکان ـ وەرگێڕ).

بەلای باشووری خۆرئاوا بەڵام بەلای باشووری خۆرهەڵات، گردێکی بەرز هەیە، دەردەکەوێ هی سەردەمی مەسیحیەکانە، هەروەها(باڵەبان) وە(بەردمبۆر) وە(بحیرکە ـ بەحرکە)... تاد پێویستە ئەماژە بۆ دوو گوندی تر بکەین: دێرە وە (کیلیسیا). دۆسیەکانی بەڕێوەبەرایەتی گشتی شوێنەواری عێراق لە بەغدا ژمارە ناوێکی هەیە بەڵام جێگیر نەکراون لە سەر نەخشەکەدا، هەندێکیان دەکەونە دەوروبەری قەزای قوشتەپە وەك: گوندی خرمبات کیلیسا([٥٧١]).

وە(گردی کلیە([٥٧٢]).

وە(قەلای سوریش)([٥٧٣]).

کە دەگەڕێتەوە بەرەو یادەوەریمان بە شێوەیەکی لاوەکی، بۆ حاکمی حدیاب و ئاشووردا(القادر باذن الله)([٥٧٤]).

ناسراو بە(سۆریشۆع) کە کوڕێکی دیار و بە توانای هەبوو، تۆما مەرگەیی لە بەرگی سێیەم لە پەرتووکی(الرؤساء) لە سەری نووسیوە: ئەم پیاوە چاکە ناودار بووە بە ناوی مارئیحسان Mar Hassan.

١ ـ حەزە(حزا)

ناوی حـزە بـەکاردێت، ئامـاژە بـۆ دوو شـت، یەکـەمیان ئامـاژە بـۆ ناوچـەیەکی جـوگراف وە دووەمیان هێمایە بۆ شارێك([٥٧٥]).

لە کاتی هێماکردن بەو ناوە بۆ ناوچەیەکی جوگراف، کەواتە موورادیفی(ئامـاژە) یـە بـۆ نـاوی حدیاب([٥٧٦]).

بـە پێـی ئـەو تێگەیشـتنە(ئیشـۆعیاب) ی حـدیابی واتـە هـەروەها(ئیشـۆعیابی حـزە) واتـە خەڵکی حەزە([٥٧٧]).

پایتەختی ئەو ناوچەیە لە هەر دوو سەدەی ز (٦ )ەم و(٧) ەم(کەفر عوزێـل) بـووە. بـەڵام ئـەو نـاوە بـەکاردەهێنرێ بـۆ ناونـانی جێگەیـەکی دیـاریکراو. هـەروەك بـەکارهێنانی نـاوی(حـەزە) واتـە گونـدێکی نـوێ لـە دوای گونـدە مێژوویـە بچوکەکە مـاوە کـە دەکەوێتـە دووری(١٢) کیلۆمەتر باشووری رۆژئاوای(ئەربیل ـ هەولێر)([٥٧٨]).

ئـەم گونـدە لەلایـەن(ئەردەشـێر) ی یەکـەم کـوڕی بابـك دامـەزراوە، وە بـە نـاوی(بـوز ئەردەشێر)([٥٧٩]).

لـەو گونـدە نیشـتەجێی مەسـیحی و کـەمێك جولەکـە بـووە لـە سـەدەی هەشـتەم. رەبـەن برانسیا جولەکەیەکی شیفا کردووە لەو کەمینەیەدا([٥٨٠]).

وە هەروەها ناوی ئەسقەفیەشـی وەرگرتـووە بـەڵام خراوەتـە سـەر نـاوی ئـەربیل. بـەڵام ئایا میترۆپۆلیتی حدیاب لە سەرەتای دامەزراندنیەوە کورسی ئەسقەفیە لە حـەزە بـووە؟ دیـارە، هۆیـەك هەیـە لـە دانـانی نـاوی گونـدێکی سـاکار و نـەدار و نیمچـەنەزانراو لـە تـەك دا وە یەکسان بە شارێکی کۆنی ناوداری وەك هەولێر، ئەمە پاڵمان پێوە دەنێت بـۆ ئـەوەی پرسـیار بکەین ئایا ئەگەری ئەوە هەیە کە ئـەو شـارە بچوکە پێـوەر بـە ئـەربیل، مەسـیحیەتی قبـوڵ کـردووە و پـەرەی سـەندووە تیایـدا پـێش پایتـەختی گـەورە(ئـەربیل)؟داب و نـەریتێکی خۆجێیی لای خـەڵکی عـەنکاوە هەیـە وە ئەمـە پەسـند دەکات و دەڵێـت کـەوا مەترانـەکانی سەرەتایی و یەکەمەکان لە سەر کورسیەکەیان لە(حەزە) دانیشتوون. ئەوەی ئـەو رایـە پشـت راست دەکاتەوە هـەبوونی گۆڕسـتانێکی تایبەتـە بـە مـەتران و رەبەنـەکان لـە گـردی عـەزە ـ عەبدولعەزیز نزیك بە حەزە. زۆر زەحمەتە رێکخستنی لیستێك بـە نـاوی خـەڵکی رەسـەنی حەزە و ناودارەکانیـان. رەچـەڵەك بـۆ(حـەزە) واتـە سیفەتی(حـەزە ـ حزایا ـ حـزێ) رەنگـە واتـای(حـدیابی) ش بـدات هـەروەها، وە زیـاد لـەوەی ئـەو رەسـەنایەتیە بـە رەچـەڵەك وەردەگرێت ئەوە خەڵکی حەزەیە، جگە لەمە ئەو سیفەتە بەواتای(الرائی) دێت.

با هەوڵ دەین ئەگەرەکان بزانین کە بۆی هەیە ئەو ناسنامە باس کردنە وەربگرێت مەنکا لە باسەکەیدا تێبینی ئەوە دەکات([581]).

ماریۆحەننان سەرۆکی دێری بێت قوقا لەساڵی ٦٧٥ بۆ ٦٩٢ لە دایك بووی حەزمیە بەڵام لەو دەقانە(بڕوانە مێژووی بێت قۆقا لاپەڕە ٢٤٩) باسی دەکات بە(ابن الرائیین) بەڵام ئەوەی دەیبینین رەسەنایەتی بۆ رەچەڵەك خۆی دەسەپێنێت. لە کاتی باسکردنی بابەتەکە لە گۆشەیەکی تردا دەبینین کەوا بەکارهێنانی نەریتی بۆ خاسیەتی الرائی سەپێنراوە کاتێك باسی(یووسف حەزمیی) دەکەین ـ (یوسف الرائی) مادام ئەو ئەگەرە هەیە کە لە هەمان جێگە لە دایك نەبووە کە برایەکەی لێی لە دایك بووە. مەبەستمان لەمەدا لە نەمرود([582]).

ئەوەی لای ئێمە دڵنیایە کەوا رەبەن زەکای بە رەسەن خەڵکی حەزمیە ئەو رەبەنە لە سەردەمانی(برعێتە)(لە سەدەی شەش و هاوڕێی لە دێرەکەدا)([583]).

(دێری رەبەن برعێتە) لە رۆڵەکانی حەزەی زۆر بەناوبانگە کوڕی یەکێك لە خێزانەکانە لە دەوڵەمەندەکان و دەسەڵاتدارەکان کە تیماتیوسی یەکەم(٧٨٠ ــ ٨٢٣)، هەروەها بە گەورەش ناسراوە(بڕوانە نووسینەکانی عەمر و لە لاپەڕە ٥٤).

هیچ شتێك دەربارەی مێژووی مەسیحیەکان لە حەزە نازانین وە هەروەها هیچ زانیاریەکی ئەوتۆمان نیە لە سەر مێژووی راوەستانی مەسیحیەت لە سەر ژیان لەو شارەدا.

٢ ـ عەنکاوە

عەنکاوە تەنها ٥ کیلۆمەتر لە هەولێر دوورە، دەکەوێتە باکوری خۆرئاوایەوە بە پێی دەرکەوتن، شارێکی زۆر کۆنە. بە پێی رای بێجان(بڕوانە ئەو تێبینیەی تۆمار کراوە لە ل XII لە پەرتووکی مێژوو کە بێجان نووسیویەتی لە سەر ژیانی یاوالاها لە ساڵی ١٨٨٨ بڵاوی کردۆتەوە بە زمانی کلدانی)، ناوی ئەو گوندە(عەمك ئاباد) بووە لە سەردەمەکانی فارسیدا([584]).

دواتر ناوەکە لە وەرگێڕاندا شێوێندراوە و ناوەکە بۆتە عەمکاوە کە لە سەدەی چواردەهەم بەکارهاتووە. هەندێك جار ناوەکە کورت کراوەتەوە بۆتە(عەمکۆ) ئەمەیان لە سەدەی دەیەم بەکارهێنراوە. دواتلا گۆڕانکاریەکی تر بە سەر ناوەکە هاتووە لە سەدەی چواردەهەم وە بۆتە عانیکاوا.دوایی ناوەکەی گەشەی کردووە و بەم شێوەیەی ئێستا پێی دەوترێ(عەین کاوە ـ عەنکاوە)([585]).

کۆنترین شوێنەوار کە پارێزراو بێت لەو گوندە دیتنی گۆڕێکە کە لە بەرد نێژراوە لە تەنیشت شوێنی لە ناو هەڵکێشان لە ناو کەنیسەی مارگۆرگیس دا.

ئـەم گەواهیـە تـاوەكو ئێسـتا لـە بـاری سروشـتی خۆیـەتی و بـەبێ هەڵكەنـدراوی وە یـا دەستكاریەوە بۆ پەیكەرەكەی، نووسینی لە سەر هەڵكەنـدراوە نووسـینەكە ورد و رێكوپێكە. نووسینەكە ئاماژە بە قەشـەیەك دەكات نـاوی هـورمزد بـووە خـەڵكی گونـدی عەمكۆیـە. لـە رۆژی چوارەمی مانگی تشرینی یەكەم ساڵی ٩٢٥ مەسیحی كۆچی دوایـی كـردووە. زۆر گـۆڕی تری لەو شێوەیە دۆزرانەوە لە كاتی كاركردن بـۆ چاكردنەوەی كەنیسـەكە بـەم دواییـە زۆر بەداخەوە هەموو ئەو گەواهیانە لەگەڵ بناغە و قوڵاییەكان نێژرانەوە دوای ئەوەی بـە گـەچ پڕكراونەتــەوە. نــاوی(عــەمكاوە) لــە زۆر چــیرۆك دا دەردەكــەوێ بــە تایبــەتی لــە گەمارۆدانەكەی قەڵای هـەولێر ئـەربیل (٦٣٠)، سـاڵی ١٣١٠. لـە كـاتی گەمارۆدانەكە عەرەبـە داگیركـەرەكان لـە نێـوان ئـەربیل و عـەنكاوە دەهـاتن و دەچـوون بـۆ گفتوگۆكـردن دەربـارەی خۆبەدەسـتەوە دان و رادەسـتكردنی قـەڵا. چیاییە بـەكرێ گیراوەكـان كـە گرنگـی پاراسـتنی رێگـەی نێـوان ئـەربیل و عـەنكاوەیان پـێ سـپێردرابوو بـۆ هـات و چـۆكردن، دوای كـەمێك خۆبەدەســتەوەدان كــوژران گوندەكــەش رزگــاری نــەبوو لــە هێرشــكردنی تاوانبارەكــان و داگیركـەران بـە چـەقۆ تیژەكانیانـەوە تـەنها بـە بـەرتیل و پـارەی زۆر نـەبێت بـۆ كـورد و عەرەبـەكان ئەگـەر پرسـیار بكـەین ئایـا عـەنكاوە مەڵبەنـدی كورسـی ئەسـقەفیە بـووە لـە سـەدەی شـازدەهەم دان پێنـانی بـاوەڕداری و یاسایی كـە لەلایـەن بـەتریك(٦١٥)(عەودیشـۆع) چـوارەم مـارون راگەیەنـدراوە لـە سـاڵی ١٥٦٢ رەنگـە باوەڕمـان پـێ بهێنی. بـەڵام ئـەوەی لـە لیسـتی ناوەكـان دا بـۆ ئەسـقەفیەكان هـاتووە لـە هـیچ سەرچـاوەیەك نایدۆزینـەوە، رەنگـە پاڵمان پێوە بنێ بۆ ئەوەی ئـەو مەبەسـتەمان دەسـت كـەوێ لەمـەدا بـۆ ئـەوە بـووە تیشـكێك بخەینە سەر دەسەڵات و هەیبەتی و لە ناوچوو و كۆتایی پـێ هـاتنی فەرمانـەكانیان وەیـا بـە تەنها بۆ ئەوە بـووە بـە سـاكاری و رازاندنـەوە قەبـە كردنـی سـەرۆكایەتیەكانی ئەسـقەفیە و ئەبرەشیەكان كە دەكەوتە بەو دەسەڵاتی ئەو بۆ ئەوەی لای پاپا پێویسـی چوارەم بناسـرێ و گرنگی خۆی بەدەربخات بەبەراورد لەگەڵ گرنگی دوژمنەكەی كە لـە دێـری رەبـەن هـورمزد نیشتەجێیە. پرسیارەكەمان ئێستا ئەوەیە چۆن عـەنكاوە توانیویـەتی لـە سـەر ژیـانی خـۆی بمێنێتەوە بەبێ گوندەكانی تری مەسـیحی. تـەنها گونـدی مەسـیحی لـە هـەموو ناوچـەكە دا ماوەتەوە رەنگە هۆكارەكەشی نزیكی لە شارە گەورەكـە بـێ واتـە دانیشـتوانەكەی دەیـانوت و ئاگادار دەكرانەوە گوندەكەیان لـە ژێـر پاسـەوانی حـاكمی ناوچـەكەیە پـاش ئـەوەی موڵـك و ماڵێكی زۆریان پـێ داوە و سـۆز و بایـەخی بـەلای خۆیـدا راكێشاوە و گرنگـی پێـدان. ئـەوەی گرنگە گوندەكە ماوە و پارێزگاری بە باوەڕداری و ئـاینی مەسـیحی خـۆی كـردووە. سـەربەرز و پایـەدارە. نـاوداری خـۆی هەیـە، لەوانـە یـەكێكیان لـە رۆڵەكانیـدا لـە كۆتـایی سـەدەی

هەژدەهەم لە سەرەتای نووسینەکانی دەخوێنینەوە. سلاّوی گەرم بۆ دانیشتوانی عەنکاوە کە باسیان دەکات بە(دایکی زانستەکانی کلدانی). بێشك وا چاکە کەوا بە شان و شەوکەتی زۆریان هەڵبدات([٥٨٦]).

بەلاّم دەبینین هەر زوو هاوڕێمان وریا دەبێتەوە و دەگەڕێتەوە بە ناسنامەی ئەربیلی کە لە بیری چووبۆوە دواتر بەراورد دەکات لە نێوان ئەربیل و شاری رەحبوت کە لە پەرتووکی پیرۆز دا ناوی هاتووە(رەحبوت شارێکی پیشەسازیە دەکەوێتە دۆڵی یەهودیا لە خاکی پیرۆز - وەرگێڕ).

دانەری ئەو قەسیدە خەیاڵیە قەشە(یوسف عەنکاوی) یە کوڕی ئەبراهام و سارا، ژیانی دوایی لە کەرکوك بووە. کردەوەکانی تایبەت بووە بە وەرگێڕانی: پەرتووکێك باس لە خۆراکی قەشەکان دەکات، وەرگێڕاوەتە سەر زمانی کلدانی ساڵی ١٧٩٥([٥٨٧]).

(تکایە ئاگادار بە بۆ تێبینی کردن لە خوێندنەوەی پەراوێزی خوارەوە) دواتر پەرتووکی(قلادة اللؤلؤ) ی قەشەکان لە زمانی عەرەبی وەرگێراوە بۆ سەر زمانی سریانی لە ساڵی ١٧٩٨([٥٨٨]).

هەروەها فەرهەنگێکی داناوە بۆ وشەکانی سریانی و هەندێك وشەی یۆنانی لە کەرکوك تەواو بووە لە ساڵی ١٨٠٧([٥٨٩]).

لە ساڵی ١٨٤١([٥٩٠]).

وە ساڵی ١٨٤٤([٥٩١]).

شەماسی عەلانی داود کوڕی یۆحەنانی نیسان کوڕی کورکو لە خێزانی(قەرەداحی) لە عەنکاوە دانیشتووە. نووسەرێکی نادار بوو بۆ دەستنووسەکان لە بارزان هاتبوو کە دەکەوێتە(زێبار) بۆ تەواوکردنی دەستنووسەکان کە نووسیبوویەوە ئەو نووسەر و شاعیرە توانیمان لێی بڕوانین و لە شێوازەکەی بزانین کە بە پێی ئەمە ژیانی دوایی دروست بوو لە بارزان بووە لە ساڵی ١٨٣٧ لەو ساڵەدا نەخۆشی گرانەتا بڵاوبۆوە لە ناوچەی زێبار. قەشە حوزمیران یەکێك لەوانە بووە کەوا ئەو نەخۆشیە کوشندەیە لەناوی بردوون([٥٩٢]).

وە لە ساڵی ١٨٣٢([٥٩٣]).

لەو گوندەدا دەژیا کە لێی لە دایك بووە. لە ساڵی ١٨٣٣ (٦٢٤) گواستراوەتەوە بۆ عەنکاوە، ئێمە هۆکاری گواستنەوەکە و نیشتەجێ بوونەکە نازانین. لە کاتی گەڕانەوەی بۆ گوندەکەی لە کەنار زێی تووشی ماریووسف مەترانی گەورە بووە(رەنگە ئەمە یووسف ئۆدۆ بووبێت پێش ئەوەی ببێت بە پەتریك بەنازناوی یووسفی شەشەم ئۆدۆ کەوا مەترانی عەمادیە(ئامێدی) بووە لە ساڵی(١٨٣٢ تا وەکو ساڵی ١٨٤٧).

بردی لەگەڵ خۆی بۆ ئیکلیریکی گەڕۆك بۆ چەند مانگێك. دوای چەند رۆژێکی کەم لە نـەلقۆش بەسـەری بـردووە شـەماس بـە مـەترانی دهـۆك گەیشـتووە. لـەوێ مەراسـیمی قەشایەتی بۆ کراوە، لەگەڵ مەتران ئۆدۆ لە گەشت و گـەڕان دابـووە لـە گونـدەکانی زاخـۆدا. ئـەو جێگەیـەی کـە درێـژترین مـاوەی تێـدا بـە سـەر بـردووە گونـدی بێـدارۆ بـووە وە ئـەو ماوەیـەش پێـنج مـانگ بـووە لـە سـاڵی ١٨٤٦. هاوڕێکـانی لـە ئیکلیریکـی دا کـە لەگـەڵ ئـەودا رێوڕەسمیان بۆ کرا دوو کەس بوون بە ناوەکانی: موشێ و شەمعون.

نـاوی گونـدەکانی لێـوەی هـاتوون دیـاری نـەکراوە. ئـەوەی پەیوەنـدی بـە بابـەتی باسـەکەوە هەیـە، پێدەچـێت لـە ئاسـتی داواکـاری نیـە لـە بابـەتی فەلسـەفە و لاهـوت. ئـەوەی تۆمـاری کردووە لە یەکێك لە دەستنووسەکانی دایە لـە سـاڵی ١٨٦٧ دەردەکـەوێ هـەر وەکـو سـکاڵایەك بڵاوی دەکاتەوە لە نێوانیاندا گەشتی دەکرد و دەیوت:(مەتران سروتەکانمان پـێ دەدات) ئـەو دەستنووسە ئێستا لە پەرتوکخانەی باوکانی دۆمنیکانە لە موسڵ([٥٩٤]).

لـە دوای تێپـەڕبوونی هەشـت رۆژ بەسـەر مەراسـیمی بـوونی بـە قەشـە بـەتریك بڕیـاری دا قەشە نوێیەکان رەوانە بکات بۆ ناو کەس و کاری خۆیـان. لـەو کاتـەوە کێشـە بـۆ قەشـە داود دروست دەبێت و ناچاری دەکات لـە گوندێکـەوە رابکـات بـۆ گونـدێکی تـر. ئـەو قەشـەیە لـە سەر ئەمە دەڵێت:(لە هەر گونـدێك کـوڕێکی خـۆم ناشـت) بـەلام ئـەو دەردەسـەریانە نـەبووە هۆی بەردەوام نەبوونی لە نووسینی ژمارەیـەك دەسـتنووس. لەوانـە دوازدەیـان گەیشـتووەتە ئێمە([٥٩٥]).

لەو گوندەی لێی لـە دایـك بـووە ـ بـارزان ـ ئاغـای زێباریـەکان لێـی داوە بـە خـراپترین شـێوە لەگەڵ رێگە نەدان بـە منداڵەکانی بگـرێێن. لـەوێوە ماریوسـف(مـەترانی مـەزن) گواسـتیەوە بۆ(خاردیس) بـەهۆی بیسـتنی بـەو رووداوە سـەرکوتکردنە کـە بەسـەر قەشـەکەی دا هـاتووە بوونی لە گوندی خاردیس کە سەر بە(سەبسەبا) یە ساڵی ١٨٥٤ بووە بە دڵنیایەوە([٥٩٦]). هەروەها ساڵی ١٨٥٨([٥٩٧]).

بە کردار نۆ ساڵ لەوێ مایەوە لەو ماوەیەدا نۆ منـداڵی مـردن. سـەر ئێشـەی نـوێی بـەرەنگار بۆتـەوە و چـووە بـۆ(خربـە) وە لـەوێش سـێ لـە منداڵەکانی مـردن بـە یەکـەوە. گرفـت و نیگبەتی سەر ئێشە ماوە و بە دوای قەشە(داود) کەوتبوو ناچار رای کرد بـەرەو(صـانایا) کـە دەکەوێتە(نەهلە) لەوێش دوو کوڕی تری مردن لە صانایا ناچار بوون بەجێی بهێڵی لەگـەڵ هەموو مەسیحیەکان لە ئەنجامی نوێ بوونەوەی ناکۆکی و هەراوهۆریاکانی ئـەو کاتـە ناچـار بوو زێبار بەجێبهێڵی، بە هـەموو ئـەو موڵـك و مـاڵ و سامانەی هـەیبوو. لـە دوای لـە سـاڵی ١٨٦٣([٥٩٨]).

ئاسایش و ئاسوودەیی گەڕایەوە بۆ گوندی(کانیا فەلان) ئەو ئاسایشەی کە بۆی ڕەخسا ئەوە ئاگەیەنێت کەوا کۆتایی بە ئازارەکانی دێت و کامەرانی و خێر و بەرەکەت باڵی بە سەر دا دەکێشێ. لە گوندی کانی فەلان دایکی منداڵەکانی مرد، وە بە تەنهایی مایەوە و بەربەرەکانێی ژیان دەکات. قەشە هەژار و بێکەسەکەمان هیچ کەسێکی لەگەڵ نەمایەوە بۆ ئەوەی خواردەمەنی بۆ بکات وە یا جلەکانی بۆ پینە بکات لە هەموو خێزانەکەی تەنها کوڕێکی مابوو بە ناوی ئەنتۆن کە هەندێك یارمەتی ناوە ناوەی پێ دەبەخشی. بەلأم مردن ئەو کورشەشی برد لە ڕۆژی نۆی ئابی ساڵی ١٨٦٥. ئەو بە سەرهاتەی دوایی بۆ ئەو قەشەیە پاڵی پێوەنا بۆ ئەوەی سێ سکالأ بنووسی([٥٩٩]).

(سەردولکەی ئاینی) چیرۆکی ڕووداوی مردنی کوڕەکەیەتی ئەمە لە ساڵی ١٨٦٧ بەلای کەمترین خەملأندنەوە. قەشە داود لە کانیا فەلان خەریکی نووسین و دانان بوو بۆ دەربڕینی ئەو خەم و پەژارەیە لە قولأیی دڵیەوە ژمارەیەك سەردولکەی بە زمانی کلدانی وە یا سورەت وە یا بە کوردی نووسی. وە هەروەها دەستنووسی نوێژکردنی فەرزی نووسی بۆ(ئادیخ) Adekh لە ساڵی ١٨٧١([٦٠٠]).

ئەم دەستنووسە دوا گەواهی چالاکیەکانیەتی، وە هەروەها دوا مێژووی ژیانی خۆی نووسیوە. ئێستا با بگەڕێینەوە بۆ سەر بابەتەکەمان کە ئێمە دەمانەوێ لە سەری بنووسین واتە(عەنکاوە) ئەم گوندە بوو بە گوندێکی کلدانی کاسۆلیکی پێش کۆتایی سەدەی هەژدەهەم، وە بەسترایەوە بە پێی ڕێکخستنی کارگێڕی کەنەسی بە ئەبرەشیەی کەرکوك. لە ساڵی ١٨٥٨ قەشەی بەڕێز G.P.Badger لە سەر عەنکاوە نووسیویەتی([٦٠١]).

لە یادگاریەکانیدا بەم شێوەیە: گوندێکە(٥٥) خێزانی تێدا نیشتەجێیە، یەك کەنیسەی تێدایە لەگەڵ دوو قەشە بۆ خزمەتکردنی باوەڕداران. کەنیسەی ناوبراو بە ناوی(مارگۆرگیس) نراوە. کەنیسەیەکی کۆنە هەر وەك پێشتر ڕوونمان کردۆتەوە بە دەلیلی دۆزینەوەی ئەو گۆڕەی کە دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی دەیەم باسی کراوە لە دەستنووسێکدا لە ساڵی ١٧٠١([٦٠٢]).

بەلأم لە ژێر ناوی دێری مارگۆرگیس و بەس تکایە ئەو ناوە بە پێی پیتەکانی دا دامەنێن لەبەر ئەوەی مانای ڕاستەقینەی کەنیسەی مارگۆرگیسە و بەس. بە پێی ئەوەی لە خوارەوە باسی دەکەم دەبینین قەشە داود کە کۆتاییمان بە باسکردنی هێنا پێش کەمێك دەینووسی ئەو کاتەی لە کانی فەلان بوو دەربارەیەوە دەڵێ: دەکەوێتە نزیك دێری(مارئەحا) واتە کەنیسەی مار ئەحا. وە نموونەی تر دووبارە دەکاتەوە بۆ بەکارهێنانی هاوشێوە، وشەی دێر تەنا بۆ کەنیسەی بەکارهێناوە بینایەی ئێستای

کەنیسـەی مـارگۆرگیس ئـەنجامی دووبـارە کردنـەوەی چـاکردنە نوێیەکانـە بـەڵام هەندێك(تاق) هەیە لە(بێت سلوتا ـ ماڵی نوێژ کـردن) دیـارە کۆنـە. وە هـەروەها دەبینرێـت لەو جێگەیەدا دەلاقەیەکی هەڵکەندراو هەیە(دەلاقەی ناودیوار) بەڵام پەنجەرەی نیـە بـەڵکو پەیکەر و گوڵدانی لێ دادەنـدرێ ـ وەرگێـڕ. دەگەڕێتـەوە بـۆ سـەردەمی جەلیلیـەکان سـەدەی هەژدەهەم. لە کاتی سەردانەکەم بـۆ ئـەو کەنیسـەیە لـە سـاڵی ١٩٥٩ لـە حەوشـەی کەنیسـەکە بەردێکی نەخشکراوم بینی بە هەڵکەندراوی بۆ هەمان ماوە دەگەڕایەوە. شـوێنی تایبـەت بـە نوێـژی لـە ئاوهەڵکێشـان دەکەوێتـە ئەوپـەڕی کۆتـایی رۆژئـاوای کەنیسـەکە(ئـەم شـێوازە سروتەیە جیاوازە بۆ ئەندازەی کەنیسەی رۆژهەڵاتی رەسەن) لە سەر نـاوی ماریۆحـەنان نـاو نراوە(ئەو مەترانەی کەوا بینای ئەو شوێنەی نوێژی دروست کـردووەو مێـژووی دیـار نیـە). لە سەر کەڵەکە بەردەکانی ناو حەوشەکە وێنەی شێر و خەنجـەری تێـدا هەڵکەنـدراوە، دوای کەمێك باسی گۆڕستانە پەیکەرتاشەکانی ناو کەنیسەکە دەدوێین.

پاشماوەی هەر دوو کەنیسەکە کـە بـە نـاوی(مارتشـمۆنی) و(مارتمەڕیـەم) نـراون تـا ئێسـتاش دیارن وە دەتـوانین لـە دەوری عـەنکاوە ببینـین. دووەمیـان تـاوەکو ئێسـتاش بـاوەڕداران بـۆ حەجکردن سەردانی دەکەن لە رۆژی جەژنی گواستنەوەی مریـەمی پـاکیزە. رۆژانـی شـەممە مۆمی تێدا هەڵدەگیرسێندرێ.

جێگیربـوونی رۆڵـەکانی عـەنکاوە لـە سـەردەمە یـەك لـە دوای یەکەکانـدا بـۆ بـاوەڕداری و پابەند بوونیان بە ئاینەکەیانەوە روون و ئاشکرایە وە هەروەها سـەردەمەکانی ئـەو رۆڵانـەی گوندە مەسیحیەکانی تری سـەر بـە(ئـەربیل) وە دەرچـوونمان لـە عـەنکاوە گۆڕێـك دەبینـین دەگەڕێتەوە بۆ شەهیدێك بە ناوی(ئیلیا) ناوی ئـەو شـەهیدە لـە رۆڵەکانی ئـەو شارۆچـکەیە پێشتر لـە ئـاین هەڵگەڕابوو دواتـر گەڕایـەوە و بـاوەڕی نـوێ کـردەوە بۆیـە(پاشـای کـۆرە) ی رواندوزی حوکمی مردنی بە سەر دا سەپاند وە ئەو حوکمـە لـە مـانگی ئـەیلوولی سـاڵی ١٨٣١ جێبەجێ کراوە(٦٣٤). ناوی کەسەکە(ئیلیا عەبدۆکەیە).

٣ ـ بێت سەیادی(صیادی)

سیاسەتی دنحای ئەربیلی لە هەوڵی نزیك بوونـەوە لـە یەعقوبیـەکان لـە سـەدەی سـێزدەهەم بـاس لـە بێـت سـەیادی وە یـا لـە بێـت صـەیدا بکـەین. ئـەو کـات پێشـنیازێك کـراوە بـۆ روونکردنەوە لـە سـەر نـاوی دوو قـۆڵی تایبـەت بـە ئەبرەشـیەی نـوێی یەعقوبیـەکان کـە لـە سـاڵی ١٢٧٧ دامـەزراوە بـۆ کۆکردنـەوەی نێـوان(بێـت سـەیادی) وە (بێـت تەکشـور) لەگـەڵ یەکتریـدا. شـوێنی بێـت سـەیادی تـا ئێسـتا نـەزانراوە، وا بـاوە لـە عـەنکاوە کـەوا ئـەو شوێنە(بنەصلاوە) بنی سلێوا) یە کە بە سەعات و نیوێك بە پیادە لە هەولێر دوورە بـەلای

باشووری خۆرهەلات(ئێستا ئەو شوێنە وەك گەڕەكێك لەگەڵ هەولێر یەكتری گرتۆتەوە، وەك شارۆچكەیەكی كارگێڕیە - وەرگێڕ).
هیچ سەلماندنێكمان نیە تاوەكو ئێستا بۆ ئەوەی ئەمە پشت راست كاتەوە وە یا نكۆلی لێ بكات. بە دڵنیاییەوە بێت سەیادی گوندێكی نەستۆری بووە ناوەكەی واتە گوندی راوكەران وە هەروەها گوندی راوكردنی ماسی بەلام بە داخەوە هیچ جۆگە ئاوێكمان نەدۆزیەوە بۆ ئەوەی دانیشتوانی ئەو گوندە توانیبێتیان راوە ماسی بكەن.
یەكەم مێژوو كە باسی ئەو گوندە دەكات لە سەرچاوەكان لە نیوەی دووەمی سەدەی هەشتەم دا دۆزراوەتەوە. لە سەر ژنێك دەخوێنینەوە لەو گوندە كە لە سەردەستی ماران عەمما شیفا و چاكبوونەوەی وەرگرتووە لە زینای كە سەرۆكی دێری بێت قوقا بوو([٦٠٣]).
سەدەی سێزدەهەم بە چەرخی زێڕینی بۆ(بێت سەیادی) دادەنرێت. لەو ماوەیەدا یەعقوبیەكان كەنیسەی نوێیان دروست كرد لە ساڵی ١٢٦٥، ئەمە لەو كاتەی كەوا مەترانێ ئازربێجانی نوێ(یۆحەننان)(پێشتر ناوی دنحا) كوڕی حەفرا بوو لە بەغداوە دەهات([٦٠٤]).
بەو گوندە دا تێپەڕ بوو، لەوێ كۆچی دوایی كرد و نێژراوە. دەستنووسێكمان پێگەیشتووە لەو گوندەدا نووسراوەتەوە مێژووەكەی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٢٦٧، بابەتەكەی لە سەر نوێژكردنی فەرزیە لەلایەن گۆرگیس ئەربیلی نووسراوە لە سەر داوای قەشەیەك نووسراوە بە ناوی پەترۆس كوڕی یۆحەننان كوڕی داود كوڕی نەسری وە بۆ بەكارهێنانی كەسێتی([٦٠٥]).
لە ساڵی ١٢٧٧ جێگیربوونێك بۆ مەترانیەی یەعقوبیەكان روویدا ئەو بارمتەیەی كەوا دنحا گرتیەبەر بووە هۆی بەهێزبوون و پشتگیری بۆ مەسیحیەكان. لە ساڵی ١٢٨٥ یەكەم پێكدادان دروست بوو، هەندێك دانیشتووان بە دەستی كوردەكان كوژران([٦٠٦]).
لە ساڵی ١٢٩٠ خەڵكی ئەربیل هەندێك یارمەتی بۆ خەڵكی گوندی(سەیادی) یان كرد، هاتن بۆ وەرگرتن بەلام لە رێگەدا هەموویان لەناوبردن بە قەسابخانەیەكی ترسناك و دڕندانە([٦٠٧]).
گوندەكە بە گشتی توانی رزگاری بێت لە رووداوەكان و مەترسیەكانی ساڵی ١٣١٠ وە بە ساغ و سەلامەتی مایەوە([٦٠٨]).
رزگاربووەكانی قەسابخانەی ساڵی ١٣١٠ لە دانیشتوانی ئەربیل لە مەسیحیەكانەوە بە تایبەتی لەوانە: جاسلیقی یاوالاهای سێیەم و میتراپۆلیتی ئەربیل یووسف توانیان جێگایەك بۆ خۆیان بدۆزنەوە. گەمارۆدارانی قەلا بۆ چەند جارێك سەردانی گوندەكەیان

کردووە وە هەروەها بەتریکیان بۆ جاری دووەم گەڕاندەوە. ئەو دەقانەی کە نووسراون لەو ماوەیەدا باس لە هیچ قەسابخانەیەك ناکات.

دوا جار ناوی گوندی بێت سەیادی دەدۆزینەوە لە ماوەی یەعقوبیەکان لە ساڵی ١٣١٧ان لە هەمان ئەو ساڵە دا سەرۆکی گوندی بێت سەیادی رۆڵێکی گەورەی گێڕا لە هەڵبژاردنی رەبەن مەتی(لە بەرتلە) واتە خەڵکی بەرتلە بۆ ئەوەی ببێتە مەفریانی نوێ([٦٠٩]).

باوەڕم بەوەی ئاماژەم پێدا جێگیرە مەگەر خودا ئەگەر گوندێك هەبێت بۆ یەعقوبیەکان پێی بڵێن(بێت سەیاری) کە تاوەکو ئێستا شوێنەکەی دیار نیە. لە بارێکدا لەو جۆرە بە پێویستی دەزانم ناوەکەی چاکبکرێتەوە(بێت سەیادی) بە دڵنیایەوە خوێنەرە وریاکان ئەو جیاوازیە دەزانن لە زمانی سریانیدا کە روون و ئاشکرایە بەڵام زۆر هەستی پێ ناکەی لە کاتی ئاخافتندا لەو دوو پیتەدا راو، دال(ر، د).

٤ ـ کفرعوزێل

لە لێکۆڵینەوەدا لە سەرچاوەکانی عەرەبی دەربارەی ناوی(کفر عزا ـ کفر عەزا) وە(کفر عازی) شارێك دەدۆزینەوە بەناوی کفر عوزێل وە باس دەکرێت بە مەڵبەندی ناوچەی(حزا ـ حەزە)([٦١٠]).

تەنها ئاماژەکە بۆ ئەو ناوە دەبینینەوە هەروەك لە سەرەوە روونکردنەوە هەیە لە(مصادر الاطلاع)([٦١١]).

وە لەلایەن(یاقوت الحموي)([٦١٢]).

دەبینین شوێنەکە لە نزیك هەولێر دیاری کراوە وە دەکەوێتە نێوان هەولێر و زێی بچوك کەواتە پێویستە بەدوای بگەڕێین لەلای رۆژهەڵاتی هەولێر وە بە دوورییەکی کەم لێیەوە([٦١٣]).

وە هەروەها(کفر عوزێل)(٦٤١) دوور نەبووە لە(بێت سەیادی) لە چیرۆکی(باوای) لەکویلتای موسیقای بەناوبانگ دەخوێنین: ئەو کاتێك لە قوتابخانەکەی کفر عوزێل مامۆستایەتی دەکرد ژنێك لە بێت سەیادی هاتە لای لەگەڵ منداڵێك دا داوای لێکرد نوێژی لە سەر بخوێنێت(٦٤٧) ئەو منداڵە دواتر بوو بە(مار ئەبراهام ـ باڕدشنداد) ناسراو بە(شەلە).

دەوروبەری ساڵی ٧٢٠ ئەوەی گرنگە لەلامان بە درێژی رووداوەکە هاتنی ئەو ژنەیە لە بێت سەیادی و کفرعوزێل بە سەردانێکی چاوەڕوان نەکراو وە بە پیاوە، وە ماوەیەکی بەرچاو دەبڕێت بە پێی ئەوەی تۆما مەرگەیی دەڵێت. دوای کەمێك دەبینین کەوا دێری گەورە لە سەر ناوی مارمیخائیل لە ترعێل کراوە کە بە دووری یەك میل دەبێت لە کفرعوزێل وە

ئەمە ئەوە دەگەیەنێت ئەگەر شوێنی یەکێك لەمانەمان دۆزیەوە ئەو کات شوێنی ئەوەی ترمان پێ دەدۆزرێتەوە.

بەڵام تاوەکو ئێستا و ئەمڕۆ نەگەیشتوومەتە ئەوە. زانیارییەکانمان لە سەر کفرعوزێل زۆر کەمە کەنیسەکەی بە ناوی(مارئەدای نێردراو) نوێکراوەتەوە پێش ساڵی ١٢٦٥ لە سەر دەستی دنحای هەولێری([٦١٤]).

قوتابخانەی کفرعوزێل ناسراوە بە گەورەیی قەبارەی و ناوبانگە بەفراوانیدا(٦٤٩).

وە یەکەم قوتابخانە بووە لە نێوان شەست قوتابخانە کە باوای کویلتا دایمەزراندووە(٦٥٠).

لە ناوچەی مەرگە وە حدیاب ئەو قوتابخانانە دامەزراون لە سەردەمی بەتریك سلێوە زخا ـ (٧١٤ ـ ٧٢٨) دامەزرێنەر خۆی قوتابخانەکەی بەڕێوەدەبرد کە خەلیفەی(ماڕان عەمما) بوو([٦١٥]).

کە دواتر بووە بە مەترانی سالاخ دواتریش میترابۆلیتی حدیاب لە سەردەمی بەتریك یوسفی دووەم(٧٥٣ ـ ٧٧٣). لە قوتابیە بەناوبانگەکانی باوای، لەوانە:(لە کۆریا لە کفرعوزێل)([٦١٦]).

کە دواتر بوو بە مامۆستای مەترانی(بلد ـ بەلەد) کە ناوی مار قریاقۆز) بوو([٦١٧]).

وا دەردەکەوێ کەوا ئەو قوتابخانەیە لە خەوێکی قوڵ دا بوو لە ماوەی سەدەکانی دواتردا. بەڵام پەتریکی دواروژ(دنحای یەکەم) لە خەوی هەڵستاند و چالاکیەکانی تێدا گەڕاندەوە. ئەو کاتەی کە بەردەوام لە میترابۆلیتی هەولێر بوو واتە لە دەوروبەری ناوەڕاستی سەدەی سێزدەهەم([٦١٨]).

کفرعوزێل یەکێك لە گەورەترین مەڵبەندەکانی شەهریکان دادەنرێت([٦١٩]).

کە باوەڕیان بە مەسیحیەت هێناوە وە لەگەڵیشیان دا هەڵگەڕاوە کافرەکان([٦٢٠]).

شەهریکان بریتی بوو لە کۆمەڵێك لە دەربەگ و چاوچنۆك کە لە سەر هەژارەکان دەژیان([٦٢١]).

وایان بڵاوکردەوە کەوا ئەوان توانای خۆیان دەسەپێنن بۆ دەستنیشانکردنی میترابۆلیت بۆ حدیاب([٦٢٢]).

بە پێی ئەوەی تێدەگەین لەو دەقانە کەوا مەتران ماڕان عەمما پێشبینی ئەوەی کردبوو کەوا ئەو نەتەوەیە بەخێرایی دەروخێ، ماڕان عەمما ناسراوە بە خواپەرستی. وە ئەمەش لە سەر دەستی(حاتەمی کوڕی ساڵح) هاتەدی کە هەمووانی چەوساندەوە و دەربەدەری کردن لە وڵاتدا.

٥ ـ دێری مارمیخائیل لە ترعێل

ڕێگاکانی دیاریکردنی شوێنەکەی:
بۆ دۆزینەوەی شوێنی ئەو دێرە لە سەرمانە ئەوەی بخەینە سەر ئەوەی پێشتر وتمان بۆ زانینی(کفرعوزێل) هەندێك لە دەرهاوێشتەی نوێ لەبەر ئەوەی شوێنی ئەو دێرە بە یەك میل دوورە لە شوێنی کفرعوزێل([٦٣٣]).
پەرتووکی(العفه) باس دەکات([٦٣٤]).
ماوەی نێوان ئەو دێرە و دێری بێت قوقا(٥) فرسەخە(پێنج قۆناغ وە یا پێنج سەعات ڕۆیشتن بە پیادە).
ماوەی دیاریکراو دیاری بە وردی دیاریکراوە. ئەمە پاڵمان پێوە دەنێت بۆ ئەوەی بە تووندی وریابینەوە بەرامبەر بەو ماوەیەی دیاریکراوە لەلایەن(ئیشۆع دناح).
ئیشۆع دناح شوێنەکەی دیاریکردووە واتە شوێنی تڕعێل لەلای ڕۆژئاوا وە یا باشووری ڕۆژئاوای هەولێر.
دواتر دەڵێ ماوەی نێوانیان و دێری بێت قوقا حەوت سەعات ڕۆیشتنی بە پیادەیە، دیاریکردنی شوێنەکە بەم شێوەیە دەمانخاتە بەردەم جیاوازیەك بۆ دەقەکەی(یاقوت الحموي) کە شوێنی کفرعوزێل دیاری دەکات لە نێوان هەولێر و زێی بچووك، بەڵام لە هەمان کاتدا یەکتری دەگرێتەوە لەگەڵ پێشنیازەکەی(ابن العبري) کە دەڵێ تڕعێل دەکەوێتە نێوان ڕێگەی موسڵ و هەولێر کە بە باکوری چیای خان دا تێپەڕ دەبێت جگە لەمە لێکۆڵینەوەی مێژووی تڕعێل کاردەکاتە سەرمان بۆ گەیشتن بە پیاوچاکی گەورەی دێرەکە، وە ناوەکەی(سۆریشۆع کوڕی ناخوار) ە لە شاری کفرعوزێل([٦٣٥]).
پێشتریش مەتران ئەدیشێر بڵاوی کردۆتەوەو هەمان بۆچوونی(منکنا) کە زۆر ئەگەری هەیە([٦٣٦]).
ئەگەرەکە دەڵێ: سوریشۆع کوڕی ناخور حاکمی حدیاب بووە وە(ابو الحسن) داوای لە تۆما مەرگەیی کردووە کەوا پەرتووکی(الرؤساء) بۆ بنووسێتەوە لە دەوروبەری ساڵی ٨٤٠.
وە هەروەها لەوانەشە خاوەنی کۆشکەکە بێت کە ناوی سۆریش بووە(پێشتر ئاماژەمان پێداوە وەرگێڕ).
ئەو هۆکارانەی کە لەلامانە دەمانخاتە خاڵی بەیەك گەیشتنی ڕاوبۆچوونەکان و کار کردن بۆ ئاڕاستەکردنی بایەخدان بەرەو لای باشووری خۆرئاوای هەولێر. کاتێك بارودۆخەکە ئەو دەرفەتە دەڕەخسێنێت ئاماژە بۆ ئەوە دەکەم کەوا پێویستە باس لە تڕعێل بکرێت لە جیاتی(کلێسا) کە دەکەوێتە دوور بیست کیلۆمەتر لە باشووری خۆرئاوای هەولێر وە بە دووری دە کیلۆمەتر لە(حەزە). ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کەوا شوێنی کفرعوزێل وە یا

کفرعازێ پێویستە شوێنی ئێستای(سورباش عەزیز) بێت کە بە دووری ١٥٠٠ مەتر وە یا یەك میل لە کیلیسا وە بە ئاڕاستەی باکوری خۆرهەلاّت. دیاریکردنی ئەو شوێنە بەو شێوەیە یەکتری دەگرێتەوە لەگەڵ دەقەکانی مێژووی یاوالاهای سێیەم([٦٢٧]).

دەقە تۆمراکراوەکان دەڵێن: رەبەنەکانی دێری تڕعێل دێرەکەیان بەجێدەهێشت بە شەو وە بەرە بەری بەیانی دەگەیشتنە هەولێر. ئەمە ئەوە دەسەلمێنی کەوا ئەو ماوەیەیان بە چوار کاتژمێر دەبڕی بۆ زانینی شوێنی دێرەکە بە تەواوی، پێویستە بە درێژی لە سەر تۆبۆگرافیای ناوچەکە تایبەت بە دێرەکە بکۆڵینەوە کە لە پەرتووکی(المسالك) دا هەیە([٦٢٨]).

بە پێی نووسینەکانی(المستوفی) دەخوێنین: (لە سەردەمی گەشەکردنی دێرەکە و چالاکیەکانیدا، جۆگەیەك ئاو هەبوو بە پێش دێرەکەدا تێپەڕ دەبوو)(پێش دەرگای دێرەکە)، وە بەلای رۆژهەلاّتەوە باخچەی زۆری هەبوو لەگەڵ باخچەی مێو و ئاشێك. ئاشەکە لە شوێنێك بوو نزمتر لە ئاستی زەوی دێرەکە بەلای دوووەم لە جۆگەکە گردێك هەیە بەناوی دێرێکی کۆن هیچ زانیارییەکمان دەربارەی ئەو دێرە نیە تەنها ئەوە نەبێت پێی دەڵێن(دێری زاراغ) لە وەرزی بەهاری رەنگین بینەر لە سەر گردەکە هەموو زەویەکانی سەر بە کەرتی(حەزە) دەبینێت. پێشتر محەمەد کوڕی ئەحمەدی کوڕی عاسی سروودی نووسیوە بۆ گوڵەکانی بەهار کە کێڵگەکانی دەوروبەری دێرەکەی دەرازاندەوە، بەلاّم لە سەردەمی مستەوفی، واتە پێش ساڵی ١٣٤٠ ئەو جۆگەیەی کەوا ئاشەکەی پێدەسوڕا پێشتر، رێڕەوی گۆڕی و دوورکەوتەوە لە دێرەکە. جۆگە کۆنەکە وشك بووە و دارودرەختەکان و سەوزایی نەما کە پێشتر سێبەری دەکرد. ئەو ئاشەی پێشتر کاری دەکرد ئەمڕۆ بێ سوود ماوەتەوە. کەنیسە تەنها بەشێکە لە بینایەی دێرەکە چاککردنەوەی تێدا دەکرێت رۆژی ئاهەنگگێڕان بە جەژنی شەفیعی دێرەکە فێستیڤاڵێکی گەورە ساز دەکرا بۆ ماوەی دوو رۆژ و زیاتر. لەو ئاهەنگە خەڵکی هەولێر و ناوچەکانی دەوروبەری دەهاتنە ئەو دێرە بۆ سەردان و وەرگرتنی بەرەکەت ئەمە هەموو ئەوانەیە کە دەتوانین بیڵێین ئێستا دەربارەی ئەو دێرە بەلاّم ئەوەندە بەسە بۆ هەوڵدان لە دیاری کردنی شوێنی دێرەکە لە جێگەی تردا چونکە دڵنیا نین لەو شوێنانە(بودەج)([٦٢٩]).

شوێنی دێرەکە دیاری دەکات کە زۆر دوور نیە لە موسڵ لە سەر رێگەی هەولێر، بەلاّم شابۆ لە سەر نەخشە هەوڵی داوە بۆ دیاریکردنی لەو جێگەیەی بە ناوی(ترجێلد)،(ترکیلە)، کە دەکەوێتە باکوری کرملێس وە پێش خازر بۆ بەرەو موسڵ ناوەکە نزیکە لە ناوی تڕعێل بە دووری سی کیلۆمەتر لە موسڵ وە ٥٥ کیلۆمەتر لە هەولێر([٦٣٠]).

رەنگە هەڵەیەك لە یەكچوونەكەدا هەبێت لەوانە یەكەم دێری مارمیخائیل هاوڕێی فریشتەكانە، ئەم دێرە دەكەوێتە سەر رۆخی رووباری دیجلە نزیك موسڵ بە هۆی هەڵە كردن لە دیاریكردنی وردیدا، رەنگە بكەوینە هەمان هەڵەوە، چونكە ناوەكان لێك دەچن بۆیە لە رووداوەكانیش تووشی ئەمە دەبین ئەگەر هی دێری مارمیخائیل بێت. بۆیە پرسیار دەكەین هی كام دێرە ئەو رووداوە بۆ نموونە دەڵێین(كاتێك خەڵكی موسڵ مەفریانگرگۆریۆس یەعقوبی دووەم، كوڕی برای بەتریك میخائیلی گەورە(١١٨٩) قەدەغە بكەن بەهۆی هاوكاری كردن و یارمەتیدان و دەخالەتكردنی كەریم كوڕی مەسیح لە دێری شێخ مەتی، ناچار لە دێری مارمیخائیل مایەوە پێش گەڕانەوەی بۆ تكریت(٦٣١).
لێرەدا پرسیارێك هەیە ئەوەیە: نووسەر مەبەستی كام دێری مارمیخائیلە؟ وە ئەگەر بگوازینەوە بۆ باسەكەمان لە سەر دێری مارمیخائیل ئەوە دەگەڕێتەوە بۆ سریانیەكان وە لێرەدا دێرێك هەیە بەو ناوەوە و دەكەوێتە نزیك ماردین(٦٣٢).
لە كۆتاییدا دەمانەوێت بڵێین:(مادام چەند دێرێك بەهەمان ناوەوە هەیە واتە ناوی مارمیخائیلی لێنراوە) كەواتە بۆی هەیە چەند شوێنێك هەبێت بە ناوی دێری(تڕعێل) ی هەیە. بەڵام بەناوبانگەكەیان دێری تڕعێلە كە دەكەوێتە گوندی(تل عد ـ تەل عەدا) نزیك حەلەب و هی یەعقوبیەكانە(٦٣٣).

## مێژووی دێرەكە

لە كاتی باسكردنی قوتابیەكانی مارسۆریەشۆع لە بێت قوقا هەوڵمان دا هۆیەكانی دیار بكەین كە پاڵی بە مارمیخائیل ناوە بۆ بەجێهێشتنی دێرە رەسەنەكەی خۆی، وە دامەزراندنی دێرێكی نوێ لە شوێنێكی تردا. ئێستا دەمانەوێت ئەوە بخەینە سەر كردەوەكانی دروستكردنی دێری نوێ و پۆشاككردنی بە پێویستیەكانی لە كەل و پەل و پێداویستیە تایبەتیەكان كە لەلایەن سۆریشۆع كوڕی ناخوار جێبەجێكران، وە ئەو كەسە هەمان كەسە كەوا سەردانی ماران عەممەی كردووە لە(زێنای) وە لە رۆڵەكانی نیوەی دووەمی سەدەی هەشتەمە(٦٣٤).
گەشەكردنی دێرەكە دوای(١٦٠) ساڵ بوو لە دوای دامەزراندنی. مارمیخائیل دێرەكەی لە ساڵی ٦٥٠ دامەزراندووە وە حاكمی وڵات یارمەتی پێشكەش كردووە لە ساڵی ٨٢٠. لە ترعێل كەلوپەل و زەخیرەی گرنگ هەیە بەرمبەرەكانی رووداوەكانی سەدەكانیان كردووە و تاوەكو ئێستاش مۆرەكانیان ماوە و سەلماندنی كۆنە مێژوویان دەكات وە تاوەكو ئێستاش ماوە.

هەروەها دەستنووسە کۆن و گرنگەکەی(پەیمانی نوێ، ئینجیلی پیرۆز) پارێزراوە ئێستا لە پەرتووکخانەی سەرۆکایەتی نەسقەفیەی کەرکوك([٦٣٥]).

ئەم دەستنووسە لە ساڵی ١٢٨٧ نووسراوە لە دێری سەرەوە کە دەکەوێتە گوندی کفرعوزێل زۆر بەداخەوە تەواوکەرەکەی ناتەواوە.

لە کۆتایی سەدەی سێزدەهەم و سەرەتای سەدەی چواردەهەم باس لە ترعێل دەکرێت چەند جارێك لە مێژووی یاوالاهادا.

سەرۆکی دێرەکە ئەو کات رەبەن(دنحا) بووە([٦٣٦]).

یاوالاها خۆی لە دێری مارمیخائیل بۆ دوو ساڵ ژیاوە دوای ئەوەی کە خەڵوەتگەیەکی بۆ خۆی و هاورێکەی رەبەن(سۆما) کڕیوە([٦٣٧]).

وە بۆ جارێکی تریش یاوالاها بەو دێرەدا تێپەڕ دەبێت لە ساڵی ١٢٨٣ کاتێك بە رێگەوە بووە بۆ بارەگای کارگێڕی مەغۆلەکان بۆ وەرگرتنی قەوالەی(سند) ی فەرمی بۆ وەرگرتنی پۆستی جاسلیقی.

لە کاتی نسکۆ گەورەکەی ساڵی ١٣١٠ سەربازەکان هێنایانە ئەو دێرە بۆ ئەوەی کاتی بەناچاری تێدا بەسەر ببات و بمێنێتەوە([٦٣٨]).

دوو هۆ هەبوو بۆ چەسپاندنی ئەو مانەوەیە بە ناچاری و زۆرزۆرداریە لەوێدا:

١ ـ پاراستنی لەوەی ئاسانی ئەگەری کوشتنیدا وە بەبێ ترس لەوێ دووچاری تەنگژە بوون وە یا لێپێچینەوە لەلایەن دەسڵاتدارانی مەغۆل، کە خۆی بە رەچەڵەك مەغۆل بووە.

٢ ـ بۆ دوورخستنەوەی لە گۆڕەپانی کوشتارگەکان بۆ ئەوەی نەبێتە گەواهی سەلماندن دا و ببێتە رێگر لە بەردەم جێبەجێکردنی نەخشە کێشراوەکە.

لە کۆتایی دا یاوالاها گەڕایەوە ئەو دێرە پاش مردنی بەڵام وەکو ئێسك و پروسك گواستیانەوە لە دێرێك لە(مەراغە) دا([٦٣٩]).

ئەم کردارە تەواو بوو بەهۆی تێکچوونی بارودۆخ و کێشەکان و داگیرکردنی دێرەکە لە مەسیحیەکان و دەستبەسەرداگرتنی([٦٤٠]).

لەوانەیە دوا جار ئێسك و پروسکەکانی لە ترعێل دا جێگیر کرابن چونکە رەنگە روفاتەکانی بۆ جاری دووەم گواسترابنەوە بۆ جێیەکی تر بە هۆی لەناوچوونی دێری ترعێل لە رۆژانی داهاتوودا.

ئەگەر وا دابنێین ئەو دەقە راستە کەوا رەبەن(رامیشۆ) پێمان دەدات ئەوە بە چانس بووە(بەڵام ئایا بەڕاستی خاوەن بەخت بووە). وە دەتوانین باوەڕ بکەین پێی([٦٤١]).

ئەو کاتە پێویست بووە جارێکی تر ناوی ترعێل بێت وە ناوی رەبەن(یووسف) یغر بێت ساڵی ١٤٥١(سەرۆکی دێرەکە) هەروەك دەزانین ناوی دواییە کە سەرۆکی ئەو دێرە بێت.

٦ ـ رێگەی پاشا وە پردی پاشا

سەرەڕای رێگەی رۆژئاوا کە لەگەڵ رێڕەوی رووباری دیجلە دەڕوات رێگەیەکی تر هەیە بەناو خاکی حدیاب تێپەڕ دەبێت و دەکەوێتە رۆژهەڵات ناوی ئەو رێگەیە لە سەردەمی ساسانیەکان رێگەی پاشای گەورەیە([٦٤٢]).

ئەو رێگەیە لە دوورگەی کوڕی عومەر دێت ئینجا بە ناو گەروی زاخۆ تێپەڕ دەبێت وە بە یەکتر دەگەن لەگەڵ ئەو رێگەیەی لە نسێبین دێتن ئینجا بە تەریبی لەگەڵ چیای ئەلقۆش دەڕوات تاوەکو دەگاتە رووباری کۆمەڵ و بە سەر پرددا تێپەڕ دەبێت کە دواتر پێی دەگوترا پردی کۆمەڵ([٦٤٣]).

لە تەنیشت ئەو پردە جێگەیەك هەیە پێی دەڵێن(کۆکامیلا). ئەم شوێنە ئەمڕۆ بە(تلکومل، گردی کۆمەڵ) ئاماژەی پێکراوە. دواتر رێگەکە بە رووباری خازر تێپەڕ دەبێت بە موخازا دەکەوێتە لای باکوری بەیەکگەیشتنی خازر بە کۆمەڵ بە دووریەکی کەم. لێرەوە دەست پێدەکات کە ئەو رێگەیە دەچێتە ناو زەویەکانی ناوچەی مەرگە بەلای رۆژئاوای ـ رۆژهەڵاتی بە تەریبی لەگەڵ دامێنی باکوری زنجیرە چیایەکانی نزم ناسراوە بە(بەردەڕەش)([٦٤٤]).

بەم شێوەیە دەگەینە رووباری زێی گەورە کە تێپەڕ دەبین بەهۆی پردێك لە سەری دروست کراوە. ئەم پردە پێی دەڵێن پردی پاشا، دۆکیۆمێنت کراوە لە سەردەمی شەڕی ئەربیل ـ هەولێر بە ناوبانگ لە ساڵی ٣٣١ پ. ز.

ئەو دەقە جیاوازانەی کەوا مێژوونووسەکان نووسیویانە دەربارەی ئەو پردە لە سەری کۆك نین(پێچەوانەیە)([٦٤٥]).

دڵێن(داریۆس) لە رووباری Lycos لە سەر پردێك پەڕیەوە، لەوانەیە ئەسکەندەر بەدوای چووبێ. هەروەها لە سەدەی چوارەمی زاینی ئەو پردە مابوو. وە لە تەنیشتیەوە دێرێك هەبوو بە پێی زانیاری ناوی دێرەکە نیە تەنها ناوی دێری پردەکەیە([٦٤٦]).

ئەم دێرە دروست کراوە لە پێش دێری(برعیتا)، سەرۆکی ئەو دێرە لە ساڵی ٥٦٢ مارحەننانیا بووە.

باسێکی دیکەش هەیە لە سەر ئەو دێرە لە رووداوێکدا کە رەبەنەکانی ئەو دێرە دەیگێڕنەوە نەخۆشێکیان هێنایە لای(حەننان یشوع) سەرۆکی دێری بێت قوقا ئەمە لە ساڵی ٦٧٠ بووە([٦٤٧]).

رۆژێك هەندێك لە رەبەنەكانی برعێتە ئەم چیرۆكەیان گێڕایەوە پەیوەندی بە پردەكەوە هەبوو([648]).
چیرۆكەكە بریتیە لە:(پێشتر هەندێك ئاگرپەرست ـ واتە لە بتپەرستە زەردەشتیەكان هاتن بۆ ئەوەی بەهێز كچێكی مەسیحی وەربگرن لە(بێت مارۆس) بۆ ئەوەی ببێت بە ژنی یەكێكیان، كاری خواپاراستنی زۆرداره غەسبكارەكانیش فرێیاندا ناو زێ كە لە پردەكە دەیانویست بپەڕنەوە و هەموویان خنكان.
زۆربەی جاران پیاوی دەوڵەمەند و چاك(بستۆماغ ـ خەڵكی قوبلانە) وە باوكی جاسلیق ئیشۆعیابی سێیەم(٦٤٤ ـ ٦٥٨) لە روباری زێی(زاب) بە سەر پردی شا(ئەو پردە(دەپەڕیەوە بۆ ئەوەی بچێتە دێری(بێت عاوی) بۆ سەردانی هاوڕێكەی(رەبەن یەعقوب) بۆ چوونە ناوچەی(مەرگە) بۆ بەسەركردنەوەی زەوی و موڵكەكانی لەوێدا([649]).
جارێكیان كە دەیویست بەسەر ئەو پردە دا تێپەڕ ببێت ڕووداوێكی ناخۆشی تووش هات كە پێشتر ئاماژەمان پێیدا ئەوەیە: لە رۆخ پردەكە كە دەیویست بپەڕێتەوە ژمارەیەك لە ژنی سحر باز هەبوون جلەكانیان دەشووشت. ئەوانە بە گۆرانی و ئاوازی شەیتانی بەیەكتریان هەڵدەگوت. ئەوەی لە دەوروپشتیان بوو سەمای دەكرد و خۆی لار دەكردەوە لەگەڵ ئاوازەكان. گێڕانەوەی گۆرانیەكان زۆر سادە و ساكار بوون بۆ لەبەركردن، برادەرە چاك و سادەكەمان(بستۆماغ) ئەوەی لەبەركرد و بەبێ گوێدان دەیگوتەوە. پێش كۆتایی هاتنی لە گێڕانەوە و وشەكانی سیحربازەكان، یەكسەر شەیتانی بۆ دەركەوت و هاوڕێیەتی رێگەی كرد پێی وت: هەر فەرمانێكت دەوێ پێمان بدە، وە ئێمە یەكسەر بۆت جێبەجێ دەكەین. دوای ئەوەی بە سەر ترسەكە دا زاڵ بوو بستۆماغ فرمانی بە شەیتانەكە دا و وتی:(هەموو ئەو بەردانەی كە دەیبینین كۆیبكەنەوە و بیكەنە یەك كۆمەڵی بەرد(تۆما دەڵێ: كۆمەڵە بەردەكە تا ئێستاش لە شوێنی خۆیەتی و بەدوام بكەون چۆن بڕوم؟ پیاوچاك(بستۆماغ) ئەسپەكەی تاودا و گەیشتە دێرەكە و چووە ئەشكەوتە خەڵوەتگەكەی رەبەن یەعقوب، ئەسپەكەی لای شەیتانەكان بەجێهێشت لەبەر دەرگای دێرەكە و فەرمانی پێدان پاسەوانی بكەن تا دەگەڕێتەوە. رەبەن یەعقوب گۆرانیەكەی لەبیر بردەوە(سیحراویەكە) وە بە پێكەنینەوە فرمانی پێ دا:(هەستە، خێراكە و بە راكردن بگە بە ئەسپەكەت پێش ئەوەی رابكەی لەبەرئەوەی شەیتانەكان رۆیشتن و ئەسپەكەیان بە بەرەڵایی بەجێهێشت. لە لای سەرووی رووبارەكە تەنكاوێك هەبوو(شوێنێك لە رووبارەكە ئاوەكەی كەمە و بە تەوژم ناڕوات و دەتوانی لە رووبار بپەڕیتەوە لەو شوێنە بە پیادە).
دەكەوێتە بەرامبەر گوندی(ئەستووان دەمرگە)([650]).

پێدەچێت رێگەکە لەو تەنکاوەدا پەڕینەوە کورتترە لەو کاتەی کە ئاستی ئاوەکە زۆر نزمە(واتە لەو وەرزە ئاستی ئاو کە لە نزمترین کاتدایە ـ وەرگێڕ).
بە پێی سەرچاوەکان: ئەو کاروانانەی کە دەیانویست لە حەدیسەی موسڵ بپەڕنەوە ـ وەرگێڕ).
بە ئاراستەی مەرگە لەو تەنکاوە لە رووباری زێیێ دەپەڕینەوە، واتە تەنکاوی ئەستوان([١٥١]).
لە راستیدا تەنکاوێك هەیە لە باکووری گوندی مەنداو، وە دەکەوێتە سەر هێڵێکی راست لەگەڵ ئەربیل و بێت عاوی.
Herz Feld جێگەی پردی شا دیاری دەکات لە(گردەمامك) وە ئەمە راستە و لە راستیدا هەندێك شوێنەوار هەیە تاوەکو ئێستا باڵەخانەکانی دیارە لە هەردوو دیودا. هەروەها لە رێڕەوی رووبارەکەدا. باشووری شوێنەکە لە لای سەریەوە بە کەمێك، واتە لە(شیوەڕەش)، کە بە بیست کیلۆمەتر لە مامك دوورە.
لە باکووری(ئاسکی کەڵك) ستوونێکی پرد هەیە بە کردەوە وەك دەردەکەوێت ستوونەکە یەکێك لە بەربەستەکانی ئاو بووە([١٥٢]).
کە بەدەردەکەوێت سەرەتاکانی نۆکەندی کشتوکاڵیە بە تەریبی لەگەڵ زێدا دەڕوات و درێژ دەبێتەوە تا پشت دێری بێت قوقا. کوردەکان بەم کارە دەڵێن(شوێنەوار) رووباری بەهلول هەیە بەو پێیەی ناوی نۆکەندەکە دەگەڕێتەوە بۆ کەسێك بە ناوی(بەهلول).
٧ ـ ئاڵتوون کۆپری ـ پردێ
کاتێك جێگەی پردەکە دیاری دەکەین گەشتەکەمان بە رێگەی شا سانا دەبێت بۆ دۆزینەوە چونکە درێژ دەبێتەوە بە هێڵێکی راست بە ئاراستەی هەولێر بە(خەزنە ـ گەزنە) و عەنکاوە تێپەڕ دەبێت و ماوەکە نزیکەی 30 کیلۆمەترە واتە رۆژەڕێیەك بە پێیان رۆیشتن. بەشەکەی دیکەی رێکە لە هەولێرەوە تاوەکو زێی بچوك بە ئاراستەی کەرکوك گۆڕانکاری بە سەردا نەهاتووە ئەگەرچی چەند سەدەیەکی بە سەردا تێپەڕوە. ئەو پردەی کە ئەو رێگەیە کۆتایی پێ دێنێت لە هەمان شوێنی کۆنی خۆیەتی و پێی دەڵێت:(پردی ئاڵتون کۆپری)(پردێ).
ئاشوورییەکانی ئەم پردەیان بە(شیمیرۆن) ناودەبرد، بەڵام ناوی گوندەکە لە سەردەمی مەسیحیەتدا تاوەکو کۆتایی سەدەی هەشتەم(قتەرتادەزاوا) ـ پردی زێ([١٥٣]).
رچەڵەکی(بەختیشوع) دامەزرێنەری(مەرگانە) هی ئەو گوندەیە، لە سەردەمی عەرەبی ناوی کراوە بە(قنطرة الزاب) ئەمە بە گەواهی(ابن الفوطي)(لە سەرەتای سەدەی سێزدەهەم دا([١٥٤]).

لە سەدەی یازدەهەم([٦٥٥]).

ناوەکە گۆڕدراوە و بۆتە ئالتون کۆپری بە زمانی تورکی، کە تاوەکو ئێستاش ئەم ناوە بەکاردێت. بە پێی چیرۆکەکە هۆکاری ئەو ناو نانە کە واتاکەی(پردی زێرین) ە ئەو پارە زۆرەیەی لێ بەکارهێنراوە بۆ دووبارە دروستکردنەوەی لە سەردەمی سوڵتان مرادی عوسمانی چوارەم لە ساڵی ١٨٣٨، کە برەکەی نزیکەی ومزنەیەك زێڕ بووە([٦٥٦]).

ئەم رایە پێچەوانەی رای([٦٥٧]).

S.j.Bukingham کە دەڵێ ئەم ناونانە کورتکراوەی تەواوی ئەو دەقەیە ئالتون سۆ کۆبری، واتە پردی رووباری زێرین - بۆ زانیاری پەسنی زێڕ لە هەندێك کاتدا بەکارهێنراوە لە رابردوودا بۆ باسکردنی زێی بچوك.

لە دەستنووسێك دا بە ناونیشانی:(سەرگوزشتەی قۆناغەکانی کاری نێردراوەکانی سوڵتان سلێمان لە دوو عێراقدا). وێنەیەك هەیە هێمایە بۆ(ئالتون کۆپری) لە سەرەتای سەدەی شازدەهەم. وێنەکە لەلایەن(نصوص السیلاحي ـ الصلاحي) کە مردووە لە ساڵی ١٥٣٧ ـ ١٥٣٨، کێشراوە([٦٥٨]).

لەم وێنەیەدا شارێك هەیە لە ناو دورگەیەکدا لە قەلایەکی تێدایە دوو باڵی هەیە خۆیان درێژکردۆتەوە بە سەر دوو رێ و بۆ یەك رووبار. لە سەر رووی وێنەکەدا نووسینێك هەیە بە ئالتوون کۆپری دەخوێنرێتەوە. دواتر حەسەن پاشا پردەکەی نوێکردەوە.

لە ساڵی ١٧٢٣ ز([٦٥٩]).

وە ئەمە بە پێەوانەی وتەکانی E.IVES([٦٦٠]).

کە دەڵێ ئەو کارانە مەسیحیە کۆنەکان کردوویانە، کە لە شارەکەدا دادەنیشتن. ئەو دوو پردەی کە لە هەردوو شارەکە درێژبوونەتەوە، ئەو دوو پردەیە کەوا رۆژنامەی بەغدا باسیان دەکات([٦٦١]).

(بە دوو پردی سەرنجراکێش و سەرسوڕهێنەر دادەنێت لەبەر بەرزی بالأیان) جگە لەمە باسێکی تر هەیە بە درێژی Herzfeld نووسیویەتی([٦٦٢]).

باس دەکات کەوا جەندرمەکانی تورك ئەو پردیان تەقاندەوە لە کاتی کشانەوەیان لە ساڵی ١٩١٨([٦٦٣]).

ئالتون کۆپری شارێکە لە گرنگیدا لەبەر شوێنی جوگرافی هەردەم بۆتە بابەتی ناکۆکی لە نێوان دەسەلأتدارەکان(داگیرکەر کاتیەکان) بۆ شارەکە، جا ئەگەر لەم بەری زێی بچوك بن، یان لەوبەر. دەبێتە مەیدانی شەڕ و پێکدادان لە نێوان جەنگاوەراندا ئەمە بەبەردەوامی روویدەدا. دوای سەرکەوتنی تورکەکان و جێگیربوونیان لە ساڵی ١٥٥٤([٦٦٤]).

هەندێك جار پێویستی کردووە ئەفسەرەکانی سوڵتان خۆیان بشارنەوە و شارەکە بەجێبێڵن ئەمە لە ساڵی ١٨٠٥ روویدا، کاتێك(عەبدولڕەحمان پاشای بابان زاڵ بوو بە سەر سوپایەك پێکهاتبوون لە چەند فەوجێك سەرباز لە موسڵەوە هاتبوون و بەشێك لە دەوروبەریەوە بۆ شەڕ کردن لەگەڵیدا بە هاندانی(عەلی پاشا) والی بەغدا([٦٦٥]).

لە ماوەی نێوان ساڵانی ١٨٢٦ ـ ١٨٣٣ هەولێر و کۆیری لە بن دەسەڵاتی بەگی رواندزی پاشای کۆرە بووە. دوای ئەوەی هەلی بۆ رەخسا داگیریان بکات، و هەندێك هێزی خۆی تێدا دانا دوای دەرکردنی هێزە سەر بە بابانیەکان([٦٦٦]).

بە کشانەوەی هێزەکانی سەر بە پاشای کۆرەی رواندزی لەوێ پێش ساڵی ١٨٣٧ ئەفسەرە تورکەکان گەڕانەوە شوێنە کۆنەکانی خۆیان لەوێ([٦٦٧]).

بەڵام ئەو کاتە ئامادەیی مەسیحیەکان بزر بوو و ئەما لە ئاڵتون کۆپری بە تەواوی تا ماوەیەکی درێژ. ئەمڕۆ دانیشتوانی کۆپری کورد و تورکمانن و شارەکە نیمچە داخراوە بەسەریاندا.

٨ ـ ناوچەکانی دەوروبەری زێی بچوك

لەو بڕگەیە هەموو ئەو زانیاریانە کۆدەکەمەوە کە تایبەت بە هەندێك لە شوێنەکان کە تا ئێستا نەزانراون، یان شوێنەکانیان تاوەکو ئێستا دیارینەکراون لەمانە(دێریکا ئاریان)، یان (دێریکا کت کت)، کە پێشتر ناومان هێناون. ئەمە دەمانەوێ جەختی لە سەر بکەینەوە، چونکە دەزانین لە سەر ئەو هەموو شوێنانە ئەمان نزیك زێی بچوك بوون.

## دێری چناریَ

وا پێویست دەکات، کەوا دێری چنار دوور نەبێت لە پردی زێ، چونکە رەبەن بەخت یشوع خەڵکی ئاڵتوون کۆپری بووە، جلکی رەبەنایەتی لەوێ وەرگرتووە([٦٦٨]).

بەڵام ئەوە نازانرێت کەوا شوێنەکەی لە حدیاب بووە، یان لە بەری دووەمی رووبارەکە لە ناوچەی بێت گەرمای ـ گەرمیان.

## وڵاتی( زەویەکانی ) بانیقایێ

پێدەچێت ئەم ناوچەیە بکەوێتە نێوان زێ و چیای حەدیاب، چونکە ئێمە دەبینین(ئیشۆعیاب) ی میترапۆلیت ساڵی ٧٨٠، ناچار بووە بە سوڕانەوەیەکی درێژ بۆ دوورکەوتنەوە لەو ناوچانەی کە چەتە و رێگری لێ بووە، کە دەکەوێتە ناوەڕاستی ئەبرەشیەکەی بۆ سەردانی کردنی دەوروبەری گوندە باوەڕدارەکانی سەر بە خۆی([٦٦٩]).

دواتـر ڕێگەکـەی بـە تـەریبی سنووری ڕۆژهـەلآت بـەرەو باشـووری خۆرهـەلآت بـۆ بـاکووری خۆرئاوا بە تێپەڕبوون وردە وردە بە چیاکانی حدیاب و حیۆتـۆن، دوای پەڕینـەوە لـە زێـی گەورە و چوونە ناوچەی مەرگە سـەر بـە ئەبرەشـیەی خـۆی و لـەوێ بـاوەڕداران پێشـوازی گەرمیان لێی کرد.

## دێری قەشە زینـای:

ئەم دێرە دەکەوێتە نزیك زێی بچوك. لـە سـەردەمی دامەزرێنەرەکـەی بـەتریك ئیشۆعیابی یەکەم(٥٩٦ ـ ٦٠٤)([٦٧٠]).

لە سەرەتادا قوتابی رەبەن(ستابانۆس) بووە لە چیای حدیاب، هەر کە مامۆسـتاکەی دەمـرێ، هاتە خوارەوە بۆ دامەزراندنی دێرێك و ببێتە بە بارەگایەك بۆ رەبەنـە نوێیـەکان لـە نزیـك رووبارەکە([٦٧١]).

ئەمـە بـووە هـۆی ئـەوەی چـل رەبـەن لـە دەوری کۆببنـەوە.(زێنـای) ناوبـانگی بـە(فرمێسـك ڕشتن) دەرکردووە، هەروەها بە نووسینەکانی لە سـەر ژیـانی رەبەنایـەتی. بـاوای نسـیبینی و هاورێکەی رەبەن عەودیشۆع([٦٧٢]).

لەگـەڵ دامەزرێنــەر بــۆ ماوەیــەك مانــەوە. لــە دوای مردنــی زینــای و ناشــتنەوەی لــە پەرسـتگاکەی لــە پشــت(ماربرشــبتا) دەگەینــەوە بــەو ســەرۆکە وەك دامەزرێنــەر بــۆ دێرەکانی(مەعەلسا) (حەنیسا).

٩ ـ پچڕپچڕەکان

بڕگەی کۆتاییمان بریتیە لە کۆکردنەوەی هەموو شـوێنەکان لـە دەشـتی هـەولێر، کـە رەنگـە سوودبەخش بێت بۆ مێژووی مەسیحیان لـە حـدیاب. رەنگـە پێشـتریش تووشـی ئـەو شـوێنە هاتبین، یـان باسمـان کردبێـت لـە نووسـینەکانی پێشـوومانـدا بـەلآم بـە سـەرپێیی بـۆ ئـەوەی خوێنـەر تووشـی مانـدووبوون نـەکاتن ئەگەرچـی جێـی خۆیـەتی بایـەخی باشـی پێبـدەین، چونکە پەراوێز چارەسەری ناکات و ماقی خۆی ناداتێ، یان لە خوارەوەی لاپەڕەکە بـە چـەند دێرێك لە سەری بنووسێت. (کەنزا ـ گەزنە ـ وەرگێڕ).

ئەمڕۆ هەموو دانیشتوانەکەی موسڵمانن و دەکەوێتە باکووری رۆژئـاوای عـەنکاوە بـە دووری ٧ کیلۆمەتر لەسەر ڕێگای شا. بە پێی داب و نەریتی عـەنکاوە، وە پـێش سـەد سـاڵی رابـردوو ژمارەیەك لە مەسیحی تا ئەو کاتیش لە گەزنە دا هەبووە. بۆ پشتگیری ئـەوە باسـی(فنقیـت) دەکەین دەگەڕێتەوە بۆ قەشەیەك، کە بە رچەڵەك خـەڵکی گەزنـە بـووە، ناوەکـەی شـەمعون

کوڕی عیسا بووە ئەم فنقیتە تا ئێستاش پارێزراوە لە کەنیسەی عەنکاوە و مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ٢١٠٦ ی یۆنانی بەرامبەر بە ساڵی ١٧٩٥ ی ز.
(فنقیت) بریتیە لە پەرتووکێکی نوێژکردن دابەشکراوە بە پێی جەژن و بۆنەکان ـ وەرگێڕ).
مزگەوتی شێخ محەمەد لە گەزنە ئەمڕۆ بە ئەسڵ کەنیسەی مارقریاقۆس بووە لە کۆندا و لە نێوان عەنکاوە و گەزنە شوێنەواری دێرێکی کۆن هەیە، ئەم شوێنەوارە پاشماوەی دێری(مارعودا) یە، سێ کیلۆمەتر لە عەنکاوە دوورە.
دەتوانی مۆمدان و گۆسکە و شتی تر لە ناو شوێنەوارەکە بدۆزینەوە... تاد.(سیداوە) گوندی دووەمە و دانیشتوانەکەی موسڵمانن و دەکەوێتە باشووری رۆژئاوای هەولێر. لێکۆڵەر پاشماوەی کەنیسەیەکی تێدا دەبینێت کە پاشماوەی کەنیسەیەکە بە ناوی(کەنیسەی مارت مریەم) ئەو ئەگەرە هەیە کە تاوەکو سەدەی شازدەهەم مەسیحی بووبن. بەتریك عەود یشوعی چوارەم باس دەکات لە لیستێکدا رێکی خستووە لە ساڵی ١٥٦٢ کەوا سیداوە نیمچەبارەگای کورسی ئەسقەفیە بووە([٦٧٣]).
گوندی(کوردی سەرەوە) کە دەکەوێتە رۆژهەلاتی هەولێر گوندی بێت سلۆتایە لە کۆندا(؟). کە پێشتر بارەگای کورسی میتراپۆلیتی هەولێر بووە(؟).
لە نێوان هەولێر و عەنکاوە و بە دووری نیوسەعات لە عەنکاوە گوندێکی بچوك هەیە پێی دەڵێن دێرکا، دێرەکە. ئەمە پاشماوەی شوێنەواری کەنیسەی(مارسنیقایە)([٦٧٤]).
دواتر باسی ئەو گردە دەکەین کە لە سەر خشتەکانیدا نووسینی بزماری هەیە. بەلام ناوی گردەکە ناوێکی مەسیحیە ـ (گردی یەڵدا) رەنگە ئاماژە بێ بۆ ناوی ئەو جوتیارەی کە زەوی نزیك گردەکەی هەبێت.
گوندی گەورەتر و گرنگترینیان گوندی(کێنێ) یە کە مەڵبەندێکی بازرگانی بووە بۆ سێگۆشەی دەکەوێتە نێوان رێگای شاو. زێی گەورە ـ بەرەو باشوور رێگەی نوێ کە دەچێتە موسڵ و بە ئەسکی کەڵەك تێپەڕ دەبێت.
پێشتر ناوی ئاسکی کەڵکەمان بەسەردا تێپەڕ بوو کە بە ناوی(قینای) باسمان کرد کاتێك باسی دێری بێت قوقامان کرد([٦٧٥]).
ناوی(بیرقوت ـ بێرکۆت ـ وەرگێڕ) کە لە سەر نەخشە هەیە ئاماژە بە گوندێکی بچوك دەدات بە دووری حەوت کیلۆمەتر بۆ باکووری رۆژهەلاتی هەولێر ئەو بازرگانەمان بیر دێنێتەوە کە ناوی(یەعقوب کوڕی قوتەیە) و کوڕەکەی می(ر مەسعود) کە کۆتایی بە ژیانی هێنرا بە شێوەیەکی دڕندانە. گوندی(رەختاوە) چوار کیلۆمەتر دوورە لە ناوەڕاستی

ڕێگەی هەولێر ـ گوێڕ. ڕەنگە گوندە کۆنەکە(رەحتا) هەروەك لە مێژووی هەولێر هاتووە ئەو شوێنە بێت کەوا هاویل(هابیل) کۆچی دوایی تێدا کردووە، کە یەکێکە لە مەترانە کۆنەکانی حدیاب(؟) ئەمە لە ساڵی ١٨٥ ی ز بووە([٦٧٦]).

لە کۆتایی پێمان باشە ڕوونی بکەینەوە تاوەکو ئێستاش هەندێك لە ناوەکان بەرگریان کردووە لە تۆڵەسەندنەوە لە گردبوونەوەیان و بەزیندوویی تاوەکو ئەمڕۆ ماون، لەوانە: بێت ڕوای ئەو گوندەیە کە لە نزیکیدا میتراپۆلیت مارن عەمما کۆچی دوایی تێدا کرد کە ناوی(برقانا) چارەسەر و شیفای نەکرد. شوێنی ئەو گوندە دەبی لەو جێگایە بێ کە دەکەوێتە سەر ڕێگەی نێوان حەدیسیە و هەولێر([٦٧٧]).

ناوی ئەو گوندە تاوەکو سەدەی هەشتەمیش هاتووە. سەرچاوەکان باس دەکەن کەوا دوو لە دانیشتوانی(بێت ڕوای) لە نەخۆشیەکەیان بە دەستی ڕەبەن برانسیە و ماڕان عەمما سەرۆکی دێری بێت قوقا چاکبوونەتەوە و چارەسەریان کردووە([٦٧٨]).

بەڵام دێری بچوك ناسراو بە دێری(شاکوح) یان(شاخوح) کە لەوێدا(ماهانۆش) شەهیدی دوارۆژ هەیە، کە پێی دەڵێن(ئیشوع سورەن) لە سەر دەستی شەمعون سەرۆکی دێر لە ئاو هەڵکێشراوە لە سەرەتای سەدەی حەوتەم([٦٧٩]).

لە سەرمانە لە بەری ڕۆژهەڵاتی هەولێر بکۆڵینەوە. ماهانۆش دەهاتە ئەو دێرە لە(قوڕ) ەوە کە دەکەوێتە نزیك سەلاحەدین.

قەشە بیترس لە نووسینەکانیدا دەبینین زۆر هاندەر نیە بە هەڵسانمان بەو هەوڵانە بۆ گەڕان و دۆزینەوەی قەڵای مارقەرەداغی شەهید لە ساڵی ٣٥٠ کە لە ناو میللەتدا زۆر ناودار و بەناوبانگە([٦٨٠]).

چیرۆکەکەی ئاماژە بەوە دەکات قەڵاکەی لە سەر گردێك بووبێت بە ناوی(مەلقی) بەرزاییەك نزیك بە هەولێر([٦٨١]).

لێرەدا پێویستە هەڵوەستەیەك لە سەر ناوەکە بکەین کە شێوێندراوی وشەیەکی عەرەبیە(مەلقی)(واتە شوێنی بە یەك گەیشتن) یان(شوێنی کۆبوونەوە) مێژووی سعردی ئەوەمان بۆ باس دەکات، هەروەها وەك بۆمان باس دەکات بە فەرمانێك ڕوویدا بێت لە سەدەی یازدەهەم هەموویان دەیزانن و دەیڵێن: گۆڕانکاری بە سەر قەڵای قەرەداخ دا هاتووە و بۆتە دێرێکی گەورە، ساڵانە ئاهەنگی پێ دەگێڕدرێ([٦٨٢]).

پێدەچێت کەوا هەوڵ بدەین بۆ دۆزینەوەی شوێنی دێرەکە بەلای(کفرعوزێل) لەبەر ئەوەی لێرە ـ واتە نزیك جێگەی ماڵی(بێت مارقەرداخ) ـ سەگەکانی ڕۆستەمی کافر پارچە

پارچــــەیان کــــــردووە کــــە لـــــەوێوە دەهـــــات دوای ئاهــــەنگ گێــــڕان لەگــــەڵ کۆمەڵەکانی(شەهریکان)([٦٨٣]).

تا ئێستاش ژمارەیەکی زۆر ناومان هەیە بۆ شوێنەکان کە سەرچاوەکان دەڵێن دەکەونە حەدیاب، تاوەکو ئێستاش نەدۆزراونەتەوە، چونکە هۆکارەکان نازانین بۆیە شوێنەکانیان دەخەینە ناوچەی دەوروبەری هەولێر. بۆیە لەلایەکدا بەجێی دەهێڵین کە رەنگە لە ناوچەی دیکەیشدا هەبێت. لیستێك یا خشتەیەك بەو ناوانە ریکدەخەین جێگیریان دەکەین لە لاپەڕەکانی بەشی کۆتایی پەرتووکەکە.

هەروەها شوێنی زۆر هەیە ناوە نوێیەکانیان بۆتە هۆی بزربوونی ناسنامەی شوێنە کۆنەکە کە مەسیحیەکان تێیدا نیشتەجێ ببوون لە دێرزەمانەوە. ئەم بارە بە سەر گوندی(ئەسکی کەڵەك) دەچەسپێ(ناوەکە تورکیە) یان پێی دەڵێن(کەڵەکی یاسین ئاغا). ئەو ناوە واتە بە سەر ئاوکەوتەی یاسین ئاغا(کەڵك ـ الطوافة ـ سەر ئاو کەوتە)( بریتیە لە چەند شەپکە دارێك بە یەکتری دەبەسترێتەوە بە وریسێکی بەهێز و جێگیر بە چەند مەشکەیەکی فوودراو)(واتە پڕ کرابێت لە با)(هەوا).

خەڵك لە سەری دادەنیشن کاتێك سەر ئاو دەکەوێ و بە سەر ئاوەکە دا دەڕوا، بۆ گەشت و گوزار بەکاردەهێنرێ ـ وەرگێڕ).

لێرە بە تەنکیدی گوندێکی مەسیحی زۆر کۆن هەبووە ناوە رەسەنەکەی دیار نیە، لە نزیکیدا تەنکاوێك هەبووە بەناوبانگە بۆ پەڕینەوە بە ئاسانی لە زێی گەورەدا لەو جێگەیەدا. ئێستا پردێکی نوێی لێیە بۆ تێپەڕبوونی رێگەی موسڵ هەولێر([٦٨٤]).

لە ساڵی ١٨٢١ کاتێك ریچ بە کەڵەکی یاسین ئاغا تێدەپەڕی بینی دانیشتوانەکەی یەزیدین([٦٨٥]).

ناوەکەی ئەو کات: کەلەك دواسینا بووە ـ واتە کەڵەکی یەزیدیەکان. لە راستیدا هەموو خەڵکی ناوچەکە لە دەوروبەری کەڵك و سۆلچی و دەوروبەری بێتاس و باشووری ناوچەی مەرگە پێشتر لە ئێزیدیەکان بوون، وە لەوێ مانەوە تاوەکو هێرشە گەورە و لەوبردەکانی عوسمانیەکان بۆ سەر ئێزیدیەکان و بۆ سەر گوندەکانیان لە کۆتایی سەدەی نۆزدە.

٥ ـ چیای حدیاب

زۆر جاران ئەو دەقە(چیای حدیاب) بەسەرمان دا تێپەڕیوە. لای دێرینەکان چەمکێکی دیاریکراوی هەیە و ناسراوە. لە هەرێمی حدیاب زۆر چیا هەیە، بەلاَم لە راستیدا حدیاب یەك چیای هەیە بەو ناوەش کراوە و لای هەمووانیش ئاشکرایە. کاتێك دەڵێن(چیای حدیاب) مەبەستمان هەر خۆیەتی، بەرزترین کەپکە چیایە بە دەوری کەرتی حدیاب دایە

لەلای رۆژهەڵاتەوە، وە باڵی چوارەم پێکدەهێنن لەو شوێنە موعینیە بۆ ئەو ناوچانەی کە دەمانەوێت بیاندۆزینەوە وە هەروەها لە هەمان کاتدا سنووری جیاکەرەوەیە لە نێوان حدیاب و کەرتی سالاخی چیایی. سالاخ دەبێت بە دوو بەشەوە پێیان دەوترێت(سالاخی ناوەخۆ)، کە دەکەوێتە نزیک حدیابی فارسیەوە سالاخی دەرەوە کە تاوەکو ئێستا لە بن دەسەلاتی عێراقدایە. پێشتر سنووری جیاکەرەوەی نێوان سالاخ و حدیاب درێژ دەبۆوە بەلای رۆژئاوای شەقلاوە. لە راستیدا گوندی شەقلاوە دوا گوندە(ئێستا شەقلاوە شارە و مەڵبەندی قەزایە ـ وەرگێر).

لە رابردووی کۆن دا پێی دەوترا(دارا ئاباد) و ئەم ناوە بە هەموو ناوچەکە دەوترا. بۆیە پێی دەوترا(سالاخ ئاباد)([٦٨]).

دەڵێن زەویەکانی حدیاب درێژ دەبۆوە لەلای باشووری خۆرهەلاتی شەقلاوە بە ئاراستەی زێی بچوك تاوەکو کۆیە. بەلام ئەمە راست نیە. سنووری کۆتایی پێویستە لەو گەروە بێت کە(S.T.Rich) پێی دەڵێن:(بختجی بوغاز) ـ بەکتەژی بۆگاز)([٨٧]).

سەرباری ئەوەش ناتوانین ئەو بڕیارە بدەین بە تەئکید بە هۆی نەبوونی بەڵگە و دیکۆمێنتی باوەڕ پێکراوەو، بەلام لەبەر ئەوەی ناوی(مەعەلتا) و(حیۆتۆن) (بێت بەگاز) زۆر هاتووە لە دەقەکاندا، بۆ زانیاری شوێنەکەی زیاتر بەرەو ناوخۆیە لە تەنیشت ئەبرەشیەی(حنیتا) یە کە سەر بە سەرۆکایەتی ئەسقەفیەی حدیابە. بۆیە من باسی هەردوو شوێنە یەکەمەکان دەکەم و هی سێیەم بەجێدەهێڵم(بێت بەگاش) ـ کە دوورە لە دوو شوێنەکەی یەکەم ـ مەعەلتا و حیۆتۆن. پێشتر ئەو شوێنە دیاری کراوە لە کۆتایی باکووری خۆرئاوای دوور لە چیای حدیاب، بەلام لە راستیدا پێچەوانەی ئەمەیە. ئەو ناوچەیە رووبارە و دەکەوێتە سەر رووبار لە زێی گەورە و ئاراستەکەی باشووری باکوورە.

١ ـ دێری ماریۆنانی(عەبد) کۆیلە:

رەنگە وا دابنرێت دێری مار یۆنان ئۆدا بە(یۆنان عەبد) بەناوبانگترینیان لە ناو دێرەکانی حدیابدا. وا باس دەکرێت باوای نسێبین دوو ساڵ لەو دێرە ژیاوە.

بەلام ئێمە ئەو تێبینیەمان هەیە لەوانەیە توشی جۆرێك لە تێکەلاوبوون و کاری سەرسامی بین، لەوانە: ناوی یۆنان کە زۆر لە دەقەکاندا هاتووە. هەروەها ناوی(ئۆدا)، ئەمەمان مەبەستە لەگەڵ ئامازە کردن بۆ ئەو دوو ناوە: باوای و ئەبراهام ئەو دوانەش دەمانبەنە ریگەیەکی داخراو و دڵەڕاوکێیەکی سەرسوڕهێنەر هۆکارەکەشی ئەمەیە چەند کەسانێك هەیە بەم ناوانەوە بۆتە هۆی سەرلێشێواندن لە مێژوونووسەکان و نووسەرەکان و دەیانخاتە ناو بیرۆکەی زۆر لە ژاوە ژاو و هەڵەکردنەوە. جوگرافیناسی بەناوبانگ یەکێکە

لەو قوربانیانەی ئەم ژاوە ژاوە و لێتێکچوونە دەبینین چۆن کەوتۆتە نیگەرانی و کاتێک وتارەکەی دەنووسێت لە سەر ئەینەوا لە پاشکۆی(دائیره المعارف الاسلامیه) کە باس لە یۆنان دەکات([٦٨]).

ئەم مێژوونووسە وا باس دەکات کەوا یۆنان ئۆدا دامەزرێنەری دێری پێغەمبەر یوونسە، دواتر دەڵێ کەوا ئیشۆعزخا نێژراوە لەم دێرەدا بەهۆی وێرانکردنی دێرەکەی خۆی لە حدیاب دا.

بەلام ئەوەی بە دێری مارئۆدا هەیە من دەڵێم: ئێمە تووشی دێرێک بووین بەم ناوە دەکەوێتە نزیک عەنکاوە، وە دێرێکی تر شوێنەکەی دیاری نەکراوە و بە هەمان ناو دەکەوێتە نزیک دهۆک. سەرەڕای ئەو دێرانە خوێنەری خۆشەویست ئاگادار دەکەینەوە کەوا دێری سێیەم هەیە بە ناوی مارئۆدای کۆن کە دەکەوێتە(المعره) لە ناوچەی حیرە کە لە مێژووی بەتریکەکان دا هاتووە. ئەوەی کە کارەکەمان ئاڵۆز دەکات ئەومیە کە لە(الحولیات) دا هاتووە، چونکە ناوێک هەیە پێی دەڵێن(مارئۆدا) ی لاو و ناوی باوکی(حتیف) مەو بەلگەیەی دوایی دەتوانین جیای بکەینەوە لە نێوان ئەو و ئەوانەی کە لە پێشەوە باسمان کردن. کەواتە ئەوەی لە سەرمان پێویستە بیکەین بۆ رەتبوون لە کۆسپەکان دەستنیشان کردنی یەکێك لەمانەی ناوی(ئودایە و دەبێتە قەدیس و شەفیعی دێرەکان ئەوانەی کە شوێنەکانیان دیاری نەکراوە و ناسنامەیان دیار نیە... ئەگەر ناوی رەبەنەکان لەلایەك بەجێبهێڵین دەبێت لەو شەهیدانە بگەڕێین کە ناویان ئودایە. من تا ئێستا یەکێك لەمانەم دۆزیوەتەوە و ترسم لەوە دایە کەوا ناوی تری هاوشێوەی بۆ خەڵکانی تر بدۆزمەوە، ئەگەر لێکۆڵینەوەکەمان بەردەوام بێت باسی یۆنان دەکرێت کەوا کۆیلە بووە، لەبەرئەوەی کۆیلە بووە لە یەکێك لە ئاگرپەرستەکان لە گوندی باروخ ئاباد(ناوەکەی بە عەرەبی فاروج) ە کە دەکەوێتە حدیاب([٦٩]).

ئاغاکەی باخچەیەکی هەبووە لە گوندی(ئاشگر)(ئەشگر). رۆژێک یۆنان ئەمەی بەسەردا هاتووە، بە رێکەوت، یا بەهۆی ئەوەی بەتەنها بووە لە رێگەکەدا، بەرەو ئەشکردە چوو بۆ ئەوەی هەندێك شەراب بهێنێ گەیشتە ئەشکەوتێك باوای نسێبینی تیا دەژیا، شوێنی ئەشکەوتەکە نزیک بوو لە گوندی(ئاتێ)(ئۆباتێ) لە ناوچەی بێت کامالا. لێرەدا پێویستە بگەڕێین بە دوای چەند شوێنێك کە گوندی باروخ ئابادی تێدا هەڵدەکەوێت:(ئاتی) و(ئەشکر) لەگەڵیان دا سێگۆشەیەك دروست دەکات لە شوێنێك نزیک بە ناوەڕاستی سێگۆشەکە ئەشکەوتی باوای لێیە. ئێستا دەبێ پرسیار بکەین باوای بچوك لە چیای حدیابی ترسناك چی دەکرد: دوای مردنی ئەبرەهامی گەورە لە ساڵی ٥٨٨، نسێبینی

دێرەکەی لە نیزلا بەجێهێشت و جلەکانی داکەند و لە جیاتی ئەو جلکانە جلکی دروست کراو لە مووی زبر(خشن)(دڕ) لەبەرکرد، و چوو بۆ ناو ئەشکەوت بژیت، هەندێك لە دەقەکان دەڵێن ئەو بە ژیانێکی رەبەنایەتی بەندکراو ژیاوە، بەڵام دەبینین کەوا چووە نهێنیەکانی لە دێرێکی دراوسێ وەرگرتووە. تاکو تەنهایی رەبەنی ناوبراو لای باوای زۆر بووە لەو شوێنەدا مادام نەخۆشەکان روویان تێدەکرد بۆ وەرگرتنی شیفا لە دەستیەوە. خەڵك لە هەموو لایەك رووی تێدەکرد و تاوەکو لە ناوچە دوورەکانیش وەك شاری حەدیسە. (پەرچوو) و شتە سەرسوڕهێنەرەکانی بڵاوبوونەوە و دەنگی دایەوە بەتایبەتی پەرچووەکەی زیندووکردنەوەی پزیشکێکی مردوو دەرئەنجامی کۆتایی پەرچووەکە ویژدانی هەموو خەڵکی هەژاندووە بەتایبەتی خەڵکە سادە و ساکارەکە و بووە هۆی ئەوەی رق و قینە بچێتە دڵی کافر و خراپەکارەکانی سەر بە شەیتانەوە.

دڵە باشەکان بوونە قوتابی ئەو، لەناو ئەمانە دا سۆریشۆع کە دواتر بوو بە پەتریك([690]). هەروەها یۆنانی کۆیلە(یۆنان ئۆدا). یۆنان ئەوەی لەبیرچووەوە کەوا ئاغاکەی پێی سپاردووە جێبەجێی بکات. هەموو شتێکی بەجێهێشتووە لەبەردەم قاچەکانی نسێبینی دانیشت. ئێوارە، لە رۆژئاوابوون دا یۆنانی کۆیلە درکی بەوە کرد، سەری سوڕما بە ژیانی رەبەنایەتی ـ ئەو کاتەی بۆ نەمایەوە تا بچێتە ئەو گوندەی کە دەیەوێ شەرابی لێ بهێنێت ئەگەر بە شەو بڕواتەوە بە دەستدرێژی کردنە سەری، یا کوشتنی زۆر بیری کردەوە بەڵام رێگەچارەی نەدۆزیەوە. دواتر ئەمەی بە باوای وت و درکاندی خوێنەر تۆ ئەم ئەنجامە هەڵسەنگێنە. بەهەرحاڵ شەرابی دروست کراو بە پەرچوو بەتامترە لە شەرابی ئاسایی. ئەم راستیە بووە هۆی ئەوەی پاڵ بە مەجوسی بنێت کەوا لێکۆڵینەوە بکات و راستیە روون ئاشکراکانی دۆزیەوە و ئەم راستیە یۆنانی لە کۆیلایەتی رزگار کرد و بووە یەکێك لە قوتابییەکانی باوای. باوای بەو ناوبانگیەی کە لە ناوچەکە بڵاوببۆوە رازی نەبوو بۆیە ئەشکەوتەکەی بەجێهێشت کە ماوەی دوو ساڵی تێدا نیشتەجێ بوو. وە چوو بۆ ئەوەی فەزایەکی تر بدۆزێتەوە کەوا مەرجەکانی ئارامی تێدا بێت کە بۆی دەلوێت. یۆنان ئوداو لە پێناو پارێزگاری لە داب و نەریتی باوای هات و نیشتەجێ بوو لە هەمان ئەشکەوتی باوای. دوای ئەوەی دەستی کرد بە کارەکانی بە پێی رەفتاری سروشتی بۆ گەیشتن و قاڵ بوونەوە و کۆمەڵە کەسانێکی پێکهێنا بە پێی داب و نەریت و دێرێکیان دروست کرد بۆ ئەوەی تێیدا بژین. دوای چەند ساڵێك یۆنانی کۆیلە مرد و لە دێرەکەدا نێژرا. دێری یۆنانی کۆیلە بە زیندوویی و چالاکی مایەوە بۆ زیاتر لە ٢٥٠ ساڵ. دوای ئەوە، واتە لە سەردەمی خەلیفەی عەباسی، المتوکل ٨٤٩ ـ ٨٥٠ دەستی تێکدان کاولکردن گەیشتە دێرەکە

کە لە تەنیشت دێری یۆنانی کۆیلە بوو ناسراو بە دێری(مارئیشۆعزخا). رەبەنەکانی دێری یۆنان، رۆڵە ئازاکانی حدیاب چوونە دێری ناوبراو و روفاتەکانیان هێنا تا بە رێورەسمێك بنێژرێن لە پاڵ روفاتی باوکیان دامەزرێنەری دێرەکەیان(یۆنانی کۆیلە ـ عودا ـ عەبد).

٢ ـ دێری گەچ(دیر الجص)

لە جێگەیەك زۆر دوور نیە لە دێری العبد ـ کۆیلە، دێرێکی زۆر قەشەنگ هەبووە لەلایەن رەبەن ئیشۆعزخا دامەزرێنراوە، ئەم دێرە بەبەرد و گەچ دروستکراوە، چونکە لای هەموویان بە دێری گەچ ناسراوە. ئاساییە کەوا ئێمە دێری تر دەبینین بە گەچ دروست کراون و ناسراون وەك دێری نەهلە، وە دێرێکی تر دەکەوێتە دامێنی چیای دێری هەڵواسراوەوە لە خوارەوەی رووی باشوور لە چیای باتمان. باشترین گەچ و بەناوبانگترینیان گەچی پارێزگای توخومایە کە لەوێوە دەستنووسی(مێژووی مارسۆریەشۆع) بەدەستمان گەیشتووە لە بێت قوقا(منکنا) بلاویکردۆتەوە([٦٩١]).

ئەوەی پەیوەندی بە رەبەن ئیشۆعزخاوە هەیە کە پێشتر باسمان کردووە، دەڵێن ئەو ناوەش ژمارەیەکی زۆر هەڵیانگرتووە، بۆیە تکا دەکەین بەم جۆرە پێناسەی نەکەن وەك چۆن بادجەر کردوویەتی([٦٩٢]).

چونکە لای ئەو لێکتێنەگەیشتنێك درووست بووە لەلایەن ئەو ئیشۆعزخایەی کە باسی دەکەین و (زخائشیشۆع) دامەزرێنەری بێت رەبان کە دەکەوێتە داسن و هەروەها لەگەڵ(مشیحازخا).

پێویستە رەبەن ئیشۆعزخا بەناوبانگ بێت مادام مێژووەکەی نووسراوەتەوە لەلایەن سۆریشۆع رۆستەم([٦٩٣]).

مخابن کەوا ئەو مێژووە بزر بووە و ئێمە هیچ رێگایەکی ترمان بەدەست نەماوەتەوە پشتی پێ ببەستین بۆ بەراوردکردن لە نێوان سەرچاوەکۆنەکانی دژ بە یەك([٦٩٤]). یا لێکجیاواز.

بۆ نموونە: چ رێگەیەکمان لەبەردەم دایە بۆ لێکنزیکردنەوەی دەقەکانی مێژووی ئەبراهام سعردی([٦٩٥]).

کەوا ئیشۆعزخا بە قوتابی باوای نسێبینی دادەنێ وە دەقەکانی پەرتووکی(العفە) و مێژووی کشکری([٦٩٦]).

دەڵێ باوای دەهاتە خوارەوە بۆ دێری ئیشۆعزخا بۆ وەرگرتنی نهێنییەکان. جگە لەمە لە سەر ژیانی ئیشۆعزخا دەخوێنینەوە کەوا کەسی ناوبراو هاوکاری بەتریکی دوا رۆژ سۆریشۆعی کردووە(٥٩٦ ـ ٦٠٤) بۆ ئەوەی بۆ دەرکردنی گیانە شەیتانیەکان لە سەر(نەعمان پاشای حیرە) ئەم چیرۆکە زۆر باو بووە. ئیشۆعزخا دێرەکەی لە شوێنێك دروست کردووە

هەموو دانیشتوانی حدیاب بە مەڵبەندی دزو ڕێگر و جەردەکانی دادەنێن و ئەمە کارێکی هاسان و بێ بایەخ نیە بەتایبەتی کاتێك نووسینەکانی تۆما مەرگەیی دەخوێنینەوە کە باس لە کوردەکان دەکات. ئەم واقیعە یارمەتی ئەوەمان دەدا هەست بە هۆکارەکە بکەین کە پاڵی بە دامەزرێنەرەکە ناوە تا شورەی دێریەکەی بەهێز و قەڵاو سەنگەر بێت بە پێچەوانەی دێریەکانی تر کە لە خشت و قوڕ دروست کراون. ئیشوعزخا کۆچی دوایی کردووە لەناو ئەو دێرەی کە دایمەزراند دوای ئەوەی کە لە کردنەوەی قوتابخانەیەك لە دێرەکە جێبەجێی کرد(مەلفان ـ مامۆستا) یەکی باشی تێدا دامەزراند کە لە تەمەنێکی گەورە دابوو، کۆچکردنەکەی لە ساڵی ٥٩٠ بووە. ئیشوعدناح لە سەری نووسیوە: لەناو هەیکەلی دێرەکە نێژراوە کە دروستی کردبوو بە پێی مەڕاسیم و سروتی ئاینی باو لەو کاتەدا(ئەو ڕستەیەی خوارەوە جیاوازی هەیە کە دەڵێ تەرمەکەی لە گۆڕێك نێژراوە کە لە دێری حدیابدابوو) لەم دەقە بۆمان دەردەکەوێت کەوا دێری حدیاب گەچ نیە بەپێی نووسینی پەرتووکی(العفه) کە دەڵێ: دێری ئیشوعزخا تاوەکو ئەمڕۆش ناوەکەی وەك خۆی ماوە و پارێزگاری لێکردووە، واتە تاوەکو سەدەی نۆزدەهەم، ئەمە لەو کاتەی کە دەبینین لە نزیکەوە دێری حدیاب تێکدراوە و کاولکراوە لە ساڵی ٨٤٩ ـ ٨٥٠. لە ڕاستیدا ئاماژە بە ئیشوعدناح دەکات لە سەردەمی خۆیدا ئەو قوتابخانەی کەوا ئیشوعزخا دایمەزراندووە و بەناوی ئەم مایەوە تاوەکو دێرەکەش رووخێنرا لە سەر زەوی نەما بۆیە هیچ بەرهەڵستێکمان نیە لە پێناسەی دێری گەچ کەلەلایەن ئیشوعزخا دروست کراوە بەناسنامەی ناسراو بە دێری حدیاب.

کەواتە لە سەرەتادا، لێرەدا نیشتەجێ بوون(ئەستابانۆس) و قوتابیەکەی(ئابا) لە زینای، واتە لە ڕۆژانی یەکەمی دێرەکە لە کۆتایی سەدەی چوارەم([٦٩٧]).

تاکە جارێك دێری گەچ باسکراوە پێش ساڵی ٨٣٢ کاتێك ڕەبەن یووسف هات کە لە دۆڵی (دنیخا) دەژیا لە نزیك دێری بێت عاوی لە کەرتی مەرگە بە یەك ڕۆژ بۆ دێری ئیشوعزخا وە بۆ ڕۆژی دوایی دەگەڕایەوە ئەشکەوتەکەی خۆی([٦٩٨]).

لێرەدا پێویستە ئەوە بخەینە بەرچاو کەوا ڕەبەن یووسف هیچ کاتێکی بۆ پەڕینەوە لە زێی گەورە دانەناوە لەبەرئەوەی بە پیادە بە سەر ئاوەکە دا دەڕۆیشت وەك نەریتی خۆی. زۆر سروشتیە کە بزانین ئەو ماوە دورودرێژە لە نێوان دێری بێت عاوی و دێری حدیاب، وا پێویست دەکات کەوا ڕەبەن یووسف ئەو کاتە لەبارەی هەبێت بۆ ئەوەی بیبڕێ، بۆیە دەبینین لەگەڵ گەردی بەیانی بۆی دەردەچوو. لێرەد ئەبێ ئەوە بخەملێنین چەند کیلۆمەتر، لە ڕۆژێکدا ئەم ڕەبەنە دەتوانێت ببڕێت لە ناوچەیەکی چیایی، لە کاتی

زنینمان بۆ ئەو ماوەیە، پێویستە دە میلی لێ ببڕین، واتە نێوان دێری بێت عاوی و زێ ئەوەکەی تر کە دەمێنێتەوە ئەو ماوەیە لە نێوان زێ. ئەوەکەی تر، کە دەمێنێتەوە ئەو ماوەیە لە نێوان دێری و گەج کە باسی لێوە دەکەین. ئەم دێرە لە ساڵی ٨٤٩ ـ ٨٥٠ کاولکراوە و تەفێندراوەتەوە بە شێوازێکی دڕندانە و لەوانەیە بە هێرشکردنێکی کاولکەرانە لەلایەن کوردەکانەوە بووبێت. واتە لە ساڵی سێیەم لە وەرگرتنی خەلیفە جەعفەر دەسەڵاتی حوکم لە موعتەسمی باوکیەوە. دواتر ڕەبەنەکانی دێری ماریۆنان هاتن بۆ دێری گەج بۆ ئەوەی ڕوفاتی دامەزرێنەری دێرەکە ببەن. لە کاتی هەڵدانەوەی گۆڕەکە، بینیان لاشەکە وەك خۆیەتی بەبێ هیچ بۆگەنی بوونێك دوای تێپەڕبوونی ٢٦٠ ساڵ بە سەر کۆچی دوایی کردنی.

خستیانە ناو دارە بازەیەك و گواستیانەوە بۆ دێری ماریۆنان لێرە خستیانە ناو گۆڕێك لە تەك گۆڕی یۆنان دامەزرێنەری ئەو ماڵە پیرۆزە.

٣ ـ دێری ئیشۆع سورەن

ڕەسەنایەتی شەهید ئیشۆع سورەن بۆ گوندی(کوڕ) دەگەڕێتەوە هەروەك لە پێشەوە روونمان کردەوە([٦٩٩]).

لە کۆتایی سەدەی چوارەم بەشێك لە دانیشتوانی ئەو گوندە باوەڕیان هێناو هاتنە سەر ئاینی مەسیحی بەڵام بەشەکەی تر لە سەر دینی زەردەشتی خۆیان مانەوە. دوای ئەوەی ئشۆع سورەن بوو بە ڕەبەن، کارێکی سروشتیە کەوا دێرێك بۆ خۆی دروست بکات و ئەمەی کرد بە دووری دوو مێل لە گوندەکەی خۆی([٧٠٠]).

بەڵام ئیشۆع سورەن دامەزرێنەری دێرەکە دوای تەواوبوونی بینای دێرەکە کارێکی دیکەشی کرد لە دەرەوەی داب و نەریتی باو(لێرەدا پاشکۆیەکی درێژ هەیە بە وردی نووسراوە کە هاوشێوەی زۆر لە مێژووەکەیدا هەیە و ئەمە جێگەی سەرچاوەی باوەڕ پێکردنە بڕیاری دا بیست منداڵی بێ کەس و کار کۆبکاتەوە و لە ناو دێرەکە نیشتەجێیان بکات لەگەڵ ڕەبەنەکان. واتە دەیوست هەتیوخانە بۆ بچوکەکان بکاتەوە کارەکەی بووە هۆی گومان بەرهەڵستی لەلایەن ڕەبەنەکانەوە، و بەرپەرچی ئەم پڕۆژەیان کرد لە بنەڕەتدا بەهۆی ئارەزوو نەبوونیان بۆ ئەو ژمارە نوێیە کە هیچ بەرهەمیان بۆ دێرەکە نیە. ئیشۆع سورەن گوێی بەو بەرهەڵستی کردنە نەگرت و کارەکەی تەواو کرد و بیست منداڵە هەتیوی هێناو لە دێرەکە نیشتەجێی کردن بە پێی دەقە تۆمارکراوەکان لە سەر ئیشۆع سورەن، هەست دەکەین کەوا پەتریك ئیشۆعیابی سێیەم پاڵپشتی کردووە لە دەستپێشخەریەکەی دامەزرێنەر. ئەم کارە پاڵی بە بەتریك ناوە چاو لە ئیشۆع سورەن بکات بۆ کردنەوەی

چـەند مەڵبەنـدێکی تـر بـۆ حەواندنـەوەی منداڵـە هـەتیوەکان لـەناو دێرەکـانی تـردا، بەرهەڵستی کردنی رەبەنـەکانی دێـری بێـت عـاوی بـەهێزترینیان بـوو وە پێداگیریان لەمـە توندتر بوو لەوەی رەبەنەکانی دێری(کوڕ) کاتێك بەتریك تـەنها ویستی قوتابخانەیـەك لـە دێری بێت عـاوی بکاتـەوە. نـازانین لـەلای نەستۆریەکان یـا یەعقوبیـەکان هەتیوخانـەی تـر هـەبووە لـە نـاو دێرەکـان وەك دەردەکـەوێ و بیرۆکەکـە تـاکو ئێسـتا پێمـان نەگەیشـتووە. رەبەنەکان هەردەم دەیانویست کەشێکی ئارام و هێمنیان لە دێرەکـان دا بـۆ فەراهـەم بکرێـت کـە پێویسـتە بـۆ تێڕامـان و هەڵسـان بـە کـرداری خواپەرسـتی و روحـی رەحمـەت و خۆشەویسـتی دراوسـێ. بـە کـردار ئێمـە تێبـینی دەکـەین تۆمـا مەرگـەیی هـەتیوەکان لـە نوێژەکانیدا بەشدار دەکات(٧٠١).

داوای خێریان بۆ دەکات و دەڵێ: تکا دەکەین بەخشندە و سۆزتان لەگەڵ هـەتیوە هـەژارەکان دا هـەبێت و جلوبـەرگی منـداڵی ئـەیوبیان لەبـەر بکـەن و بیانپـارێزن بـۆ ئـەوەی سوپاسـت بکەن. ماڤ یاسایی کلدانی لە کۆندا بایەخی بە هەتیوان نەدەدا جگە لەوانـەی هەنـدێك مـاڵ و سامانیان هەبوو. شێوەی ئەمانـە دەخرانـە ژێـر چاودێری مـەتران کـە بـەهۆی یـەکێك لـە وەسـیەتکەران و رەزامەنـدی خێـزان دەمێنێتـەوە و دەپـارێزرێ و کـاری دابینکردنیـان بـە موڵك وماڵەوە دەدات(٧٠٢).

لـەلای سـریانەکان یاسای کەنیسـە(کەنەسـی) سـورە، بایـەخ بـە هـەتیو و هـەژارە نـەدارەکان دەدات و ئەوەی توانـای خوێنـدنی هـەبێ دەنێردرێتـە قوتابخانـەی مەترانیـە و لـە سـەر ئـەو کەنیسەی سەر بە ئەون پێویستە یارمـەتی بایـەخیان پـێ بـدات جا ئـەوە بـە پـارە و پـول و پێداویستی کـە هەیـەتی یـا بـەو یارمەتیـەی کـە لەلایـەن باوەڕدارانـەوە دەکرێـت هـەر وەك ئەرکێکی ئاینی(٧٠٣).

٤ ـ ئەبرەشیەی حیوتون

رەنگە خوێنەری خۆشەویست ئەو پرسیارە بکات بۆچی باس لـە ئەبرەشـیەکانی زێـی گـەورە بـۆ ناوچـەی ناوەڕاسـت دەکـەین لـۆژیکی باشـتر نیـە ئەگـەر باسـەکەمان بـەرەو هـەوراز بێـت لەگەڵ رێڕەوی زێ لە باشوورەوە بۆ باکوور، لە حدیابەوە، وە بـە ئاراسـتەی سـالاخ، یـا بـەرەو خوار بێـت لەگـەڵ رێـڕەوی رووبـاری زێـی گـەورە لـە بـاکوورەوە بـۆ باشـوور؟ وەڵامەکـەم بـۆ ئەمە ئەوەیە: هۆکارەکەی پاڵی پێوەنام بۆ ئەمە هاسانی لە ناسینیدا و دانـانی هێمـا لـە سـەر شوێنەکان بەتەواوی ئەو کات دەتوانین بچینە سەر ئەبرەشیەکان کـە زانیاریمـان لـە سـەریان کەمترە:

## ناسینی شوێنەکە

ئاشوورییەکان بە(خیبتونا) ناویان ناوە(٧٤٣). ناوچەکە ئاشکرایە لای جوگرافیناسە عەرەبەکان و ناسراوە بە ناوی(حیبیتۆن)([٧٠٤]).

لە کلدانیدا ئەو ناوە هی چیای(برحیوتون) ە و زۆر جاران ئەو دەقە بەو شێوەیە دووبارە دەبێتەوە، ڕێگەی هاسانتر بۆ دیاریکردنی شوێنی ئەو ئەبرەشیەدا ئەوەیە، پشت بە پەرتووکی(العفە) ببەسترێت و ئەو تێبینیە تۆمار کراوە لە ژمارەی(٩٠) کە تایبەت بە(ڕەبەن ڤامئیشۆع) کە دەڵێت(چیای حیوتۆن) کەوا ڕەبەن ڤامئیشۆع دێرەکەی تێدا دابمەزرێنێت دەکەوێتە دووری دە میل لە دێری بێت عاوی تیایدا ئێستا فرگالەکەمان دەگەینەوە لە بەرامبەر بەو دەمیلە و گونجاو بێت لەگەڵ پێوەری نەخشەکەمان دواتر خاڵێك دەستنیشان دەکەین لەسەر کەوانەی بازنەکە، کە دروست بووە لە ئەنجامی ئەو جێگەیەی کە جێگیرمان کردووە دەیکەینە شوێنی دێری بێت عاوی بە مەرجێك بکەوێتە باشووری ئەو(خربا)کەلاوەیەکە دەکەوێتە خۆرئاوای ئاکرێ. لەو خاڵە فرگاڵەکەمان دەچەقێنین لەبەرئەوەی دەقەکانی تر شوێنی حیوتون لە حدیاب دیاری دەکەن واتە لەوبەریتری زێی گەورە بە پێی کەرتی مەرگە. ئەو لایەی کەوا فرگالەکەمان ئاماژەی بۆ دەکات کە دەکەوێتە ڕۆژهەڵاتی زێ شوێنی حیوتون دیاری دەکات.

ئەوەی بە کردەوە پێی هەڵساین تەنها دەستپێوەگرتنێکی نەرم بوو لەبەرئەوەی ماوەی نێوان بێت عاوی و زێ دە میلە([٧٠٥]).

بەم شێوەیە تێدەگەین چۆنیەتی تێپەڕبوونی میتراپۆلیت مارئیشۆعیاب کە کۆمەڵی شەهریکان زۆر لەلایان پەسەند نەبوو کە دەگەڕایەوە لە چیای حدیاب بەرەو کەرتی مەرگە دەچوو بە(حیۆتۆن) دا([٧٠٦]).

هەروەها ئەوەمان بۆ ڕووندەبێتەوە چۆن نەقارەکان(پیشەی ئەو کەسانەیە کەوا کاری بەرد و مەرمەڕ دەکەن([٧٠٧]).

دەچنە کانە بەردەکان لە حیۆتۆن بۆ بڕینی ئەو بەردانەی کە پێویستیانە لە کەپکە گەورەکاندا بۆ ئەوەی گەچی لێ دروست بکەن بۆ بیناکردنی کەنیسەی بێت عاوی([٧٠٨]).

لە دوای بڕینی پارچە پێویستیەکان، ڕەبەنەکان دەیانخستە ناو بەلەمەکانیان و بەرەو هەوراز بەناو ڕووباری(شیڤالالیل) دەیانبرد تا دەگەیشتنە(خەرجاوە) لەوێ بەردەکانیان دەهێنایە خوارەوە، ئینجا بە پشتی کەر و ئێستر باریان دەکرد و بۆ دێرەکە بەسەریان دەخست.

## مەترانەکانی حیۆتۆن

Lequien بابەتی مەترانەکانی حیۆتۆنی کورت کردۆتەوە و بە لیستێك ڕێکی خستووە([709]).

لە تواناماندایە بە دڵنیاییەوە بڵێین هەردەم پشت بە نووسینەکانی ماری بەستراوە. تکایە تێبینی ئەو مێژوونووسە بکە سەرەڕای ئەوەی بە عەرەبی دەینووسی بەڵام شێوازی کلدانی تێدا بەکارهێناوە و دەینووسی(حافتون).

(١ ) ـ داود

مێژووی دامەزراندنی ئەبرەشیەی حیۆتۆن نازانین لە ساڵی ٧٩٠ لەگەڵ ئەبرەشیەی حانیتا دا بە یەکەوە لە بن دەسەڵاتی مەتڕان داود بوون([710]).

مەتران داود بڕیاری خۆکێشانەوەی قەشە نەستۆریۆسی واژوو کردووە کە قەشەی دێری(ماریۆزاداق) بووە و بەوە تاوانبار کراوە بە بدعەی(نوێژکەران)

(بدعەیەك) بلاوبۆوە و لە دوو سەدەی چوارەم و پێنجەم کە تێیدا تاوانبار کراوە.

(٢) ـ دنح ماران

لە ڕەبەنەکانی دێری(ترعێل) و مەترانی(حیۆتۆن) بووە لە ماوەی نێوان ساڵانی ٦٥٠ ـ ٨٢٠([711]).

بەڵام بە پێی ئەوەی بۆ ئێمە دەردەکەوێ ماوەی کارکردن لە سەر کورسی مەترانی لە دەوروبەری ساڵی ٨٢٠ لەبەرئەوەی نووسەری مێژووی دێری بێت قوقا باسی دەکات لەدوای میتراپۆلیت نەستۆریۆس، کەوا هەروەها گەواهی بووە بۆ ئاگاداری گەڕانەوەی واژوو کراو ساڵی ٧٩٠ کە لە سەرەوە باسمان کرد.

(٣) ـ س(ناوی دیار نیە)

ئەو مەترانە کە ناوەکەی نازانین، دەزانین کەوا کراوەتە مەتران لە ڕۆژی حەوتی ئایاری ٩٨٧ کە هەمان ڕۆژە بەدانانی یان مەراسیمی کردنی ماری دووەم بە بەتریك([712]).

(٤) ـ س(ناوی دیار نیە)

ئەمە دووەمین مەترانە ناوەکەی نازانین بەڵام دەزانین کەوا ئامادە بووە لە کۆمکاری مەترانەکان بۆ هەڵبژاردنی بەتریك ئیلیای یەکەم ساڵی ١٨٢٨. هەروەها لەو کۆمکارە میتراپۆلیتی مووسڵ ئامادە بوو([713]).

(٥) ـ س(ناوی دیار نیە)

لەدوای مردنی مەترانی پێشوو سەرەوە ژمارە(٤) ئیلیای یەکەم رەسامەتی بەتریکی لە ساڵی(١٠٣٨ ـ ١٠٤٩) بۆ کرا. ئەم مەترانە وەك خەلیفەی پێش خۆی ناوەکەی لای ئێمە ئاشکرا نیە.

(٦) ـ مەرقۆس

مەتران مەرقۆس ئامادەبوو لە رێورەسمی بەتریك عەودیشوعی دووەم کوڕی ئەریت لە رۆژی ٢٣ تشرینی دووەمی ساڵی ١٠٧٥. دەقەکە بە وردەکاریەوە دیاری دەکات کەوا(حافتۆن) سەر بە سەرۆکایەتی ئەسقەفیەی مووسڵ بووە([٧١٤]).

دوایی ئەمەی دەخاتە سەر و دەڵێ کەوا مەتران مەرقۆس گواستراوەتەوە بۆ دیمەشق وەك میتراپۆلیت([٧١٥]).

(٧) ـ سۆر یشۆع

ئامادەی رێورەسمی دانانی بەتریك مەکیخای یەکەم بووە لە ١٠٩٠/٤/١٨([٧١٦]).

(٨) ـ برسۆم

لەو دەقانەی کەوا Lequien نووسیویەتی([٧١٧]).

دەخوێنین کەوا ئامادەبووە لە رێورەسمی بەتریك برسۆم ساڵی ١١٣٤ کە ئەو کات مەترانی حیۆتۆن بووە. بەلام قەشەی یاسایی Mvan Lantschoot ئەمە دەڵێ وەك پێش خۆی. بەلام ماری و عمرود باسی ناکەن لە ناو مەترانەکان کە ئامادەی ئاهەنگەکە بوون. لە رۆژی ١١٣٩/١١/٢٣، و لە ئاهەنگی رێورەسمی پەتریك عەود یشۆعی سێیەم کوڕی مەقلی([٧١٨]).

هەڵبژێردرا بە مەترانی(حیوتون) بەلام رێورەسمەکەی دواتر بۆ کرا.

(٩) ـ جبرائیل

ئامادەی ئاهەنگی دانانی بەتریك مەکیخای دووەم بوو لە رۆژی ١٢٥٧/٤/٤([٧١٩]).

لە سەدەی چواردەهەم، ئەبرەشیەی حیۆتۆن تاوکو ئێستا دەردەکەوێت لە لیستی ئەبرەشیەکان و سەر بە سەرۆکایەتی هەولێر و ئاشوورە بووە([٧٢٠]).

بەلام ناوی ئەو کەسانە نازانین کە ئەو کورسیانەیان بەکارهێناوە.

٥ ـ شیبتیان

سەمعانی([٧٢١]). سەرۆکایەتی ئەسقەفیەی حیۆتۆن([٧٢٢]). بە شیبتیان تێکەڵ دەکات کە هەردووکیان بەدەردەکەون لەو لیستەی سەرۆکایەتی ئەسقەفیەکانی تێدایە و ئەبرەشیەکان کە پێشتر پەتریك عەودیشوعی چوارەم ماروون پێشنیاری کردبوون نووسیبوونی کاتێك راپۆرتێکی ئامادە کردبوو لە سەر کەنیسەکەی و ناردبووی بۆ پاپا پیۆسی چوارەم ساڵی ١٥٦٢([٧٢٣]).

وا دەڵێ کەوا ئەوانە دەکەونە ژێر دەسەڵاتی ئەو. بە پشت بەستن بەو سەرچاوانەی پارێزراون لەسەر دەلاقەکانی Orientalis Babliotheca سەرۆکایەتی ئەسقەفیەی شیبیتیان مایەوە لە بەردەوامبوونی مانەوەی چالاکیەکانیدا بە درەوشاوەیی تاوەکو ئەمڕۆ بەڵام لە فەرهەنگەکانی مێژوو و جوگرافیای کەنیسە و بەس([٧٢٤]).

ئەوەی دانەرەکان لە سەری کۆك نین دیاریکردنی شوێنی ئەو ئەبرەشیە و دامەزراندنیەتی. ئەگەر حیۆتۆن بەجێبهێڵین هەروەك سەمعانی وەلاوەی ناوە و لە بابەتەکە بکۆڵینەوە بە هێمنی، دەبینین Hoffmann ([٧٢٥]).

پێشنیار دەکات کەوا شوێنەکە لەو ناوچەیەی ناسراوە بە(هیوفتیان ئی سورهاب) دایە. بەڵام لێکۆڵەرێکی کوردی بەناوبانگ پێشنیار دەکات کەوا ئەو شوێنەیە(خیومرتیان) دایە، واتاکەی(شوێنی قەلا) کە دەکەوێتە سەر زێ و مەڵبەندی یەکێك لە ناوچە کوردیەکانە کە ژمارەیان(١٦) ناوچەیە([٧٢٦]).

تاوەکو ئێستا دانە رەسەنەکە بە زمانی کلدانی نەدۆزراوەتەوە([٧٢٧]).

بۆ ئەو بەڵگەنامەیە. بۆیە ئەوەندەمان بەسە بە خوێندنەوەی دەقەکان کە هەر یەك لەمانە نووسیویانە:(تووزی) و(سەمعانی) و (موڕان) و (شەمۆئیل جەمیل). بە پێی ئەو دانەیەی بە زمانی لاتینی نووسراوە کە لە ئەرشیفی فاتیکان دایە کەوا پشتی پێ بەستراوە لیستێك بە ناوی ئەبرەشیەکان رێکخراوە هەر وەك لای سەمعانی و تووزی و جەمیل دا هاتووە. تێبینیەك هەیە تکایە لێی وریابن نووسینەکە لە دانە لاتینیەکە زۆر خراپە و وشەکان شێوێندراون بۆتە هۆی خوێندنەوەی جۆراوجۆر، ناوەکانی سەرۆکایەتی ئەسقەفیەکان لە نووسینەکە جیاوازە لەگەڵ دەستخەتی ئەوەی کە ئەبرەشیەکانی پێی نووسراوە کە سەر بە ئەو بووە.

(هێڵی بە ژێر دا کێشراوە بۆ روونکردنەوە - وەرگێڕ) لەگەڵ ژمارەی زنجیرەیی:

A - سەرۆکایەتی ئەسقەفەکانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی

سەمعانی

١ - ئەربل

٢ - سارافا

٣ - هەنکافا

٤ - شیبتیان

٥ - کرملێس

٦ - ئەکۆسك

٧ ـ نسێبین

٨ ـ ماشازین

٩ ـ تالئیسکاڤ

١٠ ـ ماردین

١١ ـ سعرد

١٢ ـ ئازن

١٣ ـ ئەلکێسن

١٤ ـ زوك

١٥ ـ مصیاری

١٦ ـ کورجیل

١٧ ـ ئشی

١٨ ـ ئامەد

١٩ ـ کارۆکیا(کیارۆکیا)

٢٠ ـ هین

٢١ ـ تامیر

ترزی

١ ـ ئەربل

٢ ـ ساراوا

٣ ـ عەنکاوا

٤ ـ شیبتیا

٥ ـ کانبیریس(کامبیریس)

٦ ـ ئەکورك

١١ ـ سعرت

١٧ ـ ئشی

١٨ ـ ئامەد

١٩ ـ کیارۆکی

٢٠ ـ هاین

٢١ ـ تامێر

شەمۆئیل جەمیل

١ ـ ئەرپبیل
٢ ـ سیرافا
٣ ـ هەنکافا
٤ ـ شیبتیام
٥ ـ کاراملیس
٦ ـ ئەسشوسك
٧ ـ نسێبین
٨ ـ ماکشازین
٩ ـ تال ئیسکانی
١٠ ـ ماردین
١١ ـ سعرد
١٢ ـ ئازی
١٣ ـ ئەلشێسن
١٤ ـ زوك
١٥ ـ مسیارا
١٦ ـ کوجیل
١٧ ـ ئشیی Esci
١٨ ـ ئامەد
١٩ ـ کیارۆکیا
٢٠ ـ ئیهایر
٢١ ـ تانور

B ـ سەرۆکایەتیەکانی ئەسقەفیەکان لە ولآتی فارسیدا

سەمعانی

ترزی

١ ـ ئورمێی سەروو
٢ ـ ئۆسینی
٣ ـ شۆکیا
٤ ـ ئورمێی خواروو
٥ ـ دووترا

٦ ـ سۆدۆز(سۆلۆز)

٧ ـ ئیشهینێرۆك

٨ ـ ئیسبۆرجن

٩ ـ ناری

١٠ ـ سیان

١١ ـ سالماس

١٢ ـ بومار

١٣ ـ شیاباتام

١٤ ـ فاسکام

**شەمۆئیلی جەمیل**

١ ـ ئورمێی سەروو

٢ ـ ئۆلشینی

٣ ـ ئورمێی خواروو

٥ ـ دووره سۆلدۆز

٦ ـ دووره سۆلدۆز

٧ ـ ئیشینۆك

٨ ـ ئیسبۆرکان

٩ ـ ناری

١٠ ـ جینۆ

١١ ـ سەلماس

١٢ ـ باومار

١٣ ـ شیاباتام

١٤ ـ ڤاسکام

پێش دەستپێکردن بە لێکۆڵینەوە و باسی ئەو بەشەی کە مەبەستمانە لەو لیستانەدا، دەبێ ئەوە بزانین کەوا سەمعانی و جەمیل بە لاتینی دەیاننووسی بە پیتی ئیتالی، بەلام ترزی بە ئیتالی دەینووسی هەر برگەیەك(Ch بەرامبەرەکەی لەفزی K و برگەی Sc بەرامبەر بە لەفزی ش(ئەمە وتەی دانەرە ئەوەی پەرتووکەکەی بە زمانی فەرەنسی بخوێنێتەوە)(وەرگێڕ). لە لیستی ناوی سەرۆکایەتیەکانی ئەسقەفیەکانی یەکگرتوو ناوێك

هەیە بۆ سەرۆکایەتی ئەسقەفیەکان:(کیبتیان) و بە پێی سەمعانی و ترزی و یا(کیبتیام) بە پێی جەمیل، رێکخستنەکەی کۆمەڵێك پێك دێنێت بریتیە لە سێ شوێن(گوند، یان شار) و ئەو لە سەرووی ئەو کۆمەڵەیە.

ناتوانین لێکیان جیابکەینەوە، لەبەرئەوەی مەڵبەندی کورسیەکانی پاریدەدەرەکان بووە(شوێنەکانیان تالیین بووە) بۆیە هەردەم لەگەڵ ناوچەی جوگرافی دا بووە، کە سەرۆکایەتی ئەسقەفیەی لێ بووەو پێیوە بەسترابوونەوە. ئەسقەفیە پاریدەدەرەکان ئەمانەن کە دەکەونە ژێر ژمارە(٥): کەرملێس، کامبر، کراملێس و(٦) ئەکوسك، ئەکورك، یان ئەسکوش.

ژمارە(٥) کرەملێس: شوێنێکی ناسراوە و بەناوبانگە لەبەرئەوەی گوندێکی کلدانی گەورەیە دەکەوێتە دەوری مووسڵ. لەبەرئەوەی ئێمە لەو ناوچەیەین، بۆیە قەشە شەمۆئێل جەمیل هەموو مافێکی هەیە بۆ دانانی جێگەی ژمارە(٦) دەگەڕێتەوە بۆ گوندی(ئەلقوش)([٧٢٨]).

کەواتە ئەو شوێنەی دەمێنێتەوە پێویستە بزانین لە کوێیە و دەستنیشانی شوێنەکەی بکەین و سەرۆکایەتی ئەسقەفیەیە و پێویست دەکات گەورەترین گوندی ناوچەکە بێت و دەکەوێتە دەوری مووسڵ و جێگەکەی پێویستە لە نێوان ئەلقۆش و کەرملێس بێت.

دوایین برگەی خوێندنەوەی ناوەکە، یان:(ئان) ئو(ئام) ئەو جیاوازیە کە لای سەمعانی هەیە و ترزی لەلایەك جەمیل لەلایەکی تردا پێویستە ئاگاداری ئەو تێبینیە بین. لە بن ژمارە ١٣ لە خشتەی تایبەت بە سەرۆکایەتی ئەسقەفیەکانی وڵاتی فارس هەمان جیاوازی هەیە لە کاتی خوێندنەوەیبڕگەی کۆتایی ناوەکە بەڵام بە شێوەیەکی پێچەوانەوە. کەواتە دەپرسین کام جۆرە خوێندنەوە پەسندە؟ وەڵامەکەی لای جەمیل دەدۆزینەوە([٧٢٩]).

لەبەرئەوەی بە دڵنیاییەوە پاشکۆی هەیە لە دواییدا: ناوی رەسەنی بۆ شوێنی ئەو سەرۆکایەتیەی ئەسقەفیەی پاریدەدەر ژمارە(١٣)(شابات) بووە.ئەو خاسیەتەی کە پێی دراوە خاسیەتی ناوە بۆ(شیاباتنای) رێکەوتە لەگەڵ بەکارهێنان لەلای کلدانەکان بە پێی ناوچەکە ناونراوە هەروەك باسی دانیشتوانی پایتەختی فەرەنسی دەکەین و پێیان دەڵێین(پاریسیەکان).

هەروەها لە توانامانداییە بڵێی ئەو جۆرە بەکارهێنانە کورتکراوەی سیفەتی لاتینیە(Sciapathan ensisl ) شیاباتان ئینز. جگە لەمە، دەبێ بزانین کەوا لە نێوان کەرملێس و ئەلقۆش گوندێکی کلدانی هەیە و گرنگی زیاترە(تلکێف) ە و بە کلدانی(تلکێبا) و دارشتنی کۆتایی ئەو ناوەمان دەداتێ و دارشتنی(Keptian(Ensis) کیبتیان - ئینز.

ـەگەر لەو دەقانە رابمێنین لە سەر تلکێف، ئـەوەمان بـۆ دەردەکـەوێت کـەوا ئـەو گونـدە زۆر کۆنـە و مەڵبەنـدی کورسـی سـەرۆکی ئەسـقەفیە بـووە. بەهـەرحاڵ پێویسـتە بڵـێین کـە ـەبرەشیەی(کبتیانی) وەهمی بە هیچ شێوەیەك نابێتە حیوتۆن.

- . مارقەرەداخ دووەمین جار

ـەگەر بەدوای رای قەشە(بیتەرس) دا بچین، ئـەبێ لایـەنێك لـە مێـژووی شـەهید(قـەرەداخ) وەلا بنـێین و بیخەینـە خانـەی داسـتانەکان، باسـەکەمان بـۆ لیسـتی مەترانـەکانی حدیابـە، وامان لێ دەکات تێبینیمان هەبێ لە سەر دەرکەوتنی درەنگ بۆ زاراوەی(بێـت مـارِ قـەرەداخ) و ئەمە جەخت لە سەر رای ئاماژە بۆ کراو دەدات.

ئەمە ئەوە دەگەیەنێت ئەمە ئەو ناوە نیە کە دراوەتە کۆشـکی پاڵـەوان مـەلقی. ئـەو هەسـتە دەکەیت. بەلاّم هەبوونی دێرێك بە ناوی ئەو قەدیسە لە کۆتـایی سـەدەی شەشـەم ناچـارمان دەکات پێداچوونەوە بە حوکمەکەمان بدەین. دەبێـت راشـکاوانە بـین و دەڵـێین بـە خێرایـی، ئینجا ئایا پەیوەندی بەو بابەتە هەبێت، یان هەر بابەتێکی هاوشێوە.

رەسـەنایەتی کەسـایەتی قـەرەداخ و شـەهیدبوونی هـیچ گومـانێکی تێـدا نیـە سـەرەرای ئـەو شـێوازە داسـتانە خەیاڵیـەی وەریگرتـووە کـە لـە خوێندنـەوەی ژیاننامـەی نووسـراو لـە چەرخەکانی درەنگدا هەبوونی(مارقەرەداخ) دەخاتە مەحەك.

قەشـە بیتـەرس مـاف خۆیـەتی بـە دوورکەوتنـەوە لـە مێـژووی ناخۆشـی لـە ژیاننامـەی لـەوبارەی ئێسـتاوە، هـەموو لاوێکـی مـیر و سوارچاك و ئـازا لـە شـێوەی(بـەهنام لـە ئاسـوور) و(کفرەشاسب) ی حدیابی و(ئەبای) لە قولیت و قەرەداخ لە مەقلی([٣٠]).

دەبینـین بـەکاری سەرسـورهێنەر هەڵسـاون رەنگـە بـاوەر نەکـەیت لـە زۆری خـەیاڵ و بیرکردنەوە بە شێوەیەك دەکەویە گومانەوە تاوەکو لە نوێژکردنی میللی. لە دەستنووسێك بەناونیشانی(کتاب الملوك) چیرۆکێك نووسراوە لەسەر پێست(مـردوو وەك پێستەکانی کەللە سـەریان نووسـراوە) پاڵەوانـەکانی تـاوەکو ئێسـتاش ئازایـەتی دڵیـان پـڕ دەکـات بـۆ بەرپەرچدانەوەی کوفر و بەدەنگەوە هاتن بۆ موغزمیات.

خۆراگربـوون و بەرەنگاربوونـەوەی هێـز و حاکمـە زاڵمـەکانی نموونـەی شـاپووریان کـرد، تەحـەمولی ئازارەکانیـان کـرد بـە ئـارامی، نـەك وەهـا بـەڵکو بـە شـادومانیەکی راسـتەقینە لەبەرئەوەی چاوەروانی ئـەوەیان دەکـرد دوای شـەهید بوونیـان بگەنـە خۆشـیەکی ئەبـەدی. ئەوەی دەبینـرێ ئـەوە سـەرتووی مێژوویيـە لـە دوای ئـەو هـەموو چیرۆك و ریوایەتانـە کـە جێگەی سەرسورمان و دەربرینە؟

زۆر زەحمەتە بتوانین مێژووەکەمان هەڵسەنگێنین ئەو هەموو ریوایەتانەی کە هەیە لە ژیاننامە و چیرۆکەکانی قەدیسەکان کە چەند سەدەیەك بە سەر نووسینەوەیان و چەند سەدەیەکی زیاتریش بە سەر رووداوەکانیان ئەوەی گرنگە لەمەدا کارکردنیەتی لەسەر داب و نەریتەکان کە پشتاوپشت ماوەتەوە بە قسە کە زۆر کاریگەری بەردەوامی هەیە و بەجۆش و خرۆشەوە بەنووسینەکانی نووسەر و پلەی هەڵچوونیدا([٢٣١]).

باری کۆمەڵایەتی بۆ قەرەداخ ئەوە دەگەیەنێت لەسەرمانە وای دابنێین بەرامبەر میرێکی گەورە(لێرەدا مێژوونووس قەشە جان فیە وتار بۆ خوێنەرەکانی دەدات بە چەمکی ئەورووپی لە ماوەی ژیانی قەرەداخ ـ وەرگێر).

یان بە مەرزەبان ناسراو بوو بۆ ناوچەی بێت گەرمای سەر بە نسێبین ئەو پلە و پایە دەگەڕێتەوە بۆ ئیمپراتۆریەتی فارسی کە حوکمی وڵاتی دوو رووبارەکەی دەکرد ئەو کات. تەنها دەدرایە فەرماندەی بەرپرس بۆ پاسەوانەکانی سنووری حدیاب. ئەوەی ماوەتەوە بۆ ئێمە بۆ ناسینی ئەو کەسایەتیە شەهیدبوونیەتی بەهۆی مانەوەی لەسەر باوەڕدارییەوە بە مەسیحیەت، بۆیە زۆر ماف خۆیەتی رێز و وەفاداری مەسیحیەکانی سەردەمی ئەو بزانین دواتریش رۆڵەکانی ئەوەکانی دوای ئەمان بەڵام کردارەکانی هیچ کەسێك ناتوانین هەڵیانبسەنگێنی و سنوورداری بکات تەنها خوا نەبێت.

با بگەڕێینەوە بۆ سەرگوزشتەی ژیاننامەی قەرەداخ و لێکۆڵینەوەی لە سەر بکەین بە وردی و لە سەرخۆوە ئەوەمان بەدەست دەکەوێت کەوا چیرۆکێکی ئاساییە هاوشێوە لەگەڵ چیرۆکی زۆر لە مەسیحیە سەرەتاییەکان لە پێناو باوەڕدارییان بە مەسیحیەت. قەرەداخ لە ناوچەی حیوتۆن لە دایك بووە کە بابەتی لێکۆڵینەوەکەمانە. لە نزیك ماڵی باوکی پەرستگەیەکی ئاگرپەرستان هەبوو لە ساڵی ٦٠٠ ز. دێرێکی جوان و قەشەنگ لە سەر کەلاوەی ئەو پەرستگایەی بتپەرستەکان دروست کرد ناسراو بە دێری(مارقەرەداخ) ی شەهید. پرشنگی رۆناکی ئەو دێرە هەڵات بەهۆی چالاکیە روحیەکانەوە و بووە هۆی رووناککردنەوەی چیای حیۆتۆن و بێت بەگاش([٢٣٢]).

رستەی کۆتایی لەو دەقەدا ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کەوا شوێنی دێرەکە دەکەوێتە لای باکووری ناوچەی حیۆتۆن. دامەزرێنەری ئەو دێرە کە پێشتر ناسیمان کاتێك باس لە دێری گەچمان کرد لەبەرئەوەی هەمان دامەزرێنەرە و ناوی رەبەن ئیشۆعزخایە خوێندنەوەمان بۆ پەرتووکی(العفه) ئەوەمان بۆ روون دەکاتەوە کەوا چەند دێرێك ناوی(مارقەرەداخ) یان هەیە بەڵام ئەو زانیاریە لە دەقەکانی پەرتووکەکەدا دووبارە دەبنەوە بەبێ ئەوەی بە درێژی باسی بکات([٢٣٣]).

٧ ـ دێری برایان لە سەبسەبا
ناوچەی سەبسەبا دەکەوێتە لای باشوور لە زنجیرە چیای ئاکرێ واتە لەو درێژاییەی نێوان شاری ئاکری و خازر بەلای رۆژئاوا لەو ناوچەیە دێرێك هەبوو ناسراو بوو بە دێری برایان لە سەبسەبا ئەو دێرە لە چیای حیۆتۆن دامەزرا لە دەوروبەری ساڵی ٦٥٠، کە دامەزرێنەرەکەی رەبەن قامئیشۆعە([٧٣٤]).
مامۆستا بوو پێشتر لە دێری(سەهدونا) ی بەناوبانگ و سەرۆکی دێری بێت عاوی([٧٣٥]).
بە پێی زانیاریەکانی، ئەو دێرە لە زێی گەورە دوور نەبووە. لەبەرئەوەی(ئیشۆدناح) وتی ماوەی نێوان هەر دوو دێری ناوبراو و بێتعاوی نزیکەی دە میلە. ئەوە کاتێك باسمان کرد لە پێشەوە لە بارەی زانینی شوێنی چیاکە.(قام ئیشۆع) بەساڵان دا چوو بوو، کە ئەو دێرەی دامەزراند و لەوێش کۆچی دوایی کرد و تیایدا نێژراوە لە دواییدا لە مێژووی دێری بێت قوقا دا هاتووە([٧٣٦]).
باسی گوندی(کادان) کراوە وەك ئەوەیە دەکەوێتە سەر چیای حیۆتۆن بەڵام تا ئێستا نەمتوانیە بیدۆزمەوە([٧٣٧]).
لە سەدەی شەشەم یەکێك لە قوتابیەکانی برعێتە ناوی(نیسانایا) یە خەڵکی(حیۆتۆن) بووە([٧٣٨]). دەرکەوتووە و بە ناوبانگ بووە.
٨ ـ دێری مارگۆرگیس
رەبەنێکی سەردەمی(برعیتا)([٧٣٩]).
لە سەرەتای سەدەی شەشەمی زاینیدا ژیاوە گۆرگیس و برعیتا لە دێری مارِ ئەبراهامی گەورە دەرچوون گۆرگیس جاری یەکەم چووە چیای حدیاب بۆ ئەوەی لەوێ بژی لە ناوچەیەك ناسراوە بە ماینیز ـ Maynis ([٧٤٠]).
رەبەنێکی نوێژکەر و لە خوا ترس بووە، خواردنی لەسەر میوە و گیاوگۆڵ بووە. ئەو(پەرچووانەی) کە دروستی کردووە بۆتە هۆی راکێشانی راستەوخۆی قوتابیان بۆ خۆی دێرێکی دامەزراند نزیك لە گوندی(رویمینی ـ Rumini) ئێمە نازانین ئەو گوندە لە ناوچەی ماینز بووە یان نا. لە دوای دامەزراندنی ئەو دێرە باوەڕدارانی ئەو ناوچەیە زەویەکانیان کردە ئەوقاف لە ئەنجامی ئەو شیفاو چاکبوونانەوەی کە لە سەر دەستی دامەزرێنەری ئەو دێرە هاتەدی کە بەهۆی درەوشانەوەی رۆناکی باوەڕداری و بووە هۆی رۆناککردنەوەی هەر دوو ناوچەی مەرگە و بەیتبەگاش. لە لێکۆڵینەوە لەو رستەیەی دوایی وابزانم شوێنی دێرەکە دبێت لە حیۆتۆن بێت، چونکە شوێنی حیۆتۆن لە حدیاب دا لە رووی جوگرافییەوە دەکەوێتە رۆژهەڵاتی کەرتی مەرگەوە و باشووری کەرتی

بێتبەگاش. مردنی رەبەن گۆرگیس لەو دێرە نەبوو کە دایمەزراندبوو لەبەرئەوەی لە کاتی هەست کرد بە نزیکبوونەوەی مردنی بڕیاریدا دێرێکی تر دابمەزرێنێ.
شوێنی دێری دووەم لە(بێتزێتی) لە ناوچەی(بیرتا) لەلای رۆژئاوای لە کەرتی مەرگە و لەسەر سنووری نەینەواو بانوهەداری گەشەکردوو([٧٤١]).
کەنیسەی مارگۆرگیسی زەیتوون تا ئێستاش هەر ماوە لە گوندی بێریا لە شەمکان. بۆ گۆرگیس دامەزرێنەری دێرەکانی سەروو، رۆلێکی گرنگی گێڕا لە لەناوبردنی مۆنۆفیزیەکان و داگیرکردنی شوێنەکانیان، هەروەها کاریگەری کارای هەبوو بۆ باوەڕهێنانی زۆرێك لە کافرەکان کە لەو گوندانە نیشتەجێ بوون. گۆرگیس یەکەم دێری لە گوندی ریۆمینی لە حدیاب دا دامەزراند وەك دەردەکەوێ ئەو دێرە هەمان ئەو دێرەیە کە ناسراوە بە دێری رامۆنین([٧٤٢]).
ئەم ناوە بە یەکێك لە ئەسقەفیەکان دەوترا کە سەر بە سەرۆکایەتی ئەسقەفیەی هەولێر بووە بەپێی بڕیارەکانی کۆمکاری مارئیسحاق گرێدراو لە سالی ٤١٠([٧٤٣]).
مەترانەکەی تاکە مەترانە کە دەیناسین و ناوی عقوالاها بوو.(شابۆ) شوێنی رامۆنین دیار ناکات. مەنکنا شوێنەکەی دیاری دەکات لەلای باکوری خۆرئاوای هەولێر.
کەواتە دێری مارگۆرگیس نابێ لە حیۆتۆم بێت وەك تێبگەم لەوانەیە رامۆنین ناوی ناوچەکە بێت یا ناوی مەڵبەندە کۆنەکە بێت(؟) و پەیوەندی هەبووە لەگەڵ چیای حدیاب.

٩ - ئەبرەشیەی حنیتا

پێشتر بینیمان لە سالی ٧٩٠ ئامادەبوونی هەردوو ئەبرەشیەی حنیتا و ئەبرەشیەی حیۆتۆن وەك جمك وا بوون. واتە ئەو دوو ئەبرەشیە لە تەنیشت یەك بوون و کەرتی بێت بەگاش دەکەوێتە باکووری حیوتۆن و کەرتی معەلتا دەکەوێتە باشووریەوە. کەواتە ئەوەی دەمێنێتەوە لای رۆژهەلاتیەتی کە حنیتای تێدایە. ئەمە یەکتر دەگرێتەوە لە نێوان ئەوەی دەیزانین و ئەوەی باسی لێوە دەکەین. هەورەها ناوەکە بە کلدانی دەردەکەوێ لە ژێر ناوی(حنیتا) یان(حانیتا)([٧٤٤]).
لە زمانی عەربیدا ناوەکە(قوداما) یە لە ناوەڕاستی سەدەی دەیەم ناوەکەی(حەنایا) بوو([٧٤٥]).
زانینی شوێنی راستەقینەی حنیتا هۆکاری زەحمەتی بۆ زۆربەی دانەرەکانە جا چ بۆ کۆنەکان یان نوێیەکان چونکە هەمیشە چاویان بڕیبووە بەستنەوەی نێوانحنیتا و معەلتا

بۆ زانیاریتان ئێمە تەنها یەك معەلتا دەزانین كە لە بانۆهەدارایە بۆیە دەچوونە ئەو لایە بۆ دۆزینەوەی حنیتا([٧٤٦]).

بە پێی بۆچوونمان:(هۆفمان) یەكەم كەس بووە([٧٤٧]) شوێنەكەی دیاریكردووە لە دۆڵی رونلدز كە لقێكی زێی بچوكی تێدا تێپەڕ دەبێت. ناوچەی حنیتای چیای لەبار بووە بۆ پێگەیاندنی ژیانی رەبەنایەتی. لەسەرەوە باسمان كرد كەوا رەبەنەكان نوێژوڕۆژیان گرت لەو دنیایە و بە ژیانێكی تەنیایی و سكهەڵكوشین لە نێوان تاشە بەردەكان و ئەشكەوتەكانیان دا.

مار نستۆرسیش قوتابی یەكێك لەو رەبەنانە بوو پێش ئەوەی بڕوات و دێرێك بۆ خۆی دابمەزرێنێت لە(دارساب).

پێش چوونە ناو باسەكەمان ئەوەی پەیوەندی هەیە بە لیستی مەترانە وشكەكەم زانستەكان، با كەمێك هەڵوەستە بكەین و ئاوڕێك لەم چیرۆكە بدەینەوە: رووداوەكەی بەسەر رەبەنێك دا هاتووە لە ناوچەی حنیتا ژیاوە لەو ناوەی دەكەوێتە نێوان نیوەی ماوەی سەر رێگا بۆ معەلتا([٧٤٨]).

بەرسەهاتی چیرۆكەكە بەم شێوەیە و دەڵێت ئەگەر دوو كەس ژیابن لە دوو ئەشكەوتی دوو چیای لێك جیاواز زۆر دوور نین لە یەكتری. یەكەم رەبەنێكی تەنیایە بە ناوی مارۆنی و ئەوەی تر ناوی(ئەژدیهایەكی گەورەیە). بەڵام ئەو رەبەنە(مارۆنی) لەو دڕندە گەورەیە نەدەترسا و هیچ رۆژێك ئازاری نەداوە بەهۆی پیرۆزیەوە كە پێی ناسرابوو. لە شوێنێكی زۆر دوور نەبوو لە ئەشكەوتەكان گوندێك هەبوو هەندێك خەڵكی تێدا نیشتەجێ بوون، كە بە بەخێوكردنی مانگاو رەشەوڵاغ خەریك بوون. ئەژدەها كە فێر ببوو دەچووە گوندەكە و رۆژانە مانگایەكی دەڕفاند لە گاڕانی گوندەكە و وەك خواردن پێی دەژیاز خەڵكی گوندەكە زۆر لەمە بێزار بوون و سەریان سوڕمابوو كە چ بكەن بۆ دۆزینەوەی رێگەچارەیەك بۆ دەرباز بوون لەو دڕندەیە و هێرشە بەردەوامەكانی رۆژانەیەوە كە زۆری بەسەركەوتووە ناچار بوون بە گریانەوە هاتنە لای رەبەنەكە و كێشەكەیان بۆ باس كرد. گریانەكەیان كاری كردە سەر رەبەنەكە و سۆزی بۆیان دەربڕی. لەگەڵ خەڵكی گوندەكە كە هاتبوونە لای بۆ یارمەتی دەرچوو، وە چووە ئەو ئەشكەوتەی كە ئەژدیهایەكەی تێدا دەژیا كە زۆر مەترسیدار بوو. كاتێك گوێبیستی دەنگەدەنگیان بوو لە ئەشكەوتەكە دەرچوو بە فیكە فیك و تووڕەبوونێكی زۆر كە بەرامبەر فیشقاندنی هەزار مار دەبوو. دەستبەجێ شێخی قەدیس نەفرەتی لە ئەژدیهایەكە كرد بە چاونوقانێك ئەو ئەژدیها مەترسیدارە لە

شوێنی خۆی رەق بۆوە و دوای ئەوەی کە بوو بە بەردێکی رەق نە جوڵە و نە ژیانی تێدا ما. تا ئەمڕۆ ئەو خەڵکەی بەوێدا تێپەڕ دەبێت ئەو ئەژدیهایە بەردینە دەبینن بە گەورەیی قەبارەی خۆیەوە لە سەر رێگایە([٧٤٩]).

هەروەها بینایەکی بەرزی بەردینیە. ئەوانەی بە رێگادا تێپەڕ دەبن لە ژێر سێبەرەکەی دادەنیشن سەریان سوڕدەمێنێ و سوپاسی خودا دەکەن لە سەر هێز و توانایەوە کە بەهۆی ئەو رەبەنە قەدیسەوە هاتەدی و بە دوعایەکانی ئەمەی جێبەجێ کرد و داوای لێدەکەن نوێژیان بۆ بکات تا لە قەزاوبەلای دونیا بیانپارێزێت([٧٥٠]).

## لیستێك بە ناوی مەترانەکانی حنیتا

ناوی هیچ مەترانێك حنیتا نادۆزینەوە لە دەقەکانی سونهاودسی رۆژهەلاتی. Leqien لیستێکی رێکخستووە ناوی ٥ مەترانی تێدایە لە توانامانداییە ناوی هەندێکی دی بخەینەسەر، بەلام ناتوانین بڵێین لیستەکە تەواوە. هەروەها زانیاریەکانمان جەخت لە سەر مێژووی ناوە یەکەمەکانی ئەو مەترانانە بکاتەوە. لە راستیدا بە گومانێکی گەورەوە لە مێژووی هەولێردا باس لە یەکەم کورسی مەترانی حنیتا دەدۆزینەوە بە ناوی مەتران(زخائیشوع) بووە ئەمە لە ساڵی(١٨٣)([٧٥١]).

هەروەها باس لەو ئەبرەشیە کراوە لە رۆژانی مەترانی هەشتەمی حدیاب(هیرام - حیرام)(٢٢٥ - ٢٥٨)([٧٥٢]).

ئەگەر رای قەشە(بیترس) وەربگرین، ئەو کات شەهید(عقویەشما) کە بە مردن حوکم لە سەر دراوە لە ساڵی ٣٧٨ چانسی نابێت کەوا مەترانی(حنیتا) بێ([٧٥٣]).

لێکۆڵینەوەمان بۆ ئەو قدیسە و کردەوەکانی([٧٥٤]).

سوودمەند دەبین کەوا ئەو قەشەیە زانایەك بووە لە رەبەنەکانی(بولاندێست) Bollandistes پێشتر وتبووی کەوا: کۆمەڵێك بەڵگەی جێگیرکراو راستگۆ نیە وەك بەڵگەی مێژوویی کەوا پشتی پێ ببەسترێ لە کاتی وردبوونەوە و تاقیکردنەوەدا. ئەو مێژووەی کە لە دەقەکان دا هاتووە زۆر زەحمەتە قبوڵی بکەین لە تێکهەڵکێشانی چیرۆکی دا زۆر دژی یەکتر دووبارە دەبێتەوە و کاری ئەستەم دا دواتر ئەوەش دەخاتە سەری:(پەرتووکی ئازارەکانی(ئەسیبسیماس) لە شوێنێکی نزیك ئەربیل تۆمار نەکراوە و لە ناوەڕاستی سەدەی شەشەم تا ئێستاش دیار نەماوە).

دوای ئەوەی قەشە بیترس گفتوگۆی لە سەر بابەتەکە لە دەمەتەقێیەکی دوور و درێژدا کردەوە، دەبینین رەتیدەکاتەوە هەتا ئەو راستیە کە(عقواشم) مەترانی(حنیتا) بووبێت. وە ئەبرەشیەکە بەدەر نەکەوتبوو تەنها لە درەنگ وەختانێك نەبێت. کۆمکاری بەتریك ئیسحاق هیچ ئاماژەیەکی بە شتێك لەم جۆرە نەکردووە لە راستیدا بیانگەکانی بیتریس نەعبارن و لەسەر ئێمەش ئەومیە قبوڵی بکەین بە تەواوەتی و پشتگیری بکەین.

(١) ـ برشەبتا

برشەبتا مەترانی حنیتا بووە لە مێژووی رەبەن قەرەداخ([755]).

ئەگەر وا دابنێین کەوا هەر دوو ئەبرەشیەی: حنیتا و معلتا یەکیان گرتبوو لە کۆتایی سەدەی شەشەم. وە هەروەها ئەو بارەیان لە سەرەتای سەدەی هەشتەم دا. ئەو کاتە دەتوانین ئەوەمان دەست کەوێ ئەو مەترانە هەمان مەترانە ئامادەو بەشدار بووە لە کۆمکاری بەتریك حسقیال ساڵی ٥٧٦ و کۆمکاری بەتریك ئیشۆعیابی یەکەم ساڵی ٥٨٥([756]).

کەواتە پێویستیمان بەوە نیە ناسنامەی ئەو مەترانە بزانین، هەر وەك لە دەقەکانی فەرهەنگی مێژوویی و جوگرافی کەنەسیدا هاتووە([757]).

تایبەت بە رەبەن برشەبتا کە بەم نزیکانە دەیبینین دێرێك دادەمەزرێنێ لە معلتا.

(٢) ـ دیندوایێ

بە چاودێر لە دێری بێت عاوی دامەزراوە لەلایەن یۆحەننان میترابۆلیتی هەولێر لە دوا رۆژ دا. رێورەسمی بۆ ئەم پایە لە نێوان ساڵانی ٧١٤ و ٧٢٨ بۆ کراوە. میترابۆلیت یۆحەننان رەبەن دیندوایی هەڵبژارد تا ببێت بە مەترانی حنیتا و معلتا.

پیاوێکی قەدیس و بە هەیبەت بوو([758]).

پێش مردنی وەسیەتی کرد پەرتووکەکانی موڵکی دێرە رەسەنەکەی خۆی بێ و لەوێش نێژراوە.

(٣) ـ سەرکیس

خەلیفەی پێش خۆیەتی و لە رەبەنەکانی(بێت عاوی) یە و بوو بە مەتران. دوای ئەوەی لەلایەن میترابۆلیت ئەحە دیاری کرا(رەسامەتی لە نێوان ساڵی ٧٤١ ـ ٧٥١) بۆ کراوە([759]).

لە ئەبرەشیەکەی خۆی رایکرد بە هۆی ئەو هێرشەی دێلمیەکان کردیانە سەر سالاخ و حنیتا(کەواتە لە تەك یەکتری بوون) بە مەبەستی تاڵان و برۆ، سەرکیس کۆچی دوایی کرد لە ناو دێرەکەی خۆی لە بێت عاوی.

ئایا هەڵساوە بە دامەزراندنی دێرێك لە حدیاب؟
سەرکیسێك هەیە لە حنیتا ناوی لە لیستی دامەزراندنی دێرەکان دا هاتووە لە ناوچەکەدا. وە ئاهەنگیان بۆ یادکردنەوە دەکرێت لە رۆژی هەینی پێنجەم لە(حەفتانە) بۆ پیرۆزکردنی کەنیسە.
(٤) - رۆستەم
بەناوبانگترین میتراپۆلیتی بێگانەی حدیابە([٧٦٠]).
رکابەری پەتریك ئیشۆعیاب بووە لە سەرەتای دانیشتنی پەتریك تیماتیۆسی یەکەم لە ساڵی ٧٩٠ دا.
رۆستەم مەترانی حنیتا بووە لە بنەڕەتدا. پێشتر ئاماژەمان پێ دا بۆ ئەو مردنە خراپەی کە بووە هۆی دانانی سنوورێك بۆ یاخیبوون و لە رێگا دەرچوونیەوە. دوای سەرکەوتنی تیماتیۆسی یەکەم بە سەر ئەو بێگانەیە، نازانین ئایا دەیویست ئەبرەشیەی رۆستەم لابەرێت لە ناو لیستی ئەبرەشیەکان؟
ئەوەی دەیزانین بە دڵنیایەوە ئەوەیە یەکگرتنەوەی هەر دوو کورسیەکانی حنیتا و حیۆتۆن. کە دەبینین مەتران داود لە ساڵی ٧٩٠ واژووی دەکات لە ژێر ناوی هەر دوو ئەبرەشیەکان دا([٧٦١]).
لە هەمان سەرچاوە دەبینین مەترانێك هەیە بۆ ئەبرەشیەی حنیتا بەس لە سەدەی چواردەهەم.
(٥) - عەودیشۆع
یەکێك لە پاڵەوانەکانی ناخۆشیەکانی هەولێر ساڵی ١٣١٠. یەکێك بووە لە ئەندامانی شاندی گفتوگۆکردن کردن بووە دەربارەی چۆڵکردنی قەلاّ(٨٠١). هەروەها لە ساڵی ١٣١٨ ئەندام بووە لە کۆمکاری تیماتیۆسی دووەم([٧٦٢]). لیستی عەدیشوعی نسێبینی([٧٦٣]). ئەم جارە جەخت دەکاتەوە لەو ماوەیەدا ناونیشانەکە بووە(ناو) ی حنیتا بە جیاکردنەوە لەگەڵ حیۆتۆن.
١٠ - ئەبرەشیەی معلتای زاب
پێش هەموو شتێك پێویستە ئەوە روون بکەینەوە کەوا دوو ناوچە هەیە بە زمانی کلدانی پێیان دەڵێین(معلتا) یان(معلسا) و لە عەرەبی(معلثایا ، یان معلثا) ئەوەی جێگەی

سەرسوڕمانە زیاتر لە دوو ناوچە نیە، لەبەر ئەوەی ئەم تاکە واتای ناوی رەگەز بە واتای(گەروو) یان(دەربەند).
کەواتە لەوانەیە بەکاربهێنرێت بۆ باسکردنی هەر دەربەندێکی سروشتی - لە نێوان دوو چیا - بۆ نموونە: بەرامبەرەکەی بە زمانی کوردی(دەربەند) ە.
بە دڵنیاییەوە ئەو معلتایەی بەناوبانگە ئەومیە کە لە نزیک دهۆك دایە کە دەربەندێك دروست دەکات بۆ بەیەکگەیاندنی هەر دوو کەرتی(بانوهەدار) و(داسن)([٦٤]).
ئەو دەربەندە دەچێتە ناو ئەو رێگەیەی بە سەر رێڕەوی ئاوی زێی گەورە کە لە ناوچە چیاییەکان دا دێت، ئەگەرچی جوگرافی ناسەکان دەڵێن کەوا مەعلتا ناکەوێتە باشووری حیۆتۆن([٦٥]).
ئەمە دەمانخاتە گومانەوە بۆ ئەو بانگەوازە مادام جمك بووە لەگەڵ حنیتا([٦٦]).
وە پێیوە بەستراوە. ئەو خشتەیەی پێشتان بەستنەوە و پەیوەندی نێوان ئەو ناوچانەی کە باسمان کرد روون دەکاتەوە:
مەرگە(المرج)/ بێت بەگاش
حیۆتۆن
حنیتا
معلتا
تاکی بەرامبەر بۆ تاکی کلدانی بە زمانی عەرەبی(معلة) بە یەك جیاوازی دیاری دەکرێت بە زیادکردنی خاڵ و جوڵەی زمانەوانی رەنگە ببێتە(مغلة)([٦٧]).
دوای ئەمە سوپای موسڵمانەکان ناوچەکەی داگیر کرد بە سەرۆکایەتی(عوتبەی کوڕی فرقد) لە ساڵی ٢٠ ی کۆچی - ٦٤١ ز.
کەواتە ئەو ناوچانەی کە بە هەمان ناو ناویان دەبەن - معلتا - دەتوانین شوێنەکانیان بە ئاسانی بدۆزینەوە. بەڵام لەبەر نەبوونی وردەکاری لە دیاریکردنی جوگرافی، زانیاریەکانمان زۆر کەمە با بزانین مێژوونووسەکان و دانەرەکان لە سەر کامیان دەدوێن لە دەقەکانیان کە تۆماریان کردوون. ئەوەی دەیزانین دەستکەوتنمانە لە نەخشەی فراوانی یەعقوبیەکان، بە تایبەتی لە سەرەتای سەدەی حەوتەم، دەتوانین بڵێین مەترانیەی یەعقوبیەکان لە معلتا هەبوو لە ناوچەی دهۆك کە لە کاتی خۆی باسی دەکەین. ئێستا باسی معلتای زابی نەستۆری دەکەین و بەس.

**لیستی مەترانەکانی معلتا**

دوای ئـەوەی بـاری جـوگرافی شـوێنەکە بـە تـەواوی دیـار دەکـەین هەسـت بـە دڵتەنگیـەك دەکەین کاتێك دەمانـەوێت لیسـتی مەترانـەکانی تایبـەت بـەو شـوێنەی پێـی دەڵێن مـەعلتا روون بکەینەوە.

ئەوەی پەیوەندی بە معلتای زاب هەیە، بە دڵنیاییەوە دەڵێین چوار مەتران و ئەمانە: (دیندوایێ و سەرکیس) لە نیوەی یەکەمی سەدەی هەژدەهەم. کە نازناوی مـەترانی حنیتـا هەڵـدەگرن، ئـەوان هـەروەها بـە دڵنیاییـەوە هـەڵگری نازنـاوی معلتـای زابـن، ئەمـە بـە پێچەوانەی دوو مەترانەکەی تر:(عـەود یشوّع)(سـاڵی ٩٦٣)(یاوالاهـا)(تـاوەکو سـاڵی ٩٩٥) کە هەڵگری نازناوی(معلتا و بانۆهەدار) ن بە یەکەوە.

کەواتە لە سەرمانە بیانخەینە ناو لیستی مەترانەکانی معلتای دهۆك. دیـاریکردنی معلتـا کـە ئەو دوو مەترانەی دواییان بۆ دەگەڕێتەوە، وەستاوەتە سەر ئـەوەی بوارمـان بـۆ دەڕەخسـێت بە ڕێکەوت و ئەگەرەوە بەس بەبێ دڵنیابوون([٧٦٨]).

ئەگەرێکی گەورە هەیـە، تـا ئـەو سـێ مەترانـەی خـوارەوە تەنسیب بکـەین بـۆ معـەلتای زاب ناوەکانیـان: یۆحـەننان(لـە سـاڵی ٤٩٧)([٧٦٩]). برشـەبتا(لـە سـاڵی ٥٧٦ ـ ٤٨٥)([٧٧٠]). دواتـر کلیـل ئیشوّع(لە ساڵی ٦٠٥)([٧٧١]).

ئێمـە دەربارەیـان دەخوێنینـەوە کـەوا بەشـداریان کـرد لـە هـەمان کۆمکـاری بـەتریکی کـەوا مەترانەکانی بانۆهەدار بەشدارییان تێدا کرد.

هەرچۆنێك بێـت، ئەگـەر ئـەو بەڵگانـە بۆمـان جێبـەجێ بکـرێن کـەوا بانۆهـەدار و معلتـای دهۆك دوو ئەبرەشیەی سەربەخۆن و لێك جیاوازن بـە هـۆی بارودۆخیانـەوە، بـەڵام واقیعـی حاڵ دژی ئەو ئەگەرەیە.

لایـەنی دووەم پێویسـتە ئـەو تێبینیـە بکـەین، ئـەو مەترانانـەی نازنـاوی مـەترانی معلتایـان وەرگرتـووە و دواتـر دەگوازرێنـەوە بـۆ نەینـەواو موسڵ، چانسـیان باشـترە بـۆ ئـەوەی پـێش گواستنەوە مەترانی کورسی معلتای دهۆك بـن: ئەمـە لـە سـەر(یزدبنـە) جێبـەجێ دەبـێ لە مـاوەی نێـوان سـاڵانی ٥٥٤ ـ ٥٧٦، بـە مـەرجێك ئەمـە خـۆی بێـت(؟)([٧٧٢]). یاوالاهـا لـە سـاڵی ١٠٦٢([٧٧٣]). دواتر مەتران مالاها کە لە دوای ئەو هاتووە([٧٧٤]).

بەلام بە پێی ئەو رێسایەی کەوا باوە لە هەندێك فەرمانگەی دیبلۆماسیدا نامانج فەرمانبەرەکانە کە هەردەم دەمێنێتەوە لە ناوچەی کارەکانیان کە لە هەمان ناوچە و هەرێمدان کە کاریان تێدا کردووە.

دەبینین کەوا ئەو رێسایە لە کولتووری نەستۆریدا پەیرەو نەکراوە.

ئێستا پرسیارەکەمان ئەوەیە، چی دەربارەی ئەو مەترانانە بڵێین کەوا هیچ زانیاریەکی ئەوتۆمان لە بەردەست دا نیە تەنها کەمێك نەبێت، بۆ نموونە:

ئەوان ئامادەی کۆمکاری فلانە و فیسار بوون، یان رەسامەتیان بۆ کراوە لە سەر دەستی بەتریك فلان؟

ئەم بارە لە سەر مەتران شەمعون جێبەجێ دەکرێت لە ساڵی ٥٥٤([٧٧٥]).

مەتران یۆحەننان کەوا رەسامەتی بۆ کراوە لە نێوان ساڵانی ١٠٧٥ ـ ١٠٩٠([٧٧٦]).

مەتران قریاقۆس لە ساڵی ١٠٩٢([٧٧٧]).

مەتران گۆرگیس لە ساڵی ١٢٨٣ بە کردەوە ئەستەمە بتوانین لیستێك رێکبخەین بە ناوی مەترانەکانی معلتای زاب و معلتای دهۆك، بە هۆی تێکەڵاوکردن و ژاوە ژاو و نەبوونی رێکخستن لە ناویاندا.

ئێستا بارەکە درەنگە و لە بار نیە بۆ هیچ کارێك. ئێمە دلگرانین کە نەمانتوانی لاسایی هاورێمان بە توانا و دڵفراوان و چاك قەشە(میشیل لی کن) Miocllequien Quien بکەین و دەڵێین بە بێ سێ و دوو کەوا معلتا دراوسێی نۆهەدار و حنیتا بووە. ئەم قسە و باسە بە دڵنیاییەوە هاسانترە بەلام مومکین نیە. هەر دوو ئەو شوێنانە باسیان نەهاتووە: معلتای زاب یان معلتای بانۆهەدار لە لیستی ئەبرەشیەکانی نەستۆری کە(عەودیشۆع) نسێبینی رێکیخستووە([٧٧٨]). لە سەرەتای سەدەی چواردەهەم.

١١ ـ دێری برشەبتا

لە بەختی چاکەوە، چیرۆکی برشەبتا کەوا دێرەکەی لە خاکی(معلتا) یە دامەزراندووە پێدەچێت ئالۆزی کەمترە، بە پێی مێژووی سعردی([٧٧٩]).

دامەزراندنی دێرەکەی لە زەوی معلتایا بووە، بەلام لە دەقەکانی پەرتووکی(العفة) دەڵێ کەوا شوێنی ئەو دێرە لە معلتا و حنیتایە([٧٨٠]).

ئەو شوێنە وەك دەردەکەوێ زەحمەتی تێدایە لە کاتی خوێندنەوەمان بۆ دەقەکە کە دەڵێ:(ئیشۆع دناح) وتی: برشەبتا بۆ یەکەم جار چوو بۆ ئەوەی ببێت بە سەرۆکی دێری

زێی بچوك لە جیاتی مارزینای دواتر دێرێكی تایبەتی بە خۆی دامەزراند بەلاَم لە وەرگێڕانە فەرەنسیەكە بۆ مێژووی سعردی دەخوێنینەوە كەوا زینای پێش كۆچی دوایی كردنی بەڵێن بە قوتابیەكی خۆی برشەبتا دابوو كە پێشتریش دێرێكی دامەزراند لە خاكی معلتایا.

بەختی باش بووە، كەوا ئەو جیاوازیەی كە هەیە لە دەقە عەرەبیەكە بەتەواوی لەناو چووە و بزرە. دەقە عەرەبیەكە ئەو سوودەمان پێ دەدات:(بەڵێنی دابوو دێرەكەی بداتە قوتابیەكەی، رەبەن برشەبتا، كە دواتر دێرێك دادەمەزرێنێ.. ) كەواتە ژیاننامەی زینای لە سەردەمی بەتریك(سۆر یشۆع) بووە(٥٩٦ ـ ٦٠٤)([٧٨١]).

كەواتەدامەزراندنی دێرەكە لە سەر دەستی برشەبتا بوو لە نیوەی یەكەمی سەدەی حەوتەم. ئەو كاتە پرسیار دەكەین: چ پێویست دەكات بۆ بەستنەوەی پێناسە و ناسنامەی برشەبتا بە مەترانی حنیتا، بۆ زانیاری ناوی شەبتا پێوەرە بۆ ناوێكی بەناوبانگ و دیار لە ناو رەبەنەكاندا([٧٨٢]).

ئەو ناوچەیەی كە پێی دەڵێن(معلتا ـ حنیتا) باسكراوە وەك نیشتمانی رەسەنی رەبەن قەرەداخ. كە بە خزمایەتی دەگاتە باوای گەورە ساڵی ٦٢٨.

گوندەكەی پێی دەوترا(بێت عەرەبایێ)([٧٨٣]).

لەو گوندە قوتابخانەیەك هەبوو پەرتووكی پیرۆزی تێدا دەخوێندراو شرۆڤەیان دەكرد. مەترانی حنیتا ناسراو بە برشەبتا قەرەداخی دامەزراند بە سەرۆكی دێر نە ناوی دێرەكە و نە شوێنەكەی باس نەكراوە.

١٢ ـ بێت قرتوایێ ـ قوردایێ ـ كوردایێ

بێت قرتوایێ ـ قوردایێ ـ كوردایێ واتە وڵاتی كوردان، بەلاَم دیاری نەكردووە بە زەویەكانی رۆژئاوای زێی بچوك، هەروەك پێشتر بۆدج ویستوویەتی([٧٨٤]).

(وڵاتی كوردان لە سنووری شاخەكانی حەمرینەوە بەرەو باكوور دەگرێتەوە كە پێی دەڵێن كوردستان ـ وەرگێڕ).

شوێنەكەی حدیاب و باكووری حدیاب دیاری دەكات، مێژووی رەبەنەكان ئەو كاتە باسی كورد دەكەن كە دووچاری هەژاری و نەداری دەبن. هەروەها باسی ئەوانە دەكات كە شەڕكەری بەتوانا بوون و چوست و جەسوور بوون، لە ناوچەكە زۆر بە خێرایی ژمارەیان زۆر دەبێ و تێیدا نیشتەجێ دەبن بە تایبەتی ئەو ناوچانەی كە دەكەونە دەوروبەری دێری

بێت عاوی([785]). و بێت بەگاش([786]). گوندەکانی مەسیحی بڵاوبوونەتەوە لە ناو گوندەکانی کوردەکان و جێگیرن و پشتگیری دەکرێن. هەر وەك قەشە عەو یشوّع نووسیویەتی: کە کوڕی رەسەنی ناوچەکەیە، و لە بێت قوقا پەروەردە بووە. نازناوی کوردی هەڵگرتووە. واتە(عەودیشوّعی کوردی)([787]).

واتە دەگەڕێتەوە بۆ وڵاتی کوردان ـ کوردستان ـ وەرگێڕ).

هەروەها نیشانەیەکی دیکەش هەیە بۆ ئەو نازناوەی مەتران کلیل ئیشوّع ناسراو بە(کلیل ئیشوّع لە کوردستان) کە ئامادەی کۆمکاری بەتریکی بووە کە لەلایەن ئیشوّعیابی یەکەم لە ساڵی ٥٨٥) بەستراوە، هەروەها(داود) نازناوەکەی(کوردی) ـ قوردایە([788]).

دانەری پەرتووکی(الفردوس الصغیر)(بەهەشتی بچوك)، کە ژیاوە لە سەردەمی تیماتیۆسی یەکەم(٧٨٠ ـ ٨٢٣) لە کاتی لێکۆڵینەوە لە سەر یەکەم مەترانی وڵاتی کوردان، دەبینین ئەو ئەبرەشیەی تایبەت بەو وڵاتە سەرەتا یەکگرتوو بوو لەگەڵ ئەبرەشیەی وڵاتی تیۆس(کە پێیان دەوت(بێت تبیاتا ـ بێت تبیاسا))([789]).(بێت: بە مانای ناوچە دێت ـ وەرگێڕ).

بە هەر دووکیان شوانێکیان هەبوو. ناوەکان ئاماژە بە چیا دەکەن بەڵام بە شێوەی شیعر هەورەها هەر دووکیان یارمەتیمان نادەن بۆ دیاریکردنی نەخشەی ناوچەکە و ئەو شوێنانەی دەکەونە سەری بە وردیەوە.

( ٦ )

## پاشماوەکان( پچڕپچڕەکان )

لەم پاشکۆیەدا هەندێك لە ناوی شوێنەکان کۆدەکەینەوە کە نازانین دەکەونە کوێ ئەگەر بە شێوەیەکی نزیکیش بێت لە شوێنەکە، ئەوەی دەیزانین تەنها ئەوەیە زۆربەیان دەکەونە جێگەیەك لە حدیابدا.

### گردی دارا( تل دارا )

لەم گوندە دا فەرمانی مردن بە سەر قەشە یەعقوب و خوشکەکەی ماری جێبەجێکرا لە ساڵی ٣٤٧ هۆفمان([٧٩٠]). جێگەی شوێنەکەی لە دارا دیاری دەکات کە دەکەوێتە سەر زێی بچوك لە هەرێمی بێت گەرمای، گەرمیان. پێرستی ڕەها([٧٩١]). جەخت لەوە دەکاتەوە کەوا شوێنەکە دەکەوێتە حدیاب، بەڵام(پەرتووکی کردەوەکان) شوێنەکە دەخاتە سەر زێی گەورە ئەگەر ئەو زانیاریە بە واتای ورد وەرگرین ناتوانین شوێنەکە بدۆزینەوە و بزانین کەوا لە(دارای شمشاتی) یە. کەوا(دێری ئەبیشبیرماخ) نزیك لە دێری بێت قوقایە کە دەکەوێتە دووری پێنج کیلۆمەتر لە ڕۆژهەڵاتی زێی گەورە.
پێویستە لە سەرەمان لە شوێنێکی تردا لە دوای بگەڕێین.

### گردی شاریلا( تل شاریلا )

ئەو قەشە یەعقوبەی کە لە پێشەوە ئاماژەمان پێی دا خۆی بەرپرسیاری ئەو گوندە بوو، نازانین ئایا ئەو گوندە دوورە یان نزیکە لە شوێنی سەپاندنی فەرمانی مردن بە سەریدا واتە(گردی دارا).

### مەتران لە ناوچەی زاب؟

دەقە عەرەبیەکەی Opus Chronologicum ی ئیلیای نسێبینی([٧٩٢]).
باسی کەسێکمان بۆ دەکات ناوی یۆنان بووە کاندید کراوە بۆ ئەوەی ببێت بە بەتریك لە ساڵی ٩٠٠. هەروەها دەڵێ ئەو یۆنانە مەترانی زاب بووە،(ئەسقەف زاب). لە ڕاستیدا ئەو وەرگێڕانەی کە لەلایەن Brooks تەواو بووە([٧٩٣]).
بە پێی دەقە کلدانیەکە ئەو بە تەواوی: (مەتران زابی) دەقە عەرەبیەکەی نووسراوە دەخوێندرێتەوە(الزوابی) لە تواناماندایە بۆ خۆمان جەخت لەوە بکەینەوە کەواتە ئەگەر

پێداچوونەوە بەو برگەیەی کە ماری نووسیویەتی([794]). کە بەم شێوەیەی نووسیوە Episcopus Zawabiae ئەبرەشیەی زابی([795]).
دەروانیتە ئەو هەرێمەی دەکەویتە بەری رۆژئاوای دیجلە کە دەکەوێتە نێوان سلۆقیا و کشکەر. ئەم ناوچەیە بەناوبانگە بە زۆری جۆگە و جۆگەلەی ئاودێری و بەکارهێنانی بۆ ئاودێری. ئەمانە ئەو ناوەیان بەخشیە زەوابی([796]).

## گردی نیاحا ـ تل نیاحا

گوندێکە لە گوندەکانی حدیاب بۆ چەند جارێك ناوی لە مێژووی هەولێر دووبارە کراوەتەوە لە سەر دەستی مەترانی حدیاب(شحلوبا)(٢٥٨ ـ ٢٧٣)(؟) هاتوونەتە سەر دینی مەسیحی و باوەڕیان هێناوە بەهۆی ئەوەی شیفای بۆ یەکێك لە کەسایەتیەکانی ئەو گوندە هێناوە کە ناوی نکیحا بووە([797]).
لە نەخۆشی سك چوون. تێدا فەرمانی مردن جێبەجێکرا لە ساڵی ٣٤٤([798]). بە سەر مەتران ئەبراهام، هەروەها بە سەر مەترانی(اربیل) هەولێر ژمارە ـ ٢٠) کە ناوی(حەننانا) بوو ساڵی ٥١١ مار حەننا کوڕی ئەو گوندە بوو بە پێی مێژووی ئەربیل([799]).
ئەوەی جێی داخە نەمانتوانیوە لێکۆڵینە لە سەر ئەو هەموو شەهیدانە بکەین.

## زایرا

لە مێژووی ئەربیل باسی ئەم گوندە کراوە و ئاماژەی پێ کراوە(٨٤٣) کەوا گوندی مەتران هاویل رەسەن بووە. هاوێل شەشەم مەترانی حدیاب بووە لە ساڵی ١٨٣ ـ ١٩٠(؟).
مەسیحیەت چووە ناخیەوە لە تەمەنی منداڵی ئەو مەترانە بەرێزە(منکنا) باسی ئەو شوێنە دەکات کەوا رۆژە رێیەك بە پیادە دوورە لە ئەربیل بە ئاراستەی باکووری خۆرهەڵاتیەوە، رەنگە ئەو گوندەی منکنا ئاماژەی پێداوە ئەو گوندە بێت کە پێی دەڵێن زیرتا کە دەکەوێتە خوار(سەلاحەدین)، بەلام پێدەچێت کە ناوە نوێیەکەی ئەو گوندە لە رەگەکانی تر بێ.

## کاشاز

گوندی کچە شەهید تەقلاو هاورێکانیەتی(دەستە خوشکەکانی) قەشەی گوندەکە ناوی پۆڵس بووە([800]). لە ئاینی مەسیحی هەڵگەڕاوە.

## بێت تەباحا ـ بێت تیباحا

پێشتر شارۆچکەیەك هەبووە لە نزیك هەولێر بەم ناوەوە. فەرمانی جێبەجێکردنی شەهید نەسبسیماس لێدەرکرا لەگەڵ هاورێکانی بە پێی رای قەشە بیترس([801]).

پێدەچێت ناوەکە لە سەر ئەو بنەمایە داندراوە کە بە مانای قەسابخانە دێت. ناوێکی لەبارە و لەگەڵ واقیعەکە دا گونجاوە.

## قەلای بەدیکار ـ قلعە بدیکار

لەم گوندە بەندکردنی هەر دوو شەهید حەنا و یەعقوب لە دەوروبەری ساڵی ٣٤٤ کرا. قەشە بیترس وای بۆ دەچێت([802]). کەوا لە تواناماندایە ئەوە بدۆزینەوە کەوا ناوی(بدیکار) شێوێندراوە بۆ ناوێکی رەسەن کە(بات ـ ئی ـ کار)(یان بەدکار) ـ وەرگێر.

شەهیدەکان لەم گوندە بەندکراون لە کۆشکی حاکمی دەسەڵاتدار بە سەر ئەو چیایە.

ئەسبەرکلتا و بێت نگاری

ئەمانە دوو شارۆچکەن ناویان لە چیرۆکی ئازار و ئەشکەنجەدانی یەعقوب بو ئازاد دا هاتووە([803]). هیچ جارێکی تر ناویان دووبارە نەکراوەتەوە تەنها لەم چیرۆکە نەبێت.

## مشکلیك، کلك مشك، مشکە کلك

کلك مشك، ئەمە ناوی گوندێکە(دەکەوێتە نزیك ئەربیل)(ئێستا گەرەکێکی شاری هەولێرە ـ وەرگێر).

دەربارەی دەخوێنین: شەماسێکی تێدا بووە و ئاینەکەی خۆی گۆڕیوە و بۆتە موسڵمان بەڵام مێژووی ئەو رووداوە نازانین(عۆنیسایەك هەیە) واتە لێرەدا گۆرانیەك هەیە، سرودێکی سروتەکان ، گۆرانیەکی میللی تۆمارکراوە لە دەستنووسێك دا([804]).

دانەیەکی هەیە چاپکراوە لەگەڵ وەرگێرانە ئەڵمانیەکەی([805]).

ئەم عۆنیتایەی باس کراوە بریتیە لە چیرۆکێکی کۆتایی لە دەستنووسەکەدا باس لە چۆنیەتی رووداوەکە دەکات، ناونیشانەکەی لە دەستنووسێکەوە لەگەڵ ئەوی تر جیاوازە. لە هەندێکیاندا بۆ نموونە دەستنووسی کەرملێس بە ناوی(وەردە) یە ساڵی ١٧٤٥ و ناوی گوندەکەی نەهێناوە. بەڵام قەسیدەکە بۆ وەردە دەگەرێتەوە، واتە دانەرەکەیەتی. لە دەقەکانی تردا ناوی دانەرەکە خەملێندراوە بە خەملاندن بە هۆی ئەوەی ناوەکەی بە روون و ئاشکرا نەهاتووە ناوی وەردە بە تەواوی لە بیر کراوە. ئەوەی هاتووە: کۆکراوەتەوە و جێبەجێکراوە بۆ پەرتووکخانەی(دیر السیدة حافظة الزروع) بە فەرمانی(قەشە

شموئیل جەمیل)(ئەم دێرە دەکەوێتە خۆرهەلاتی شارۆچکەی ئەلقۆش و ناسراوە بە دێری
ئەسیدە ـ و نزیك بە دێری رەبەن هورمز ـ وەرگێڕ).
مادام چامەکە دەگەڕێتەوە بۆ وەردە ئەربیلی ئەمە کارێکی ئەستەم نیە تەنها ئەگەر
دەقەکە بدۆزیتەوە و لە دەستنووسێکی کۆنتر لە سەدەی سێزدەهەم. بە پێی ئەوەی هەیە
کۆنترین دەستنووس ئەو دەقەی تێدایە دەستنووسەکەی فاتیکانە لە ژێر ژمارەی ١٨٨
هەروەك سەمعانی ئاماژەی پێ داوە و مێژووەکەی دیاری کردووە لە دوای سالّی ٩٥٠.
ئەگەر وا دابنێین کەوا چامەکە لە دانانی وەردەیە کەواتە دەبێ کۆکردنەوەی دەقەکان
پێویستە بگەڕێتەوە بۆ سەدەی سێزدەهەم. جگە لە ناوی شەماشە ئەبراهام کە بە
رازاندنەوەی شیعر دەردەکەوێت(رازاندنەوە ـ نیگار) پێکدادانی دێرە شیعرەکانە ئەگەر
پیتە یەکەمەکان کۆبکەینەوە ناوی دانەرەکە دەردەچێت یان ئەو کەسەی پێشکەشی کراوە
ئاماژە بۆ هێمایە(وەرگێڕ).
دوای ئەوەی پیتە یەکەمەکانی دێرەکە کۆدەکەینەوە سەرەڕای هەندێك زانیاری لە سەر
خێزانەکەی، چامەکە زۆر بە وردی لە سەر رووداوەکە نەدواوە. هەندێك بۆیان باس کردم
کەوا گوندێکی بچوك هەیە دەکەوێتە نزیك ئەربیل لە بەری رۆژئاوایە ناوی کلك مشکە؟
تاوەرێکی لێیە نەخشەکانی هەیە ئاماژەیان پێی نەداوە.

## بێت قواز ، قەواز

بێت قواز ناوی گوندێکە دەکەوێتە سەر زێی گەورە بەلام نازانین دەکەوێتە کام بەری زێ
یان ئایا دەکەوێتە کەرتی حدیاب یان دەکەوێتە کەرتی مەرگە. یەکێك لە باوەڕدارانی ئەو
گوندە دوو کوڕی هەبووە شەیتان سواری سەر سەریان بووە شیفای بۆ کردن و چاك
بوونەوە([٨٠٦]). لەلایەن سەرۆکی دێری بەرازی ئەو کات.

## ئەشکەوتی مارئەحا

یەکێك لەوانەیە کەوا لە ولاتی یۆنان هاتووە، مەتران بووە و لە رەبەنە گەورە و چاکەکان
بووە، هۆی هاتنی لە ترسی چەوساندنەوە لەلایەن ئیمپراتۆری رۆمانی فالانس (٣٦٤ ـ ٣٧٨)
رای کردووە. مارئەحا لە ئەشکەوتێکی بچوك نیشتەجێ بووە کە دەکەوێتە چیای نزیك
زاب([٨٠٧]). نیشتەجێبوونی لەو ناوچەیە گیانی هێمنی و جەسووری لە دلّ و دەروونی

خەڵکی ناوچەکە زیندوو کردۆتەوە. هیچ ئاماژەیەك بۆ شوێنی ئەم ئەشکەوتە نەدراوە، لە بەر ئەوە نازانین ئایا دەکەوێتە حدیاب یان دەکەوێتە مەرگە.

## دۆڵی سافی ـ صافی

لە سەدەی هەشتەم و لە رۆژانی مارگبرئیل سەرۆکی دێری مارسیبریان هەبوو بە ناوی(قبریانس) پیاوێکی لە خوا ترس لە ناو خەڵوەتگەیەك دەژیا دەکەوێتە دۆڵی ساق([408]). ناوی(بسیۆن) بوو پێشتر ناومان هێناوە کە دەکەوێتە نزیك بە یەك گەیشتنی رووباری زاب بە خازر ناوی(سفایا) یە نزیکی لێکچوونی ئەو دوو ناوە ساق و سوفیا رەنگە لابەلا بێ. دوای کۆچی دوایی کردنی ئەو پیاوە گەورەیە، خەڵکی گوندی(رێشا) هەڵسان بە گواستنەوەی جەستەکەی بۆ گوندەکەی خۆیان بۆ ناشتن لەوێدا ئەمە و هیچ زانیاریەکی ترمان لا نیە.

## قەشە مشیحارەحیمە

بە دڵنیاییەوە لە حدیاب ژیاوە، بەلام نازانین بە تەواوی لە کوێ بە تەواوی ئەم رەبەنە پیاوێکی خودا ناس و مەزن بوو، بە نوێژەکانی مەترانی ئەربیل شفای بۆ هات و چاك بۆوە(مەتران عەبووشتا) لە نەخۆشیەکەی. ئەمە لە دەوروبەری ساڵی ٤٨٦ (؟). مێژووی ئەربیل([409]).

تاکە سەرچاوەیە کە باس لەو پیاوە قەدیسە دەکات بەلام بێ ئاماژە دان بە درێژی و چونیەتی کۆتایی هاتنی داب و نەریتە خۆجێییەکان باس لە چیرۆك و گێرانەوەی دەکەن بەلام رەنگە بتوانین شوێنەوارە راستەکان بدۆزینەوە.

## ناوچەی بێت ئەروعێ

رەنگە پرسیار بکەین شوێنی ناوچەی بێت ئەروعێ دەکەوێتە کوێ([410]).

کە خەڵکی ئەروعاتیای نیشتەجێ بوون([411]).

کە هاوکاری(شەهریکانیان) کردووە لە ساڵی ٧٨٠ و رەتکردنەوەی میتراپۆلیت ئیشۆعیابیان کردووە؟

ئەوەی کە لە سەر ئەو ناوچەیەی دەزانین رەنگە ئەوە شوێنی بێت جا چ لەلای باشوور یان لە رۆژئاوای حدیاب، بە پێی ئەوەی کەوا لە لای رۆژهەلاتیدا(بانی قای) تێدا نیشتەجێ بوونە، و لەلای باکووری چیای حدیابە کە خەڵکەکە بە وەفاو پشتگیری... میتراپۆلیت بوون.

کاتێك واتای وشەی(ئەروعێ) بە(شوێنی بە یەکگەیشتن یان دوو ریان) دا دەنێن، ئەو کات دەتوانین باس لە خزمایەتی بکەین کەوا قەشە بیترس پێشنیاری کردووە([٨١٢]).
لە نێوان ئەو واتایە و نێوان ناوی(قەسر قەرەداخ) کۆشکی قەرەداخ لە چیرۆکی ژیانیدا کەوا لەلایەن باوەڕدارانیەوە دەوترێ. بە تەئکید ئەوەمان بە بیر دێتەوە کەوا چۆن زانا و مێژوونووسی ژیاننامەی قەدیسەکان باس لە تاکی الملتقی بە یەکگەیشتن دەکات.
دەڵێ واتای شوێنی بە یەکگەیشتنە، دوو ریانە، کاتێك دوو لێکدانەوە هەیە بۆ واتاکەی، هەوڵدان بۆ بەیککەیشتنیان بێهودە و بێبنەمایە، بەڵام نابێت هیچ یەکێکیان پەراوێز بخەین.
مادام پەیوەندیەکە هەیە، واتە چەند دوورێیانێك هەیە پێویستە بەدوایاندا بگەڕێین بۆ ئەوەی بمانگەیەنێتە کۆشکی قەرەداخی یەکەم و پێش ئەوەی شوێنی بێت ئەروعێ دیاری بکەین.

## دێری عەود یشۆع

بە پێی رۆژمێری فەرمی کەنیسەی نەستۆری لە سەرووی لیستی ناوەکانی دامەزرێنەری دێرەکاندایە لە حدیاب ناوی(مارعەودیشۆ)ە رەنگە هۆکارەکەشی ئەوە بێت لە هەموویان ناودارتر بووە. بەڵام من تا ئێستا نازانم ئەو دێرە دەکەوێتە کوێ؟ و نازانم ئایا هەبووە یان نا؟ رەنگە بپرسم ئایا(مارقەرەداخ) ە؟([٨١٣]).
ژیاننامەی قەدیسەکان ئەوەی زۆر گەشەی کردووە شوێنەواری ئەو قەدیسەی لە دەست داوە بە تایبەتی لە ماوەی کە(مەرزەبان) باوەڕی هێنا(قەرەداغ) و هەروەها باس لە دامەزراندنی دێر ناکات.
هەروەها یەکێك نیە لە پەرستەکانی عیسا کە ژمارەیان زۆرە(وەرگێڕان بۆ ناوی عەودیەشۆع - لە شێوەی کۆ - وەرگێڕ)، کە لە ژیاننامەی قەدیسەکان دا تایبەت بە سریانەکان هاتووە کێ دێری لە حدیاب دامەزراندووە، لەبەر ئەو هۆیە بابەتی زانینی شوێنی ئەو جۆرە دێرەی(مارعەودیئۆ) و گەڕان و پشکنین بە دوای کەسایەتی دامەزرێنەرەکەی دەخرێتە بەر گفتوگۆ و باسکردن.

# بەشی دووەم

# مەرگە(المرج)

( ٧ )

# زانیاری گشتی

ئـــەو زانیاریانـــەی لەبـــەر دەســـتمان دایـــە ئـــەوەمان پـــێ دەبەخشـــن كـــەوا ناوچەی(نوهدرا)،(نۆهەدار) ناوچەیەكی كاكی بـە كاكیـە و زەویەكـەی بـە پیـت و بەرەكەتـە، بەلأم ناوچەی مەرگە بەبەراورد لەگەڵ ناوچەی نۆهەدار دا ناوچەیەكی تەسك و تروسكە. بـەلأم بەبـەراورد كـردن لەگـەڵ ناوچـەكانی تـردا دەبیـنین ناوچـەیەكی چـڕوپڕ و فـراوان و زەویەكەشی بـە پیتـە و بەرهـەمێكی زۆری هەیـە. ئێسـتا هـەوڵ دەدەیـن ئـەم پرسـیارە وەلأم بدەینەوە: چی دەربارەی مەرگە دەزانین؟ كە پێشتر بەتریك تیماتۆسی یەكـەم لـە سـاڵی ٨٠٠ باسی كردووە، هەروەك لە پێشتر باسمان كردووە؟ و بارودۆخی سروشتی چۆنە؟([٨١٤]).

## جوگرافیای ناوچەكە

هەرێمی مەرگە هەرێمێكی سنووردیار و ئاشكرایە، سنوورەكەی سروشـتیە و ئاشـكرایە. ئـەو دەقانەی كە باسیان كـردووە زۆرن و بـاوەڕ پێكـراون. زانیاریـەكانمان لـە سـەر نـاوی هـەرێمی مەرگە ئەوەیە وشەی(مەرگە) ناوێكی كلدانیە بە عەرەبی بە واتای(المـرج) او(المرعـی) دێـت ـ واتە زەوی پڕ لەوەڕگا و بە پیت، لـە ڕێگـەی سروشـتیەوە ئـاو دەدرێـت واتـە دێمـە تـەنها بـە باران.

هـەرێمی مەرگـەی فـراوان زۆر ناسـراوە لـە سەرچـاوە مەسـیحییەكان دا بـە تایبـەتی لـە پەرتووكی(الرؤساء)، كە لە لایەن تۆما مەرگەیی نووسراوە كە یـەكێك لـە مەترانـەكان بـووە لە سەر كورسی ئەبرەشیەی كەرتی(هەرێمی لە بیر كراو) مەرگە. ئەم مێژوو نووسـە هـەموو مێژووەكانی كۆكردۆتەوە بە تایبەتی ئەوانەی كەوا پەنـدی لێـوەردەگیرێ و پەیوەنـدی هەیـە بـە پیـاوە ناودارەكـان كـە مێـژوو باسـیان دەكـات دوای دەرچـوونیان لـە دێـری بێـت عـاوی بەناوبانگ.

زۆر جار ئەو مێژووە شێوێندراوە لـە بـەر زۆری باسـكردنی جوگرافیـای و مێـژوویی كـە زۆر جار پێویستی بە پاكۆكردن هەیە و لێكدانەوەی وردی دەوێت، ئینجا پشتی پـێ ببەسـترێ بـۆ دیـاریكردنی شـوێنێك یـان جـەخت كردنـەوە لـە سـەر جێگەیـەك. پێشـتر مێژوونووسـەكانی عەرەب ئەو هەرێمەیان بە المرج ـ مەرگە ناوبردووە([٨١٥]).

بـەلام بەسـتویانەتەوە بـە نـاوی(موسـڵ) بـەم شـێوەیە هەرێمەکـە لای ئـەوان ناسـراوە بە(مەرگەی موسڵ)، یان مەرگەی(ئـەبی عوبەیـدە). بـۆ جیاکردنـەوەی لەگـەڵ هەرێمـەکانی تر کە بە مەرگە ناویـان نـراوە. مێـژوونووس(کانـارد)، Canard هەڵساوە بـە کۆکردنـەوەی هـەموو سەرچـاوەکان کـە مێژوونووسـان بـەکاریان هێنـاوە، و کردویەتیـە ئامانجێـك وەك دەرهاوێشـتەیەکی ئامـادە کـراو لەلایانـەوە و ئاخنیویەتیـە نـاو پـەرتووکێك بـە ناونیشانی(حەمدانیەکان) - حەمدانیەکانی سوریا([٨١٦]).

سـنووری هـەرێمی(مەرگـە) ئاشـکرایە، هـەروەك لـە پێشـەوە روونمـان کـردەوە شـێوە ئەندازەییەکەی سێگۆشـەیەکی دوو لا یەکسانە بـە نزیکیـەوە سـەری دەکەوێتـە لای باشـوور ئەو لایەی لە باشوور - خۆرهەلاتی بەرەو بـاکوور - رۆژئـاوای رووبـاری خـازر پێکـدەهێنێت و دەسـت پێـدەکات بـەرەو هـەوارز لـە خـاڵی بـە یەکگەیشـتنی بـە زێـی گـەورە و دواتـر درێـژ دەبێتەوە بە هێڵێکی نیمچە راست و رووباری کۆمەڵ پێکدێنێت، بەلام ئەو لایـەی کە بـەلای باشـوور دایـە - خۆرئـاوا بـەرەو بـاکوور - رۆژهـەلاتی رووبـاری زێـی گـەورە پێکـدێنێ. بـەری دووەمیشی هەرێمی حدیابە.

سنووری باکوور بۆ باڵی سێیەم دیـاری کـراوە بـە زنجیـرە چیاکانی ئـاکرێ و درێژبوونـەوەی بەرەو خۆرئاوا.

لـەو باسـەدا بۆمـان روونـدەبێتـەوە کـە ئـەو هەرێمـە هـەموو مەرجـەکان و خاسـیەتەکانی و پێویسـتی هەیـە بـۆ ئـەوەی بـە هاسـانی و روونـی بناسـرێت بـەلام لـە سـەر ئەوەشـەوە مێژوونووسـەکان بـە مێژوونووسـە نوێیەکانیشـەوە، یـان دوا کـەوتووەکان نـەیاتنوانیوە پێناسـەی ئـەو هەرێمـە بکەن(سێروالیس بـودج) Sir E.Awallis Budge کە ئێمـە قەرزاری چاکەی ئەوین لە وەرگێڕانی پەرتووکی سـەرۆکەکان، وەرگێڕانێکـی نیمچە تـەواو و ورد. بەلام زانیارییەکانی لە سەر هەرێمەکە لە رووی جوگرافییەوە کەم و زۆر نیە([٨١٧]).

نەخشەکانی تەنها داهێنانێکی خەیاڵیە و بەس. پێویستە سەرسام نـەبین کاتێك یـەکێك لـە مێژوونووسـەکان وەك قەشـە Lequien کـە لـە نووسـینەکانیدا پشـتی بـە نووسینی(سـەمعانی) بەسـتووە، هـیچ جیاوازیـەك ناکـات لـە نێـوان(مەرگـە) و(مراغـە). کـە دەکەوێتـە رۆژئـاوای ئێـران - ئازربێجـان، سـەرباری ئـەوەی کـە هـەردوو ناوچـە زۆر ناسراون([٨١٨]).

پشکنینێك لـە نووسـینەکانی Lequien هـەوڵی زۆر دەدات لیسـتی مەترانـەکان رێکبخـات واتـە هـەر دوو هەرێمەکـە و دابەشـکردنی نـاوی مەترانـەکان بـە تایبـەتی هـەر لیسـتێك بـە وردی و بە شێوەیەکی راست و دروست.

سـەرباری تێبینیـەکانمان پێویسـتە دان بـەوە دابنـێین کـەوا بـەختمان هەیـە لـەوەی مێژوونووسەکان نەکەونـە گومانـەوە و دانیـان بـەوە نـاوە بـە هـەبوونی زۆر جێگـە و شوێن. یان هەرێم پێی دەڵێن(مەرگە) و(مەراگا).

وە بەبێ ئەوەی ئەم واقیعە بیروڕایان بشێوێنێ و هـەراو هۆریـا لـە نوسـینەکانیان دەربکـەوێ وای لێبکـات دوورو درێـژبێت، یـا کـەم تێبیگـەین . روونکردنـەوە و بـۆ نموونـە وە بـە پـێ تایبەتمەندی لە مانە : مەرگەی جوهەینە نزیـك گونـدێکی چوڵ بـەو نـاوەوە کـە دەکەوێتـە بـەری رۆژئـاوا لەسـەر رووبـاری دیجلـە بـاکوری گـەیارە، دواتـر مەرگـە، ئـەو مەرگەیـەی دەکەوێتە(بێت عەرمایێ) کە لە رەسـەندا کێڵگەیـەکی دەوڵەمەنـدی قەزبۆیـە([819]). هـەروەها گونـدێك هەیـە لـە نزیـك زاخـۆ بـە نـاوی(مەرگـە)([820]). وە هـە روەهـا ناوچـەیەکی مەرگـەی کوردی هەیە دەکەوێتە سەر رووباری زێی بچوك لە باکوری خۆرئاوای شاری سلێمانی[821]().

دواتریش (مێرگەسوور) و Margana _ merge تاد.

- ناوچەی خۆرهەڵات، وەیا ئـەوەی بـە تـەنها بـە نـاوی (مەرگـە ) ناسـراوە، سـنوورەکەی زێـی گەورە لـە خۆرهـەلات، خـازر لـە خۆرئـاوا، زنجیرە چیایەکانی ئـاکرێ لـە بـاکور کـە سووچـە باشورەکەی لە کۆندا ناسرابوو بە(سەب سەبا ).

ـ ناوچـەی خۆرئـاوا، بـە(بێرتـا) نـاودەبردرێ. لـەو ناوچـەیە دوو شـاری کـۆن هـەبووە بەناوی(بیلاوتیلا) لـەرووی کارگێڕیـەوە دابـەش بـووە بـۆ قـەزای مـەزوری و قـەزای شـێخان. بەڵام سنوورەکەی روباری خازرە لە خۆرهەڵات و روباری کۆمەڵ لە خۆرئاوا.

ـ ناوچـەی دوو دۆڵکـە کـە یـەکیان تەواوکـەری ئەویتریانـە بەوناوانـە(نەهلـە) وە(تـەلانا) یەکـەمیان دەکەوێتـە خۆرهـەلاتی خـازر وە دووەمیـان لـە لای خۆرئاوایـە. شـوێنەکەیان لـە پشت زنجیرە چیای ئاکرێیە بەرەو خۆرئاوا درێژدەبنەوە. لـە سـەرەتادا لـە رووی کەنەسـیەوە ئەو دوو دۆڵە سەربە ناوچەی مەرگە بوون دواتر بـە ناوچـەی داسـن. شوێنی ناوچـەی(بێـت رسـتاقا) کـە(عـێن سـفنێ) و(خـنس) دەگرێتەوە..هتـد لـە رووی جوگرافیـەوە دەکەوێتـە(بانوهـەدار). بـەلام لـەرووی کـارگێری کەنەسـیەوە ئـەو ناوچـەیە بەسـتراوەتەوە بەکـەرتی(مەرگـە) وە. لێکۆلینـەوەمان بـۆ ئـەو ناوچـەیە لەگـەل هەرێمـە سروشـتییەکەی بابەتی باسەکەمان دەبێت لەگەل هەرێمی(بانوهەدار).

## سەدەکانی یەکەمی مەسیحی

زانیاریمان لە سەر مێژووی گشتی مەسیحیەت لە هەرێمی مەرگە کەمە.بۆیە ئێمە بە تەواوی نازانین ناوی ئەو قوتابیەی کەوا مژدەی ئینجیلی گەیاندۆتە ئەو ناوچەیەوە هەروەها مێژووەکەی.لەگەل ئەوەشدا دەتوانین بڵێین کەوا مەسیحیەت زانراو ناسراو بووە لەو هەرێمە لە سەدەی چوارەمی زاینیی دا. ئەمە دەلێین بە پشت بەستن بە ئاماژەکردنێکی وە ها کە لەسەر شاریك هاتووە بە ناوی(قوب) ئەم ئاماژەکردنە ئەوەمان پیدەدا کە وا ئەو شارە تاوەکو سەدەی چوارەم ئەم موژدەیەی قەبوول نەکردووە([٨٢٢]).

وە هەروەها تێبینی ئەوە دەکەین لە هەندیك پەرتووکدا کە لەلایەن رەبەنەکاندا نوسراوە،کەوا چەند گوندیك هەبووە لە سەر بت پەرستی خۆی ماوەتەوە، کە تاوەکو ئیستاش لێرە و لەوێ بلاوبۆتەوە، تاوەکو سەدەی شەشەمی زاینیی و سەرەتای سەدەی حەوتەم([٨٢٣]).

لە واقیعدا و سەرەرای بەردەوامی حوکمی فارسەکان لە ولاتی نیوان دوو رووبارەکە،دەبینین هەبوونی مەجووسەکان لە کۆمەلگەدا تەنها کەمینەیەکی سادە پێك دەهێێنی.لە راسیدا فارسەکان کەمینەیان پیك دەهینا هەروەك لەسەرەوە ئاماژەمان پیدا و کۆسپ نەبوو لە بەردەم هەرێمی مەرگە بە چەوساندنەوە خوێناویەکان کە لەلایەن شاپوورەوە راگەیەنرابوو کە هەموو هەرێمەکانی دەگرتەوە لە ولات دا کە لە ژێر دەسەلاتی دا بوو ئەوەی مایەی سەرنجە لە سەر ئەمە نەبوونی زانیارییە لە سەر قوربانیەکانی ئەم هەرێمە. ئەو زانیاریە کەمانەی کە دەیدۆزینەوە تەنها لە سەرچاوەکانی دواتر دا هەیە، لەوانە: نووسینەکانی عەمرٍ بە زمانی عەرەبی([٨٢٤]). مێژووی سعردی([٨٢٥]).

ئەو دەستەواژە لابەلایانەی لەو دوو سەرچاوەیەدا هاتوون وەرگیراوە لە هەمان ئەو دەقەی پەیوەندی هەیە بە شەهیدبوونی(مارشەمعوون بر سباعی) لە سالی ٣٣٩ ز و لە هیچ سەرچاوەیەکی تردا بوونی نیە([٨٢٦]).

لە کۆتایی سەرگوزشتەکە ئەم رستەیە دەخوێنین کە دەلێت:(ئێمە ئەوەمان بە سەر دا تێپەر بوو بەبێ دەنگیەکی تەواو، ئەو رووداوانەی کە بە سەر باوەرداران دا هات... لە ناوچەی... مەرگە).

لێرەدا پرسیارێك سەرهەلدەدات: کام لەو مەرگانە مەبەستی لەو دەقەدا دەبینین ناوی موسلی دەخاتە سەر بەلام لە راستیدا مووسل ئەو کاتە بوونی نەبووە؟ لەمە ئەوەمان دەست دەکەوێت ئێمە رووبەرووی ماوەیەکی جوان دەبین کە زۆر لە دەقی ئاخاوتنی تێدایە. بەلام لە سەر ئەوەشەوە ئەوەی لای ئێمە روون دەبێتەوە ئەو ماوەیە کە زۆر راستی

تێدا هاتووه بەڵام لە گێرانەوەی مێژوویدا بزر کراوه و شێوێندراوه. بۆیە و بە پێی تێبینیەکانی قەشە بیترس([827]).

ئێمە بۆ راستیەکان هیچ بەڵگەنامەیەکی ئەوتۆمان نیە تا لە سەری بنیاتبنێیت کاتێك باس لەو چەوساندنەوەیەی ئاماژەمان پێیدا دەکەین، گێرانەوە پچرپچڕ و کەمەکان کە لە ویژداندا زیندووه لێرەو لەوێ بە دەستمان گەیشتووه لەوانەیە:(وێنەی تابلۆیەکمان بۆ بکێشێ بۆ ئەو درندەیەی کە هەموو ئیمپراتۆریەتی فارسی گرتبۆوه.

بڵاوبوونەوەی تۆقاندن و تیرۆرو و تۆمارکردنی ئەو کارە نامرۆڤەییانە و کوشت و بڕی بە کۆمەڵ لە هەژمار نایەت و زۆربەی لەبیر کراوه و کەس باسی ناکات).

کاتێك باسی حدیاب دەکرێت، لە پاڵ ژیاننامەی شەهیدە ناسراوەکان دا، زۆر چیرۆك هەیە کە بە درێژی باسی دەکات و ئاماژە بە شوێنە جوگرافیەکانیش دەدات لە پاڵ باسکردنی مێژوویی، ئەو شوێنە جوگرافیانە ناوبانگیان هەیە بە چەوساندنەوەی ترسناك و خوێناوی کە تێدا روویداوه. هەر وەك قەتماغەی سەر برینەکانە و هەڵدەدرێتەوە، لەمانە: بەدواداچوون بۆ شەهیدەکانی(حەدیسە ی مووسڵ - وەرگێر).

کە رەنگی ئاوی رووبارەکە سوورهەڵگەڕا بە رەنگی خوێن لەبەر زۆری خوێنی شەهیدەکان کە دەڕژایە ناوی لە ناوچەی(نتفار - گوێڕ) و دێرەکە ناسراوە بە(دێری شەهیدان) کە لەلایەن سۆریشوع نوێ کرایەوە([828]).

لە شوێنی تریشدا. زۆر بەڵگەی بڵاو هەیە بە درێژایی رێڕەوی رووباری زێی گەورە ئاماژە بەو یادگاریانە دەکەن، بوار نیە بۆ ئێمە و گومانیش کەوا بەری رۆژئاوا ئەو چەوسانەوەی لێ نەبووە کەوا شاپوور رایگەیاندبوو بۆ ماوەی چل ساڵ جێبەجێی کرد. بۆیە ناسراوە بە(چەوەساندنەوەی چلی بەناوبانگ). رەنگە یەکێکمان پرسیار بکەین، کەی ئەو ناوچەیە ناسراوە بە(مەرگە؟)

لە وەڵامدا دەڵێین مێژووی ئەمە بە تەواوی نازانین. لەوانەشە هۆکاری دەرنەکەوتنی ئەو ناوە لە لیستی مەڵبەندەکانی مەترانەکانی نەستۆری کۆندا رەنگە گۆڕانکاری بە سەر ناوەکان دا هاتبێت.

لە سەرەوە کە ناوی کورسی مەترانیەی(بێت بیهقارت) یان(ماهقارت) م هێنا لە ناو کورسیەکانی سەر بە کەرتی حدیاب ساڵی ٤١٠ دا سەرەرۆییم کردبێ و ئەو ناوە لە ناویان دا بزرە ناوی(مەرگە) ئەگەرچی قسەکانیشم هیچ سەلماندنێك نیە پشتگیری بکات بە پێی ئەو تیۆرەی داواکراوە.

هەورەها تووشی شۆك و دڵەڕاوكێ دەبین كاتێك داوامان لێ دەكەن بۆ دیاریكردنی شوێنی كورسی مەترانی مەرگە و بە تەئكید(بودج)([829]). هەڵەیەكی كردووە كاتێك(مەرگە) ی بە حەمزە داناوە؟ و كردوویەتی لە جیاتی كفرعوزێل پێشتر وەك باسمان كرد ئەو شارە دەكەوێتە دەوروبەری نزیك ئەربیل كەواتە دەكەوێتە كەرتی حدیاب لەوانەشە كەوا مەڵبەندی كورسی مەتران لە مەڵبەندی كارگێڕی بووبێت. ئەمە ئەوە دەگەیەنێت كەوا لە ماوەیەك دا بەلای كەم لە بازاڕی یەكشەمە بووبێت. وەك دەبینین لە خوارەوە لە سەدەی هەشتەم یەكێك لە مەترانەكان نازناوی(تەلاوبیلا) ی هەڵگرتووە. ئەو راستیە دەگەیەنێت كەوا مەڵبەندی راستی مەسیحیەكان لە ناوچەی مەرگە بووە بۆ ناوچەیەكی تر كێشاوەتەوە بۆ(ناوچەی بیرتا)، واتە مەرگەی خۆرئاوا و ئەمەش وامان لێ دەكات پرسیار بكەین: ئایا ئەو ئێزیدیانەی كە تووشیان دەبین لە دوا رۆژدا لە ناوچەكەدا نیشتەجێبوون و هەڵساون بە داگیركردنی ناوەڕاستی كەرتی مەرگە لە سەدەی هەشتەمەوە؟

زانیاریەكانمان لە سەر مێژووی ئەو گەلە پچڕپچڕە و زۆر نیە بۆ وەڵامدانەوەمان بۆ ئەو پرسیارە.

## نیشتەجێبوونی مۆنۆفیزیەكان

وا دەردەكەوێت كەوا بیروباوەڕی نەستۆنیەكان رووبەڕووی بەرهەڵستی بۆوە و لە هەندێك گوندی كەرتی مەرگە لە كۆتایی سەدەی پێنجەمی ز دا. ئەنجامی ئەوە بەرگریكردنە لەلایەن نەستۆریەكانەوە بە پێچەوانەوە روویدا، رەبەن مارگۆرگیس سەركردایەتی تێدا دەكرد لە دەوروبەری ناوچەی دێرتا. بەم شێوەیە توانیان دوژمنانیان بۆ دواوە رەوانە بكەن دوای ئەوەی كە هەندێك ناوچەیان داگیركرابوو گەڕایەوە.

بۆیە برعێتە([830]). لە سەر ماف بوو كاتێك پێشبینی كردبوو كەوا لە ناوەڕاستی سەدەی شەشەم لە توانایدایە هەموو باوەڕدارانی نەستۆری ناوچەی مەرگە لە سەر رێبازی خۆیان دا بمێننەوە.

لە راستیدا مۆنۆفیزی توانی رەگی خۆی داكوتێ لە ناوچەی رۆژئاوای كەرتی مەرگە لە كۆتایی سەدەی شەشەمی ز، ئەمە وای كرد كەوا كورسیەكانی ئەسقەف ئەرسەدۆكسی دابمەزرێنن لە ساڵی ٥٩٥([831]).

پێشتر باسی بەرپەرچدانەوەی كۆمكاری سۆریشۆعمان كرد كە لە ساڵی ٥٩٦ بەسترابوو دەربارەی هەڵگەڕاوەكانی مۆنۆفیزی، هەروەها ئاماژەمان بە بڵاوبوونەوەی ئەو

هەڵگەڕانەوەیە کرد کە بووە هۆی دامەزراندنی کورسیەکی ئەسقەف لە حەدیسە تا ببێتە لەمپەرێك بۆ نەوەستاندنی بڵاوبوونەوەی.
لە باسەکەمان تێبینی ئەوە دەکەین و بە پێی ئەو نووسینانەی ئیبن ئەلعبری([٨٣٢]).
کەوا مەترانی یەعقوبیەکان بۆ کەرتی مەرگە شاری(کۆمەڵ) ی کردە گەورەترین پێگەی خۆی کە یەکێکە لە شارە گەورەکانی کەرتەکە لەلای رۆژهەڵات و باکوور لە چیای(ئەلفاف، ئالاف) مەڵبەندی ئەو کورسیە بوو. لەلای جوگرافیناسە عەرەبەکان ئەو شارە ناسراوە بە(پردی کۆمەڵ) بەڵام تۆما مەرگەیی ناوی دەبات بە(کو جمال، کۆجەمال) بەلای منەوە هیچ شتێکم نیە بیخەمە سەر ئەوەی نووسراوە لەلایەن([٨٣٣]).
Honing Mann لە سەر ئەو شارە، بۆ زانیاری یەکەم مەترانی یەعقوبیەکان نازناوی(ئیتئالاها)([٨٣٤]). ئەمە لە سالی ٦٢٩. ئەو ناوەی دوایی تاکە مەترانی ناسراوی یەعقووبیەکانە بۆ شاری کۆمەل کە (برحزبشبا، بر حەزبشەبا)([٨٣٥]). کە لە ئابی (٨١٨) دا بەڵگەنامەی هەلبژاردنی بەتریك واژو دەکات بەناوی (دیۆنیسۆس تەلەحری)، ئەگەر لیستەکەی میخائیل سریانی ([٨٣٦]).
بۆ ئەساقیفیەکان . ئەوانەی لەلایەن ئەو پەتریکە رێورە سمیان بۆ کراوە لە پێش دیونیسیۆس واتە پەتریك قریاقۆس cyriaque بە تەواوی کە ناوی (برحزبشبا) ی تیا نیە ، ئەمە ئەوە دەگەیەنی کەوا رێورەسمەکەی بۆ کراوە پێش ئابی ٧٩٢. جگە لەمە ناوی هیچ مەترانێکی تری یەعقووبیەکان لە مەرگە نازانین .
بلاوبونەوەی بیروباوەری یەعقوبیەکان لە بەری رۆژئاوای مەرگە ئەنجامی روودانی نەدەکرا . بەهۆی ئەمە ئەبرەشیەی (بێت رۆستاقا) ی ئەستۆری جیاکرایەوە لە کەرتی کەنیسەی (بێت نوهەدار) وە کرایە ئەبرەشیەیەك سەر بە کەرتی مەرگەی کەنەسی .ئەم خالە دواتر دەگەرینەوە سەری بۆ ئەوەی لێکۆلینەوەی لەسەر بکەین کاتێك باسی (بێت روستاقا) دەکەین .بەکردەوە ئەمە ئامانجی گۆرانکاریەکانی فەرمی بوو بە ناوی (تاعەتی رەبەنایەتی) بکەن، بووە هۆی بلاوبونەوەی ئارامی و هیمنی لە هەموو ئەو بەرەی کەدروستکرابوو لە نیوان ئەستۆری و یەعقوبیەکان . وە سەپاندنی هێلی کۆتاییە بۆ ناکۆکیەکانی نیوان براکاندا .

## لیستی ئەسقەفیەکانی ئەستۆری

(١) ـ عەودیشۆع

یەکەم مەترانی نەستۆرییەکان لە کەرتی مەرگەدا لە بەرکردنی مێژوو و یادگاری ئەوە([٨٣٧]). ناوی ئەو مەترانە لە ناو ناوەکانی مەترانەکاندایە کە بەڵگەنامەی گەڕانەوەیان مۆرکردووە لە بیرەوەری نوێژکەرەکان کە دەرچووە لەلایەن کۆمکارەوە لە ساڵی ٧٩٠.

(٢) یەعقووب

تۆما مەرگەیی ناوی ئەو مەترانەی هێناوە لە کاتی باسکردنی ئیلیا مەترانی (موقان)([٨٣٨]). لە واقیعدا مەتران یەعقوب داوای کردووە لە مەتران ئیلیا گەشتێك بکات لە ناو چوارچێوەی ئەبرەشیەکەیدا بۆ پیرۆزکردنی باوەڕدارانی و چاکردنەوەی نەخۆشەکانیان. پەتریك(تیما تیۆس) ی یەکەم ئیلیای بە مەتران دامەزراند. ڕێوڕەسمەکەی لە سەر دەستی میتراپۆلیتی حدیاب(نەستۆرس) بوو. ئەمە لەنێوان ساڵانی ٧٩٠ـ٨٢٣ دابووە دواتر ئامادەی ناشتنی مەتران یەعقوب بوو دوای ئەوەی کۆچی دوای کرد مەترانەکە(بەتریك دوای ئەو ئیراهیمی دووەم کە ئەویش خەڵکی مەرگە بوو، دواتریش بوو بەترك لە ساڵی ٨٣٧.

مارەن زخا

مێژوونوس Le Quien ناوی کەسێکی ئاخنیوەتە ناو لیستی مەترانەکانی کەرتی مەرگە بە ناوی(مارەن زخا)([٨٣٩]). بە مەترانی دادەنێت پێش تۆما مەرگەیی لە سەر کورسی مەترانی مەرگە دابوو. هەڵەی ئەو مێژوونوسە لە سەر بناغەی هەڵەیەیە کەوا مێژوونوس(سەمعانی) کردوویەتی([٨٤٠]).

Assemani کە باس لە کەسێك دەکات بە ناوی(مارەن زخا) کەوا ئەسقەفی(مەراغە، Maragae) بووە ئەوەی تۆما مەرگەیی پێمان رادەگەیەنێ([٨٤١]). ئەوەیە کەچۆن ئەم گوێبیستی کردارەکانی مارەن زخا دواوە بە پێشەنگ و مامۆستا بە توانای داناوە، بەلام بەبێ هیچ ئاماژە پێکردنێك کە گوایە مەترانی مەرگە بووە([٨٤٢]).

(٣) تۆما مەرگەیی ـ تۆما المرجي

ژیاننامەی ئەم نوسەرە بەناوبانگە لەلای زۆران ناسراوە . مێژونوس (بدج)([٨٤٣]) کورتی کردۆتەوە . جێگەی پێهەڵگوتن نیە بۆ پێوەرکردن لەونووسینانەی کەوا تۆما مەرگەیی نووسیوتی بەهۆی ئەوەی وردەکاری و ئەمانەتی لە زانیاریەکاندا نەبووە . وە ئێمە ناتوانین بە مێژوونوسێکی راستەقینەی دابنێن. زۆر شوێن باسی دەکات کە دەکەوێتە کەرتی مەرگە وە یا شوێنە دوورەکان نە ناسراوە لەلای زۆر کەس و هەر بوونی نیە بە روون و ئاشکرایی . بەلام ئەمە نیشانەی ئەوەیە کە ئەو بۆ چەند جارێك لە ناوچەکەدا

گەراوە بۆ خۆشەویستی و نیشتمانی پاکەوە . ڕێزگرتنی بۆ قەداسەتی کۆنەکان نیشانەی غیرەتی پەیامەکە بووە کە دڵی پربووە هەردەم وە لەو پێناوە دا بەکاری هێناوە بۆ خزمەتکردنی خەڵك لە کاتی هەڵسوراندنی کاروباری ئەبرەشیەکەیدا . سادەیی وبێ فیزی گەواهی بۆ دەدەن ، بەتایبەتی کاتێك باس لە خودی خۆی دەکات لەنوسینەکانیدا .

(٤) ئیبراهیم ئەبرازا/ابراهیم ابرازا

بەرەچەلەك خەڵکی (بێت گەرمای)یە/گەرمیان ). وە بۆتە مەترانی مەرگە پێش ئەوەی ببێت بە بەتریك لە ماوەی نیوان سالانی (٩٠٥-٩٣٥) بە ناوی ئبراهیمی سێ یەم ([٨٤٤]).

لە عەمرو دا دەخوێنینەوە دەربارەیەوە چیرۆکێکی نیمچە خەیالی تایبەتە بە هەڵبژاردنی بۆ پایەی پەتریکی . کاتێك مەتران بووە لە کەرتی مەرگە وە بەسەردانێك چۆتە مووسل ناکۆکی لە نێوان خۆی و یۆحەننا کوری بەختیشوع میترابۆلیتی مووسل دروست بووە ، بریاریداوە ئەم بابەتە بگوازێتەوە بۆ بەتریك بۆ ئەوەی چارەسەری نیوانیان بکات . لەو کاتەی کەخۆی ئامادە دەکرد بۆ وەرگرتنی کە لەکێك بۆ گواستنەوەی لەمووسل بۆ بەغدا ، کۆچەرێك هاتووتە لای و کیسەیەکی پر لە زێرو زیوی پێ بووە وتویەتی : ئەو هەموو ماڵە وەربگرە لەگەڵ خۆتا و هەوڵبدە بەهۆیەوە کاربکەی بۆ ئازادکردنی برازاکەم کە لە بەغدا بەندکراوە . لە کاتێك کە بۆت نەدۆزرایەوە ، تکایە ئەو ماڵە خەرجبکە بۆ کاروباری تایبەتی خۆت . لە کاتی گەیشتن بۆ بەغدا مەتران ئیبراهیم هەموو هەوڵیکی خستە گەر بۆ دۆزینەوەی ئەو بەندکراوە ، بەلام هەوڵەکانی بێ هودەبوون لە ئەنجامی ئەمەدا مەتران سامانیکی باشی دەسکەوت . ئەو کاتە خۆی توندوتۆڵکرد و دڵی پربوو لەتەماحی بۆ وەرگرتنی دەسەلات . لەبەر ئەوەی لە دوای بیست رۆژ بە گەیشتنی ئەو مەترانە بۆ بەغدا بەتریك کۆچی دوایی کرد ، بۆیە لەکۆبوونەوەی سنهادۆس بۆهەلبژاردنی بەتریکی نوێ ، مەتران ئیبراهیم هەڵسا بە کرینی دەنگی دەنگدەران وە لەوانە کبریئێل میترابۆلیتی جوندیسابور کە یەکێك لە ئوپۆزسیۆنە سەرسەختەکان بووە . لەدوای سەرکەوتنی بە کورسی بەتریکی و دانیشتنی لە سەردا وە وەرگرتنی دەسەلاتەکانی پێی دراوە ، کاروبارەکانی زۆر بە ڕێکو و پێکی و ژیرانە بەرێوەدەبرد ، وە لەماوەی خۆیدا لاپەرەکانی مێژوویی پرشنگداری تۆمارکرد، سەرەرای ئەوەی گومان هەبوو لە چارەسەرکردنی هەندیك دۆزو کێشەدا .

(٥) عەودیشۆع/عەودیشۆ

لەسەر فەرمانێك كە لەلایەن ئەو مەترانە دەرچوو بوو، ئینجیلی پیرۆز دەستنووس كرا بەپێی سرووتی دێری سەرو لەساڵی ١٢١٨. ئەم دەستنوسە لە دێری بێت عاوی لە سەر دەستی رەبەن یاوالاها تەواوبوو لەسەر حیسابی كەنیسەی (بیبۆزی) ([٨٤٥]).

(٦) شەمعوون

مەتران بووە لە (تەلاوبیربیری) لەساڵی ١٢٦٥.([٨٤٦]). یاوەری مەتران یاوالاهای سێ یەمی كرد لە ساڵی ١٢٨٣. لەو دەقانەی خوارەوە تایبەت بەو دەبینین كەوا ئەو مەترانەی كە لەدوای ئەو دێت بۆ (تەلاوبیربیرێ) ناسنامەی مەترانی (تەلاوبیلا) پێناس دەكات . ئەو دووگوندە سەربەناوچەی (بیرتا) ن كەدەكەوێتە ناوچەی مەرگەی رۆژئاوا كە سەر بە كەرتەكەیە. ئەو ناونیشانەی ئاماژەی پێ كراوە بەرامبەر بەوەیە بڵێین مەترانی خۆرهەڵات و خۆرئاوا.

(٧) ـ عەودیشۆع كوڕی مەسعود

تێبینیەك هەیە نووسراوە لە سەرەتای دەستنوسی ساڵی ١٢١٨ كەلەسەرەوە ئاماژەمان پێیدا نوسراوە بە دەستی مەتران عەودیشۆع كوری مەسعود كەبەرەچەلەك خەڵكی كەرملێسە . لەم تێبینیە ئەوە دەخوێنین كە وا چەوساندنەوەیەك هەبووە لەلایەن (نەورۆز) ەوە وەكۆتایی پێ هاتنی كە هاتەدی بەهۆی ئەو نوێژانەی كەوا پەتریك یاوالاهای سێ یەم كردوویەتی و بەرزی كردۆتەوە بۆ خوا. بۆیە مێژووەكەی پێویستە پێش ساڵی ١٢٩٦ بە كەمێك بێت. ئەو نازناوەی كەوا مەتران عەودیشۆع هەڵیگرتووە مەترانی مەرگەیە كە مەترانی(تەلاوباربلا) یە توانیمان پێناسەی مەترانەكە بزانین كە پێش ئەو لە سەر كورسیەكە دانیشتووە.

(٨) ـ ئیشۆعیاب

ناوی ئەو مەترانە لە ناو ناوەكانی ئەو مەترانانە دەدۆزینەوە كەوا واژوویان كردووە لە كاروبارەكانی كۆمكاری تیماتیۆسی دووەم كە لە ساڵی ١٣١١ بەستراوە([٨٤٧]).

لەگەڵ نازناوەكەی مەترانی(تەلاوباربیلا) هەبوونی ئەو كورسیە لەو مێژووەدا بەڵگەیە لە ناو لیستەكانی عەودیشۆعی نسێبینی([٨٤٨]).

نسێبینی باس لە مەتران ئیشۆعیاب دەكات و دەیكاتە سەر بە میتراپۆلیتی چوارەم كە دەسەڵاتەكانی درێژدەبۆوە بۆ سەر ئەربیل و ـ حەزا و ئاسوور ـ مووسڵ([٨٤٩]).

لە لیستی ساڵی ١٦٠٧ هیچ پاشماوەیەك نادۆزینەوە بۆ ئەبرشیەی ئیشۆعیاب. بەڵام لە لیستی ساڵی ١٦١٠ ئەوە تێبینی دەكەین كەوا لە لایەن بەتریك ئلیای هەشتەم ناوی مەرگە بە تەواوی فەرامۆش كراوە. لە جیاتی ئەو ناوە دەبینین ئەو ناوچەیەی كەوا ئەو دوو دێرە

ناسراوەی تێدایە بە ناوی(دێرمارِ عەودیشۆع) و(دێری بێت عاوی) کە دەکەونە مەرگە بە ناوی کوردی(هەکاری)([850]).

لەگەڵ ئەوەشدا دەبینین بەتریکی کلدان لە(سەلامز) دادەنیشت و نازناوی(مارشەمعوون) ە([851]).

کاتێك نامە دەنووسی بۆ پاپا(ئەنۆشنتس) ی دەیەم لە ساڵی ١٦٥٣ ناوی مەرگە دەهێنن وەك ناوچەیەك و بەو هەرێمانەی دادەنێ کە سەر بە ئەبرەشیەکەیەتی بەلام بێ هیچ ئاماژە کردنێك بەوەی کورسی هەیە بۆ مەتران.

لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەهەم دەسەلاتی مەترانی نەستۆریەکان ناسراو بە مارِ ئیبراهیم لە دێری مارِ عەودیشۆع کە دەکەوێتە(نێرم ـ کوندۆك) درێژدەبێتەوە بۆ هەندێك گوندی ناوچەی ئاکرێ و زێبار و مزوری و چیای گارە. شوێنی ئەو گوندانە ناوچەی مەرگەمان بیر دێنێتەوە و بە زەویەکانیەوە کە ناسراوە لە پێشتر و دووردا هەروەك کەرتێکی سەربەخۆ. پێشتر(بادجەر)([852]).

ئاماری کردبوون(مەرگە) لە نێوان شوێنەکانی کەرتەکانی کەنەسی کە لە سەری نووسیوە. بەلام ئەوە باس ناکات کە ناوەکەی تا ئێستاش بە ناوە کۆنەکەیەوەیە. ئەمڕۆ هیچ کورسیەك بۆ مەترانی نەستۆریەکان لەم چوارچێوەیە نەماوە. مەترانیەی کلدان لە ئاکرێ([853]).

(کە مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ یەکگرتنەوەی(بە کاسۆلیك) ـ(وەرگێر). بۆ ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەهەم بەلام لە رووی کارگێری کەنەسی جیانەکراوەتەوە لە هەردوو ئەبرەشیەی ئامێدی و زاخۆ تەنها لە سەردەمی پەتریکی ناودار ماریووسفی شەشەم ئۆدۆ نەبێت لە ساڵی ١٨٥٠. لە نێوان ساڵانی ١٨٩٥ ـ ١٩١٠ ئاکرێ بە شێوەیەکی کاتی لەگەڵ ئەبرەشیەی ئامێدی یەکیان گرتەوە بەلام دواتر لە ئامێدی جیاکرایەوە و نوێنەرێکی پەتریکی بۆ دامەزرێنرا. بەم شێوەیە مایەوە تاوەکو ساڵی ١٩٤٧ ، کاتێك پۆڵس شێخو وەك مەتران بۆی داندراو(دواتریش بەتریکی بابل لە سەر کلدان) مەترانی کلدان لە ئاکرێ و زێبار. ئێستا و لە ساڵی ١٩٥٧(واتە کاتێك دانەر ئەو پەرتووکەی دەنووسی ـ وەرگێر).

مەترانی ئاکرێ و زێبار بەرێز مەتران ئەندراوس سەنا بوو.

ئەم بەرێزە هەموو هاوکاریەکی کردم بۆ زۆر لە وردەکاری بە درێژی کە لەو پەرتووکە دا هاتووە. تکام وایە هیوا و داخوازیەکانم قەبوڵ بکات و سوپاسی بکەم بەرامبەر ئەو هەموو هەوڵ و کۆششانەی.

( ٨ )

# بەشی خۆرهەلاتی لە ناوچەی مەرگە

١ - بێت عاوی

وەك دەبینین بە کەلك نایەت بۆ جارێکی تر لە سەر مێژووی ئەو دێرە بەناوبانگە بدوێین لە پێشەکی پەرتووکی سێرW.A.Walis Budge لەسەر ئەودێرە لەگەل وەرگێرانی پەرتووکی (الرؤساء) بۆ زمانی ئینگلیزی دەبینین هەولیداوە بۆ دووبارە نەخشە کێشانی شوینی دێرەکە . ئەمە ئەوە دەگەیەنی کەوا بێ سودە هیچ پاشکۆیەك بخرێتە سەریەوە لەلای ئێمەوە هەروەك لە پێشەوە تەئکیدمان لێکردوە . بەلام لەسەر ئەوەشەوە، واپێوست دەکات چاوێك بەجوگرافیای ناوچەکەدا بخشێنین کەوا ئەو زاناو رۆژهەلاتناسەی ئینگلیزی پشتی پێ بەستووە .هەر لە دیاریکردنی شوێنی دێرەکە بەپێی رای خودی خۆیەوە ([٨٥٤]).
وا لە خوارە وە باسی دەکەین ،هەولدەدەین پاشکۆی دریژو تەواوکەر لە سەر مێژووی دێری بێت عاوی بۆ ماوەی دوای سالی ٨٣٢ بخەینە سەر .

## مێژوونووس بودج شوینی دێرکە دیاریدەکات:

لە لێکولینەوەی پەرتووکی بودج دا ([٨٥٥]). بەوردی و قوولیەوە هەست بەوە ناکەین دلتەنگ بوو بێت لە دیاریکردنی شۆینی دێری بێت عاوی وە تاوەکو ئێستاش ماوە و بەبێ هیچ گۆرنکاریەك بە سەر ناوەکەیدا ، وە هەروەها هیچ لێکۆلینەوەیەکی لەسەر ناسنامەی (شۆش) ی ئیستا نە کردووە .وە پەیوەندی بە(باشۆش) کەوا تۆما مەرگەیی باسی کردووە ، وە نە لە ناسنامەی (شارمن) کە پەیوەندی هەبووە لەگەل (شەملات)و هیتریش. ئەوەی مێژوونووس بودج کردوویەتی خستوویەتیە سەر نەخشەکە لە پەرتووکەکەیدا جێگیری کردووە بەدوو هێلی تەریب بۆ گوندەکانی هاوشێوە .بەپێی ئەمە بۆدج شوێنی دێرەکەی خستۆتە سەر چیایەك کە زۆر دوورنیە لە زێی سەرەوە، دەورە دراوە بە زەوی بەسوود بۆ گوزەرانی و هێمنی .ئەوەی لە دەقەکەدا دەردەکەوێ ناوەکانی تیا هاتووە کە ئاماژەی پێکراوە و پەیوەندی بە دێرەکە هەیە، ئەوەمان بۆ روون دەبێتەوە کە دێرەکە دەکەوێتە سەر لووتکەی ئەو چیایەی کە دەکەوێتە نێوان دوو دۆل. لە ودۆلەی کە دەکەوێتە بەری رۆژهەلات روباری زێی سەروو ی پێدا دەروات . بەلام ئەو دۆلەی کە دەکەوێتە بەری خۆرئاوا روبارێکی بچوکی پێدا دەروات. لە پرسیار کردن دا چ هۆکاریك پالی بە بودج ناوە بۆ دیاریکردنی شۆینی دێرەکە نزیك بە رووبار؟ وە روباری زێی گەورە بەو روبارە دادەنێ.

لە وەڵامدا ئەمەیە: بە پێی ئەو دەقانەی کە هەیە، بۆدج تێبینی ئەوەی کردووە کەوا خەتەر ئاکەکانی لافاو کەپێشتر بینای یەکەم دێری ڕامالیوە، وە هەروەها یەکەم کەنیسەش.([٨٥٦]).

بۆیە بودج ئەوەی دەخاتە سەر:(لێرە لافاوی ڕوبار هەیە ) بەلأم لەواقیعدا مەبەست لە دەقە پێشەیەکەیدا لافاوی ئاوە. ئەو دووروبارەی بەو دوودۆلەدا کە لە نیوانیاندا یەکەم کەنیسە دروستکراوە کە زۆربە بەسەرکەشی و خۆڕاگریدا هەبوو. زۆر سروشتی و ئاشکرایە کەوا ئاوی باران و لافاوی زۆری بەهاران لەناکاو و بەتەوژم دەبێت خاوەنی هێزو توانایەکی زۆرە بۆ ڕمالینی هەرشتێك و بەربەستێك کە دەکەوێتە پێشیەوە، وە بەخێرایەکی سەرسورمێنەربەبێ مانەوەی هیچ دڵۆپیك پاش ماویەکی کەم بەلام لەهاوین دا ئاستی ئاوەکە زۆرنزمەوە هەندێك جار وشکایی تەواوە لەو دوودۆڵەدا. بەهۆی باوەربوونی بودج کەوا پێویست دەکات بۆ زۆربوونی ئاوی ڕوبارێك لەنزیك دێرەکەدابۆیە یەکسەر ڕوودەکاتە روباری زاب‌ڕای خۆی لەسەر ئەوە دارشتووە کەدەینووسی،([٨٥٧]).

دەڵێ ئەو بەردانەی پێویستە بۆ دروستکردنی گەچ بۆ دروستکردنی کەنیسەکە بۆ جاری سێیەم بەکەلەك دەیان هێنا بۆ ئەو بەری ترەوە لەرێگەی روبارەکە، دواتر بە پشتی کەرو ولأغ دەیانگواستەوە بۆ بەسەرەوە کەدێڕەکەی لێیە.ئەوەی ئاشکرایە کەوا شوێنی(کان)ی دەرهێنانی بەردی گەچی ئیستای بچووك لە ئاکرێ و خەردس قولایی کەمە، وە ئەمە ئەوە دەگەیەنێ کەوا زۆریان نەبردووە ئەگەرچی چەند سەدەیەکی بەسەردا تێپەڕ بووە.سەرەڕی ئەوەی کەوا گوندی(خربە) لەرووبای زاب دوورە بەنزیکەی پێنج وەیا شەش کاتژمێر بەپیادە ڕۆیشتن،ئەم ماوەیە زەحمەت نەبووە لەلای ڕەبەنەکانی سەدەی هەشتەم، وە هەروەها بەم شێوەیە نەبووە بۆ کوردەکان و مەسیحیەکان کەلەو ناوچەیە نیشتەجێن تاوەکو ئەمڕۆ.لەسەر ئەم خالە بودج([٨٥٨]). تێبییەکی بەجێهێشتووە و دەڵێ:کاتێك ڕەبەنەکانی ئەلقۆش ویستیان دێڕەکەیان دووبارە ئاوەدانی بکەنەوە لە ساڵی ١٩٨٠ ناچار بوون کەوا بەردی گەچی پێویست لەوشوێنانە کەوا چەند میلێك لە دیرەکە دوورە، بۆیە هیچ کێشەیەك نیە بۆ ئەوەی شوێنی دێرەکە نزیك رووباری زاب بێت. جگە لە وەی پێشتر، دەلێم ئاماژەیەکی دەرونی هەیە کە کاریگەری هەیە لەسەر هەر کەسێك کار لەگەل ئەو سەرچاوە مێژوویە کۆنانە دابکات: ئەگەر زاب نزیك بە دێرەکە بێت ئەوا رۆڵێکی گەورە لە مێژوو دەگێرێت لە ژیانی رەبەنەکان(قەدیسەکان) باشەکان و پەرچووەکانیان. زانیاریمان لەسەر هەندێکیان هەیە، دەڵی ئەوانە لە رووبارەکە تێپەر دەبوون وە بۆ چەند جارێك بە پیادە بەسەر ئاوەکە هەروەك بەرێگەیەکی وشکانی دا. لەناو ئەوانەدا(رەبەن یوسف) کە

جارێك ویستویەتی دەربکەوێ تواناکەی بەسەر رووی ئاوی رووباری زاب دا، ویستویەتی بچێتە ئەو رووبارەی کەهەیە لە نزیك دێری رەبەن(ئیشوّع زخا)([٨٥٩]) بۆ ئەوەی بچیتە لای(مارنرسی) و(مارقریاقوس) کە راهێنانیان بە رۆیشتن لەسەر رووی ئاوی رووباری دیجلە دەکرد لە نزیك(بەلەد)([٨٦٠]).

تایبەت بەو لقە رووبارەی کە دەرژێتە دۆلی روژئاوا، کە ناوی لای بودج نەهاتوە، ئەوە رووباری خازرە([٨٦١])، ئەمە بەپێ ئەو نەخشەیەی کەخۆی کێشاویەتی. وە بەپێی ئەو تێبینی یەی هاتووە([٨٦٢]). لە دەقەکەدا ناسنامەی رووبارەکە دەردەکەوێ(رووباری خازر)ە بە ئامازەکردنێك بۆ سحربازێکی ژن کە مێوژی گۆریوە بۆ زەنگە سوورە و لەناو روبارەکە خنکاوە لەبەر ئەم تاوانەی کە کردویەتی سزادراوە. ئەم چیرۆکە لە دەرەوەی بازنەی باسەکەمانە کە لەسەر دێرەکەیە. بەپێی ئەوەی لەپێشەوە، ئەبێ ڕای بودج وەرنەگرین بۆ دیاریکردنی شوێنی دێری(بێت عاوی) وە لەسەرمانە لێکۆلینەوە لە شوێنی ئەو دێرە بکەین.

## توخمەکانی دیاریکردنی شوینەکە

لە سەرەتادا، دەمانەوێت ڕوونی بکەینەوە کەوا دێری بێت عاوی دەکەوتە باشووری گوندی(خربە)([٨٦٣]). بودج ئەمەی نەزانیوە، بۆیە ڕایەکەی لەگەل با دەروا، لەبەر ئەوەی گوندی خربە زۆر ناسراوە، دەکەوێتە دووری سێ چارەگە کاتژمێر بەپیادە لە ئاکرێ وبەلای باکوری خۆرئاوای. داب و نەریتی خۆجێی شوێنی دیرەکە دەخەنە نزیك گوندەکە لەناوچەیەك کە ئاستەکەی نزمترە.ئەوەی دەوترێ ئەوەیە: دەبینین ئەو داب و نەریتە خۆجێییە بنچینەی مێژوویەکان و شوێنەوارەکان دەسەلێنی.بەلام، لە پێش هەموو شتیکدا، لەرووی پرۆگرامەوە پێویستە لەسەرمان لەم وتە بەناوبانگە دوربکەوینەوە کە خەلکە ساویلکەکە دەیلێتەوە دەربارەی شوێنیك وە شوێنەواریك گوایە(زۆرکۆنە) ئەم ووتەیە رەنگە تەنها چەند سالێك بیت و بەس. ئەوەی پەیوەندی بە بابەتەکەمانەوە هەیە (دیاریکردنی شوینی دێرەکەیە) پیوێستە زۆر وریا بین لەو پروپاگەندانەی کەیەکێك لە قەشەکان وتی لە گوندی خەرجاوە لە دیاریکردنی شوێنی دێری بێت عاوی ،لەبەر ئەوەی هیچ بەلگەیەکی باوەر پێکراوی نیە. ناوی ئەو قەشەیە (پۆلس )ە لە سالی ١٩٤٧ کۆچی دوایی کردووە . وە بەناوبانگە بە هەولەکانی لە سەر خوێندنی پەرتووکی تۆ مامەرگەیی و هەولدانی بۆ دیاریکردنی شوێنەکان بەخێرایی و بێ دیتنی و باس کردنی کە ئەمەوا دەکات گوند نشینە ساکارە کان باوەری پێ بکەن. سەرچاوەی زۆر لەو قسەلۆکانە کە لێی

تێدەگـەێن! ئـەوەو ئـەوێ (دابوونـەرێتی کۆنـە ) وەبلاّوبـۆ تەوەلـە هەمووناوچـەی ئـەو قەشـەیە. بابگەرێنـەوە بـۆ هۆکارەکانی دیـاریکردنی شـوێنەکە،کە تۆمـا مەرگـەیی پێـداوین: ئەوناوچانەی کـە باسـیکردووە ئەودانـەرە (تۆمامەرگـەێی ) زۆرن: قـەلای بچووك. بـەپێ ی رای بودج ئەو قەلایە کۆشکێکی قەلایی بووە ،وە لەوانمیە شوێنەکەی هەنـدێ جار لـە بـەری دووەمی ڕوباری زاب بوو بێت و لە توانادایە لە دێرەکە ببینرێ([٨٦٤]).

هەنـدێك جـار وە بـەپێی نەخشـەکەی لـەنیوان زاب و خـازر وە لـە هـەمان بـەری لای دێرەکە،جگە لەمـە(تۆمامەرکـەیی) بـەوە باسـی دەکـات کـەوا (قـەلای بچوك) بەسـتراوەتەوە بەئەشکەوتی ڕەبەن (ئیشۆع داد) کە دەلێن دەکەوێتـە سـەر لوتکەی ترۆپکـی ئـەو چیایەی دەکەوێتـە نیـوان هـەردوو دۆلەکـە. شـوێنەکەی دەکەوێتـە لای راسـت لـە سـەرکەوتن بـەرەو سەرچاوەی کانیاوەکە، وە بەرامبەر بە قەلاّکە پێی دەلّێن (بچوك)([٨٦٥]).

لـەکاتی چـوونت بـۆ گونـدی خربـە، لـەوێ دانیشـتوانی ناوچـەکە دەبیـنین وە بـە تایبـەتی سەرۆکی گوندەکە بـەرێز(دنحا) ئامـاژە بـەدوو لوتکە دەکـەن بـەبێ سـێ و دوو کـە دەکەونـە نزیـك گوندەکـەیان پێیـان دەلـێین(قـەلاّ) وە لـە هەمانکاتـدا ئـەم ووشـەیە بـۆ لوتکـەو قەلاّبەکاردێت، لوتکەی یەکـەمیان ناسـراوە بـە (لوتکـەی گـەورە)(نـەك بەقـەلای گـەورە) کـە بەرزترینی ئەو دوو لوتکەیەوە لە توانادایە ببینی لـەلای بـاکوری خۆرئـاوا کـە تەماشـایان دەکـەی لـە سـەربانی مەترانیەکە.بـەلاّم دووەمیـان پێـی دەلّێن(لوتکـەی بچـوك) شـوێنەکەی نزیکترە لەگوندی خربە.ئەو گەشتەوانەی کە لە ئاکرێ وە دێت بـەرەو خربـە تێپـەر دەبێـت بە لێواری دامـێنی چـیایەکە، کـە لوتکەکـەی بەسـەرەوەیە، تـاوەکو ئـەمرۆ، وە لەبـەر ئـەوەی ئەشـکەوتەکە دەکەوێتـە ترۆپکـی لوتکـە چـیاکە درێژدەبێتـەوە بەتـەریبی ئـەو رێگایـەی دەکەوێتە دوو دۆلەکە بەرامبەر لوتکەی بچووك. ئەم ئەشکەوتە هیچـی لێنەماوەتـەوە تـەنها کـەلاوەکانی نـەبێت وا بـاوە کەئـەو ئەشـکەوتە دەگەرێتـەوە بۆرەبـەن(هـورمزد) ئـەم رەبەنـە بەناوبانگـە لـە ناوچـەکەیە دێرەکـەی کـە دەکەوێتـە نزیـك ئـەلّقۆش. بـەلامپێش ئـەوە، ئایـا پێویست ناکـات ئەشـکەوتەکەی ڕەبـەن ئیشـۆع داد بناسـین لـەو دەوروبـەرە دابنـێین یەکـەم؟ گریمان ئەم شتە راسـتە، لەسـەرمان پێویسـتە دێیەکە بدۆزینـەوە شـوێنی جێگەکـەی دیـاری بکەین و لێکولینەوە بکەین لەوەی بگوازینەوە لە دۆلێك بـۆ دۆلێکی تـر([٨٦٦]). بـۆ ئـەوەی لە ئەشکەوتەکە بەرەو دێرەکە بچین. پێناسـەکردنی ناسـنامەی(دۆلـی دخیـا)([٨٦٧]). بـۆ چـوونی زیاتر هەیـە، ئـەم نـاوە بـزرە بـەلام بـەپێ مـن ، مـن لایـەنگری ئـەوەم بـەدانانی ئـەم دۆلـەی دەکەوێتە نێوان ئەشـکەوتی (ئیشـۆع داد)ـ هـورمزد وە لوتکـەی بچـووك. لـە واقعـدا تـاوەکو ئێستاش شوێنێك هەیە لەم دۆلە ناوی(قەشە یوسف)ی هەیە. ئەم جێگەیـە دەکەوێتـە نێـوان

درەختـەکانی قـەزوان (درەخـتی قـەزوان: درەختێکـە لـق و پـۆپی زۆرە قـەزوان و بـاوی و بادەمچـە، لـە قەدەکـەی مادەیـەکی راتنجـی دەردەهێنـری زۆر بۆنـدارە و بـەکاردەهێنـرێ - وەرگێڕ) وەپێش تێپەڕبوون بـە جۆگـەی ئـاوی خربـە، کاتێـك لـە ئـاکرێ دەردەچین. رەنگـە پرسیار بکەین: (ئایا ئەو قەشە (یوسف)ە هـەمان ئەمیـە کـە تۆمامەرگـەیی باسـی دەکات کـە هەلساوە بـە دروسـتکردنی پـە رسـتگایەك (خەلۆمتگـە) لـە پێش باغچـەیەگی(کێلگەیـەکی) بچووك دەکەوێتە دۆلـی دخیـا. دواتـر قەشـە یوسـف باسـی دەکـات لـە یـەکێك لـە دەقەکانـدا درێـژبووبوو کـاتی نوسـتنی دوای نیـوەرۆی بەسـەردەبرد لـە بـەردەم پەرسـتگاکەیدا، دوای هێرشکردنێك بۆ سـەر دێرەکـە لەلایـەن کوردەکانەوە.مێـژوونوس بودج،جێگەکـە دیاردەکات کـە دەکەوێتـە بـەرزایی قـەلای بچـووك وەك شـوێنێك بـۆ پەرسـتگای رەبـەن نرسـای. بـۆ جێگیربوونی ئەو رایە، دانەر ناچارە شێوەی ئاوەلناوە کەچاك بکاتـەوە (بچوك)(بـۆ نێرینـەو مێنە) لەبەر ئەوەی جیاوازی نیـە لـەم بارەیـەوە لـە سیغەی دروسـت بـوونی زمانـەوانی بـۆ ئاوەلناوی کلدانی(ئارامی ـوەرگێر).لەداب و نەریتەکان باس لەو پەرستگایە ناکات . پێویسـتە بە دوای بگەڕێین لەلای رۆژهەلاتی دێرەکە. رەنگە شـوێنەکەی نزیـك بـەدرەختی زەیتونەکـە بێت کە چێنـراوە لەلایەن (بچوکترین نەوەی) قەدیس لـە دامـێنی یـەکێك لەلووتکەکانـدا. لـە جێگەیـەك کـە دورنیـە لـە ئەشـکەوتەکەی رەبـەن نـرسـای، پەرسـتگایەکی لێبـوو دەگەرایـەوە بۆ(مارقریاقۆس) کە رەبیەك دەکەوێتـە لای باکوریەوە،لە سـەر ئەربیـە دا جێگەیـەك هەیـە پێی دەلێن (گەپادکۆریاکێ) Geppa Dkoriake کەرەنگە بـەو واتەیـە بێـت(ئەشـکەوتێك دەگەرێتەوە بۆ ناوی قریاقۆس بووە بەلام نەناسراوە. ئەو ئەشـکەوتە دەکەوێتـە جێگەیـەکی بەرز لە سەر ئەو لوتکەیەی ناسراوە بە(لوتکەی گریگۆمێ/کریـە کومیـە) بـەلأم شـوینی ئـەو ئەشکەوتە دەکەوێتە رۆژئاوای دێری بێت عاوی. لە هەمانکاتدا لە هەموو دەقەکانـدا هـاتووە کەوا ئەشـکەوتەکەی مارقریـاقۆس دەکەوێتـە رۆژهـەلأتی دێرەکـە. لەمـە بۆمـان دەردەکـەوێ لەوباردا شوینەواری ئەشکەوتی رەبەن نرسای([٨٦٨]) وە مارقریاقۆس بزر دەکەین. بـەلأم(گـەبا دکۆریـاکێ) دەگەریتـەوە بـۆ قریـاقۆس دواناسـنامە بزرکـراو. ئـەوەی تێبـینی دەکرێ.ئـەو جێگەیەی پێی دەلێن (جـیر کهنی/گردکـەهنێ) چـەندجارێك نـاوی دەهینـرێـت وەك ئەوەیـە دەکەوێتە زۆر نزیکی دێـری بێـت عاوی.مێـژوونووس بـودج([٨٦٩]). هـەر بەهـەوای نـەفس ئـەو نـاوەی وەرگێراوە بـۆ (عـین القـیر/ کـانی قـیر) بـەلأم واتـای ئـەو نـاوە دیـار و سـادە و سـاکارە بە(گرد ـ تل/ تل الکهنە ـ گردی قەشان/ وەرگێڕ).

لە بەراییدا وای بۆ چووم کـە لـە تواناداپـە ناسـنامەی ئـەو شـوێنە بناسـین بـەپێی:(ئـەرعات قاشی ـ زەوی قەشان) کە دەکەوێتە لای باکووری خۆرئاوای گوندی خربـە، وە لـە ناوچـەیەك

ـەرزترە لە گوندەکە. بەلام ئەو جێگەیە ناگونجێت لەگەڵ ئەوەی تۆما باسی کردووە. لە ڕاستیدا(گرد کەهنی) شوێنەکەی بەرامبەر بە دێرەکە بووە بەلام لە ئاستێکی نزمتردا، بە هۆی پێویستی چوونە خوارەوە بۆی لە کاتی ئارەزوو بوون کە بچێتە ئەوێ. سەرەڕای ئەوەش لە توانادایە لە سەر بانی بەتریکخانە بەشێکی ببینین([٨٧٠]). بە کورتی لەو ناوچەیە ژمارەیەك لە ئەشکەوت و پەرستگا هەیە([٨٧١]). دوای هەڵسانگاندنی ڕووداوەکان پێم وایە ئەو ناوە تایبەتە بە هەندێك گرد و تەپۆلکە کە بلاوبۆتەوە بە درێژایی لای باکووری باشووریدا، کە دەکەوێتە ڕۆژئاوای دێرەکە. کوردەکان بەو شوێنە دەڵێن(سێ گردکان) واتە(سێ گرد، سێ تەپۆلکە). ئەگەر بابەتەکە بە وردی تێرامانی بۆ بکەین دەبینین هەموو هێڵەکانی باسەکە بە سەر ئەو شوێنە جێبەجێ دەبێت، بەلام شێواندنێك هەیە لە ناوەکەیدا ئەوە شتێکی سادەیە و ئەنجامی سروشتیە بۆ ئەو سەدە یەك لە دوای یەکانە و جیاوازی ئەو خەڵکەی لەوێ نیشتەجێ بووە ناوەکەی گواستۆتەوە بە پێی زمان و تێگەیشتنی خۆیانەوە. ناوی(کانی ڕەبەنان)([٨٧٢]).

کە بە تەنیشتیدا تێپەڕ دەبوون کاتێك لە گردکانی دەهاتن و دەچوونە دێرەکە، هیچ شوێنەوارێکی نەماوە لەو شوێنانەی ئێستادا(شوێن باسکردنێکی زمانەوانیە، یان مێژووییە بۆ ڕچەڵەکی ناوەکانی شوێنە جوگرافیەکان ـ وەرگێڕ).

زۆری کانیاوەکان و جۆگەلەکانیان کە بە ناوچەکە دا دەڕوات وامان لێ دەکات توانامان نەبێت بۆ خستنەگەڕی هەوڵی تر بۆ دیاریکردنی شوێنەکانی ڕەبەنەکان بە وردی.

پێشتر ئاماژەمان بە کانیاوێك دا بە ناوی(کانی دێر)، تۆما دەربارەی ئەم کانیە دواوە و شتێکی باس کردووە بۆدج تێی نەگەیشتووە بە شێوەیەکی ڕاست([٨٧٣]). وتوویەتی: ئیشۆعیاو بنێرە کە کێ(نۆکەندەکە هەڵدەکەنێ) لە توانادا بێت زەویەکانی پێ ئاو بدرێت بە درێژایی ڕێڕەوی جۆگەکە. بەلام لە ڕاستیدا ئەو ویستوویەتی ئاوی کانیەکە بەرێتە ناو تەنکیەکی ئاو لە دێرەکە دا. یان وەك خەڵکی ناوچەکە دەڵێن(گلدانەوەی ئاوەکە). ڕێڕەوی کەناڵەکە لە کۆن دا هەیە و لە سەر دەمانێکی زۆرەوە. بەلام یەك جار لە هەفتەیەکدا ـ ئەو ڕۆژەش یەکشەممەیە ـ ئاوەکە گل دەدەنەوە و ئاراستەی دەکەن بەرەو تەنکی دێرەکە بۆ پڕکردنەوەی و هەروەها ئەو گلدانەوەیە کە بۆ ئاوە کەمەکان دا دەکرێت هەر وەك(باکۆس) یش دەیکرد ئەمە کارێکی نوێ نیە. باکۆس شێخێکی شۆخ و شەنگ بوو زۆر حەزی بە گاڵتە کردن و مەکرکەری هەبوو.

حەفتانە لێراهاتبوو کە بەشی خۆی ئاوەکە ببڕێ لەو ئاوە بۆ ئاودانی درختە زەیتوونە تایبەتیەکانی خۆی کە زۆر لە دڵیدا ئازیز بوو. لیستێك لە ناوەکان دا ماوە و زیندووە و

بەکاردەهێنرێت ئەگەرچی ١٠٠٠ ساڵ بەسەر بەکارهێنانید ا تێپەڕ بووە، واتە لە ڕۆژانی تۆما مەرگەییەوە.

ناوی ئەو زەویانەی(بێت حەببا) تاوەکو ئێستاش دەوتری بە سەر زمانەوەیە لە ڕێگەی ناوی دار زەیتوونە بەناوبانگەکە بەناوی(درختی حەببا) و شوێنەکەی نزیك گوندی خربەیە. هەروەها دەربارەی ئەو ڕێگەی لێژ دەبێتەوە کە دەکەوێتە نێوان سەری کانی و بێت عاوی کە ئێستا پێی دەڵێن(ڕێگەی شیکۆن، شیکون)([٨٧٤]).

بەلام شوێنەکە پێی دەڵێن بەردە تشینیکیٚ) کە دەکەوێتە سەر ڕێگەی سەرکانی تێپەڕدەبێت بەو ناوچەیەی دەکەوێتە سەرووی گوندی خربە. ئەو ناوچانەی تر کە تۆما ئاماژەیان بۆ دەکات هیچ شوێنەوارێکیان نادۆزینەوە لەوانە: باخچەیەکی زەیتوونی فراوانی سەر بە دێرەکە([٨٧٥]).

خەرمانە ناسراوەکان بە ناوی(ئیوزی دەباراس) کە ئاماژەیە بۆ سنوورەکانی کۆتایی بۆ موڵك و ماڵی دێرەکە([٨٧٦]).

پاوانەکانی ناو دارستانەکان کە بە ناوی دێرەکە و سەر بە دێرەکەن، عاوی وشەیەکی ئارامی ـ سریانیە بە عەرەبی واتە دارستان ـ وەرکێڕ).

لە ڕووی جوگرافیەوە دەکەوێتە ئەو دۆڵەی نزیك گۆڕستانەکە، کە ئەویش شوێنەواری نەماوە([٨٧٧]). هەروەها شوێنەواری(تلادزالیٚ) بزرە([٨٧٨]). و (بازێوە، بازیوە)([٨٧٩]).

جگە لەو هەموو شوێنانەی کە شوێنەوارەکانیان بزر بووە، لەمانە: ئاشی(باوردا)([٨٨٠]).

کە موڵکی بەتریکخانە بووە دەکەوێتە نزیك(شارمن).

وە هەروەها دێرێك ناسراوە بە(دێری مەلعونان) و بە پێی ئەوەی دەوترێ بە هیچ شێوەیەك ڕەبەنی تێدا نیشتەجێ نەبووە. ئەم دێرە وەلا نراوە بە پێی داب و نەریتی نویٚ لە مێژووی بێت عاوی. ئەو دێرە کەسێك دروستی کردووە بە ناوی(هۆگر) لە جێگەیەك دەکەوێتە نێوان(شۆش) و(شارمن) و شوێنەکە ناسراوە بە(هوێگر ئاباد)([٨٨١]).

دواتر پێویستە ئاماژە بە بزربوون و نەمانی دارچنارەکان و شوێنی بتەکان بدەین کە لادراون لە پێناو دروستکردنی یەکەم بینایە بۆ دێرەکە، کە لەلایەن(ئیشوٚع دناح) ئاماژەی پێ دراوە لە نووسینەکانیدا([٨٨٢]).

## سێ کەنیسەکەی دێری بێت عاوی

لەو ماوەیەی کە پەرتووکی(سەرۆکەکان) باسی دەکات، لە دێری بێت عاوی سێ کەنیسە دروستکراوە یەك بە دوای یەك. سەردەمی ئەو کەنیسانە دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی شەشی

زەینی. بینایەکان بەکەرپووچی وشك بووە؟ شۆێنەکانیان لەنێوان دوو دۆلەکە بووە لەسەر بەرزاییەکی باش دروستکراوە بۆ ئەوەی پارێزراو بێت لە بەردەم تەوژمەکانی ئاوی بارانی وەرزی کە دێت و کە زۆر جار هەڕەشەی هەلکەندنی دەکات لەبناغەوە(٣٨٣).

ناوەراستی سەدەی حەوتەم، بەتریك (ئیشۆعیابی سێیەم) پەیکەری کەنیسەیەکی دووەمی دروستکرد بەخەرجکردنی پارەیەکی چاك،دیوارەکانی کەنیسە نوێیەکە ئەستورو بەهێزبوون، لەپێناو جێ بەجێکردنی ئامانجی پاراستنی بینایەکەو هەبوونی بەرگری بۆ بارە سروشتی یەکان،بەتریك فەرمانیدا بەهێنانی خۆلێك(قسل) لە چەشنێکی تایبەت لە سیرامیك کە لە حەدیسە هەیە و چەشنەکەی باش و بەناوبانگە: (هاوشێوەی نەبوو) لەبەر ئەوەی باشترین و بەهێز ترینیانەو لە گەچ بەهێزترە کە ئەو کات باوبووە، بەلام کەرەستەکانی تر لە حەدیاب هێنراون(٣٨٤). بەدلنیاییەوە ئەم خۆلە سەر سورمێنەرە پارمەتیمان دەدات بۆ زانینی شۆێنی کەنیسە نوێیە کە بە تەواوی بەلام ، وە زۆر بەداخەوە هیچ کەسێکی خربە نازانێت شوێنێك کە پاشماوەی بینایەك بوو بێت لە ناو زەویەکانیدا(هاوشێوەی نەبوو) ئەم گێرانەوەیە تۆما مەرگەیی تەئکید دەکات کەباسی دەکات چۆن ڕبەنەکان ئەو ماوە بەکەلکانەیان دزی (خۆل) کە بە نرخ بوو دوای دا تەکاندن و رامالینی دا بەهاندانی سەرۆکەکەیان وە بەهۆی فێلبازیەکی دارێژراو بەسەر بێ گوناهی پێچراو کە لەلایەن سەرۆکی دێرەکە بووە(٣٨٥). وەلام بۆ ئەم پرسیارە لەسەر شۆێنی کەنیسەکەی دووەم جار، دەلێن: ئەم کەنیسەیە لەشوێنی کەنیسەی یەکەم نەبووە، وە نەلەشوێنی بتەکان مادام تۆما بۆمان باس دەکات بەراشکاوی و بەس لە سەر شوێنی کەنیسەی یەکەم دا لەو شوێنەی کە تێیدا دروست کراوە(٣٨٦).

ئەوەی پەیوەندی هەیە بە کەنیسەی سێیەم دەلێن(دروستکردنی دوای سەدەیەك لە زەمەن بووە و لە سەر دەستی میتراپۆلیتی حەدیاب(ئیشۆعیاو) بووە و شوێنەکەی هەمان شوێنی ئەوانەی پێش خۆی بووە. کەنیسەی دووەم تووشی داڕووخانی تەواو هات و ئەو خاك و خۆلەی(هاوشێوەی نیە) بە تەواوی دزرا، جەستەی ئەو قەدیسانەی لەوێ نێژراون لە هۆلی کتێبخانەکەدا پارێزراون(٣٨٧).

بەم شێوە دەست کرا بە دروستکردنی کەنیسەی سێیەم، کەرستەکانی بەکارهێنرا بۆ دروستکردنی هەندێکیان خۆجێیی بوون وەك بەرد و گەچ و کەرپوچی شووراو و کلس و گەچی دروست کراو لە بەردە دەرهێنراوەکانی کانەکانی چیای(بارحیتۆن) کە دەکەوێتە بەری تری ڕووباری زاب کە بە کەلەك هێنراوە و دواتر بە پشتی ولاخ گواستراوەتەوە(٣٨٨).

دەقە تایبەتەکەی بابەتی گەچی بەکارهێنراو: کەرستەی سەرەتایی بە کەڵەك دەهێنرا بۆ شێخ لالا کە سەر بە دێرەکەیە، دواتر بەسەر دەخرێت بۆ شوێنی بیناکە.
شێخ لالا کە بودج بەکاری هێناوە و لە پەرتووکەکەی وەریگێڕاوەتەوە بە بینایە. من خۆم هەوڵی زۆرم دا لێکۆڵینەوە بکەم بۆ ئەوەی بە درێژی باسی بکەم بەلام بێهودە بوو بە پێی ئەوەی لە فەرهەنگی(ئۆجین مەننا) دا هاتووە(کلدانی ـ عەرەبی) واتاکەی ئەوەیە: گۆڕەپان یان خەرمان، لێرە مەبەستی رۆخ یان کەنار رووبارە یان گۆڕەپان بەکاردێت بۆ کۆکردنەوەی کەلوپەلانەی بە هۆی کەلەك گەیشتوونەتە ئەوێ یان بۆی ناردراوە. لەو گۆڕەپانە گەچەکە بار دەکراو بەسەر دەخرا بۆ سەرەوە کە شوێنی بیناکەی لێیە(بە بڕوای من ئەو وشەیە رەنگە بەو واتایە بێت: جێگەی(کورە) واتە کورەی گەچ کە لەوێ بەردەکان دەسووتێنرێ دواتر دەهاڕدرێ بە رێگەیەکی سەرەتایی بە هۆی ئاژەڵ کە باگوردانێك بە دوای خۆی رادەکێشێ بە سوڕانێکی رێك و پێك تا دەبێتە گەچێکی ئامادە کراو بۆ بەکارهێنان ـ وەرگێڕ).
دوای تەواو بوونی بیناکە میتراپۆلیت ئیشۆعیاو جەستەی قەدیسەکانی گواستەوە بۆ ماڵی شەهیدان کە بۆ جاری دووەم نێژران. ئەم مەترانە کۆچی دوایی کرد پێش ئەوەی هەموو پرۆژەکەی تەواو بێت کە دەیویست دێرەکە بە تەواوی بە بەرد و گەچ دروست بکاتەوە(٨٨٩).

## کورتەیەك لە سەر باری تۆبۆگرافیایدا

ئێستا کاتی ئەوە هاتووە کورتەیەك لە سەر رێکخستنی زانیاری تۆبۆگرافیایی کە لامان دەست دەکەوێت بکەین، وە دەتوانین بزانین شوێنی دێری بێت عاوی لە کوێیە. تێبینی یەکەم کە پێویستە لە سەرمان رەچاوی بکەین ئەوەیە: لێکۆڵینەوە و بەدوا گەڕان لە شوێنی دێرەکە لای باشوور نزیك بە گوندی خربە کە نزیك ئاکرێ یە. لەبەر ئەوەی رۆژێکی تەواوی پێویستە بۆ پڕ کردنەوەی تانکی یان گلدانەوەی ئاوی دێرەکە بە ئاو، کەواتە شوێنی دێرەکە پێویستە نزیك لە جۆگەیەك ئاو بێت و ئاوەکەی گرنگ و زۆر بێت بۆ جێبەجێکردنی ئەو مەبەستەو لەو ساتەوەختەدا.
جۆگە ئاوی کانیەکە دەکەوێتە سەرووی خربە تاکە سەرچاوە ئاوەکە ئەوەی پێ دەکرێ. سەرەڕای ئەوەش، کەسەر دەکەوێت بەرەو سەرچاوەی ئاوی کانیەکە، لەلای دەستە ڕاستمانەوە لووتکەیەکی بچووك هەیە ئامازە بۆی دەکات لەسەرەوە. خاسیەتی دووەمی دێرەکە بەرزترە لەشوێنی (گردی قەشان) وە دەتوانی لەوێوە ببینرێ.دواتر،کاتێك

شـوێنەکە دەدۆزینــەوە شـوێنەواری زۆری لێیــە لەگــەل باسـکردنەکەدا دەگـونجێ، کەواتــە لەســـەرمانە بینایـــەی کەنیســـەکە بدۆزینەوە.کەشـــوێنەکەی دەبـــێ بـــەرزتر بێـــت لەشوێنەوارەکانی تردا لەبەر گرنگی بینایەکە بە بەراورد بە بینایەکی تـردا. وە لەوانەیـە تـەنها ئێمـەوە بەتەئکیـد باشمـاوەی گەچـەکە بدۆزینـەوە کـە بـەکارهێنراوە لەدورسـتکردنی بیناکـە، بـەلام بەشـەکانی تـری بینایـەی دێرەکـەی تـر مـادەی گەچـی تیـا نادۆزینـەوە بەکارهێنرا بێـت. لـە کـاتی دۆزینـەوەی شـوێنەواری دیوارەکـانی بینایەکـە بـەو مـادە ڕق و بەهێزانــە نیشـانەی ئەوەیــە ماوەیــەکی زۆر پــێش ئیســتا دروســتکراوە بــۆ ســەردەمی تۆما.لەتواناداپــە کەنیســەکە بدۆزینــەوە بــەهۆی ئەســتووری دیوارەکـانی کـە هاوشـێوەی ئەستوری ئەو بینایانەیە کە لە هەمان ماوەدا لە ناوچەکە دروستکراون کـە ئەستوری زیـاتر لە مەترێك دەبێت. ئاراستەی بینای کەنیسـەکە بـەرەو خۆرهەلاتـە نیشانەیەکی زێدەیـە بـۆ زانینی بینایەی کەنیسەکە بەتـەواوی، لـەدوای دیاریکردنی شـوێنی کەنیسـەکە بەدلنیایـەوە، ناسینی بەشەکانی تری بینایەی کەنیسەکەی تر کـارێکی هاسانترە کـە دەتـوانین لـە دوارۆژدا بـەو هیوایـەی هەنـدێك گۆرسـتان و نووسـینەوەی بدۆزینــەوە. بـەپێی ئـەو دەقانــەی لـە بەردەسـتماندایە،لێرەدا سـێ کۆمەلـە قـەبر هەیە.کۆمەلـەی یەکـەم بریتیــە لـە قـەبرە بـەجێماوەکان لـەمالی شـەهیدان لـەناو کەنیسـە وێرانکراوەکـە([890]). لـەناو ئەوانــەدا پێـنج تابووتی بەردی هەیە دەگەرێنەوە بۆ پێنج میترپۆلیـت وە(١٨)هـەژدە قـەبر دەگەرێنـەوە بـۆ مەترانــەکان وەیـا ئەسـاقیفەکان. پاشمـاوەی گـۆری ماریـەعقووب ([891]). وە هـەروەها گـۆری قەشەکانی تر کەلەو شـوێنە هەیـە([892]).(میترپۆلیـت ئیشـۆعیاو) هەلسـاوە بـە گواسـتنەوەیان بۆ مالی شەهیدانی نوێ. دواتر ئەبێ ئەوە روون بکەینەوە کەوا ئەو قەبرانـەی کـە هەیـە لـە ناو پەرستگاکەدا کە ڕەبەنەکان هەردەم نوێژی فەرزیان لـەناودا دەکـرد([893]). دەگەرێنـەوە بـۆ هەندێك لەسەرۆکەکانی دێرەکە لەوانە"ڕەبـەن گۆرگیس حـدیابی بەرەسـەن(خـەلکی نیسـرا مـوکنی) یـە"بار صـیادی" وەیـا کـوری راوکـەران وەیـا راوکـەری ماسـی، وە(سـاما)ی بـرای، وە قەشـە نەشـنائیل،وە قەشـە صـلیوە،وە ڕبـەن گـەوریئێل کەناسـراوە بـە(سـیفرۆنا) ئەمـە پەیوەنـدی هەیـە بـە بابـەتی قـەبرە تـاك تاکـەکان. جگـە لـەم سـێ کۆمەلەیـە لـەوێ کۆمەلە قەبرێك هەیە واتە گۆرە بەکۆمەلەکان شوێنەکەی نزیك(بێت صلۆتا) یە – واتـە مـالێ نوێـژ کردن .([894]). رەنگە لە تواناماندا هـەبیت ئـەو قـدووەی کـە نـەخش و نیگـار کـراوە لـە بـەرد هەلکەندراوە لە سەری خاچێك و جەستەی دوو لە کارو بیمەکان کـەزەخیرەی(واتـە ئیسـك و پروسـك) نیردراوەکـانی تیایـە کـە دزراوە لـە ئـەنتاکیا لەلایـەن(ئیشـۆ عیـاو) وە بەرەچـەلەك خەلکی(قوبلانا)یە([895]).

## دۆزینەوەی شوێنێك

لەکاتی گەڕان و پشکنینیان لەو ناوچەیەی دەوروبەری گوندی خربە شوێنێك دەدۆزیتەوە لە دەوروبەری خربە پێی دەڵێن(عێنادگۆزا) پێم وایە ئەمە مەبەستی کانی گوێزە نەك کانی مەرگە ـوەرگێر).

بە پشکنینێك کە پێشتر خەلکی گوندەکە پێی هەڵساوە بە بەر چاوان کەوتووە پارچەیەك لە دیواری بەهێز بە بەرد دروستکراوە. بەڵام شوێنەکە دەکەوێتە قووڵایی دۆڵەکە و لە ناوچەیە دا دەکەوێتە ژێرەوەی ئەو شوێنەی ناسراوە بە گردی قەشان.

دوای لێکۆڵینەوە لە شوێنەوارەکە دەرکەوت ئەوە پاشماوی ئاشە. لەو شوێنەی پێی دەڵێن(حیلیتا) شوێنەواری دیوارێك دەدۆزینەوە بەڵام زۆر گرنگی پێ نەدراوە بەهۆی ئەوەی تووشی لەناو چوون بووە و لەتواناماندا نەبوو بە دیواری کەنیسە یا بینایەی دێری دابنێن. دوای دورکەوتنەوەمان لە هەموو شوێنەکانی تر کە ڕەنگە شوێنی دێرەکەی تیابێ. دەگەڕێنەوە بۆ شوێنە ئاساییەکەی خۆمان، یا جێ خەرمانی گوندی خربە([٨٩٦]).

لێرە هەموو مەرجە داخوازیەکان بە پێی دەقەکان هەیە سەرەڕای لێك جووت بوونی ماوەکان لە سەر زەوی کە لەگەڵ دەقی ناو پەرتوکەکان. ئەو شوێنە تەواو دەکەوێتە ڕۆژهەڵاتی(حیلیتا)(خیلفت).(واتە شوێنیکی پیرۆز و مقدس و کاری سەر سوڕهێنەری لێ ڕوویدا، جا ئەو شوێنە پیاو چاکێك یا مەزارێکی پیرۆزی لێ هەیە بۆیە بەو شوێنە بە (سریانی) دەڵێن حیلێتا/بەتوانا/بەهێز. (وەرگێڕ).

گەیشتن بۆ حیلیتا پێویستە بە(ڕێشادعینا ــ راس العین سەرچاوەی کانیاو) ە کەوا تێپەربین([٨٩٧]).

هەروەها ماوەی چوارمیل دەبێت و بەلای باکور بۆ گەیشتن بۆ ئەو جێگەیەی دەکەوێتە بەری دووەم لە رووی چیای ناسراو بە(کبیسا) بەڵام ئەمرۆ ناوەکەی(کووبا) یە([٨٩٨]).

ئەمە لەلایەك، بەڵام لە لایەنی دووەم ئەو ماوەیە لێرەوە بۆ حیتوون کە دەکەوێتە پشت زاب لە بەری رۆژئاوادا لە دێری بێت عاوی دە میل دەبێت([٨٩٩]).

پرسیاردەکەین لێرە چی دەبینین؟ یەکەم شت کە دەدۆزینەوە کێلگەیەکی فراوانە لە کاولگە لای باکوری خۆرهەلاتی بەرزترە لە زەویەکانی تری کێلگەکە و دیواری تیا دەدۆزینەوە بە ئەستوری زیاترەوە.

لەکۆتایی سنورەکەدا لەم ناوچەیە، دەبینین بەختی زیاتر هەیە بۆ ئەوەی بینای کەنیسە بێت. لەم جێگەیە چاڵاییەك هەیە دەمی کراوەتەوە، بۆیان باسکردم کەوا بیرە، لەچوونە ناوچاڵاییەکە دەردەکەوێت ئەمە پێچەوانەیە، چاڵاییەکە بریتیە لە گومبەتێك لەسەر

بیناییەك ڕێگەی هاتنە ژوورەوەی بەلای خوارومیە. لەو جێگەیەی کەدوور نیە لە چاڵەکە دەبینین کەوا زەویەکە تەختایی نیە ئەم زەویە سەرنجی ڕاکێشام.
لە دوای هەڵسان بەرامالینی خاك و خۆڵەکە و بەخێرایی بەردێکی گەورە لەبەردەم دا دەرکەوت، روون بۆوە کە ئەوە دەرگایەکی ترە بۆ چوونە ناو بینایەکە کە لەژێر گومبەتەکەدایە.
لە دوای لابردنی بەردەکە توانیمان بچینە ناو ژوورێك بە دیواری بەهێزەوە. بە هۆی نەبونی کات و نەبوونی کەل و پەل و ئامێری پێویست نەمتوانی لێکۆلینەوەکە تەواو بکەم بۆ دۆزینەوەی نهێنیەکانی ئەو بینایە.
لە بەر ئەوەی زەویەکە بە چۆلی بە جێماوە، زۆر هاسانە کەوا بتوانین دیوارە ئەستورەکان لابەرین و ئەوەی شوێنەوارە لە تواناماندایە بگەینە(مەزبەح)ی تایبەت بە کەنیسەکەو دۆزینەوەی بەکارهێنراوەکانی تر کە سودیان گەورەیە([900]).

## تەواوکەری نووسینەوەی مێژوو

بودج لە نوسینەوەی مێژووی دێری بێت عاوی ڕاوەستاوە لە ساڵی ٨٣٢. لەم ساڵەدا تۆمە مەرگەیی رەبەن بووە لە دێرەکە([901]) دا.
بە پێی ڕای زانای ئینگلیزی و رۆژهەلاتناس بودج، کەمێك گومان هەبووە کەوا رەبەنەکان تووشی بلاوە پێکردن بوون لە بێت عاوی. ئەم بلاوەپێکردنە لە هەمان مێژوو رویداوە. ئەو زانیاریانەی پەیوەندی بە مێژووی سەرەتاکانی بێت عاوی هەیە نیە و هیچ دەربارەی نازانین، بەلام لە سەر ئەوەشەوە، رەنگە بینای ئەو دێرە(ژێرزەمینێك) یا شوێنێکی لە بارو گونجاو هەبووبێت بۆ هەندێك لە رەبەنەکان و بۆ چەندین ساڵ.
لە واقیعدا چەند دەستنووسێك هەیە لەو دێرە دا نوسراون. ئەو دەستنووسانە نیشانەی گەڕانەوەی ژیان بووە بۆ ئەو دێرە لە ماوی سەدەی سێزدەهەمی زایینییەوە. بەرێز گۆرگیس عەواد([902]). توانیویەتی سێ لەوانە بزمێرێ و ئێستاکە لە موزەخانەی بەریتانی دان([903]).
ئەم دەستنووسانە لە نوسینەوەدا تەواوکراون لە نێوان ساڵانی ١٢٠٧و ١٢٨٩ و دەستنووسێکی ئینجیلی پیرۆز هەیە مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٢١٨، نووسەرەکەی رەبەن(یاوالاها) بووە لە دێری بێت عاوی لەسەر حیسابی کەنیسەی(بی بوزی)([904]).
هەروەها دەستنووسێك بۆ پەیمانی نوێ (واتە ئینجیل) بەدوو بەرگ دەگەڕێتەوە بۆگوندی(خربە) ئێستا پارێزراوە لە مەترانیەی ئاکرێ([905]). مێژووی ئەو دەستنووسە

دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی دوانزە یا سێنزەهەم. لەوانەیە سەرچاوەکەی دێری بێت عاوی بوو بێت. ئێستا پرسیار دەکەین، ئایا رەبەنێك هەبووە بەناوی(ڕام ئیشۆع) لە بێت عاوی نیشتەجێبوبێ لەساڵی ١٤٥٢؟

بەتەئکیدی بەپێی زانیاریەکانمان کە باوەڕی پێدەکەین ئەو دێرە لەو مێژووەدا بوونی هەبووە و چالاك بووە، بەلاَم هیچ بەلگەیەکمان نیە کەوا پشتی پێوە ببەستین و تەئکید لەهەبوونی ئەو رەبەنە بکات کە مێژووی(شێخ عادی الخیالی) باسی دەکات و نووسیویەتی کە ئەمە دانەری ئەوە. لێکۆلینەوە لەسەر ئەو بابەتە دەکەین کاتێك باسی ئەو مەزارە ئیزدیە دەکەین. قەشە Veste بەو نزیکانە لێکولینەوەی کردووە لەسەر یەکێك لەبەرگەکان کەناوی رەبەنەکانی تیانوسراوە(رەبەنەکانی دیری بێت عاوی) وە مێژووی نوسینەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٥٦٤([٩٠٦]). کەواتە سەرچاوەی ئەو بەرگە دێری بێت عاوی بووە، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کەوا ئەو دێرە زیندوو چالاك بووە تاوەکو سەدەی حەفدەهەم ([٩٠٧]). بەپێی دەرهاوێشتەکان ئەوە و ئەوکارە ڕویداوە، بەپێی ئەو ڕاپۆرتەی کەلەلایەن بەتریك ئیلیای هەشتەم بۆ پاپا پۆلسی پێنجەم ئاراستەی کردوە لەساڵی ١٦١٠([٩٠٨]) . لەم ڕاپۆرتەدا چیرۆکێکی غەمناك هەیە بەلاَم بەبێ دیاریکردنی مێژووەکەی، بەلاَم لەئەنجامی دەقەکە دەردەکەوێ کەوا ڕویداوە لەدوا چارەگی سەدەی شانزەهەم.لەواقیعدا ئەو روداوە بووە بەسەر سەرۆکی دێری مار یەعقوب Jnterlucus ئەو کات کەپێیان دەگوت(گریگۆرێوس). چەوسێنەرەکان ئەو رەبەنەیان بردوە کەرەبەنێکی قەدیس بووە ستەمکاریان لەدژی کردووە بردویانە سەر لوتکەی چیایەکی بەرز وە لەوێدا فڕییان داوەتە خوارەوە بۆ قولاَیی دۆلەوە کە بەسەریدا دەروانی ئەو چیایە هەموو ئێسکەکانی تێك و پێك شکان و کەلەی سەری وردووخاش بووە گیانی لەدەستداوە دوای ئەوەی ئەشکەنجەو ئازارێکی زۆر دراوە. رەنگەشوێنی روداوەکە(خەردس) بێت چونکە تاوەکو ئەمرۆش پوش وپاوانێك هەیە پێی دەڵێن(گریگۆر). لەگەڵ ئەوەشدا، ئێمە دەبینین دێرەکە یەکسەر لەناو نەچووە دواتر، لەبەر ئەوەی هەمان بەتریك، واتە بەتریك ئیلیای هەشتەم مایەوە دێری بێت عاوی لەنێوان دێرە گەورەکان دادەنێ کە بە شوێنی حەوانەوە و پشوودان و برسیەکانی خواردەمەنی دادەنێ کەوا لەوێ پێی تێر دەبن، ئەمەو سەرەرای ئەوەش کەوا شوێنێکی لەبار بووە بۆنیشتەجێبوونی رەبەنەکان و پیاوە لەخوا ترسەکانی پاراستوە و نوێژی بەردەوام بەرێکی تێداکراوە([٩٠٩]). بەلاَم لە سەرمان پێویستە ئەوە بەیاد بێنینەوە بە هەمووترش و تالَیەکەوە بەسەر ئەو دێرە لەمێژین و دەروشاویە هاتوە، وە بەهەموو ئاهێکی راستەقینەوە لەبەر ئەوەی لە خودی ئەو دێرە ئەم جاسلیقە(بەتریك)ە

ژیاوە بە دڵەراوکێوە بەهۆی هەڕەشەوە کە ئاراستەیکراوە وە زۆر ئەشکەنجە و ئازار و لێدانی پێکەوتووە کاتێك گیراوە لە هەمان ئەو راپۆرتەی ئاراستەی پاپا پۆلسی پێنجەم کراوە پەتریك دەڵی:(لەم دێرەدا ٣٨ قەدیس هەیە نێژراون لە ماڵی شەهیدان چاوەڕێی هەڵسانەوەن بکەونە بەر بەهەشتی بەرینەوە، ئەمە جگە لە ٧٠ لاشەی تر دەگەڕێتەوە بۆ مەتران و ئەسقەفەکان لە دێر زەمانەوە نێژراون([٩١٠]). بەلآم ئەمڕۆ مەگەر چۆن ئێمە بتوانین بچینە سەردانی ئەو دێرە بۆ ئەوەی قەداسێکی خودایی لەوێ بکەین، هەموو ئەوە لە ئەنجامی لاوازی و بێ تواناییمانە.

٢. ناوچەی سەبسەبا

مێژونوس هوفمان([٩١١]) شوێنی دێری بێت عاوی دیاریکردووە لە جێگەیەك دەکەوێتە ئەو ناوچەیە. بە شێوەیەکی گشتی ناوچەی سەبسەبا دەکەوێتە ئەو زەویانەی لە ناو سێگۆشەکەدان کە بریتیە لە زنجیرە چیای ئاکرێ لە باکوور، رووباری خازر لەلای رۆژئاوا، لەلای رۆژهەلاتەوە رێگەی ئاکرێ ـ مەندانی نوێکە بە شێکە لە و رێگەیەی کە لە موسڵەوە دێت زۆر لەو گوندانەی کە دەکەونە رۆخ چیاکان رۆڵی گەورەو گرنگیان بینیوە لەمێژووی ئەو دێرە. ئەم گوندانە بە پێ هەلکەوتنی جوگرافیان وە بە ئاراستەی رۆژهەلاتی رۆژئاوای ئەمانەن: (خربە یەکێکە لەم گوندانە، دوای ئەو(سەرکانی) دواتر (خرپدس) دواتر (گندك) دواتر (شووش) دواتر(شارمن) دواتر و کۆتایی(خلافت).

خربە

بەپێ دەقەکانی پەرتووکی(الرؤساء) ئەم گوندە بوونی نیە تەنها بەناو نەبێت([٩١٢]) تۆما مەرگەیی باسی دەکات دەربارەی خربە دەکەوێتە ناوچەی سەبسەبا ئەمەی خوارەوەیە:(گوندێکە دەکەوێتە سەبسەبا وە لە باکووری دێری بێت عاوی، ئەم ناوەی وەرگرتووە لە ناوی کەنیسەکەوە) لێرەدا ئەوە تێبینی دەکەین کەوا هیچ باسی خەلکەکەی ناکات وە هەروەها لە سەرمانە ئەم تێبینیە بکەین کەوا(بادجر) کەلەو ناوچەیە بووە لەساڵی ١٨٥٠ ناوەڕۆکەی P. voste داینـاوە([٩١٣]). (یانزە ١١) دەستنوس هەیە بۆ گوندی خربە لە واقعدا هیچ دەستنووسێك نیە کەلە سەر نووسرابن. بەپێ پەراوی Codex ژمارە. XXX (٣٠) تەنها یەك دەستنوس هەیە پێ دەڵێن (کزا) دەگەڕێتەوە بۆ ئەم گوندە وە نووسینەکانی دەگەڕێتەوە بۆ ماوەکانی دوایی(واتا ماوەی یەکگرتنەوەی بەرۆما) نووسینی ئەم دەستنووسە لە ئەڵقۆش تەواو بووە لە ساڵی ١٨٥٣ لەسەر گوندی(خربە) بە تایبەتی وە لە سەر داوای بەڕێز(مەتران ئێلیا سەفەر) مەترانی ئاکرێ. ئەو مەترانە کۆچی دوایی کردووە نێژراوە لە هەمان گوندا لە ساڵی ١٨٥٤. لە ئامارێك کە ناوی رێکخەرەکەی بزرە

دەگەڕێتەوە بۆ مێژووی ساڵی ١٨٦٥([٩١٤]). ئەوە دەخوێنین ئەو کاتە بیست ماڵ هەبوو. دوای سێ ساڵ، واتە لە مانگی تەمووزی ساڵی ١٨٦٨، کوردەکانی خێڵی زێبار هێرشیان کردە سەر گوندی خربە . وەتوشی قەشە موشی(وەیا میشۆ) هاتن کە لە خەوێکی قوڵدا نووستبوو دایانە بەر گوللەو کوشتیان کە بە پشتە سەری کەوتبوو سێ قەشەکانی تر ئەمانەن(روفائیل)و(رەبەن داوید) ([٩١٥]). وە (زەیا) توانیان رابکەن لەگەڵ خەڵکی گوندەکە ئەوانەی کە لە ژیاندا مابوون . سەرەتا هەڵاتووەکان روویانکردە باغچەی کەنیسەکە کە دەکەوێتە سەر ئاکرێ. بەڵام لەبەر ئەوەی ئەو پەناگەیە سەلامەتی ئەوانی تێدا نەدەکرا لەبەرئەوەی یەکێك لە هەڵاتووەکان کە ناوی(تجونا)بوو بەخەنجەر لێیدرابوو لەکاتێك کە لە ژێر دار هەنجیرێك دانیشتبوو قەشەکان جیاکەیان بەجێهێشت و هاتنە خوارەوە بۆ گوندی (بانوری)وە لەوێوە بەرەو دێری رەبەن هورمزد. ئەم باسە درێژە بەهۆی هۆنراوەیەکی شیعری بەدەسمان گەیشتووە کە لەلایەن قەشەیەك دانراوە و ناوەکەی زانراو نیە وە خەڵکەکە دەیڵێتەوە بۆ باسکردنی ڕوداوەکە. وە هەروەها گۆرانیەکی دڵتەزین هەیە(انشودە نواح)(واتە گۆرانی سەردولکە)ی تر رێکخراوە بەشێوازێکی ئەدەبی و شیعری بەرز چێرۆکی هەمان ڕووداو باس دەکات. ئەم سرودە لە دەستنوسەکەدایە کە ئیستا لە پەرتوکخانەکەماندا هەیە ([٩١٦]). (پەرتووکخانەی قەشەکانی دۆمنیکان - مکتبة الاباء - الدومنیکان -وەرگێر) تێبینیەك سەرنجمان ڕادەکێشی لەو درێژیەی کە تۆمارکراوە وە تیایدا کە ئەو گوندە بچوکە، ژمارەی خانوەکانی بیست خانوو تێپەر ناکات چوار قەشەی هەبووە. لەساڵی ١٩١٤ وە بەپێی نووسینەکانی بەرێز (تفەنگچی) لە گوندی خربە ئەو کات(٢٠٠) کلدانی هەبووە، قەشەیەك و کەنیسەیەك و قوتابخانەیەکیان هەیە. کەنیسە کۆنی گوندەکە لەژێر شەفەعەتی(ام اللە) بەتەواوی نوێکراوەتەوە دوای کرداری فراوانکردنی پێویستی بۆ کراوە. ئەم نۆیکردنەوەیە لە سەردەستی بەرێز بەتریك پۆلسی دووەم شێخو([٩١٧]) .جێبەجکراوە(کاتێك مەترانی عەقرە بوو - وەرگێر) ئەشکەوتێك هەیە دەگەڕێتەوە بۆماڕیۆحننان دەکەوێتە ناو باغچەکانی گوندەکە. قەشە خوری پۆلس خەڵکی تلسقف - نوینەری بەتریکی ئاکرێ بووە تاوەکو ساڵی ١٩١٨- هەڵساوە بە فراوانکردنی شوینەکە دوای ئەوەی گۆرانکاری تیاکرد بۆ پەرستگایەك. ناوبانگی مار یۆحننا لە ناوچەکە فراوانە وە ئاهەنگی یادکردنەوەی بۆ دەکرێ لەهەینی سێیەم لەدوای جەژنی هەڵسانەوە ئەمرۆ لە گوندەکەدا(خربە) .نیشتەجێن (واتە ماوەی دوای پەنجاکان و پێش ناوەراستی شەستەکان لەبەر ئەوەی مەسیحیەکانی ئاکرێ گوندەکانی خۆیان بەجێهێشت و

کۆچیان کرد بۆ شارەکانی موسڵ و هەولێر). ١٦٠ کلدانی وە قەشەیەکی پیری بەساڵاچوو لە خزمەتکردنیاندایە (ژمارەکە لەسەر زمێری ساڵی ١٩٦١) وەرگیراوە .

## سەرکانی ـ سەروکانی

ڕێش ئەینە ـ راس العین ـ سەرکانی، سەرچاوەی کانی، سەروکانی ـ گوندێکە لە گوندەکانی ناوچەی سەبسەبا. تۆما باسی دەکات وەك شوێنی لە دایك بوونی دوو لە رەبەنەکان(برا بوون) کە ئەمانەن: یاوالاها و قەشە قەرەداغ. هەر دوو برا دواتر بوون بە میترابۆلیت([٩١٨]). هەندێك جار ناوەکە کورت دەکرێتەوە و دەبێت بە(رێشا) و بەس، واتە(سەر) ـ (بە زمانی کلدانی ـ وەرگێر).

بەم شێوەیە ناوی ئەو گوندە باس دەکرێت لە چیرۆکی هەوڵدانی(عیمران) بۆ دەست گرتن یان داگیرکردنی زەویەکانی ئەو دێرە ـ دێری بێت عاوی لە دەقەکان ئەوەمان دەست دەکەوێت([٩١٩]).

دەکەوێتە نێوان دێرەکە و گوندی خربە. ناوەکەی وەك دیارە باس کراوە([٩٢٠]).

بە شێوەی کورتکراوەی وەك شوێنێك پەیوەندی هەیە بە رێگەی شیکون کە لە سەرەوە باسمان کرد. لە ئاماری ساڵی ١٨٦٥ ناوی سەرکانی دەدۆزینەوە کە باس دەکات چوار ماڵی کلدانی تێدایە لە رۆژگاری ئەمڕۆمان دا لەو گوندە هیچ مەسیحیەك نەماوە. نازانین کێ شەفیعی ئەو گوندەیە و نە ناوەکەی و هەروەها شوێنی کەنیسەکە و ناتوانین بە تەواوی دیاری بکەین.

سەرۆکی گوندەکە ئێستا پێی دەڵێن(ئەسعەد ئاغا) و باوەڕی وایە ماڵەکەی ئێستای/ خانووەکەی کەنیسە بووە. بەڵگەشی ئەوەیە کە ئەگەرچی بە چاو لار بۆتەوەو بەرەو داڕمان دەچێ تا ئێستاش بینایەکە بەهێزە هەر وەك لە کاتی دروست بوونی دایە. بۆیە وە بە پێی رای خاوەن ماڵ(سەرۆکی گوندەکە ئاغا) ئەو بینایەی پەیوەندی بە بینایەکی پیرۆز و تایبەت بە پەرستنی هەیە([٩٢١]).

خردس

ناوی خردس نەهاتووە لە نووسینەکانی تۆما مەرگەیی([٩٢٢]). تەنها یەك جار نەبێت و باسکردنی ناوەکە وەك جێگەیەك تیایدا رەبەن باوای قوتابخانەیەکی تێدا دامەزراندووە کە دامەزراندنەکەی بۆ فێربوونی سروتەکان بووە. دواتر هەندێك لە خەڵکی خردس و ناسین لە ناو زنجیرەیەك لە پەرتوك دا وایان کردووە بنووسرێت.

چالاكی ئەم نووسینە لە سەر ئەم پەرتووكانە لە ساڵی ١٦٩٨ تاوەكو ساڵی ١٨٥٨. لە ساڵی ١٦٩٨ یووسف كوڕی مەتی داوای كردووە دەستنووسی پەیمانی نوێ(ئینجیل) بكرێ([٩٢٣]).
لە ئەلقۆش، بۆ كەنیسەی(مەریەمی پاكیزە) و بۆ هەمان كەنیسە و كاتێك بەرپرسی كەنیسەكە قەشە كۆرو داوای كردووە لە سەرۆكی گوندەكە كە ناوی داودە كوڕی ئەسكەندەر بووە لە ساڵی ١٧١٥(حزرا) ی بۆ بنووسنەوە(دەستنووسێكە بە قەبارەیەكی گەورە، كە نوێژە فەرزەكانی ڕۆژانەی تێدایە، كە بە كۆمەڵ بەكاردێت تاوەكو ئێستاش بەكاردێت لە كەنیسەی ڕەبەن هورمزدا. دواتر لە ساڵی ١٧١٦ پەرتوكی(كزە)([٩٢٤]).
نووسرایەوە، دواتر لە ساڵی ١٧٢٠ تەواوبوونی كۆمەڵێك لە ئاوازەكانی گۆرگیس وەردە نووسرانەوە تایبەت بە ژیانی خودا عیسای مەسیح([٩٢٥]).
كەنیسەیەكی تر هەیە هەمان سەرۆك و پیاو چاك هاوكاری كردووە، ئەم كەنیسەیە پێی دەڵێن گومبەتەكان(كوڕەكانی مارشمۆنی). لە ساڵی ١٧١٧ ئەو پیاو چاكە داوای كردووە بە هاوكاری قەشەیەك بە ناوی گوریئیل دەستنووسی وتار و ئامۆژگاریەكانی ئاینی و ڕەوشتی لەگەڵ دەقی تەواوی نوێژەكانی سروتی باعوسا نووسراوەتەوە([٩٢٦]).
لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەهەمی ز، بۆ ماوەی نۆ ساڵ قەشەیەك لە خردس ژیاوە بە ڕەچەڵەك خەڵكی(بارزانە) ناوی داود بووە. پێشتر توشی ناوی ئەو قەشەیە بووین لە دەقەكانی سەرەوە لە ساڵی ١٨٥٤ هەڵساوە بە نووسینەوەی بەلای كەمی دوو بەش لە سفری پێغەمبەرەان([٩٢٧]).
دەستنووسێك بۆ وانەكانی لیتورجیا(سروتەكان) سەرچاوەكەی ئینجیلی پیرۆزە، نقمة لة سالي ١٨٥٨([٩٢٨]).
هەشت كەس لە خێزانی ئەم قەشەیە لە خردس مردن، بەڵام خۆی ناچار بوو رابكات پێش ساڵی ١٨٦٣. ئەو كات ژمارەی ماڵە مەسیحیەكان لە خردس ١٢٠ ماڵ بوو. هێرشەكانی تاڵان و برۆ كوردەكان بە سەرۆكایەتی عوسمان ئاغا بوون و قەشە داودیان لە گوندەكە دەركرد و خەڵكی گوندەكە لە مەسیحیەكانیان ناچار كرد گوندەكە چۆڵ بكەن و لێی دەربچن بۆ هەتا هەتایە. بە پێی ئاماری ساڵی ١٨٦٥ تەنها حەوت ماڵە مەسیحی مابوون بەڕێز قەشە تفەنگچی ناوی ئەو گوندەی نووسیەوە بە(هەردێز)(یان ڕەنگە خەردێز بێت ـ وەرگێڕ).
بەڵام ژمارەی مەسیحیەكان لە ساڵی ١٩١١ بە ١٢٠ مەسیحی دیاری دەكات قەشەیەك و كەنیسەیەكی بچوكیان هەیە، بە(كەنیسەی پاكیزەی گەورە باس دەكرێت. ئەم كەنیسەیە تاوەكو ئێستاش بینایەكەی وەك خۆیەتی و بە سەركەشییەوە ماوەتەوە. لە تەنیشت كەنیسەكە گۆڕستانێكی فراوان هەیە ژمارەی مەسیحیەكان ئێستا لە بیست كەس تێپەڕ

ئاكات و قەشەیان نیە لە نزیك گوندەكە(پاوانێك) لەوەرگەیەك هەیە پێی دەڵێن(پاوانی مارگریگۆر) رەنگە ئەو ناوە لەوە هاتبێ بۆ ئەو پاوانە بۆ یادكردنەوە و زیندووكردنەوەی ناوی سەرۆكی(دێری بێت عاوی شەهید). بەلأم كانیاوی تایبەت بە گوندی خردس پێی دەڵێن(كانی قاشا) واتە كانی قەشان. لە لای باكوری گوندی خردس ئەشكەوتێك هەیە پێی دەڵێن ئەشكەفتی(مازۆن).(ئەشكەوتی مەزن). زۆر سروشتیە كەوا مەسیحیەكان ئەو ئەشكەوتە بۆ رەبەنەكان دەیگەڕێننەوە كە تیای نیشتەجێ بوون و ناوەكانیان نازانن.

نێرم كوندوك

ئەم ناوەیە دوو بڕگەیە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو گوندە بەم ناوەوە. بڕگەی یەكەم لە ناوەكە تاكەكەی ئاساییە لە ناو مەسیحیەكان باوە و لە دەقە كلدانیەكان دەیدۆزینەوە بەلأم بڕگەی دووەم زیاد كراوە و نوێیە و بە زمانی كوردی واتە(گوند). لە سەرەتادا پێویستە وریا بین و جیایان بكەینەوە لە نێوان نێرم كە دەكەوێتە ئێرە و باسەكەشمان لە سەر ئەوە، وە (نێرم دەراعاواسا) واتە (نێرم الرعاە / نێرمی شوانەكان) كەدواتر باسی دەكەین و دەكەوێتە ناوچەی (بیرتا) جێگەی داخە لەراستیدا كەوا گوندی نێرم كوندوك هۆكاری زۆر سەر ئێشەو نارەحەتی بووە بۆ رەبەنەكانی دێری بێت عاوی. جارێكیان سەگێكی بەرەلأیان بۆ ناردون. وەجارێكیان جادوكەرێك(ساحرە)([٩٢٩]).

تۆما لە نوسینەكانی هیچ زانیاریەكی لە نوسینەكانیدا لە سەر خەلكی ئەو گوندە لە مەسیحیەكان وە نە لەسەر كەنیسەكەیان پێ نەداوین. لەكۆتایی سەدەی حەفدەهەم دا، ئەم گوندە قەشەیەك و سەرۆك (موختار)یكی هەبوو كە لەكارەكانیادا چالاك بوون و جیادەكرانەوە. قەشەكە ناوی(كاورۆ) كوری (خۆشابا) و سەرۆك (موختار) (شەمعوون) كوری (خودادا) بووە. هەردوكیان داوایان كردووە بۆ نوسینەوەی سێ دەستنوسی لەخۆشنوسەكانی ئەلقۆش. چونكە لەگوندەكانی ئەوان بەكاردەهێنران. یەكەم لەو دەستنووسانە مێژووی ساڵی ١٦٩٣ بریتی یە لە جیاكردنەوەكان بۆ نوێژەكانی بەیانیان و ئێواران ، قەشە فۆستی ناوی نا: Ordo Sacirdotum([٩٣٠]). بەلأم دووەم مێژووی ساڵی ١٦٩٨ لە سەر نوسراوە و تایبەتە بە ئینجیلی پیرۆز([٩٣١]) بەلأم سێیەم نوسینەكەی لەساڵی ١٧٠٠ تەواوكردوە، بریتیە لە سرودەكان و ئاوازە تایبەتە كانی رۆژانی یەك شەمە و جەژنەكان لەگەڵ باسكردنێكی پێویست بۆ سروتەكان و لیتۆرجیای نەستۆری([٩٣٢]). دەستنووسەكەی ئینجیل دەستەواژەیەكی تیایە كەوا ئەو دەستنووسە نووسراوە بۆ بەكارهێنانی لەدێری مار عەودیشۆی قەدیس و رەبەنی بەرێز.كەدەكەوێتە تەنیشت گوندی ئامازە پێكراو، دەقی ئەم دەستەواژەیە رەنگە ئامازە بۆ ئەو گوندە نێرم بكات كەوا

کەنیسەی تایبەت بەخەوەرنەکەی نەماوە. بۆیە کەنیسەی ئەم دێرە کەنیسەی خەڵکی گوندی (نێرم)ە. ئەم بارەمان توش دەبێ، کە بۆ چەند جارێك دووبارە کراوەتەوە لە ساڵی ١٨٥٠، کاتێك بادجەر سەردانی کردووە.

ئەو کات گوندی(نیرم گوندوك) قەشەی هەبووە و لە دێرەکەدا ژیاوە و ١٢ خێزانی کلدانی تێدا نیشتەجێبوونە و دوای ١٥ ساڵ بەسەر سەردانەکەی بادجر، ژمارەی خێزانە کلدانیەکان کە لە گوندەکە نیشتەجێ بوون کەمبۆوە بۆ چوار خێزان و بەس.

لە ساڵی ١٩١١، و بە پێی ئاماری قەشە تفەنگچی لەم گوندە ١٠٠ کلدانی نیشتەجێ بوون و قەشەیەکیان هەیە. دەبێ ئەو تێبینیە بکەین زۆری ئەو ژمارانەی تۆمار کراون لە ئامارەکان دا ژمارەکان زیادەڕۆیان تێدایە. مایەوە هەندێك لە کلدانیەکان لەم گوندە نیشتەجێ بوون تاوەکو ساڵی ١٩٢٥. لەم ساڵەدا قەشەی گوندەکە و ١٢ کەس لە کلدانەکان کوژراون لە هێرشێك دا کە لەلایەن کوردە بارزانیەکان کراوەتە سەریان دانیشتوانی گوندەکە ئێستا هەر هەمووی کوردە کۆمەڵێك لە برایانی عیسا لە بچوکەکان هەڵساون بە دامەزراندنی دێرێك بۆ خۆیان لە دەوروپشتی ئەو گوندە کە بریتیە لە خانوویەکی بچوك دەکەوێتە ناو زەویەکانی دێری مارعەودیەشۆ لە تەنیشت گوندەکە. ئەم برایانە لەوێ نیشتەجێ بون لە ساڵی ١٩٥٣ تاوەکو ساڵی ١٩٥٦.

## دێری مارعەودیشۆ

ئەم دێرە دەکەوێتە دووری نزیکەی یەك کیلۆمەتر لە گوندی نیرم گوندوك و بەلای باکوری رۆژئاوای(شۆش) مێژووی دامەزراندنی ئەو دێرە و هەروەها ناوی دامەزرێنەرەکەی دیار نیە([٩٣٣]).

جەژنی یادکردنەوەی خۆجێیی رۆژی دووشەممەی دووەمە لە هەڵسانەوە ـ ئەم دەقە هیچ زانیاریەکمان ناداتێ دەربارەی ناسنامەی ئەو کەسە مادەم رۆژی دووشەممەی ئاماژە پێ کراو ئەو رۆژە تایبەتیەیە بۆ ئاهەنگێران بە یادکردنەوەی هەر رەبەنێکی خۆجێیی قەدیسدا.

هەر وەك(ئەبنی مارۆن) لە(تلسقف) و(مار ئۆدا) لە دهۆك. لە هەمان رۆژ ئاهەنگ دەگێردرێ لە(نسیریە) کە دەکەوێتە نزیك عێن سوفنا) بۆ یادکردنەوەی کەسێك پێی دەڵێن(مار عەودیشۆع) کە لەوانەیە هەمان مار عەودیشوع بێت کە بابەتی باسەکەمانە، ئەمە ئەگەر کەسەکە هەمان ناوی هەبێت.

یەکەم ئاماژەی مێژوویی دەگەڕێتەوە بۆ کۆنترین ماوەی زەمەنی لە بەردەستمان هەبێت تایبەت بەو دێرە لە راپۆرتی پەتریك ئیلیای هەشتەم کە ئاراستەی پاپا پۆڵسی پێنجەمی کردووە لە ساڵی ١٦١٠ دەکەین. لەم راپۆرتە دا ناوی مار عەودیشۆی رەبن دێت وەك ناوی دێرێك لە ناوی لیستی دێرەکان دا کە تاوەکو ئێستاش چالاکە و کار دەکات لە چوارچێوەی هەکاری([٩٣٤]).

لەگەڵ کەنیسەی نوێی یەکگرتووی تازە لەگەڵ کەنیسەی رۆما هەروەها ئەو ناوە دەخوێنینەوە لە دەستنووسی ئینجیلی ساڵی ١٦٩٨ کە لە سەرەوە باسمان کردووە. ئەم دێرە رەبەنی تێدا نەما کاتێك بوو بە نیشتەجێبوونی علمانیەکان، وە لەوانەیە دوای ئەوەی کە هەندێ کاری نوێکردنەوە و نۆژەنی تیاکراوە بوو بێت، کەسێکی سەرسوڕمێنەر بە کارەکانی بەم ئیشە هەڵساوە، ئەویش مەتران ئەورەهایە کە هی(گوندوك)ە .ئەم مەترانە بەوە جیا دەکرێتەوە و ناسراوە زۆر زوو زوو لە سەر باوەڕی خۆی ئەو پەرو ئەو پەری کردوە، دوای ئەوەی بڕوای بە باوەرداری کاسۆلیکی هێنا خۆی کرد بەکلدانی،دواتر گەڕایەوە بۆ نەستۆری کاتێك مار شەمعوون لە موسل دادەنیشت ([٩٣٥]).

ئەم کەسە کراوەتە مەترانی ئاکرێ لەسەر دەستی یوحەننا هورمزد(بەتریك ساڵی١٨٣٨). دوای هەڵگەڕانەوە لەنیوان ئەو دوو مەزهەبە دا بۆ چەند جارێك لەساڵی١٨٤٧ گەڕایەوە بۆ نەستوری. بەتریك مار شەمعوونی حەفدەهەم ئیبراهیمی کرد بە مەترانی زێبار و مزووری(ئیبراهیم ـ ئەورەها) لە سەردانی بادجر بۆ دێری مار عەودیشۆ لە گوندوك رۆژی ١٧نیسانی ١٨٥٠ مەتران ئەورەها ئامادە نەبوو، لەو کاتەدا لەناو دێرەکە رەبەنێك و راهبەیەك تیایدا نیشتەجێبوون. هەردووکیان رازی نەبوون بە نیشتە جێبوونی(قەشە گورگیس) ناسراوبە(بادجر) لە دێرەکەدا تەنها دوای بەخشینی هەندێك لە دیاری بۆ هەردوکیان. بەم شێوەیە بابەتەکە یەکلاکرایەوە، ئەم قەشە ئینکلیکانیە توانی بمێنێتەوە لە ناو دێرەکە تاوەکو درەنگ وەختانێك لە شەو، دوای ئەوە وە بەپێ ئەوەی دەردەکەوێ، هەندێك لە رەبەنەکان هاتنە ئەو دێرەو تیایدا نیشتەجێبوون ئەمە بەپێ ئەو زانیاریانەی کە بەتریك مارپۆلیس دووم شێخو لە ساڵی ١٩٥٠ کۆیکردبۆوە کە دەڵێ پێش سەد ساڵێك بەر لەئێستا رەبەنەکان دەهاتنە(شارەمەن) بۆ ئامادەبوونی قەداسی خودایی(شارەمەن) گوندیکە دەکەوێتە دووری کاتژمێرو چارەگێك بە پیادە، لە دێرەکە قەشەی گوندەکە جل وبەرگی قەشایەتی لەبەردەکات کە تایبەتە بە رێورەسمی قەداسی خودایی کاتێك کەدەیانبینی رەبەنەکان دێن وە ئەوان لە لێژاییەکەدان کە دەکەوێتە نێوان شوش و شارەمەن، بینایەی ئێستای دێرەکە، بەشێکە لە بینایە کۆنەکە، کە پێشتر کاری نوێکردنەوە

و چاککردنەوەی تیا کراوە لەسەدەی نۆزدەهەم. دوای ئەو چاککردنەوەیە، بەڕێز بەتریك مارپۆلس دووەم شێخو هەڵسا بەکرداری نوێکردنەوەو و چاکسازی نوێ و تازە لە سەر ئەو بەشەی دێرەکە. بینایەی کۆنی دێرەکە قەبارەی گەورەتربوو، دیوارە ئەستورەکانی تاوەکو ئێستاش بەشێکن لە دیواری بینایە نوێیەکە لەلای باشووریەوە. خوشکانی قەشە شارل دەفۆگو بچووکەکان لەودێرە دا دەنیشتن بینایە نوێیەکە لەسالانی ١٩٥٥و ١٩٥٦. بە دوریەکی کەم لەدێرەکە هەندێك ئەشکەوت و پەرستگا و خەڵوەتگەی تیا بلاوبۆتەوە لەوانە: ئەشکەوتی(ئەمبۆس) وە ئەشکەوتی(مارعەودیشیۆ) کە دەکەوێتە نزیك لوتکەی چیاکە. کە دەگێرنەوە کانیەکی ئاوی لێبوو جۆگەی دەکرد. لەوبوارەدا پێویستە ئاماژە بەئەشکەوتی مارپوحەننان بکەین، ئەم ئەشکەوتە بەوە ناسراوە کەدەکەوێتە ژێر بەردێکی زۆرگەورە(واتە وەك ژێرزەمینێکی گەورەیە لەژێر ئەو بەردەمەزن و گەورەیە)ـ(وەرگێر). بۆشایی و کەلەنی ناو ئەو ژێرزەمینە چالاییە هەندێك بۆشایی و قولایی پێچاوپێچی تیایە کە دەچێتە ناو جەرگەی بەردەکان. کە زۆر لەمانە تاوەکو ئێستاش نەدۆزراونەتەوە. ئەو ئەشکەوتە زۆر ناودارو بەناوبانگە لای شوێنە وارناسەکان لە بەرئەوەی زۆر دەنووکە چالایی قولی تیایە(پەیکەرتاشی بەرد) کە دەبینی جێگای سەرسورمانە([٩٣٦]) (گوندی کوندوك)ی بەناوبانگ کردیە.

## دێری برحز بشّبا

لەنێوان ناوی دامەزرێنەرەکانی دێرەکان لە کەرتی مەرگەوداسن کە ئاهەنگیان بۆ دەگێردرێ بەپێ ی لیتورجیای کلدانی لە هەینی چوارەم لە ماوەی سرووتە ناسراوەکان بە(پیرۆزکردنی کەنیسە) ناوی(برحزبشبا) دێت. لە دەقەکانی تۆ مامەرگەیی([٩٣٧])، باس لەو رەبەنە دەکاتو دەڵێ(دوای پەرت و بلاوەکردنی رەبەنەکانی دێری(ئیزلا)ی گەورە ئەم رەبەنە گەرایەوە بۆ گوندەکەی خۆی کەناوی(حزود) بوو شوێنی لە دایك بوونی .

لێرە هەڵسا بە دروستکردنی بینایەی دێرێکی گەورە لەو دۆڵەی کە دەکەوێتە سەر گوندەکە . لەساڵی ٥٩٥ ئەم رەبەنە یاوەری ڕەبەن یەعقووبی کرد – کە هاتبو بۆ سەردانیکردنی – کاتێك ئەوەی دوایی لە ڕێگەدا بوو بۆ رۆیشتن و دامەزراندنی دێری (بێت عاوی). دوای ئەوەی دێری بێت عاوی تەواو بوو،(برحزبشبا) دێری بێت عاوی بە جێهێشت و گەڕایەوە دێرەکەی خۆی. ولەدێرەکەدا دەژیا تا کۆچی دوایی کردنی.

ئەم دێرە هەر مابوو کاری دەکرد بە چالاکیەکانیەوە بۆچەند ساڵێك پێش زەمەنی تۆمامەرگەیی ([٩٣٨]). دواتر دوچاری دەستی تێکدەرو کاولبوون بوو. رووداوەکانی دواتر

پێمان نالێن هۆکاری ئەو کاولکردنە چی یە کە بەر دێڕەکە کەوت، وە چۆن ڕووی دا . ئەوەی دەیزانین ئەوەیە کەوا(جەستەی دامەزرێنەری دێڕەکە (برحزبشبا) لە دێڕەکەی گواستراوەتەوە بۆ ئەوەی لە (دێری بیت عاوی)بنێژرێ- ڕەنگە پرسیاربکەین : گوندی (حزود)دەکەوێتە کوێ؟ وەدێری((برحزبشبا) (دەکەویتە کوێ))؟ وەئایا دەکەونە کەرتی مەرگەوەیا داسن وەبە پێی ئەوەی لە مێشکی دامەزرێنەرەکەدایە؟ لە ڕاستیدا ڕەنگە لە ناوچەی مەرگەبن،وەلەلای ڕۆژئاوای دێری بێت عاوی . مادام ڕەبەن یەعقووب لە نصێبین هاتووە، کەواتە وەبەپێ ی واقیعەکە و شوێنی جوگرافیای پێویستەیەکەم جار بە دێری برحزبشبا تێپەر ببێت پێش ئەوەی بگاتە ئەو شوێنەی کەدێرەکەی لێ دروست دەکات و دایدەمەزرینی، واتە لەلای ڕۆژئاوای شۆێنی دێری بێت عاوی.ڕەنگە ئەو شوینە بکەوێتە لای باکوری(بیرتا) واتە بەلای باکوری ـ خۆرئاوا لە(سفسفا).چیرۆکی ئەو کەسەی کەڕبوو کەبە عەجائب شیفا بۆ کرا کە دواتر باسی دەکەین، وە باس ناکرێت کە ئەو پاڵەوانە بە باوەرداریەوە توانی بەسەر ئاوی خازردا تێپەڕ ببێت(واتە ڕۆیشتن بەپیادە بە سەر ڕووی ئاوەکە وەرگێر). تەئکید لەوە دەکاتەوە کەوا ئێمە زۆر نزیکین لە شوێنی دێری بێت عاوی لەسفسفا. لەبەر ئەوەی شوێنەواری تر نیە بۆ کەلاوەی دێری لای ڕۆژئاوا لەبێت عاوی جگە لە کەلاوەکانی دێری مارعەودیشۆ ئەمە لەلایەك، وە نەبوونی هیچ باسکردنێکی کۆن بۆ ئەم دێرە لە لاپەرەکانی مێژوودا لەلایەنی دووەمەوە. وە هیچ ئاماژەیەك لە نوسینەکانی تۆما مەرکەیی دانەهاتووە کە پێویست بووە لە سەری باسی بکات مادام ئەم دێرە دەکەوێتە ناوچەیەکی نزیك بە سنووری دێری بێت عاوی، بۆیە من وای بۆ دەچم کەوا دێری برحزبشباهەمان دێری مارعەودیشۆیە. بەڵام لێکدانەوە بۆ هۆی هەبوونی دوو ناو بۆ هەمان دێر دەگەرێتەوە بۆ دوو ماوە بۆ ژیان و چالاکیەکانی ئەو دێرە لەنێوانیاندا ماوەی نوێ کردنەوەیە ـ ماوەی دووەم لە هەلسانەوەی ئەو دێرە دێت بە چالاك بوونەوەی دوای نووسینەکانی تۆما مەرگەیی بەناونیشانی سەرۆکەکان ساڵی ٨٤٠ .ماوەی دووەم دەست پێ دەکات لەوکاتەی ڕەبەن برحزبشبا هەلساوە بەکارەکانی چاك کردنەوە و نوێکردنەی دێرە کۆنەکە.(بەم شێوەیە ڕەبەن برحزبشبا بە هەلەبە دامەزرێنەر دادەنرێت و ئەزانین ئەمە دێری مارعەودیشۆ نیە) کاتێك دەمانەوێت باسی شوێنەوارەکانی گوندی(حزود) بکەین پێویستە لەسەرمان بەدوایدا بگەرێن لەدەوروبەری دەکەوێتە ژێر گوندی(گوندۆك) وە لەوانەیە ئەو شوێنە بکەوێتە لای ڕۆژئاوا بەلاربوونەویەکی کەم . تایبەت بەناوەکەی دەڵین(دەقە کلدانیەکە بۆ ئەو ناوە هاتووە لەنوسینەکانی تۆما وە ئەوەی بێجان هەوڵی بۆ

داوە بەبەردەوامی(حزود)ە جیاکردنەوەیان لەلایەن بودج([939]). لەنێوان ئەو دوونـاوە (حزود) وە حازودە) دەبینیم هیچ واتایەکی نیە و پێویست ناکات.
لێرەدا ناوی کەسێك هەیە پێی دەڵێت تۆما بە رەچەڵەك خەڵکی حزوتە لە لیستی(٤٢) مەترانەکان دا دەردەکەوێت کە لە دێری بێت عاوی دەرچوو([940]).
جگە لەمە، ئەوەی جێی خۆیەتی ناوی گوندەکەیە کە ناوی هاتووە لە گێڕانەوەی چیرۆکێکی کورت دا لە ژیانی رۆژانەی خەڵك هەڵقولاوە تۆما دەیگێڕێتەوە([941]).
بەم شێوەیە: (لە گوندی حزوت دا باخچەوانێکی کەر هەبوو رۆژێك ویستوویەتی بەشداری بکات لە کردارەکانی پارمەتیدانی دروستکردنی کەنیسەکە لە دێری بێت عاوی کە خەڵکی گوندەکە پێشکەشیان دەکرد. ئەمە لە سەردەمی میتراپۆلیت(ئیشۆعیاو) بووە. رۆژێکیان ئەو پیاوە کەرە بارێکی پیاز بە پشتی کەرەکەیەوە دەگوازێتەوە، ئەم پیاوە پیرۆزە(ئیشۆعیاو) هەڵسا بە پیرۆزکردنی پیاوە کەرەکە و ئاوڕشێنی کرد دوای ئەوەی کە خاچەکەی لە ئاوەکەدا هەڵکێشا کە خاچی مارِ یەعقوب بوو([942]).
دامەزرێنەری دێرەکە لەبەر ئەوەی بەزەیی پێ هات بە هۆی بێسەروبەرییەوە. لە رێگەی گەڕانەوە بۆ گوندەکەی ئەو پیاوە کەرە هەستی بەوە کرد گوێبیستی دەنگ دەبێت و دەنگەکان جیا دەکاتەوە بە شێوەیەکی سەرسوڕهێنەر و عەجایب. کە گەیشتە بەرزاییەك گوێی لە دەنگی زەڕەی نێرە کەر و دەنگی هەندێك ئاژەڵی تر بوو، لەوانە: دەنگی باڵندەکان کە لە ترسان دا رایاندەکرد... هەروەها گوێی لە دەنگی کەڵەشێر بوو واتە قوقاندنی کەڵەشێر و وەڕینی سەگ. ئەم پیاوە کەرە هەژارە زۆر دڵخۆش بوو بەم بارە نوێیەوە و لە خۆشیان دا سەری سوڕمابوو باوەڕشی نەدەکرد کە وای بەسەر هات. کاتێك گەیشتە ماڵەوە و لە دەرگا چووە ژوورەوە و یەکێك لە منداڵە بچوکەکانی گوێی لێ بوو بە دایکی دەڵێت:
-(ئا ئەوە بابە هاتەوە).

## شووش یان باشووش

برگەی(با) کە پێش هەندێك ناو دەکەوێت بۆ گۆڕانکاری تاکەکەیە(بێت) کە وای بەسەرهاتووە بە پێی تێپەڕبوونی سەردەمەکان. ئەو گوندە کوردیە ئەمڕۆ پێی دەوترێت(شووش) بەلام تۆما ناوی هێناوە بە باشووش. لەو گوندە رەبەن باوای میوزیکژەنی بەناوبانگ یەکێك لە قوتابخانە بەناوبانگەکانی بۆ خوێندنی لیتورجیا زانستەکانی کەنەسی دامەزراند([943]).
لە مامۆستا بەناوبانگەکانی ئەو قوتابخانەیە لەمانە(مارنەورەهامبرداشاندات)([944]).

کـە لـە سـاڵی ٧٢٠ ژیـاوە یـەکێك بـووە لـە قوتابیـەکانی جاسـلیقی دوا ڕۆژ تیماتیۆسـی یەکـەم(٧٨٠ ـ ٨٢٨) هـەروەها خەلیفەکـەی ئیشۆعبرنون و(ئـەبو نـوح ئەلئـەنباری) هـەموو ئەوانە کەسایەتی ناسـراو و بـەناوبانگن لـە ئـەدەبی سـریانیدا. لـە نێوان کارەکانی ئـەوراهام بوداشندادی تـر لەوانـە نووسـینەکانی: (دەمەتەقێیـەك لەگـەڵ جولەکـە) ڕەنگـە ئـەو کـارەی لە(باشووش) تەواو کردبێت([٩٤٥]).

دواتر ئەورەهام کوڕی داشندات گواسترایەوە بۆ دێری سەروو کە دەکەوێتـە بـاکوری مووسـڵ. دواتـر نـاوی مارگبرئیـل خرایـە سـەر ناوەکـەی دواتـریش نـاوی مارئـەورەهام. هـەروەها لـە قوتابخانەی شووش دارەبـەن(بسیۆن) وانـەی تێدا گوتۆتـەوە کە لـە دێـری سـەروودا کۆچـی دوایـی کـردووە(مارگبرئیـل) کاتێـك تیماتیۆسـی یەکـەم بـەتریك و جاسـلیقی کەنیسـەی ڕۆژهەلأت کەواتە ئەمە لە دوای ساڵی ٧٨٠ بوو([٩٤٦]).

لەوانەیە شوێنی ئەو قوتابخانەیە لە ناو ئـەو دۆڵە دا بێت کـە دەکەوێتـە پـێش گەیشـتن بـۆ گوندەکە ئەگەر لە کوندوك بۆی بچیت، ئەم دۆڵە بچوکە نـاوە کوردیەکـەی خـۆی پاراسـتووە کە بە شێوەی(ئـۆڕابی) یـە کـە واتاکـەی(ئەوڕەهایـە). بـۆی هەیـە ئـەو ناوانـە بگەڕێتـەوە بـۆ یەکێك کە ناوی ئەوڕەهامی وەرگرتووە کە بـەناوبانگ بـووە و لەوانـە ئـەو ئەورەهامـەی کـە باسمان کرد. لێکدانەوەیەکی تر هەیە بۆ ئـەو نـاوە ڕەنگە باسـکردنەکە لاوازیـش بێـت دەڵێ لەوانەیـە یـەکێك لەوانـەی دوایـی کـە شـوێنەکەیان بەدەسـت بـووە مەسـیحی بـووە و نـاوی ئەورەها بووە. ئێستا بەشێکی ئەو دۆڵە دەگەڕێتەوە بـۆ خێزانێکی موسـڵمان نـاوی(ئەحمـەد مشیحایە)، واتە ئەحمەدی مەسیحی. لە ساڵی ٨٠٠ ناوی یـەکێك لـە پیـاو ماقوڵەکانی گونـدی باشۆش ناوی(خۆزناهێر) بووە مەترانی(کارتاو) کە ناوی داود بووە دەستنووسێکی نووسیوە بە ناوی(بەهەشتی بچوك)([٩٤٧]). کەسێك بە ناوی عەمران کوڕی محەمەد ئازادی([٩٤٨]). Al Azdi ـ گوندی باشۆش و چەند گوندێکی تریشی داگیر کـردووە کە دەکەونـە سفسفا. دواتر خاوەنداریەتی موڵکەکانی ئەو گوندانە کەوتۆتە دەست کوردەکانی(حەمیـدی)، ئـەوەی یاقووتی حەمەوی باسی دەکات([٩٤٩]).

دەربارەی شوش ئەویـە : قەلأیـەکی زۆر گـەورە و بڵنـدە لـە نزیـك ئـاکرێ. حەمیـدی سـەربە کاروباری موسڵە. دەڵێن بەرزتـرە لەئاکرێ گەورەترە بەلأم بـە ژمـارە کـەمترە لەسـاڵی ١١٣٣/٤ نورالدین زنکی داگیرکـردووە وەك سـزایەك بـۆ(عیسـای حومێـدی) بـەهۆی ئـەو یارمەتیـەی کـەبۆ خەلیفـە(المسترشـد) دابـووی لـەو کاتـەی کـە ئـەوەی دوایـی دەیویسـت مووسـڵ داگیـر بکـات([٩٥٠]). لەگونـدی(شـوش)ی ئیسـتا قەسـرێك(کۆشـکێك) هەیـە ئاغـای گوندەکـەی تیـا نیشتەجێ یە. دانیشتوانی ئەو کۆشکە توانیان بەرگری لە خۆیان بکەن لـەو هێرشانەی کە

بارزانیـەکان کردیانـە سـەری و گـەمارۆیان دابـوو وە لەژیانـدا مـابوو تـاوەکو سـاڵی ١٩١٤ـ ١٩١٨(واتـە سـاڵانی جـەنگی جیهـانی یەکـەم) . ئـەو بەرگریکردنـە سـەریگرت بـەهۆی ئـەوەی کانی ئاوەکەیان لەناوکۆشکەکەدابوو، وە خواردنیـان هـەبوو بـە ڕێکـو پێکـی بـەکاریان هێنـا شـوش لەهاوینانـدا ئـاو و هەوایـەکی سازگاروخۆشـی هەیـە، وە دارمیـوەی زۆر و هەمـەجۆری بەلەزەتی هەیە.

گوندی شارمن هەمان خاسیەتی هەیە کە دراوسێیەتی. بۆیە مەتەڵێکی کوردی هەیـە پێیـان دەڵێن(بەهەشتی سەرزەمین).

هیچ دەستنووسێکی زانراومان نیە بگەڕێتەوە بۆ شۆش. هەروەها نـاوی کەنیسـەکەی نـازانین کە شوێنەوارەکەی بە تەواوی نەماوە. دەڵێن ئەو قوتابخانەیەی ئێستا کـە پێشـتر کرابـوو بـە مزگەوت کەنیسـە بـووە ئێسـتا هـیچ مەسـیحیەك لـە گونـدی شـۆش نیشـتەجێ نیـە. خەڵکە کۆنەکانی ئەو گوندە پارێزگاریان بە هەندێك ناوی ئەو شوێنانە کردووە، کـە ڕەنگـە سـوودی هەبێت بۆ وەبیرهێنانەوە و لەو شوێنانە وەك:(کانی مارزمیا)([951]).

کە دەکەوێتە لایەك لەو ڕێگەیەی دەچێتە(شارمن). ئـەوەی باسـی ئـەو کانیـە دەکرێـت کـەو گەیشـتن بـۆ سەرچـاوەکەی قەدەغـە بـوو بـە هـۆی حەزیایـەکی زۆرەوە قـەدیس مارزمیـا هەمووی لە ناو برد بـە مـوعجیزە و سـەمەرەوە و خەڵکەکـە لـەو ترسـە ڕزگاریـان بـوو و بـۆ جـارێکی تـر سـوودیان لـە ئـاوی کانیەکـە وەرگـرت. هـەروەها شـوێنی(ماردانیـال) لـە نێـوان باخچەکان دا لە شوێنێك دەکەوێتە سەرووی شـوێنی کۆشـکەکە، هەنـدێك پاشمـاوەی بناغـەی بینایـەك دەدۆزینـەوە پێـی دەڵـێن(شـەهید) و دوا جـار شـوێنێك هەیـە پێـی دەڵـێن شـوێنی(خـاچ) کـە دەکەوێتـە ناوچـەیەك پـێش بنکەیـەك گەیشـتن بـە گونـدی شـۆش کـە دەکەوێتە بەری ڕۆژهەڵاتـەوە لـە ڕۆخـی ڕێگەکـەدا و دەڵـێن کـەوا لـە شـۆش و لـە ماوەیـەکی زۆر کۆن دا ژمارەیەکی زۆر جولەکەی تێدا بووە، بەم بۆنەیەوە کە پێشتر باسمان کـرد لـە سەر مارئەورەهام و نووسینەکانی بە دەمەتـەقێی زمـانێکی توونـدەوە لەگـەڵ جولەکـەکان د لە سەدەی هەشـتەمی ز. لـە سـەدەی ١٩ مەهـەم بـادجر ژمـارەی خێزانـە جولەکـەکانی بـە ٣٠٠ خێزان خەملاندووە لە گوندی شۆش دا. ئێمە گومانمان لە ڕاستی ئەو ژمارەیـە هەیـە لەبـەر ئـەوەی زێدەڕۆییـەکی زۆری تێـدا هەیـە. نـەوەکانی ئەوانـە کـە گوندەکـەیان بەجێهێشـت لـە دەرکردنی جولەکەکان بە کۆمەڵ لە ناوچەکانی باکوری عێراق لە ساڵی ١٩٥١ دا.

یەکەم شت کـە توشـی دەبـین لـە گونـدی شـوش کـە ئێمـە لـە گونـدی کونـدوك بـۆی دەچـین گەڕەکی جولەکـەکان و کەنیسـە تایبەتیەکـەی ئـەوان و گۆڕسـتانەکەیانە. لـەو گوندانـەی کـە سەر بە شۆش بوون لەوانە یەکەم:(حابوشتا)([952]). شـوێنەکەی لەلایەکـە بـەرزترە لـە شـارمن

و باکوری خۆرهەلاتی مەزاری(مارساوا) و دووەم گوندی(بیناسا)([953]). کە ناوەکەی خۆی پاراستووە تاوەکو ئەمرۆ ـ ئەم گوندە دەکەوێتە لایەکی دەشتەکە لەبەری باشوورەوە و لە گوندی شۆش دا ئەو گوندە وێران کراوە لە ماوەیەك پێش ماوەی ژیانی تۆما مەرگەیی بە هۆی گەردەلولێکی وێرانە ئەمە بە پێی نووسینەکانی(ماران عەمما) دوای کاولبوونی ئەو گوندە(باشووش٩ زەویەکانی وەرگرت و بوو بە موڵك و ماڵی رەوای ئەو گوندە.

## شرمن/ شارمن/ یان شلمت

گوندی شارمن لە کۆن دا ناوی شالمات بووە، یەکێکە لە گوندەکانی سفسفا([954]).

بەو ناوە زیاتر بەکاردێت. شوێنێکی دیاری هەیە لە دەقەکانی پەرتووکی(الرؤساء) دا بە هۆی فێرکردن و رۆشنبیری کە تێیدا هەبووە لەلایەن مار ئەحا([955]).

کە دواتر بوو بە قەشەی بێت عاوی و دواتریش بوو بە مەتران و دوای مردنی لە شامات نێژرا. ناوی لەو کەنیسەیە نرا کە لە سەر گۆڕەکەی دروست کراوە تاوەکو ئێستاش ئەو کەنیسەیە ناوی ئەوەیە تاوەکو ئەمرۆ. مارئەحا لە گوندی ئۆواخ ـ ئەواخ لە دایك بووە کە دەکەوێتە ناوچەی تالانا. کە دەکەوێتە کەرتی مەرگە.

زانست و رۆشنبیری لەگەڵ برایەکەیدا(شوحا لمارن) بەدەست هێناوە لە شلمات لەو قوتابخانەیەی کەوا باوای دایمەزراندبوو([956]).

هەر دوو برا چوونە ناو دێری بێت عاوی دوای ماوەیەك ئەحە بوو بە سەرۆکی دێرەکە. ئەم رەبەنە بەوە دەناسرێ کەوا ساکار و سادە بوو و ژیانی رەبەنایەتی رێك و پێك بووە بە شێوەیەکی راستەقینەوە کە ناوبانگی پێ دەرکردووە لە کاتی نوێژکردن دا لە کەنیسە بە هیچ شێوەیەك چاوی هەڵنەدەهێنا بۆ تەماساکردنی قاچەکانی، و لە سەرەتای نوێژکردنی فەرزی تاوەکو کۆتاییدا. لە سەردەمی بەتریك(ئەبا) ی دووەم(٧٤١ ـ ٧٥١) کاندید کرا بۆ میترابۆلیتی(ئاشوور) و(حدیاب) هەروەك پێشتر روونمان کردەوە.

دوای کۆچی دوایی لە شەلمات نێژرا لە سفسفا. رەبەن شەمعوون هەڵسا هەر وەك تۆما باسی دەکات بە مامۆستا، دکتۆری قەدیس مەترانی بێت بەگاش، بە دروستکردنی کەنیسەیەك لە سەر گۆڕی مار ئەحا بە بەرد و گەچ([957]).

یەکێك لە هەواڵگریەکانی تۆما مەرگەیی کە هەندێك زانیاری پێداوە و لە پەرتووکەکەیدا تۆماری کردووە ـ وەرگێڕ). کە ناوی شێخ(راما) مەزن کە قەشەی لێپرسراوی کەنیسەی شالمات بووە([958]).

لە جێگایەك دەکەوێتە بن شوێنی شالمات لە کۆن دا گوندێك هەبووە ناوی(بێت ئیزری ـ واتە خەرمان)([959]) بووە.
لەگەڵ شالمات یەکیان گرتووە لە سەردەمی ماران عەمما و لە بن دەسەڵاتی ئەو دابوون سەرۆکی ئەو گوندە ناوی(شاور) بووە.
ئەم گوندە لە سەردەمی تۆما دا چۆڵ بووە، دواتر بە یەکجاری ون بووە لەگەڵ رۆژگارد دواتر دەقەکانی تۆما ئاماژە بە هەوالگرێکی تر دەدات بۆ تۆما قەشەیەك بووە بە ناوی(عەمانوئێل)(خەڵکی باشۆش بووە)([960]).
لێرەدا پرسیارێکمان بە بیر دێتەوە ئەوەیە ئایا ئەو گوندەی کە پێی دەڵێن بێت ئیزری، یان با ئیزری؟ و لەوێدا ئەو گایە دزرایە دۆزراوەتەوە لە باقد شای؟([961]).
لەبەر ئەوەی لە توانای ئەو گوندە دا هەمان گوند(باقدیشی) یە کە ناوی لای تۆما هاتووە([962]).
تاوەکو ئێستا شوێنەکە نەدۆزراوەتەوە. لەبەر ئەوە زۆر زەحمەتە بزانی لە کام لای مەرگە ئەم رووداوە بووە بە تەئکید ئەوەی کە روویداوە لەلای باکوری خۆرهەلاتی چیای مەقلوب بووە، بەلام ئاراستەی رۆیشتنی دزەکە(لایۆلۆخ) نازانین کە خەڵکی زاخۆ بووە و ویستوویەتی ئاژەڵە دزراوەکە بفرۆشێت یاقوت حەمەوی لە فەرهەنگەکەیدا باسی شارمن دەکات. بەلام بە(شەرمله) وە هەرەها ئاماژە بە بەناوبانگی بەهەنار دەکات([963]). ناوی یەکێك لە دانیشتوانی شلمات لە رۆلەکانی سەدەی سێزدەهەم هەیە و پارێزراوە بە شێوەیەکی چاوەڕوان نەکراو ناوی لە دەستنووسێکی یەعقووبییەکاندا هاتووە(١٠٠٩).
ئەم ناوە ناوی(ئەبراهام بریۆحەننان بریەلدا/ئەبراهام کوری یوحەننا کوری یەڵدا ـ وەرگێر). خەڵکی گوندی شالماتە کەدەکەوێتە نزیك شوش. ئەم ناوە لەو دەستنوسەد هاتووە وەك تێبینیەك ساڵی ١٢٧٢ خراوەتە سەری. ژمارەیەك دەستنونسمان بەدەست گەیشتوە سەرچاوەکەی(شالمات)ە. کۆنترین مێژوو بۆ یەکێك لەو دەستنوسانە هی ساڵی ١٦١٤. کە ئێستا لە (مەلابەروان)ە ، لە خێزانێك کە بەرەچەلەك خەلکی شارمنە. ئەو دەستنوسە بریتیە لە(ئینجیل)ێك بۆ کەنیسەی مارئەحا نووسراوە([964]). وە هەروەها دەستنوسێك هەیە ناونیشانی(ترکامی)یە/وەرگێراوەکان ـ دەگەرێتەوە بۆ (عەودیشۆ) نصێبینی. وە دواتر گێرانەوی تەفسیر بۆقەداسی خودایی بەپێی سروتی نەستۆریەکان . ئەم دەستنوسە لە ئەلقۆش نوسراوە لەساڵی ١٦٧٨ لە سەر داوای قەشە هورمزد وە کورەکەی قەشە ساوا بۆ بەکارهێنانی لە کەنیسەی شەلمات([965]). لەساڵی ١٧٢٣ لەسەردەمی سەرۆکی گوندەکە(یەلدا) وە قەشەکان هورمزد و یەلدا دوو لە خەڵکە باوەردارەکەی ئەو گوندە کەناویان(حەننا)و

(کامۆ) بەهاوکاری ژنەکانیان بەناوی(سارا)و (مەریەم) هەڵساون بە پێدانی نرخی کرێی نووسینی دەستنوسی (کزا)(پەرتوکی نوێژەکانی سروتی رێك و پێك) بۆ بەکارهێنانی لە کەنیسەی مارئەحا([966]).

هەروەها دەستنووسێك بۆ مێژوو لە ساڵی ١٧٤٠ لە ئەلقۆش کۆتایی بە نووسینی هاتووە لە سەر ئەرکی(میرۆت) کچی هورمزد([967]).

دوای بلاوکردنەوەی ناوەرکی قەشە فۆستی دەستنووسێکی بۆ ئینجیلی پیرۆز بە سریانی(السورت) زمانی ئاخاوتنی سریانی - وەرگێر). سەرچاوەکەی شالماتە. کرێی نووسینەکەی ئەو دەستنووسە بە بەشداری قەشە هورمزد و وافە بووە(وافە): بەرپرسی هەڵسورێنەری کاروباری کەنیسەیە) کەنیسەی شالمات و کورەکەی قەشە تۆما لەلایەك و ئیلیای کوری برای لەلایەکی تردا. لە ساڵی ١٧٨٧ سەرۆکی گوندەکە داوای کرد موختاری گوند کە ناوی گۆرگیس کوری زهیا کوری سەرۆك تۆمایە کە یەکێکە لە نووسەرەکان، خۆشنووسەکان کە بەناوبانگ بووە لە رۆڵەکانی ئەلقۆش بووە دەستنووسێکی نووسیوە بۆ عۆنیسا(سرودێکی ئاینیە لە وەرزێکی دیاریکراو دا دەگوترێت). دانەرەکەی(گبرئیل قەمسا) یە میتراپۆلیتی مووسڵ بووە([968]).

دەستنووسی ساڵی ١٧٤٠ تییدا نوسراوە بۆ بەکارهێنانی هاوبەش ئامادەکراوە لە نێوان کەنیسەی مار ئەحاو کەنیسەی مارساوابەیەکەوە. لەواقیعدا مارساوا مەزارێکی بچووکە ئەشکەوتی رەبەنێکی تیابوو ئەو ناوەی هەبوو. شوێنکەی بەدووری لە دۆڵەکەدایە، وە لە باشووری خۆرئاوای کەنیسەی شارمن، کە لە کەنیسەکەوە دەبینرێ، وە هەروەها ئەشکەوتێکی تریش هەیە دەگەرێتەوە بۆ مارپۆ حەننان. کاتێك بادجر سەردانی شارمن دەکات بینی کەوا دانیشتوانەکەی نەستۆر نیەو ژمارەیان ٣٠ خێزان دوو قەشەیەیان هەیە بۆ خزمەتکردن و کەنیسەیەکیان هەیە تایبەت بە خۆیان([969]). هەمان ژمارەی خێزانەکان تۆمارکراوە لە ئاماری ساڵی ١٨٦٥. لەساڵی ١٩١١ ژمارەی کلدانەکان کەلەوێ نیشتەجێ بوون (٢٥٠) کەس بووە وە لە تەنیشت ماڵە کوردەکان دەژیان بە هاوکاری و لێکتێگەیشتنی تەواوەوە.سەرۆك وەیا (موختاری) گوندەکە مەسیحیی بوو. کە نیسەی مار ئەحا تائیستاش ماوە وە بەشێوەیەکی لەبار. لایەکی بۆ زیادکراوە لەلای رۆژئاوایەوە باڵی کەنیسەکە پارەی چاك کردنەوەی لەلایەن ژنێکی خێرخوازەوە. بەلام ئەو بەشە تووشی خراپ بوون هات بۆیە رۆخینراوە بەتەوای لابردار. بەم شێوەیە کەنیسەکە گەرایەوە سەردۆخی جارانی. ئیستا کەنیسەکە دوولایەنی هاوتەریبی هەیە. هەمان داب و نەریتی رۆژئاوا - رۆژهەلاتە. چوونە ناو کەنیسەکە لەو دەرگایەوە کە دەکەویتە دیواری خواروو. لە بالی یەکەم لە

چوونە ژوورەوەمان(جوڕنەی لەناو هەڵگیشان دەبینین)، لەژوورێکی بچووك دروستکراوە لەو پەری لای ڕۆژهەلاتی باڵەکە. وە هەروەها لەوژوورەدا تەندورێکی بچووکی نانکردن هەیە. کەلەویدا نانی قوربانی تێدا دروست دەکرێت،پاڵیداوەتە گۆشەی باشووری خۆرهەلاتی ژوورەکەبە بەرزی نیوەی بەرزی ژوورەکە.لەگۆشەی باشووریخۆرئاوای ژوورەکە هەندێك قادرمە هەیە بەرەو ناو هەردووباڵەکە دەروات. ماڵی شەهیدان دەکەوێتە بالی یەکەم لەنزیك دەرکای چوونە ژوورەوە بۆ ناو کەنیسەکە لەبالی باشوورەوە دەچینە بالی سەرەکی ـ باکووری . بەدوو دەرگەی سەرەکی یەکێکیان تایبەتە بە ژنان و دووەمیان تایبەتە بەپیاوان . لەپێش پیرۆزی پیرۆزەکان(مەزبەحی سەرەکی) (قەسرۆك) (مێزێکی شێوە قادرمە) کراوەتە مزگەوتی گوندەکە و دووەمیان بۆتە کاولگە و دەتوانین دیوارەکانی ببینین تاوەکو ئەمڕۆ، شوێنی ئەم دوو کەنیسەیە دەکەوێتە بەری ڕۆژهەلاتی گوندەکە لەلای خڕدز.

## خلەفتایان ـ خیلافەت

ئەو گوندە دەرکەوت لە سەدەی شەشەمی ز لە ژێر ناوی" باحیلابیە/ باحێلابێ" لەو کاتەی کە(برعێتا)([970]).

(رەبەن و مێژوونووس لە ژیان دا بوو یەکێکە لە گوندە پیرۆزەکان درێژ دەبێتەوە بۆ لای باشوور لە دۆڵێکی زۆر جوان هێمن و ئارامی بەردەوام پڕ ئاو بووە بە شێوەیەکی باش. لێرە دامەزراندنی دێرەکە کرا. ئەم گوندە یەکێکە لەو گوندانەی کە داگیر کراوە لەلایەن(عمران کوڕی محەمەد)([971]).

لە سەردەمی تۆما مەرگەیی لە سەر مەسیحیەت نەمابوو. ئەو کاتە دانیشتوانە کۆنەکەی پەرت و بلاوەیان کردبوو. بەلام مانەوە هەتاوەکو ئێستاش ناوی گوندەکەیان پاراستووە بە ڕەسەنایەتی خۆی تاوەکو ئەمڕۆش(ڕەبەن یۆحەنان)([972]). خەڵکی ئەو گوندەیە کە زۆر جار ناوی یاد دەکرێتەوە لە دەقە مێژووییە ڕەبەن یووسف بۆسنایا لە سەدەی دەیەم دا. ئێستا ئەم گوندە بە(خەلفەت) ناو دەبردرێت و هەموو دانیشتوانەکەی موسڵمانن یاقووتی حەمەوی ناوی ئەم گوندە بە حیلیبتا) ناو دەبا([973]).

وە زۆر زۆری پێ هەڵدەڵێ و مەتحی دەکات بە هۆی ئاو و هەوا سازگار و زەویە بە پیتەکەیەوە. هەروەها باسی ئەوە دەکات مزگەوتێك و کانیاوێکی تێدایە ئاوەکەی پاکە باخچەکانی لەلایەن جوتیارەکانەوە بەکاردێت بەرامبەر بە دەیەك؟

حەترا(یا هەترا/ Hetra

هـەروەها پێـی دەوتـرێ(حطـارا/ حتـارا) دەکەوێتـە سـەر رووبـاری خـازر. بـەڵام پەرتووکی(سەرۆکەکان) شوێنەکەی دەباتە سفسفا([٩٧٤]).

دانیشـتوانەکەی لـە سـەردەمی رەبـەن گبرئیـل مەسـیحی بـوون. ئـەم رەبەنـە هەڵساوە بـە شیفاکردنی کوڕی یەکێك لە رۆڵەکانی ئەو گوندە ناوی(نگارا شەهریخ) بوو([٩٧٥]).

دواتـر عمـران داگیری کـردووە، دەسـتی بەسـەردا گرتـووە لەگـەڵ چـەند گونـدێکی تـردا لـە سەردەمی تۆما مەرگەیی دا هەموو دانیشتوانەکەی موسڵمان بوون، چونکە ناوی ئـەو گونـدە واتاکـەی(ئاشـە) ە بۆیـە لەوانـە تووشـی گونـدی تـر ببین هـەمان ناویـان هـەبێت، هـەروەها دەگەینە دێرێك بە ناوی(ختـرا ـ خـەترا) دەکەوێتـە شمکان نزیـك(هەرماشـێ). هـەروەها دوو گوندی تریش هەیە بە ناوی(حەتارا) یەکەمیان دەکەوێتە رۆژئاوای رێگەی نێوان مووسـڵ و زاخۆ و بە لادانێکی کەم لە نیوەی رێگەدا لـە نێـوان(تەلعـەدەس) و(باقـاق) بـەڵام دووەمیـان دەکەوێتـە لایەکـەی تـری رێگەکـەوە بـە دووری دە کیلۆمـەتر رۆژهـەلاتی یەکـەمیان بـەڵام تکایـە ئاگـادار بـە هـەر دوو گوندەکـە ناکەونـە ناوچـەی سفسـفا. بـەڵام لـە سـەر ئـەو راستیەشـەوە دەبیـنین تۆمـا تەئکیـد لـە سـەر ئـەوە دەکـات کـە دەکەونـە ئـەو ناوچـەیە. بودج([٩٧٦]). دوو گوندی تریش بۆیان زیاد دەکات ئەوانیش گونـدی(بیبـۆزی) و(بیرتـا) یـە. لـە راستیدا هۆکـاری ئـەو هەڵەیـە لێکدانـەوەی خراپـە بـۆ دەقەکـە، بـەڵام وەرگێڕانەکـەی بـودج راسـت و وردە([٩٧٧]). بـە پـێ ئەمـە لـەوە تێدەگـەین کـەوا کەسـێك لـە(بیبـۆزی) هـاتووە و ناوچەی(بیرتـای) داگیر کـردووە، واتـە بـەری رۆژئـاوای کـەرتی مەرگـە، دواتـر چـوار گونـدی تریش داگیر دەکات و دەستی بە سەردا دەگرێت کـە دەکەونـە سفسـفا، ئەمـە جگـە لـە چـەند گوندێکی تر.

٣ ـ ئاکرێ ـ عقرة

ئاکرێ قەڵایەکی کوردیە لـە کۆنـەوە ناوبـانگی هەیـە ئێسـتا لـە رووی کـارگێڕی کەنەسـی لـە ژێـر دەسـەڵاتی مـەتڕانی ئـاکرێ و زێبـارە و بارەگـای کورسـیەکە بـە رەسـەن شـاری ئـاکرێ خۆیەتی. هیچ ئاماژەیەکی پێ نەکراوە لە مێژووی مەسیحیەتی کۆن دا([٩٧٨]).

ئەگـەر وا دابنـێین ئـاکرێ ئێسـتا هـەمان ئاکرێیـە کـە بـاوای قوتابخانـەی تێـدا دامەزرانـدووە ناسراوە بە قوتابخانەی مەرگە دەڵێن باسی نـەکراوە لـە پـەرتوکی(الرؤسـاء) تـەنها یـەك جار نەبێت(ئەگەرچی دەکەوێتـە نزیـك دێـری بێـت عـاوی) یـەك شـاعیر هەیـە خـەڵکی ئاکرێیـە مێـژوو باسـی دەکـات نـاوی(ئـادەم ئاکرمیـە) لـە نـەوەکانی سـەدەی شازدەهەمە سـرودێکی شیعری داناوە لە سەر رەبەن هورمزد ساڵی ١٥٩٦([٩٧٩]).

مێژووی ئەبرەشیەی ئاکرێی کلدانی پێشتر بە کورتی باسمان کردووە کاتێك Cuinet سەردانی ئاکرێی کردووە لە ساڵی ١٨٩٠([٩٨٠]).

کاتریدائیەکەی کە لە ژێر ناوی شەفاعەتی پاکیزە بووە کاول بووە و چۆڵگەیە. دواتر کاری دووبارە دروستکردنەوە و فراوانکردنیان وەك پێویست بۆ کردووە. ئەم کارە لە سەر دەستی بەڕێز بەتریك مارپۆڵسی دووەم شێخۆ بووە. کۆنترین دەستنووس لە سەر ئاکرێ کە لامان هەبێت دەگەڕێتەوە بە ساڵی ١٦٩٥([٩٨١]).

هەروەها لامان دەست دەکەوێت دەستنووسێك بە تەواوی بۆ نامەکانی قەدیس پۆڵس دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی ساڵی ١٨٧٣([٩٨٢]).

بەم دەستنووسە هەیکەلی پەرتووکەکانی سروتی تەواو دەبێت کە گەیشتۆتە ئاکرێ کە ڕۆژێك لە ڕۆژان هیچ گرنگیەکی نەبوو لەبەر ئەوەی مەڵبەنێکی مەسیحی بووە، جگە لەمە دەبێ ئاماژە بە کەنیسەیەکی بچوك بدەین دەکەوێتە نزیك بە کەنیسەی کلدان بە دووری چەند مەترێك دەگەڕێتەوە بۆ تایەفەی یەعقوبی ئەم کەنیسەیە بەوە دیارە کە لەناو دڵی بەرد هەڵکەندراوە. شەفیعی ئەوەی کە کەنیسەکەی بەناو نراوە(مارگۆرگیسە) کاتێك Cuinet سەردانی کردووە بینیومتی لە سەر شێوازی کەنیسە سەرەتاییە کۆنەکانە کە زۆر زەحمەتە باسی بکەیت و بە وردی ڕوونی بکەیتەوە و وردەکاریەکانی دەگمەنە کە بە شێومیەکە نایبینی لەبەر ساکاریەکانیدا. دوای سەردانەکە بۆ ناوچەکە ئەو لێدوانەی داوە:(ئەگەر بیرۆکەیەکمان لە سەر کەنیسەکانی مەسیحی کە لە ناوچە چیاییەکان دا هەیە، پێویستە لە سەرمان وا خەیاڵ بکەینەوە کەوا ئێمە لە ژوورێکی ئاست نزم و تاریك داین دیوارەکانی تابلۆی ئەستوورن و بە قوڕ داپۆشراون لە سەرووی ژوورەکە هەندێك تابلۆی تەختەیی گەورە هەیە وێنەکە بە یەك بەستراومتەوە بە شێومیەکی سەرەتایی بۆ ئەوەی بکرێت بە مەلەوانگەی تایبەت بە مەراسیمی قەداسی خودایی لە سەر ئەو مەلەوانگەیە خاچێك دەبینین ئەو دیو ئەو دیوی نەچەسپێندراون بە سەر یەك دا بە شێومیەکی ڕێکوپێك و پێویستیان بە هەندێك بزمار هەیە بۆ ئەوەی جێگیریان بکەیت بە سەر یەکەوە بۆ ئەوەی بە ڕاستی وێنەی خاچەکە بدەین هەر وەك دەیزانین. لە پاڵ ئەمە دا، وێنەیەك یان دوو وێنەی لەبیرکراو هەیە. لە یەکێك لە گۆشەکان دا و هەندێك جار لە ناوەڕاستی ژوورەکە شێوەی مێزێك داندراوە هەندێك پەرتووك بە سەریدا کەڵەکەیان کردووە کە هی سروتەکانن تێکەڵ و پێکەڵ بوون. باری ئەو پەرتووکانە گریانت بۆی دێت بەهۆی ئەوەی دووچاری لەناوچوون بوون بەهۆی شێووکۆنیاندا. ئەمە زۆربەی کەنیسەکانی گوندەکانی ناو چیاکان بەم شێومیەن کاتێك باس لە کەنیسەکانی تایبەت بە

نەستۆریەکان دەکات پێویستە ئەمەش زیاد بکرێت کەوا کۆمەڵێك داری تێدایە وەك گۆپاڵ وان و لە کۆتایی ژوورەکە داندراون ئەوانەی لە ناو کەنیسەکە دا ئامادەبن لە کاتی نوێژکردن و سروتەکانی(نوێژکردن پاڵیان بەم دارانە داوە). لەگەڵ ئەوەی کە ئەم باسە دەگونجێ لەگەڵ کەنیسەی یەعقوبیەکانی ئاکرێ پێویستە و بە خێرایی ئەوەش بخەینە سەر باسەکە:

(لە تەنیشت دەرگا نوێیەکە، دەرگەی کۆن دەبینرێت کە تاوەکو ئێستا پارێزراوە بە پێوانەی ١,٤م ٦٠ سم(درێژی و پانی چوارچێوەی دەرگاکە(٣٠ سم لە ئاستی زەویەکە بەرزترە کەنیسەکە بریتیە لە سێ ئەشکەوت بە هۆی تونێلێك یان گەروێکی هەڵکەندراو لە سەر بەرد بە یەك بەستراون و بەدوای یەك دا بە ئاراستەی رۆژهەلاتی ئەشکەوتی یەکەم کە لەوێدا دێتە ژوورەوە لە دەرگەی سەرەکی ئامـاژە پێکراو درێژیەکەی(چوار مەترە) ئەشکەوتی ناوەراست ـ مەڵبەند ـ واتە هەیکەلی سەرەکی قولاًییەکەی(٤,٥ مەترە) بەلام پانیەکەی(١٢ مەترە) و یا لە دەرگا نوێیەکە تاوەکو دیواری باکوریدا. ئەشکەوتی خۆرهەلات(سێیەم) هەر وەك پیرۆزی پیرۆزەکانە، هەمان پانی هەیە(١٢ مەترە) بەلام قولاًیی چوار مەترە لەلای باکور پەرستگەیەکی بچوك هەیە کە مەلەوانگەیەکی زۆر بچوکی تێدایە.

مەزبەحی سەرەکی دەکەوێتە ناوەراست لە خالێکی نیمچە مەڵبەندی . قەبارە کەی گەورەترە لەوەی باسمان کرد بەکەمێك وەبە بەرزاییەکی بەرچاو.

جورنی لەناو هەڵکێشان پالی بەدیواری باشووردا داوە کە دووپەنجەرەی بچووکی تیایە جالیەی تایەفەی یەعقووبیەکان لەئاکرێ زۆر بچووکە بە بچووکی کەنیسەکەیانن ، هەر وەك دورگەیەکی چۆل وایە لەژێر رەحمەتی هەڵکشان وداکشان دا کەوا هەڵگەراوەکان بەکاربهێنن کەجەستەی ئەو مەسیحیە هەزارانەی دادرەدان، وەیا هەروەك کۆچەرەکانن لەکاتی رووداوەکاندا هاتوون ،بەلام ئەمە کارێکی زەحمەتە دیاریبکرێت.ژمارەی رۆلەکانی ئەبرەشیەی کلدان لەسالی ١٨٥٢ زیاتر لە ١٥٠ کلدانی نیە ، وەلەسالی ١٩١١ژمارەیان بووبە ٢٠٠ کلدانی وقەشەیەکیان هەیە لەسالی ١٩٦١ژمارەکەیان دەگەیشتە ٢٥٠ کلدانی .

لەسەر لوتکە چیاکەکە خانووەکانی ئاکرێ ی تیابلاًوبۆتەوە لەوسەرەوەیە پاشماوەکانی قەلاًی کوردی ماوە .بەشی هەرەزۆری ئەو قەلایە هەروەك دەبینرێ لەسەر بەردەکان هەلکەندراوە بەقوولاییەکی زۆرەوە(نەقارێ کراوە) ئەم قەلاًیە وێرانکراوە وەبەشێوەیەکی کۆتایی لەماوەیەکی زەمەنی پێش سالی ١٨٤٠بەماوەیەکی کەم (١٠٣١)

لەناو ئەو قەلایە داسالۆنێکی فراوان هەیە هەمووی دەکەوێتە ژێر زەوی ، سەرمانسورما وە هەرلەچرکەی یەکەمدا لەگوێبیستمان کەوا بینایەیەك هەیە لەو قەلایە کوردیە خەلکی ناوچەکەو مەسیحیەکان دەلێن ئەوە کەنیسە یە . بەلام پاش کاولکردنی قەلایەکە بەتەواوەتی بۆ پاشماوەی پاشماوەکان هەندیك مەسیحی هاتن بۆ گەران بەدوای کونێك وە (ژێرزەمینێك) بۆ ئەوەی بیانپارێزی لەو ئاشووب و هەراو هۆریایەی ناوچەکەدووچاری هاتبوو ، بۆیە بەدورنازانرێ کەوائەو سالۆنە کردبێتیان بەکەنیسە بۆ نوێژکردن و سرووتەکانی ئایینی وعیبادەتکرن . لەناو ئەو سالۆنەدامەزبەحێکی لەقورڕدروستکراو هەیە پێدەچێت کەنوییە لەناو سالۆنەکەدا .لەو واقیعەدا هیچ سەلماندێکمان نیە بۆ ئەوەی ڕوون بێتن لەلامان کەوا ئەو سالۆنە بەڕەسەن کەنیسە بووە.

٤- لە ئاکرێ بۆ زێی گەورە

لەبەدواچوونماندا بۆ مێژووی درێژبوونەوەی گوندەکانی سفسفاکە هیوادارم بدۆزینەوەو قسەیان لەسەربکرێ ، وەبەلای رۆژهەلاتی رووی خوارێ زنجیرەچیای ئاکرێ‌زۆر گوندمان تووش دەبیت کەتاوەکو ئێستا شوێنەواری مەسیحی خۆی پاراستتوە .هێلی گەشتەکەمان بۆ چوونە ناو ناژیانیان پێویستە هەمان هێڵ بێت بەلام بەئاراستەی پێچەوانەی ئەو هێلەی کەوا میتراپۆلیت ((مارن عەممە)) گرتبوو یە بەر ، کاتێك ((نوفی)) ناردوومبۆ کەرتی مەرگەلە بڕی ئەو فەرمانەی وەك سزابەسەری سەپێنرابوو(١٠٣٢)

پاشقال ئەوگوندەیەکە یەکەم گوند تووشی دەبین لەکاروانەکەماندا، لێرەدا شوێنەواری کەنیسەیەك دەدۆزینەوە بەوێرانکراوی. ئەم کەنیسەیە کاتی خۆی لە((کونا )) بوو ، دواتریش تەلارێك ، بەشێك لەو کەنیسەیە لەبەرد هەلکەندراوە وەهەروەها ئەشکەوتێکی بچووکی لێیە کە دەگەرێتەوە بۆ یەکێك لەرەبەنەکان لەنزیك گوندی ((زمنتا)) وەبەلای خۆرهەلاتیدا پاشماوەی کەنیسەیەك دەبینین.

وەهەروەها پاشماوەی کەنیسەیەکی تریش دەگەرێتەوە بۆ گوندی ((خاناکا))کە زۆر کۆنە (ئەشکەوت ) ی تیایە :-

گوندی بجیل گوندیکە دەکەوێتە خۆرهەلاتی گەروی ((زمنتا )) لەپال کەنیسەکە ، ژمارەیەك ئاشی تیایە ، بۆیە لەکونداناوچەکە ناسراوە بە (بێ تخۆنایی)(واتە ناوچەی ئاشەکان – وەرگێر )).گەڕانەوە بۆ نووسینەکانی(تۆما) مەرگەیی دەزانین ئایا لەوگوندە دێرێکی تایبەت بەراهبات –واتە بەژنان – هەبووە پێش ئەوەی ئەو گوندە دووچاری کاولکردن بێت بەهۆی ئەو ئاگرکەوتنەوەیەی کە ناوچەیەکی گرتەوە وبۆهۆی هەلوشینی زەویەکە لەگەل خەلکەکەیدا ، ((مارەن عەممە )) هەولیداوە یارمەتی یەکێك لەژناکەن

بـدات کـە زۆر نوێژکـەر و خاپەرسـت بـووە لەگـەڵ باوکیـدا نـاردی بـۆ دێـری ((قـوڕای )) شوێنی ئەو دێرە نەتوانرا بزانرێ تاوەکو دوایی . لەوی قوتابخانەیەك هەیـە دەگەڕێتـەوە بـۆ ((باوای ))(١٠٣٣) .

لەسـەردەمی تۆمـا ((بـێ تخۆنـایی )) بریتـی بـوو لـەپاشماوەی گونـدیك کـە لەکونـدا تووشـی وێرانـی هـاتووە. (کەلاتی)،گونـدی دواتـرە کەلـە ڕێگەمانـدا تووشـی دەبـین بەئاراسـتەی ڕووباری زاب وە شوێنەواری دوو کەنیسەی تێدا دەبینرێ، هەنـدێك ئـەم ژمارەیـە بـە زۆرتـر دادەنـێن و بەچـوار وە یـاپێنج کەنیسـە. لەناوچـەیەك لـە شـوێنی ئـەو گونـدە بـەرزترە کەلەچیادایە دێرێك هەیە بەناوی دێری(مـاڕ قریـاقۆس) ، هەنـدێك شـوێنەکە بـەدێر بـانگی ناکات بـەڵکو ئەوەنـدەی بەسـە کەباسـی دەکـات بـە(شـوێنی ماڕقریـاقۆس). مەسـیحیەکانی (خەرجاوە) وە یا(خرجاوا) کە دەکەوێتە ماوەی چوار کاتـژمێر بـەپیادە وە بـەلای باشـووردا دوورە، وە هەروەها (مەسیحیەکانی دینارتە) کە دەکەوێتە دەشتی (نەهلە) دێنـە ئـەو شـوێنە بە پیادەیی بۆ حـەجکردن ڕۆژی جـەژنی ئـەو قەدیسـە کـە دەکەوێتـە ڕۆژی پـانزەی مـانگی تەمووز.زۆرکەس بەپیادە دەروات بۆ حەجکردن لە پێناو ئەوەی منـداڵیان ببیـت بەتایبـەتی بـۆ ژنـە نەزۆکـەکان .سـرووتەکانی بـەکارهێنراوە بـۆ زانـینی ئـەوەی ئایـا ئـەو نوێژانـە داخوازیـەکانیان دێتـە دی یـان نـا، وە هـەروەها لەشـوێنی تـریش ئەمـەباوە: هەڵسـان بـە نووسـاندنی بـەردێکی بچووك بـە دیـواری کەنیسـەکە وە یـا دیـواری ئەشـکەوتی قەدیسـەکە کەداخوازی شـەفاعەتی لێـدەکرێ، لـەکاتی نووسـاندنی بـەردە بچووکەکە بـە دیوارەکـەوە یـا بەئەشـکەوتەکە ئەمـە مانـای ئەوەیـە داخوازیەکـە دێتـە دی و داخوازیکەرەکـە ئـەوەی دەیـەوێت دەبێـت. نـاوی(قلیونتـا)(کەبـە ڕەچـەڵك قەلعونتایە)کـەوا مەسـیحیەکان بـۆ ئـەو گونـدە بـەکاری دێـنن واتـە قـەلا.لێرە ئێمـە وای دادەنـێین کـەوا تووشـی (بیرتـا)ی کـۆن دەبین(٩٨٣).

لـە کەنیسـەی ئـەم گونـدە گەورەیـە کـە دەکەوێتـە نـاو چـیاکان میترابۆلیـت((مـارەن عەممە)).دوا شەوی لەوێ بە سەر بـرد پـێش گوندەکە بـەجێ بهێڵـی وە بـەجێی هێشـت بـۆ خۆراکی ئاگر هەروەك تۆڵەسەندنەوە. بێرتا تا ساڵی ٨٤٠ وەك بیابانێکی چـۆڵ مـابوو. لـەلای خۆرهەڵاتیـەوە لەکونـدی(کلاتـێ) گونـدێك هەیـە بـەناوی(نـیروا) گونـدێکی کوردیـە بـەڵام کەنیسە کونەکەی تـاوەکو ئێسـتا بەسەرکەشـی ماوەتـەوە دەڕوانێتـە دەشـتەکان کـە بینایەکـە لـەخۆ دەگـرێ. لـەدۆڵی تەنیشـتیدا هەنـدێك ئەشـکەوتی تێدایـە لـەناو دڵـی بەردەکانـدا هەڵکەنـدراوە بـەڵام هەنـدێکیان دروسـتکراون. لـە ڕۆخ ڕووبـاری زاب کاتێـك دەچـێتە نـاو دۆڵی(بەخمە)، لە هەردوو بەری دا_واتـە ئـەم بـەرو ئـەو بـەری دێـری تێدایە.پێشـتر، باسـی

دێـری حـدیابمان کـرد کـە یەکێکیانـە بـەڵام ئـەویتریان دەکەوێتـە مەرگـە لەدەورووپشـتیدا ژمارەیەك لە کۆریتە ئەشکەوت هەیە ژمارەیان دەگاتـە دووسـەد.زەویەکانی دەوروپشتی ئـەو دێرە تاوەکو ئێستاش پێی دەڵێن(زەویەکانی کەنیسە).

٥ـ مەڵبەندی مەرگەی خۆرهەڵات

ئـەوەی پەیوەنـدی هەیـە بەشـوێنەواری مەسـیحیەکان لـەو چـوار چێوەیە لەسـەر نەخشـە دەرناکەوێ تەنها بەشێوازی سێگۆشەیەکی گەورەی نیمچە بۆش لـە هێماکان، بـەهۆی ئـەوەی چـەند سـەدەیەك بەسـەر ئـەو ناوچـایە تێپـەریوە کەلـە ژێـر داگیرکردنـی ئیزدیـەکان و دواتـریش کوردەکان بـووە. ئـەو داگیرکردنـە زۆرداریـە و دەسـت بـە سـەرداگرتنە شـەیتانیە دەرهەق بەماق مەسیحیەکان هیچ شوێنەوارێکی بەجێ نەهێشتووە بـۆ ئـەوەی بـاس بکرێـت تەنها کەمێکی نەبێت بۆ ئەوەی وەك یادگارێـك بـۆ مەسـیحیەکان بمێنێتـەوە کـە لـە کۆنـەوە هی خۆیان بووە کە لەو ناوچەیەدا بلاوبوو بۆوە. لەناوچەی سورچـیەکان کـە دەکەوێتـە لای باشووری خۆرئاوای ئاکرێ ئەم گوندانەمان تووش دەبێت: خرجاوە:تاکـە گونـدی مەسـیحیە بەجێگیری ماوەتەوە لەسەر باوەرداری مەسیحیی تـاوەکو ئیستا کـە دە کیلۆمـەترە لـەئاکرێ دوورە. کەنیسەیەکی نۆێی هەیە ناوی شەفیعەکەی هـەلگرتووە بـە نـاوی(کەنیسـەی قـەدیس یوسف).ئەو کەنیسە کۆنەیەی کە هەمان ناوی هەیە(مارپوسـف) بەرێوەبـەریتی شـوێنەواری عێراقی([٩٨٤]). لەتۆمارگاکانی خۆی تۆماری کردووە تایبـەت بـە شـوێنەوارەکان.لەهەمان گونـد دا دەتوانین پاشماوەی کەنیسـەیەك ببیـنین بـەناوی کەنیسـەی (مـارت مەریـەم/ وەشـوینێکی نوێژکردن/ پەرستگەیەکی بچووك بەناوی (مارپیوس) کانیاوەکو باخچەیکی تێدایە.

لەلای باشوری خۆرئاوای خرجاوە گونـدێکی کـوردی هەیـە نـاوی (براکـێ) یـە بـە توتنەکـەی بەناوبانگە، کەنیسەیەکی تێدایـە بـەناوی (قەدیسـە مەریـەم) لـەماوەی دووری زیـاتر لـە دوو کاتژمێر بە پیادە لە خرجاوە وە، وەبەلای باشوریدا هێمایـەك دەبیـنین نیشانەی هـەبوونی شـوێنەکە پـێ ی دەڵـین (قـەلای دێـر) ێ کێلۆمـەتریك دووری لـەو دێـرە گونـدیك هەیـە بەهـەمان نـاو/ واتەگونـدی دێـرێ). بـەپێی دۆسـیەی تایبـەت بـەودێرە هاتوەکـە سەربەبەریوەبەریتی شوێنەواری گشتی عێـراق ([٩٨٥]). بـەرزی دیوارەکـانی ئـەو دێـرە قایمەکـە لەدوورەوە دەبینرێ تاوەکو ئێستا نزێکەی مەترێکە.

بە دووری حەفت کیلۆمەترلەخرجاوەوە بەلای باشووریدا گوندێك بەناوی (باسـاوێ) یـە، بـە رەسـەن ئـەوناوە کلدانیـەکی پەتیـە _(سـریانی/وەرگێر)، ماناکـەی(شـوێنی پـیران) رەنگـە ئـەوەمان لـە ونـاوە دەسـتکەوێت شـێوائێنراوە بـۆ نـاوی(بـازێوا) کـە تۆمـا باسـی دەکـات([٩٨٦]).

ئەوشوێنە نەناسراوە و دیاری نەکراوە تاوەکو ئێستا .

لە گوندی (نوهاوا)کەدەکەوێتە نزیك (گەلی زەنتا)کە نۆمێلۆمەتر لە ئاکرێ دوورە وەبەلای باشوری خۆرهەلاتی دا ،پاشماوەی شوینەواری دێرێك هەیە و کانیاوەکی تێدایە. دۆسیەکانی بەغدا ئەو شوێنە بە (دێری مارپۆلس) ناوی دەبات ([987]). تاوەکو ئێستا لەوگوندە نزیکەی (٨٠) کلدانی نیشتەجێ یە.

٦. دێری برعێتا

دۆزی ئەم دێرە دۆزیکی سەرنجراکێشەرە بەپێ باری جوگرافیای کەنەسی.لە بەرئەوەی کاتێك لیکۆلێنەوە لەسەر بابەتێك دەکەین ئەم دێرە وەك دەبینرێ دێریکی دوولایەنە (واتە دوو دێر لەژێر یەك ناو) دابەلام تەنها یەکێکیان ناسراوە بەلام رەسەنەکە لەنێوانیاندا نەتوانراوە جێگەکەی بدۆزێتەوەتاوەکو ئێستا. بۆ دیاریکردنی شوێنی ئەو دێرە،لەبەردەستماندا هەیە لێستێکی سەرنجراکێش بەناوی گوندەکان،بەلام وە زۆربەداخەوە هەموو ئەو گوندانەی ناویان لە لێستەکەدا هەیە بە تەواوی لەناوچوون .کەواتە دەبێ بەوە رازێ ببین کەوا شوێنەکە بەشێوە یکی نزیککەرەوە دیاریبکەین و بەس.زانینی ئەرومە ـ وە ئەم کارە بەدور دەزانرێ ،، تاکە رێگەیە کە بەتەنها بمانگەێنێتە دواچارەسەری کۆتایی لە بەرئەوەی ئەو دێرە دەگەرێتەوە بۆ بەناوبانگترین رەبەنەکانی سریانی رۆژ هەلات.

برعێتا:ژیانی رەبەن (برعێتا) واتای ناوەکەی (کورِی کەنیە) یە بەناوبانگ و ناسراوە لای زۆر کەس، سەرەرای ئەو سەرچاوانەی کە هەیە،([988]). هەندێك دەق هەیە باس لە ژیاننامەی دەکات کە لە لایەی قوتابیەکەی تۆمارکراون ناوی (یوحەننان فارسی) بووە. وە هەروەها لەلایەکی تر بە شێوەی کورتکراوەی دەقی شیعری رێك وپێك رێککخراوە لە سەر وەزنی حەفتانە ، لەلایەن قەشە ئەورەهام زبایا دانراوە. ئەم دەقە دوبارە بلآوکراوەتەوە لەگەلَ وەرگێراوە ئینگلیزیەکەی سێر: E.A Wallis Budge Sir لەسالی ١٩٠٢ ([989]).

مە تران ئەدی شێرهەلَسا وەبە لێکدانەوەی دەقەکە هاوپێنج لەگەل لێکدانەوەی کەسایەتی ئەو رەبەنە لەگۆفای L Qrient Chretien بلاویکردۆتەوە لەسالی ١٩٠٦ -١٩٠٧ ([990]).

مەتران سلیمان صایغ هەلساوە بە نوسینێکی کورت لە سەر ژیانی رەبەن (برعێتا) بە زمانی عەرەبی بەپشت بەستن لەسەر دەستنوسێك بە زمانی عەرەبی کە لەلای بووەو هێناویەتی لە دێری(بەرێز پاکیزە پارێزەری کشتوکالَ) .([991]).

لەوکاتەوە لەتوانای سەرچاوەی ئادابی سریانیدا هەبووەو وە هەروەها فەرهەنگەکانی مێژوو جوگرافیای کەنەسی بۆگەران بەدوای ئەو پالەوانە،(برعێتا) بێتاوان لەهەموو دەمەتەقێیەك پەیوەندی بە رووداوو مێژووەوە هەبێت. بودج پێشنیاری کردووە سالی ٥٠٨-

٥٠٩ ساڵی لە دایکبوونی بێت وە ساڵانی ٥٦١-٥٦٢ مێژووی دامەزراندنی دێرەکەی بێت وەساڵانی ٦١١-٦١٢ مێژووی مردنی بێت بەڵام بەرێز مەتران ئەدیشێر ئەم مێژووانەی هەموو گەراندۆتەوە بۆ دواوە بۆ دە ساڵ. نووسەر و دانەرەکانی دواتر بەسەریەکدا دابەشبوون. هەندێکیان پشتگیری ئەومیانکرد وە ئەمانی تریش پشتگیری ئەویتریان کرد. لە واقیعدا ئەگەر فرسەتێك بدەین بۆلێکۆڵینەوە بۆپێشبینی یەکانی برعێتا تایبەت بەو فراوانبوونەی بەسەر یەعقووبیەکاندا هاتووە، پێمان باشە وە لە پێناو پارێزگاری لە ناوبانگی ئەو زاتە(ئەو کەسەی کە پێشبینی دەکات و دەبینی رووداوەکان روودەدەن پێش ئەوەی بەکردار رووبدەن-وەرگێر) لەسەرمانە ساڵانی کۆچی دوایی ٦١١-٦١٢ بکەین کە رووداوەکان بە کردار روویندابوو دواتر. دوای ئەو ژاوەژاوەی کە(سەمعانی) .([٩٩٢]).
هۆکارەکەیەتی. توانرا جیاکردنەوە بکرێت(لە نێوان ئەو دوو کەسەی ناوی برعێتایان هەڵگرتبوو)لەسەردەستی بودج.([٩٩٣]). وە رۆبنس دویفال.([٩٩٤]). وە مەترانی بەرێز ئەدی شێرکە توانیان لە نێوان ئەو دوو کەسەی کەناویان برعێتا بوو جیایان بکەنەوە، لەهەمان کاتدا، یەکێکی تر دەڵی .([٩٩٥]).:(دووەم) یان ژیاوە لەسەردەمی بەتریك حەننان ئیشوعی یەکەم (٦٨٦-٧٠٠) وە ڕەبەن بووە لە دێری ڕەبەن صلیوە کە دەکەوێتە سەررووباری دیجلە لە کەرتی بێت گەرمای. تاوانبارکراوە بەوەی سەر بەگرووبی نوێژکەران بووە . بەرێز ئەدی شێر ئەوەی سەلماندووە کەوا (برعێتا ) ژیاننامەی سەهدونای نەنووسیوە، وەنە ئەو (برعیتای) تر پەرتوکێکی لەسەر ژیانی ڕەبەنەکان دانەناوە بەناوی(مێژووی ژیانی ڕەبەنەکان).([٩٩٦]).
برعێتا، دامەزرێنەری دێرەکە ئاهەنگی جەژن لە رۆژی هەینی چوارەم لە ماوەی سرووتەکاندا ناسراو بە(پیرۆزکردنی کەنیسە) بۆ دەگێردرێ لەگەڵ(ماریەعقوب)لە بێت عاوی، وە (برحزبشبا) .وە (قام ئیشۆع) وە(ئەفرام) .هەموو ئەمانە ئەوانەن دامەزرێنەری کۆمەڵەکانی خزمەتی خودایی لە چوار چێوەی مەرگەو داسن دا([٩٩٧]). مێژوو بۆمان باس دەکات کەوا(برعێتا) لە دایك بووی رەصافەیە کە دەکەوێتە سەر رووباری فورات، دواتر بۆمان دەگێریتەوە کەوا(٢٣) ساڵ یاوەری(ئیبراهیم )ی گەورەی کردیە لە دیری(ئیزلا) ئەم واقیعە لەتوانای ئەو ڕەبەنەدا بوو بۆ ئەوەی ئەو سیفەتە هەڵگرێ وەك كورە گەورەی قوتابیەکانی([٩٩٨]). ئەو مامۆستا گەورەیە، لەبەر ئەوەی ئەو دێرە بچووکە تەنها(١٠) لەو برایانەی تیا بوو کاتێك کە بۆ دوا رۆژی نزیك دامەزرێنەر دەبێ بۆ خۆی، کە لە ناویدا ئەشکەوتە پەرستگەیەکی لە ژێر هەیکەلەکە دا کرد. لەسەر بەردێك کە دەکەوێتە سەر کانی ئاوەکە([٩٩٩]). بەخێرایی دەوڵەمەند دەبێت و دەبێتە خاوەن ژمارەیەکی زۆر لە ڕەبەن

ـکە هەندێکی باسکراوە لە نووسینەکانی ئیشۆع دنـاح لـەوێ قەشـە شـەمعوون دامەزرێنـەری دێری(السن ـ سن)(١٠٥٢) جلکی رەبەنی وەرگرتووە دواتر پێشوازی لـە قەشـە شـەمعوون کـرد و لە دێرەکەیدا. لەنوسینەکانی(ئیشۆع سورەن)([١٠٠٠]) . وە هـەروەها قەشـەی دوا رۆژ(دیرتـا) بۆ ئەوەی بەژیانی رەبەنایەتی بژین ([١٠٠١]). وە تاقیبکەنـەوە ٠ قەشـە شـەمعوون بـۆ رێکخسـتن و هەڵسورانی کاروبـاری دێرەکـە و رەبەنـەکان(ئـەبنی مـارەن)ی دیـارکرد([١٠٠٢]). کـە دەبێتـە باوکی روحی (المرشد الروحی _وەرگێـر) بـۆ (بسـیۆن)([١٠٠٣]). وە بـۆ قەشـە (ئیشـۆع)([١٠٠٤]). وە بۆ (مارزخا)([١٠٠٥]). رەنگە مەبەسـتی مـارن زخـا بێـت _مـەترانی حەدیسـە_.رەبـەن هـورمزد یـەکێك بـووە لـە قوتابیـەکانی(برعێتـا)([١٠٠٦]). رەبـەن هـورمزد هاتووتـە دێـری برعێتـا بـە یـاوەری سێ رەبـەنی تـر کـە لـە مووسـڵ بەیەکگەیشـتن ئەوانـەن: رەبـەن یـەعقووب خـەڵکی (کفـر زمـری )([١٠٠٧]).وە یوحـەننان خـەڵکی(ئـەشمرخ)([١٠٠٨]). وە حـەننان ئیشـۆع لـە حدیابەوە.ئـەو کاتـە لـەدێری برعێتـا(٢٦٤) رەبـەن هـەبوو وە سـەرۆکی دێرکـە نـاوی (سـۆر یشوع)بوو.دوای ئەوەی رەبەن هورمزد بوو بەرەبەن لەودێرەدا، بۆ ماوەی حەوت ساڵ لـەوێ دەژیا، دواتر لە دێرەکە کشایەو بۆ ئەوەی لە ئەشکەوتێکی سـەربەخۆ بـە تـەنها بـژیت . ئـەو ماوەیـەی کـە رەبـەن هـورمزد لەسـنووری دێـری برعێتـا ژیـا(٣٩)سـاڵ بـوو([١٠٠٩]). وە هـەروەها رەبـەن(یـوزاداق)یش پەیوەنـدی بـەدێری برعێتـا کـردووە ([١٠١٠]).کـە بەهۆیـەوە(ئیشـۆع سـورەن)یش هـاتووە ([١٠١١]). بـۆ ئـەوەی بـەژیانی رەبەنـەیاتی تـەنهایی بـژین. ئـەم رەبەنـە_(ئیشۆع سورەن) ـ نوێیـە ـ قوتابیـەکی هەبووە بـە نـاوی(شـەمعوون)([١٠١٢]). وە ئـەم قوتابیەخوشکێکی راهبـەی هـەبووە نـاوی (هـێلین([١٠١٣]). بـە نـاوی قوتـابی بـاش وەهەڵکەوت و بەتەئکید(یوحەننان فارسی)بووە([١٠١٤]). کەدەبێتە نووسەرو دانـەری ژیاننامـەی دامەزرێنـەری دێرەکە. لەو خاسیەتانەی کـە هـەیبووە بـەپێی ژیاننامەکەی کەلەسـەری نوسـراوە ئەمەیـە: (پێشـبینی) کـە ئەمـە بەکرداربووە.ئـەو پێشبینی کردووەکـەوا ئـەو برایانـەی لـەدێری بێـت عـاوی دەژیـن پـەرت وبڵاودەکـەن([١٠١٥]). وە هـەروەها پێشـبینی کـردووە بـە دەرکردنـی (سـەهدونا) لـە کەنیسـە([١٠١٦]).، وەپێشـبینی کردووە بـەفراوانبوونی بڵاوبونـەوەی مەزهـەبی یەعقووبیەکان لە دەشتی نەینـەوا([١٠١٧]). ئـەوەی تایبەتـە بـە سرووتانە کـە لەسەردەسـتی دا روویداوە دەڵێین زۆر زۆرە وە هـەمووی پێمـان تۆمـار و ئامـار ناکرێـت ، هەنـدێك ئامـاژە بـە درێژایی جوگرافی دەکەن . لە واقیعدا خەتـەرناك بـووە لـە مێـژووی برعێتـا بـۆ ئـەوەی ئـەو سـرووتانە جێگیر بـن لـە کـات و شـوێنی خۆیـدا ، بـەڵام لەسەرئەوەشـەوە دەتـوانین گفتوگـۆ بکەین لەسەر مێژووی ئەو سرووتانە، کە تاوەکو ئێستا شوێنەکەیان جێگیر نەکراوە.

## شوێنی تەقلیدی

بەپێی تەقلیدی کلدانی نوێ، چەسپێنراو لەسەر نەخشەی jones بۆساڵی ١٨٥٢، دێری برعێتا دەکەوێتە لای باکورلە گوندی (تەرجەلا /تەرگەلا) وە لە جێگەی شوێنەکەی باکوری ڕێگەی مووسڵ ئەربیل وە بەدوری (٦) کیلۆمەتر لە ڕۆژهەڵاتی کەرملێس بە ئاراستەی باکوری خۆرهەڵاتیدا .لەو ناوچەیەدا شوێنێك دەبینرێ بۆ شوێنەوارێك بە درێژایی (١٠٠مەتر) ئەو شوێنە چالاکییەکی تێدایە ئاماژە بەوە دەکات کەوا دیواری بینایەیەك بووە بەڵام بەردوو گەچەکەیان بردووە واتە هەموو کەرەستەی بینایەکە(لە بەردو گەچی وشك) بەخێرایی ([١٠١٨]). هەموو مێژوونوسەکانی تر([١٠١٩]). ڕازین لەسەر دیاریکردنی ئەو جێگەیە بۆشوێنی ئەو دێرە بەبێ شك. بەڵام ئێمە لای خۆمان ، پێویستە ڕوونی بکەینەوە بە ڕاشکاوی کە ئەورایە پشتی بەستووە بە خوێندنەوەیەکی هەڵە بۆ دەقێك لە نووسینەکانی عەمروودا هاتووە ([١٠٢٠]). سەلماندن بۆ ئەمە ئەوەیە: لە جیاتی خوێندنە دەقەکە –ڕەبەن برعێتا و قوتابیەکی ڕەبەن کۆرکیس لەسەردەمی (ئیشوعیای بەتریك –وەرگێر) کە دێرەکەی دەکەوێتە کەرملێس لەوڵاتی مووسڵ- خوێندنەکە کراوە بەبێ برگەی (قوتابیەکەی ڕەبەن کۆرکیس) بەم شێوەیە کردویانە سەر بە دێری برعێتا نەوەك بۆڕەبەن کۆرکیس، هەروەك هەیە.بە ڕاستی یەك سەردان بۆ شوێنە تەقلیدیەکە وامان لێ دەکات بێزاربین لەبەر ئەوەی دیاریکردنی ئەو شوێنەپێچەوانەی زۆر لەو باسە دوورو درێژەیە هەیە کە تایبەتە بە ژیانی برعێتا. ئەو کاتە ئەنجامەکەی یان مێژووی ژیانی برعێتا ڕاست نیە وەیان هەڵەیەك هەیە بۆ دیاریکردنمان بۆ شوێنەکە.بەهەرحاڵ ئەمەکارێکی سەر لێشێواوانە یە بەبەردەوامی و پەسندکردنی یەکێك لە فەرزیەکان وە بە تایبەتی لە وڵاتی ڕۆژهەڵات دا چونکە تەقلیدە دەورە دراوەکان خەرمانەیەکی پیرۆزییەکانە. خاوەن بەختی چاك بووم کەوا لەسەردانەکەم دا بۆ شوێنەکە شەماسی کاراما(مەتی ئەنیسە)(کەرملیس) لەگەڵدابوو. کەئەوانەم بۆ ڕوونکردەوە هەستی بە هەڵەکان کردوو شلەژا،و هەستی پێکرد وەك خۆم و شەرم دایگرت. دواتر دەڵێ: (منیش گەیشتمە هەمان ئەنجام وەکو تۆ). بە کردەوە، دێری برعێتای ڕاستەقینە پێویستە بکەوێتە ناوچەی(مەرگە)، بەڵام دەبینین کەوا(ترجلا) و (حەسەن شامی) دەکەونە نەینەوا، لەلایەکی تر ،پێویستە ئەو تێبینیە بکەین ،وە بەپێی دەقەکانی مێژووی ڕەبەن یۆنان کەخەریك بوو ببێتە نێچیر بەدەم شێر کە دەگەڕایەوە لە سەردانی کەسوکاریدا([١٠٢١]). کەپێویست بوو لەسەری لەڕووباری خازر بپەڕێتەوە بۆ ئەوەی لە کەرملێس بچێتە دێری بێت عیتا.دەقە تایبەتەکە زۆر بەڕوونی و تەواوەوە دەڵێ:((زۆر

زەحمەتە کەوا ڕووباری خازر وەك نمونە دابنێین بە لقێکی وە یارێرەوی ناوی وەرزی کەتەنها ئاوەکەی لەزستاناندا بەدۆڵی جەهەنەم دادەڕوا.جگە لەمە پێویستەلە سەرمان بەدوای ئەو کانیاوە بگەڕێن کە دەکەوێتە ژێر کەنیسەکە . ئەمەمان بۆ جێبەجێ ناکرێت لەشوێنی دێرەکە، کە دەبێ شوێنی راستەقینەی دێرەکەبێت . ئەمە جگە لەوەی کەوا کانیاوێك هەیە لە تەرجلا دەکەوێتە جێگەیەکی دوور ریگەمان نیە بچینە ئەوی لەچوارچێوەی لێکۆڵینەوە و باسەکەماندا. کەواتە ئیمە لەبەردەم ڕووبەڕوونەوە داین کە ساناپە لەسەرمان بڵێین ئەو شوینەی دێری برعێتای راستەقینە ئیرە نیە. لێردا پرسیارێك بەخەیالماندا دێت ئەوەیە: ئەو دێرەی لە تەرجلادا هەیە چی یە؟ وە لەبەر چی ناوی دێری(برعێتا)یە ؟ بۆ یەکەم جار هەستم بەوە کرد کەوا لوغزەکەم دۆزیەوە هەڵمهێنا لە رستەیەکدا دۆزیمەوە لە دەقێکدا لە پەرتوکی سەرۆکەکان(١٠٢٢) . کەتۆما دەڵی :(لەدێری برعێتادا پیاوێکی قەدیس دەژیا ناوی(ئیشۆع سورەن برمامی) یە ئەم قەدیسە بۆماوەیەك لەناوجێگەدا راکشابوو. سەرینەکەی ئامێرێك بوو بۆ چارەسەرکردن و شیفای بۆ نەخۆشێکی زۆر کرد. دوای ئەوەی تەندورستی باش بوو چاك بووەوە، بوو بە مەترانی نەینەوا.وە هەڵسا بەکاری چاکردنەوەو پینەو پەرۆی پێویست بۆ دێری برعێتا وە شوێنەکەی گۆری.بەتەواوی هەروەك رەبەن پۆلس لەگەل رەبەن سیبریا(قبریانس) کردیان ، بەلام گۆرانکاری لە شوێنی دێری برعێتا و گواستنەوەی لە کەرتی مەرگە بۆ نەینەوا ناکرێت بیبەستینەوە بە (برمامی) لەبەر ئەوەی : یەکەم دەقەکە تەنها باسی هەیکەلەکە دەکات و بەس، وە دووەم لەبەر ئەوی(برمامی) لەنیوەی دووەمی سەدەی هەشتەمی زاینی ژیاوە، بەلام نووسەرە نەمرەکە لە دەوروبەری ساڵی(١٠٠) ژیاوە وەلە دەقە نوسینەکانیدا وا دەردەکەوێ کەوا دێری برعیتا تا ئەو کاتەهەرماوەو کاردەکات بەچالاکی لە شوێنێك لە سەر ڕووباری خازر ،لەلایەکی تر، سەرکەوتنی یە عقووبیەکان و زال بوونیان بە سەر ناوچەکە وا دەکات بابەتی گواستنەوەی دێرەکە لە دووسەدەی بە دوای یەکدا بووبێت کە ئەگەری ئەمە کەمە 'ئەگەر نەڵین زەحمەتە .سەرەرای ئەمەش هیچ مەسیحیەك نەماوە لەو ناوچەیە بژیت لە سەدەنوییکەنی دواتر.ئەم ڕوونکردنەوەیە وامان لێدەکات کە بڵێین شوینی دیری برعیتا لە تەرجلا لەسەر بنەمایەکی جێگیردا نیە. وە لەوانەیە ئەو ئەگەرە پشت بەستووبێت بە هەڵەیەك لەو لێکدانەوەی ڕویداوە لە خوێندنەوەی دەقەکانی نووسینەکان هەروەك لە پێشەوە ئاماژەمان پێیداوە. ئیستا پرسیارێکمان وەبێردێت ئەوەیە :(لە کەیەوە شوێنی ئەو دێرە دیاریکراوە؟ وەلام:واپێ دەچێت ئەم دیاریکردنە نوێ بێت.لە واقیعدا پاشکۆکانی دەستنووسی کەرمڵیس کە تایبەتە بە کات و زەمەنی دوای ساڵی

١٣٦٤تایبەتە بەمەی خوارەوە: (ئەوبەناوبانگە لە نێوان(قەدیسەکاندا) (لێرە مەبەستی ڕەبەنەکانی ئەو دێرەیە کە لەو دێرە ژیاون ژیانی قەدیسەکان/ وەرگێر). سك هەلکوشێنەکانیان جێگەی سەر سوڕمانە بەبەراورد بەوانەی کەکاریانکردووە لەسەر ئەمانەتی جەستەو پیویستەکانیدا... (برعێتا) بریتیە لە خۆرێکی پرشنگدار بۆ قەدیسەکان وە هەروەها خوشکەکەی (حنە ئیشۆع/ واتە خەنەی ئیشۆع(عیسا) ) باوەرداری لەسەرەخۆ. شوێنی تایبەتیان هەیە لە پۆلێنەکانی کەرملیس بەکۆمەل نەك لە گۆشەتایبەتیەکانیدا. وە هیچ زیادەیەك ناخاتە سەر ئەو زیادانە بۆ سەر ناوەکانیاندا رستەی کە زیادە دەکرێت لە دوای ناوەکان ئەم دەقە دەستەواژەیەکە :(لە سەر ئەمە (بۆهەردوکیان برعێتا و خوشکەکە ـ وەرگێر) دێرەکان لە ولاتەکەمان دامەزرێنراون).ئەم دەستەواژەیە زۆربەی دەبینرێ زیادکراوە بەسەر ناوی شەهیدەکان وەیا کەسایەتیە بەناوبانگەکان لە گونددا.هەتاوەکو دەستنوسی (الحوزرا) بۆ سالی ١٧٢٧ کە تایبەتە بەکەرملیس هیچ یادگارو باسی برعێتای تێدانیە.کەواتە دیاریکردنی شوێنەکە لەو جێگەیە بە کارێکی نوێ دادەنرێ و هیچ نرخێکی مێژووی نیە. لەبەر ئەوە دەتوانین بلێین کەوا دێری ترجلا دێریکە دامەزرێنەرەکەی بزرە و دیارنیە وە پێویستە لە سەرمان بەدوای بگەرێین بۆ ناسینی ناسنامەکەی بەراست و وردیەوە.وە ئیستا پێویستە لە سەرمان دووبارە لێکۆلینەوە لە شوێنی (برعێتا)ی راستەقینە بکەین:

## دەرە نجامەکان بۆ دیاریکردنی شوێنەکە

بە پێی ئەو زانیاریانەی پێمان گەیشتووە لە نووسینەکانی(ئیشۆع دناح) دەزانین کەوا دێری(برعێتە) دەکەوێتە کەرتی مەرگەی کەنەسیەوە([١٠٢٣]). بە دەستنیشانکردنی لە ناوچەی رۆژئاوای مەرگە([١٠٢٤]). ئەمە نیشانەی ئەوەیە دەکەوێتە خۆرئاوای ولات بۆ زیادکردنی روونکردنەوەی دیاریکردنی شوێنەکە باسی دەقە مێژووییەکانی تایبەت بەو دێرەی ئەو شوێنە نزیکە لە ولاتی نەینەوا([١٠٢٥]) دەکەین. دواتر شتی بۆ خراوەتە سەر:(لە دەشتی مەرگە کە دەکەوێتە نێوان نەینەوا و مەرگە([١٠٢٦]).

بە پێی ئەو دەقانەی کە دەیخوێنینەوە لە مێژووی سعردی کەوا دانیشتوانی ئەو ناوچەیە لە کوردەکانە و ئەو ڕەبەنە قەدیسە توانیویەتی ژمارەیەکیان باوەڕ بە مەسیحیەت پێ بهێنێ لەو باسکردنەدا، وا دەردەکەوێت کەوا هەموو شتێك ساکار و سادەیە. لەو دەقەی کە ئاماژەمان پێی دا لە سەرەوە ئەو دەستەواژەیەمان خوێندەوە:(لە دەشتی مەرگە لە نێوان نەینەوا و مەرگە). بەلام لەو دەشتەدا(باخیلابی) و(باخۆرنیا) ی تێدایە کە دوو گوندی

پەرۆزن. لەلای باشووریدا دەشتێکی جوان درێژ دەبێتەوە و ئارامی باڵی بەسەر کێشاوە و ناوێرییەکی ڕێکوپێک و تەواو دەکرێت. لەم بەشەی ئەو زەویەدا توانرا دێرێک دابمەزرێندرێ لە دووری کەمێك لە دەوروبەریدا([١٠٢٧]). واتە لە ناوچەیەك دەکەوێتە لای ڕۆژهەڵاتیەوە گوندێك هەبووە بە ناوی(بەرزانی) هەروەها پێی دەگوترا(شار سعار) لەوێدا برادەرێکی هەبووە ناوی(موبیت) بووە و دۆستێکی زۆر خۆشەویستی برعێتا بووە. بەهۆی ئەمەوە خەسووەکەی چاك بۆتەوە و شیفای کردووە([١٠٢٨]).

وە گەڕاندنەوەی گوندەکەی کە پێشتر لێی دەرکرابوو. لەو گوندە ڕەبەنێکی تاقانە هەبوو زۆر بەڕۆژو دەبوو بە سکهەڵگوشین بەناوبانگ بوو ناوی(ئیشوعیاو) بووە پێشتر توانیویەتی دامەزرێنەری دێرەکە زیندوو بکاتەوە لە مردنێکی تەواو کە لە ئەنجامی پێوەدانی مارێکی ترسناك کە هێرشی کردبوە سەری([١٠٢٩]).

بەڕێز مەتران سلێمان سائیغ پێشتر باسی گوندی بارزانی کردووە بە" بەحزانی" ناسنامەی کردووە کە بە دووری ٢٢ کیلۆمەتر لە موسڵەوە دوورە و دەکەوێتە لای باکوری خۆرهەڵاتیەوە ئەم باسە هیچ ڕاستیەکی تێدا نیە مادام بە پێی دەقەکان هاتووە، پێویستە شوێنی گوندی بارزانی لەلای خۆرهەڵاتی دێری برعێتە بێت، وە ئەمە واتای ئەوەیە وا پێویست دەکات کە بکەوێتە ناوچەیەکی قوڵایی بۆ ناو زەویەکانی مەرگە لەلای خۆرئاوای دێرەکە گوندێك هەبووە پێیان دەگوت(خربات شنۆ نیتە)([١٠٣٠]).

ئەشکەوتێکی تێدا هەبووە پێیان دەگوت(دێرە دنەقسا) دواتر، لە جێگەیەك دەکەوێتە ژێر دێرەکە([١٠٣١]). گوندێك هەبووە ناوی(باعرباسا) بووە لە لێکدانەوە بۆ نووسینەکەی بەڕێز مەتران ئەدیشێر ناوی ئەو گوندە هاتووە بە شێوەی باعربایی(کە واتای جێگەی عەرەب) ە ئەم ناوەی دوایی لە دەقە عەرەبیەکان بە شێوەی(باربێسا) هاتووە([١٠٣٢]). ئەم گوندە ڕاستەوخۆ دەکەوێتە سەر ڕووباری خازر. لە ساڵی ٦٨٦ لە گوندی(عەربیتا) یان(باربیسا) شەڕێکی بەناوبانگ ڕوویداوە(عەبدوڵلای کوڕی زیاد) بە دەستی(ئیبراهیم ئەلئەشتەر) کوژراوە([١٠٣٣]). لەلای(خالیدی) ناوی دێری برعێتە هاتووە لەژێر ناوی دێری بربیسا ئەمە لە ساڵی(١٠٠٠) هەزار بووە، ئەم دەقە لای(فەزڵئەڵلا ئەلعەمری) یش هاتووە([١٠٣٤]). لە نیوەی یەکەمی سەدەی چواردەهەم، خالیدی باس لە مێوانداری و خزمەت کردن دەکات کە لەو دێرلە بۆی کراوە و مەدحی زۆری دەکات کە لەو دێرە لەلایەن ڕەبەن گبرئیل خواردنی زۆر و بە لەزەت لەگەڵ شەڕابی کۆن پێشکەشی کراوە. دانەری پەرتووکی(المسالك) شوێنی دێرەکەی کردووتە سەر ڕووباری خازر. ئەمە مێژووی برعیتەش تەئکیدی لەسەر دەکات کە ئاماژە بەوە دەکات دێرەکە ئاشێکی هەیە کە نزیك بووە لە جۆگە(ڕووبار)([١٠٣٥]).

ناوی ئەو گوندانەی کە خەڵکەکانیان هاوکاری دروستکردنی دێرەکەیان داوە، ئەو گوندانەن کە نزیکی دێرەکەن وە یان لە دەوروپشتی دان، بە دڵنیاییەوە پارمەتیمان دەبێت بۆ ناسینی شوێنی دێرەکە و دۆزینەوەی. بێجگە لە گوندی(باحۆزنیا) کە پێشتر باسمان کرد([١٠٣٦]). ناوی گوندی(بابارسێرا)([١٠٣٧]). هاتووە پارێزگارەکان بۆ داب و نەریتی کەرملێسی دەڵێن کەوا شوێنی ئەو گوندە ئەو گردەیە کە دەکەوێتە کۆتایی سنووری زەویەکانی گوندەکە و بە دووری دوو میل و پێی دەڵێن(بارشێر). بەلاّم لە رووی کردەوە دا لە سەرمان پێویستە لە جێگەیەکی تر بکۆڵینەوە. هەروەها رەبەنەکانی دێری زاوایا Zawyia وە بەعەرەبی(زابی)وە واتای (مامزە)ە. پارمەتی دروستکردنی دێری برعێتایان داوە.یەکێك لەو رەبەنانە ناوی یوسف بووە ئامۆژگاری ئامادەکردووە و موژدەیان پێدەدات بەهاتنی دامەزرێنەری نوێ([١٠٣٨]). دێری(الغزال/مامز) ئەو کات هەبووە و رەبەنەکانی بە هەموو چالاکیەکەوە کاریان دەکرد پێش ماوەیەك لەدێر زەمانە، وە لە پێش ساڵی ٥٦٢، دەقەکان باسی دەکەن بە (دێری "مامزی" جوان) شوێنەکەی دەکەوێتە سەر (رێگای شا/طرق الملك) کە بە پردێك تێپەر دەبێت .لەوێوە رێگەکە بەرەو حدیاب دەچێت. دوایی دەروات بۆ بێت گەرمای وە دواتریش بەرەو چیاکان دەروات. لەدێری غەزال بێجگە لەرەبەن یوسف حزایا(یوسف الرائی/یوسفی پێشبینی کردن) کە ئەو کات تەمەنی (١٣٠) ساڵ بووە، قوتابیەکەی (مارکبا) وە هەشت رەبەنی تریش. لەلای نزیك بە دێری(مامز) دوو گوند بەشداریان کرد بە خەڵکەکەیەوە بۆ پارمەتیدانی دروستکردنی دێرەکە یەکەمیان ناوی(برزاخێ)یە([١٠٣٩]). وە دووەمیان(باماروس) پێشتر ناومان هێنا و باسمان کرد لەگەڵ(رێگەی شا) ومیان(رێگەی پاشاکان)([١٠٤٠]). وە هەروەها گوندێکی تریش هەیە خەڵکەکەی پارمەتی دروستکردنی دێری برعیتایان کرد، ومناوەکەی(باوسا)یە. ناوی ئەو گوندە زۆر جار هاتووە لە دەقەکانی مێژووی دێری برعێیتا([١٠٤١]). جارێکیان ناوەکەی بە زۆر گرنگیە وە هاتووە(باوسای گەورە) دامەزرێنەری دێرەکە و خەڵکی ئەو گوندە هاوکاری یەکتریان کردووە بەشێوەی پارمەتی و کارگوزاری. یەکەمیان(دامەزرێنەری دێرەکە) نەخۆشەکانی چاك دەکردەوە واتە شیفای بۆدەکردن، بەلاّم خەڵکی گوندەکە بەخێرایی خواردەمەنیان پێشکەش بە دانیشتوانی دێرەکە دەکرد و بەتایبەتی کە برسیەتی روویدا، بەبۆنەی قسەکردن لەسەر هەندێك دەکمەنی کە باسکراوە لە دەقەکاندا هاوکارمانە بۆ زانیاری جوگراڤ کە پێویستمان پێی هەیە، تێیدا هاتووە کەوا خاڵێکی پاسەوانی سەر بە(حدیاب) هەبووە.

ئەم زانیاریە لە شوێنێکی تریش دا هاتووە کە ئەو گوندە دەکەوێتە سەر رێگەی بەرەو مەرگە دەچێت. لە نزیك گوندی باوسا دێرێکی تایبەت بە خوشکی برعیتا و دروست کرا کە ناوی(حنا ئیشوع) وە ناوی دێرەکەش" بامبرۆینا"(١٠٩٥) ئەم دێرە دوای ساڵێك لە دروستکردنی دێری(برعیتا) واتە ساڵی ٥٦٣(حەنە ئیشوع) لە تەمەنی ٨٠ ساڵیدا کۆچی دوایی کرد، بە پێی پێوانەی مەتران ئەدیشێر ئەمە لە ساڵی ٣/٥٩٢ بووە. لێرەدا دەبێ ئاماژە بە پێوانەکردنی رووداوە مێژووییەکان بکەین کە لەلایەن مەتران ئەدیشێردا بۆ دە ساڵ بۆ رووداوەکان لەو حیسابەی زانراوە و بەکاردێ بە پێی حیسابی ئێمە مێژووی مردنی(راهیبە حنا) ی خوشکی برعێتە ساڵی ٣/٥٨٢ بووە. ئەوانەی کەوا باس لەوە دەکەن شوێنی دێری برعێتا نزیك کرملێس([١٠٤٢]) ە.

هەر خۆشیان بانگەشەی ئەوە دەکەن کەوا شوێنی شوێنەوارێکی کاول هەیە لە نزیك کرملێس و دەڵێن هی دێری(فبرونیایە). ئەم شوێنەوارە و کاولانە بە دووری یەك کیلۆمەترە لە کرملێس.

دان پیانان بە راستی ناسنامەی ئەو شوێنە بە شێوەیەکی راستەوخۆ بەستراوەتەوە بە دانپیانان بە ناسنامەی دێری سەرەکی، واتە دێری برعێتە. وەك دەڵێن دێری فبرونیا دەکەوێتە(کەرتی مەرگە) کەوا دەکەوێتە لایەکی رێگەکە کە بەرەو مەرگە دەروات، واتە دەبی لە ناوچەی مەرگە بێت ئەم تێگەیشتنە تەئکید دەبێتەوە بۆ چەند جارێك لە یادکردنەوەی ناوی گوندی(قوب) کە پێشتر برعێتە بەو گوندە تێپەریوە لە رێگەی چوونی بۆ دامەزراندنی دێرەکە([١٠٤٣]). ئەمە جگە لەو دەقەی کە دەڵێ: شوێنی دێرەکە دەکەوێتە ناو زەویەکانمان([١٠٤٤]).

ئەم گوندە دەکەوێتە ناو دەشتی(نابکۆر) بۆیە ناتوانین تێکەڵی بکەین لە نێوان ئەو گوندە بە گوندی(کۆبان) کە دەکەوێتە نزیك(بەعشیقە ـ باشیك). هەروەك ئەوانەی باسی دەکەن کەوا دێرەکە شوێنەکەی کرملێسە، واتە شوێنە ناساییەکەی([١٠٤٥]). بە پێی ئەوانەوە ئێستا کاتی دەرەنجام هاتووە و دەڵێین: مادام توخمەکانی بۆش هەیە کە ئەو هەڵەیان تێدا هاتووە، کەواتە دەتوانین بڵێین: (شوێنی دێری برعێتە پێویستە لە مەرگە بێت لە شوێنێك سەر بە نەینەواو لە سەر رووباری خازر). لە راستی ئەو گریمانەیەدا پێویستە لە بەری رۆژهەڵاتی رووبارەکە بێت و لەو بەشەی ئاوی رووبارەکە دەکەوێتە نێوان مەرگە و نەینەوا، یان ئەو ناوچەیەی دەکەوێتە نێوان تێکەڵبوونی بە رووباری کۆمەڵ لە باکووردا و خاڵی رێژگەی بە زاب لە باشوور. ئەو دەشتە جوانە کە هێمنی و ئارامی باڵی بەسەردا کێشاوە و ئاودێری باش دەکرێت لای باشووریەوە دێری برعێتە دروست کراوە. ئێستا ئەم

دەشتە بە دەشتی(العشائر السبعە) ناسراوە. ئەو دوو گوندەی ناویان هاتووە کە وتراوە دەکەونە باکوری ئەو دەشتە ئەمانەن: گوندی باخیلابی و باحورنیان و لە یەکەمیان دا دەردەکەوێ بە پێی پێشنیارەکەمان دەیدۆزینەوە کەوا پەیوەندی هەبووە لەگەڵ گوندی(خیلافەت) لە سفسفا بەڵام دووەمیان پەیوەندی هەبووە لەگەڵ گوندی(باکرمان) کە سێ کیلۆمەتر بەلای باکوردایە. مادام(چیای زیریك بەردەرەش) ئەم دەشتە دەبڕێ زۆر بە ڕوونی بەلای باشووریەوە. کەواتە ناتوانین بەدوای دێرەکەدا بگەڕێین لە ناوچەیەکی نزیکتر لەو زنجیرە چیاییە بچووکە. وە ئەمە باسەکەمان کۆت وبەند دەکات لە سەر دێرەکە لەو ناوچانەی کە دەکەونە دەوروبەری(پردی مەندانی) ئیستا. لەلایەکی دووەم دا دەبینین کەوا پاش چەند چرکەیەك(بێ ئومێد)ببم کەوا سەرپەرشتیاری کاروباری دێرەکە، لە ناوچەی دەوروبەری دیرەکە نیشتەجێ بووبێت، وە بینایەیەکی(خان)ی هەبووە کە دەکەوێتە لایەکی(ڕێگەی شا). ئەم تێبینیە تەئکید لە سەر راستی دیدی ئێمە دەکات. هەندێك باوەریان وا بوو کە دەبێ پەیوەندیەك هەبێت لە نیوان ناسنامەی(بربێتا) کە دەکەوێتە سەر خازر و ناسنامی گوندی(مەنقووبە) کە لەکۆندا پێیان دەگووت(مەعروبا) کە ڕەگی ناوەکەی (موعرب/معرب)/تەعریب کراو)ە(وەرگێر )ئەم واقیعە وامانلێدەکات دورکەوینەوە لە ناوی(باعەرەبایی/باعربایی)واتە(باعرب/باعەرەب) ماوە لە نێوان مەندان و گوندی مەنقووبە لەلایەك و موسڵ لەلایەکی دووەم دا زۆرنزیکە واتە (٣٥ کێلۆمەتر) بۆ ئەو ماوەیە لێکچونێکی گەورە هەیە لەگەل ئەو(٥ فرسەخە) کەوا (تەبەری - الطبري) باسیکردووە.بەلام تێبینیەك هەیە پێویستە لێ ی ئاگاداربین کەوا گوندی مەنقووبە زۆردوورە لە (ڕێگەی شا) وە، وە هەروەها زەحمەتە بتوانین بڵین کەوا دەکەوێتە باشووری دەشتی (العاشر السبعە). جگە لەمە ئەبێ ئەوە تێبینی یە بکەین کەوا مەندان لە هەمانکاتدا پێ دەڵێن (عمر مەندان)تاك (عومەر) شێواندنە بۆ تاکی (عومەر). (وابزانم نووسەری بەڕێز ویستوویەتی ئاماژە بدات و سەرنجی خەلك ڕابکێشی کەوا تاکەکە ئارامیە (ئومرا - عومرا - کە بەواتای کەنیسە یان دێر دێت(وەرگیر)ئەوەی پەیوەندی بە دێری قەدیسە فبرۆنیا هەیە، پێشتر وتمان شوێنەکەی دەکەوێتە نزیك گوندی (باوسا). وە لە سەر نەخشە ناوی گوندێك هەیە پێ ی دەڵین(دێرین بوت) وە دەکەوێتە دووری (١١ کێلۆمەتر) لە بەردەرەشەوە وەبەلای باشوور. وە ئەم شوێنەش لە بارە بۆ دەستنیشا نکردنی شوێنی دێرەکە. بە پێی ئەو زانیاریانەی ئیستا و زانیاریەکانی تر کە لەسەر ئەرزی واقیعدا هەیە وە بەدەرلە قسەکردن، خۆم دەبینمەوە نەتوانم بچم بۆ خاڵێکی دوورتر کە پێی گەیشووم.

## ئەو گوندانەی ناویان هاتووە

چەند گوندێك هەیە ناویان ئامـاژەی پـێ دەدرێ لـە دەقـەكانی مێـژووی برعێتـا، ئـەم گوندانەن كە دوورنین لە دێرەكە. بەڵام زۆر بە داخەوە زۆر بە وردی دیاری نەكراوە كە ئەو گوندانە دەكەونە كەرتی مەرگە ومیا نەینەوا. (باموسای) ناوی ئەو گوندەیە كە برعێتا نەخۆشێكی شیفاكرد لە نەخۆشی(جەرگ/ استسقا _تشمع كبد/دا)([١٠٤٦]). دوو گوندی تریش هەیە دەكەونە دەوروبەری(عین سفنێ) وە پارێزگاریان بە ناوە كۆنەكانیان كردووە. یەكەمیان پێی دەڵێن(مۆزیكا) وە دەكەوێتە دووری پێنج كیلۆ مەتر باكووری ئەو شارە بچووكە(عین سفنی) وە دووەمیان پێی دەڵێن(مۆزیكان) وە یانزە كیلۆ مەتر لە شارەكە دوورە ، وە بەلای باشووری خۆرهەڵاتیدا . لە گوندی (برات) ژنێكی نەزۆك مێردی بەپیاوێك كردبووناوی (زدقوی) بوو (برعیتا سێ پارچە خەنەی دایە ژنەكە، ژنەكە سێ كوری بوو، ناوی كورە گەورەكەی (بردێری) بوو چووە ناو دێرو بوو بەرەبەن ([١٠٤٧]). رۆژێكیان، لەو كاتەی برعێتا لە گوندی(باقوشتا) بوو، تارمایی توشی دوو بووك و زاوا بوو([١٠٤٨]). هاتنە لای برعێتا بۆ ئەوی یارمەتیان بدات، وە تارماییەكەی دەركرد و بووك و زاوا كە رزگاریان بوو لەو ترسە كە وەخت بوو بیان كوژی بەڵام لەگوندی(باقشای) رەبەن مەتی، كە یەكێكە لە رەبەنەكانی دێرەكە هەڵسا بە دەركردنی جنۆكەكە لە بیرێكی قوول دا دەژیان وخەڵكەكەی ئاویان لێ دەخواردەوە بەكاریان دەهێنا بۆ ژیانی رۆژانەیان([١٠٤٩]). بەتەئكید([١٠٥٠]). ئەگەر لە مەرگە گوندێك هەبی بەناوی (بانقروس) كە لەو گوندە (باوای) یەكێك لەقوتابخانەكانی تیا دامەزراند([١٠٥١]). جارێكیان برعێتا هات بۆ ئەو مۆسیقایە وە داوای پەنجا گەنجی بەهێز و توانای لێ كرد. لەوانەیە ئەو مۆسیقارە(ئەو میوزیك زەنە) مەبەستەكەی نەزانیبێ كە برعێت ئەو گەنجانە بە كاردێنی لە قوتابیەكانی قوتابخانەی مۆسیقا. مەبەستی برعێتا ئەوەبوو ئەو گەنجانە بسورێنەوەو گەشت بكەن بەناو گوندەكان ولە گوندێكەوە بچن بۆ گوندێكی تر بۆ گاڵتەكردن بەو بت پەرستەی بوو بوو بە جوولەكە وە رێكخەری بۆ یەعقوبی ناسراو بە (نانا) بووە([١٠٥٢]).

(عین برقی) گوندێكی ترە دەكەوێتە مەرگە.لەو گوندە برعێتا گەنجێكی ئازاد كرد لە كۆتكردنی لەلایەن شەیتانەوە،كەشەماس بووە([١٠٥٣]). ئەم گوندە شوێنی لەدایك بوونی(مەتران موقان)ە([١٠٥٤]). وە هەروەها شوێنی لە دایكبوونی یەكێك لەوانەیە كەوا هاوكاری تۆما مەرگەیی بووە لە بەخشینی زانیاری كە لە پەرتووكە بەناوبانگەكەی نوسیوویەتی ئەم پەرتووكە (سەركردەكان )ە وە ناوی (نرسای العتیق) بووە وە هەروەها ناسراوە بە (عەودیشۆ)([١٠٥٥]).

## بریکاری دێری بکوژ

لە دەوروبەری ساڵی ٧٢٠، سەرۆکی دێری برعێتا قەشە یوسف بوو کە خەڵکی شارەزوربوو. تۆما مەرگەیی دەربارەی دەڵێ: سەرۆکێکی باشە و هەموو سیفەتەکانی پێویستی تیایە بۆ سەرۆکایەتیکردنی دێرێکی ناودار وە کارگێرێکی باش و بەتوانایە.بەلاَم وا تێبگەم ئەو سەرۆکە هەندێك جار لە کارگێریدا لاوازی نیشانداوە لە شێوەی ئەوە دەچێت کە لێی چاوەروان دەکرا کاتێك کە سەرۆکی دێری بێت عاوی بوو. لە واقیعدا، ئەبی ئەوە لە بیر نەکەین کە لە توانایدا نەبوو رەبەنە سەرەتاییەکان قەدەغە بکات لە لێدانی بەتریکی جاسلیق (صلیوە زخا) (٧١٤ ـ ٧٢٨) بەدارو بەرد بەهۆی ئەوەی دەیویست دەستنوسێکی بەنرخ تالان بکات کەهی دێرەکەیە([1056]). بەتەئکید، ئەم رووداوە هۆکاری دەست لە کارکێشانەوەی سەرۆکی دێرەکە بوو .دوای ماوەیەك لەزەمەن بە هێمنی و ئاشتی تێپەر بووبە سەر رەبەن یوسف کە بەتەنها لەناو کوریتە ئەشکەوتەکەی خۆی دابوو بەلاَم دواتر خۆی خزاندە ناو سەرئیشەو کێشەی زەحمەتر کە بەربەرەکانیکردنی ئارەزووی رەبەنەکانی دێری برعێتا بوو کە ئەو کات بەبێ سەرۆك بوون وە هەروەها بەبێ پاسەوان کە پارێزگاریان لەو رۆژگارانە دا بکات. کاتی رەبەن یوسف سەرۆکایەتی دێرەکەی وەرگرت باری دێرەکە شلەژابوو،وە تووشی سەرۆکێکی تر بوو توند تر و لامل تربوو لە رەبەن یوسف. رەبەنی نوێ رەبەن (قنوبایا) بووکە پێشتر سەرۆکی دێری(بێت قوقا) بوو.ئەم رەبەنە بەوە جیا دەکرێتەوە بە توانایی بۆ چارەسەرکردنی ئەم بارە و چارەسەرکردنی کێشەکان کە رەبەن یوسف نەیتوانی چارەسەریان بکات بەهۆی قەداسەتی روحی و لاوازی ئادەمیەوە. ئەوەی لەدەقەکانیپەرتووکی(الرؤساء) دا هاتووە باری دێرەکە ماوە زەمەنیەکەی ئەو کات ، وە هەتاوەکو لە رۆژگاری ئەمرۆمان دا، ئەمەوە لە زۆربەی دێرەکان بەم شێوەیە:

(ئەو کات سەرپەرشتیاری دێرەکان علمانی بوون)([1057]).

سەرپەرشتیاری دێری برعێتە ئەو کات پیاوێکی عەرەب بوو بە ناوی(ئەیاس) لە هۆزی(شەیبان) و لە خێزانی دووهل. لە سەرەتادا رەبەنەکان پارچە زەویەکیان دایە ئەیاس بۆ ئەوەی حەسارێك بۆ مەرەکانی دروست بکات. ئەم سەرپەرشتیارە بە ئەرکی رەبەنەکان هەڵنەدەستا و سوپاسیان بکات وەك پێویست و لە جیاتی ئەمە دەستی بەسەر زەوی تریش داگرت کە هی دێرەکە بوو و هەڵسا بە دروستکردنی خانێك لەسەر رۆخی رێگای شا تا وای لێهات ئەو خانەیە مایەوە و ناوبانگی دەرکرد تا کۆتایی سەدەی نۆیەمی ز لە بن چەپۆکی(شوێنی ئەیاس)([1058]).

ئەیاس بەردەوام بوو لە جێبەجێکردنی پلانەکەی، وردە وردە دەستی بەسەر زەوی و مولکی دێرەکە دا دەگرت کە لە نزیک ئەو زەویەی پێیان دابوو لەلایەن دێرەکەوە بەخۆرایی. دواتر هەڵسا بە کوشتنی سندوقەمینی(امین صندوق) دێرەکە(هەڵسورێنەری دێرەکە) و لاشەکەی فرێدایە ناو یەکێك لە بیرەکان کە دەکەوێتە ناو زەویەکانی دێرەکە. ئەو زەویەی کە بیرەکەی تێدایە تاوەکو ئێستا ناسراوە بە((المحرقیە))((سوتماك)) تاوەکو رۆژەکانی تۆما مەرگەییش کاتێك خەڵکی ناوچەکە و دەوروپشت هەواڵەکەیان گەیاندە سەرۆکی دێرەکە، ئەیاس لە پلان دانان بوو بۆ ئەوەی ئەویش بکوژێت. بەڵام دێرەکەی بەجێهێشت و هەلات، واتە رایکرد. بەهۆی ئەمەوە، وە وەك کاری خوا بێت توانرا دێرێك دروست بکات و پێی بەناوبانگ بێت بەناوی(دێر ئەبی یووسف) دەکەوێتە(وانا) بەرامبەر بە شاری(بەلەد) بەڵام دێری برعیتە سەردەمەکەی بەرەو لێژی دەچوو پێ بەپێ بەهۆی ئەو دابڕانەی داگیرکەر(ئەیاس) ەوە بۆ زەوی و موڵکوماڵی لە کاتی دێرەکە کەم کەمە و بە درێژایی ساڵ بە ساڵ خستیە سەر موڵکەکانی خۆی([1059]).

بەڵام دێرەکە بە تەواوی لە سەر نەخشەی ژیان نەسڕایەوە و بزر نەبوو. بە پێی ئەوەی(ئیشوّع سورەن برمامی) نەرمی نواندووە و توانرا هەیکەلەکە بگوازرێتەوە پێش کۆتایی سەدەکە ئێمە ئەوە نازانین ئەگەر ئەو دەقانەی کەوا(العمری) نووسیوەتی لە سەر دێرەکە ئایا لەسەر باری دێرەکە بە واقیعی دەقەکان تۆمار کراون یان ئەم نووسینانەی لە نووسینەکانی ئەلخالیدی گواستۆتەوە. ئەوەی دەستمان دەکەوێت ئەومیە ئەو دێرە نەگواستراوەتەوە بۆ کەرملێس تاوەکو ساڵی ١٣٦٢. مادەم ئەمە لە پاشکۆی دەستنووسی گوندی کەرملێس دا نیە ئەم واقیعە ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کەوا دێرەکە لە ناوەڕاستی سەدەی چواردەهەم هەر لە شوێنە رەسەنەکانی خۆی بووە. نێردراوانی کەنیسەی کلدانی بۆ کورسی(رەسوڵی نێردراو) بۆ رۆما، باس لەو دێرە دەکەن کە لە ساڵی ١٦٠٨ لە لیستی ئەو دێرانەی کە رێکیان خستووە و شوێنەکەیان بە دڵنیاییەوە دیاری کردووە(بڕوانە لیستی ژمارە ٢٤)، بەڵام بە پێی ئەوەی ئاماژە بەوە بدەن کە شوێنی دێرەکە جێگا کۆنەکەیەتی یان نوێیەکە و ئەوەی سەرمان لێسوڕماوە باسی ئەو دێرە نەکراوە لەو راپۆرتەی کە بەتریك ئێلیای هەشتەم لە ساڵی ١٦١٠ پێشکەشی کردووە.

## (٩)

# مەرگەی خۆرئاوا
# یان
# هەرێمی بیرتا

زۆر جار ناوی بێرتا دەردەکەوێت کە واتاکەی(قەلاّ) یە لە تۆمارگەی راگەیاندنەوە(تۆمارگەی ناوی نووسەرەکانی راگەیاندن تایبەت بە کەنیسەی کلدانی. تۆمارگەی فەرهەنگی مێژوو و جوگرافیای کەنەسی. ئەم ناوە دراوەتە شەش ناوچە و بانگ دەکرێن بە ناوی بێرتا([١٠٦٠]).

لەو باسەمان دا ناوی بیرتا هەندێ جار ئاماژە بە(شار)(شارۆچکە) یەکی دیاریکراو دەکات و هەندێک جار بۆ ناوچەیەك کە ئەو شارەی تێدایە. بۆ ناوچەی بیرتا کە بەشێك لە رۆژئاوای مەرگە پێك دێنێت لە شێوەی سێگۆشەیەکی نزیك بەدوو لا یەکسان. سەرێکی دەکەوێتە خوارەوە. بالّی رۆژهەلاّتی سێگۆشەکە ئاماژەیە بۆ رووباری خازر، بەلاّم لایەکەی خۆرئاوا ئاماژەیە بە رووباری کۆمەلّ بەلاّم بنکەکەی لای باکورە و چیای ئاکرێیە بەناوی (تجیاخێری) کە بە دوورتر لەو چیای(تالائانا) یە. مەلّبەندی ئەو ناوچەیە شاری بیرتایە.

١ ـ بێرتا

ئەمرۆ ئەو شارە پێی دەلّێن بیری و ئەمرۆ تەنها وەك گوندێکی بچوك دەبینرێ. خانووەکانی بەسەر چیاکە بلاّوبوونەتەوە و بە نیو کاتژمێر بە پیادە لە گوندی(تەلا) دوورە. ئەو گوندە دەکەوێتە سەر بەرزاییەك وەك قوچی بەرز لەو چیایەدا. لەلای خۆرهەلاّتی گوندەکە سێ قەلاّی بچوك هەیە دووەمیان پێی دەلّێن کۆشکی میر. بە واتای شوێنەواری مەسیحیەکانە، لەو ناوچە چیایە لە ناوچەی بیرتا و لە نزیك گوندی بیرێ دوو ئەشکەوتی گەورە هەیە، لە هەر یەکێکیان دا هەیوانێك هەیە گەمارۆدراوە لە تەنیشتەکانی بە دوو ژوور. هەروەها دیوارێك هەیە لەگەلّ(پەیژەیەك) کە دەکەوێتە لای پێشەوە. ئەوەی دەبینرێت بە تایبەتی لەو گوندەدا بەردێکی زۆر بلّند کە لە سێ پارچە پێکهاتووە لە بەرد لە سەر یەك داندراوە و لە ناوەڕاستیدا کونێك هەیە قەبارەکەی وەك دەرگا یان کونی بیرێکی ئاوی بچوکە. خەلّکی ئەو گوندە ئەو شوێنە پێی دەلّێن بیری قاشا و دەلّێن کەوا گومەزی ناقوسەکە بووە؟

دیمەنی ئەم بەردە بەرزە سەرنجمان رادەكێشێت بۆ چەند لایەك وەها دادەنێین بنكەیەكی كۆنە بۆ تاومرێكی تایبەت بۆ یەكێك(ستوونیەكان - عەمودی) رەبەنێكی مەسیحی رۆژهەلاتی كۆنە كۆریتەكەی دەخستە سەر گرێی ستوونێك و یان ریزێك لە گرێی ستوونەكە بەناوبانگترینیان(سەمعان عەمودی) یە ـ وەرگێر.

لە راستیدا كۆریتە ئەشكەوتی تایبەت بە رەبەنێك لە عەمودیەكانن نابینینەوە تەنها لە ناوچەی بیرتا نەبێت پێشتر(ماران عەمما) گەیشتووە بە رەبەنێكی عەمودی لە خیس([١٠٦١]).

كاتێك بە رێگاوە بوو بەرەو شلمات رەنگە لە توانامانـدا هەبێت ئەشكەوتێكی هاوشێوە بدۆزینەوە ئەگەر بەدوایدا بگەرێین لە جێگەیەكی تر ئەویش گوندی بێت قەرەداغە.

٢ ـ بێت(قەرەداخ)

هەروەها پێشتر ئەو گوندە قەرداغیان پێدەگوت(). لە سەرتادا نەستۆری بوولەبەر ئەوەی (باوای) پێشتر قوتابخانەی تیادامەزرانـد كە ژمارە بیست بوو لەو قوتابخانانەی كە دروستیكردن لە كەرتی (مەرگە)([١٠٦٢]). دواتر بەشێك لە خەلكی گوندەكە وەیا هەر هەمووی گواستیانەوە سەر مونۆفیزی . ئەو گوندە لەلایەن یەكێك لە رەبەنەكانی عەموودی دیاریكرا بۆ ئەوەی جێگەی كۆریتە ئەشكەوتەكەی بێت لەسەدەی هەشتەمی زاینی دا. زۆر دەگمەنە كە رەبەنێكی عەموودی بگاتە ئەو ناوە لەرۆژهەلات. لەبەر ئەوەی ئەو جۆرە رەبەنانە بەتاك و تەنهان زۆر پەسندنین لەلای تایەفەی سریانیدا([١٠٦٣]). كاتێك ئەو رەبەنە عەموودی یەعقووبی لە گونـدی(بێت قەرەداغ)دەژی، بەردەوام بەرهەڵستی مەترانی نەستۆری دەكرد ئەمە بەپێ ووتەكانی تۆما مەرگەیی. وە هۆكارەكەشی ئەوەی كە دەسەلاتەكانی بەكار نەدەهێنا تەنها لەرێگەی توانای شەیتانی نەبێت. لەم دەقە ئەوە تێدەگەین كەوا برادەرەكەمان تەنها نەبووە و دەگمەنیش نیە كە لەسەر شێوەی ئەون. لەبەر ئەوەی خەتەرناكی لووتبەرزی هەمووكاتێ هەرەشەی سیستەمی كاریزماتی دەكرد لە پەیوەندیەكانی لەگەڵ زنجیرەی كارگێری كەنەسیدا .بەم بۆنەیەوە یەعقووب براهاوی باس دەكەین كەپێشتر یاسەیەكی دانابوو دەقەكەی ئەوە بووكە هەموو رەبەنێكی عەموودی بەربەرەنەكانی مەتران دەكات، لەسەر مەترانەكە پێویستە نامە بنێری بۆ باوەرداران لە سنووری دەسەلاتەكەیدا وەیا ئەبرەشیەكەی لەبەر ئەوەی موستەحەقی پاراستنن، وە هەروەها هەریەك گەر كارنەكات بەپێ ئەو كارنامەیە([١٠٦٤]). مەتران (مارەن عەمە) بەوانە رازی نەبوو بە سزادانی حەرەم، لەبەر ئەوەی داوی بۆ دەكردن. هەروەها كە سەرماوسۆڵە و ئاگر لە ئاسمان بە سەریان دا ببارێ و هیچیان لێنەمێنێ ـ نە رەبەن و نە عەمود كە تیایدا جێگیر دەبێت كاتێك تۆما چیرۆكی ماران عەمە دەگێرێتەوە لە سرودێك كە داینـاوە تێبینی

دەکەین کەوا نەیتوانیوە زاڵ بێت بەسەر رق و قینە کە تیایدا بووە بەراوردی عەمودی کردوە لەگەڵ سیسارك(جۆرێکە لە باڵندەی گۆشت خۆر) یان بە شەیتان و گراو پەپۆکەی کردووە لە سەر سەکۆکان.

سەرباری ئەوەش دەبینین مامەڵەیان لەگەڵ دا دەکات هەر وەك بێچوی شەمشەمەکوێرێکی بەدبەخت. ئەو هۆیانەی کە تۆما خۆی لێ بێبەری دەکات بەو هەموو قسە و پێدا هەڵگوتنە رەق و وشە بریندارانە کە باس لە عەمودیەکان دەکات بە گشتی و دەربارەیان دەڵێت ئەوانە شیاوی هەموو ئەوانەن مادام دەستدرێژی بۆ سەر شەرەفی باوکی رۆحیمان و مەزنمان مار نەستۆریۆس دەکەن و کەسایەتیەکەیان لەکەدار کرد ئێستا پرسیارێك دەکەین لەکوێ دەتوانین ئەوە بدۆزینەوە؟ لەلای باشووری خۆرهەلات لە گوندی(بیرێ). گوندێکی تر هەیە بەناوی(باس فریا). دواتر باسی دەکەین. لەلای رۆژهەلاتی ئەو گوندە بە دوو کیلۆمەترەوە، لە دامێنی چیایەکە بەردێکی زۆر گەورە هەیە بەرزیەکەی شەش مەتر دەبێت، پەیکەرسازی ئەو بەردە دەکرا لە سەر شێوەی پارچە پارچەی لاتەریب و پارچەی بنکەکەی چوار لا یەکسانە. ئەم پارچانە بەسەریەکەوە دانراون درێژی یەك لای پارچە بچوکەکە مەترێك دەبێت کە داندراوە بە بەرزی دوو مەتر لەسەرەوە.

لە سەر پارچەی سەرەوە چینی سەرەوە جێگیرە لە ناوەوە کە بە پەیژەیەکی(لوولەیی) دەچیە خوارەوە بازنە پێکهاتووەکان لە سەر یەك پەستراوەتەوە هەر وەك ئەوە بێت لەلای سەریەوە بنکەی ستوونێکی پەستراو بێت. ئەم چینە گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە بەو شێوەی تۆپەڵە بەهۆی کرداری داخۆرین و خوران بەلام پێشتر لە دێر زەمانەوە تەختایی بووە. کوردەکان بەو بەردە دەڵێن(باری خراتا) و واتای ئەومیە(بەردی پەیکەر سازکراو)، واتە بەردی هەڵکەندراو. خەڵکی نیشتەجێی ناوچەکە دەڵێن ئەو شوێنە قوتابخانە بووە بەهۆی هەبوونی تاتە بەرد پێکهاتووە لە چینەکان یەك بەوی تریان گیری خواردووە بەسەر یەك بە شێوەیەکی چین چینی لەسەرخۆ و بەرەو خوارەوە. پرسیارەکەمان ئێستا ئایا ناتوانین لەو تاوەرە ستوونێك بۆ رەبەنێك بدۆزینەوە لە رەبەنەکانی عەمودی مۆنۆفیزیەکان؟ ناوی شوێنەکە هیچ هاوکاریەکمان پێ نابەخشێ بۆ باسکردنی ئەو بوارە لەبەرئەوەی ئەو کانیاوەی کە بە تەنیشت ئەو بەردەیە و ئاوەکەی دەڕوا پێی دەڵێن کانی بەردی واتە کانیاوی بەرد و بەس!

٣ - دێری مارگۆرگیس

پێشتر گەیشتینە دامەزرێنەری ئەو دێرە کاتێك باسی حدیابمان کرد. وە باسمان کرد کەوا دێری دووەمی دامەزراندن لە نزیك بیرتا لە کەرتی مەرگە. دواتر پاشکۆیەکمان بۆ شوێنی

ئەو دێرە زیاد کرد و وتمان شوێنی ئەو دێرە دەکەوێتە باخچەیەکی زەیتوونی کۆن ناسراوە بە(با زەیتونا)([1065]).

هیچ زانیاریەکمان دەربارەی ئەو دێرە نیە. دوای چۆڵبوونی ئەو دێرە لە رەبەنەکان کەنیسەی دێرەکە بووە کەنیسەیەکی تایبەت بە خەوەرنەی گوندەکە. ئەو کەنیسەیە دەستنووسێکی ئینجیلی پیرۆزی هەبوو مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٧٤٣([1066]).

٤ ـ گوندی تلا

گوندی تلاوبیلا، یان(بربیلا) دوو گوندن ناویان زۆر لە دەقەکان دا هاتووە ئێستا پێی دەڵێن(تیلان) و(بیلان) دەکەونە نزیك یەکتری هەروەها نزیکن و دەکەونە تەنیشت بیرتا. گوندی تلا دەکەوێتە دووری کیلۆمەترێك و نیو بەلای خۆرئاوا، بەلام بیلا بە پێنج کیلۆمەتر و ٢٠٠ مەتر دوورە لە تلاوە بە هەمان ئاراستە. لە گوندی تلا کەنیسەیەك هەیە بە دوو باڵ، یەکەمیان بە ناوی(مارئیسحاق) و دووەمیان بە ناوی(پاکیزەی پیرۆز) ئەم گوندە دوو دەستنووسی هەیە دەگەڕێنەوە بۆ کەنیسەی مارئیسحاق تاوەکو ئێستاش پارێزراون. یەکەمیان مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٧٠١ ز، کە بریتیە لە پەرتووکی سەرۆکەکان نووسینەکەی لە ئەلقوش تەواو بووە لە سەر داوای(شمۆنی) کچی(نازر) بۆ بەکارهێنانی کەنیسەی ئیسحاق لە گوندی تلا کە دەکەوێتە کەرتی مەرگە([1067]).

بەلام دووەمیان بریتیە لە سرود و ئاوازەکانی تایبەت بە وەرزی(باعوسا). ئەم دەستنووسە تەواو کراوە لە سەر داوای گوندی ـ تلا کە دەکەوێتە ناوچەی بیرتا ـ شوێنی لە دایك بوونی ئیشۆعیاوی مەرگەیی([1068]).

کە بڕیار بوو بە پەتریك هەڵبژێردێت لە جیاتی بەتریك تیماتیۆسی یەکەم بەلام بەوەندە رازی بوو کە میتراپۆلیتی کەرتی حدیاب بێت و بەس. ناوی گوندی تلا زۆرجاران دێت لە دەقە چیرۆکەکاندا کە تۆما مەرگەیی نووسیوێتی بەلام ئەو چیرۆکەی کەزۆر سەرنجراکێشە وە ئەومیە چیرۆکی یەکێك لە پیاو ساکارەکانی گوندی تەلایە لەسەدەی حەوتەم کە ئەو پیاوە هاتۆتە لای قەدیس(مارکبرئیل) وەپێی ووتووە کە سەری سورماوە لەو فەوتانەی کەدار مێوەکانی گوندەکە تووشی هاتووە لە ئەنجامی بەستەلەك و نزم بوونەوە پلەی گەرمیەوە جگە لە باخچەیئەو (خۆی) بەتەنها وبەس کە باغچەکەی زیندووە. وا چاك بوو کە ئەو پیاوە سادەو ساکارە قسەنەکات و بێدەنگبێت . لەبەر ئەوەی ئەم هەواڵە گەیشتە مارکبرئیل بەوبارە وە پاڵ بە قەداسەتی ئەو زاتە دەنێت بۆ ئەوەی چارەسەرێك بکات بەدادوەریەوە لە ئەنجام دەبێتە هۆی نەمان و بزربوونی شەراب کەلە رەزەکەی ئەو دروستیکردوبوو لەو گۆسکانەدا بوو کە لەناویدا پارێزراوە([1069]). لەساڵی ١٨٤٣

یەکێك لە رۆڵەکانی تەلا کەناوی عەودیشۆ کوری دیشۆ بوو ئەو قەشە و رەبەن بوو هەڵسانە بەنووسینی(دەستنووسی) پۆلێنکراو لە دێری رەبەن هورمزد کە تائێستاش پارێزراوە لە پەرتوکخانەی دێرەکە .رەنگە پرسیار بکەین گوندی (مایێ قریری)/مایێ قەریرێ/الما بارد/ئاوی سارد) دەکەوێتە کوێندەرێ کە فوتابخانەی (باوای) تیایە؟ بەدڵنیاییەوەشوێنی گوندەکە ناوچەی بیرتایە، ئێمە دڵنیاین لەوە مادام ئەو دەقانە دەخوێنینەوە کە لەبەر دەستمانەدایە،(ماران عەممە) بەو گوندەدا تێپەریوە بە رێگایەومبەرەوشلمات بۆ بەری خازر کە دەکەوێتە (خنس) لە پشت (کۆمەڵ). کاتێك میترپۆلیت بە رێگاوە بوو هەڵسا بە نەعلەت کردنی (زادوای)([١٠٧٠]). کە٧٢ زەوی هەبوو لەکەرتەکانی : مەرگە و کۆمەڵ و نەینەوا. ئەم شارە نابێت زۆر دووربێت لە(قوب) لەبەر ئەوەی سەرۆکی گوندی قوب لە توانایدابوو زانیاری تایبەت بەدرێژی بداتە تۆما تایبەت بەراستیەکان و لێکۆڵینەوە لە پێشبینیەکان. بەپێی ئەو زانیاریەی کە پێشکەش کرا بەمن لەلایەن بەرێز مەتران روفائیل رەبان سەرۆکی ئەساقیفەی ئەبرەشیەی کەرکوك بۆ کلدانی ئیستا وە ئەبرەشیەی ئامێدی و شەمکان پێشتر کەدەکەوتە ژێر دەسەلاتی مەترانی ئەو ئەبرەشیە. دەزانین کەواتا وەکو ئیستا باغچەیەك هەیە دەکەوێتە نزیك گوندی (تلا) ئەو ناوەی هەیە.

٥ ـ گوندی بلا(یان بیلا)

گوندی بیلای کۆن ئەمرۆ بە (بێلان) ناودەبرێ(هەر وەك لەسەرەوە ـ وەرگێر) مەسیحیەت بە تەواوی لەو گوندە نەماوە، بەلاّم لە سەر ئەوەشەوە تاوەکو ئێستا کەنیسەیەکی تێدایە بەناوی(مارساوا) بەلاّم پرسیارێك سەرهەڵدەدات ئەومیە: ئەمە کام(مارساوا) یە؟ لە ناوچەکە دەڵێن یەکێکە لەو سێ رەبەنانەی کە سێ گوندەکانیان بەسەرخۆیاندا دابەش کرد: ئەمانەن(هەرماشی/ هرماش) بەبەر مارئەفرام کەوت و(تلا بۆ مارئیسحاق) و (بیلا بۆ مارساوا).

ژیانی مارساوا پەیوەندی هەیە لەگەڵ(لاشبار) کە دەکەوێتە بێت گەرمای. دواتر لەگەڵ بیلا([١٠٧١]). بە پێی سەرچاوەیەکی کۆنتر ئەویش دەستنووسێکە مێژووەکەی دەگەرێتەوە بۆ سەدەی چواردەهەم کە بەرێز مەتران ئەدیشێر باسی دەکات([١٠٧٢]). بابەتەکە واتە شەهیدێك لە(بێت زبدای)([١٠٧٣]).

نەمتوانی راڤەی ئەو نهێنیە بچوکە بکەم لەبەرئەوەی سەرچاوەکەی پەیوەندی بەو بابەتەوە هەیە بزر بووە لە پەرتوکخانەی دێری بەرێز پاکیزە پارێزەری کشتوکاڵ، بەلاّم سەرچاوەیەکی تر هەیە یارمەتیمان دەدات بۆ چارەسەرکردنی ئەمە ئەویش دەستنووسی

ئینجیلێکی پیرۆزە مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٦٥٦ وە دەگەڕێتەوە بۆ مەترانیەی ئامێدی. ئەم دەستنووسە لە ئەلقوش نووسراوە بە دەستی شەماشە یەڵدا کوڕی قەشە دانیال کوڕی قەشە ئیلیا کوڕی قەشە دانیال. نووسینەکە تەواوکراوە لە سەر داخوازی مەرقۆس کوڕی هورمزد لە گوندی بێلان. ئەوەی جێی داخە ئەو دەستنووسە تەنها ناوی ئەو دەستنووسەی بۆ کراوە کە مارساوایە و هیچ رونکردنەوەیەکی تری بۆ نەکراوە. ئەوەی لەو دەستنووسەدا رونبکەمەوە لە رابردوودا ئەوەیە ئەو دەستنووسە لەگەڵ چەند دەستنووسێکی تردا دەگەڕێنینەوە بۆ مەترانی ئامێدی. ئەو دەستنووسانە کۆمەڵێك دەستنووسی هەڵبژاردە پێك دێنن کە لە سەرەتادا بیست دەستنووس بوو و لەگەڵیاندا پۆلین کردنێکی کاتی هەبوو کە لەلایەن بەڕێز مەتران رۆفائیل رەبان کراوە کە ئەو کات سەرۆکی ئەساقیفەی ئەو ئەبرەشیە بووە بەڕێز مەتران روفائیل بیداوید هەوڵیدا ئەم ژمارەیە بکاتە دوو هەندە و هیوای وا بوو بیکات بە سێ ئەوەندە بەهۆی بەردەوام بوون لە لێکۆڵینەوە بۆ کۆکردنەوەی دەستنووسە پەرش و بڵاوەکان کە لەلای هەندێك لە خێزانەکان هەیە لە گوندەکانی سەر بە ئەبرەشیەکە. لە زستانی ساڵی ١٩٦٠ ئەو بەڕێزە رێگەی پێ دام بۆ ئەوەی هەڵسم بە رێکخستنی تۆمارکردنی هەموو دەستنووسەکان بە درێژی. دوای ئەوەی بەڕێز مەتران(ئەبلەحەد) بوو بە مەترانی ئەبرەشیەی ئەلقۆش ئەویش هەر رێگەی پێ دام بە پشکنین و پێداچوونەوەی پەرتوکەکانی ئەوەی زۆر جێی داخە رووداوەکانی کاولکردن و وێرانکاری کە دووچاری ناوچەکانی باکور هات لە ئەیلولی ١٩٦١ بووە هۆی بزربوونی ئەو پەرتوکخانەیە بە هەموو ئەوەی لە ناویدا بوو بەتەواوی. ئەوەی کە دڵمان پڕ لە رابواردن دەکات و لە هەمان کات دا پرسەیە بۆمان ئەوەیە زۆربەی ئەو دەستنووسانە دەستنووسی تایبەت بە نوێژەکانی فەرزی و سروتەکانی تایبەتە بە بۆنەکان و ناسراون کە ئەلتەرناتیفی ئەوانەمان هەیە جگە لەمە زۆر تێبینیم هەیە تۆمارم کردوون لە سەرچاوەکانیان و لە پێشەکیەکانیان کە لەو دەستنووسانە نووسراون. ئەو تێبینیانە گشت زانیاریەکانی مێژوویی سەرەکی و گرنگەکان تۆمار کراون. ئەوەی پەیوەندی بە ناسنامەی بیلا هەیە دەڵێن هەمان ناسنامەی باربیلایە([١٠٧٤]). هەروەها(بیربلێ) ئەمە دەڵێن و تەئکیدی لێ دەکەینەوە بێگومان([١٠٧٥]). بەڵام پەیوەندی لە نێوان بیلا کە(بۆدج) ئاماژەی پێ داوە([١٠٧٦]). لەگەڵ(بیربیری) کە(بادجر) ئاماژەی پێداوە و دەکەوێتە(ئەبرەشیەی کاوار) بابەتەکە پێویستی بە حوکم دان هەیە لە سەری پێویست بوو کە لە ناوچەیەك بێت زۆر دوور نەبێت لە بیلا دێرێکی تێدا بوو بە ناوی(راما) دەگەڕێتەوە بۆ قەدیس(ئەدی) ئەو رەبەنە خەڵکی وڵاتی یۆنانە. کۆچی پێکراوە لە وڵاتی

خۆی و هاتۆتە ولاتی خۆرهەلات لە سەدەی چوارەم. بینایەی ئەو دێرە بینایەکی بەهێزە رەبەنەکانی دەتوانن ژیان بەسەر بەرن بە ئارامی و ئاشتیەوە سەرەڕای دووری لە ناوچە نیشتەجێبووەکان و دوور و لاپەڕە. زۆر پەرچوو و عەجایب لەو دێرە روویداوە([1077]).

یاوەری دامەزرێنەری ئەو دێرە قەدیس گریگۆریۆس بووە کە ئەویش دێرێکی هەبووە لە نزیک گوندی بیربلی ئەو دێرەی دوایی باسی کراوە دەگەڕێتەوە بۆ گریگۆریۆس نەماندۆزیەوە و هیچی لە سەر نازانین.

٦ ـ بازاڕی یەکشەممە

جوگرافی زانە عەرەبەکان باسی ئەو شارە دەکەن و بە مەڵبەندی سەرەکی کەرتی مەرگەیان داناوە([1078]).

هەروەها باس لە زەوی بە پیت و بەرەکەتی ئەو ناوچەیە دەکەن، سەرچاوەکانی مەسیحی پێی دەڵێن(روستاقا) کە سەر بە بیرتایە، درێژ دەبێتەوە تا خازر. بەلام شارەکە دەکەوێتە رۆخ چیاکان. لەو دەقانەی کەوا تۆما مەرگەیی نووسیویەتی لە سەر شاری رۆژی یەکشەممە دەخوێنین کەوا بەندیخانەی ناوچەکەی تێدا بوو. ئەمە زۆر کارێکی سروشتیە مادەم ئەو شارە ئەو گرنگیەی هەبووە لە رووی کارگێری فەرمیەوە. من توانیم شوێنی ئەو شارە بدۆزمەوە ـ بازاڕی یەکشەممە کە ئەمڕۆکە بیابانێکی چۆڵ و هۆڵە بە یارمەتی قەشە(حەنناقلو)(دواتر بوو بە مەتران ـ وەرگێر). قەشەی کلدانی لەگەڵمان هات و زۆر شوێنی نیشاندام جێگەی بایەخە بۆ من دەکەونە ناوچەی بیرتا بۆیە خۆشحاڵم بەم بۆنەیەوە سوپاسی تایبەتی خۆم پێشکەش بکەم بەرامبەر ئەو ماندووبوونەی لە پێناویدا کردی شوێنی شاری بازاڕی یەکشەممە ئەمڕۆ پێی دەڵێن(میلیێ سوکا) واتە(گردەکانی بازاڕ) لەبەر ئەوەی لەم شارە گەورە و گرنگە هیچی لێ نەماوەتەوە تەنها هەندێك گردی دەستکرد نەبێت کە شوێنەواری شارەکەی داپۆشیوە، ماوەی نێوان شاری بازاڕی یەکشەممە و گوندی بیلا نزیکەی ١.٥ کیلۆمەترە و بەلای باشوور کە دەکەوێتە سەر ئەو رێگەیەی بەرەو بێت شاری(عێن سفی) دەچێت خەڵکی ناوچەکە لایان باوە کەوا گوندێکی گەورە هەبووە بازاڕی تێدا هەبووە.

٧ ـ باسەبری

ئەم گوندە لە کۆن دا بە(باسفری) ناسرابوو کە لەلای یاقوت حەمەوی باسکراوە([1079]). دەربارەی دەڵێ ئەو گوندە لە سەدەی سێزدەهەم هەبوو، و باسی دەکات کەوا گوندێکی گەورەیە دەکەوێتە خۆرهەلاتی مووسڵ لە دامێنی چیاکان. ئەم گوندە بەوە بەناوبانگە چونکە دەوڵەمەندە بە باخچە و رەز و مێو. خەڵکەکەی دەیرنەوە(ترێ) کە لە

وەرزی زستان. ئێستا ئەو گوندە کوردەکانی تێدایە پێی دەڵێن باسفری کە لە نزیکیدا بەردە گەورە و بەرز و پەیکەرتاشراوەکەی لێیە و لەوانەیە بنکەیەك بوو‌بێت بۆ عەمودێك دەگەڕێتەوە بۆ رەبەنێکی عەمودیەکان پێشتر باسمان کرد. گوندی(باسفری) دەکەوێتە باشووری بیرتا تاوەکو ئێستاش کەنیشە کۆنەکەی تێدا دەبینرێت کە ناوی کەنیسەی(ماریۆحەننانە) ئێستا کردویانە کۆگای گلدانەوەی دانەوێڵە خەڵکی ئەو گوندە شوێنەواری تەلارێکیان دۆزیەوە لە کاتی هەڵکەندی زەویەکەی پێش کەنیسە. لە باسەبری دەستنوسێکی ئینجیلی پیرۆز هەیە نووسراوە لە ساڵی ١٩٨٥ و بۆ بەکارهێنانی کەنیسەکەی ناسراوە بە کەنیسەی ماریۆحەننان ئەم دەستنووسە لە دێری رەبەن هورمزدا. ئەوەی دەربارەی مێژووەکەی دەیزانین ئەوەیە لە کۆتایی سەدەی ١٧ هەم بەلای کەمی سێ قەشەی هەبووە ئەمانەن: قەشە سلێوە کوڕی خوا لێخۆشبوو(خودادا) دواتر کوڕەکەی قەشە یۆحەننان و دواییان قەشە یاقۆ کوڕی خوالێخۆشبوو مەرقوس خەڵکی گوندی تلا. قەشە یاقو کوڕێکی تری هەبووە ناوی هورمزد بووە و شەماشە بووە. ئەم شەماشەیە لەگەڵ سەرۆکی گوندەکە عەودیەشۆ کوڕی یۆنان شەماشە یەڵدا کوڕی سەرکیس بەشداریان کردووە لە بڕی کرێی ئەو دەستنووسەی کەوا شەماشە یەڵدا کوڕی قەشە دانیەڵ کوڕی قەشە ئیلیا کوڕی قەشە دانیال ئەلقوشی نووسیویەتی نووسەری ئەم دەستنووسە بە شوێنی لە دایك بوونی بۆ خۆی دەگەڕێنێتەوە بە ئیمتیازی وتارەکانی پۆڵس. دواتر دەبینین کەوا گوندی تلکێف ئەویش ئەو مافە بە خۆی دەدات و بە هەمان ئیمتیاز لە باکوری باسفری جێگەیەك هەیە پێی دەڵێن کالواکا(واتە شوێنی شۆرینی جلوبەرگ). لەو جێگەیە گرێ گومبەزەك دەردەکەوێ لە سەر ئاستی رووی زەوی ئەو گومبەزە(گومەت) پاش ماوەی شوێنەواری کەنیسەیەکی کۆنە پێیان دەوت کەنیسەی مارعەودیەشۆ لە کۆن دا؟. کە لە گوندی بیری دەچیتە گوندی باسفری رێگەکە بە رۆخ هەندێك کاولگە تێپەڕ دەبێت دەگەڕێتەوە بۆ گوندێك بە ناوی(کانیە) لێرە ئەشکەوتێك هەیە لەوانەیە هی رەبەنێك بووبێت.(گوندی بێت شەهاری) کە بە کوردی پێی دەڵێن(باساری) شوێنێکی ترە هێمای بۆ داندراوە دەکەوێتە ئەو ناوچە چیایەی دەڕوانێتە رێگەی بیلان ـ عێن سفنی و بە دووری سێ چارەگ لە بیلا ئەوە بە پیادە:(جێبی) ناوی گردێکە دەکەوێتە باشووری گوندی بێلان بە دووری کیلۆمەترێك لەوانەیە ئەو گردە شوێنی گوندی(کۆپی) بووبێت کە قوتابخانەی چواردەهەم لە قوتابخانەکانی باوای بێت کە دایمەزراندووە. لەلای باشوریەوە لە گوندی بێری و بێلان یان ئەو سێ گوندەی تێدا بێت کە پێیان دەگوت (مەلکوشان) ئەمرۆ گوندێکی کوردیە بە تەواوی مەسیحیەکان ئەو ناوە بە سیغەیەکی شێوێندراوی دادەنێن بۆ

نـاوە رەسـەنەکەی(مـەلك ئیشـۆع) لـە گونـدە سـەرەکیەکە لـەو سێ گوندانـە، دەتـوانین شـوێنەواری کەنیسـەیەك ببیـنین لـەلای رۆژهەلاّتیـدا ناوچـەیەکی چیایی هەیـە دۆڵێکـی تێدایە پێی دەڵێن(گەلی بیرهافان) بینایەکی کۆنی تێدا دەبینرێت، بەلاّم نـازانین چیە. لە باشـووری مەلکوشـان و لـە ناوچـە چـیاییەکان دا و لـە زەویـەکانی دەکەونـە ژێـر گوندی(تۆسیپ) شوێنەوارێك هەیە پێی دەڵێن(نارشلیتا)(ئاگری شـلیتا) لەبـەردەوام بوونمـان بـە رۆیشـتن و بـە لاریـەکی کەمـەوە بـەلای باشـوور تووشـی ناوچـەیەکی چیایی(تجوبانگ)(دۆڵی ناردوش) دەبیین، کە سنووری کۆتاییەکە دەکەوێتە نێوان(شـەمکان) لە خۆرئاواو(شەرەفان) لە خۆرهەلاّت لەو شارە بۆ ماوەی کاتژمێرێك و نیو بـە پیـادە بـەلای خۆرهەلاّتی گوندی(مرێبان) بەرامبـەر(کەفرسۆر) واتـە بـەلای دووەم دا لـە دۆڵی نـاردوش گونـدی قوبـا کـە زۆر بـە داخـەوە لـە سـەر نەخشـە نادۆزرێتـەوە و نیـە بـە پێـی رای هۆفمان([١٠٨٠]).

دانەرە مێژوونووسەکان تەنها بە هێما ئاماژە بە گوندی(قوب) دەدەن، کەوا دەکەوێتـە نزیـك ئاکرێ.

٨- قوب

پێویستە لەسەرمان جیای بکەینەوە لە نێوان(قوب) و" قوبان" لە بەعشیقە پێشتر" قـوب" گوندێك بوو سەربە(مـانوی) بـووە (مـانی خـاوەنی ئـەو باوەرداریەیـە کەلـە ولاتـی فـورس دا بلاّوبووەوە . وەرگێر) پەرستی بتەکان و درەختـەکان. ئـەو (مانـەوەی) یـە کەسـێکی پابەنـدو خووگرتـوو بـووە بـە پەرسـتنی بتـەکان و درەختـەکان هـی تـریش ([١٠٨١]). وەك دەردەکـەوێ خەڵکی ئەو گوندە زۆر بەرهەڵستیان کردووە بۆ زۆر هەوڵدان وە بۆ چەند جارێـك لـە پێنـاو ئەوەی بێنە سەر رێبازی مەسـیحیەت . ئـەم بـارە بـەردەوام بـووە تـاوەکو سـەدەی چـوارەمی زاینی. دواتر ئەمە هاتووتە دی و جێبەجێ بووە بـەهۆی هەنـدێ پەرچوو و سەیروسـەمەرە کە لەسەر دەستی میتراپۆلیتی یۆنانی دورخراو هاتە دی کە ناسـراوە بـە (ماریوحـەننان) کـە بـەتاك و تـەنها و لاپـەر دەژیـا لـە ئەشـکەوتێك کـە لـە شـێوەی قـەبر دابـوو، دەکەوتـە گـەروی(بـەرازیی) دواتـر بـاس لـەوە دەکـەین ئـەم قەدیسـە هەڵسـا بـە تێکـدانی پەرسـتگا ئاگریەکە کـە لەگونـدی (قـوب) دابـوو. وە لـەجیاتی ئـەوە کەنیسـەیەکی دروسـت کـرد کـە تاوەکو رۆژانی تۆما هەرمابوو. لەساڵی ٥٦٢، کە (برعێتا) بـە رێگـەوە بـوو بـۆ ئـەوەی بچێـت دێرەکـەی دابمـەزرێنێ،([١٠٨٢]) بەگونـدی قـوب دا تێپـەربوو، لـەو گونـدە نەخوشـێکی شـیفا بـۆ هێنا.ئەم گوندە شـوێنی لـەدایکبوونی رەبـەن (قـام ئێشـۆع)ە ([١٠٨٣]) وە لـەو گونـدە موسـیقاری بەناوبانـگ قوتابخانەکەی نوێکردەوە ([١٠٨٤]) کە لەلایەن (ماریۆنـان) دامـەزرابوو لـەو ماوەیـەی

کە باوەری هێنابوو. ئەم گوندە لەسەر ریبازی نەستۆری مایەوە تاوەکو سەدەی نۆیەمی زاینی، مادام دەبینینتاوەکو ئەو مێژووە (تۆما) بە (کێلگەی مەسیح)ی ناودەبات. وە هەروەها هەندێك چیروکمان بۆ دەگێریتەوە دەربارەی داب و نەریتی مێژوویی کۆمەلی(شاهریك)لە خەلکی گوندەکە، پێ یان دەگووت (شاوزران) تەنها دوای ماوەیەك بە دوای یەکدا واتە لە مێژوو هۆکارەکان ئێمە نایزانین گوندی قوب باوەرداری مونوفیزی قەبوولکرد و دانیشتوانەکەی بوونە یەعقووبی. قوب تاوەکو ئێستاش لەسەر باوەرداری یەعقوبی دایە(بادجر) سەردانیکردووە لە ناوەراستی سەدەیرابردوو ([١٠٨٥]) لە کۆتایی سەدەکە ئەو گوندە کەوتەدەست کوردەکان. دوا قەشە لەو گوندەی یەعقوبیەکان ناوی(قەشە سلیمان)بوو کە ریوەرەسمی قەشەکردنی سالی ١٨٨٩بوو لە سەر دەستی مەتران ئەلیاس قودسی ([١٠٨٦]). بەهۆی زالبوونی کوردەکان بەسەرئەو گوندە خەلکی گوندەکە(مەسیحیەکان) ناچارکردووە گوندەکە بەجێبهێلن و کۆچ بکەن بۆ(مەلابەران) کە دەکەوێتە باشوورو دورترو دەکەوێتە سەر خازر. لە وێ گەرانەوە بوونە کلدانی. هەندێکیان کۆچیان کردو رۆیشتن بۆ گوندی(مریبا)، دواتریش لەسالانی نویدا(دواییدا) گواستیانەوە بۆ(مێرگێ) دواتر(قورا مێرگێ) دواتر بۆ (قەرەقۆش) دواتر (بەعشیقە) لە کۆتای بۆ (بەرتلە) کەدەیانبینین یەعقوبین وە یا سریان کاسۆلیك. کەنیسەی گوندی (قوب)بەناوی (مارگورگیس) نراوە.

٩. گوندی کانی فالا

تاوەکو ئێستا هەندێك مەسیحی کلدان و نەستۆری لە گوندەکە نیشتەجیبوون، کەنیسەیەکیان هەیە بەناوی (مار ئەحا) واتای ناوی گوندەکە بە زمانی کوردی(کانی (ئاو) مەسیحیەکان) سیغەی ناوەکە لە دەستنوسەکانی ئەوەیە: (کانیا فالهان) هەمان شێوە لەدەستنوسی کەشکۆلێك داهەیە لە ئامێدی نوسراوە بە پێی سرووتی دێری سەرو. لە ئەلقوش نوسراوە لەسالی ١٧١٣ لەلایەن شەماشە(ئیلیا وە باوکیەوە قەشە یەلدا) لە سەر خواستی (موشێ) لە (بازار) وە (شەماش عەسکەر) بۆ بەکارهێنانی لەکەنیسەی (مارئەحا). وە هەروەها بەهەمان شێوە لە ناو پەرتووکی سرووتی تردایە بۆ نوێژی مردووان. ئەو دەستنوسە لەلایەن قەشە یەلدا کوری قەشە دانێیل نوسراوەلە سالی ١٧٢٣. واپێدەچێت(قەشە داود بارزانی) ناسراو(بەناوبانگ) بەئەیوبی چەرخی نوێ وە بە خۆشنووس و دانەرێکی بە تواناوە لەو گوندە دووچاری سەر ئێشە و نسکۆی گەورەهات کە تووشی خێزانەکەی بوو. ئەمە لەسالی ١٨٧١بوو. پێشتریش ئەو قەشە نسکۆکان بەدواوەی بووە لەسالی ١٨٥٤

کاتێك زێباریەکان بە درندەی و دوژمنکارانەی ئاشکرا هێرشیان کردە سەر. لێرە ـ لە گوندی کانیافالهان ـ ژنەکەی و دوا مندالی لە دەست دا کە ناوی(ئەنتوان) بوو لە تەمەنی (١١) سالی دا[١٠٨٧]. پێشتر بە درێژی باسی کۆچی ئەم قەشەیەمان کردووە کاتێك بۆ یەکەمجار تووشی هاتین لە باسکردنی عەنکاوە دا (تەماشای وێنەکە بکە لە لاپەڕە ٢٤٤).

١٠- شوێنەوارە پچرچرەکان: شوێنەوارە موتەفەریقەکان

لە باکوری دوورترە، بە پیادە نیو کاتژمێر بەلای خۆرهەلاتی گوندی(میرسیدا) میر سەیدا، گوندی سیرکاڤ ـ سەرکانی، کەنیسەی تێدا هەیە. لەلای باشووری خۆرئاوای لە گوندی ناوبراوی دواتر سێ ئەشکەوت هەیە یەکێکیان بۆ داود پێغەمبەر دەگەڕێتەوە. کە گویمان لێ بوو بەو ناوە(ئەشکەوتی داود) یەکسەر شتێکمان بە بیرهات، ئەویش یاقووتی حەمەوی و وتویەتی[١٠٨٨].

دەربارەی ئەو جێگەیە کە دەلێ: لە نزیك ئەو جێگەیە شوێنی(العمرانیە) هەیە کە بینایەکە خاوەنەکەی(عمران کوری محەمەد)[١٠٨٩]. کە لە ماوەی ژیانیدا گەورەی ناوچەکە بووە بەگشتی بەدرێژای ئەم بەرو ئەوبەری ڕووباری خازر. لە باسکردنی یاقوت حەمەوی بۆ ئەو ڕووبارە دەلێ: پێش چونمان بۆ ناوچەی مەرگە ئەو ڕووبارە دەردەچێت لە نێوان چیاکانی حیلیتا(حیلافەت لە سفسفا)(عمرانیە) دەکەوێتە بەری خۆرهەلات. بابەتی دۆزینەوەی قەلای تایبەت بە زەوتکردنی زەویەکانی خەلك بە زۆر دەکاری(عمران کوری محەمەد) بۆ هاوڕێکانم بەجێدەهێلم بەعەرەکراوەکان کە بروام وایە کات بەفێرۆدانادەن بۆ لێکۆلینەوە لەمەدا. ئەوەی پەیوەندی هەیە بەشوێنەواری مەسیحیەکان دەلێین: ئەگەر بمانەوێرێکخستنی لیستێکی تەواو بۆ ئەو شوێنەوارانە بکەین پێویستە لەسەرمان ناوی هەمووگوندو لادێکانی کە لەناوچەی بیرتا هەیە بنوسین. زۆربەی ئەو گوندانە ئەمرۆ کوردەکانی تیانیشتەجێن. بۆ سەلماندنی وتەکامان هەندێك لە وانە باس دەکەین: لەلای باشووری(کانیفالا) یان (گردزنگل)(بلند گوێ زەنگ/ناقوس) شوێنەواری کەنیسەی تیایە. وە هەروەها دەلێین لە ناوچەیەکی نزیك خازر پاشماوەی مەزارێك هەیە دەگەڕێتەوە بۆ(باشمونی) لێیە. لەناوچەکانی دەکەونە دەوروبەری(میر سەیدا) گوندی(تجیاخیری) هەیە (چیای خێر) لە گوندەکانی چیایە، لەلای باکووری گوندەکە سەرەرای هەبوونی شوینەواری کۆشکێکی گەورە کەدەکەوێتە لوتکەی چیا دوو ئەشکەوتی تیایە. یەکێکیان چوار حەوزی تیایە. لە نزیك دووئەشکەوتەکە قاپێکی هەلکەنراو لە بەرد و دەوراندەوری شوێنی دانشتن و نەخشکراو لە بەرد هەیە. بەدوری ٨٠٠ مەتر لە گوندەکە لەلای باکوریەوە شوێنی شوێنەوارێکی تێدا هەیە بەدرێژی ١٥٠ مەتر و ٦٠ مەتر پانی. ئەم شوێنە بەدارو درەختی

چڕ دەوردراوە ([١٠٩٠]). ئەم شوێنە دەگەڕێتەوە بۆ بینایەی دێریك كە تا ئێستا ناسنامەكەی دیارینەكراوە . كوردەكان ئەم شوێنەوارە بە (زكادیری) ناودەبەن. لە نزیك گوندی (میریبا) گەرویەك هەیە بە كوردی پێ ی دەڵێن (گلی كیرماف) بەلام مەسیحیەكان پێ ی دەڵێن (گەروی مار مەنصور) بە هۆی هەبوونی شوێنەواری دێریك بەناوی قەدیسیەوە ناوی دەبەن دەكەوێتە نزیك گەروەكە . تاكە دێر كە بەوناوە هەبێت كە توانیم شوێنەوارەكانی بەڕوونی بدۆزمەوە، (ابن العمری) باس دەكات و دەڵی : دامەزراندنەكەی لەسەردەمی بەتریك ئێشۆعیاوی یەكەم ئەرزونی(٥٨٢ ـ ٥٩٠) ([١٠٩١]). بووە. ناسینی ناسنامەی ئەو دێرە بەتەواوی كارێكی زۆر زەحمەتە ئێستا ،لە بەرئەوەی دانەروا دادەنێت كەوا ئەو شوێنەی دێرەكە لە كەرتی نەینەوایە كە تاوەكو ئێستا نەمانتوانیوە بیدۆزینەوە. لەلای باكوری خۆرئاوای (كاڤ فالا) گوندی (بیسا تی/بیساتی) هەیە وە یان هەردوو گوندی (بیساتی ی سەروخوار). بەهۆی ئەو دووانە ڕەنگە (باساتی) یان (بازیات) بدۆزێنەوە، كە لە دەقەكاندا باسكراوە. لە گوندی (بیساتی)ی سەرو بینایەكی گەورە هەیە،لە ناوچەكەدا دەڵێن ئەوە هی شایەكە بەناوی (مەرقۆس)(؟) لێرە واچاكە بەدوایی دێری قەدیس (مارعاوا)بگەڕێین([١٠٩٢]).(كەرۆژانی ژیانی لەسەرووی جیهان بووە ، تاوەكو كۆتایی ڕۆژەكانی هێنا لێرەدا لە پیرییەكی چاكەدا)؟لەم گوندە قوتابخانەیەكی(باوای) هەیە.([١٠٩٣]). قەشە Paul Mouterde عیسایی توانیویەتی هێمای ناوی گوندەكەشی بكاتەوە دوای ئەوەی كەناوەكەیان دۆزیەوە هەڵكەندراوە لە گلكەندی (كامد) لە (بقا) ([١٠٩٤]). كاریكرد لە (باساتی) كە دەكەوێتەكەرتی (مەرگە)ژمارەیەك لە كرێكار بۆ حیسابی خەلیفە وەلید (كوڕی عبدللك وەرگێر)سالی ٧١٥. لە بیساتی شوێنەواری گلكەند هەیە ئەو كرێكارانە كاریان تیاكردو لە وێ فێری پێشەبوون. دواتر، دەمانەوێ ئەوە ڕوون بكەینەوە كە لە ناوەراستی مەڵبەندی باشوور لە ناوچەی بیرتا وە بەماوەیەكی یەكسان لە هەرلایەك لە كۆمەڵۆ خازر وە لەسەر هەمان هێل كە عین سفنیشی لەسەر هەڵدەكەوێ كە (١٥)كیلۆ مەتر دوورە لە باكوور دێریك پێی دەڵێن(دێرینێ) هەیە. بەڕیوەبەرایەتی گشتی شوێنەواری عیراقی هەڵسا بە ڕێكخستنی دۆسیەی شوێنی ئەو دێرە([١٠٩٥]).

ئەم دێرە دەكەوێتە دووری(٣٠٠ ) مەتر ڕۆژئاوای گوندی(دێرینێ) كەتاوەكو ئیستا ناسنامەكەی لێكۆڵینەوەی لەسەر نەكراوە، دەكەوێتە سەر جۆگە ئاوێك بە هەمان ناو،لێرە كاولە خانوو دەبینین هەمووی بەردو و گەچە پارچە زەویەك دا دەپۆشی بەدرێژی ١٠٠مەتر و پانی ٣٠مەتر . وە هەروەها هەندێك دیوار دەبینین تا ئیستاش لەبەر چاوان دیارن، هەندێكیان بەرزیان لەمەترێك زیاترە.

١١ ـ دێری ڕەبەن سیبریان (قبریانس)
بەناوی ئەو دێرەوە ژمارەی شوێنە تۆمارکراوەکان لە لیستەکەدا زۆر دەبێت کە پێویستە لەسەرمان لێکۆڵینەوە بکەین وە بەوردی دیاری بکەین بۆ ناوێکی تر. ئەگەر چی تۆمامەرگەیی زانیاری زۆری پێداوین وە بەدرێژی لەسەر ئەو دێرە، بەلاّم ئێمە شوێنەکەی نازانین بەتەواوی. ئیستا ئێمە لە چوارچێوەی جیاکانین لە ناوچەی بیرتا، لێرە جۆگە ئاوێك هەیە لە جێگەیەك کە زۆر دوورنیە. ڕەنگە ئەو جۆگە ئاوە هی خازر بێت وە یا بۆ دۆڵی(ناردوش) بێت کە ئاوەکەی بەردەوامە.

## دامەزرێنەری دێرەکە

ڕەبەن قوبریانۆس لەسەدەی حەوتەم ژیاوە([١٠٩٦]). شوێنی لە دایکبوونی گوندی(بێت مغوشی) بووە واتە گوندی (مەجووس) کەدەکەوێتە بیرتا([١٠٩٧]). کە بەو نزیکانە تووشی کاولکاردن و وێرانی هات بە تەواوی و هیچ شوێنەوارێکی لیّ بەجێنەماوە باس بکرێت. لە منداڵیەوە چۆتە قوتابخانەی(مقاوا)([١٠٩٨]). کە یەکێك بووە لە قوتابخانەکانی باوای، کە ئەو کات لەوپەڕی گەشەکردن دا بوو. کاتێك بوو بە ڕەبەن هەێندەی تریش پابەند بوو بە داب و نەریتی ئورشەلیمی بەو مانایە دابڕانی تەواو لە ڕەبەنایەتیدا بۆ ماوەی ٤٠ ساڵ بە تەنها و دابڕاو بوو لە دورگەیەکی ئەرخەبیلی یۆنانی. دواتر گەڕایەوە بۆ کەرتی مەرگە، بەلاّم هیچ پاشماوەیەکی گوندەکەی نەدۆزیەوە کە لێی لە دایك بوو بۆیە چوو بۆ ئەوەی لە دارستان دا بژیت، کە دەکەوێتە ژێر ئەو شوێنەی دێری دوا ڕۆژی دەبێت. کۆمەڵێك ڕاوچی لە کوڕانی گوندی((نیرم)) دەراعاواسای) دراوسێ، کە دەکەوێتە سەرووی دێرەکە شوێنی ژیان بەسەربردنیان دۆزیەوە و ناسیانەوە و دوای ئەوەی یارمەتیان دا بۆ دۆزینەوەی بزنە کێوی کە بە دوایدا دەگەڕان. دواتر بە خێرایی ناوبانگی دەرکرد و خەڵك سەردانی دەکرد بە کۆمەڵ و تاك. میترِاپۆلیتی ناوچەکە وە یان کەرتی ئەربیل چووە سەردانی بە یاوەری ژمارەیەکی زۆر پێکهاتبوون لە قەشەکان و دکتۆر و مامۆستا و قوتابیانی قوتابخانەی(سورا) دوای ئەو زانیاریانە دەتوانین بگەڕێینەوە بۆ تەواوکردنی ئەوەی تۆما نووسیویەتی لە(١٥) لاپەڕەدا([١٠٩٩]).

کە دەڵێ: (پەنجا ڕەبەن لەو ڕەبەنانەی، کە بە تەنها دەژیان لە دەوری ئەو ڕەبەنە بەندکراوە کۆببوونەوە و خەڵکی گوندەکانی دەوروبەر کەنیسەیەکیان بۆ دروست کردوە چەند باڵەخانەیەك بۆ ئەوەی ژیانی بە کۆمەڵ و هاوبەشیان بێتە جێبەجێکردن. دواتر بۆ ماوەی بیست ساڵ ڕەبەن(سیبریان/ قبریانس) لەو دێرە دەژیا) بەردەوام بوون بۆ

بەدواداچون بۆ داخوازی پەرچووەکان وامـان لـێ دەکـەن گەشـتێکی کـورت بکـەین بـە دەوری ئەو دێرەدا بە پێی جوگرافیای کاتی(١٠٠). تووشی کۆمەڵە کەسێکی خـەڵکی مەرگـەی نزیـك شوێنەکە دەبین، ئەوە دەسەلێنی ئێمە بەلای خۆرهەلاتی بێرتـاین، و بـە کۆمەڵـە کەسـانێکی خـەڵکی نوهـدرا. دواتـر بـە هەنـدێك عـەرەب، وە هەنـدێك نەینـەوایی و خـەڵکی حـدیاب. دواتریش خەڵکی بێت گەرمای. هەروەها خەڵکی بێت بغاش و دانیشتوانی دەشتی حیتۆن... وردەکاریەکان بە درێژی رەنگە بتـوانین شـوێنەکەی دیـاری بکـەین، شـوێنی دێرەکە. لێـرەدا ئێمە نەخۆشێك دەبینین خـۆی دەشـوات بـە ئـاوی ئـەو روبـارەی دەڕوات بـە بـن ئەشـکەوت ـ کۆریتەکەی ئەو قەدیسە. پێیان وتین ئەو قەدیسە یارمـەتی خێزانێکـی داوە بـۆ باوەڕهێنـان لە دەوروبەری(صورە) کە دەکەوێتە سەرووی دێرەکە.

برایان

لە نێوان قوتابیانی قوتابخانەی سـورە دوو قوتـابی هـەبوون بـە باشـی و زیـرەکی پێشـەنگ و دیار بوون. دواتر چوونە رێبازی رەبەنایـەتی لـە دێـری قـەدیس قبریـانوس. ناویـان: رەبـەن پۆلس و رەبەن گبرئیل بوو(١٠١).

ئـەو دوو برایـە، دوای ئـەوەی گەشـتێکیان کـرد بـەناو ژیـانی رەبەنایەتیـدا هـەر وەك دابونەریتە لە ناو رەبەنەکان دا، گەڕانەوە دێرەکەی خۆیان لێـرە یـەك بـە دوای یـەك بوونـە سەرۆکی ئەو دێرە دوای ئەوەی رەبەن پۆلس کۆچی دوایی کـرد لـە مـاڵی شەهیدان نێـژرا، بەلای خۆرئاوا بە ئاراستەی باکور. برایەکەی رەبـەن گبرئیـل نەیهێشـت پەیکـەری جـەنازەی لە سەر گۆڕەکەی بکرێت. هەروەها ئەوەی قەدەغە کرد، کە هیچ هێمایەك لـە سـەر گۆڕەکـەی دابنرێت. دواتر ئەوڕۆ بۆ رەبەن گبرئیل دێـت و ئـەویش لـە هـەمان شـوێن دەنێـژرێت بـەلام لە ژێر تارمەی پێشەوەی لای باشوور لە شوێنێکی بەرامبەر پەیکەرەکە، کە هەنـدێك ئێسـك و پڕوسـکی یـەکێك لـە قوتابیـەکانی رەبـەن(سـیبریان/ قبریـانس) ناسـراو بـە رەبـەن شـەعیا رەنگە بپرسن مەبەست چیە لە پەیکەری جەنازەیی؟

لـە وەلام دا دەڵـێن: پەیکـەرێك دەخرێتـە سـەر گـۆڕی جەسـتەیی ئـەو کەسـایەتیەی بـە قەداسـەت(قـەدیس) ناوبـانگ وەردەگرێـت. ئەمـە لـە دێـری مارمیخائیـل نزیـك مووسـڵ و ماڕمەتی(شێخ مەتی لە ناوچەکەدا ـ وەرگێـڕ) و مـار ئـەحا لـە شـەلەت و دێـری(ماربـەهنام) دەبینرێت... تاد.

پەیکەر، بریتیە لە بینایەکی بچوك لـە کەنیسـە پێـی دەڵێن(قمتڕ) پـەرتووکی نوێـژی تێـدا دەپارێزرێت. شوێنی باڵەخانەکەی، یان لەلای تەنیشتەکان دەبێت لە نێوان دەرگـای پیـاوان و

کۆتـایی باڵەکـەوە یـان لـە پەرسـتگەیەکی بچـوك پێـی دەڵـێن(بێـت قەدیشی)، واتـە(مـاڵی قەدیسەکان).
شوێنەکەی بە پێی ئەو پەرستگە بچوکە دەبێت بەرامبەر دەرگا بێت بەڵام لە سینگی پەرستگەکە پاڵی داوەتـەوە بـە سـەر دیـواری بـاکوور یـان دیـواری خۆرهـەڵات. لـە بەشـی سەرووی قیمتەر و بە بەرزایی یەك مەتر لـە سـەر زەویـەوە بـە بـەردی مەڕمـەڕ داپۆشـراوە بـە شێوەیەکی لار جێگیر کـراوە بەرامبـەر بـەو کەسـەی سـەردانی دەکات هەڵکەنـدراوە یـان نەخشێندراوە لە سەر بەردە مەڕمەڕەکەوە لە ناوڕاستی دا خاچێك هەیـە بـاوەڕداران ماچی دەکەن و دوای سەردانەکەیان و نوێژکردن و داخوازی بۆ شەفیع، کـە ئـەو قەمتـەڕە یـا دێـرە هـی ئـەوە. ئـەو هێمـا جوگرافیـە تاکـەی هەیـە کـە ڕەنگـە سـوودی لـێ وەربگـرین لـە خوێندنەوەی ژیانی ئەو دوو ڕەبەنـە ئـەو دەقەیـە کـە تایبـەت بـە خەڵکـە گەشـت کەرەکـە و سـەردانەکەیە کـە ڕەبـەن پۆڵس کردوویـەتی بـۆ بەندیخانـەی تایبـەت بـە سـەرۆکی بـازاڕی یەکشەممە.

## نیشانەکانی نیشاندەران

ئـەو دێـرە کـارو چـالاکیەکانی بـەردەوام و ئاسـایی بـوو تـاوەکو کۆتـایی سـەدەی نۆیـەم بـە نیشانەی ئەوەی تۆما سەردانی ئەو دێرەی کردووە ئەو کات(١١٠٢).
تۆمـا دەربـارەی شـوێنی دێرەکـە دەڵـێ: دراوسـێی ئـەو پیـاوە قەدیسـانە. واتـە حـەوت مەترانەکان کە لە گونـدی(ڕیشـە) ژیـاون. ئەگـەر ئـەوە واقیعەکـە بـێ هـەر وەك دەردەکەوێ کەواتە پێویستە بە دوای گونـدی(ڕیشـە) دا بگـەڕێن لـە دەوروبـەری چیـای مـەقلوب، وشـەی دراوسێ واتە هەموو ئەو ناوچانە دەگرێتەوە کە دەوروبەریەتی و ڕەنگە ڕۆژێـك بـە پیادەش بێت ئەو دوو گوندەی کە زۆر نزیکترن لە دێرەکە ئەمانـەن:(نـیرەم دەراعەواسا، یـان(نیرامـی شوانکارەکان)(١١٠٣).
شـوێنەکەی بڵنـدترە لـە شـوێنی دێرکـە. ئـەم گونـدە شـوێنی لـە دایـك بـوونی یـەکێك لـە قوتابیەکانی ڕەبەن گبرئیل بووە، ناوی(قوفرا کوڕی سۆریەشۆع) بووە(١١٠٤).
هەروەها ڕەبەن گبرئیل بۆ خۆی لەو گوندە ژیاوە. دواتر ئەو گونـدە یەکێکـە لـەو گوندانـەی، کە بۆتە موڵکی عمرانی داگیرکەر و دەست بەسەرداگرتنی موڵکەکان(١١٠٥).
گونـدی(سوڕا) واتـای ناوەکـەی(گـەروی چیایی) دەکەوێتـە نزیـك گونـدی نـیرام و لەوانەشـە شوێنەکەی لە جێگەیەکی بەرزتر لەوە بووبێت(١١٠٦).

هەر چۆنێك بێت، ئەم گوندە كەنیسەی تێدا بووە. هەروەها قوتابخانەیەك كە باوای دایمەزراندووە. ئەم قوتابخانەیە لەوپەڕی گەشەكردنیدا بووە لە سەردەمی قەدیس گبرئێل و پۆڵس. لە نزیك گوندی سوڕە، پاشماوەی دێرێك هەیە بەناوی دێر(شێدە) یەكێك لە پیاوە ماقوڵ و دەوڵەمەندە باوەڕدارەكان ناوی(ماڵباز) بووە ماڵباز كارو كۆششی زۆری كردووە بۆ ئەوەی دێرو ژوورە بچوكەكانی وا لێ بكات بە جوانترین باڵەخانە بێت لە ناوچەكەی ئەو كات دا. مەبەستی ئەو پیاو چاكە ئەوە بووە لە كردارەكەی بۆ ئەوەی ئەو دێرە بەناوبانگ بێت و ناوی ئەو كەسە دەربكەوێت. رەبەن گبرئیل پێشبینی كردووە كە ئەو كات سەرۆكی دێری ماریۆحەننا میتراپۆلیتی(بەرازی) بە تێكدانی ئەو دێرە و كاولكردنی([1107]).

لەبەر ئەوەی دێرەكان و بەڕای رەبەن گبرئیل پێویستە دروست بكرێن بە دەستی رەبەنە گەنج و قەدیسەكان نەك بە دەستی عەلمانیەكان. لە راستیدا تەنها سێ رەبەن یان دووان پەیوەندیان بەو دێر و بینایە كردووە كە ناوی دێری پێ دراوە، و تیایدا نیشتەجێ بوون. شوێنەواری ئەو بینایە،(دێرە) و پاشماوەكانی تاوەكو رۆژانی تۆما مەرگەیی لەبەر چاوان دیار بوو. پرسیارەكەمان ئەوەیە شوێنی دێری رەبەن سیبریان قبریانس دەكەوێتە كوێ؟

بە دڵنیاییەوە ئەگەری ئەوە هەیە سوود لە هەوڵەكانمان وەربگرین بۆ زانینی ناسنامەی گوندی سوڕا لە رێگەی ناسنامەی گوندی(كەفرسوور)، كە لەو پاشماوەی كاولكاری كەنیسەیەك هەیە و جێی داخە چونكە ناوی سوڕە، واتە گەرووی چیایی. بەڵام بە راستی گەرووی چیایی لە ناوچەكە دا نیە تا بەو ناوە ناونرابێت. جگە لەمە: ئەگەر وا دابنێین ئەو ناوە نوێیە بۆ ئەوە بێ شێواندنی ناوی(كەفرسوور) بێت كە بە مانای گوندی گەرووی چیایی، دەڵێن لە سەرمانە لەبیر نەكەین كە ئەو ناوەی دوایی بە كوردی واتە بەردی سوور لەمە بۆمان دەردەكەوێ، كە ئێمە لەبارێكداین رێگەمان پێ نادرێ نە بەرەو پێشەوە نە بەرەو دواوە هەنگاو بنێین و ئەوەی پەیوەندی هەیە بە بابەتی زانینی ناسنامەی دێری سیبریان یان جێگەی ئەو كاولكاریە كە ئاماژەمان پێی دا لە سەرەوە كە دەكەوێتە سەر لووتكەی چیای(كەفرسوور) و(ملكوشان) و بە تەنیشت شوێنەكانی پێی دەڵێن(میتكێ) و (بێراوی) ئەوە شوێنەی دێرەكە بێت بە مسۆگەری، واقیعی كردار لە سەر زەویدایە وە هیچ زانیاریەكی مسۆگەری زیاترمان نیە بیخەینە سەر زانیاریە پڕوپوچەكانمان.

ئەوە لە دۆسیەی ژمارە ١٤٤٠ / ٣٥ دا دەخوێنین و سەر بە بەڕێوەبەرایەتی شوێنەواری عێراقیە تایبەت بەو شوێنە ئەوەیە: (شوێنی كەلاوەكانی دێرەكەیە) و ئەمە باسكردنی فەرمیە بۆ شوێنەكە و هیچ باسێكی وردمان ناداتێ، یان روونكردنەوەی نوێ جگە لە

هێلکاریەکی زۆر سادە نەبێت بۆ باڵەخانەیەکی بچوك بۆ بەکارهێنانی دیارینەکراو لە سەری جێگیرکراوە دەرگایەك لەوانەیە ئەو دەرگایە هی هەیکەلێك بێت و خاچێکی لە سەر هەڵکەندراوە.

١٢ ـ ناوچەی ئەتروش

کاتێك بەرەو خۆرئاوا دەردەچین لە گوندەکانی تیلاوبیلا دەگەینە خالی باکوور ـ خۆرئاوای ناوچەی بیرتا، کە بەشی نوێی مزوریە.

کە ئەتروش تیایدا مەلبەندی سەرەکی هەموو ناوچەکەیە. لەو ناوچەیەی کە دەکەوێتە نێوان بیلان و هرماشی. تووشی شوێنێك دەبین پێی دەلین(گەلی دێرا) واتە(دۆڵی دێر) کە تاوەکو ئیستا لێکۆلینەوە لەسەر ناسنامەکەی نەکراوە گوندی(هرماشی) ناوەکەی لە (ناهرماشی)دەکات ([١١٠٨]). لە ناوچەرەسەنە کۆنەکان کە هەندێك کەس شیفای بۆ کراوە بە پەرچووەکانی دەستی رەبەن سیبریان (قبریانس) بووە، وە هەروەها گوندێك هەیە دەکەوێتە (قەزای/ شاری ـ نحلا دەنهرا) ([١١٠٩]).

کۆن. ناوی ئەو گوندە ناسراوە لای شوینەوارناسەکان بەهۆی هەبوونی پەیکەرێکی هەڵکەندراو کە دەکەوێتە بەشی نزمی چیاکە بەرامبەر بە گوندەکە. بەنیسبەت ئیمەوە. ئەم ناوە بەیەکێك لە قوتابخانەکانی کە(باوای) دایمەزراندوە. وە بیردێنێتەوە ([١١١٠]).

وە هەروەها ئەوەمان وەبیر دێنێتەوە وە بەتایبەتی بە هەبوونی دێری(مار ئەبرام). ئەبرام رەبەنێکی تەنها بووە، بە دریژایی ژیانی لە ئەشکەوتێك ژیاوە دەکەوێتە جێگەیەك پێی دەڵین (عمیقی). ئەو جێگەیە دووربووە بە هەموو پەیوەندیەك کە هەبێت لەگەل خەڵك و کاروباری دونیاییەوە. تاوەکو ئیستا ئەم دێرە بە چاو دیارە لە رێگەی کەنیسەیەك کە تووشی تێکدان و کاولکردن و وێرانی هات وە هەروەها گۆرستانێك بە دیوارەکانی نووساوە وە دەکەوێتە بەری خۆرهەلاتی گوندی هرماشی. تاکە دەستنوسی بەدەستمان گەیشتبێت لەو دێرە . دەستنوسێکی تایبەتە بە پێنووسی قەشە یەلدا کوری قەشە دانێیل، لەسەر داوای شەماش کۆرییل مەقدەسی(ئەو نازناوە دەدرێتە هەر کەسێك بچێتە حەجکردن بۆ ئورشلیم ـ قودس ـ وەرگێر). کوری دنحا لەگوندی هرماشی. کرێکەی لەلایەن سندوقی کەنیسەی مار ئەبرام دراوە. تاوەکو ئیستا کانیاوێك هەیە بە ناوی مار ئەورەها و دێرەکەی. دەکەوێتە نێوان گوندی هرماشی، وەهەروەها شوێنێك هەیە(مار نیسا)مان وە بیردێنیتەوە کەلای ئیمە دیار نیە. لەو شوێنە کەنیسەیەکی کۆن هەیە، دیوارەکان بەبەرزی یەك مەترتاوەکو ئیستاش دەبینرێن. ئەم کەنیسەیە ماوەی یەك کاتژمێر بە پیادە لە هرماشێ دوورە وە بە ئاراستەی باشووری ـ خۆرئاوا وە بەدووری یەك کیلۆ مەتر لە خۆر هەلاتی

گوندی(دیراخترا) بەو دۆڵەی کە ڕێگەکەی بەناودا تێپەر دەبێت بەرەو پەرستگای ئیزیدیەکان ـ شیخ عادی ـ درێژی چوار دەوری ئەو شوێنەی کە پاشماوەکانی تیابلاوبۆتەوە (٥٠٠م) دەبێت (١١١١).

بەلام، وە زۆر بەداخەوە، درێژبوونەوی کێڵگە کشتوکالیەکان وورده وورده زەویەکانی شوێنەکە ڕادەماڵێت و بەسەریادا زال دەبێت و دەستی بەسەردا دەگیرێت لەبەر زۆری شوێنە بلاوبووەکان یەکێك لەوانە ناوی(حتارا) هەیە لەبەر ئەوەی ئاش و ئاشەوانەکان ئەو کات زۆر بووە لەولاتی کلدانەکان بەهۆی زۆری دانەوێلەوە(١١١٢). بەرچاومان روونە کە ئیمە دەتوانین شوینی دێری(عنان ئیشوع) بدۆزینەوە و دیاریبکەین، یەکێکە لەو پیاوانەی کە لە وولاتی یۆنانەوە بەرەو چوارلای خۆرهەلات هاتن لەسەردەمی (ئیمپراتۆری رۆمانی فالنس )(٣٦٤ـ ٣٧٨) کەبوونە مەتران و رەبەن، دێری عنان ئیشوع دەکەوێتە جێگەیەك شوێنەکەی بەرزترە لە گوندی (حتارا). ئەم دێرە ناوبانگی دەرکردووە بەتایبەتی بە موعجیزە و عەجایب کە تیایدا ڕوویداوە(١١١٣).

ناوی گوندەکە بەسیغەی(حاتاریە)نووسراوە لەپەرتووکی پۆلینیەکانی تایبەت بە ئاوەزەکان و نویژەکانی سرووتی تایبەت بە بەرۆژووبوونی نەینەوا کە بەدەستمان گەیشتووە لە کەنیسەی مارت شمۆنی، پاریزراوبووە لە ئامێدی. نوسینی ئەم پەرتووکە لە ئەلقوش بووە لە ساڵی (١٧١٦) بە دەستی شەماش ئیلیا کوری قەشە یەلدا وە لەسەر داوای قەشە نیسان کوری (مارخایە) خەڵکی (حاتاریە). دواتر دەستنوسوکە گواستراوەتەوە بۆ کەنیسەی (ئازیخ) دوای چاککردنەوەی پێویست بۆی لەساڵی ١٩٣١ لەسەر دەستی خۆشنوسی بەناوبانگ شەماش پۆلس قاشای ئەلقوشی. وا دەردەکەوێ ئەوگوندە خەلافەتی لە گوندی(حیتری)کۆن وەرگرتووە کە تۆما مەرگەیی بۆی دەگەرێتەوە. وە لەسەر دەستی میترابۆلیت(مارەن عەممە) وێرانکراوە. لەواقیعدا ئەو گوندە دەکەوێتە خالێکی دوور

لەناوچەی بیرتا (لە کۆتایی زەویەکانماندا)(١١١٤). ئەم مەترانە لە گوندی(خنس) هاتە ئێرە کەدەکەوێتە ئەو بەری دووەمی رووباری کۆمەڵ(١١١٥). گوندی ئازیخ کە دەکەوێتە لای باکووری گوندی(دیرا حاترا) تاوەکو ئیستاش کلدانیەکانی تیا نیشتەجێیە وە ژمارەیان شەست کلدانی دەبێت . لەو گوندە گۆرستانێکی مەسیحی تێدایە وە کانیاوێك دەگەرێتەوە بۆ کەنیسەی(مار ئەورەهای پزیشك) لەناو حەوزی ئاوی ئەو کانیە نەخۆشەکان خۆیان تیا دەشوشت پێشتر خۆشوشتن لە پێناو ئەوە بوو بە ئەوەی نەخۆشەکان شیفایان بۆ بکرێت وە قوربانیان بۆ بکرێت وەقوربانیان پێشکەش بە قەدیسی شەفیع دەکرد. لەساڵی ١٦٩٥، یەکێك لە رەبەنەکان بەناوی رەبەن شابۆ هەلسا بە کۆکردنەوەی ئەو قوربانیانەوە بە

پەیمان لەگەڵ قەشە دیشو کوڕی کوریل لە سەرەتادا، کۆی هەموو پارمەتی و قوربانیەکە تەرخان کراوە بۆ نوسینەوەی یەکەم دەستنوس لەو شەش دەستنوسەی ناسراو بە ئازیخ کە پارێزرابوو لە مەترانیەی ئامێدی. یەکێکیان دەستنوسێکی ئینجیلی پیرۆزە و لە ئەلقوش نوسراوە بە پێنوسی قەشە یەلدا کورشی قەشە دانیال، کورەکەی پارمەتی دا لەو کارە، کە ناوی شەماش گۆرگیس بووە و ئەم کارە بۆ پێوانەی کەنیسەی شەهید مارگۆرگیس بووە لە ئازیخ ئەو دیاریانەی کە پێشکەش دەکران بۆ شەفاعەتی مارئەورەها بواری باشی رەخساند لە ساڵی ١٧١٦ بۆ پێدانی کرێی خەرجی نوسینی ئەو پەرتوکەی نوێژە هەمە جۆرەکان، لەلایەن خۆشنوس ئیلیا کوڕی خۆشنوسی بەناوبانگ کە لە سەرەوە ئاماژەمان پێی دا نوسراوە. نوسینی ئەم پەرتوکە لە سەر داوای قەشە حەننای کوڕی گوریل لە ئازیخ بووە. لە ساڵی ١٨٦٠ یەك لە دەستنوسەکان بە دەستی خۆشنوس قەشە داود بارزانی بووە و ئەم دەستنووسە پرسیار و وەلامی تێدایە دەربارەی قەداسی خودایی بەلام ئەو دەستنوسە نە ناوی خۆشنوسەکەی لە سەر نوسراوە و نە مێژووی نوسینەکەی.لە ساڵی ١٨٧١، شەماس یەلدای کوڕی گۆرگیس هاوکاری کرد لەگەڵ شەماشی خوێنەر(قارۆیا، خوێنەر)، پەترۆسی کوڕی قەشە گۆرگیس لە نوسینی (حوزرا) دا، دەستنوسێی نوێژە فەرزیەکانی رۆژانەیە بە دەستی خۆشنووس قەشە داود کە ئەو کاتە لە گوندی(کانی فەلان) دەژیا. لە هەمان ساڵدا داوا لە هەردووکیان کرا - کە لە سەرەوە ئاماژەمان پێیان داوە - وە بە هاوکاری قەشە رەبەن(عەبدولئەحەد، و داود کوڕی عەودیەشوع) بەرپرسی کارگێرێی کاروباری کەنیسە چاککردنەوەی دەستنوسێك کە ئامۆژگاریەکانی رەوشتی تێدایە و Hexameron - واتە پەرتوکی شەش رۆژەی خەڵقو چیرۆکی مارگۆرگیس... یەکێك لە خۆشنوسەکان کە شەماش بووە ناوی عیسا بووە هەندێك دەقی زیادەی لەو دەستنووسەدا کردووە دەربارەی کۆمکاری یەکەمی فاتیکان بە درێژی. وە هەروەها رووداوی بلاوبونەوەی کولە و لەناوبردنی کێڵگەکان و شتی تر دەربارەی رووداوەکان و نسکۆیەکانی تر.

دەستنوسی شەشەم کە هی کەنیسەی مارگۆرگیسە لە ئازیخ کە لە ئامێدی پارێزراوە تایبەتە بە هەموو نوێژە سروتیەکان بۆ رێورەسمی ناشتنی مردووەکان.

پێشەکی پەرتوکەکە(دەستنوسەکە) ون بووە و لە کۆتایی و پێش تەواوکردنی باسەکەمان لە سەر ئەو گوندە، پێمان باشە ئاماژە بەمە بدەین([١١١٦]).

ناوی رەبەنەێك کە بە رەسەن خەڵکی ئەو گوندەیە. ناوی ئەو رەبەنە(حنینای کوڕی بەترۆسە) ئەم رەبەنە لە ساڵی ١٨٨٣ دەستنوسێکی دەربارەی رێزمان بە زمانی کلدانی -

ئارامی - وەرگێر) نووسیوە. کاتێک ڕەبەن بووە لە دێری ئەلسەیدە لە ماوەی سەردانی(بادجر) بۆ گوندی ئازیخ لە ساڵی ١٨٥٠([١١١٧]).
قەشەی تایبەت بە خۆیان نەبووە و ژمارەی مەسیحیەکان(١٥) خێزانی نەستۆری بووە. لە دوای ئەو سەردانە ئەمانە بوون بە کاسۆلیك، مادام خۆشنووس کاسۆلیکی(داود بارزانی) پەرتووکەکە چاکدەکاتەوە لیتۆ رجیا کانیان(سروتی) لە ساڵی(١٨٦٠) دوە.
(١٠) - نەهلە
تۆما مەرگەیی کۆتایی پێ هێناوە([١١١٨]). بەو دەقانەی کە نوسیویەتی دەربارەی دوبارە ڕێکخستنەوەی کارگێڕی کەنەسی کە لە نیوەی دووەمی سەدەی هەشتەم ڕوویداوە لە سەر دەستی میتراپۆلیتی ئەربیل(ماران عەمما) کە ئەو کاتە کەرتی مەرگە لە بن دەسەڵاتی ئەو دا بووە بەو کۆتاییەی خوارەوە: (ئەو لە ژێر دەسەڵاتی مەتڕانی(داسن) دایە کە ناوی(ئیستبانۆسە)، دێری گەورە و هەموو چوارلای نەهلەو تیلانە کە پێشتر لە ژێر دەسەڵاتی ئەبرەشیەی مەرگە بووە ). ئارەزوی ئەوە بووە هیچ بوارێك نەدات بۆ ئەوانەی دوای ئەو دێن لە توانایاندا بێت بۆگەڕاندنەوەی ئەوەی بڕیاریداوە بۆدەسەڵاتگرتن بەسەرداسن فەرمانێکی نووسیوە دەقەکەی ئەومیە کەوا ماف هیچ میتراپۆلێنك نیە کە لەدوای ئەودابێت بۆگەڕا ندنەوەی گفتوگۆکردن دەربارەی بڕیارەکان وەیا لابردنی فەرمانەکانی بۆدەسەڵاتەکانی بەسەر ناوچەکانی ئاماژە پێکراو بۆ ئەبرەشیەی داسان. بۆئەوەی هیچ ناوچەیەك توانای بەستنەوەی نەبێت بۆ جارێکی تر بە کەرتی مەرگەو یەکێکی تر بە داسن پێویستە شوێنەکە ناوەراست بێت لە نێو هەردوکیان.
بەهۆی هەڵکەوتنی داسن لە باکووری مەرگە بۆیە پێویستمان بە کوشتنی کات نیە بۆماوەیەکی درێژ لەکاتی لێکۆڵینەوە لە ناوچەکانی باکوور لەو دەڤەرە کە دۆڵێکە تاوەکو ئەمڕۆش پێی دەڵێن دۆڵی نەهلە([١١١٩]). دۆڵی نەهلە دۆڵێکی گەورە و دیمەنەکانی دڵرفێنن. توانای ئاودێری زەویە کشتوکاڵیەکان زۆرەو ئاسانە. ڕێڕەوی ڕووبارەکەی بە دەوری زنجیرە چیای ئاکرێدەسوڕێتەوە. لێرە بەدواوە، چوونە ناو ئەو دۆڵە کارێکی ئاسانە بەهۆی ڕێگەی باش کە بە گەروە جوان و ڕەنگینەکان تێپەر دەبێت وە لەسەر ئەو سروشتیە وشکانیەیدا پێی دەڵێن(گەلی زەنتا).
ناوی کۆنی ئەو دۆڵە پێشتر:(نەهلە دەمەلکا) واتە (دۆڵی پاشا) بۆجیاکردنەوە لە نێوان ئەوو نێوان ناوچەی تر کە بەنەهلە ناسراوە هەروەها، لەوانە (نەهلە دەنهرا ) واتە (نەهلەی / دۆڵی ڕێچکەی ) کە لەسەرەوەش توشی هاتین. تاکە گوند کە دەکەوێتە ئەو دۆڵەو(تۆمامەرگەیی) باسیکردووە بە دەستنیشانکردن و شوێن و دیاریکردنی دا ئەویش

(گونـدی دوری)یـە.([1130]). لـەو گونـدەدا (یوحـەننا دەیلـەمی)(باغچـەیەکی مێـو (تـرێ) و(خانوویێکی بچووك) و مەڵبەنـدێك ([1131]). کە کاریـدەکرد بەچالاکیەوە و توانـای زۆرەوە و ساڵانی سـەرەتایی بـە رەبەنایـەتی بەسـەردەبرد لـە دێـری بێـت عـاوی. مێـژوونوس بـودج (دوری) نـەزانیوە تـەنها یـەك گونـد نـەبێ ئـەوەی کـە دەکەوێتـە دەوروبـەری ئامێـدی. ئـەم گوندە لە واقیعدا ناکەوێتە نەهلە بەڵکوله (بێت تنۆرێ) ([1132]).

بودج بەهۆی ئەوەی رایەکەی بەستراوە بە گوندی دوری(لـە ئامێـدی ) دەبیـنین سەرلێشێواو دەبێـت و ئاراسـتەکانی لـێ تێـك دەچـێت و بزردەبێـت کاتێـك کـە دەیـەوێت شـوێنی نەهلـە دیاری بکات. بە کردەوە گونـدی دوری کـە باسـەکەمان بـە دەوریـا دەسـوڕێتەوە وە ئەمرۆکـە گوندێکی کوردیە پێی دەڵێین (دیفـری) کـە ئێسـتاکە هەنـدێك لـە ئاشـوریەکان گەراونەتـەوە وە تیایـدا نیشـتەجێبوون تـاوەکو ئێسـتاش لـەو گونـدە کەنیسـە هەیـە لەسـەر نـاوی (بـی شمونی) ئاماژە بە مارت شمـونی و منداڵـەکانی کـە ناویـان هـاتووە لـە یـەکێك لـە سفرەکانی پەرتووکی پیرۆز . گونـدێکی تـریش هەیـە تومـا مەرگـەیی نـاوی هێنـاوە ، وەدەڵـێ (٤ میـل) دورە لـە بـاکووری بێـت عـاوی .ئەمـە مانـای وایـە دەکەوێتـە دۆڵـی نەهلـە. ئـەم شـوێنە پێـی دەڵـین(کبیسا)ـ شـوێنی لـەدایکبوونی رەبـەن یوسـف و براکـەی ئیـبراهیم([1133]). کەپێشـتر لـە باسکردی(زینای) و(بێت قوقا) تووشیان هاتین. ئەمرۆ ئـەو گونـدە گونـدی(کوبا)ی ئیسـتایە کەکەنیسـەیەکی تیایـە لەسـەر نـاوی (پـاکیزەی قـەدیس)ە وە درەختیـك بەناوبانگـە بـەدرەختی(مارشـدا) لـە واقیعـدا دەستنووسـیك هەیـە لـە مەترانیـەی ئـاکرێ سەرچاوەکەی کەنیسـەی(مارشـدا)یە وەمێژووەکـەی بـۆ سـاڵی ١٧٦٦ دەگەرێتـەوە([1134]). لـەو ناوچـەیەی دەکەوێتـە سـەرووی گونـدی کوبـا ئەشـکەوتێك هەیـە، لەوانەیـە ئـەو خاسـیەی دابیتـە نـاوی گوندکە . لە چالاکییەك کە دەکەوێتە ناو ئەشکەوتەکە ئاوێك هەڵدەقوڵێ و مـوعجیزەی تیـا روو دەدات. کوردەکان بەم شوێنە دەلین(قەدیشا))/واتە (قدیس/قەدیس)ـ وەرگێـر. جگـە لـە گونـدی(بامیشـمۆنی) کـە دەکەوێتـە دووری دوو کیلـۆ مـەتر لـە گونـدی(دوری) وە بـەلای باشووری خۆرهـەلات گونـدێکی تـر هەیـە لەگونـدەکانی دۆڵـی نەهلـە. لـەم گونـدە تـاوەکو ئیسـتاش هەنـدێك مەسـیحی تیـا نیشـتەجێن تـاوەکو سـالی ١٩٦١. یـەکێك لـەو قەشـانەی کەکاریکردووە لە بامیشمۆنی) ناوی(باهرین) بووە. دەستنوسێکی نووسیووە دوای ساڵی ١٧٤١ کە بریتی بووە لە ئاوازەکان و سرودەکانی سرووتی و نوێژەکانی بەرەکەت([1135]). کەنیسـەی ئـەم گونـدە لـەژێر نـاوی شـەفاعەتی پـاکیزەی قەدیسـە لـە نزیـك ئـەو گونـدە درەختێکـی(داربـەروو) هەیـە، هەنـدێك پێـی دەڵـێن (درەخـتی مـار یوسـب) .(داربـەڕووی ماریوسف) ـ وە هەندێکی تر دەڵێن هی (مـاریۆ حـەننان)ە ، بـەلاّم ئـەو مـاریۆ حەننانـە ئـەو

یوحەننا دەیلەمی یە نیە کە پێش کەمێك ئاماژەمان پێیدا کەلە نزیك دووری ڕەزوو کۆریتەو مەڵبەندی کارکردنی هەبوو . ڕەنگە ئەو بۆ حەننانە ئەوە بی ناسراوە بە(بوحننان) لە نەهلە. دزی پاساو هێنەر توانی دەستگیری بکات کە چیرۆکی ژیانی کەمەو نوسراوە لە دەستنوسێك باسیکردوە لە ناوەرۆکی دەستنوسەکانی پەرتوکخانەی سعرت([١١٣٦]). لەژێر ژمارەی (٦١) کەبزر بووە لەگەڵ بزرکردنی پەرتووکخانەکەو ناوەختەکانی بەهۆی وێرانکردنی تەواوەوە کە دووچاری بوو، وە بادجر سەردانی([١١٣٧]). گوندی بامیشمۆنی کرد، سەیری کرد کەنیسەی هەیە بەبێ قەشە وە دەخێزانی مەسیحی. تاوەکو ئیستاش لە دەشتی گوندی بامیشمۆنی شوێنەواری تێکدان هەیە دەگەڕێتەوە بۆ(مارئەپری) یە وە هەروەها لە نزیکیدا گوندی(ئارتۆن) هەیە، ئەویش کەلاوەی تێکدراوی کە نیسەی مارگۆرگیسی تیایە لەوێ دەستنوسێك هەیە بۆ ئینجیلی پیرۆز لە ساڵی ١٧٥٥ نوسراوە بە دەستنوسی یەکێك لە باوەرداران لە رۆڵەکانی ئەم گوندە خۆی وە ناوی(ئیشوع کوری ئیبراهیم)ە تاوەکو ئیستا پارێزراوە لە پەرتووکخانەی ئاکرێ([١١٣٨]). لە سەردانی بادجر بۆ گوندی ئارتۆن لەساڵی ١٨٥٠ ژمارەی خێزانەکانی مەسیحی لەو گوندە(١٥خێزان) بووە ([١١٣٩]). بووە. کەنیسەیەك و قەشەیەکی تایبەت بە خۆیان هەیە و خزمەتکردنی روحیان دەکات. ئەمڕۆ هیچ مەسیحیەك لەو گوندەی ئارتۆنە نێشتەجێ نەماوە و نیە.لە رۆڵەکانی گوندی (ئاراتۆن) ی رەسەن ، خۆشنووس و خاوەن پێنووسی بەناوبانگ (زەیا کوڕی هورفرد) کە شوێنی لەدایکبوونی بەجێهێشتووە و چووە لە گوندە (صانایی) نێشتەجێبووە کە تاوەکوو ئێستا مەسیحیەکان تێیدا نێشتەجین و نزیکە لە شوینی لەدایکبوونیەوە. (زەیا) بەپێنووسەکەی دەستنوسیکی نووسیوە تەفسیری ئینجیلی تیایە لەسالی ١٨٨٥.ئەو دەستنوسە ئەمرۆ لە ئاکرێ یە ([١١٣٠]). کەنیسەی گوندی (صانایی) بەکاردەهێنرێت تاوەکو ئەمرۆش ـ ساڵی١٩٦١ ـ کەبەناوی (مارگورگیس) نراوە . پێشتریش لە وێ دەستنووسێکی ئینجیلی پیرۆز هەبوو بەپێ ی سرووتی کلدانی لە ئامێدێ سەرچاوەکەی کەنیسەی مارگۆرگیسە کە لەسەرەوە ئاماژەی پێدرا. ئەم دەستنووسە لە ئەلقۆش تەواوکراوە لەسالی ١٦٩٦ وەلەسەر داوای عەودێشۆع لەگوندی صانایی.ئەم گوندە بە زۆرەملێ کوچیان پێکراوە و گواستنەوەیەکی خوێناویان بینیوە لە ساڵی ١٨٥٨ و١٨٦٣و قەشە داود بارزانی دوو کوری خۆی لەدەستداوە دواتر رایکردووە و گوندەکەی بەجێهێشتووە دوای ئەوەی دانیشتوانەکەی بەزۆرەملێ دەرکراون کە مەسیحیبوون لەو ماوەیەدا لە ئەنجامی ئەو هەراو هۆریاو کێشەیەی لەهەموو ناوچەکە بلاوبۆوە و هەبوو. لە دۆڵی نەهلە شوێنەواری کۆمەڵێك کەنیسە دەبینرێ کە بۆ گوندە مەسیحیەکان دەگەڕێتەوە. لەخوارەوە ئاماژە بە هەندێکیان دەدەین : کەنیسەی

دوری گـەورە ، وەکەنیسـەی کۆسـا کـە هـەردووکیان لـەژێر نـاوی (مارسـاوا) ن. کەنیسـەی گوندی (کورتکا) وە هەروەها لەسەرئەوە شەوە کانیاوێك هەیە پێـی دەڵـین (کـانی زارکـی) وە هەروەها(کانیاوی پاکیزە)، وە لە ناوچەی(مازرگان). وە بەدووری نیو کاتژمێر بـە پیـادە لـەو دووگوندەی سەرەوە گوندی (کربش) لـەو گونـدە کۆمەڵە دارو درەختێك هەیـە تایبەتـە بـە شوێنی پیرۆز پێـی دەڵـین(بیرمـامێ) لـە دۆڵـی (بیرمـامێ) پاشماوەی کەنیسـەیەك دەبینـرێ، وەهـەروەها هەنـدێك ئەشـکەوت دەبینـرێ کـە بەڵنیاییـەوە ئەشـکەوتە کـۆریتی کـۆنن و تایبـەتن بەرەبەنـەکان(کـە بەتـەنهادەژین ). پاشماوەکـان و کاولکاریـەکانی کەنیسـەکانی تـر ئیستاش دەبینرێـت لـە: سیراتا، دووبـیری، دودی خـواروو، کۆسـکیا، هێشـتکا، دواتـر عامـادا . گونــدی (کەشــکاوە) و (تشامیزینی/شـامیزینێ /شـەمزێنی)ژیان گەرایــەوە ناویــان دوای گەرانـەوەی ئاشـووریەکان بـۆ ئـەوەی بۆجـاری دووەم تیاییـدا نێشـتەجێ بـبن. ئـەو کەسـە مەسیحیانەی گەراونەتەوە ئـەمرۆ کەنیسە کۆنـەکان بـەکاردێنن بـۆ نوێـژکردن کە تیایانـدا هەیـە .لـەوەی سـەرەوە ئـەوەمان بـۆ دەردەکـەوی ، دەتـوانین بلێن دۆڵـی نەهلـە ناوچـەیەکی قەرەبالغی نیشتەجێ ی مەسیحیەکان ، ئەمە جگەلە ژمارەی ئەو دێرانەی کە هەیـە بـەهۆی کـەمی ژمارەیـان بەبـەراورد بـەو ژمارەیـەی دێرەکـان کـە پـێ یـان گەیشـتین لـەکاتی لێکۆلینەوەمان لەناوچـەی بیرتـا . بـەردەوامبوونی ژیـانی بـاوك و باپیرانمـان و رۆلـەکانیان و نـەوەکانیان کـە چـەند جێلیکـی باپیرانمـان بـەدواوە ماوەتـەوە لەلایـەك وەگەرانـەوەی هەنـدێکیش بـۆ ئـەوەی لـە نیشـتیمانی کـۆن و ناوچـەی خـۆی بـژیت لـە هەنـدی لـە گونـدە مەسیحیەکان ئەوناوچەیە لەلایـەنی دووەم دوو هۆکـاری گرنگـی بـۆ پاراسـتنی داب و نـەریت و نـاوی شـوێنەکان ئـەوەی جێ داخـە ئـەو دەقانـەی یاریـدەدەرن بـۆ باسـکردنی مانـای ئـەو تاوانـە تـاوەکو ئێسـتا پێویسـتی بەلێکۆلینـەوە هەیـە ، وە هـەروەها دۆزینـەوەیان. نەخشـەی ئیستای باری مەسیحیەکان تایبـەت بـەو ناوچـەیە وەهـەروەها لەناوچـەکانی تـریش زۆرە لـە چوارچێوەی کوردستاندا نەخشەیەکی پر کەم وکورتی هەیە و یارمەتیمان نـادات بـۆ ئـەوەی مەبەسـتەکەمان بپێکـێ وە نـاتوانین چـاکی بکەینـەوە. بـەهۆی بەجێهێشـتنی دانیشـتوانی زۆربەی گونـدە مەسـیحیەکان گونـدەکانیان کۆچکردنیان بـەزۆرە ملێ بـەهۆی رووداوەکـانی خویناوی کەناوچەکەی گرتەوە لەساڵی ١٩٦١(١٣١).

## دێری گەورە

تاوەکوئیستا هەوڵمان نەداوە بۆ زانینی ناسنامەی شوینی دێری گـەورە، کـە وتمـان کەوتەبـەر دەستی کورسی مەترانی داسـن لەگـەڵ ناوچـەکانی نەهلـەو تلاتـا. دوای خـۆ کێشاونەوەی لـە

دەسەڵاتی کورسی مەترانی مەرگە. تاکە شوێنی لەبار بۆ ئەو دێرە ئەو جێگە نزیکەیە(سێرکاندیل/سەر کەندال) کەدەکەوێتە کۆتایی دوورترین دۆڵی ئەهلە بەری رووباری زاب. لەوێ کۆمەڵێك ئەشکەوت دەدۆزینەوە وە پاشماوەی کاولگە بۆ دێرێك قەبارەی هاوشێوەی قەبارەی دێری رەبەن هورمزە. رەنگە ئەو ناوە بەخشینە ببێتە بێزارکردنی هەندێك صەفاییەکان(صەفائی ئەومیە کەزۆر سوورە لەسەر صافی زمان/واتە زمان پاراو- وەرگێر) و ناونانی بە(دێری گەورە) بەجێهێشت کە تایبەت بوو بەدێری(ئیزلا)بەتەنها . ئارەزووەمانە هیچ ئەشکالێك نەمێنێت وەیا هیچ شێواندنێك کە توشی ببین، هەڵسایین بە نووسینی ناودێری باسکراو لە دوییدا - دێریی ئیزلا - بە پیتی گەورە(بەزمانی فەرەنسی) وەناوی ئەو دێرەی کەئێمە باسی دەکەین لێرەدا بە پیتی بچووکە. ئەوەی تایبەتە بەبابەتی ناسنامەی ئەو دێرە کەبە (دێری گەورە )باسمان کرد دەڵێین: رەنگە ئەو دێرە ناسراوە دێری زخا ئیشوۆع بێت ئەوە(دێری گەورە) بێت، کە مەبەستمانە و بابەتی لێکۆڵینەوەکەمانە لێرەدا. لەگەڵ وریابوون کە ئەو دێرە ناوی دیکەشی هەیە، کە ئەویش(دێری بێت رەبانە). هەروەها هەر یەك لە تۆما مەرگەیی و ئیشوۆع دناح جێگیریان کردووە لە ناوچەی داسن. هەموو ئەو شوێنانەی، کە هەیە بە تەواوی بەڵام لە دوای چاکسازی و رێکخستنی کەنەسی، کە ئیشوۆع عەمما پێی هەڵسا. ناوی بێت رەبان بەکاردێت وەك سەرچاوە بۆ رچەڵەکی زۆر کەس لە مامۆستاکان کاتێك باری تایبەتی بە یۆحەننان و ئیبراهیم لە بێت رەبان دەکرێ و ئەو دووانە دوو زانای نەستۆری بوون لە قوتابخانەی(نسێبین) لە کۆتایی سەدەی شەشەمی ز. کاتێك باسی هەندێ کەس دەکەین گوایە ئەوانە(لە خێزانی مامۆستان) ئەمە ئەو مەبەستەیە ئەوانە خزم و کەسی(نرسای)([١١٣٢]). مەلفا و بەمانای نزیك لەوەی باسمان کرد، بەڵام لەگەڵ ئاماژە کردن بە مامۆستای نەناسراو رەنگە ناوی نووسەرێکی یەعقوبی بدۆزینەوە، ناوی(داود) ە لە بێت رەبان. قسەکردنمان ئێستا لەسەر مامۆستایەکی بەناوبانگە ناسراوە بە(رەبەن زخا ئیشوۆع) ئەم رەبەنە یەکێکە لەو سێ قوتابیانەی ئیبراهیمی گەورە کە چۆتە ناوچەی داسن. دوای پەرش و بڵاوەپێکردنەوەی برایانی رەبەنەکانی دێری ئیزلا، کە لە کۆتایی سەدەی شەشەمی زاینی رووخا. دوو رەبەنەکەی تر یەکەمیان لە ناویان دا ناوی رەبەن ئیبراهیمە، بەڵام ناوی دووەمیان ناوی رەبەن یۆحەننان بووە و نازناوەکەی لە ئازرمەیە([١١٣٣]). یەکێك لە سەرۆکەکانی دێری بێت رەبان ناوی ئیبراهیم بووە([١١٣٤]). مێژووی ژیانی ئەو سەرۆکە سۆریەشۆع رۆستەم نووسیویەتی زۆر بەداخەوە دەستنووسی ئەو مێژووە بزرە. ئەو سەرۆکە تەمەنی گەورە بوو، ئەمە واتای ئەومیە لە سەرەتاکانی سەدەی حەوتەمی زاینیدا،

کەرتی داسنی بەجێهێشت لەبەر ئەوەی ئاو و هەواکەی زۆر سارد بوو و چووە دێری بێت عاوی کە ئاو و هەواکەی([1135]). خۆشەو پلەی گەرمایی بەرزترە کە گەیشتە ئەو دێرە(بێت عاوی) بە سەرۆکی دێرەکە دیاری کرا بەهۆی بەهێزی کەسایەتی ئەو سەرۆکە بۆ کارگێڕی بۆیە پاش بەجێهێشتنی دێری بێت رەبان لە داسن رەبەنەکانی ئەو دێرە هەستیان بەوە کرد کەوا دێرەکەیان سەرۆکی راستەقینە و باشی لەدەست داوە، بۆیە بڕیاریان دا پەیمانێك ببەستن بە دوو قۆڵی لەگەڵ دێری بێت عاوی.
بەپێی ئەو پەیمانە بۆ هەر دوو دێرەکە سەرۆکێکی کارگێڕی هەبێت بە هەڵسوڕانی کاروباری هەردوو دێرەکە و کۆمەڵە رەبەنە براکان بەیەکەوە بێت بە پێی ئەو رێککەوتنە رەبەنەکانی دێری بێت رەبان بە هیچ کارێك هەڵناستن بە پێی دەرچوونی فەرمان لەلای سەرۆکی کارگێڕی کە لە بێت عاویدا دادەنیشت نەبێت و بە پێچەوانەی هەروەها راستە.
تاوەکو کۆچی دوایی رەبەن ئیبراهیم ئەو هاوبەشیەی کە رێککەوتنی لە سەر کرابوو جێبەجێ دەکرا و بەم شێوەیە بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ بەردەوام بوو. لە نێوان ساڵانی ٧٨٠ و ٨٢٣ مەترانی کوردەکان یەکێك بوو لە رەبەنەکانی دێری زخائیشوع و ناوی(داود) بوو، و ئەو پەرتووکی(بەهەشتی بچوکی) نووسیوە، کە پێشتر باسمان کرد([1136]).
کانی فەلا، لاپەڕە یەك لە دەستنووس نووسراوە لەلایەن قەشە داود بارزانی ١٨٦٨، بڕوانە لاپەڕە(٢٣١) لە بابەتی(گوندەکانی فەلان).
(بە زمانی سریانی نووسراوە).

(١١)

## تيلانا ـ تلانه

ئەوەی جێی سەرنجە ناوی تیلانە لەسەر نەخشە بزر بووە بەتەواو([١١٣٧]).

ئەوەی تەنها بتوانین بیدۆزینەوە گوندێك هەیە پێی دەڵێن(تیلانـە) دەكەوێتـە ناوچـەیەك بیسـت كیلۆمـەتر لـە رواندزەوە دوورە، لـەلای باكوریـەوە بـە ئاراسـتەی بـاكووری خۆرهەڵاتیـەوە. بـەلام بـەهۆی ئـەو شـوێنەیەوە زۆر زەحمەتـە ئـەم شـوێنە وای دابنـێین كـە دەكەوێتە نێوان كەرتی مەرگە و داسن.

ئـەم هەڵكەوتـە خـۆی بەسـەر گونـدی تلانـە جێبـەجێ دەبێـت. هـەر وەك بـادجر باسـی كـردووە([١١٣٨]). كـە لـە پارێزگـای جیلـۆ دایـە لـە كـەرتی(تجـال). كەواتـە پێویسـتە لەسـەرمان ئێستا هەوڵ بدەین بەدوای تیلانەدا بگەڕێین بۆ گەڕانەوە بەدوای دەقەكان كە باسـی دەكـەن ئەو دەقەی لە هەموو دەقەكان روونترە([١١٣٩]).

ئەو دەقـە كـە بـاس لـە دوو هـەتیو دەكـات كـە خـەڵكی تلانـە بـوون و بـۆ خوێنـدن دەهاتنـە قوتابخانەی(شلمات) ئەم دەقە جەخت لەوە دەكاتەوە، كەوا ئەو دوو شوێنە لـە یـەكتری دوور نین.

گـەڕان بـەدوای تلانـە وا پێویسـت دەكـات، كـە لـەو ناوچـانە بگـەڕێین، كـە دەكەونـە دەوروبەری(شلمات). بـۆ زانیـاری باشـووری شلمات و رۆژهـەڵاتی بەشـێكن لـە سفسفا، بـەلام باكورەكەی بـە دۆڵـی نەهلـە ئـاوەدان كراوەتـەوە. كەواتـە هیچمان بەدەسـتەوە نـەماوە تـەنها لای خۆرئـاوا نـەبێت، كـە ئەوبـەری دووەمـی رووبـاری خـازرە. لـە واقیعـدا پێویسـتە ئـەو تێبینیە بكەین، كەوا درێژبوونـەوەی دۆڵـی نەهلـە بـە رووبـاری خـازر ئـەو ناوچـەیەیە كـەوا هـەموو مەرجـەكانی خـوازراوی تێدایـە و بـەس. ئێسـتا ئـەو ناوچـەیە پێـی دەڵێن(بـەرواری گێرـ جیر)، كـە گـەمارۆ دراوە لـە نێـوان چـیای گـارە لـە بـاكوری چـیای(تگیـاخێر) لای باشووریەوە، كە زنجیرەكەی نێوان تلانـە و بیرتـا دەكاتـە دوو بەشـەوە و جیایـان دەكاتـەوە. درێژبوونـەوەی ئـەو دۆڵـەی ئامـاژەمـان پێـی دا بـەردەوام دەبێـت بـە درێژبوونـەوەی بـەرەو خۆرئاوا تاوەكو دەگاتە رووباری كۆمەڵ. لەوێدا ئەو رووبارە دەبێتە سنوورێكی سروشتی بـۆ ناوچـەكە. لـەلای خۆرهـەلات بـەردەوام دەبێـت ناوچـەی تیلانـە بەلاربوونـەوە(لێژبوونـەوە) تاوەكو دەگاتە رێڕەوی رووباری خازر.

پێشتر سەردانی ئەو ناوچەیەم کردووە. لە سەردانەکەم دا تووشی پیاوێکی بەساڵاچوو بووم، بەڵام ناوچەکە پێدەزانێت و بە درێژی و وردەکاریەوە، کە خۆی بە پیادە بەناوچەکەدا گەڕاوە و پێش ئەوەی ئۆتۆمبێل بگاتە ئەو ناوچەیە. کە پرسیاری ناوچەکەم لێ کرد، نیشانەی نەزانین دەموچاوی داگرت، چونکە ناوە کۆنەکەی ناوچەکەی نەدەزانی کە ناوەکەم بەبیر هێنایەوە، بەبیری هاتەوە و شتێکی درکاند وتی: لەوێ گوندێکی بچوک هەبوو بەو ناوە بەڵام لە سەر نەخشەدا بوونی نیە گوندی(تلانیتا)(ئێستا پێی دەڵێن تلانیتا) بەلام کوردەکان پێی دەڵێن(دەفیك). بەلای خواروو لە" ئارجن" بە دووری بیست خولەك لەوێ لە دامێنی چیای گارە.

١ ـ تلانیسا ـ تلانیتا

سێ دەستنووس هەیە لە گوندی تلانیتا بۆمان هاتووەو لە مەترانیەی ئامێدی پارێزراون. یەکەمیان دەستنووسێکە بۆ پەرتوکی نوێژە سروتیەکانی رۆژانە و پێی دەڵێن قەزام دەوئاثر. ئەم دەستنووسە لە بارێکی زۆر خراپ دا بوو و ناتەواو بوو. ئەم دەستنووسە لە ساڵی ١٧٠٠ نووسراوە. بە پێنووسی قەشە هومو ئەلقوشی، لە سەر داوای(دنحا کوڕی خۆشابوو لە گوندی تلانیتا). وەچەی دنحا قەشە بووە و ناوی(ئەیار کوڕی قەشە نیسان بووە)([١١٤٠]).

ئەم قەشەیە داوای لە شەماش(شەمعون کورشی قەشە ئیسرائیل ئەلقوشی کردووە دەستنووسێکی بۆ بنووسێت بە ناوی(وەردە)(رەنگە ئەو داوایە دەستنووسی وەردەی بەناوبانگ بێت لە سەدەی ١٢ ـ وەرگێڕ).

بۆ ئەوەی پێشکەشی بکات بە کەنیسەی شەهید قریاقۆز لە گوندی تلانیتا کە دەکەوێتە ناوچەی(حاکر)(مەبەستی هەکاری) یە و هەمان قەشە لە ساڵی ١٧٤٥ داوای لە قەشە حەنا کوڕی قەشە هومو ئەلقوشی کردووە دەستنووسێکی بۆ بنووسێ بۆ نوێژەکانی تایبەت بە جەنازە و ناشتنی مردووان. بەو دواییە تلانیتا لە بێدەنگی راپەڕی کە پێشتر باڵی بەسەر دا کێشابوو، دوای گەڕانەوەی دانیشتوانە مەسیحیەکەی کە بە زۆرە ملێ کۆچیان کردبوو و لە(سیان)(شارمن) نیشتەجێ بوون، کە دەکەونە سفسفا و ژیان سەر لە نوێ بۆی گەڕایەوە بۆ سەر مەزارگە و شوێنەوارە کاولکاریەکانیان و بزر بوونی مردن. بەڵام بۆ جارێکی تریش نیشانەکانی مردن سەر لە نوێ بەدەرکەوت و باڵی بەسەر گوندەکە کێشایەوە بە هۆکاری رووداوەکانی ساڵی ١٩٦١، و بۆ جاری دووەم خەڵکەکە گوندەکەیان چۆڵ کرد و ئاوارە بوون. داب و نەریتێکی خۆجێی هەیە کە گوایە تلانیتا بارەگای کورسی مەترانی(رەبارەکە) بووە، ئەم ئەگەر و گریمانەیە ئەوە دەگەیەنێت بە سروشتی حاڵی هەرێمی تلانا ئەبرەشیەکی

سەربەخۆ بووە لە كەرتی مەرگەدا یان داسن و لە ماوەیەكی نەزانراوی مێژوودا لەبەر ئەوەی دەقە تۆماركراوەكان هیچ هەواڵێكمان بەو زانیاریانە پێنادا لە سەر ئەوە.

٢ ـ عەتووش

گوندی عەتووش دەكەوێتە بەرواری ژێری(بەرواری گرد)، لە ساڵی ١٧٤٥ چوونە ناو مێژووەوە و بە هۆی دەستنووسێك بۆ نوێژە فەرزیەكان بە پێی سروتی بەكارهێنراو لە دێری سەروو تاوەكو ئەم دواییەش ئەو دەستنووسە پارێزراو بوو لە ئامێدی كە نووسراوە لە سەر داوای یەكێك لە باوەڕداران بە ناوی داود كوڕی كانون. لە ئەلقوش نووسراوە بە پێنووسی قەشە حەننا كوڕی قەشە هومو بۆ بەكارهێنانی لە كەنیسەی مارگۆرگیس لە گوندی عەتووش.

لە هەمان كەنیسە دەستنووسێكمان پێگەیشتووە بەلام بە بێ پێشەكی و مێژووی نووسین و بە پێنووسی كێ نووسراوە و لە كوێ و لە سەر داوای كێ؟ وە بۆ بەكارهێنان لە چ كەنیسەیەك؟ ئەم دەستنووسە یەكێكی ترە پارێزراوە لە ئامێدی. دەستنووسی دوایی دواتر دووبارە چاككراوەتەوە لە سەردەمی پاپا پیوسی نۆیەم و پەتریك یووسف ئۆدۆ و بەبایەخدانی سەرۆك یەڵدا.

لە ساڵی ١٨٥٠ ـ لە سەردانی بادجر([١٤١]). بۆ ناوچەكە ـ لەو گوندە دوو كەنیسە هەبووە؟ و (١١) خێزانی مەسیحی بەبێ قەشە بۆ ئەوەی خزمەتكردنی روحی پێویستیان بۆ بكات. لە ساڵی ١٨٧٨ رەبەن یاقۆ كوڕی سۆمو دەستنووسێكی نووسیوە بە پێنووسی خۆی كە لەو گوندە ژیاوە و ئەم دەستنووسە بریتیە لە سرود و شیعری هەمەجۆر ئێستا ئەو دەستنووسە لە پەرتوكخانەی دێری پاكیزە پارێزەری كشتوكاڵ'([١٤٢]) ە.

لە ساڵی ١٩٦١ لە عەتووش شەش ماڵ هەبوو كوردی تێدا دادەنیشت و چوار ماڵە مەسیحی تێدا دادەنیشت لە كلدانەكان. ئەو كەنیسەی كە نوێژیان تێدا دەكرد نیوەی تێكدرابوو پاشماوەی كەلاوە بوو. لە نزیكیدا چیایەك هەیە و چەند كونە ئەشكەوتێكی تێدایە كە دەگەڕێتەوە بۆ رەبەنە تاك و تەنیاكانی پێشووی كۆن.(گوندی سدارە) ئەمڕۆ گوندێكی كوردیە لە ساڵی ١٩٤٧، سێ قەشەی كلدانی تێدا بوو، كە خزمەتی روحی خێزانە مەسیحیەكانیان دەكرد كە لەو گوندەدا نیشتەجێ بوون، بەلام هەموو ئەوانە كۆچیان پێكرا و رۆیشتن بۆ ئەوەی لە عێن سفنێ نیشتەجێ ببن.

٣ ـ ئیسان

گوندی ئیسان بە عەرەبی پێی دەڵێن(صیان ـ سیان) لە دەستنووسی ئینجیل كە لە ئامێدی پارێزراوە و مێژووەكەی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٨٥٢، لە دیزی نووسراوە و یان(بیدویل) كە

دەکەونە سەر رووباری کۆمەڵ، ناوی ئەو گوندە بە سیغەی عسیون. دەخوێنرێتەوە. نووسەری ئەم دەستنووسە قەشە ئیسحاق کوڕی حەننا لە خێزانی(خلمۆکا) ـ خاڵۆموکا ـ ی(١٤٣). ئەلقوشی. ئەو پیاو چاکەی کە دابینکردنی خەرجی پێویست بۆ پەرتووکە دەستنووسەکە کرد قەشە(مرخایا)/(مرخایێ) کوڕی قەشە شەمعوون خەڵکی گوندی(ئیسان)ن ئەو دەستنووسە تایبەت بوو بۆ کەنیسەی دوو شەهیدەکە: مارقریاقۆس و مارزەدیقا. بە کردەوە ئەو کەنیسەیە ناسراوە بە کەنیسەی مارقریاقۆس St. Curiae بەڵام تاکی مارزەدیقا بە شوێنێکی تر دەگوترێت، کە لە چیای تەنیشتەوەیە. وە بە پێی رای خوالێخۆش بوو مەترانی(حەنناقریو) مەترانی ئامێدی ئەم ناوە شێواندرا بۆ ناوی قەدیس(مارزادوقا) من ئەم بنەمایە نازانم کە ئەو مەترانە بەرێزە پشتی پێبەستووە لە بۆچوونەکەی خۆیدا. لە ساڵی ١٩٦١ دانیشتوانی گوندەکە مەسیحی بوون، بەشی زۆریان کلدان بوون لەگەڵ کەمینەیەك لە نەستۆری. لەلای خۆرئاوای ئەو گوندە و بە دووری دوو کیلۆمەتر لەوێدا دۆڵێك هەیە پێی دەڵێن(رائولادا) دما واتە دۆڵی خوێن ـ ئەوەی تایبەت بەو ناوە دەگوترێ کە ناو نراوە ئەوەیە کاتێك کە خەڵکی ئەو گوندە لە سەر بت پەرستی مابوون. مەترانێك ویستوویەتی سەردانیان بکات. خەڵکە بت پەرستەکە ئەو مەترانەیان لەو دۆڵەدا کوشت.

٤ ـ ئارجن

لە بەراییدا، پێویستە ئاماژە بەوە بکەین کە لە سەرمان پێویستە جیاوازی بکەین لە نێوان ئەو گوندە و ئەو گوندەی کە یۆحەننا دەیلەمی بۆی دەگەڕێتەوە. ژمارەی خێزانەکانی نیشتەجێی ئەم گوندە (سەرەوە) لە ساڵی ١٩٦١ ١٥ خێزانی کلدانی بوون و کەنیسەیەکیان هەبوو دروست کرابوو بە ناوی مارگۆرگیس. زانیاریەکانمان لەسەر ئەمە بەستراوە بە پێشەکی دەستنووسێك مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٧٥٣. ئەم دەستنووسە گواستراوەتەوە بۆ مەترانی ئامێدی لە ساڵی ١٩٦٠. لە ئەلقوش نووسراوەتەوە بە پێنووسی دنحا کوڕی قەشە ئێلیا کوڕی قەشە یەڵدا. وە لە سەر داواکاری قەشە ئیبراهیم کوڕی قەشە هورمز لە ئارجن. ئەم دەستنووسە بەرگ کراوەتەوە بۆ جاری دووەم لە ساڵی ١٩٢٨ لە ئەلقوش هەروەها هیچ شوێنەواری کاولگە و پاشماوەی دێر لەو گوندە نیە تەنها ئەوە نەبێت هەندێك درەختی زەیتوونی تێدایە باس دەکرێت بە(پیرۆز) ی لە سەر گردۆکەکە مەزارێك هەیە پاڵی بە بەردێکی گەورە داوە دەڵێن هی مارئەورەهایە. تەنها ئەمە دەزانین لە بابەتەکەدا.

٥ ـ صورا

کاتێـك بـەرەو تـەواو بـوون دەچـین لـە کاروانەکـەمان دا بـۆ دۆزینـەوەمان بـۆ ناوچـەی رووبارەکە کاروانەکەمان بەرەو لای خۆرهـەلآت لە گونـدی عـەتووش لـە ناوەڕاسـتی ڕێگـا لـە نێـوان ئـەو و رووبـاری خـازر گونـدی صـوڕا دەبیـنین. یەکـەمیان لـە نێوانیـان دا(صـورای سەروو) کە بانگی دەکەن بە(صوڕا جۆر)(سورای ژوور)، کـە ئەمڕۆکـە بریتیـە لـە کاولگـە و پاشمـاوەی شـوێنەوار. لـە تەنیشـت کانیاوەکـە پاشمـاوەی بینایـەك دەبیـنین رووبەرەکـەی گەورەترە لە بینایەکانی تر، ئەم بینایە رەنگە هی کەمنیسەیەکی کۆن بێت. لـە نـاو خـەڵك وا قسـە دەکرێـت کـەوا لـەو گونـدە وێرانکـراوە بـازاڕێکی گـەورە هـەبووە. دووەمیـان لەوانـە گوندی(صوڕای خـواروو) کـە پێـی دەڵێن(سوڕای ژێـری) و ئـەم گونـدە تـا کـاتێکی نـزیکیش هەندێك ئاشووری تێدا نیشتەجێ بوون. دوای ئـەوە ئـەویش بـوو بـە کـەلاوە و لـەم گونـدە ئەشکەوتێك هەیە بـەناوی(مـاڕگریکوار) لـە راسـتیدا زۆر زەحمەتـە کـە ئـەو ئەشـکەوتە هـی رەبەن قەدیس گریگۆریۆسی یۆنـانی رەسـەن بێـت کـە لـە نێـو رەبەنـەکانی یۆنـانی بـووە لـە سـەردەمی ئیمپڕاتـۆر(فـالآنس)، کـە دێرەکـەی نزیـك لـە گونـدی بیلایـە([١٤٤]). باسـەرکەوین ئیستا بەرەو لای خۆرئاوا لە گونـدی عـەتووش ئاراسـتەمان بـەرەو گونـدی(بـی بـوزی). لێـرە دەگەینە گوندێکی بچووك:(صوزیە / سۆزیە) کەتەنها پاشمـاوەی شوینەواری تیـا ماوەتـە، وە بەتایبـەتی شـوێنەواری کەنیسـەکەی. دواتـر گونـدی(تشـیمانگی) کـە ئیسـتا کـوردی تیـا نیشتەجێیە. بەلأم بەرسەن دانیشتوانەکەی لە مەسیحیەکانن. بـەدووری (٣)کیلـۆ مـەتر، وە بەئاراسـتەی باشـووری خۆرهـەلآتی عـەتووش گونـدی(کـانی مـازی) هەیـە پاشمـاوە و شـوێنەواری کەنیسـەی ماریوحـەننان هەیـە کوردەکـان ئـەم شـوێنە پێـیّ دەڵێن(بـیر حـالان). (ئافۆکێ) گوندێکی قەبارە گەورەبووە. ئەمرۆکە وێرانەو هیچی تیانـابینین تـەنها شـوێنەوار و پاشماوەکە باسیان ناکرێت. دەکەوێتە دامێنی چیای گاڕا. ئەم گونـدە هـەمان ئـەو گوندەیـە کـەوا تۆمـا مەرگـەیی باسـی دەکـات بـەناوی(ئـەواخ) وە دەڵـێ دەکەوێتـە ناوچـە(تلانـا). لـەم گوندە(ئەحا) لەدایك بووە. کەرۆژێك سەرۆکی دیـری بێـت عـاوی بـوو. وە هـەروەها براکـەی کەناوی(شوحالماران )([١٤٥]) بووە.

ئـەم دوو برایـە کـە قسـەمان لـە سـەر کـردن لـە قوتابخانـەی شلمات خوێندوویانـە خـەڵکی گوندی(ئەواخ) بەناوبانگە بـە نوێـژکردن و لـە خـوا ترسـدا. بۆیـە دەبیـنین لـەو گونـدەدا لـە مـاوەی یـەك ٧٠ حـەفتا قەشـە هـەبووە هـەر هـەموویان لـە خزمـەت کەنیسـەی گونـدەکـە دابوون([١٤٦]).

هەروەها لە خزمەت باوەڕداران دا یادگاری ناوبانگی ئـەو خـوا پەرسـت و باوەڕدارانـە تـاوەکو ئێستاش پارێزراوە لە نەوەکانی دوای ئەوان دا لە رۆڵەکانی ئـەو ناوچەیە تـاوەکو ئـەمڕۆش. گوندی(برا منکێ) .(بەرا منکێ) کە ئەمڕۆ گونـدێکی کوردیـە لە رۆژگارێکدا مەسـیحی بـوو

کەنیسەی هەبوو بە ناوی مارگۆرگیس لە سەر جێگەی ئەو کەنیسەیە ئاغای گوند و سەرۆکەکەی کۆشکی خۆی لێ دروست کرد کە تاوەکو ئێستا مەلەوانگەی کەنیسەکە خۆی قووت دەکاتەوە و دیارە(؟). لە ناوڕاستی بینایەکە بە سەرکەشی و سەربڵندیەوە.

٦ ـ میزی

شوێنی ئەم گوندە بە دووری ٨ کیلۆمەتر لە عەتووش و بەلای خۆرئاوای لە باکووری خۆرهەلاتیەوە تاوەکو ئێستا ئەو گوندە لە سەر مەسیحیەتی خۆی ماوەتەوە و کەنیسەی هەیە بینایەکەی لەسەر ناوی(بەنی شمۆنی) ناونراوە. لەو کەنیسە سێ دەستنووسمان پێگەیشتووە ئێستا لە پەرتووکخانەی مەترانیەی ئامێدی پارێزراون. یەکەمیان هیچ پێشەکی تێدا نیە، بریتیە لە کەشکۆڵێك لە ئەلقۆش نووسراوە دواتر چاکسازی بەسەردا هاتووە لە نزیکەوە لە ساڵی ١٨٨٤ لە سەر دەستی قەشە یاقۆ کوڕی سۆمۆ لە گوندی بیوز، لە ساڵی ١٨٨٢ سەرۆکی گوندەکە کە ناوی کێخوا کوڕی پۆڵس کوڕی نیسان هەڵسا بە داخوازی بۆ چاکردن و تەواوکردنی دەستنووسی نوێژە فەرمزەکان بە پێی سروتی دێری سەروو، کە لە گوندەکە دا هەیە، لە رەبەنەکانی دێری رەبەن هورمزد هەمان سەرۆك داوای کرد هەروەها بە تەواوکردنی نووسینی دەستنووسی ئینجیل بۆ بەکارهێنان لە گوندەکەیدا ئەوەی کە خەرج کراوە و داویەتی لە بری ئەم کارەدا نۆهەت قران بووە(پارەی سەردەمی عوسمانیەکان ـ وەرگێڕ).

یان بەرامبەر بە سەنگی چوار(باتمان لە برنج)(باتمان) یەکەیکی سەنگە کاتی خۆی بەکاردەهێندرا وابزانم یەکسانە بە وەزنە. هەروەها بە(چوار ئەمنان) ـ وەرگێڕ.

ئەم دەستنووسە تەواو بووە و نووسراوە کە ئینجیلی پیرۆزە لە گوندی ئەلقۆش بە پێنووسی قەشە ئەورەها کوڕی شەمعون کوڕی ئەورەها کوڕی دانیەل لە خێزانی قەشە ئیسرائیل و لە بنەماڵەی سەرۆك حەننایەو خێزانەکەی ناسراوە بە شکوانا. واتە(مێرووله).

لە ساڵی ١٨٨٨، سەرۆك(کێوا و قەشە یاقۆ) بەردەوام بوون لە هەوڵ و کۆشش بۆ تەواو کردنی کۆمەڵێك پەرتووکی سرووتی پێویست بۆ کەنیسەکەیان بۆیە چوون بۆ ئەلقوش و داوایان لە عیسا کوڕی شەعیا کوڕی قریاقۆس لە گوندی(ئیقرۆر) کرد کە سەر بە شارۆچکەی سمێلی سەر بە قەزای زاخۆیە، بۆ نووسینی دەستنووسێك بە ناوی(کزا) بە پێی سروتی بەکارهێنراو لە شاری موسڵ. بە تەئکید، ئەو گوندە بوون بە کاسۆلیکی لەو کاتەدا، مادەم لە پێشەکیەکەیدا دەخوێنین لەو دەستنووسەدا ناوی پاپالیۆنی سێزدەهەم نووسراوە لە پاڵ ناوی بەتریك ئیلیای حەوتەم.

لەلای باشووری میزی و بە دووری یەك چارەگ سەعات بە پیادە لێی شوێنێك هەیە پێی دەڵێن عومرکا(واتە دێری بچوك) لێرەدا بەردێکی هەڵکەندراو بە خاچێك لە سەر بەردەکە و هەندێك دار و ردەخت کە جێگەی رێزلێنانە و هەروەها لە چیای گارە ئەشکەوتێك هەیە پێی دەڵێن(ئەشکەوتی ماردارویز) هەر دەم ئەو نەخۆشانە سەردانی دەکەن کە نەخۆشی گونیان هەیە.

٧ ـ خوردبنێ

گوندی خوردبنێ دوا گوندە(١٢٠٨) لە رێگەدا تووشی دەبین، و پێش ئەوەی بگەینە گوندی بیبوزی کە ئێمە بە ئاراستەی خۆرئاوا دەڕۆین بە پیادە سێ کاتژمێر لە بیبوزی دوورە. کەنیسەیەکی گەورەی تێدایە کە بریتیە لە سێ باڵ، بە ناوی پاکیزەی قەدیسە. تاوەکو ئێستاش بە شکۆیی و هەیبەتەوە ماوەتەوە. سەرۆکی کوردەکان کە لەو گوندە نیشتەجێن بەکاری دێنی وەك ماڵ خانوو بۆ خۆی. لە شوێنێك کە زۆر دوور نیە لەو گوندە کانیاوێك هەیە خەڵك پێی شیفا دەبێت ئەوانەی تووشی تا دەبن. ئەم کانیاوە بە ناوی هیچ قەدیسێك نیە، ناوەکەی زۆر بە ساکاری(کانیاوی تایە).

کەنیسەی گوندی خوردبنێ بە ناوی(دایکی رۆناکیەکان) و چەند دەستنووسێکی بەناو کراوە و ژمارەیەکی گەورە لەو دەستنووسانە رێگەی خۆی گرت بەرەو پەرتووکخانە جیاکان. کۆنترین دەستنووس لەو دەستنووسانە پاش ماوەیەکی کورت گەیشتۆتە ئامێدی کە بریتیە لە کەشکۆڵێك لە ئەلقۆش نووسراوە بە پێنووسی قەشە گۆرگیس کوڕی قەشە ئیسرائیل([١٤٧]).

لەو گوندە قەشەیەکی زۆر چالاك ژیاوە، هیچ کەسێکی تری هاوشێوەی نەزانیوە. پاش ماوەیەك لە خزمەتکردن لەو گوندە بڕیاری داوە کەوا بە ناوی ئەو کەنیسەیەی کە خزمەتی باوەڕداران دەکات ژمارەیەکی نوێ و تەواو لە پەرتووکەکانی سروتی و هی تریش. ناوی ئەو قەشە چالاك و خانەدان و بە غیرەتە قەشە یووسف کوڕی شەمماشە هورمز بووە. چیرۆکێك پەیوەندی هەیە بە پەرچووەکانی(مەریەمی پاکیزە) دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٦٩٠([١٤٨]).

زانیاریەکمان دۆزیەوە پەیوەندی بەو گوندەوە هەیە. لە خوێندنەوەی درێژەی چیرۆکەکە تەفسیرێکی روون و ئاشکرا دەبینرێت لە سەر ناوی ئەو گوندە. کورتە چیرۆکەکە:(لەوێدا بازرگانێکی زۆر دەوڵەمەند هەبووە، بەهۆی کارەکەی، پێویستی بەوە بووە سواری کەشتیەك ببێت کە کەلوپەلەکانی هەڵدەگرت و بۆ چەند جارێك ئەو بازرگانە بۆ سێ جار رووبەڕوو بۆوە، ئەو کەشتیەی کە هەڵیگرتووە خەریکە نقوم دەبێت بە مسۆگەر، بەڵام کاتێك پرسیار لە مەریەمی پاکیزە دەکات یارمەتی دان و رزگار بوون لە مردنێکی

مسۆگەرەوە بە خنكان، مەریەمی پاكیزە داواكەی قبوڵ دەكات و یارمەتی دەدات. لە جاری دوواییدا و پاش رزگار بوونی و گەیشتنی بە وشكانی، خۆی بینی كەوا لە دوورگەیەكی دابڕاوی چۆڵ دایە و لەوێدا گەیشتە رەبەنێكی خوا پەرست و تاك و تەنها لەوێ دەژی دابڕاو لە مرۆڤ و هەراوهۆریای جیهان بە تەواوەتی. ئەو رەبەنە بازرگانەكەی ئاگادار كرد و ئامۆژگاری كرد كەوا كەنیسەیەك دروست بكات بەناوی كەنیسەی پاكیزە بۆ سەلماندنی سوپاگوزاریەكەی بۆ پاكیزە و ئەو یارمەتیە گەورەیەی پێشكەشی كردووە. دوای ئەوە دەعبایەكی دەریایی بۆ هات و سێ دانە مرواری گرانبەهای پێشكەش كرد، دوای ئەوە فریشتەیەكی ئاسمانی بۆی هات و هەڵیگرت بۆ وڵاتی خۆرهەڵات. یەكسەر دوای دانانی لەلایەن فریستەكانەوە لە سەر زەوی پێی گوت: تەماشای لای خۆت بكە دەقی وتەكانی فریشتەكە بە سریانی ئەمەیە(حۆرلزەبتاخ) لەو جێگەیە ئەم بازرگانە هەیكەلێكی قەشەنگی لە سەر شەرەفی پاكیزە دروست كرد. لەو كاتەوە ئەو گوندە پێی دەڵێن(خورتبینی). بۆ درێژە دان بە قسەكردن لەسەر قەشە یووسف دەڵێن(سەرەڕای ئەوەی بە ناوی كەنیسە وەقفی كرد لە دەستنووسەكان، لە ساڵی ١٦٨٢ داوای كرد دەستنووسێكی بۆ ئامادە بكرێت، كە ناوەڕكەكەی ئاوازەكان و شیعرەكانی وەردەی تێدا بوو(١٢١١). دوای تێپەڕبوونی دوو ساڵ بەسەر ئەمەدا داوای كرد بە نووسینی دەستنووسێك بۆ هەر(٥) پێنج سفرەكانی موسا([١١٤٩]).

دواتر لە ساڵی ١٦٨٧ بایەخی دا بە چاكسازی كردن بە دەستنووسێكی گرنگ رەنگە بە گەنجینە و خەزێنەیەكی بەنرخ بێت([١١٥٠]). لە ساڵی ١٦٨٩ بایەخدرا بە پەرتووكی Lectionnarie ([١١٥١]). یان پەرتووكی خوێندنەوەكان، لە ساڵی ١٦٨٧ داوای كرد ئەو دەستنووسە بنووسرێت، كە بریتیە لە شیكردنەوەیەكی دوور و درێژ بۆ نوێژە فەرمزەكان([١١٥٢]). لە هەمان ساڵ دا داوای كرد بۆ نووسینی دەستنووسێك بۆ سفرەكانی پێغەمبەران و سفری الحكمە([١١٥٣]). لە ساڵی ١٧٠٠ جگە لە كارەكانی تری هەڵسا بە دەستنوویكی تر كە بریتی بوو لە سروده ئاینیەكانی تایبەت بە رەبەن هورمز(ئونێسا)([١١٥٤]). لە ساڵی ١٧٠١ دەستنوێكی نوێ كاری لە سەر كرا كە بریتیە لە خوێندنەوەی سفرەكانی پێغەمبەران([١١٥٥]) و دەستنووسێك بۆ نامەكان(١٢٢٠). لە ساڵی ١٧١٦ دەستنووسێكی تر نووسراو تەواو بوو بەناونیشانی(پەرتووكی قەشەكان) كە ئەمەش لەسەر داوای ئەو بوو([١١٥٦]).

لە كۆتایی دەستنووسێكی تایبەت بە مێژوو، كە مێژووەكەی لەسەر نیە بەڵام ناوی لە سەر تۆمار كراوە([١١٥٧]).

لە ساڵی ١٧٥٥ ، لەم گوندە قەشەیەکی تر بە ناوی قەشە یووسف دەرکەوت، کە ناوی باوکی قەشە گبرئیل بوو، ئەم قەشە نوێیە بەردەوام بوو بۆ کاری دیار و گرنگ(واتە هاوشێوەی ناوی خۆی بوو) بەلآم نەدەگەیشتە پلەی ئەو قەشەیەی یەکەم کە ماوەی خزمەتکردنی لە سەرەتای سەدەکەدا بوو. ئەوە قەشە یووسف کوڕی گەوریل خستیە سەر ناوەڕکی پەرتوکخانەی کەنیسەی پاکیزە(كنيسة العذراء) کە تایبەتە بە گوندەکە، دەستنووسێك نوێژەکانی سروتە تایبەتیەکان بە ڕێوڕەسمی ناشتنی مردووان بۆ بەکارهێنانی ئیکلیرۆس. ئەم دەستنووسە لە ئەلقۆش نووسراوە، بە پێنووسی قەشە دنحا کوڕی قەشە ئیلیا. بەم دوایە لە پەرتوکخانەی مەترانیەی ئامێدی بوو. لەو زانیاریانەی کە مێژوونووس بادجر لە ساڵی ١٨٥٠ تۆماری کردووە هاتنی قەشەیەکی نوێ بۆ سەر مەزهەبی کاسۆلیکی، کە دواتر هەموو باوەڕدارانی تر کە سەر بە کەنیسەی ئەو بوون هاتنە سەر مەزهەبی کاسۆلیکی. لە شوێنێکی تر باس لە شوێنی گوندەکە دەکات و دەڵێ شوێنەکەی نزیکە لە کانیاوێکی سەرەکی کە ئاوەکە بەشێکە لە ئاوی رووباری کۆمەڵ([158]).

لە مومتەلەکاتی پەرتوکخانەی نیشتمانی لە پاریس زەخیرەیەك لە گوندی خورتبنێ گەیشتووە و دەستنووسێك لە سەر ژیاننامەی قەدیسەکان دزراوە لە کاتی ڕووداوەکانی تالآن و برۆ دا کە دەستدرێژی کرا بە سەر کەنیسەکە و ئەوەی لە ناویدایە و پەرتوکخانەکەی کە لە سەرەتادا قەشەیەك سەرپەرشتی دەکرد لە خێزانی هۆمۆی بەناوبانگ بە خۆشنووسەکانی ئەلقۆشەوە دواتر ئەو دەستنووسە بووە خاوەنداریەتی بەڕێز پەتریك عەودیشۆع خەیات کاتێك کە میتراپۆلیتی ئامەد و مووسڵ بوو، کەواتە ئەمە دەبێ پێش ساڵی ١٨٩٤ ڕوویدابێت. لەبەر ئەوەی نووسینی ئەو دەستنووسە لە ساڵی ١٨٦٦ بووە. بۆیە لە توانامانداییە ئەوەمان دەست کەوێت کەوا ڕووداوی هێرشکردنە سەر کەنیسە و پەرتووکخانەکەی و تالآنکردنی ناوەڕکەکەی لە نێوان ساڵانی ١٨٦٦ و ١٨٩٤ ناتوانین هیچ دیاریکردنێکی تر لەمە زیاتر بدەین([159]).

لێرەدا پێویستە ئاماژە بەوە بدەم کە وتم ئەمڕۆ گوندی خورتبنێ گوندێکی کوردیە بەتەواوەتی. ئێستا ئەگەر هەوڵ بدەین بەردەوام بین لە سەر ڕێچکەی باسەکەمان کە ئێمە تاوەکو ئێستا لەم دۆڵە جوان و دڵڕفێنەداین کە زەویەکانی بە درەختی سنۆبەر داپۆشراوە کە وای کردووە ئەم دۆڵە جوانترین ناوچە بێت لە زەوی عێراق، وە چووینە خوار بەرەو باشووری دوور([160]). گەیشتنمان بۆ پێچاوپێچەکانی چیا کە دەڕوانێتە ئەو ڕەزوباخانەدا کە دەوڵەمەندن و ناسراوە بە بلکێفێ([161]).

(باکلۆیێ - جێگەی سەگەکان) هەندێك ئەشکەوت دەبینین لە ناو بەردەکان دا هەڵکەندراو نەقاڕی کراون. دواتر دەگەینە ئەوپەڕی لای خۆرئاوا لە تیلانا لێرە و بە دووری ٢١

کیلۆمەتر لە عەتووش بە ئاڕاستەی خۆرئاوا لە باشووری خۆرئاوای دا لە گوندی(بیبوزی) یان(بابۆزی) داین.

٨ ـ بیبوزی

ئەم گوندە ناوبانگێکی تایبەتی هەیە لەبەر ئەوەی خاڵی دەرچوونی(عەمران کوڕی محەمەد) بۆ داگیرکردنی لای باکوری ناوچەی بیرتاوا و دوای سبسبا([١١٦٢]).

دواتر خەڵکی گوندی بیبوزی پشکی گەورەیان بەرکەوتووە لە قەتڵ و عام کردن کە دەستدرێژی گەیشتۆتە ناوچەکە بەهۆی ئەو بەرگریکردنەوەی کەوا خاوەن زەویە شەرعیەکان کردوویانە لە دژی هەوڵەکانی عەمران کوڕی محەمەد بۆ داگیرکردنی زەویەکانیان بۆ ماڵ و موڵکەکانیان و دەستبەسەرداگرتنیان بە هێز و ستەمکاری و دوژمنکارانەوە چەند جارێك عەمران پاساوی بۆ ئەوە هێناوە کەوا هێرشەکانی بە بیانووی ئەوەیە کەوا خەڵکی ناوچەکە هەڵسوکەوتیان خراپە، بەڵام دادوەری بڕیاری پێچەوانە دەدات، چونکە ئەو دەستپێشخەری دوژمنکارانەی داوە و هێرشی کردۆتە سەریان و پڕوپاگەندە و ئاژاوەی ناوەتەوە تا دەست بەسەر ناوچەکە دابگرێت و بەرهەڵستکارانیش دەوروژێنێت بۆ بەرگریکردن و هەستی خەڵك بەو هەڵسوکەوتەیەوە بریندار دەکات([١١٦٣]).

لەو کاتەی گوندی بیبوزی لە سەر مەسیحیەت بوو، ئینجیلێکی دەستنووس نووسراوەتەوە بۆ کەنیسەکەیان، لە ساڵی ١٢١٨([١١٦٤]).

ئەم دەستنووسە لە دێری بێت عاوی بۆ کەنیسەی(بیبوزی) نووسراوە لەسەر فەرمانی(مارعەودیشوع) مەترانی مەرگە. ئایا ئەمە ئەوە ناگەیەنێت ئەم زانیاریانە کەوا گوندی(بیبوزی) و هەموو دەوروبەری(تلانە) بە تەواوەتی گەرێندراوەتەوە بۆ ئەبرەشیەی مەرگە لە رووی کەنەسییەوە؟

